**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٤

**١٩٩٢ ـ بەرگی چوارەم**

---

چاپی یەکەم ١٩٩٨

لە بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ناوی کتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
پرۆتۆکۆڵەکان - ١٩٩٢/ بەرگی چوارەم

چاپی یەکەم: ١٩٩٨

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان: ٢٠٧

## پێرست:

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٩) سێ شەممە ڕێكەوتی ١٠/١١/١٩٩٢ ---- ل٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٠) چوارشەممە ڕێكەوتی ١١/١١/١٩٩٢ ---- ل٢٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥١) پێنج شەممە ڕێكەوتی ١٢/١١/١٩٩٢ ---- ل٥٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٢) شەممە ڕێكەوتی ٢١/١١/١٩٩٢ ---- ل٩٣

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٣) یەک شەممە ڕێكەوتی ٢٢/١١/١٩٩٢ ---- ل١١٣

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٤) دووشەممە ڕێكەوتی ٢٣/١١/١٩٩٢ ---- ل١٣٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٥) سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٤/١١/١٩٩٢ ---- ل١٦٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٦) پێنج شەممە ڕێكەوتی ٢٦/١١/١٩٩٢ ---- ل١٩٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٧) شەممە ڕێكەوتی ٢٨/١١/١٩٩٢ ---- ل٢١١

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٨) یەک شەممە ڕێكەوتی ٢٩/١١/١٩٩٢ ---- ل٢٦٣

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٩) سێ شەممە ڕێكەوتی ١/١٢/١٩٩٢ ---- ل٣١٧

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٠) دووشەممە ڕێكەوتی ٧/١٢/١٩٩٢ ---- ل٣٢٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٦١) سێ شەممە ڕێكەوتی ٨/١٢/١٩٩٢ ---- ل٣٨١

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٢) چوارشەممە ڕێكەوتی ٩/١٢/١٩٩٢ ---- ل٤٢٣



# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٩)

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٠/١١/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٤٩)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٠/١١/١٩٩٢

***کاتژمێر(١٠)ی سەرلە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٠/١١/١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە(٤٩)ی خولی ئاسایی یەکەمی ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەیی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا و ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەسپێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ ئامادە بوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.***

***٢ـ بەرچاو خستنی ڕاپۆرتی ئەو لیژنەیەی کە ڕاسپێردرابوو سەردانی بەندیخانەکانی پارێزگای سلێمانی بکات.***

***٣ـ بەرچاو خستنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری.***

***٤ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر هیچ پێشنیارێک هەیە بۆ تازە بابەت تکایە باسی بکەن، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکێک لە ئەرکە پیرۆزەکانی سەر شانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەدوادا چوونەوە و چاودێری کردنی ئەنجوومەنی وەزیرانە بۆجێبەجێ کردنی کارەکانیان پێشنیارمان کرد بوو کە ئەنجوومەنی وەزیران دانەیەک لە پیادەکانی خۆیان بدەن بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، تاکو ئەوانیش ئاگاداری ئەندامانی ئەنجوومەن بکەن بۆ ئەوەی چاودێری وبە دواداچوونی ئیشوکارەکانیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کە ڕێنمایەکی گشتی بۆ گشت فەرمانگەکان دەرچێت، بۆ ئەوەی ڕێز لە ئەندامانی پەرلەمان بگیرێت کاتێک کە سەردانی فەرمانگەکان دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە چاودێری کردنی ئیشوکاری ئەنجوومەنی وەزیران، تاوەکو ئێستا دوو راپۆرتی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانمان پێگەیشتووە و، ئەگەر سەرۆک فراکسیۆنەکان هێشتا پێیان نەگەیشتبێ دیارە ئەوە تاوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنە و، هەتا ئێستا چاودێری ئیشوکاری ئەنجومەنی وەزیرانیش کراوە و، ئاگاداری ئەندامە بەڕێزەکانیشمان کردووە، کە مافی ئەوەیان هەیە چاودێری ئیشوکارەکانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان بکەن و، ئەگەر کێشەیەکیش هەبێت دەبێت لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران، یاخود وەزارەتی پەیوەندیدار هەوڵی چارەسەر کردنی بدەن، ئەگەر واش نەکرابێت دیارە کەموکورتیەکە لە لایەن ئەندامانی خۆمانەوەیە.

سەبارەت بە ڕێزلێنان لە ئەندامانی پەرلەمان کاتی سەردانی فەرمانگەکان بە تایبەتی، زۆر جار ئەوەمان باس کردووە، کە ئەمە ئەزموونێکی تازەیە بەنیسبەت خەڵکەوە و، تاوەکو ئێستا خەڵکی بەم شێوە دیموکراتییانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەندامی پەرلەماندا نەکردووە، ئەمەش ماوەیەکی دەوێت تاوەکو ئەم خەڵکە رادێن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان (٢٢) ساڵە بەعس هەوڵی تێکدانی ئەم میللەتە دەدات و، زۆر شوێنەواری نێگێتڤانەی بە سەر ژیانی میللەتەکەمان وفەرمانگەکانمان بەجێ هێشتووە، زۆربەی فەرمانگەکانمان دەوام ناکەن، ئەگەر دەوامیش بکەن ئیشوکارەکانیان بە باشی بەڕێوە نابەن، پێشنیار دەکەم کە پاکسازییەک لە فەرمانگەکاندا بکرێت لە کۆنە بەعسیەکان، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێموایە کە پاکسازی کردنی فەرمانگەکان کاری ئەنجوومەنی وەزیرانە، با خۆیان بڕیار بۆ شێوەی پاکسازییەکە و، کاتیشی بۆ هەڵبژێرن، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ڕێزگرتنی ئەندامانی پەرلەمان لە فەرمانگەکاندا، پێویست نییە ئەندامی پەرلەمان وەکو هەر هاووڵاتییەکی تر برواتە سەردانی وەزارەتەکان، یا فەرمانگەکان بکات، چونکە ئەو فەرمانبەرەی کە لە پرسگاکەدایە لەوانەیە نەیناسێ و لەوانەشە بیپشکێنێ، بەڵام ئەگەر بە رەسمی برواتە سەردانی هەر وەزارەتێک ئەوە ئەو وەزارەتە لیژنەی پەیوەندیی هەیە وپێشوازی لەو ئەندامە بەڕێزە دەکات.

دووەم، مەسەلەی راپۆرتی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران، بەراستی نابێ ئەو راپۆرتانە بەم شێوەیە بڵاوبکرێتەوە، چونکە لێتانی ناشارینەوە ئەو راپۆرتەی کە پێشکەشی دەکەین شتێکە

وراستیش شتێکی تره و، سەبارەت بە هەر لیژنەیەکیش کە پەیوەندیی بە پسپۆڕایەتییەکەی خۆیەوە هەیە دەتوانێ بچێتە وەزارەت، یا بێتە ئەنجوومەنی وەزیران چی دەوێ لە بەردەمی ئەواندا با باسی بکات، بەلام(١٠٥) نوسخە، یان راپۆرت فۆتۆکۆپی بکرێ وبلاوبکرێتەوە، وابزانم ئەوە شتێکی ئاسایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بە راپۆرتی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەری نووسرابوو بۆ سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، ئیتر نەوترابوو دابەش کرێتە سەر گشت ئەندامانی پەرلەمان.

سەربارەت بە رێزگرتنی ئەندامانی پەرلەمان لە وەزارەتەکان وفەرمانگەکاندا، با ئەندامە بەرێزەکانمان خۆیان بۆ هەموو شتێک نەچنە وەزارەتەکان، تەنها بۆ شتی گرنگ و پێویست نەبێت، ئەوکاتەش بە وادە نەبێت نەچێتە هیچ وەزارەتێک.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەستی ئێمە لە رێزلێنانی ئەندامانی پەرلەمان لە وەزارەتەکاندا نییە، بەڵکو لە بارزگەکانە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە دەوام نەکردنی زۆربەی فەرمانبەران، راستە لە هەندێ لە فەرمانگەکان فەرمانبەرەکان دەوام ناکەن، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە نزیکەی (١٥)هەزار فەرمانبەرەمان هەیە و، هیچ ئیشوکارێکیان نییە و، ئێمەش خۆشمان داوایان لێ ناکەین کە دەوام کەن، لەبەر ئەوەی کە جێگا وکەلوپەلیشمان لە فەرمانگەکاندا نییە. بۆ مەسەلەی پاکسازی لەوانە چەند بۆچوونێکی جیاجیای لەسەرْ هەیە، نابێت ئێمە هەر کەسێک پەیوەندیی هەبووبێ، یا قسەی لەسەر کرابێ دەریکەین، چونکە دەبێت ئێمە زیاتر لە (١٠)هەزار فەرمانبەر دەرکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەسەلەی ئەو(١٥)هەزار کەسەی کە دەوام ناکەن، بیکەنە خاڵێک بۆ ئەوەی لە سێ شەممەی ئایندەدا لەگەڵ حکومەتدا باسی بکەین و چارەسەرییەکی بۆ بدۆزینەوە.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان دووپاتی ئەوە دەکەمەوە کە ئیدارات هەر لە پارێزگار و قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەوە کە دانراوەن وەکو هەیکەلێکی بالا ماوە و، هیچ ئۆرگانێکیان لە ژێر دەستدا نییە و، بەنسبەت جیهازی پۆلیسیشەوە، ئەگەر بچینە قەزاو ناحیەکان ئەبینین چ حاڵێکیان هەیە، هەروەها دادگای بەرەی کوردستانیش کە هەڵمانوەشاندەوە جارێکی تر دەستی کردوەتەوە بە ئیش کردن و دادگای کردنی خەڵکی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە دانرابوو لە بەڕێز سەرۆک وەزیران بکرێت، یا ئەمە شتێکی تازەیە؟.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمەش هەر پەیوەندیی بەو پرسیارەوە هەیە، چونکە ئێستا پێشمەرگە جێگای فەرمانگەکانی گرتۆتەوە و حوکمڕانی دەکەن، جا تاوەکو کیشەی دەزگا ئیدارییەکان چارەسەر نەکەن، ئەم کێشەیە هەر وا دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە دامەزراندنی دەزگا ئیدارییەکان بە تایبەتی دامەزراندنی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان مەبدەئییەن هەموو شتەکان ئامادە کراون، ڕەنگە پاش دوو ڕۆژی تر بە نووسراوێکی ڕەسمی بۆتانی ڕەوانە کەین، ڕاستە کە دامەزراندنی ئەم دەزگا ئیدارییانە دواکەوتوون، بەڵام دواکەوتنەکەشیان هەندێ هۆی خۆیی و بابەتی هەیە، هەروەها جێگاشمان نییە بۆ ئەم دەزگایانە، چونکە هەموو جێگا کۆنەکان رووخاوە و کاول بوونە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵامەکەی بەڕێز سەرۆکی وەزیران تەنها ئیحداسی ئیداری گرتۆتەوە، بەڵام وابزانم من لە پرسیارەکەم هەموو فەرمانگەکانم گوتووە، چونکە هەندێ فەرمانگە بەتایبەتی وەکو پەروەردە، یا تەندروستی، یا کشتوکاڵ، یا زۆر فەرمانگەی تر کە گرنگییان لە دەزگا ئیدارییەکان کەمتر نییە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری یەکەمی فراکسیۆنی ئێمە لە سەر ئەو کەسانەیە کە ناسنامەیان نییە، پرسیارەکەش لەلایەن بەڕێز کاک ئەکبەر حەیدەرەوە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەڵکێکی زۆرمان پەناهەندەی ئێران و وڵاتانی دەرەوە بوونە، بە تایبەتیش لە پاش ساڵی ١٩٧٤وە ئاوارە بوونە و، ئەم خەڵکەش زۆربەیان خەڵکی شاری خانەقین وکەرکووکن، زۆربەیان منداڵیان لە ئاوارەیی بووە و ناسنامەیان نییە و، ئێستاش ناتوانن بچنە شارەکانی خۆیان ناسنامەیان بۆ دەرکەن، جا نازانم رای بەڕێز سەرۆک وەزیران چییە لەو بارەیەوە و، چییان بۆ دەتوانن بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە مافێکی ئاسایی خۆیانە و دەبێ ئەو مافەش جێبەجێ بکرێ، بەڵام تا ئێستا لەو بارەیەوە کەس نەهاتووەتە لامان، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکی ترمان هەیە، ئەویش سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردە و کێشەی دانانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانە، پرسیارەکەش لە لایەن بەڕێز کاک کەمال جەلال غەریبەوە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی پەروەردەوە ئێمە کێشەمان زۆرە و یەکێک لەم کێشانەمان دانەمەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکانە، داوا دەکەم کە پەلە بکرێت لە دامەزراندنیان، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان، راستە تاوەکو ئێستا دانەمەزراون ئەویش لەبەر ئەوەی کە تەرکیزمان زیاتر کردووەتە سەر دامەزراندنی دەزگا ئیدارییەکان و، دەستیشمان بە دامەزراندنیان کردووە. سەبارەت بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەک بۆ خوێندنی کەمەنەتەوایەتییەکان، ئەوەشمان لە وەزارەتی پەروەردە باس کردووە و، پرۆژەی قوتابخانەیەکی ئاشوورییمان هەیە و،چەند مامۆستایەک رەنگە دابنرێت کە لە پەروەدەدا بەکالۆریۆس، یا دبلۆمیان هەبێت و، هەندێکیشیان راهیبە و قەشەن و، بریار وابوو کە بێن و لە ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی دامەزراندنیان بۆ دەرکەین، بۆ ئەوەی ئیشەکە دوا نەکەوێت وبەرەو پێشەوە بڕوات. سەبارەت بەوانەی کە پاڵێوراون بێن بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، داوایان لێ کراوە کە بەڵگەنامە رەسمییەکانی خۆیان پێشکەش بکەن و، رەنگە بەم زووانەش فەرمانی دامەزراندنەکەیان دەرچێت، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ناوچەکانی کەلار وکفری وچەمچەماڵ و سموود قوتابخانەکانیان مامۆستایان زۆر کەمە و، وای لێهاتووە کە زۆربەی وانەکان قوتابییەکان لە دەرەوەن ومامۆستایان نییە، پێشنیار دەکەم بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە دەرچووانی قوتابخانە پیشەییەکان بە مامۆستا دەبمەزرێن، تاوەکو ئەو بۆشاییانەی پێ پڕ کەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاتێ خۆی کە ڕژێم گوندەکان و هەندێ لە ناحییەکانی رووخاند و هەڵیوەشاندەوە، مامۆستای ئەم شوێنانە گوازرانەوە بۆ ناوەندیی پارێزگاکان، ئێستا کە گوندەکان ئاوەدان دەکەینەوە، پێویستیمان بە مامۆستا وقوتابخانە هەیە، جا پێویستە مامۆستای تازەیان بۆ دابمەزرێنین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیاری دووەم لە سەر بەشە ناوخۆییەکانە(اقسام الداخليه) کە لە لایەن حزبەکانەوە کراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، کەوا بەشی ناوخۆ بۆ قوتابی زانکۆکان دابین بکەن، ئەویش لە بەر ئاڵۆزی باری ئابووری ئێستای کوردستان و، لەبەر ئەوەش کە حزبەکان هەریەکە بۆ مەبەستی تایبەتی وبەرژەوەندی حزبایەتی خۆیان کردوویانەتەوە، داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم کە کردنەوی ئەم بەشەناوخۆییانە بخاتە ئەستۆی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە بەشەناوخۆییەکان، ئەوە ماوەیەکە کە ئێمە هەوڵ دەدەین بیکەینەوە، بەڵام لەبەر دەست نەکەوتنی جێگا نەمانتوانییوە بیکەینەوە، چونکە هەر جێگایەکی باش هەبێت کە بۆ بەشی ناخۆ بشێت، دەبینین لە لایەن حزبەکانەوە داگیر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو پرسیارمان بۆ هاتووە کە لە یەکەوە نزیکن، یەکەمیان لە بەڕێز کاک ئەحمەد تاهیرەوەیە، لە بارەی ئەو دانەوێڵەوە دەپرسێ کە بریاری قەدەغە کردنی رۆیشتنی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەرچوو. پرسیاری دووەم، لە مەلا محەمەد ئەمینەوەیە کە دەپرسێ، ئایا ئەو گەنمەی کە بۆ ئارد دانرابوو چی بەسەردا هات، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندە لە حزبەکان هەڵساون بە دابەش کردنی ئیستمارەی حزبی لەگەڵ وەرگرتنی قوتابییان لە قوتابخانەکاندا، ئەوەش بۆ ئاگاداری بەڕێزتان، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو گەنمەی کە بڕیار وابوو بیکڕین بۆ ئارد ودابەشی سەر هاووڵاتییانی کەین، ئێمە وامان بڕیار دا کە ئەم هەواڵە بڵاو نەکرێتەوە، بەڵام هەر بڵاو بووەوە و کە جووتیارەکان پێیان زانی ڕۆژ بە ڕۆژ نرخی گەنمیان بەرز کردوو و، دەوڵەمەندەکان دەستیان بە سەر نرخی گەنمدا گرت لە بازاڕدا و، هەرچەندە هەوڵمان دا کە نرخەکەی کەم کەینەوە، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، پاشان ویستمان لە تورکیا بیکڕین، ئەویش لەبەر شەڕی P.K.K نەمان توانی، پاشان بڕیاری ئەوەمان داوە کە بچین لە سایلۆی دهۆکەوە (٣)هەزار تەن گەنم بێنین، (١٥٠٠)تەن گەنمی بۆ گەرمیان و(١٥٠٠)تەنەکەی تریشی لێرە هەڵی دەگرین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا رایەکی وا هەیە، کە ئەو پارەیەی تەرخان کراوە بۆ کڕینی گەنم دابەش بکرێت بە سەر هاووڵاتییاندا وئەوان خۆیان هەوڵی کڕینی گەنم بدەن، ئەویش بە دروست کردنی لیژنەیەک کە هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمانیش هاوبەشی تیادا بکەن. جا نازانم رای ئەنجوومەنی وەزیران چییە؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام گەنمەکە ئێستا پەیدا بووە باشتر وایە کە گەنمەکەیان بەسەردا دابەش کەین، چونکە خەڵکەکە زیاتر هەست بە دابەش کردنی گەنمەکە دەکات، تاوەکو پارەکە و، هەرچەندە پارەکەش موعەرەزە بۆ زۆر شتی تر کە نەگاتە جێگای خۆی، بەشێکی پرسیارەکەم بیر چوو وەڵامی بدەمەوەوە، راستە گەنم وئارد لێرەوە دەڕوات بۆ ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتەن، بەڵام ئێستا رەنگە وانەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزتان باسی ئەوەتان کرد کە دەوڵەمەندەکان دەستیان بە سەر نرخی گەنمدا گرتووە لە بازاڕدا و، بە کەیفی خۆیان نرخی گەنم بەرز دەکەنەوە، ئایا ئەنجوومەنی وەزیران بیری لەوە نەکردووەتەوە کە پلان بۆ هێنانەناوەوەی خۆراک دابنێت، تاوەکو نرخی خۆراک لە بازاڕدا کەم کاتەوە؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە هێنانەناوەوەی خۆراک، وەکو هەموو دەزانین ئەوە ئیشە پارەیەکی زۆری دەوێت و، ئێستاش ئێمە کە ڕێگای تورکیامان لێ گیراوە، داهاتی گومرکمان زۆر کەم بووەتەوە و، ئەو توانایەمان نییە کە خۆراک لە تورکیاوە بکڕین، ئێستا گشت هەوڵ وتەقەلایەکی ئێمە تەنها بۆ ئەوەی کە بە ڕێکوپێکی مووچە دابەش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

پرسیارێکم لە بەڕێز سەرۆک وەزیران هەیە، ئایا حکومەتی هەرێم هیچ ئیجرائاتێکی بەرامبەر ئەو بازرگانانە کردووە، کە بەناوی گەنم بردن بۆ سلێمانی، گەنمیان بۆ ناو رژێم بردووە؟، بەڕێز کاک جوهر شاوازیش پرسیارێکی ئیداریی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جـــــوهر ئـەحـــــمـــــەد شــــاواز:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

پرسیارەکەم سەبارەت بە ئیدارەی پارێزگای کەرکووکە، ئەوە بۆ دوو مانگ دەچێت کە پارێزگاری کەرکووک دەسنیشان کراوە، ئایا بۆ تاوەکو ئێستا دەستی بە ئیشوکار نەکردووە؟، هەروەها سەبارەت بە پۆلیسیش کە تاوەکو ئێستا بۆ پشت گوێ خراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

سەبارەت بەو بەڕێزەی کە بۆ پارێزگاری کەرکووک دەسنیشان کراوە، لەبەر سەرقاڵ بوونی بە هەندێ ئیشوکاری سەربازییەوە نەیتوانیوە بێت و ئیشوکارەکانی پارێزگای کەرکووک بەڕێوەبەرێت، بەڵام وا لەم رۆژانەدا دێت وسوێندی یاسایی دەخوات، پاشان پشت گوێ خستنی دەزگای پۆلیسی کەرکووک، لەبەر ئەوەیە کە پارێزگار دەوامی نەکردووە، تاوەکو پارێزگار دەوام نەکات، دەزگای پۆلیس وئاسایش وگشت دەزگا ئیدارییەکانی تریش رێکوپێک نابن، سوپاس.

**بەڕێـز حــــســــــن عـــــبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

لە تازەبابەتدا پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز سەرۆک وەزیران کرد سەبارەت بە پاکسازی کردنی فەرمانگەکان، بەڵام بەڕێز سەرۆک وەزیران زۆر بە کورتی وەڵامی پرسیارەکەمانی دایەوە، جا نازانم ئەم باسە دواخەین بۆ دانشتنێکی تر، یاخود پرسیارەکەمان ئەم وەڵامی بەس بوو، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـــەرۆکی ئەنجـــومـــــەن:**

ئێمە وا رێککەوتووین کە هەموو رۆژێکی سێ شەممان تەرخان کردووە بۆ پرسیار کردن لە ئەنجوومەنی وەزیران ، بۆ ئەوەی ئەوانیش خۆیان ئامادە کەن بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان، ئەگەر پێویستیشی کرد ئەوە ئەو وەزیرە بەڕێزە پەیوەندارەش لەگەڵ خۆیاندا دێن بۆ وەڵام دانەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

سەبارەت بە مەسەلەی خانووەکانی ئەنجوومەن، ئێمە ئاگاداری هەموو ئەوانەمان کردووە کە تیادا دانیشتوونە و دەبێ سبەی رۆژی (١١)چۆڵی بکەن و،ئەگەر چۆڵیان نەکرد، دەبێ هێزی پۆلیس بچێ و ئەو خانووانەیان پێچۆڵ بکات، دوێنێ لە دادگا شکاتیان لە سەرۆکی ئەنجوومەنی

وەزیران کردووە لە سەر ئەو بڕیارەی کە دراوە بۆ چۆڵ کردنی خانووەکان وئەو بڕیارە بڕیارێکی دژ بە یاسـایە، بە بۆچوونی من دادگـا لە ڕۆژی (١١) دەست لە مـەسـەلەکـە تێـوەردەدات، ئەو خانووانەش خۆ خانووی پەرلەمان نییە، تەنها چواری نەبێت، ئەوانی تری هەمووی هی دەوڵەتە، موڵک تاپۆی ئەم خانووانەش لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە، سوپاس.

**بەڕێـز جـێـگری سـەرۆک ئەنجـوومـەن:**

پێمـوایە ئەوانەی کە ئینزار کراون خانووەکان چۆڵ بکەن، پێیـان نەوتراوە لە ماوەی هەفتەیەکدا چۆڵی بکەن، چونکە ئەم کێشەیە پتر لە دوو مانگ دەبێت بڕیاری لە سەر دراوە کە چۆڵی بکەن، ئەوانەی کە لەو خانووانەدان هەر ئەو خەڵکەن کە سەربە حزبەکان وبە پشتی ئەو حزبانەوە لەو خانووانە دانیشتوونە بەبێ هیچ بنەمایەکی یاسایی.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تۆمـا هەریری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

ئێمە پرسیارێکی هەمیشەییمان دانا بوو کە لە بەڕێز سەرۆک **وەزیرانی بکەین**، ئەویش ڕۆژی سێ شەممان باسی ئەو هەنگاوانە بکرێ کە هاوێشتراون بۆ هێنانی **سووتەمەنی بۆ** کوردستان داوا دەکەین کە هەموو هەفتەیەک چی شتی تازە هەیە لە سەر دابین کردنی **سووتەمەنی بۆ کوردستان** بۆمانی باس بکات، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

سەبارەت بە دابەش کردنی خانووەکان بڕیارمان دا کە بەهاوکاری لەگەڵ **ئەنجوومەنی وەزیراندا** دابەشی دەکرێ.من وەکو تێگەیشتم دوێنێش باسمان کرد ئەو بابەتەی خانووەکان دابەش کردنی کە وتمان بە هاوکاری لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێ.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم /سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لێرە پرسیارێک هەیە ئایا بۆ تەنها ئەم خانووانە دەبێت چۆڵ بکرێت، کە هەزارەها خانووی تریش هەیە کە هی حکومەت و خەڵکیشی تێدایە؟!ئێستا لە هەولێر پتر لە هەزار خانووی حکومی هەیە کە خەڵکی تیادایە بە عەقد وبێ عەقد، و لە کەسیشیان داوای چۆڵ کردنیان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

خاڵێکی یاسایی هەیە لەو عەقدەدا کە دەڵێت: ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن دەسەڵاتی پێ دراوە کە هەر کـاتێک بییەوێت ئەو کەسانەی کە لەو خانووانەدان دەریان کـات و، ئەم خاڵەش لە نێوان سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن و ئەو فەرمانبەرانە ڕێکخراوە کە کـاتی خۆی لەم خانووانەدا بوونە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئێمە وەکو لیژنە بەپێی ئەو بڕیارەی کە لە ٨ ـ٩دا دەرچووە لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە کە بالاترین دەسەلاتە لە ولاتدا، ئەم خانووانە بە پێی یاسا دراوە بە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان وئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەم خەلکەی کە ئێستا تیایدا دانیشتوون مافی ئەوان نییە کە بچن لە دادگا شکات بکەن، هەموو ئەندامانی پەرلەمان کە ئێستا بێ جێگەن وماوەی شەش مانگە لە ئوتێلەکانن ئێمەش حەقی ئەوەمان هەیە شکات بکەین بەپێی ئەو بڕیارە و بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران کە دوو بڕیاری بۆ دەرچووە ئێمەش حەق ئەوەمان هەیە کە ئەو خانووانە کەلێمان داگیرکراوە بۆمانی بگەڕێننەوە، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەم شکات کردنە تەنها بۆ ئەوەیە کە مەسەلەکە دوابخرێت، لەم ڕۆژانە (٨٠)کەس نووسراوێکیان ئاراستەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کردووە، کە داوادەکەن لەبەر ئەوەی عەقدیان هەیە (٩٠)ڕۆژ مۆلەتیان بدەینێ، تاوەکو چۆلی کەن.
**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
پارێزگاری هەولێر ئاگادار کراوە کە دەبێت تاوەکو ڕۆژی ١١ئەم مانگە ئەم خانووانە چۆل بکرێن، ئەگەر چۆلیان نەکرد هێز بەکار بێنن، سوپاس.
**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەرای من هەر چی گفتوگۆمان کردووە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ تێکەلاو کردنی هێزەکان، حەقە زوو پەلە لە وەزارەتی پێشمەرگە بکرێ هێزەکانی کۆبکاتەوە، تاوەکو بارەکە ئالۆز و تێکەلاو تر نەبێ، سوپاس.
**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
سەبارەت بە ئەو پرسیارەی کە بەڕێز کاک فرەنسۆ لە بارەی سووتەمەنییەوە کردی، لە دانیشتنی ئایندەدا باسی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**
زۆر سوپاس بەڕێز د. فوئاد دەکەین هیوادارین ڕۆژی سێ شەممەی ئاینده لێرە ئامادە بێت.
ئێستاش دێینە سەر خالی داهاتوومان لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆماندا کە ئەویش بەر چاوخستنی راپۆرتی ئەو لیژنەیەیە کە ڕاسپاردرابوو بۆ سەردانی بەندیخانەکانی پارێزگای سلێمانی.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــو تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــــومـــــــەن.**

پێشنیار دەکەم کە ئەو ماوەیەی داتان ناوە بۆ سازدانی دانیشتنەکان، هەر کەسێک لەو ماوەیە دواکەوت، ئیتر نەهێڵن بێتە ژوورەوە، سوپاس.

**بەڕێز حــــــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــــومـــــــەن.**

بەم شێوەیەش جوان نییە رەفتار لەگەڵ ئەندامی پەرلەماندا بکرێت، بەڵام خۆی پێویستە چارەکە سەعاتێک پێش کاتژمێر (١٠)کە دانیشتنەکان دەست پێدەکەن، هەموو ئەندامە بەڕێزەکان لێرەدا ئامادە بن، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆک ئەنجـــــومــــــەن:**

تکا لە سەرۆکی هەر دوو فراکسیۆنەکان دەکەم، کە بە جدی ئەم بابەتە لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنی خۆیاندا باس بکەن بۆ ئەوەی ناچار نەبین رەفتاری ناشایستە لەگەڵ ئەندامە بەڕێزەکاندا بکەین، چونکە زۆر ناخۆشە کە دانیشتنی پەرلەمان لە سەعات(١٠)دەست پێدەکات، کەچی ئەندامی وا هەیە سەعات(٢) دێتە ژوورەوە.

**بەڕێز ئەکـــــبـــــەر حــــــەیدەر مـــــوســــــا:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو لیژنەیەی بە پێی نووسینی ژمارە ٤٢٤ی رۆژی ١٩٩٢/٩/٣تان بۆ پشکنینی بەندیخانەو بەسەرکردنەوەی بەندییەکان دروست بوو بوو رووی کردە سلێمانی و ناوچەی کەرکووک و ئەرکی خۆی بەجێ هێنا.

لەسەرەتادا لەم لاو ئەولا لەخەڵکی شارمان پرسی، ناوی هەندێک شوێنیان داینێ کە بەندیخانەیان تێدا هەیە، بەڵام لە پرسیندا بێجگە لە(لەشکری یەک)ی (ی.ن.ک)وکارگێری بەرەی کوردستانی هیچ لایەکی تر دانیان بە بوونی بەندو بەندیخانەدا نەنا لەبەر ئەوە ئێمەش ئەو بەندیخانانانەو و بەندیخانە رەسمییەکان گەڕاین.

١ــ بەندیخانەی کارگێری بەرەی کوردستانی. هەر لە شوێنی کۆنی(دائیرەی ئەمن)ی کۆنی بەعسییەکاندایە، کە پێش دروستکردنی بەندیخانەی تازەی ئەمن ــ دوا دائیرەیان، جێگەی زیندان کردن بوو، ئەم شوێنە بە قاوش و ژوورە تەنیاکانیانەوە(إنفرادی) ماوەتەوە،تیشکی رۆژی ناگاتێ، ژوورەتە نیاکانیش زۆر تەنگن و بۆ ژیانی مرۆڤ ناشێن.

٢ــ گەلێک لە بەندییەکان باسی ئەشکەنجە و لێدان و هەڵواسینیان کرد و شوێنی لێدانەکان بە لەشیانەوە دیار بوو، هەندێکیان هەر تەواو ئازار درابوون، ناوی ئەو کەسانەیان داینێ کە لێیان دەدەن، لەمانە سێ کەسیان تا ئەو کاتە هەر لە کارگێری بەرە کاریان دەکرد و یەکێکیان دەرکرا بوو، تا ئێستاش ساردادوە تاریکەکەی بەعسییەکان بەکار دێت.

٣ــ سەرجەم (٣٣ )کەس لەم بەندیخانەیەدا بوون، هەندێکیان ساڵێک زیاتر بوو کە گیرابوو، لە بەندیخـانەی حـزبەکـانەوە درابوون بە(بەرە) و ئەمـانیش بە هۆی کـەمی تەحـقـیق کـارەوە هێشتبوویاننەوە.

٤ــ سکالای کەمی نان، یا خواردن بوو، بەڵام بۆمان دەرکەوت کە هەر لەو خواردنە دەخۆن کە پێشمەرگەکانی بەرە لەوێ دەیخۆن.

**بەندیخانەی مکافحەی ئیجرام**

١ــ شـوێنێکی پیس و، ژووری تەنگ، لە ژوورێکی (٥×٦)مـەتریدا (٣١) کـەس دانراوە، ژوورە تەنیاکانیان ئەوانەن کە لە پیسـترین شوێنی بەعسییەکاندا هەبوون، تاقەکەسێک خـراوەتە ژوورێکی تـاریکی ١×٢مـەتریدا دەرگـای ئاسنی لەسـەر داخـراوە، لەکـونێکی بچووکەوە ــ بەپێیەوە دەتوانێ ڕیزەوەکە ببینێت و لەپاش ڕاپەڕینیش بینا کراوە.

٢ــ هەر هەموویان باسی لێدان و ئەشکەنجەی جیا جیایان دەکرد، باسی سەربانی مەرکەزەکەیان کرد کە شـوێنی ئازاردانی بەندییـەکانە، جۆری ئازاردانەکـانیـان زۆر بە پیسـی دەگـێڕایەوە، لەکاتی لێدانیانیش چاویان دەبەستنەوە.

٣ــ خواردنیان نادرێتێ ، ئەوە نەبێت کە لە ماڵەوە بۆیان دێت .

٤ــ(ئیسماعیل محەمەد مەحموود) ناو تووشی ریخۆڵە کوێرە بوو و نەبراوە بۆ نەخۆشخانە.

٥ــ کە شەو لە دەرگا دەدەن کەس نایەت بەدەنگیانەوە.

کارەبا زوو زوو دەبڕێت، تا بەندیەکان دەڵێن: شەوێک خەریک بوو بخنکێین . خۆیان (پانکە و هەوا راکێشەر)یان کڕیووە، چونکە دەرەوەیان نییە، تەنیا ڕۆژانی هەینی نەبێ ئەویش(٥) دەقیقە کەس و کاریان دەبینن، بەتانی و سەرینیان هەیە (ئەویش دەبێ خۆیان بیهێنن)، لە بەندیخانەکە ئەسپێ زۆرە.

٦ــ لەسـەربانی بەندیخـانەکـە چەند بەرمـیلێکمـان دی، یەکـێـک لە ئەفـسـەرەکـان بە ناو (دیارمحێدین) دانی بەمەدا نا کە بەندی پێوە دەبەستێتەوە.

٧ــ بیـانوویان بۆ نان نەدان بە بەندییەکـان نەبوونی (مـخـصـصـات)بوو، بیـانووی بۆئازاردانیش نەبوونی هۆی شت زانین (وسائلی کەشف) بووە.

٣.) بەندیخانەی گشتی سلێمانی:

| | |
|---|---|
| بەندی و مەوقوفەکان | ٢٧٨کەس. |
| بەندی | ٤٢کەس (لە٦مانگ تا ئیعدام) |
| ژنان | ٣٩کـــــــەس |
| ئەحداس (أحداث) | ٣کـــــــەس |
| مەووقوفەکان | ١٩٤کـــــــەس |

هەندێک لەئەندامانی لیژنەکە سەرێکی (سەرۆکی دادگا)ی سلێمـانیـاندا، باسی گـەلێک

تەنگوچەڵەمەی دادگای کرد کە بوونەتە هۆی دەسەڵات نەبوون بەسەر بەندیخانەکاندا و بوونەتە هۆی زوو بەرنەدانی گیراوەکان ،لەمانە:
١)نەبوونی بەندیخانەی گەورە و گشتی .
٢)نەبوونی ئۆتۆمبیل.
٣)نەبوونی هێزی پۆلیس.
٤)جیاکردنەوەی گیراو و بەند(موقوف و مسجون).
٥)کەمی دادوەر (حاکم).

باوەڕی سەرۆکی دادگا وابوو کە دەبێ بەندیخانەیەکی مەرکەزی هەبێت ، هەروەها مەرکەزەکانی پۆلیس دابنرێتەوە لەپارێزەرەکان، فەرمانبەر بۆ دادگا دانرێن، (٧) دادوەر بۆ قەزاکان و (٣)دادوەر بۆ ناو شار دابنرێن.

بەڕێز سەرۆکی دادگا، سکاڵای بوو کە بڕیاری خنکاندنی چەند کەسی داوە، بەڵام چونکە (دادگای تەمیز) مان نییە، لەبەر ئەوە هێشتا لە جێی خۆیان و ئەمەش دەبێ بەهۆی ئەوەی حزبەکان ناچاری خەڵک ئیعدام کردن بن.

لیژنەکەمان کە بە پێی نووسراوتان ژمارە ٤٢٤ لە ١٩٩٦/٩/٣دا داوای لێ کرابوو بچێ بۆ بینینی ئەو بەندیخانەی لە سنووری پارێزگاری سلێمانی و کەرکووک دان ئەو ئەرکەی بەجێ هێناو ، لەو رووەوە ئەم پێشنیارانە دەخاتە پێش چاو:

**لە رووی یاساییەوە:**

١ــ داخستنی دەزگای بەندیخانەکانی حزبە سیاسیەکانی ناو بەرەی کوردستانی و دەرەوەی و ناچار کردنیان بە ئیمزا کردنی باوەڕنامەی بەڵێنێک کە ئیتر هیچ کەسێک حیجز نەکەن و نەگرن لە بە هەر هۆیەک بێ ، تەنیا لە حاڵەتی گرنگیدا نەبێ لە ئان و ساتی کردنی جەریمەکەدا، یا لە حاڵەتی گومانکردندا لە تاوانبارکراو، یا خراپەکارەکە لای دەزگا رەسمییەکان (پۆلیس خانەکان، دایەرەکانی ئاسایـــــش، دادگاکان ) تۆمار بکرێ .

٢ــ گیراو و بەندییەکانی ناو بەندیخانەکانی بەرەی کوردستانی وحزبەکانی بەرە وحزبەکانی دەرەوەی
بەرە، بدرێن بەلایەنە لێپرسراو و پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣ــ هەرکەسێک ئەگەر سە لمێنرا کە بەلێدان و ئەشکەنجە و ئازاری گیراو و بەندییەکانی داوە دەبێ بدرێ بە دادگا و ئەوەی پێوستە دەر هەقی بکرێ، ئەویش لە رێگای پێک هێنانی لیژنەیکی تایبەتیەوە لەوەزارەتی داد دا کە لەم مەسەلەیە بکۆڵێتەوە، چونکە ئەشکەنجەدان پێچەوانەی حوکمی مادە (٥) راگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ و باوەڕنامە جیهانییەکانی مافە سیاسییەکانە.

٤ــ ئەو شتوومەک ومەکینە و ئۆتومبیلانەی موڵکی بەڕێوەبەرێتییەکانی پۆلیس بوون و لەکاتی

راپەڕیندا دەستیان بەسەردا گیراوە و، تا ئێستا لەلای حزبەکان وهێزەکانی پێشمەرگەیە و، بەتایبەتی ئۆتۆمبیلەکانی بەندیخانە و دادگاکان ، دەبێت بدرێنەوە بە بەڕێوەبەرایەتییەکانیان.

٥ـ گەڕاندنەوەی ئەو جیهازە هوونەرییە وردانەی کە تایبەتن بە لێکۆڵینەوەی جینائییەوە و هەرشتێکی تری کە تایبەتە بەم مەیدانە.

**لە رووی کردارەوە:**

١ـ خێرا کردن لە لێکۆڵینەوەدا لەگەڵ گیراوەکاندا وسپاردنیان بە دادگا پەیوەندارەکان، چونکە گەلێ حالات هەن کە ماوەی گرتنیان لە ماوەی حوکمدانیانی تێپەڕاندووە! دەبێ ماوەیەکی دەسنیشان نەکراو بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکان دابنرێ.

٢ـ لە قەزاکاندا قازی تایبەتی بۆ سەیر کردن ولێکۆڵینەوەی شکات دابنرێ تا بسپێردرێن بە دادگاپەیوەندارەکان.

٣ـ لە پۆلیسخانەکاندا بە خێرایی موحەققی عەدلی دابنرێن.

٤ـ تەواو کردنی میلاکی پۆلیس لە رووی ژمارە وکەلوپەل وچەک وچاککردنەوەی بیناکان ودابینکردنی ئالیات وجیهاز وگشت پێویستییەکانی ئەم دەزگا بایەخدارە، تا بتوانێ ئەرکەکانی بە باشترین شێوە بەجێ بێنێ.

**پێویستییەکانی خواردن وپزیشکی:**

هەموو ئەو بەندیخانانەی کە سەردانمان کردن، ساکارترین مەرجی تەندروستییان لە رووی رووناکی وشێداری وگەورەی وبچووکی ژوورەکانەوە تێدا نییە، ڕێکەوتی وەهای دەرکرد ژوورێکیان کە جێگەی (١٠)گیراوی زیاتر تێدا نابێتەوە کەچی (٤٠)کەسی تیادا دانراوە، جگە لەوەی شێدار وتاریکن وڕووناکی نایانگرێتەوە و، خواردنیشیان تەواو نییە، هەروەها ماوە بە بەندییەکان نادرێت بچنە ناو حەوشەی بەندیخانەکانەوە، تەنها بۆ ماوەیەکی کەم نەبێ کە چەند سەعاتێکە لە هەفتەیەکدا، یا گیراو و بەندی لە حاڵەتیئەو پەڕی پێویستیدا نەبێ، ئەگەر نەخۆش کەوت نانێردرێ بۆ نەخۆشخانە، هەروەکو هەر بەیناوبەینێک لە رۆژێکی تایبەتیی لە هەفتەدا لیژنەیەک کە لە سێ دکتۆر(باتنی وپێست و نەشتەگەری) فەحس بکات و بەندییەکان ببینێ.

هەروەها پێشنیار دەکەین کە بەندییەکان تەلقیح بکرێن، چونکە لە ئەنجامی شێداری وپێویستی بەندخانەکان وکەم خواردنی رۆژ لە دوای رۆژ نەخۆشی گەری زۆر دەبێ، بەتایبەتی لەبەر کەم توانایی لە خۆششتندا کە ناگاتە تەنانەت لە هەفتەی جارێک.

**لە رووی خۆراکەوە:**

لە بەندیخانە رەسمییەکانی حکومەت و بەندیخانەکانی حزبەکاندا، خواردنی پاساوڵ وبەندییەکان یەک بابەتە، لە بەندیخانەی ناوەندیدا لەوەوبەر بەڵێندەرێکی ئازووقە هەبوو، بەڵام ئێستا نییە،

بۆ نموونە خواردنی گیراوەکان وبەندییەکان لە بەندیخانەی ناوەندیی پارێزگای سلێمانیدا، رۆژێ لە دوو ژەم تێناپەڕێ کە هەر دووکیشیان پێکەوە لە ژەمە خواردنێکی تەواو بەو لاوە نین.

بۆیە دەبێ پەلە لە چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیەدا بکرێ وئازووقەی بەندیخانەکان بە موناقەسەی یاسایی بدرێت بە بەڵێندەران (المتعهد الارزاق). هەروەها پێشنیار دەکەین کە بەخشینێکی گشتی بۆ بەندیەکانی هەرێمی کوردستان دەربکرێ جگە لە(مخدرات و زینا بە محرم وکوشتنی بە ئەنقەست وجاسووس)، چونکە پرسیارێک رووبەڕوومان دەبووەوە کە دیووت: (دادگاکانمان بە پێی یاسایی سزادانی عێراقی حوکم دەدرێن، باشە کە لەوێ بەخشین دەردەکرێ، بۆچی ئێمەش نەگرێتەوە؟). پەلە کردن لە پێکهێنانی دادگای تەمییزی کوردستان، چونکە زۆر کێشە هەن کە لە لایەن دادگاکانەوە حوکمیان تێدا دراوە ودەبێ تەمییز بکرێن و، تا ئێستا نەکراوە، چونکە دادگای تەمییزی کوردستان نەبووە. زۆر حاڵەتیش هەن کە دادگای جینایاتی سلێمانی حوکمی ئیعدامی دەرکردووە و دەبێ لە لایەن دادگایەکی تەمییزەوە یەکلا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئێمە لیستەیەکی تەفسیلیمان کردووە بەو حاڵەتانەی کە رووبە روویان بووینەوە ناوی بەندیەکان وناوی کە ئەوانەی کە گیرا(مەوقوف) بوون، کۆمەڵێک حاڵەت هەیە کە دەیخەمە پێش چاوتان کە باسی لێدان وئەشکەنجەیە، یەکێک لەو حاڵەتانە ئەوەیە، کە تاوانبارێک بە تاوانی تەقەکردن لە(un) گیرابوو و، ئاماژەش کرابوو کە بە لێدان ئیعترافی پێ کراوە، دوو ئیحتکاری تومەتەکەی دەکات، سێ سەردانی نییە و، تاوانباریش باسی رفتاری بەندیخانەی کرد کە باش نییە، بە لێدان ئیعترافیان پێ کردووە و، ئەوە بۆ (٨)مانگ دەچێت کە گیراوە و، تاوەکو ئێستا رەوانەی دادگا نەکراوە، دێنە سەر ئەو حاڵەتەی کە لە بەندیخانەی ناوەندی سلێمانی رووبە روومان بوو، بەراستی زۆربەی زۆری گیـــراوەکـان ئاماژەیان بۆ ئەوە کـرد کـە لە مـوکـافـحـەی ئـیـسکـانی سلێـمـانی ئەشکەنجەیەکی زۆریان دەدرێت و، بەگوێرەی ئەو باسەی کە ئەوان دەیکەن ئەم رەفتارانە کە لە بەندیخانەکاندا روو دەدات پێچەوانەی مافی مرۆڤە، هەروەها حاڵاتی لەم وێنەیە زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆک ئـەنجـــوومـــەن:**

پێشەکی زۆر سوپاس ئەو لیژنەیە تایبەتیە دەکەین بەراستی راپۆرتێکی زۆر رێکوپێک ودوور درێژی پێـویـسـتـی پێـشـکەش کـرد وابزانم ئێـمـە زۆر گلەییـمـان هەبوو لە سەر دواکەوتنی راپۆرتەکە، ئێستاش تکایە کە تێبینی هەیە لە سەر ئەم راپۆرتە.

**بەڕێز عـــومـــەر ســـەید عـــەلی حـــســـێن:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

راپۆرتەکە رێکوپێک بوو، بەڵام دیارە ئەوانە کە ئێوە قسەکانتان لێ وەرگرتوون هەندێکی دیارە خۆتان بە چاو بینیـوتانە هەندێکیش دیارە مـوبالـەغـەی تیـادایە لەلایەن زیندانەکـانەوە، لە

ئیفادەکانیان کە بۆ ئێوەیان داوە دیارە هەر لە جێگای خۆیانن مەبەست هەر لە جێگەی ئەمنی عـامـەن، ئێـمـە وەکـو بەرەی کـوردسـتـانی ئەوتوانایەمـان نەبووە کـە جـێگایەکی باش بۆ زیندان تەرخان کەین، ئەوەی هەبووە هەر ئەو شوێنانەمان بەکار هێناوە،لە پێشان بەرەی کوردستانی لە کـەلار زیندنانی هەبووە، بـەڵام دوای بۆ سلێـمـانی گـوێزرانەوە و، بەندیخانەکـەش هەر لە جێگای ئەمنی کۆنە ، راستە هەندێک لەوانە لە سەر مەسەلەی تەقەکردن لە (un) و لە مـەدام مـیـتـران کاتێ کە هاتە کوردستـان گیراون و، لێـیـان دراوە وئێمە خۆمـان یەک دوو جار سـەردانمان کردن وداوای لێکۆڵـینەوەمان لێکردن، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عـەبدولقـادر سـەعـیـد قـەرەداغی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بە رای من هۆیە سـەرەکیـەکانی ئەم بەندیخانە ئەوەیە کە لێکۆڵـینەوە نیـیە و، لێکۆڵـینەوەکەش ناهەمواریەکی زۆری تێدایە، دەبێت ئیفادەی ئەو گیراوانە وەربگیرێ و، یاخود بڕیار بدرێت کە حەپس بکرێت، یا نەکرێت ئەوە شـتـێکی چاک نیـیـە وپێـویـسـتـە هەر ئەو راپۆرتەش بدرێ بە وەزارەتی داد بۆ ئەوەی پتر بە دوای ئەو مەسەلانەدا بچێت، سوپاس.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر ئـەحـمـەد:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێم وایە هەندە کەموکووڕیی لە راپۆرتەکەولە ئیشـەکاندا هەیە، وەکو ئەوەی کە زۆر شوێن هەیە نەیانبینیوە ونەیان توانیوە دەستیـان پێبگات، لە ناو پارێزگـای سلێمانیدا بەندیخـانە هەیە کە لیژنەکە پێی نەزانیوە وچاویشیان بە بەندەکان نە کەوتووە و، ئێمە دەتوانین بەنموونە هەندێکیشی باس بکەین، بەڵام دوای بە نووسین دەتاندەینێ، سوپاس.

**بەڕێز ئیـبـراهیم سـەعـیـد مـحـەمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێـمـە وەکـو میـللەتی کـورد داوای مـافی مـرۆڤ ئەکـەین، بەڵام بە پێی ئەم راپۆرتە بە داخێ بۆ ئەو وەزعەی کە بەندیخانەکانی تیادایە، بەڵام من پرسیارێکم لە لیژنەکە هەیە، ئەویش ئایا هیچ شتێکی ئیجابییان نەبینی لە بەندیخانەکەدا؟، چونکە تەنها لایەنی سلبییان بۆ ئێمە باس، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن حـەمـەیـد رەحـیـم:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بە رای من ئەم دیاردانە هەمـووی دەگـەڕێتـەوە بۆ مـەسـەلەی فـرە حزبی و، هەرحزبێـک ئـەڵێت من بەندیخـانەم نیـیـە، حـاشـا حـازری رووی سـکرتێـرە کـەشـی رەش بێت، ئەوە حـزبی بزووتـنەوەی ئیسـلامی لە بەندیخانەدا (٢٣) کـەسیـان گرتووە و، چواریان هەر سووتاند بوو، ئەوەتا یەکیـان لای کـەلار فـڕێ داوە ویەکـیـانیـش سـایەقی مـەلا عـوسـمـان خـۆیەتی زۆر نموونەی وا هەیە، پێویستە باشتر لێیان بکۆڵینەوە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕاپۆرتەی کە لیژنەکە خوێندیەوە بە ڕاستی جێی داخە، بەڵام لە هەموو کوردستانیشدا بەندیخانە هەیە و، ئەو شتانەی کە لە سلێمانی ڕوویداوە لە شارەکانی تریش ڕوو دەدات و، ئەم دامودەزگایەی کە کاتی ڕژێم لێکۆڵینەوەیان دەکرد زۆربەیان ئێستا بەردەوامن لە سەر ئیشی خۆیان و، پێویستیش بەوە دەکات کە چاوپیاخشاندنەوەیەک بکرێت سەبارت بە وکەسانەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاپۆرتەکە چاک بوو، بەڵام دەبوایە لیژنەکە بچوونایە و ڕای لێپرسراوان و ئەو خەڵکانەش کە گیرابوون وەربگرتایە، پاشان دەڵێن: ئەو خەڵکەی کە گیراون براون بۆ بەندیخانەی کۆنی ڕژێم، باشە خۆ ئێمەش یەکسەر هاتووین بۆ شوێنی (مەجلسی تەشریعی)کۆن ئەوەی کە گۆڕیومانە تەنها ئایەتەکەمان لێ گۆڕیە، ئێمە وارسی دەسەڵاتەکە بووین هاتین ودەسەڵاتەکەمان وەرگرت و، هەر یەک دەچێتە ئەو جێگایەی کە پێشان دامودەزگای ڕژێم لێ بووە، جا بۆیە شتێکی ئاساییە کە بەندیخانە بچێتە جێگای بەندیخانەی کۆن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تێبینیەکم لەسەر قەسەکانی بەڕێز کاک فرەنسۆ هەیە، ئەویش ڕاستە ئێمە هاتووینەتە جێگای (مەجلسی تەشریعی) بەعس، بەڵام خۆ بەهەمان نیزام وهەمان ڕەفتار نەهاتووین، ئێمە پەرلەمانێکی دیموکراتین کە بە خواست وهەڵبژاردنی میللەت هاتووین حوکمیان دەکەین و، مەبەستیشمان لە جێگای بەندیخانەکان کەوا هەمووی لە جێگای بەندیخانەکانی ڕژێم دان ئەوەیە، کە ڕژێم بەندیخانەکانی بەشێوەیەک دروست دەکرد کە ئەشکەنجەی گیراوەکانی پێبدات و ،ئەم بەندیخانانەش لەگەڵ ئەو مافی مرۆڤەدا ناگونجێت کە ئێمە باسی دەکەین.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنە کە چووین بۆ سەردانی بەندیخانەکان، تەنها توانیمان بەندیخانە ڕەسمیەکان ببینین ، چونکە ئێمە ناتوانین لە خۆمانەوە وبە بێ بەڵگە بە حزبەکان بڵێین بەندیخانەی ترتان هەیە و، سوپاسی بەرەی کوردستانیش دەکەین کە بواریان داین بچینە سەردانی بەندیخانەکان و ڕاستییان پێ وتین و هاوکاریان کردین، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە، وەکو ئەندامە بەڕێزەکان کە باسیان کرد، کەوا هەندی لایەن هەیە بەندیخانەیان هەیە وکەس پێی نازانێ، ئایا چارەنووسی ئەو کەسانە چیی دەبێت کە لەو بەندیخانانەدان؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
سوپاسی ئەرکی ئەو لیژنەیە دەکەین کە بەر ئەرکێکی گرنگ هەڵساون لە شاری سلێمانیدا، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین هۆی رووداني ئەوتاوانانە لە ئەستۆی بەعسدایە کە چەندەها ساڵە ئەو هەموو خەڵکەی لە ئۆردوگا زۆرەمللیەکاندا کۆ کردۆتەوە و، لە ژیانێکی یەکجار ناخۆشیشدا دەژێن، کە بۆتە هۆی رووداني ئەم تاوانانە، سوپاس.
**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
پێویستە هەموومان باش بزانین لەکاتێکدا کە باسی پۆلیس ودەزگاکانی ئاسایش دەکەین لە ولاتێکی دیموکراتی بزانین کە جیاوازی هەیە لەگەڵ ولاتێکی دیکتاتۆریدا، بۆیە پێویستە هەڵس وکەوتی دەزگاکانی پۆلیس وئاسایش بە تەواو باش بکرێن ، لەگەڵ ئەوەشدا کە دیموکراتی وئازادی کە لە ولاتی ئێمە هەیە، دەبێ مرۆڤ ڕێزی بگیرێت وئەبێ کەرامەتی پارێزراو بێت، سوپاس.
**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێڤانی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
داوا لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەڕێز دەکەم کە بڕیارێک دەربکات، کە هیچ حزبێک بەندیخانەی نەبێت وهەمووی بدرێتە وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی داد، سوپاس.
**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
دوو خاڵ هەیە دەمەوێ بیخەمە بەرچاوی بەڕێزتان ئەویش یەکەم، بە زووترین کات دادگای پێداچوونەوە(محکمە التمیز)ی کوردستان دامەزرێت، دووەمیش مەسەلەی بەندیخانەکانە، با لە سەر ئاستی کوردستاندا چەند بەندیخانەیەکی ناوەندییمان هەبێت، ئەویش لە ژێر چاودێری وپیاداچوونەوە و پارێزگاری پەرلەماندا بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەو ئەندامانەی کە تێبینی وپێشنیاریان هەبوو، ناوەکانیان تۆمار کرا و خوێنرانیشەوە، ئێستا پێشنیارێکمان هەیە کەوا لیژنەیەک پێک بێنین بۆ بەدواداچوونی کێشەی بەندیخانەکان وئەم لیژنەیەش لە لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی یاسا و لیژنەی کاروباری ناوخۆ پێک بێت و لەو ئەندامانەش بێت کە لەو لیژنە تایبەتیەی کە سەردانی بەندیخانەکانی کرد پێک بێت و، بچن سەردانی بەندیخانەکانی سلێمانی وهەولێر ودهۆک بکەن و چ تێبینی وپێشنیاریشیان هەیە پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی بکەن.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـشـبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

تەنهـا من پێـشنیـارێکی بچـووکم هەیە، کـەوا هێـز لەگـەڵ ئەم لیـژنانەدا بچـێت بۆ سـەردانی بەندیخانەکان لە پارێزگاکاندا، سوپاس.

**بەڕێز جــێـگری ســـەرۆکی ئەنجــومـــەن:**

ئێمەش لیژنە نانێرین تاوەکو هێزی لەگەڵدا نەنێرین.

**بەڕێز شــەوکــەت حــاجی مــوشـیــر ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

پێشنیـارێک دووبارە ئەکـەمەوە ئەو لیژنەیە لەکێ وکێ پێک دێت وفـەرمانەکەی چییـە و، کێ لێی بەرپرسیارە، سوپاس.

**بەڕێز جــێـگری ســـەرۆکی ئەنجــومـــەن:**

ئەو لیـژنەیە وەکـو وتمان لە نوێنەرانی لیـژنەی یاساو، لیـژنەی کـاروباری ناوخـۆ و، لیـژنەی کـاروباری کۆمەڵایەتی وتەندروستی پێک دێت، چونکە زۆر شت لەوانەی کە باس کرا پەیوەندییان بەوانەوە هەیە و،بەتایبەتیش بەندیخانە کە پەیوەندیی راستەوخۆی بەوانەوە هەیە، ئەم لیژنەیە وای بەباش دەزانێ کە ئەندامی وای تیابێ کە لەو لیژنانە بووە کە چوون بۆ سەردانی بەندیخانەکان بۆ نموونە بەڕێز کاک ئەیاد لە لیژنەی یاسایە ئەوەی تیابێ باشترە، چونکە لە هەمان لیژنە بووە کە چوون بۆ سلێمانی و،هەروەها بەنیسبەت ئەوانی تریشەوە و، ئەم لیژنەیەش لێتوێژینەوە و راپۆرتی خۆی پێشکەش دەکات.

**بەڕێز حـــســـەن حـــمـــیـــد رەحـــیم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

بە رای من لە تەلەفزیۆن وراگەیاندنەکاندا بڵاو بکرێتەوە کە هیچ حزبێک بۆی نییە بەندیخانەی هەبێت، دووەم هەر کەسێک گیراوە با کەسوکارەکەی بێن ئاگاداری پەرلەمان، یا ئەنجوومەنی وەزیران بکەن، تاوەکو پەرلەمان وحکومەتیش بەداویدا بچن وبزانن کە کام حزب بەندیخانەی هەیە و خەڵکی تیادا دەسگیر کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جــێـگری ســـەرۆکی ئەنجــومـــەن:**

ئێمە وتمان ئەگەر ئەندامانی بەڕێز پێشنیاریان هەیە بۆ ئەم لیژنەیەی کە دامانمەزراندووە هەموویان بە نووسین بدرێ بۆ ئەوەی کە ئەو راپۆرتەمان حازر کرد بیخەینە ناوی و، ئەمەش یەکێکە لەوەی کە جەنابت باسی دەکەی یەکێکە لەوەی کە بدرێ بە لیژنەکە بۆ نموونە چووە بەردەم لایەنێک وتی بەندیخانەم نییە، ئەگەر هەشی بوو چی لێ ئەکەن!.

**بەڕێز حـــســـەن حـــمـــیـــد رەحـــیم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

ئەگـەر چووەوە بەردەم لایەنێک وتی بەندیخـانەم نییـە و هەشی بـوو چی لێ دەکـەن! ئەوە بوو

مەبەستم، دەنا ئەو لیژنەیە ئەگەر رۆیشت بۆ هەڵەبجە و بزووتنەوەی ئیسلامی وتی بەندیخانەم نییە و هەشیانە ئەوە بوو مەبەستی من، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکە ئێمە ئەوە نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوە بوو کە لیژنەکە بڕوات ونارەحەتی و ئەشکەنجە و لێدانیش نەهێڵێت لە بەندیخانەکاندا و، هەروەها کێشەکانیان بخاتە پێش چاوی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ چارەسەر کردنیان.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئێمە چەندی ئەیڵێین ئەیڵێینەوە ئەوە داد نادات وکێشەکان چارەسەر ناکات، ئێمە ئێستا هەوڵ ئەدەین کە ئەشکەنجە ولێدان لە بەندیخانەکاندا نەمێنی، بەڵام گرنگ ئەوەی کە بزانین چی دەکەین وچ بڕیارێک دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێموایە ئەو لیژنەیەی کە چووەتە ئەوێ پێشنیاری چاکی کردووە تەنیا بۆ سلێمانی نییە بۆ سەرتا سەری کوردستانە، ئێستا ئێمە هەستین لیژنەیەکی تر پێک بێنین بۆ ئەوەی جارێکی تر دابنشین وپێشنیار بکەین، من پێشنیار دەکەم بەڕێزتان داوا لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بکەن کە لیژنەیەک پێک بهێنن لە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کاروباری تەندروستی وکۆمەڵایەتی وەزارەتی داد ئەوان دراسەتی ئەو بابەتە بکەن و، بە پەلە هەنگاو وبهاوێژن بۆ جێبەجێ کردنی پێشنیارەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە بە رای بەڕێزت ئێمە ئەو راپۆرتانەی کە لیژنەکە نووسیویانە و پێشنیار و تێبینییەکانی ئەندامان هەمووی کۆ بکەینەوە و رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکەین و، داواشیان لێ بکەین کە لیژنەیەک پێک بێنن بۆ بەدوادا چوونی ئەم مەسەلەیە و لەسەر ئەو راپۆرتەی کە بۆیانی دەنێرین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەستی من تەنیا پەلە کردنە، با لە ماوەی یەک دوو رۆژدا لیژنەکە کاری خۆیان جێبەجێ بکەن و، پێشکەشی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشینارێکم هەیە، ئەو لیژنانەی کە سەردانی بەندیخانەکانی کردووە، هەر چوار لیژنەکە با بەیەکەوە کۆبنەوە و ئەو شتانەی کە لە هەر چوار راپۆرتەکەدا هەیە، کۆبکرێتەوە و گەڵاڵە

وپوخت بکرێت و، بدرێتە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی و، بەڕێزتانیش ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکەن و، ئەنجوومەنی وەزیرانیش وەکو لایەنی ڕاپەڕاندن بە دوایدا بچن و جێبەجێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕایەکەی بەڕێز کاک ئەیاد بەجێیە، ئەگەر بێت ولیژنەکان چەند بچووک تر بێت، دەتوانێت بە زووترین کات کارەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەو پرسیارانەیش کە لە لیژنەکەمان کردبوومان، ئەگەر بەپەلە وەلامیان بدەینەوە وابزانم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارەی کە ئەو لیژنەیە پێک بێت، حەز دەکەن دوو کەس لە لیژنەی سلێمانی ودوو کەسیش لە لیژنەی هەولێر وهەروەها دوو کەستریش لە لیژنەی دهۆک دابنێن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم سێ کەس لە هەر لیژنەیەک دابنرێت، کەواتە هەر لیژنەیەک لە (٩)کەس بێت بۆ ئەوەی دراسەی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە ڕای من سێ کەس لە هەر لیژنەیەک زۆرە وکۆکردنەوەشیان ئاسان نییە، ئەوان هەر سێ ڕاپۆرتەکانیان لەبەردەمدایە، تەنیا ئەو تێبینییانەی ئەنجوومەنیان هەیە، داواشمان لە برادەران کرد چی زیاد هەیە بیلێن بۆ پەلە کردن لەو کارە تا لیژنەکەش بتوانێ ئیشی خۆیان بکەن.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەختێ خۆی کە لیژنەکان دابەش کران بۆ دهۆک و هەولێرو سلێمانی وکەرکووک بەیەک لیژنە، بەرای ئێمە لەهەر لیژنەیەک دوو کەس بەسە، ئەو سیانەش کە کاک فرەنسۆ فەرمووی هەر هەمان شتە ئەکاتە (٩ )کەسەکە و، ئێمە لامان پەسندە ئەگەر بەڕێزتان ڕاتان لە سەر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئەگەر هیچ لاریتان لەسەر نییە، لیژنەکە دەکەینە دوو کەس لە هەر لیژنەیەک، لیژنەی سلێمانی لیژنەی دهۆک ولیژنەی هەولێر وسێ کەسی تریشی بخرێتە سەر، یەکێ لە لیژنەی یاسا بێت یەکێ لە لیژنەی ناوخۆ وئەوەی تریش لە لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی، ئەگەر ئەوە پەسەند دەکەن دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. فـــایەق مـــحــمـــەد گـــولپی:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجــــوومـــەن.**

دەبارەی پێشنیارەکەی بەڕێز کاک فرەنسۆ ئەگەر چاوێک بە تەرکیبی لیژنەکان دا بخشێنن لیژنەی دهۆکمان ئێمە لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی تیا نەبوو لیژنەی هەولێرشیمان لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی تیا نەبووە، لەبەر ئەوە ئەگەر لە هەر لیژنەیەک دوو دانێین لە یاسا و تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی وناوخۆ نوێنەرێکتان هەبێ ئەوە لێرە ڕێک ناکەوێ لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی تەنیا منم وابزانم منیش بەرەسمی نیم وماوەیەک ئیشم کرد وتیان تا دەنگدانی لەسەر نەکرێت ، تۆ حەقی ئەوەت نییە هیچ چالاکییەک بکەیت، سوپاس.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تۆمـــا هەریری:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجــــوومـــەن.**

پێشنیارەکەم رادەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجــــوومـــەن.**

سەبارەت بە وەلام دانەوەکە، وەلامی دەوێت، یا پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

نەخێر پێویست ناکات، دانیشتنەکەی ئەمرۆمان تەواو بوو تکایە سبەی لە سەعات(١٠ )ئامادەبن ومەبەستیشم ئەوە نییە سەعات (١٠)بگەنە پەرلەمان کەمێک زووتر وەرن تاکو لەکاتی دیاری کراودا لە هۆلی کۆبوونەوەدا ئامادە بن، چونکە بابەتەکانی ئەمرۆمان تەواو نەبوو وزۆر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٠)

چوارشەممە ڕێکەوتی ١١/١١/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٠)

## چوار شەممە رێکەوتی ١٩٩٢/١١/١١

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ١٩٩٢/١١/١١ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن دانیشتنی ژمارە (٥٠)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار***

***١ـ بەرچاو خستنی پرۆژەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دادگای شۆڕش.***

***٢ـ بەرچاو خستنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری.***

***٣ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەرەتا با بزانین بەڕێزان هیچ پێشنیارێکیان هەیە بۆ تازە بابەت، سوپاس.

**بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی دارایی و ئابووری پێش هەفتەیەک پرۆژەی (موازنە)یان ئامادە کردووە منیش پێموایە کە ئەویش لە کارە پێویستەکانە، ئەگەر بکرێ لە تازە بابەت، یان بخرێتە ناو دانیشتنی داهاتوودا، بۆئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بە پرۆژەی بوودجەی وەزارەتی دارایی و ئابووری پرۆژەی ئامادەیەوە راپۆرتی لیژنەی دارایی وابزانم لەبەر دەستانە، بەڵام بە داخەوە وەزیری دارایی سەفەری کردووە، لەبەر ئەوە ئەکەوێتە دانیشتنی ئایندە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە تازە بابەت خاڵێکی نوێمان نییە، بەڵام داوا دەکەین ئەگەر نامەیەک لەوەی پەرلەمان هاتبێ پێشەکی پیشکەش بە پەرلەمان بکرێ و، ئەگەر نەشهاتووە با دەست بە کاری یاساکان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکا لە لیژنەی یاسا دەکەین بۆ خوێندنەوەی مادەی یەکەم لە بەرنامەی ئەمڕۆمان تێبینییەک هەیە دەربارەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەموو لایەنەکان، کۆبوونەوەکەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کراوەیەوە، ئاشکرایە تەنیا سەرۆکایەتی دەتوانێ بڕیار بدات کە ئەم کۆبوونەوە نهێنییە داوایان لێ دەکەین بچنە دەرەوە، لەبەر ئەوە دەتوانن سەربەستی خۆیان وەربگرن بۆ تۆمارکردنی ئەو شتانەی لێرەدا باس دەکرێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان

ژمارەی بڕیار/

ڕۆژی بڕیار/

**بڕیار**

بەپێی حوکمی برگەی (١)ی ماده (٥٦) له یاسای ژماره (١) سالّی ١٩٩٢ لەسەر پێشنیازی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق له دانیشتنی ڕۆژی ( ) ئەم بڕیارەی دا.

١- کۆتایی هێنان به دادگای بالآی شۆڕش له ڕۆژی ( ) له سالّی ١٩٩٢.

٢- هەموو حوکمەکانی ئەم دادگایه کە لەمەوبەر دراون جێبەجێ دەکرێن به هۆی وەرگرتنی شەرعییەوە لەبەرەی کوردستانی کە دەسەلآت کاری کردووە( الامر الواقع)ی هەبووە.

٣- ئەو دەعوا جنایەتیانەی لەلایەن ئەو دادگایە بینراون و، حوکمی تاوانبارکردنیان تێدا دەرچووە دەسپێردرێن به دادگای تەمیزی کوردستان بۆ پیاچوونەوەیان سەبارەت تەمیزی.

٤- ئەو کێشانەی کە تا ئێستا لەبەردەمی دادگای ناوبراودا ماون و، بڕیاری حکومیان پێ نەدراوە، دەسپێردرێت به وەزارەتی داد کەبەپێی جۆری کێشەکانیان بەسەر دادگاکانیان دابەش بکرێت.

٥- دادگای ناوبراو گشت فایل و ئەوراقەکانی گشت دەعواکانی حوکمیان تێدا دەرچوو بێت، یان دەرنەچوو بێت دەسپێردرێ به وەزارەتی داد.

٦- لەسەر وەزارەتە پەیوەندارەکان و، دادگای بالآی شۆڕش پێویستە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

٧- ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بلاو دەکرێتەوەو، لەو ڕۆژەوە کاری پێ دەکرێت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمەی خوێنرایەوە دەقی پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیرانە دەربارەی نەمانی دادگای باڵای شۆڕش، بەڵام لێتان ناشارینەو پێشنیارەكەی ئەنجوومەنی وەزیران بریتی بوو لەم سێ خاڵەی خوارەوە ئێمەش وامان زانی ئەم خاڵانە بە تەواوەتی بابەتەكە ناپێكێ. بۆیە لیژنەی یاسا چووە سەردانی وەزیری دادو، لایەنە پەیوەندیدارەكانی ترو لەگەڵیاندا كۆبووینەوەو لەسەر ئەو شێوەیە ڕێككەوتین كە بە تەواوەتی كۆتایی بە كێشەكە بهێنێ، چونكە وەك وتم ئەوان بە سێ خاڵ ناردبوویان.

كۆتایی هێنان بە دادگای باڵای شۆڕش –

ئەو كێشانەی كە بریاری لەسەر نەدراوە بۆ دادگاكانی ئێستا ڕەوانە بكرێن، دادگای شۆڕش فایلەكان بنێرێتەوە واتە ئەو حوكمانەی كە دەرچوو بوون (مەدەنی و جینایات)، هیچ چارەسەرێكێ بۆ دانەنرابوو دوای ڕاوێژ كردن لەگەڵ وەزارەتی داد و، ئەندامانی یاسایی بەگشتی وامان داناوە لە پرۆژەكە بۆ دادگای (تمییز) ڕەوانە بكرێ كە لە دوا ڕۆژدا دروست دەبێ ئەوەی شەرعی و یاساییە با بیچەسپێنی، ئەوەش كە شەرعی و یاسایی نییە با هەڵیوەشێنیتەوە، ئەمەبوو ویستم بۆتانی ڕوون بكەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

من تەنها پرسیارێكم هەیە، لە خاڵی یەكەمدا دەڵێ: (كۆتایی هێنان بە دادگای باڵای شۆڕش لەو ڕۆژەی كە دانراوە)، لە خاڵی حەوتەمیشدا دەڵێ: (ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەكرێتەوەو، لە ڕۆژەوە كاری پێ ی دەكرێت)، ئایا ئەمە تێكهەڵچوون نییە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بێگومان یاسا لە هیچ وڵاتێكدا جێبەجێ ناكرێت ئەگەر بڵاو نەكرێتەوە، بڵاوكردنەوەی یاسا نیشانەیە بۆ ئەوەی خەڵك پێی بزانێ كە یاساكە دەرچووەو، لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی پەرلەماندا جێبەجێ دەكرێ، نەك لە ڕۆژی بڕیاردانی لە پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

لە خاڵی یەكەمدا ڕۆژی (كۆتایی هێنان بەدادگای باڵای شۆڕش) دیاری كراوە، بەڕای من دیاری كردنی ڕۆژەكە لابرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ خاڵی حەوتەمدا ڕێك بكەوێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ڕایەكەی بەڕێزت زۆر ڕاستە جیاوازی هەیە لە نێوان هەردوو خاڵ، لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەم بڕگەی یەكەم ببێتە (كۆتایی هێنان بە دادگای باڵای شۆڕش) بەبێ دیاری ڕۆژەكە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**
**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــومـــــــەن.**

دادگای باڵای شۆڕش لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی بریاری هەڵوەشاندنەوەی دراوە، لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٩٩٢/٧/٢٥، نازانم تا ئێستا بۆ وا دوا کەوتووە؟، یان بۆچی هەڵوەشاندنەوەی (دادگای باڵای شۆڕش) دووبارە بریاری لەسەر دەدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جــێگری ســـەرۆکی ئـەنجــومــــەن:**

ئێستا یاساکە مادە بە مادە دەخوێنینەوەو، گفتوگۆی لەسەر دەکەین. کاک ئەیاد فەرموو.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجــیـــد:**
**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومـــــــەن.**

یەکەم: کۆتایی هێنان بە دادگای باڵای شۆڕش.

**بەڕێز جــێگری ســـەرۆکی ئـەنجــومــــەن:**

کێ لەسەر ئەم خاڵە تێبینی هەیە؟ تکایە ئەوانە داوای قسە کردن بکەن کە زۆر لە یاسادا شارەزان، یاخود تێبینی سیاسیان هەیە، بریارێشمان داوە تەنیا شەش ئەندام دەتوانن قسە بکەن.

**بەڕێز شـێـــروان ناسح عـــەبدوڵلا حـــەیدەری:**
**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومـــــــەن.**

من لەسەر خاڵی سێیەم تێبینییەکم هەبوو، لەبەر ئەوە دەستم بەرزکردەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**
**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومـــــــەن.**

من تێبینییەکم هەیە لەسەر (پێشەکی) بریارکە دەڵێ لەسەر پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران، من پێشنیار دەکەم رستەکان پاش و پێش بکرێن واتە بەم شێوەیە بێت: (ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق رۆژی (١٠) ئەم بریارە...)، سوپاس.

**بەڕێز جــێگری ســـەرۆکی ئـەنجــومــــەن:**

ئەگەر ئەم پێشنیارە پەسند کرا، پاشان بە نووسین دەیدەین بە لیژنەی دارشتن.

**بەڕێز بەخــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**
**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومـــــــەن.**

من دوو تێبینیم هەیە لەسەر ئەو مادەیە:

یەکەم: لە رووی یاساییەوە پێویستە بکرێت بە (هەڵوەشاندەوی دادگای باڵای شۆڕش)، نەک کۆتایی هێنان.

دووەم: ئەو دادگایە کە هەڵدەوەشێننەوە، پێشنیار دەکەم لیژنەیەک پێک بێت، بۆ ئەوەی ئەو شتانەی لەئەستۆی ئەو دادگایەدایە لێیان وەرگیرێتەوەو، بدرێت بە وەزارەتی داد، سوپاس.

**بەڕێز حـــســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

سەبارەت بە مەسەلەی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا، ئەم بابەتە لە دانیشتنەکانی پێشوودا زۆر قسەی لەسەر کراوەو، ئێمە هەمووومان کۆک بووین لەسەر ئەم دارشتنە.

دەربارەی پێشنیارەکەی بەڕێز بەختیار ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا هەمان رامان هەیە، چونکە لێرە لە پێشنیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە ( کۆتایی هێنان بە دادگای باڵای شۆڕش لە ڕۆژی ئەوەندە)، بەڵام بەلابردنی ڕۆژەکە مادەکە یاسایی دەبێت و، لە خاڵی یەکەمیشدا هەموو ئەندامان رازین کە دادگای باڵای شۆڕش هەڵبەوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

وەڵامی پێشنیارەکەی د. قاسم نەدرایەوە.

**بەڕێز حـــســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

سەبارەت بە کلیشەی پێشەکی یاساکە، ئێمە لە پەرلەماندا لەسەری پێک هاتووین و، زۆر جاریش قسەمان دەربارەی ئەم بابەتە کردووە، تاوەکو ئەو کلیشەیەمان دارشتووە، وابزانم هەموو رۆژێ پێی ناوێ کلێشەی پێشەکی بگۆڕین.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە خاڵی یەکەم بەم شێوەیە بێت (هەڵوەشاندنەوەی دادگای باڵای شۆڕش)تکایە دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟..

بە زۆربەی دەنگ خاڵی (١) پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــید:**

٢ ـ هەموو حوکمەکانی ئەم دادگایە کە لە مەوبەر دراون جێبەجێ دەکرێن بە هۆی وەرگرتنی شەرعییەتیەوە لەبەرەی کوردستانی کە دەسەڵاتی کاری کردووە ( الامر الواقع)هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم خاڵە؟.

**بەڕێز عـەبدولخالق محـمـەد رشـید زەنگەنە:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

سەبارەت بە خاڵی دووەم دادگای باڵای شۆڕش کۆمەڵە حوکمێکی ئیعدامی دەرکردووە. من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان هیچ ئاگاداریم نییە دەربارەی ئەو بابەتانە تا بێم ئێستاکە ئەو حوکمە

پەسند بکەم، چونکە من نازانم تا چ رادەیەک ئەو حوکمە راست بووە؟، بەڵام سەبارەت بەو بەندییانەی کە دەدرێن بە دادگای تەمییز ئەوە کارێکی گونجاوە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو حوکمانەی کە لەو دادگایە دەرچوونە هەمووی یاسایی نین، زۆربەی بڕیارەکانیان بەداخەوە لەسەر بنەمایەکی یاسایی نەبووەو، پەیوەندیی کەسێتی دەورێکی زۆری تێدا بینیوە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو بابەتانەی کە شارستانین (مدنی) رەوانەی دادگای تەمییز بکرێن تا چاو پیاخشاندنەوەیەکی پێدا بکرێ تا سیفەتی شەرعی و، یاسایی وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

توێژەرەوەکانی (محقق) ئەم دادگایە لە ئاستی توێژینەوەدا نەبوون، لەبەر ئەوە پێویستە پیاچوونەوەیەک لەلایەن لیژنەیەکی دادگاییەوە بۆ ئەو کێشانە بکرێت، چونکە زۆر کەس لە ئەنجامی ئەم مەسەلانەدا زوڵمی لێ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژ بەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پێشنیارم هەیە کە دادگای تمییز چاوێک بەو مەسەلانەدا بخشێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەوهەر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو پارێزەرێک چەند جارێک بۆ ئەو دادگایانە چوومە هیچ مەرجێکی یاسایی تێدا نییە.
بە تایبەتیش دادگای گەرمیان لە (٩٩٪)یان لە بڕیارەکان بە هەڵە وەرگرتووەو، یاسایی نەبووە.
داوا دەکەم چاو بەو حوکمانەدا بخشێنرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەودام مافی پێداچوونەوە هەبێت بۆ ئەو خەڵکانەی کە حوکمیان بە سەردا بدرێت.
بەمەرجێک بۆ بەدناو کردن و، سووک کردنی ئەو حاکم ئەو کەسانە نەبێ کە لە دادگای شۆڕشدا کاریان کردووە. تەنها مافێک بدرێ بۆ ئەو کەسانەی کە تا ئێستا حوکم نەدراون بۆیان هەبێ داوا لە دادگای پێداچوونەوە بکرێ، جارێکی تر سەیری کێشەکانیان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بابەتە لایەنێکی سیاسیشی تێدایە نەک تەنها لایەنی سیاسی، من لە بنەڕەتدا دژی حوکمی ئیعدامم بە هەر شێوەیەک بێ، ئەمە مەبدەئێکەو، کاتی خۆی بەڵگەنامەیەکم ئیمزا کردووە.

سەبارەت بە دادگای شۆڕش مەسەلەیەکی سیاسی گرنگی تێدایە، چونکە ئەمە بەرەی کوردستانی داینا‌وە بەرەی کوردستانیش دەسەڵاتی کاری کردەی هەبووە، لەو دوو ساڵەدا دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندنی بەکار هێناوە، لەرووی یاساییەوە من مەبەستم ئەوە نییە پشتگیری هەموو بڕیار و سزادانێک بکرێ، بەڵام ئەبێ لە بڕیاردان لەسەر ئەم خاڵە ئەوەمان لە بەرچاو بێ کە ئایا ئێمە دەمانەوێ ئەم دادگایە کە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دراوە بدرێتە دادگا؟، واتە دادگایی دادگای شۆڕش بکرێ، چونکە لەو ماوەیەدا میللەت دەسەڵاتی دابووە بەرەی کوردستانی و، کارەکانیش شەرعی بوو، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مەسەلەیە لە دوولاوە دەبێ سەیری بکرێ لایەنی سیاسی و یاسایی.

یەکەم: لەلایەنی سیاسییەوە، ئەگەر بڵێین بڕیارەکانی دادگای باڵای شۆڕش شەرعی نەبووە. ئێمە لەو حاڵەتەدا دەڵێین هەموو ئەو کارانەی کە لە دوای ڕاپەڕین کردوومانە شەرعی نەبوون. ئەم دادگایە شەرعییەتی لە بەرەی کوردستانی وەرگرتووە، لەبەر ئەوە دەبێ شەرعییەت بە بڕیارەکانی ئەم دادگایە بدەین، ئەگەر بڵێین شەرعیەتی نەبووە واتە هەموو شتەکان هەڵدەوەشێنینەوە.

دووەم: لە لایەنی یاساییەوە ڕەنگە هەندێ بڕیار یاسایی بێ و، هەندێ بڕیار زوڵمی تێدا بێ و، هەندێک هەڵە کراوە، بەڵام ئێمە دەبێ ئەوە نەکەینە هۆیەک بۆ ئەوەی هەموو بڕیارەکانی بدەینە دادگای پێداچوونە، تاوەکو چاوی پێدا بخشێنێتەوە. بەمە هەموو شتێک تێک دەدەین هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی.

لەلایەکی دیکەوە لە رووی یاساییەوە ئێمە ناتوانین (دادگای باڵای شۆڕش) دادگایی بکەین و، بڵێین فلان بڕیارتان بە هەڵە دەرکردووە، چونکە خەڵک ئیعدام کراوە، لەو حاڵەتەدا دەبێ ئەوانیش ئیعدام نەکەین و، بڵێین هەڵە بووە، چونکە توێژێنەر (محقق) باش نەبووە.

دادگای باڵای شۆڕش لە رووی سیاسی ویاساییەوە شەرعییەتی هەبووەو، کاری کردە بووە دەبێ دانی پێدا بنێین، پێشنیار دەکەم لێرە ئێمە ئەو بڕیارانەی کە دەرچووە ماوەیەکی بۆ دابنێین و، بڵێین ئەو بڕیارانە دەبێ (طعن) بکرێن لە دادگای پێداچوونە، چونکە نابێ هەر هەموو بڕیارێک دەرچووبێ بڵێین دەبێ پێدابچینەوە، بەم شێوەیە چەسپی (ثبات)ی لە داوایەکان نامێنێ، لێرە تەنها ئەوە دەمێنێ ماوەیەکی یاسایی بۆ دابنێین و، بڵێین ئەو بڕیارە لە فلان کاتەوە دەتوانرێ (طعن) بکرێت، ئەو کاتە دەچێتە دادگای پێداچوونە.

لە مادەی (٣)دا دەڵێ ئەوەی تاوان(جنایات) بێ کە جێبەجێ نەبووە با بچێتە دادگای پێداچوونە، من لەگەڵ ئەوەشدا نیم، چونکە لە جیاتی جێبەجێ کردنی حوکمی ئیعدام بووە، لەبەر ئەوە بە کورتی ئەو دادگایە شەرعیەتی هەبووەو کاری کردەی هەبووەو، دەبێ دانی پێدا

بنێنین نابێ دادگایی (داگای باڵای شۆڕش) بکەین، چونکە ئەگەر وابێ دەبێ دادگایی بەرەی کوردستانیش بکەین، چونکە هەتا ئێستا زۆر هەڵەیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـۆ تــۆمـــا هــەریـری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دادگای شۆڕش کەسی ئیعدام نەکردووە، چونکە دەسەڵاتی ئەوەی نەبووە حوکمی ئیعدام جێبەجێ بکا. هەر حـوکـمـێکی دابێ داویەتی بە سـەرکـردایەتیی سـیـاسی بەرەی کـوردسـتـانی و، سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی بەپرسە لە جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئیعدام، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـید زەنگەنە:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی هەمـوو دەسەڵاتەکانی (یاسادانان و، جێبەجێ کردن، قـەزائی) پێ درابوو، هەر بڕیارێکی لەم مـاوەیەدا دەرکردووە من تانەی (طعن) لێ نادەم، بەڵام لێرە مـەسـەلەکـە دادگـایە، داگـا لەگەڵ بڕیاری سـیـاسی جـیـاوازە. ئێمە وەک پەرلەمـان هەندێ ئیجرائاتمان کردووە دوور نییە ئێمە لێی نەزانین، لەبەر ئەوە من پشتگیری لە داگای پێداچوونەوە دەکـەم، بەڵام ناتوانم پشـتـگـیـری دادگـایەکی (إسـتـثنائی) بکەم، دەبوایە ئەم مـەسـەلەیە جیابکرابایەوە، کە دەڵێن ئەمە بڕیارێکی سیاسییەو، لە کاتی خۆی وەرگیراوەو، ئەبێ پەرلەمان پەسەندی بکات، من لەگەڵ ئەو پەسەند کردنەدا نیم، پەرلەمـان ئەتوانێ بڵێ ئەو حوکمـانەی کە تا ئێـسـتـا دراون پەرلەمـان ڕەوانەی دادگـای پێـداچوونەوەیان بکات، چونکە ئەم کـارانە هەمـووی سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی بەرپرسە لێی نەک پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز ســەعـیـد عـەلی خـان سلیـڤـانی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

داوا دەکـەم حوکـمـەکـانی ئیـعـدام کە بەهەڵە دراون، چاوێکیـان پێدا بخشـێنرێتـەوەو، مـاڵ و منداڵەکانیان ڕەچاو بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تەنهـا یەک تێـبـینی بچـووکم هەیە ئەندامـان باسی هەڵوەشـاندنەوەی بڕیارەکـانی (دادگـای شۆڕشیان) کردو، دەبێ دادگایی کردنی دادگاکە بکرێ.

ئەگەر چەند بڕیارێکی دادگای باڵای شۆڕش هەڵوەشـێـتەوە، ئەوە داگایی کردنی دادگای شۆڕش نییە، مافی ئەو شوێنە یاساییە کە ئێوە ئەو مافەی ئەدەنێ ئەو بڕیارە هەڵوەشێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دادگـای باڵای شۆڕش بڕیاری حوکـمی لەسـەر زۆر کێـشـەی شارسـتـانی داوە، هەتا سەبارەت بە

کێشەکانی لێستاندوەی موڵکایەتی (نزع الملكية)، ئێمە نالێین دەبێ ئەو دادوەرانەی ئەو بڕیارانەیان داوە دادگایی بکرێن، چونکە ئەوانە زۆربەی بڕیارەکانیان شەرعی بووە، بەڵام داوا دەکەین پێداچوونەوە تەنها بۆ کێشەکانی تاوان نەبێت، بەڵکو بۆ کێشەکانی تریش هەبێت وەک (کێشەکانی موڵکایەتی و، کێشەکانی قەرز....)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم لەمەودوا پەرلەمان دەوری باشتر ببینێ و، مەسەلەکان بخەینە چوارچێوەی یاسایی رێکو پێکەوە، بۆ ئەوەی جەماوەر بیروڕایەکی باش وەربگرێ دەربارەی پەرلەمان، چونکە جاران حزبەکان بە ئارەزووی خۆیان خەڵکیان کوشتووە و، ئێستاش خەڵکێکی زۆر لە بەندیخانەی حزبەکاندا گیراوان، پێویستە ئێمە بەرنامەیەکی باش دانێین بۆ ئەوەی خەڵک ئازار نەدرێن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی کۆتایی بەم خاڵە بهێنین، با بزانین رای لیژنەی یاسایی چییە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز عەبدولخالق گوتی ئەم دادگایانە فەرمانی ئیعدامیان دەرکردووە. بێگومان ئەم فەرمانانە کە دراوە بۆ ئەوە بووە کە شۆڕش لە خەڵکی ناپاک خاوێن بکەنەوە.

لێرە مەبەست تانە (طعن) نییە لە (دادگای باڵای شۆڕش)، مەبەست لەوەیەکە ئەو کێشانەی کە حوکمی تێدا دراوە نابێ بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە، چونکە ئێستا بارودۆخ ئاساییە، ئێمەش کێشە هەڵواسراوەکانمان دابەش کردووە بەسەر دوو دادگا (دادگای شارستانی و، داگای تاوان).

دادگای تاوان ئەو کێشانە دەگرێتەوە کە حوکمەکەی لە یەک ساڵ تاکو ئیعدامە، ژمارەکەشیان زۆر کەمە، بە هەمووی لە (٦٠ ـ ٧٠) کێشەیە، بۆیە لیژنەی یاسایی وامان بە پەسەند زانی هەموو حوکمەکانی تاوان هەر لە یەک ساڵی حوکم هەتا ئیعدام هەمووی بدرێتە دادگای پێداچوونەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە مادەی (٢) باس ئەکەین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵامەکەیان لەسەر ئەو مادەیە کە بۆ ئێمە هاتووەو، ئێمەش روونمان کردەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە مادە(٢)دا باسی دادگای پێداچوونەوە نییە.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولكەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجــــومــــەن.**

سەبارەت بە پێشنیارەكەی بەڕێز بەختیار كە كێشەكانی شارستانی (مدنی) بدرێن بە داگای پێداچوونەوە. ئێمە زۆر بیرمان لەم پێشنیارە كردەوە، بەڵام بڕوا بكەن (٢٠٠٠ـ٤٠٠٠) هەزار داوای شارستانی هەیە خەڵكەكە پارەی وەرگرتووەو، كۆتایی هاتووە، داگای باڵای شۆڕشیش سزای (غرامە) خۆی وەرگرتووە و، خەرج كراوە، ئەگەر ئێستا دادگای پێداچوونەوە بەو كێشانە دابچێتەوە بەدوو ساڵیش تەواو نابێت، ئێمە لەو ڕوانگە واقیعیەوە سەیری داگای شارستانیمان كرد، بەڵام سەبارەت بە كێشەكانی تاوان بڕیارمان دا بچێت بۆ دادگای پێداچووونەوە.

سەبارەت بە قسەكانی بەڕێزان عومەر سەید عەلی و، ملازم یونس، هەر هەمان مەبەستمان هەبوو كە توێژەرەكان (محقق)ەكان لاواز بوون و، دەبێ چاو بە داواكان دابخشێنرێتەوە.

بەڕێز سەعید سلیڤانی داوای (رد اعتبار) دەكا، ئێمە مافی پێداچوونەوەمان داوە بۆ كێشەكانی تاوان، ئەوە (رد اعتبار)ی ناوێ.

ئەوەی بەڕێز د. عیزەدینیش باسی كرد نیمچە ڕوون كردنەوەیەك بوو بۆ ئێمە، لەم یاسایەدا ئێمە مەبەستمان هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكانی ئەو دادگایە نییەو، هەروەها مەبەستمان دادگایی كردنی داگاكە نییە، بەڵكو مەبەستمان ئەوەیە ئەو كۆمەڵە حوكمەی دەرچووە، ئەو كۆمەڵەی بڕیارانەی كە ئێستا لەڕێیە جێبەجێ بكرێن، ئەو كۆمەڵە بەندییانەی لەناو بەندیخانەكانن چارەیەكیان بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری ســەرۆكی ئـەنجــومـــەن:**

مادەی (٢) ئەو ڕوونكردنەوەی بەڕێزت، تەنها حوكمەكانی شارستانییەو، پەیوەندیی بە تاوانەوە نییە كە جێبەجێ بكرێ، ئایا جێبەجێ نەكراوە؟.

**بەڕێز حــەســەن عــەبدولكەریم برزنجی:**
**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

مـادە(٢) وەزارەتی داد دەڵێ: ئەگەر ئێوە دان بەو دادگایەدا نەنێن وەكو (امر الواقع) كە بەرەی كوردستانی دانی پێ نابوو، من فەرمانەكانی شارستانی (مدنی) جێبەجێ ناكەم، بەڵام ئێستا ئەوان دەڵێن كێشە شارستانییەكان دانی پێدادەنێن و،كێشەكانی تاوان دەچنە دادگای پێداچوونە تا بڕیاری لێ بدات، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن حــەمــیــد ڕەحــیم:**
**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــومـــــەن.**

ئایا وشـەی (هەڵوەشـاندنی) چەسـپـا بوو یا (هەڵوەشـاندنەوەی)؟، چونكە وشـەی (هەڵوەشاندنەوەی) هەڵەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (هەڵوەشاندنی) چەسپا بوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

گفتوگۆی ئەم مادەیە تەواو بوو، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە خاڵی (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ خاڵی (٢) پەسەند کرا.

ئێستا دەچینە سەر مادەی (٣) کە ئەندامانی لیژنەی یاسایی چارەیەک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوەو، ئەو کەسانەی لە دوای راپەرینەکە تاوانی کوشتنیان کردووە، نەگیراون و، نەدراونە بە دادگا ئەمانە چۆن مامەڵە بکرێن لە دادگاکانی کوردستان؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

مادەی/٣ ئەو داوا جینایەتیانەی لەلایەن ئەو دادگایەوە بینراون و، حوکمی تاوانبار کردنیان تێدا دەرچووە دەسپێردرێت بە دادگای پێداچوونەوەی کوردستان بۆ پێداچوونەوەیان بە سیفەتی (تەمییزی).

لەگەڵ ئەو زیادەیە ( لەسەر داوای لایەنی داواکار)، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕوونکردنەوەکەی من پەیوەندیی بە خاڵی (١، ٢، ٣)وە هەیە، کێشەی زۆر بووە لە دادگاکانی شۆڕشدا و، حوکمی نا شەرعیش زۆر دراوە، بۆیە بە رای من خاڵی(٣) بکەین بە دوو بەشەوە، ئەو تاوانبارانەی گومان ئەکرێ بەردانەکەیان لە ژێر کاریگەری دابێ کێشەکانیان بچێ بۆ دادگای پێداچوونەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر پێیاندابچێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

باش تێنەگەیشتم تکایە دووبارەی بکەوە.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم ئەو تاوانبارانەی کە گومان ئەکرێ بەردانەکەیان لەژێر کاریگەرێک دابووە، دادگای پێداچوونە بۆی هەبێ دووبارە تەماشایان بکات و، لە کێشەکەیان بکۆڵێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عیززەدین مستەفا رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم لە لیژنەی یاسایی هەیە ئایا تا ئێستا بڕیارێکی یاسایی دەرچووە کە دادگای پێداچوونەوە لە کوردستاندا هەبێ؟. دەسەڵاتی کێیە ئەو دادگایە دابنێ؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری گەیشتۆتە دەستمان و، دادگای پێداچوونەوە لەم یاسایەدا هەیە، بەڵام ئێستا پرۆژەی یاساکە لەلای لیژنەی یاسایە بۆ لێکۆڵینەوە، پاشان ئێمە لە پەرلەماندا دەیخەینە روو.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز ئەیاد باسی ئەوەی کرد کە لەسەر داواکاری خاوەن کێشەکان ئەو پێداچوونەوەیە بکرێ، بەڵام من وای بە باش دەزانم ئەو داوایانەی کە تایبەتن بە تاوان هەموویان بدرێن بە دادگای پێداچوونە، چونکە ژمارەی داوایەکان زۆر نییەو، لە (٦٥) داوا تێپەڕ نابێت، بۆیە بەپێویست دەزانم هەمووی بدرێ بە دادگای پێداچوونەوەو، زۆر بەشی بەندی تێدایەو، لە یاسای عێراقیش ئەوە هەیە کە ئەم کێشانە دەدرێن بە دادگای پێداچوونە تا بڕیار لەسەریان بدات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەتا ئەگەر خاوەنی پەیوەندییش داوای پێداچوونەوە نەکات، هەر بدرێن بە دادگای پێداچوونەوە؟.

**بەختیار حەیدەر عوسمان:**

بەڵێ، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ خەڵک لەسەر کوشتن گیراون لە دادگاکانی بەرەی کوردستانی لە ژێر کاریگەری حزبەکان، یان کاریگەری عەشایەری بەردراون و، بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێن، بەڵام ژمارەیەکی زۆر هەنە تاوانی کوشتنیان کردووە و نەگیراون، ئەمەش کێشەی عەشایەریمان بۆ دروست دەکەن، بۆیە من پێشنیار ئەکەم ئەندامانی لیژنەی یاسا چارەیەک بۆ ئەو مەسەلەیە بدۆزنەوەو، لە شوێنێکدا جێگای بکەنەوە، ئەو کەسانەی کە لە دوای ڕاپەڕینەکەوە تاکو ئێستا کوشتنیان کردووەو، نەگیراون و نە دراونەتە دادگا، دۆسیەشیان نییە. چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوانەدا کراوە لە دادگاکانی کوردستاندا؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وابزانم ئەوەی تۆ باست کرد پەیوەندیی بەمەوە نییە کە خەڵک هەیە تاوانی کردووە و نەگیراون، ئەبێ بگیرێن، ئەو بەدوا کەوتنی دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی ئیدارەییەو، پەیوەندیی بەم یاسایەوە نییە.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
کەسوکاری ئەو کوژراوانە سکالایان لای بەرەی کوردستانی کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی زرووفی بەرەی کوردستانی وابووە کە کاریگەری حزبەکانی لەسەر بووە نەیان توانیوە ئەو سکالایەی خۆیان بگەیەنتە ئەو شوێنە، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئێستا دەتوانن ئەو سکالایە لە دادگا بکەن، بەڵام لێرەدا جێگای نابێتەوە.
**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دەبێ لە شوێنێکی تردا جێگای بکەینەوە، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئێستا دادگا هەیە، ئەو کەسانەی کە کاتی خۆی سکالاکانیان وەرنەگیراوە، ئێستا دەتوانن داوا بکەن لە داگاکان.
**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
هەندێ داوای شارستانی هەیە لەسەر پارەیەکی کەم ئەمە پێویستی بە پێداچوونەوە نییە، بەڵام ئەو داوایانەی تایبەتن بە موڵک، لەگەڵ داواکانی تاوان، ئەمانە پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لە دواین مادە لیژنە پێشنیاری کرد ئەو کێشانە لەسەر داوای لایەنی پەیوەندیدار پێدابچنەوە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ماوە دیاری بکرێ بۆ ئەم مەبەستە ئەمە لە یاسادا وا پەیڕەو کراوە، بەڵام ئەگەر کراوە بێ لە یاسا ماوەی ٣ ـ ٤ مانگ هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لە برگەی (٣)دا ئەو داوا جینایەتیانەی کە حوکمی تێدا دەدرێ رەوانەی دادگای پێداچوونەوە دەکرێن بە سیفەتی (تەمییزی)، ئەگەر دادگای پێداچوونەوە هەڵوەشانەوەی (نقضی) ئەو حوکمەی کرد، کێ دەسەڵاتی دووبارە دادگایی کردنەوەی هەیە؟، چونکە لە برگە (١)ی هەڵوەشاندنی دادگای باڵای شۆڕش، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــــمەد مـــحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

هەر کەسێک کاتی خۆی نەیتوانیووە مافی خۆی وەربگرێ ئێستا دەتوانێ بچێتە دادگا سکاڵا پێشکەش بکات، بەڵام ئەوەی لە دادگای باڵای شۆڕش دۆسیەی هەیەو، لەم دادگایە گیراوەو، حوکم دراوە بەرای من ئەمەش بەدەر (استثناء) نەکرێ ئەمەش بچێتە دادگای پێداچوونەوە. واتە هەمووتاوانەکان بچێتە دادگای پێداچوونەوە.

سەبارەت بە پێشنیارەکەی بەڕێز سەفەر کە دەڵێ ماوەی داواکارییەکان دیاری بکرێن، ئەم پێشنیارە راستەو، منیش پشتگیری دەکەم، چونکە نابێ ماوەکە بە بەرەڵایی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حـــســـــەن عـــەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێستا یەکە یەکە وەڵامی تێبینییەکانی ئەندامانی بەڕێز دەدەمەوە:

یەکەم: بەڕێز شەوکەت دەڵێ: هەندێ لە تاوانباران لە ژێر کاریگەری خەڵکدا بەردراون، یان حوکمیان نەدراوە.

ئێستا وەزارەتی داد هەیە، دادگا لە کوردستان کراوەتەوەو، هەموو کەسێک دەتوانێ داوا پێشکەش بکات و، مافی خۆی داوا بکات لە کێشەکەی و، هیچ کاریگەریەکی لەسەر ئەو دادگایە نابێ ئەمە پەیوەندیی بە دادگای باڵای شۆڕشەوە نەماوە.

دووەم: د. عیزەدین پرسیاری کرد دادگای پێداچوونەوەی کوردستان کەی دروست دەبێت؟.

ئەم تێبینییە لە جێگای خۆیەتی، چونکە هێشتا دادگای پێداچوونەوە لە هەرێمی کوردستاندا دروست نەبووە، لەبەر ئەوە نابێ لە یاسادا ئاماژەی بۆ بکرێ، ئێمە تاکو ئێستا کار بە دادگای پێداچوونەوەی عێراقی دەکەین و، تەنها ئەو یاسایانە نەبێ کە دژ بە گەلی کوردە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە پێشنیار دەکەم لە یاساکەدا تەنیا وشەی (پێداچوونەوە) دابنێین، یاخود بڵێین دەسپێردرێن بە دادگای پێداچوونەوەی کوردستان لە رۆژی دامەزراندنیەوەو، وشەی هەرێمی کوردستان لەم یاسایە لاببرێ گرفتەکە چارەسەر دەبێ.

سێیەم: بەڕێز بەختیار دەڵێ: دەبێ ماوە دیاری بکرێ بۆ ئەوەی لایەنەکان داواکارییەکانیان پێشکەش بکەن.

ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا پشتگیری بۆچوونەکەی دەکەین، بەڵام تاوان (جینایات) دەبێ جێبەجێ بکرێن، ئەگەر لەسەر داوای هاووڵاتییان بێت ئەو کاتە دەبێتە واستەکاری و، بەرتیل وەرگرتن، هەر چەندە ئەوە ئیشی پارێزەران کەم دەکاتەوە، بەڵام کێشەکانی تاوان دەبێت بدرێنە دادگای پێداچوونەوە.ئەمە رای لیژنەی یاسا بوو.

بەڕێز کاک سەفەر- یش رایەکەی راستە کە دەڵێ: ئەگەر کێشەکان لە سەر داواکاری لایەنەکان

بوو دیاری کردنی ماوەی پێویستە، بەڵام ئەگەر لەسەر لایەنەکان نەبوو ئەوا دیاری کردنی ماوەکەی پێ ناوێ، چونکە هەر بە خۆی دەڕواتە ئەو دادگایە.

بەڕێز حسێن عەلی پرسیاری کرد، پاش پێداچوونەوەی ئەو کێشانە لە دادگای پێداچوونەوە کێشەکان بۆ کوێ دەچن؟.

ئەم کێشانە لە دوای بە دواداچوونەوەیان لەلایەن وەزارەتی دادەوە دابەش دەکرێن بەسەر دادگاکان بەپێی پسپۆڕی هەر دادگایەک، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەکان دوای ئەوەی لە دادگای پێداچوونەوە (نقض) دەکرێن، چ دادگایەک پەیوەندیدار دەبێ پێیان؟. سوپاس.

**بەڕێز حسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان کە (نقضی) حوکم کرا. دەدرێتە دادگای تاوانی ئەو شوێنەی کە تاوانەکەی لێی روویداوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەکانی موڵکایەتی تایبەتە بە دادگای شارستانی (مدنی) ئەمە دەنگی لەسەردراو، وا پەسند کراوە، سوپاس.

**بەڕێز حسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕیارەکەی کە نووسیمان ئەو دەقەیە کە حوکمی تاوانباری دەرچووە، ئەوەی کە تەبریە بووە نابێت، بەڵام ئەو دەقەی ناردومانە بۆ سەرۆکایەتی لە جیاتی ئەو دەقەیە، داوا دەکەم سەرۆکایەتی ڕێ بدات بۆ ئەم خوێندنەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو داوا جینایەتیانەی لەلایەن ئەو دادگایەوە بینراون دەبێ بدرێن بە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان لەو ڕۆژەوەی کە دادەمەزرێ بۆ پێداچوونەوەیان، سوپاس.

**بەڕێز فرنسو تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەر موڵک ئێمە قسەمان نەکردووە، ئینجا نازانم لە کوێ بڕیارمان لەسەری داوە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە مادە/ ١٠ کە باسی (موڵک) عەقارات کرا شارستانیش ئەگرێتەوە، لەبەر ئەوە وا دادەنرێت دەکرێت بڕیارمان لەسەر داوە، لەلایەنی یاساییەوە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە ڕاستی پێشنیارەکەی من بۆ مادەی/٣یە، دەکرێ ئێمە کە مادە/٢ مان باس کرد حوکمەکانی تێدایە، جۆری حوکمی شارستانی و جەزائیش دەگرێتەوەو حوکمەکە بە ڕەهایی هاتووەو، بڕیاریشمان لەسەر دا، بەڵام ئەو پێشنیارەی کە کردم ئەو کێشانەی کە لە ژێر پێداچوونەوە دان تەنیا تاوان نەبن، بەڵکو کێشەکانی موڵکایەتیش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز بەختیار تکایە کێشەکانی تاوان و، موڵکایەتیمان بۆ ڕوون بکەوە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەمان زۆر هەیە بە تایبەتی لە (شەقلاوە و کۆیە). کاتێک کە دادگاکانی عێراقی هێشتا هەڵنەوەشابوونەوە لەگەڵ ئەوەی کە زۆر حاکم تێدا حوکمی مرۆڤانەیان دابوو وزۆریان باس کران لەسەر ئەو دادگایانەی شۆڕش بە تایبەتی دادگای باڵا بڕیاری ئەوەی لەسەردا بە ڕاستی کە بووە هۆی ئەوەی کێشەی دیکە ڕووبدات وەکو کێشەکی عەشائیری، لەسەر مەسەلەی موڵکایەتی کە دادگاکان بڕیاریان لەسەر داوە، لەبەر ئەوە پێویستە دادوەری پسپۆڕ حوکم لەسەر ئەو جۆرە کێشانە بدات و، ئەو کێشانەی کە پەیوەندیی هەیە بە مەسەلەی موڵکایەتی بدرێنە دادگای پێداچوونەوە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ وەڵامەکەی بەڕێز بەختیار دەبێ لێرە بزانین ئەوەی کە دانی پێدادەنێین تەنها (دادگای باڵای شۆڕش)ە، ئەوەی کە لە شەقلاوە دەرچووە ئەوە ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی چارەسەری هەموو کێشەکان ناکات.

ئێمە لێرە تەنها باسی بڕیارەکانی دادگای باڵای شۆڕش دەکەین، بەڵام شوێنەکانی تر ئێمە پەیوەندییمان پێیاندا نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خاڵی ٣/ ئەو داوا جنایەتیانەی لەلایەن ئەو دادگایەوە نێراوە دەسپێردرێن لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە بۆ پێداچوونەوەیان، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

من پێموایە ئەو بڕیارانەی کە لێرەوە دەدرێن هەمووی بۆ هەرێمی کوردستانن، جا ئەگەر وشەی هەرێمی کوردستان، دوای دامەزراندنی لاش بچێت پێداچوونەوەکە هەر دەمێنێ و، هەموو کەسێکیش دەزانێ ئەم بڕیارە بۆ (دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستانە)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

ئەو دادگای پێداچوونەوەی کە ناسراوە لەلای ئێمە دادگای پێداچوونەوەی عێراقە کە تەماشای هیچ داوا و کێشەکانی کوردستان ناکەن، جا بۆ ئەوەی دادگای پێداچوونەوەی کوردستان جیاوازی هەبێت لەگەڵ دادگای پێداچوونەوەی بەغداد، ئێمە لەم یاسایەدا ناوەکەمان بەو شێوەیە دانا (دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

تکایە کێ لەگەڵ ئەوەدایە خاڵی/٣ وەکو خوێنرایەوە وەربگیرێ تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

خاڵی/٤ دەڵێ: (ئەوکێشانەی کە تا ئێستا لەبەردەم دادگای ناوبراودا ماون بڕیارو، حوکمیان تێدا نەدراوە دەسپێردرێن بە وەزارەتی داد کە بەپێی جۆری کێشەکانیان بەسەر دادگاکانیاندا دابەشیان بکات، سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

دەربارەی ئەو پێشنیارەی کە پێشکەشم کردووەو، چەند ئەندامێک پشتگیرییان کردم، باسی بابەتی باڵەخانە (عمارات) نەکرا. ئایا کەس لەگەڵ ئەو زیاد کردنەیە لە دەنگدان، یاخود نا؟، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

ئایا بۆ بابەتی موڵکایەتی (عقارات) ناسپێردرێن بە دادگای پێداچوونەوە کە بابەتێکی زۆر گرنگە، لە کاتێکدا کە بابەتی زۆر بچووک دەدرێنە ئەو دادگایە بۆ پێداچوونەوەیان، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

بێگومان ئەمە مەسەلەی کێشەی بچوک و کێشەی گەورە نییە، ئێمە مەسەلەی کەسایەتییمان

جیاواز کردۆتەوە لە مەسەلەی تاوان (جنیایە) وەکو مەسەلەی قەرزو، مامەڵەی کڕین و فرۆشتن و ئەو جۆرە بابەتانە، چونکە کێشەی سەربەستی کەسێ لە ملیۆنەها دینار گرنگترە کە حوکمی پێ دەدرێت، ئەمەیەک.

دوو: ژمارەی کێشەکانی موڵکایەتی گەلێک زۆرە، ئەگەر بچێت بۆ دادگای پێداچوونەوە بەساڵێک تەواو نابێت، بەڵام کێشەکانی تاوان (٦٠ ـ ٧٠) کێشەیەو، تەماشا دەکرێن و، کۆتاییان پێ دێت.

بەڕێز بەختیار دەڵێ: گواستنەوەی موڵک کراوە لەیەکێک بۆ یەکێکی دیکە.

کێشەکانی شارستانی کۆتایی پێ هاتووەو، خەڵکی لە نێوان خۆیان لەسەر مەسەلەی قەرزو شتی وا پێک هاتوون و، پارەوپول وەرگیراوە ئەم شتە ڕۆیشتووە، بەڵام ئەوەی حوکم بوو تا ئێستا لە بەندیخانەن (٧٠) کەس ئێستا لە بەندیخانەن لەوانەیە لەناویاندا مرۆڤی بێ تاوان هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا رامان وایە کە تەنیا داواکانی تاوان پێداچوونەوەیان بکرێت، چونکە لەوانەیە کابرایەک کاتی خۆی تاوانی کردووەو بەردراوە مافی بەربوونیشی نەبووە، ئەوجا ئەگەر ئێوە پێتان پەسەندە کێشەکانی شارستانیش بەدەری(ئیستثنائی) پێبدەین بتوانین برگەیەکی بۆ دروست بکەین، بەرای ئێمە ئەو بەدەرکردنە (ئیستثنائە) بکەین دادگاکان لێی دەرناچن و، گیروگرفتێکی ئێجگار زۆر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە راستی من پێشنیاری ئەوەم کردووە تەنها کێشەکانی موڵکایەتی کە پەیوەندیی بە داماڵینی موڵکایەتی(نزع الملكية) هەیە بسپێردرێن بە دادگای پێداچوونەوە، چونکە کێشەکانی داماڵینی موڵکایەتی (نزع الملكية) زۆر گرنگن و، تەنیا بە یاسا دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێک لە بەڕێز بەختیار دەکەم دەربارەی داماڵینی موڵک، کە موڵکێک مایەی نیو ملیۆن دینارە جیاوازی چییە لەگەڵ قەرزێک کە بریاری پێ دراوەو؟، ئیستحقاقی بوو بە حەقی حاڵەتێک هەیە بریاری دادگای پێداچوونەوەی عێراقی پێ وەرگیراوە لە دادگای باڵای شۆڕش دیسان لە نوێوە تەماشایان کردەوەو، بریاری دادگای پێداچوونەوەی عێراقیان هەڵوەشاندۆتەوە، ئەگەر دەتانەوێ برە پارەکان دیاری دەکەین کە پارەکە لە (١٠) هەزار یان (٥٠) هەزار، یان (١٠٠) هەزار کەمتر نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وا بزانم مەسەلە مەبدئە مەسەلە پارەکە نییە، مەسەلەی داماڵینی موڵک کە بەڕێز بەختیار ئاماژەی بۆ کرد لە لایەنی مەبدەئەوە بوو.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو موڵکێک کە لەلایەن تاپۆوە چەسپێنرا، پاشان ئەگەر بڕیاری ئەو دادگایەی پێ دەرچوو سەنەدەکانی تاپۆ بڕیاریان (إقرار) لەسەر بدریت ئەوە هەندێکی داماڵینی موڵکایەتییە، بەڵام ئەگەر سەنەدەکانی تاپۆ بڕیاریان لەسەر نەدرابێ ئەوە داماڵینی موڵکایەتی نییە، سوپاس.

**بەڕێز کاک برهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی موڵکایەتی وەرەسەی تێدایە تەنها ئەوە نییە کە(١٠٠٠٠٠)سەد هەزار لای کەسێکە، چونکە بابەتی داماڵینی موڵکایەتی جیاوازی هەیە لە کێشەی پارە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە دانیشتووین بۆ چەسپاندنی دادوەری بەڕێز حەسەن دەڵێ: ژمارەی داواکانی تاوان (٥٠ـ ٦٠) داوا دەبێت، ئێمە لەبەر ئەوە مافی پێداچوونەوەیان پێ ی ئەدەین، بەڵام ئەوانی تر زۆرە سەر ئێشەو ،کێشە بۆ دادگای پێداچوونەوە دروست دەکەن لەبەر ئەوە نادرێنە دادگا.

بەرای من ئەمە پیادەکردنی دادوەری نییە لە کوردستان، چونکە کێشەکان چەند زۆر بن ئەبێ ئەوانیش ئەوانیش مافی پێداچوونەوەیان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز حسێن دەڵێ ئەوەی میرات و قاسری تێدایە موڵکایەتییە ئەی ئۆتۆمبیل وەرەسەو قاسری تێدا نییە؟.

بڕیارەکانی دادگا دەبێ چەسپاو بێت ئێمە شەرعیەتمان داوە بەو حوکمانەی کە دراوە، چونکە بەرەی کوردستان لە کاتێکی زۆر پێویستدا دروست بووە، بەڵام ئەگەر ئێوە شەرعیەتی پێدا نەدەن ئەوا هەمووی ڕەوانەی دادگای پێداچوونەوە دەکەینەوە.

خۆی جیاوازی هەیە لە نێوان کێشەی تاوان، لەگەڵ کێشەی شارستانی (مدنی)، چونکە کێشەی قەرزو تەنیا ئەوەیە تۆ پارە لەیەکێک دەستێنی و دەیدەیتەوە یەکێکی دیکە، بەڵام کێشەی تاوان پەیوەندی هەیە بە سزادان و حوکم کردنی مرۆڤ، هەروەها وەکو گوتمان کێشەکانی شارستانی ژمارەیان گەلێک زۆرە لەوانەیە دادگای پێداچوونەوە نەتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات، یاخود ماوەیەکی زۆری پێ دەچێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو مەسەلەی داماڵینی موڵکایەتی موڵکی یەکێک پێ سەنراوەتەوە، وا بزانم کاریگەری

بەسەر چەسپاندنی (اقراری) سەنەدەکانی تاپۆوە هەیەو، تەنها وەکو قەرزێکی ئاسایی چارەسەر ناکرێن و، وەکو مادەیەک بخرێتە ناوەوەو، لەبەر ئەو گرنگیەی بەڕێزان باسیان کرد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەو داوایانەی کە لە سنووری (٥ـ ١٠) هەزار دینار زیاترە ئەوە با پەرلەمان بڕیاری لێ بدات ئەوانیش دووبارە تەماشا بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا دەکەم لە بەڕێز بەختیار ئەو داوایانەی کە تایبەتە بە داماڵینی موڵکایەتی (نزع الملكية) بۆمان بژمێردرێ تا بزانین چ داوایەک دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەڵکێک هەیە کە زەوییان وەرگرتووە پاش (١٥- ٢٠)ساڵ داوایان کردووە کە بەدوو شاهێد کراوە بەناویانەوە وابزانم هیچ یاسایەک ڕێگا بە ئەمە نادات و، هیچ دادگایەک بەم ئاسانییە حوکم نادات، بەڵام لەم دادگایە دوو سێ حوکمی وا دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کێشانەی کە بەڕێز بەختیار باسی کردن، ڕاستە وایە کاتی خۆی ئەم زەوییانە هەمووی هی میریی بوونە و، بە شێوەی ئیغرا لە دادگاکان تۆمار کراون. خۆی ئەگەر سەنەدی تاپۆ نەبێت هیچ کەسێک ناتوانێ بێت بڵێت من مافم بەسەر ئەو زەوییەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ئاماژەیەکی تێدا بێ بۆ داماڵینی موڵکایەتی کە ئەم بابەتەش وەکو تاوان بیری لێ بکرێتەوە، چونکە داماڵینی موڵکایەتی دەبێ لە تۆمارەکانی تاپۆ پووچەڵ کرابێتەوە، ئەگەر لە تاپۆ پوچەڵ نەکرابێ ئەوە نابێتە داماڵینی موڵکایەتی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هاتوو داماڵینی موڵکایەتی لە تۆمارەکانی تاپۆ پووچەڵ کرابێ مافی پێداچوونەوەی هەیە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەکرێ پێداچوونەوە بکەن، ئەگەر هەر دادگایەک بە خۆی دیسان بڕیارەکەی پووچەڵ بکرێ

ئەو تۆمارەی لە کوێ هێناوە ئەگەر لە فەرمانگەی تاپۆ نەبێت؟، تاپۆش لە ژێر زەوی حکومەت بوو ئەو سولفەی نەداوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەڵامێکم هەیە بۆ ئەو روونکردنەوەی بەڕێز حەسەن کانەبی کردی، ئەگەر تۆمارەکان نەگورابێ ئێمە لێرەدا دەڵێین ئەو حوکمانە کە (دادگای باڵای شۆڕش) داویەتی هەمووی جێبەجێ دەکرێن ئەو کاتەی حوکمی داوە بە داماڵینی مولکایەتی جێبەجێ دەبێ لە تاپۆدا ئەوە بڕیاری پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم بابەتی بڕیار لێرە تەنیا دانراوە بۆ کێشەکانی تاوانی دادگای باڵا شۆڕش، جا ئەگەر ئێمە تەشەنە لە بڕیار بکەین وابزانم ئێمە دەرناچین و، دەبێ هەموو شتی تێدا دابنێین نەک تەنها بابەتی داماڵینی مولکایەتی، هەروەها نەک تەنها دادگای باڵا لە دهۆک و، سلێمانی و، کەرکووک ناتوانن ئەم کارە بکەن، بەڵکو هەموو دادگاکانی ئێمە تاکو ئێستا لەو ئاستەدا نین کە تەماشای سەدان کێشەی لەو بابەتە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادەیەک زیاد بکرێ لەم بڕیار، بۆ ئەو حوکمانەی کە دادگای باڵای شۆڕش دەری کردوون دەربارەی داماڵینی مولکایەتی (نزع الملكية) تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا کە مادەیەک زیاد بکرێ بۆ بابەتی داماڵینی مولکایەتی کە لەلایەن دادگای باڵای شۆڕش حوکمیان پێ دەرچووە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە رێز لە رای پەرلەمان دەگرین، بەڵام داوا لە خاوەنی پێشنیارەکە دەکەین کە رەزامەندی کرا لەسەر زیادکردنی برگەیەک، پێشنارەکەی بە نووسین بۆمان رەوانە بکات بۆ ئەوەی پێشکەشی پەرلەمانی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە کاری لیژنەی یاسایە کە پەرلەمان بڕیاری دا خاڵێک زیاد بکات، لیژنەی یاسای پەرلەمان دەبێ خۆی دارشتنەکەی ئامادە بکات پێشکەشی بکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە کرایە دەربارەی داماڵینی موڵکایەتی هەر ئێمە دەزانین بە یاسا قسەکە گونجاو نییەو، بە دوو جۆر ئیستغلال دەکرێت و، دووبارە نوێ دەکرێتەوە، بەڵام داماڵینی موڵکایەتی بەو شێوەیەی کە ئێوە ئێستا پێتان سپارد داماڵینی موڵکایەتی نییە دەبێ شتێکی دیکە بڵێین، ئینجا خاوەن پێشنیارەکە پێشنارێک بکات بۆ ئەوەی پێشکەشی پەرلەمانی بکەین، سوپاس .

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو پێشنیارەی کە کرا خاڵێک زیاد بکرێ بۆ داماڵینی ئەو بڕیارانەی کە (دادگای باڵای شۆڕش) داویەتی کە ئەوانەش خاوەنەکانی مافی ئەوەیان هەیە بۆ دادگای پێداچوونەوە ئەوەیە مەبەستی گۆڕینی خاوەنی ئەو موڵکە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەم زۆر روونە داماڵینی موڵکایەتی لە نێوان کەساندا نە نوێ کردنەوەی تۆمار (تسجيل المجدد) دەگرێتەوە، نە دەست بەسەر داگرتن (استملاک) دەگرێتەوە، چونکە نوێ کردنەوەی تۆمار (تسجيل المجدد) شێوەی تایبەتی خۆی هەیە لە یاساداو، دەست بەسەر داگرتن (استملاک) حکومەت دەیکات نەک کەسان، بۆیە من پێشنیارەکەم ئەوەیە کە ئەو برگەیە زیاد بکرێ ئەو داوایانەی کە داماڵینی موڵکایەتی تێدایە لە مادەی کەسان و، لیژنەی یاسا دارشتنی بۆ دەکات بیدەن بە دادگای پێداچوونەوە، لەگەڵ داواکانی تاوان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەو پێشنیارە خرایە دەنگدانەوەو، پەسەند کرا، پاشان لیژنەی یاسا دارشتنی بۆ دەکات.

ئێستا دێینە سەر خاڵی چوارەم.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی چوارەم/ ئەو کێشانەی کە تا ئێستا لەبەردەم دادگای ناوبراودا ماون و، حوکمیان هێشتا تێدا نەدراوە دەسپێردرێن بە وەزارەتی داد کە بەپێی جۆری کێشەکانیان بەسەر دادگاکان دابەشیان بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم خاڵە؟ نییە. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە خاڵی (٤) وەکو خۆی وەربگیرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ خاڵی (٤) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی پێنجەم/ دادگای ناوبراو گشت فایل و، ئەوراقەکانی گشت داواکانی حوکمیان تێدا دەرچوو بێ، یان دەرنەچووبێ دەسپێردرێن بە وەزارەتی داد. سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم برگەیە؟. نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە خاڵی پێنجەم وەکو خۆی وەربگیرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ خاڵی پێنجەم پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی شەشەم/ لەسەر وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و، دادگای باڵای شۆڕش پێویستە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن، سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەمە خاڵە؟.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکەم ئەوەیە وشەی (پێویست) لا ببرێت وبڵێین. بڕیارەکە جێبەجێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە لە مادەی شەشدا وشەی پێویست لاببرێت ئەوەی دیکە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟....بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی چاک کراوە لەبەر دەستانە ئەو سیغەی کە گۆڕا بوو ئێستا گەڕاینەوە سەر هەمان داڕشتنی کۆن کە ڕێککەوت بووین لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەمەدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..کێ لە دژە؟.....بە زۆربەی پەسەند کرا.

ئێستا دێینە سەر ئەو پێشنیارەی کە نێرا بۆ داماڵینی موڵکیایەتی لیژنەی یاسا دارشتنێکی بۆ داناوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی سێیەم/ ئەو داوا جنایەتیانە و، داواکانی لێ ستاندنی موڵکیەت نەگوێزراوە لەلایەن ئەو دادگایە بینراون دەسپێردرێن بە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان لە رۆژی دامەزراندنیەوە بۆ پێداچوونەوەیان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە خاڵی سێیەم وەکو خۆی وەربگیرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ خاڵی سێیەم پەسەند کرا. پاشان لیژنەی یاسا بە کوردی یاساکە دادەڕێژێتەوە.

بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٥١)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٢/١١/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٥١)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/١٢

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/١٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی دانیشتنی ژمارە (٥١)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی یەکەمی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەستپێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١-تەواوکردنی گفتوگۆی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری.***
***٢-گفتوگۆ کردن لەسەر خانووەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی.***
***٣-بەرچاوخستنی بودجە (میزانیە)ی هەرێمی کوردستان، ئەوەی کە لەم ساڵی داراییەدا ماوەتەوە، لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی ئابووری ودارایی.***
***٤-تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا دەست بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەین، بۆ خاڵی تازە بابەت با فراکسیۆنەکان بفەرموون.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بریار بوو ئەمڕۆ باسی چۆڵ کردنی خانووەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بکرێ، نازانم باس دەکرێ یانا؟ باشتر وایە پێشەکی باسی ئەم خاڵە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بە چۆڵ کردنی خانووەکان ئێستا باسێکی کورت دەکەم.

ئەم خانووانە وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش باسی کرد خانووی ئەنجوومەنی جێبەجێ کردن بوو کە ئێستا زۆربەی هی ئەنجوومەنی نیشتمانییە، ئەوەی دیکەش هی ئەنجوومەنی وەزیرانە ئەو خانووانە ئێستاش جۆرە خەڵکێکی تێدایە کە لەهەموو پارت و، ڕێکخراوەکانە چوونەتە ناوی، هیچ شێوەیەکی یاسایی نییە کە ئەوان لەو خانووانەدان.

پاش ئەوەی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران قسەکرا، ئەویش گفتوگۆی کرد لەگەڵ پارێزگارو بڕیار وابوو کەئەو خانووانە بەتایبەتی لەسەرەتاوە پارتی ویەکێتی ئەوانەی سەر بەوانن بڕیارە ئەمڕۆ دەربکرێن لە خانووانەکان. پاش ئەوانیش حزبەکانی دیکەش دەردەکرێن و، هەروەها ئەو فەرمانبەرانەی کە کاتی خۆی ئەم خانووانەیان دراوەتێ ئەمانیش دەبێت دەربچن بە ڕێگایەکی یاسایی ئەو خەڵکانە دەربچن بۆ ئەوەی ناحەزان ئەمە نەکەنە هەل بۆ ئەوەی بڵێن پەرلەمان بەم زستانە زوڵمی لە خەڵک کردووەو، خەڵکی لە خانووەکان دەرکردووە.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم بابەتە زیاتر لە دوو مانگە ئەوە لەبەر چاوی هەموو ئەندامانی پەرلەمانەو، ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئەو واقعە دەگۆڕێت، بەڵام چەندین جار بڕیار دەرچوو لەم بارەوە هەتا دوا بڕیار بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران خۆی لێرە ئامادەبوو کە لەسەر فەرمانی سەرۆکایەتی لیژنەیەک پێک هات لەناوپەرلەمان. ئێمە لەگەڵ ئەو لیژنەیە دانیشتین پرۆژەیەکمان پێشکەش کردو، پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر کردو، درا بەئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئەوانیش مەسەلەکەیان کردە دوو جۆر، بڕیار وابوو جۆری یەکەم کەوا لە سنووری (٥٠) خانوو بۆ ماوەی (١٠)ڕۆژ بکرێ، جۆری دووەم کە لە (١١/١)ەوە بکرێن، کەچی بەداخەوە تاکو ئێستا نەبووە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کە بۆ جۆری دووەم هەوڵێکی جدی بدرێت، ئەو شێوە یاساییەی کە بەڕێزیشت فەرمووت شتێکی باشەو، سوودی هەیە، داوا دەکەم تاکو هەفتەی ئایندە ئەم مەسەلەیە یەکلا بکرێت، چونکە ئێستا کاتی قوتابخانەیەو بۆ ئەوەی بتوانن منداڵەکانیان بگوازنەوە بۆ قوتابخانەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت ئەوانەی سەر بە یەکێتی نیشتمانیین ئەم ئێوارەیە لەبەر ئەوەی بەڕێز مام جەلال سکرتێری یەکێتی نیشتمانیی لێرە نەبوو بروسکەمان بۆ کرد وەڵامی کاتژمێر(١٢)هاتەوەو، ئاگاداری بەڕێزتم کرد هەموو خوشک وبرایان بزانن کە بروسکەکەی بەم شێوەیە: (ئەبێ دەست بەجێ بڕیارەکانی پەرلەمان و، حکومەتی کوردستان و، مەکتەبی سیاسی جێبەجێ بکرێن)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بروسکەکەی بەڕێز مام جەلال بۆ مەکتەبی سیاسی لەسەر ئەمەیە کە ئەو خانووانەی ئەندامانی یەکێتی نیشتمانیی تیایدان پیان چۆڵ بکرێن و، هێزی یەکێتی نیشتمانیی بەکار بهێنرێ بۆ خانووەکانی دیکە.

ئێستا دێینە سەر بابەتێکی دیکە. دوونامە هاتووە لە (القيادة المشتركة للحزب الديمقراطي

الكردي الموحد في سوريا، و الاتحاد الشعبي الكردي في سوريا والشغيلة الديمقراطية في سوريا) لەبەر گرنگی ئەم دوونامەیە بۆ بەرێزتان دەخوێنمەوە:

السادة المحترمون، الرئيس والاعضاء في پرلمان كوردستان العراق:

كان لقراركم التاريخي في ١٩٩٢/٧/٤ القاضي بتقرير مصير الشعب الكردي على اساس الاتحاد الفيدرالي في عراق ديمقراطي ذي تعددية سياسية ابلغ الاثر لدى ابناء وبنات شعبنا الكردي في سوريا وفي سائر اجزاء كوردستان حيث طغت الفرحة العارمة ضمن صفوف الجماهير الكردية وقواها السياسية الوطنية واستبشرت الخير والتفاؤل والمستقبل الزاهر لكوردستان عموما بعد قرون من الاضطهاد والعنف والحرمان وعقود من النضال الشاق والحروب في القرن الحالي، ان هذا القرار يجسد الحقوق القوميه المشروعة لشعبنا الكردي ونأمل ان تبادر القوى الديمقراطية ومنظمات حقوق الانسان والهيئات الدولية وجميع محبي الحرية والسلم والصداقة الى دعم ومساندة حكومة اقليم كوردستان العراق لتركز من تأمين هذا القرار وتعيد بناء كوردستان وحمايتها من بطش نظام الاستبداد في العراق ومن سائر المعادين لتطلعات شعبنا الكردي في الحرية والعيش بسلام. اننا في القيادة المشتركة لاحزابنا الكردية الثلاثة في سوريا نقدر عاليا القرار التاريخي لپرلمان كوردستان ونهنئكم بحرارة معبرة، وجماهير كوردستان العراق بهذه المناسبة السعيدة، ونبارك جهودكم المشتركة المتصلة بالتلاحم ومن اجل شعبكم ومصلحة عموم الكرد في الوقت الذي تثمن فيه الانجازات التي حققتموها في عدة مجالات فاننا نتابع بعزيمة اقوى نضالنا من اجل ازاحة الاضطهاد، والمشاريع العنصرية من كاهل شعبنا الكردي في سوريا وتامين حقوقه القومية، والانسانية ونشد على ايديكم ونبارك مسيرتكم الظافرة على طريق التفاهم والتعاون بين جماهير كوردستان، وقواه السياسية والوطنية ونبارك لكم جهود كل القوى الوطنية المناضلة في العراق لتتكلل بالنجاح في اسقاط النظام الديكتاتوري والاتيان بحكومة ائتلافية ديمقراطية لتحقق طموحات العرب والكرد والتركمان والاشوريين وغيرهم من الديمقراطية والحرية والسلام وتعترف رسميا بقرار الپرلمان المتضمن الفيدرالية لكوردستان والديمقراطية للنظام.. سوريا ١٩٩٢/١٠/٧..

**القيادة المشتركة للحزب الديمقراطي الكردي الموحد في سوريا.**

**الاتحاد الشعبي الكردي في سوريا.**

**الشغيلة الديمقراطية في سوريا.**

هەروەها ئەم حزب ولایەنە سیاسیانەی کورد لە سوریا، بە بروسکەیەکی دیکە پشتیوانیی خۆیان لە پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان دووپات کردوەتەوە لە دژی دەسدرێژیەکانی P.K.K، کە ئەمەش دەقی بروسکەکەیە:

الى الرأي العام الكردي الى ابناء وبنات شعبنا الكردي المضطهد، ايتها القوى والاحزاب الكوردستانية. في الخامس من الشهر الجاري تتوارد انباء مؤكدة عن حصول الاشتباكات

المسلحة العنيفة والواسعة النطاق بين قوات حكومة كوردستان العراق الاقليمية ومسلحي حزب العمال الكوردستاني على اراضي الشريط الحدودي لكوردستان العراق الداخل في كوردستان تركيا ووقوع اعداد من القتلى والجرحى بين الطرفين مماكان ولايزال موضوع قلق وانزعاج لدى الشعب الكردي في سوريا وجميع الناس الشرفاء والاصداقاء الغيارى. ان الاشتباكات المسلحة هذه تستغلها القوات التركية لشن غاراتها الوحشية وبكثافة داخل اجواء واراضي كوردستان العراق وذلك استكمالا لسياسة البطش والارهاب التي طالما تنتهجها الدولة التركية ضد آمال وتطلعات شعب كوردستان تركيا وذلك تحت غطاء وشعار مكافحة الارهاب للاكراد قديما وحديثا حيث انها تظهر قلقها الشديد ازاء ماهو قائم في كوردستان العراق ومؤسساتها المنتخبة حيث تمثل ارادة شعب كوردستان العراق في اقامة البرلمان، والحكومة الفيدرالية الاتحادية والجبهة الكوردستانية جاءت تجسد وحدة الصف الوطني حيث ان هذه المكاسب القومية والديمقراطية جاءت بعد تضحيات جسيمة وخسائر كبيرة من الواجب الحفاظ عليها لكونها تنعش آمال وهموم الشعب الكردي من جهة وتشكل ملجأ آمنا لعموم المعارضة العراقية وتخدم مهامها الوطنية من الجهة الاخرى، وعلى هذا الاساس نرى ضرورة الالتماس من حزب العمال الكوردستاني للمبادرة الى وقف النشاط المسلح على الشريط الحدودي، وسحبه الى داخل ساحبتهِ وعمله في كوردستان تركيا وذلك خدمة للمصلحة العليا وتطوير الكفاح التحرري العادل لشعب كوردستان والمساهمة في حماية المكاسب القومية، والديمقراطية في كوردستان العراق وسد الطريق امام عذر والاعيب نظام القتل في طهران.

ئێمە زۆر سوپاس ئەو هەستەیان دەکەین کەبەرامبەر بەئێمە دەریان بڕیوە وەتێگەیشتنیان بۆ کێشەمان لەگەڵ (پ.ک.ک) کە بەراستی بە ناحەقانە وبەغەدر کێشەیەکیان بەسەردا سەپاندین و، هیچ سوودێکیشی نییە بۆ خۆیان.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تـۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لەرۆژی ١١/٣ فاکسێک لەلایەن وەفدی پەرلەمانی و، داواکاریەکی تر لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان بەڕێز جوهر نامق سالم و بەڕێز سەعدی هاتبوو وابزانم تا ئێستا نەخوێندرایەوە پێش چەند رۆژ بەڕێز حەسەن بەرزنجی گووتی ئەگەر شتێک هاتبێ بۆمان بخوێننەوە، ئێمەش وەکو فراکسیۆنی زەرد داوا دەکەین بۆمانی بخوێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئێستا دێینە سەر خاڵێکی دیکە لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، ئەوەیش بابەتی بودجە (موازنە)یە. تکایە لیژنەی دارایی با بفەرموون بۆ خوێندنەوەی تێبینییەکانیان.

**بەڕێز د. محەمەد فازڵ محەمەد عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موازنەی هەرێمی کوردستان لە ١/١٠/ تاکو ١٩٩٢/١٢/٣١ واتە بۆ ماوەی ئەو سێ مانگەی دوایی ساڵ، پێش مانگێک لە پەرلەماندا باس کرا پێشنیارەکان نێردران بۆ وەزارەتی دارایی لیژنەی ئابووری دارایی پەرلەمان چەندین تێبینی و، سەرەنجی خۆی پێشکەش کردو وچەند پێشنیاری لەم بارەوە خستەروو، بەڵام لیژنەی دارایی وئابووری لەبەر چەند هۆیەک و بارودۆخی ئەمڕۆی وەزارەتەکان کەزۆربەیان:

١ـ هەندێ لەپێشنیارەکان بروایان پێ نەدرا، نیازوایە ئەو پێشنیارە لە بودجەی ساڵی ١٩٩٣ رەچاو بکەن و، رای لیژنەی دارایی وئابووری وەزارەت وابوو کەپێویست ناکات وەزارەت رێنمایی وەزارەت دەربکات، لەو کاتەی پێویستە ئەو رێنماییانە دەربکرێن بۆ ئەوەی کارەکانی ئەنجام بدرێن.

٢ـ رای وەزارەت وایە کە هەموو مافێکی هەبێ هەر بڕێکی پارە بهاویشترێتە سەر ئەو بودجەی کەلەلایەن پەرلەمانەوە بکرێت، بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان دەسەڵاتی هەبێ هەر بڕە پارەیەک زیاد بکات لەسەر بودجەکە.

رای ئێمە وایە کە بۆ زیادکردنی ئەو پارەیە بۆسەر بودجەکەو خەرج کردنی دەبێ رای پەرلەمانی لەسەر بێت، ئەگەر ئەو زیادە بشبێ لە (١٪) کۆی بودجەی پەسندکراو بێ.

پاشان ئەو رێژەیە دەبێ بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ پەسەند کردنی ئەو زیاد کردنە پێویست دەکات ئەنجام بدرێ.

٣ـ وەزارەتی دارایی داوا دەکا بە دانانی بودجەیەکی ساڵی ١٩٩٣ پابەند نەبێ بە بەش و مادەکان و جۆر (فصل، انواع، مواد)، کە ئەمە کارێکی زۆر پێویستە بۆ بودجە، بەڵام رای ئێمە پێویستە کە لیژنەی دارایی وەزارەت پابەندێتی تەواو بکەن بەو بنەما داراییە لەسەر (فصل و، مادەو، نوع)، بودجەکە دانێت لەو کاتە پێویستمان بە تەرصید دەسپێکردنەوە لە خەرج کردندا هەیە.

زۆر لە وەزارەتەکان کە بۆ جاری دووەم بودجەکەیان نێردرایەوە بۆ پەرلەمان خەمڵاندنی بەم شێوەیە بووە: وەزارەتی ناوخۆ لە (٨) ملیۆن و(٤٣٠) هەزا دینارەوە، بووە بە (٣٣) ملیۆن و (٥٨٣) هەزار دینار.

وەزارەتی دارایی وئابووری لە (٣) ملیۆن (٢٥٠) هەزار دینارەوە، بووە بە (٨) ملیۆن (٩٠١) هەزار دینار.

وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن لە (٢) ملیۆن (١٨٠) هەزارەوە دینار بووە، بە (١) ملیۆن و (٣١٠) هەزار. جگە لەچەند وەزارەتێکی دیکە کە بە رێژەیەکی کەم بودجەکەیان زیاد کراوەو، بێگومان ئەو زیاد کردنەش دەگەڕێتەوە بۆ جێگیر نەبوونی بارودۆخی وەزارەتەکان و،

هەیکەلەکـــان تەواو نەچەســپــاوەو، لە هەمـــان کـــاتدا دەگـــەڕێتـــەوە بۆ چاوگـــێـــڕانەوە بە پێداویستــیــەکـانی وەزارەتەکـان و، ئەرکـەکـانی سـەرشـانی و، هەروەها بەرزی نرخی هەمـوو شتومەک و خزمـەتگوزارییـەکـان لەم ڕۆژەدا، جا لەبەر ئەوەی بودجە یەکەم بودجەی هەرێمی کوردستانە دەشێ لەبەر بارودۆخی تایبەتی خۆی چەسپاندنی کاروباری وەزارەتەکان خەمڵاندنی زیاد بووە لە هەندێ شوێنداو، دەشبێ کەم بێت.

لێرە وا پێشنیـاری ئەوە دەکەین کە پەرلەمـان ئەم بودجە پەسند بکات بە مـەرجێـک وەزارەتی دارایی ئەم پێشنیـارەمان بۆ بە ئەنجام بگەیەنێت بەتایبـەتی یەکەم ڕێنمـایی جێبەجێ کردنی بودجەکەو، دانانی شێوازی گونجاو دەربکات بۆ خەرج کردنی، یان بە پێی ڕێنمـایی ئیداری کە لەســەری دەڕۆیشـتن، تا وەزارەتی دارایی دەســەڵاتی تەواوی هەبێ بەســەر خــەرج کــردنی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک.

ئامـــادەکـردنی بودجـەی ســاڵی داهاتوو (١٩٩٣) لەســەر بنەمـای بەش و، مــادەکـــان و، جۆر (فصول،مواد،وانواع) لەسەر هەمان بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستـان لەسەر باری جێبەجێ کردن خەرج کردنەی ئەو (٣) مانگە.

دەبێ داهاتی هەمـوو وەزارەتـەکان بە تەواوی بنووسرێ، ئێستـا ئاگاداری وەزارەتـەکان بکرێتەوە سەرچاوەی داهاتیان بۆ روون بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بەدوای دا بچن.

ناشێ هیچ پارەیەک زیاد بکرێتــە ســەر بودجـەکـە پاش پەسندکـردنی لەلایەن ئەنجـوومـــەنی نیشـتمانیی کوردستـانەوەو، ئەگەر ئەو زیادکردنە پڕ بوو لە (١٪) بودجەکە کۆی ئەوە دەبێت ڕەزامەندی بۆ وەربگیرێ، واتە وەزارەتی دارایی بۆیان هەیە لە سنووری (١٪) بۆ ئەو بودجەیە زیاد بکەن، ئەگەر لەو ڕێژەیەش زیاتر بوو دەبێ ڕەزامەندی پەرلەمانی پێ وەربگیرێ.

دەبێ دیوانی چاودێری دارایی سەر بە ئەنجـوومـەنی وەزیران بە زووترین کـات دروست بکرێ بۆ چاودێری کردنی چۆنیەتی خەرج کردنی پارە لەلایەن وەزارەتی دارایی و، هەموو دامودەزگاکانی ئەنجـــوومـــەنی وەزیران. دەبێ پشـــتـگـیـــری لیـــژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمـــان بکرێت بۆ بەدواداچوونی تەوژم دان بە کـاروباری دارایی وەزارەتی دارایی و ئابووری و، هاوبەشی کـردن پێکەوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی دارایی و ئابووری ئەمڕۆمان و، دۆزینەوەی کاریگـەرەکان و، سەرچاوەی نوێ و دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان.

لەبەر ناهەمواری ژیانی قوتابی و خوێندکاران پێشنیاری ئەمە دەکەین کە یارمەتی زیاد بکرێ بۆ قوتابییـە هەژارەکانی قۆناغـەکانی خوێندن و، پێداویستـیـەکانیـان بۆ جێبـەجێ بکرێ لەبەر کـــردنەوەی زانکۆی سلێـــمـــانی و، زانکۆی دهۆک و ئەو پارەیە تەرخـــان کـــراوە بۆ زانکۆو، ئامۆژگاکـانی کوردستـان هەرگیـز بەش ناکات، بۆیە پێشنـیـار دەکەین بەلایەنی کـەمەوە هەر لە (١-٢) ملیـۆن دینار بخرێتە سەر حیسابی زانکۆو پەیمانگان و، بکرێتە (١٤)ملیـۆن (٥٠٠) هەزار دینار بۆ زانستگا و ئامۆژگاکانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا تکایە ئەو برادەرانەی کەتێبینییان هەیە لەسەر بودجەکە با دەستییان بەرز بکەنەوە.

**بەڕێز فرەنسو تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ شت د.فازڵ خوێندیەوە زیاتر بوو لەوەی کە بەڕێز جەمیل خوێندیەوە، هەریەک بە جۆرێک بوو، وادیارە بۆچوونیان وەک یەک نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەریەکە شتێکی باس کرد وەک ئەوەی ئەو خەملاندنی داهات و، جیاوازی بوو وابزانم یەکێ لەخاڵەکانی کە وەزارەتی دارایی باسی کردبوو لە (٩٠٪) گومرگ وخۆشیان گوتیان کە ئەوە داهاتێکی چەسپاو نییە وەکو پێی ئەڵێن «قلق»، ئەگەر کێشەیەک ببێ لەسنوور، یان بەفروباران بوو بێ ئەو داهاتەکان هەمووی کەم دەکرێنەوە. جا بەرای:

یەک: من هەوڵ بدرێ داهاتی چەسپاوی دیکە جگە لەهی گومرگ زیاد بکرێ.

دوو، دەبێ وەزارەت سیاسەتی دەسپێوەگرتن (تقشف) بکاربهێنێت لەهەموو بوارەکانی ژیاندا.

**بەڕێز فرەنسو تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من قسەم کرد گووتم بۆ چوونیان وەکو یەک نییە، حەزدەکەم بزانن ئەو بەهەڵە خوێندیەوە پێشنیاری لیژنەی دارایی و روون کردنەوەی د.فازڵ هەر بەناوی لیژنە بوو، بەڵام جیاوازیان هەبوو پێشنیاری تازە هەبوو بۆ قوتابیان شتی زیادەشی تێدا بوو، سوپاس.

**بەڕێزد. قاسم محەممەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەناو بودجەدا باسی شەهیدان نەکراوە، داوا دەکەم کە برگەی تایبەتی هەبێت بە شەهیدان، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان عەبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی سەبارەت وەزارەتی ناوخۆ (٣) ملیۆن و چارەکێک زیادبوو، خۆشی نزیکەی (١٠) ملیۆنە، تکایە روون کردنەوەیەکمان بۆ بکەن لەم بارەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەممەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم: خشتەکە روون نییە لە بەشی(یەک،دوو، سێ)دا تەنها مووچە دیارە ئەوانی دیکە نەمان زانی چ جیاوازی کراوە تاکو بزانین رێژەی خەرجیەکان چەندە.

دووەم: وەکو پێشنیارێک حەز دەکەین دەستەیەک دابمەزرێ بەناوی دەستەی وردکاری (هیئة التدقیق) کە سەر بە پەرلەمان بێت، نەک ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئەو بودجەی کە وەزارەت پێشکەشی کردووە جێی سوپاسە خۆیان لەگەڵ ماندو کردووە و، راپۆرتەکەی لیژنە زۆر بەوردی چووبوونە ناو بابەتەکەوە، بەڵام دوو تێبینیم هەیە:

١ـ لە تەوسیەکانی لیژنەکەو، بەپێی رێنمایی دەرکەوت بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بودجەیە دەبێ رێنمایی توند دەربکەن، چونکە ئەمە بودجەیەکی نوێیە.

٢-ئەگەر داهات و خەرجییەکان تەماشاکەین دەبینین داهات (١٦٤)ملیۆن دینارە، پێم وایە هەر دەوڵەتە بیانییەکان ئەمە ببینن زگیان بە ئێمە ناسووتێ، بەڵکو داوای یارمەتی لە ئێمە دەکەن، لەبەر ئەوە وابزانم خەملاندنی داهاتەکە زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێکم هەیە دەربارەی ئەو(١٠) ملیۆنەی کە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە دانراوە، ئایا ئەم پارەیە تەنیا بۆ وەزارەتە، یان بۆ حزبەکانیشە؟، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو تێبینیەو رێنماییەکانی لیژنە شتێکی باش بوو هەروەکو بەڕێزتان روونتان کردەوە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێمە بارودۆخێکی تایبەتییە، بەراستی پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی زۆر بە وردی ئەو بودجەیە دابنێت، بەتایبەتی گرنگ وگرنگترین دیاری بکرێ.

ئێستا وەرزی زستانەو، زۆر وەزارەت کاریان هەیەو، وەک وەزارەتی ناوخۆ پێویستە ئەمن وئاسایش بپارێزێ و، وەزارەتی گواستنەوە، بەڵام بۆ وەزارەتەکانی دیکە وەکو بەڕێزتان باستان کرد پێویستە دەستپێوەگرتن (تەقەشوف) بکرێ.

خاڵێکی دیکە ئاماژەی بۆ کرا کە وەزارەتی پێشمەرگەیە، کاتی خۆی ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە لە سنووری (٦) ملیۆن دینارمان پێشنیار کردبوو، بەڵام دروست بوونی یەکەی نیزامی پێشمەرگە کە (٦٠٠) هەزار پێشمەرگە زیاد بووەو، هەروەها یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە بوونە هۆی ئەوەی کە (١٠) ملیۆن دینار تەرخان بکرێت بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارم کرد پارەکە دەدرێ بە کێ؟ حەزدەکەم سەرۆکایەتی ئەوەمان بۆمان روون بکاتەوە. سوپاس.

**بەڕێز د. فـــایەق مـــحـــەمـــەد گـــوڵپی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، ئەگەر ئێمە سیاسەتێکی نوێ لەوەزارەتی تەندروستی و کۆمەڵایەتی بگرینە بەر کە لە زۆر وڵاتەکانی دیکەدا هەیە، وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی ئەتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ لە رووی ئابووریەوە ئەویش بە پێداچوونەوەو سوود وەرگرتن لە هەندێ بڕیارەکان و، یاسای شوێنەکانی دیکە بێجگە لە هی عێراقی، بۆ نموونە لە سلێمانی ٣ نەخۆشخانە هەیە، دووان هەبوو یەکێکیان لەم زووانە دروست کردووە ،ئەمە هەر دکتۆرێک نەشتەرگەریەک دەکات (١٠٠٠دینار) لە نەخۆشەکە وەردەگرێ، لە هەمان نەشتەرگەری لە خستەخانەی حکومی تەنیا (٥دینار) وەردەگیرێ تکامان لە لیژنەی ئابووری و، بەڕێز وەزیری ئابووری و، لیژنەی تەندروستی کاروباری کۆمەڵایەتی هەیە ئەوەمان هەیە کە سەرژمێرییەک بکەن بۆ ئەو پارەیە بۆ ئەوەی بزانین چۆن چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

تەنها ئەوتێبینیەی لەبارەی داهاتەوە باس کرا وابزانم خەمڵاندنەکەی زیادەو، بەڕێز وەزیری دارایی ئێستا دەزانێ کە سنوور داخراوە، ئەو ئەگەر زۆرتر لە خەرجیەکان تەئکید بکات وابزانم شتێکی باشتر دەبێ، چونکە لە ماوەی (١٥) رۆژدا کە خەمڵاندنی یەکەم جارمان ناردە بۆ وەزارەتی دارایی بۆمان گەڕایەوە هی وەزارەتی ناوخۆ لە (٨) ملیۆن دینار، کراوە بە (٣٣) ملیۆن و، هی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە (٣) ملیۆن دینار بووە بە (٨) ملیۆن دینار پێموایە چاو پێداخشانەوەیەک ببێ لەماوەی مانگێک رەنگە خەرجییەکان دەربچێت، کە بەراستی زۆر زیاترە لەوە، ئەگەر وا بە مانگێکی دیاری کراو گومرگمان (١٠٠) ملیۆن بێت و، مەزندەمان لەسەر ئەوە دروست بکەین وابزانم ئەکەوینە هەڵەیەکی گەورەو، لە (٣) مانگدا (١٥٠ــ ١٧٠) ملیۆن دیارە ئەوە ئیتر وابزانم دەست پێوەگرتن ناکرێ، چونکە (تەوفیر) لە (٦٠٪) داهاتە.

**بەڕێز فـــــرەنـــــسۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

ئێمە دوێنێ باسی یاسای وەزارەتی رۆشنبیریمان کرد لە سەردەمی ئێستاماندا ئەرکی سەرشانی وەزارەتی رۆشنبیری، ئەگەر لەهەموو وەزارەتەکان زیاتر نەبێ پێموایە کەمتریش نییە، ئێمە دوێنێ پێشنیاری چەند بنچینەیەکمان کرد کە ئەم وەزارەتە پێی هەڵدەستێ، لەبەر ئەوە بەرای من ئەو وەزارەتە پارەیەکی یەکجار زۆر کەمی بۆ دانراوە لەم بودجەیە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

وەزارەتی دارایی کە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا باسی ئەو داواکاریانە دەکات کە لەسەری رازی بوون و، ئەوە دەخرێتە نیزامەوە.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئێستا لە جیاتی لیژنە دارایی وەڵامی پرسیاری ئەندامان دەدەمەوە:

دەربارەی پرسیاری بەڕێز فرەنسۆ کە بۆچی جیاوازی هەیە لەنێوان راپۆرتەکەی من و بەڕێز د.فازڵ ئەوەی من بەعەرەبی خوێندمەوە ئێمە لەگەڵ لیژنە رێککەوتووین لەسەر ئەمە کە د.فازڵ چەند پێشنیارێکی باشی دا بە ئێمە.

دەربارەی تەخسیساتی وەزارەتی رۆشنبیری وەک وەزارەتی رۆشنبیری خۆی داوای کردبوو تا (١٩٩٢/١٢/٣١)،یانی (٤٥) رۆژ ماوە ئەو بودجەیەی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ساڵی داهاتوو چارەسەر بکەن، وەزارەتی رۆشنبیری خۆی راپۆرتی بۆ ئێمە ناردبوو داوای لە وەزارەتی دارایی کرد کە پارەکە نەخرێتە خوارەوە.

بەڕێز د. رزگار دەربارەی خانەنشینی شەهید پرسیاری کرد، لە بودجەی ساڵی (١٩٩٣)دا بەندی تایبەت بە خانەنشین و، بەخشیشی (مکافاءە) بۆ شەهیدانی کوردستان دانراوە.

بەڕێز ئیبراهیم سەعید پێشنیاری کرد کە دەستەی چاودێری سەر بە پەرلەمان بێت، نەک ئەنجوومەنی وەزیران.

ئەمە راستە دەبێ دەستەی چاودێری سەر بە پەرلەمان بێت، چونکە ئێمە دیوانی سەرۆکایەتی (دیوان الرئاسە)مان نییە.

بەڕێز حەسەن بەرزنجی داوای کرد رێنمایی نوێ لە وەزارەتی دارایی دەربچێت بۆ بودجە، بەرای ئێمە ئەوە پێویست ناکات.

بەڕێز د. فائەق پرسیاری دەربارەی داهاتی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی کرد.

ئێمە خشتەیەکمان بۆ هاتووە کە داهاتی ئەم وەزارەتە (٣) ملیۆن و (٨٠٨) هەزار دینارە، ئەگەر زیادیش بوو ئەوە نەنووسرێ.

**بەڕێز د. عـــــیزەدین مـــــستـــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لە داهاتی وەزارەتی رۆشنبیریدا شتێک هەیە کە داهاتی هەیە، ئێمە ئەزانین کە کاری مرۆڤایەتی چاپی ئەوێت، بەڵام لەهی زانستگا و پەیمانگا تەکنیکیەکاندا هیچ باسی داهات نەکراوە، بەڕێز د.فازڵ خۆی سەرپەرشتکاری چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدینە داهاتی هەیە، هەروەها ئێستا کۆلیژی کشتوکاڵ و پزیشکی لە زانکۆی سلێمانی و دهۆک دەکرێنەوە دەتوانن داهات کۆبکەنەوەو داهاتەکەیان بچێت بۆ زانکۆکانیان، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید/وەزیری دارایی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بێگومان جێگەی خۆشحالیە کەوا بودجە گفتوگۆی لەسەر بکرێ، چونکە بەگرنگترین ئەرکەکانی

پەرلەمان دادەنرێت لە هەموو دنیادا.

ئێمە راگەیاندنی حکومەتی فیدرالیمان کردووە، بەڵام لەراستیدا ئەرکەکانی ئەمرۆ هی حکومەتێکی فیدرالی نییە، بەڵکو هی حکومەتێکی سەربەخۆیەو، ئەویش بەهۆی ئەوەی رژێم هەموو پەیوەندییەکی بڕیوە لەگەڵ دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە بانقەکان ئێمە دەبێت سەر لەنوێ رێکیان بخەینەوەو کارەکانیان هەڵبسەنگێنین، لەبەر ئەوە کارەکانمان زۆر بەرێکوپێکی ناڕوات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم خەملاندنە لەئەنجامی ئەوە دانراوە کە داهاتی گومرگیمان مانگی(١١٠)ملیۆن دینارە.

ئایا رێژەی چەند مانگتان وەرگرتووە؟ یا ئەمە هی تەنها مانگێکە؟، چونکە دەبێ لەم بارەیەوە حسابێکی ورد بکرێت، بۆ ئەوەی پاشە رۆژ بتوانین حساباتی وردی ئابووری خۆمانی لەسەر حساب بکەین.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم داهاتە داهاتێکی جێگیر نییە (قلق)، لەبەر ئەوە دەبێ دەست بەو داهاتەوە بگرین و، مانای ئەوە نییە کە لە ئێستاوە هەمووی خەرجی بکەن، دەبێ بەگوێرەی ئەو داهاتەی کە هەیە سەرفی بکەین و، ئەگەر نەبێ خەرج ناکرێت و، پێشینەیی دراوە بەمووچەکان کەوا شتێکی زۆر پێویستە دوای ئەوە لەناو وەزارەتەکاندا پێشینەیی دراوە بە بەوەزارەتی ناوخۆ و، وەزارەتی پەروەردە.

ئەندامان دەڵێن وەزارەتی ناوخۆ پارەیەکی زۆری بۆ دانراوە.

ئێمە لە کاتی دانانی بودجە لە خۆمانەوە پارە بۆ وەزارەتەکان دانانێین، بەڵکو لەگەڵ وەزارەتەکاندا گفتوگۆ دەکەین، ئەوانیش پاش دانانی بەرنامەی خۆیان رایان دەدەن بە ئێمە لەسەر ئەوە بنەمایە ئێمە پارە دادەنێین بۆ وەزارەتەکان.

وەزارەتی ناوخۆ وەزارەتێکی نوێیە چەندین دامودەزگای ئاسایش و، یەکەی ئیداری پێوە بەستراوە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو پارە زیادەمان بۆی داناوە.

جارێکی دیکە ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کە ئەو بودجەیە کاتییەو، بۆ ماوەی (٣) مانگ دانراوە، ئێمە لە (٧/٤) ەوە دەستمان بە دانانی ئەم بودجەیە کردووە، بەڵام لەم ماوەیەدا رژێم زۆر لە دامودەزگاکانی کێشایەوە، گەلێک دامودەزگای فیدرالی هاتە سەر ئەم بودجەیە، لەبەر ئەوە ئێمە ناچار بووین ئاڵوگۆڕییەکی زۆر لەناو بودجەدا بکەین.

سەبارەت بە مەسەلەی دەستگرتن (تقشف) بە بودجە، منیش لەگەڵ ئەوەدام ، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە ئێمە پێویستیمان بە زۆر پێداویستی هەیە وەکو دەزگای راگەیاندن بۆ ئەوەی خەڵکی تێدا هۆشیار بکەینەوە.

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە چاودێری دارایی پەیوەندیی بە پەرلەمانەوە هەبێت، بەرای من پەرلەمان خۆی لیژنەی چاودێری دارایی هەیە، چونکە ئەو دەستەی چاودێری دارایی لە وەزارەتی دارایی هەر دەبێت سەر ئەنجوومەنی وەزیران بێت.
لە کۆتاییدا لیژنەی دارایی هەندێک تێبینی و ڕێنمایی بۆ ئێمە کردبوو، ئێمە ڕەچاوی دەکەین و، هیوادارم لە بودجەی ساڵی (١٩٩٣) بتوانین بودجەیەکی باشتر پێشکەش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنها پرسیارێکم هەیە لەکاتێکدا لەماوەی (١٥) ڕۆژدا توانیمان چاوێک بخشێنینەوە بە خەرجییەکان کە هی وەزارەتی ناوخۆ لە (٨) ملیۆن دینارەوە ببێ بە (٣٣) ملیۆن دینارو، هی دارایی لە (٣) ملیۆن دینارەوە، بووە بە (٨) ملیۆن دینار، ئایا ناتوانرێ خەملاندنێکی دیکە نزیک لە واقیعی ئێمەدا دابنرێت؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ڕوونکردنەوەیەکم هەیە لەسەر ئەو خاڵەی کە دەڵێ وەزیری دارایی دەسەڵاتی وەکو وەزیر دارایی عێراقی بێت. ئێمە نەک داوای ئەمە دەکەین، بەڵکو ئێمە لە پەرلەماندا بڕیارمان لەسەر ئەمە داوە، چونکە وەزارەتی ئێمە دەسەڵاتی فیدرالی هەیەو، دوای کێشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق لە کوردستاندا پەرلەمان بڕیاری دا هەموو دەسەڵاتەکانی بنکەیی (مرکز) بدرێت بەوەزارەتەکانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستە وەکو بەڕێز حەسەن گووتی دەسەڵاتی وەزیری هەرێم وەکو دەسەڵاتی وەزیری بەغدایە ئەمە لە خاڵی( ٣)دا ئاماژەمان بۆ کردووە: (صلاحية وزير المالية في الاقليم مثل صلاحية وزير المالية في سلطة بغداد).
هەروەها لە بڕگە (٤)دا هاتووە (عدم التزام بالفصول والمواد لعام ١٩٩١). من پرسیار دەکەم بۆچی وەزیری دارایی بەغداد دەتوانێ بودجە بۆ (١٨) پارێزگا دابنێت، بۆچی ئێمە ناتوانین بۆ (٣) پارێزگا بودجە دابنێین؟، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو لیژنەی دارایی داوا دەکەین کە بودجەی ساڵی (١٩٩٣) بەپێی بەش (فصول) بێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من مەبەستم ئەوە بوو کە ئەم دەسەڵات پێدانە لەسەر داواکاری وەزیری دارایی نییە، بەڵکو یاسا ئەم دەسەڵاتەی بۆ دادەنێت، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری دارایی گلەیی لە فەرمانبەران کرد کە بە ئیفاد دەردەچن. من پێشنیار دەکەم وەزارەتی دارایی ڕێنمایی دەربکات بۆ ئەم مەبەستەو، بلێ ئەمەیە مەرجی ئیفادکردن لە فەرمانگەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خانەنشینە کۆنەکان بەڕێز وەزیری دارایی گوتی ئێمە پەیوەندییمان پێیانەوە نییە، بەلام بەرای من ئەوانەش مرۆڤی هەژارن و، پێویستیان بە یارمەتی هەیە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم چارەکیان بۆ بدۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم خانەنیشنانەی ئەو پارەیە لە ڕژێمەوە وەردەگرن هەندێ ئەرکی لەسەرشانی حکومەتی کوردستان کەم کردۆتەوە، بڕوا ناکەم پێشنیارەکەی بەڕێزت بۆ ئەوە بێ کە نەچن وەریبگرن، بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە بکەوێتە سەرشانی حکومەتی کوردستان لەم بارودۆخەی ئێستادا.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاریمان نییە جارێکی دیکە بەشێوەیەکی خێرا داهاتەکان سەیر بکەینەوەو، دەتوانین بە ماوەی چەند ڕۆژێک ئەمە بکەین.

دەربارەی پێشنیاری بەڕێز ئیبراهیم سەعید سەبارەت بە ئیفاد، خۆی ئەمە یاسایە پێویستە لەلایەن پەرلەمانەوە هەموار بکرێ، بەلام ئێمە دەتوانین بە شێوەیەکی کاتی ئەو ئیفادانە بەپێی نرخی ئێستا (الاسعار السائدة) بکەین.

سەبارەت بە خانەنیشینە کۆنەکان، ئێستا ئەوان لە ڕژێم پارە وەردەگرن، بەلام هەندێک هەنە ئێستا ناتوانن بچن ئەو پارەیە لە ڕژێم وەربگرن، لەبەر ئەوە چەندین داواکارییمان بۆ هاتووە کە ئەمانە بەدەر (ئیستثناء) بکرێن، بەلام ئێمە ئەم دەرگایەمان داخست، چونکە بەم شێوەیە هەر یەکە لەلایەنێکەوە دێت داوای ئیستسناکردن دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فازڵ محەمەد قەفتان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی بەڕێز د.عیزەدین کە چاپخانەی زانکۆ بتوانێ نوێنەرایەتی زانستگا بکات.

لە ڕاستیدا ئەم چاپخانەیە بۆ ئەوە نییە کە دەرامەت بۆ زانکۆ پەیدا بکا، چونکە ئەم چاپخانەیە (١٢٠) کرێکاری هەیەو، خەرجی هەیە، کەلوپەل گرانە، ئەتوانێ بەو بودجە گوازراوەی خۆی کە

زانستگا داینانێت بەرهەم بهێنێت و، کرێکارەکانی خۆی بژێنێ و، خەرجییەکانی خۆی دابین بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم ئەوەیە کە داهاتی زانکۆ هیچ نەنووسراوە، مەرج نییە داهاتەکە تەنها چاپخانەکە بێت، بەڵکو زانکۆ (١٠٠ـ٢٠٠) خانووی هەیە راستە کرێکارو خەرجی زۆرە، بەڵام ئەمە دەبێ لە داهاتدا بنووسرێ، ئینجا مەبەستم ئەو داهاتەیە کە دەچێتە گەنجینەی زانکۆ خۆی مامەڵەی پێ دەکات، یان دەچێتەوە وەزارەتی دارایی؟، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من وەزارەتی دارایی پێویستە داهاتی هەموو وەزارەتەکان و، هەموو دامەزراوەکانی دیکەی کوردستان کۆنترۆڵ بکات و، بیخانە ناو داهاتی خۆی،تەنها داهاتی زانکۆ نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حسەن حەفید/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بنەمایەکی دارایی هەیە کە هەموو داهاتەکان هەمیشە بەناوی وەزارەتی دارایی وئابووری تۆمار بکرێن، ئەمە بۆ ئاسان کردنی ئیشوکارە، لەبەر ئەوە داهاتی زانکۆ بەناوی تۆماری دەکرێت بەناوی وەزارەتی دارایی، گریمان لە مانگێکدا هی زانکۆی سەلاحەدین (٩٠٠) هەزار دینارە، بەڵام خۆشیان (٥٠) هەزار دینار داهاتیان هەیە لەم کاتەدا من (٩٠٠) هەزارەکەی نادەمێ ئەڵێم (٨٥٠) هەزارت دەدەمێ، چونکە خۆشت (٥٠) هەزار دینارت داهات هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا خەمڵاندنی بودجەکە لەبەردەمی بەڕێزانتان دایەو، پاش ئەوەی راپۆرتی تایبەتی لیژنەی داراییمان گوێ لێ بوو، هەروەها بەڕێزان ئەندامان گفتوگۆیان لەسەر کرد.

پێشنیاری لیژنەی دارایی دەڵێ: ئەم بودجە خەمڵێنراوە وەربگیرێ بە مەرجێک کە ئەو تێبینییانەی کە لیژنەی دارایی و، ئەندامان لێرە پێشانیاندا وەزارەتی دارایی رەچاوی بکات بۆ بودجەی داهاتووی ساڵی (١٩٩٣).

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە پێشنیاری لیژنەی دارایی وەربگیرێ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ پێشنیاری لیژنەی دارایی پەسند کرا.

**بەڕێز د. محەمەد فازڵ محەمەد عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش دوو مانگ یاداشتێکم پێشکەش بە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کرد سەبارەت بە پوولی دارایی (مالی) و پوولی پۆستە، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بریاری دا کە لە دووەم رۆژ دوای ئەوە بریارێک دەربکا لیژنەیەک پێک بهێنێت و، لەمن و لە بەڕێز وەزیری دارایی و وەزیری گواستنەوە کە لایەنی پەیوەندیدارن، بەڵام ئەوە دوو مانگی بەسەر داهات ئەو پوولەم هێناوەو، ئامادەم کردووە بەناوی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و، وەزارەتی دارایی، بەڵام دواخراوە، سوپاس.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز د. فازڵ تۆ ئەندامی لیژنەی داراییت، دەبوایە ئەم پێشنیارەت پێشکەش بە پەرلەمان بکردابایە بە شێوەی پرۆژەیەکی ئیمزا کراو لەلایەن دە ئەندامی پەرلەمانەوە، ئینجا لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرا، پاشان پرۆژەکە دەگەڕایەوە بۆ پەرلەمان بۆ پەسند کردنی.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جێی شانازیە کە بەڕێز د. فازڵ ئەرکێکی زۆری کێشاوە بۆ دانانی کلێشەی ئەو پوولەو، پێشکەشی بە ئەنجوومەنی وەزیران کرد، بەڵام ئێمە تاکو ئێستا گفتوگۆمان لەسەر نەکردووە، چونکە ئەمە یاسای پولی داراییەو، دەبێ لیژنەی دارایی پەرلەمان پەسندی بکات، پاشان ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران دیراسەی پرۆژەی ئەم یاسایە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای رەسمی پول جیاوزای هەیە لەگەڵ یاسای پول، یاسای پول بۆ دەرچوونی پولە، بەڵام یاسای رەسمی پول بۆ وەرگرتنی پسوولەیە (وصولات)، لەبەر ئەوە داوا لە بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم بۆمان روون بکاتەوە پرۆژەی کام یاسا گەیشتووەتە ئەنجوومەنی وەزیران؟، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای رەسمی پول گەیشتووەو، لەوانەیە لەم زووانە بگاتە دەستتان، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم چەند دەقیقەیەک پشوو وەربگرین بۆ ئەوەی ئاگاداری وەزیری رۆشنبیری بکەین

ئامادە بێت، بەڵکو ئەمڕۆ ئەو بەشەی لە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری ماوە زوو تەواوی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا هەر ئەوەم لە یاد بوو، بەڵام بەراستی نەمدەزانی لەم خاڵانە زوو تەواو دەبین، ئەگەر وەزیری ڕۆشنبیری ئامادە بێ باشترە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا تا ئەو یاسایە تەواو دەکەین و، نایخەنە هەفتەی داهاتوو.

ئێستا خاڵی دووەم: بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ کردنی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری، تکایە لیژنەی یاسا بێتە جێگای تایبەتی خۆی بۆ پێشکەش کردنی یاساکە.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم هەیە دەربارەی دەستەواژەی ( قرر المجلس الوطني الكوردستاني)، بەرای من باشترە بکرێت بە (قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم کە خوێندیانەوە کردیان بە (مجلس وطني لكوردستان العراق)، وەک دیاربوو لە خوێندنەوە وەکو تێبینیمان کرد سەرۆکایەتی ئەنجوومەن ئەوەیان چاک کردووە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

١- الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة ومسؤول من توجيه اعمالها وممارسة الاشراف والرقابة على فعالياتها، وتصدر عنه القرارات والاوامر والتعليمات لكل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها من حيث النواحي القانونية والادارية والفنية ضمن حدود هذا القانون والقوانين والانظمة النافذة الاخرى ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء بصفته عضوا متضامنا فيه.

٢- وكيل الوزارة: يتولى المهام التي يوكلها اليه الوزير.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری من ئەوەیە کە مادەی(٧) بخرێتە سەر برگەی یەکەم (الوزير) لە کۆتاییدا زیاد بکرێ (ويتم تخويل بعض صلاحياته الى الوكيل او المدراء العامين او مايراه مناسبا) لوحاڵەتە مادەی(٧) نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز عــەدنان مـحــمــەد نەقــشــەبەندیی:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ لارییمان نییە لەسەر ئەوەی پێشنیارەکەی بەڕێز نەهلە وەربگیرێ، چونکە هیچ شتێک ناگۆڕێت، ئەگەر مادە (٧) بخەینە سەر بڕگە (١)ی مادە (٣)، لەبەر ئەوەی ئێمە دەقێکی گشتییمان هەیە کە دابەش کردنی دەسەڵات لە نێوان وەزیرو بریکاری وەزارەت بە ڕێککەوتن دەبێ، سوپاس.

**بەڕێــز ئەیاد حــاجی نامق مــەجــیــد:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــەن.**

ئێستا پێشنیار کرا کە بڕگە (١) لە مادە (٣)دا ئەو زیادەی بێتە سەر (تخـويل بعض من صلاحياته لرؤساء الدوائر الرئيسة فيها)، بەڵام بڕگە (٢) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز جــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئیستا هیچ لارییتان هەیە لەسەر ئەوەی مادە (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟. نییە. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە (٣) پەسند کرا.

**بەڕێــز ئەیاد حــاجی نامق مــەجــیــد:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــەن.**

المادة الرابعة: تتألف الوزارة من التشكيلات والمديريات التالية:

١ـ مكتب الوزير.

٢ـ مكتب وكيل الوزارة.

٣ـ المديرية العامة لديوان الوزارة وتتألف من المديريات التالية:

أـ مديرية الادارة وشؤون الافراد.

ب ـ مديرية الحسابات والتدقيق.

ج ـ مديرية التخطيط والمتابعة.

٤ـ المديرية العامة للثقافة وتتألف من المديريات التالية:

أـ مديرية التأليف والترجمة والنشر.

ب ـ مديرية الفنون.

ج ـ مديرية الرعاية العلمية.

د- مديرية التراث الشعبي.
هـ - مديرية الثقافة التركمانية.
و- مديرية الثقافة الآشورية.
ز- مديرية الثقافة في محافظات الاقليم.
ح - دار الازياء الكردية.
٥- المديرية العامة للآثار وترتبط بها مديريات آثار محافظات الاقليم.
٦- المديرية العامة للاعلام وتتألف من المديريات التالية:
أ- مديرية الاذاعة والتلفزيون.
ب - مديرية وكالة انباء كوردستان.
٧- المديرية العامة للرياضة والشباب: وترتبط بها مديريات الرياضة والشباب في محافظات الاقليم.
٨- دار الطباعة والصحافة والنشر والتوزيع وتؤسس بموجب نظام خاص.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
سەرۆکایەتی بڕیارێکی دابوو کە لە هەر گفتوگۆیەکدا (٦)کەس زیاتر قسە نەکات، داواکارم ئەو بڕیارە لەم دانیشتنەوە جێبەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
کارگەی مافور دەزگایەکی پیشەسازییە پێویستە سەر بە وەزارەتی پیشەسازی بێت، چونکە هیچ پەیوەندییەکی بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە نییە، سوپاس.
**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رسول:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
هەمان پێشنیاری بەڕێز (سەعید)م هەیە، کە کارگەی مافور سەر بە وەزارەتی پیشەسازی بێت، سوپاس.
**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
تێبینییەکم هەیە لەسەر ئەو بڕگەیە کە دەڵێ: (تتألف الوزارة من التشكيلات والمديريات التالية: مكتب الوزير، ومكتب وكيل الوزير).
فەرمانبەر هەمیشە دەبێت ببەسترێتەوە بە دیوان، ڕاستە ئەمانە سەر بە نووسینگەی وەزیرن، بەڵام

دەبێ لێپرسراوێکیان هەبێ، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە ئەم نووسینگانە لە زمنی (تشكيلات المديريات العامة لديوان الوزارة ) دابن، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم: دەربارەی (مديرية الحسابات والتدقيق)، وردکاری بەشێکە لە ژمێریاری، بەڵام چاودێری دارایی جیاوازە، لەبەرئەوە ئەم بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە باشە.

دووەم: لەم یاسایەدا هیچ باسی کتێبخانەی نیشتمانیی نەکراوە، چونکە هەموو کتێبێک پێویستە ژمارەی (ايداع)ی هەبێت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم لە بەڕێوەبەرایەتییەکاندا جێگای (کتێبخانەی نیشتمانیی لە کوردستان)دا بکرێتەوە.

سێیەم: پێشنیار دەکەم کە هەردوو بڕگەی (ه،و) لێک بدرێت و، بکرێتە (مديرية الثقافة التركمانية، والاشورية، والاقليات )، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینیم هەیە دەربارەی بڕگە (٧) کە دەڵێ: (وترتبط المديريات الرياضة والشباب في محافظات الاقليم)، ئەوەی کەوا دیارە وەرزش یەکێتی هەیە وەکو (یەکێتی تۆپی پێ و، یەکێتی تۆپی سەبەتە)، پێشنیار دەکەم ئەو یەکێتییانە ببەسترێنەوە بە (مديريات الرياضة والشباب)، چونکە ئێمە لیژنەی ئۆلۆمپییمان نییە لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز/بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ لە ئەندامان باسی کارگەی مافوری دەستکردیان کرد، ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی و، یاسا زۆر باسمان کرد، ئەم کارگەیە لایەنی هونەری زۆری تێدایە، لەبەر ئەوە دراوە بە وەزارەتی رۆشنبیری هەرچەندە ئێستا زیاتر بووەتە بازرگانی مافور گران بووە، بەرای من لایەنە پیشەسازییەکەی بدرێتە وەزارەتی پیشەسازی.

هەروەها من چەند پێشنیارێکی دیکەم هەیە ئەگەر بەڕێز وەزیری رۆشنبیری پەسندیان بکات، وەکو خانەی جلوبەرگ (دارالازياء) بکرێتەوەو، سەر بەوزارەتی رۆشنبیری بێت، هەروەها چەند پەیمانگایەک بکرێتە وەکو (پەیمانگای دیراساتی ئاوازی کوردی)و، پەیمانگایەکی دیکە بۆ پێشخستن و پێگەیاندنی کادری راگەیاندن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە پڕۆژەی وەزارەتی رۆشنبیریدا بڕگە (٤) بەم شێوەیە هاتووە:

٤ـ المديرية العامة للثقافة والفنون وتتألف من المديريات التالية:

أ- مديرية التأليف والترجمة والنشر.
ب - مديرية الفنون التشكيلية.
ج - مديرية السينما والمسرح.
د- مديرية الرعاية العلمية.
هـ - دائرة ثقافة الاطفال.
و- مديرية التراث الشعبي.
ز- مديرية الدراسات النغمية والموسيقية.
ح - مديرية الثقافة التركمانية.
ط - مديرية الثقافة الاشورية.
ي - مديريات الثقافة في محافظات الاقليم.
ك - دار الازياء الكردية.

**بەڕێز فەلەكەدین سابیر كاكەیی:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
وابزانم ئەوەی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری ئێستا پێشكەشی كردووە تارادەیەكی باش دەگونجێ لەگەڵ ئەو مادەیەی بۆ وەزارەت دانراوە، چونكە پێكهاتەكە (تشكیلات) بەپێی ئەركەكانی بەڕێوەبەرایەتییەكان دادەنرێت، بەرای من ئەم مادەیە پەسند بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**
ئێستا لەسەر بڕگەی (١-٢-٣) هیچ تێبینی؟ نییە.
كەواتە كێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە(١)و (٢) و(٣) وەكو خۆیان بمێنینەوە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟.. دەست بەرز كرایەوە.. سوپاستان دەكەین..كێ لەدژە؟.. بەزۆری دەنگ بڕگەكانی (١- ٢- ٣) پەسند كران.
بڕگەی(٤) پێشنیارێكی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری هەیە.

**بەڕێز ئەیا دحاجی نامق مجید:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
بڕگە (٤) (دائرة ثقافة الاطفال) دەبێ بە:(دائرة ثقافة الطفل)، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**
پێشنیاری بەڕێز وەزیری رۆشنبیری بەم شێوەیە: بڕگە (٤) بكرێ بە (دائرة ثقافة الطفل).
ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو پێشنیارەی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری كردویەتی لەسەر بڕگە (٤)

وەربگیرێ تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەزۆری دەنگ پەسند کرا.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەزۆری دەنگ برگە (٥) پەسند کرا.

برگە (٦) (المديرية العامة للاعلان)، کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ .. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ برگە (٦) پەسند کرا.

برگە (٧) کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟. بەڕێز شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکو فایەق بێکەس/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبرگە (٧)دا هاتووە: (المديرية العامة للرياضة والشباب ترتبط بها مديريات الرياضة والشباب في محافظات الاقليم).

ئێمە وەکو وەزارەتی رۆشنبیری رامان وایە کە لیژنەی ئۆلۆمپی بەم برگەیە ببەسترێتەوە، واتا برگە (٧) بەم شێوەیە بێت: (المديرية العامة للرياضة والشباب، **وترتبط بها اللجنة الاولمپية،** ومديريات الرياضة والشباب في محافظات الاقليم).

**بەڕێز فرەنسو تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەر وڵاتێکدا کە (وەزارەتی وەرزش) هەبێت، (لیژنەی ئۆلۆمپی) نابێت، ئێستا لە کوردستاندا وەزارەتی رۆشنبیری سەرپەرشتی ئیشوکاری وەرزش دەکات، لەبەر ئەوە پێویست بە دانانی (لیژنەی ئۆلمپی) ناکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لە دوارۆژدا وەزارەت ئەتوانێ لە رێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەدەرکردنی نیزامێک (لیژنەی ئۆلۆمپی) پێک بێنێت.

ئێستا برگە (٧)(المديرية العامة للرياضة والشباب وترتبط بها مديريات الرياضة والشباب في محافظات الاقليم) کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەزۆری دەنگ برگە (٧) پەسند کرا.

برگە (٨) (دار الطباعة والنشر): کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەزۆری دەنگ برگە (٨) پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

المادة الخامسة: لوزير تشكيل لجان دائمية أو المؤقتة لغرض تحقيق اي من المهام الواردة في المادة (٢) من هذا القانون.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

بەرای من ئەم مادەیە هەر لە بنەڕەتدا پێویست نییە، چونکە ئێمە هەموو دەسـتەڵاتمان داوەتەوە وەزیر، بۆیە وشەی( للوزير) زیادە، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

مـادەی(٥)دەڵێ: (للوزير تشكيل لجان دائمية او مؤقتة لغرض تحقيق اي من المهام الواردة في المادة(٢) من هذا القانون).

پێشنیارێک هەیە کە پێویست ناکات ئەو مادەیە هەبێ، چونکە ئەمە لە ئەرکەکانی وەزیرە. کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە؟.

**بەڕێز حـــسێن عـــارف عـــەبدولڕەحـــمـــان:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

وەزارەتی رۆشنبیری لە جێبەجێ کردنی ئیشوکارەکانیدا زۆر پشت بە لیژنەکان دەبەستێت، جا ئەو لیژنانە چ هەمیشەیی بن، چ کاتی بن، لەبەر ئەوە بەرای من ئەم مادەیە بمێنێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

پرسیارێکم هەیە ئایا وەزیر لە وەزارەتەکەی خۆیدا دەسەڵاتی ئەوەی پێ نەدراوە لیژنەیەک پێک بێنێت و، هەر دەبێت ئەم ئەرکە دەقێکی بۆ دابنرێ لە یاسادا؟.

**بەڕێز حـــازم مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

ئەوە هەمیشە لە یاسادا شتی وا دەبێ، ئەگەر دەسەڵاتی وەزیر لە یاساکەدا بخوێنینەوە هەموو شتێک دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە لە یاسادا جەخت لەسەر هەندێ شت دەکەین کە بوونی، یان نەبوونی هیچ بایەخێکی ئەوەندە گەورەی نییەو، دانانەکەی تەنیا بۆ ئەوەیە کە گرنگییەتی تایبەتی بەو مەسەلە بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز فـــرەنـســـۆ تـۆمــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

داوای رای بەڕێز وەزیری رۆشنبیری و، لیژنەی یاسا دەکەین دەربارەی ئەم مادەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم بەڕێز عەدنان روونی کردەوە کە کتێبخانەی گشتی سەر بە کوێ دەبێت لە مادە (٦)دا کە دەڵێ:( يحدد بنظام الهيكل التنظيمي ضمن تشكيلات الوزارة واختصاصاتها).

ئێستا مادەی (٦) کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە..؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەزۆری دەنگ مادە (٦) پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: للوزير تخويل بعض صلاحياته لرؤساء الدوائر الرئيسية فيها.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز نەهلەخان پێش ئێستا تێبینییەکی هەبوو لەسەر مادە (٧)، کەسی دیکە تێبینی لەسەر ئەم مادە هەیە؟، نییە؟. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٧) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە (٧) پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: تعتبر القوانين والقرارات والانظمة والتعليمات الخاصة بالثقافة والفنون والرياضة والشباب الصادرة من الحكومة المركزية والتي لا تتعارض مع تطلعات شعب كوردستان نافذة المفعول لحين اصدار مايحل محلها او الغائها على ان لاتتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پسپۆڕی یاسایی نیم، بەڵام پێموایە دەرکردنی یاسا کاری حکومەت نییە، بەڵکو ئەرکی ئەنجومەنی یاسادانانە، بەرای ئەم یاسایانەی لەلایەن حکومەتەوە دەردەچن لە پەرلەماندا پەسند بکرێن، ئینجا بکرێنە یاسا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەست لەم مادەیە ئەوە نییە کە حکومەت یاسا دەربکات، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو یاسایانەی کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دەردەچن و، دژایەتی نییە لەگەڵ بەرژەوەندی حکومەتی کوردستان ئەوە با کاریان پێ بکرێت، تاکو یاسای نوێ لە پەرلەمانی کوردستان پەسند دەکرێن.

**بەڕێز فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو مادەیە نەمێنێ، چونکە بڕیارێکی تایبەتمان هەیە لەسەر یاساکانی حکومەتی ناوەندی کە بە دوو شێوەیە، یەکێکیان پێش کێشانەوەی ئیداراتی حکومەت، ئەوەی تریشیان

دوای کێشانەوەی ئیدارات لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات بەم مادەیە مادام ئێمە پێشتر بڕیارێکمان هەیە لەم بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە وەرزش حاڵەتێکی تایبەتی لەسەر یانەکانی کوردستان کە پەیوەندییان هەیە لەگەڵ یانەکانی حکومەتی ناوەندی، لەبەر ئەوە داوا دەکەم چارەیەک بۆ ئەم مەسەلەیە لە ناو یاسای رۆشنبیرییدا دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

روونکردنەوەکەی بەڕێز فەرسەت راستە، بەڵام ئێمە ئەو مادەیەمان بۆ ئەوە داناوە کە زیاتر دڵنیابین کە ئەو یاساو بڕیارانەی لەگەڵ بەرژەوەندی کوردستان ناگونجێن ئێمە لێرەدا کارییان پێ ناکەین و، ئەوانەی کە دەشگونجێن ئەوە کاریان پێ دەکەین، چونکە بەراستی ئێمە ناتوانین هەموو یاساکانی وڵات بگۆڕین، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف هەمان دەقمان هەیە لە مادە (١٠)ی وەزارەتی ئەوقافدا هاتووە: (تعتبر جميع القوانين والقرارات والانظمة والتعليمات الخاصة بالاوقاف نافذة المفعول لحين اصدار ما يحل محلها والغاءها)، چونکە هەندێ بڕیارو رێنمایی هەیە کە پێشتر لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دەرچوونە ئێمە ئێستا لێرە سوودیان لێ وەردەگرین، لەبەر ئەوە بەرای من ئەو مادەیە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تێبینی یاساکانی هەموو دنیا بکەین دەبینین پاش گۆڕینی حوکم لە هەر شوێنێکدا ئەو مادەیە هەیە لە یاساکاندا، بۆ نموونە پاش گۆڕانی حوکمی شایانە (ملكی) لە عێراقدا لە یاساکانی شۆڕشی (١٤) تەموز ئەوە بەدی دەکەین، پاشان ئەو مادەیە زۆر جار هەموار دەکرێ و، خوێ لە خۆیدا بوونی نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز/ بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێموایە ئەم مادەیە نەمێنێ، لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارانەی لەلایەن رژێمەوە دەرچوونە

**بەڕێز عــەدنان مـــحــمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەم مادەیە وەکو عـورفێکی دادوەری لە هەمـوو یاسـاکانی جیـهـاندا هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەم مادەمان دانا بۆ ئەوەی دەسەلاتێکی زیاتر بدەینە وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

وابزانم قایم مەقامیش دەتوانێ لە قایمقامیەتدا لیژنە پێک بهێنێت. کەواتە کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. **سوپاستـان** دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ مادە (٥) وەکو خۆی پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

المادة السادسة:

١ـ يحدد بنظام الهيكل التنظيمي لتشكيلات الوزارة واختصاصاتها.

٢ـ للوزير استحداث مديريات، واقسام، وشعب جديدة عند الاقتضاء.

**بەڕێز جـــــەمـــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە برگـە (٢)دا وشـەی (مـدیریات) زیادە، چونکە بەڕێوەبەرایەتییـەکـان **لە پێکهـاتەی** (تشکیلات) وەزارەتدا دیاری کراون، لەبەر ئەوە بەرای من برگە **(٢) تەنها بێ بە( للوزیر** استحداث اقسام وشعب عند الاقتضاء)، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

باشە بۆچی (مدیریات) زیادەیە؟!، ئایا بەشەکان نابێت ببەسترێنەوە بە بەڕێوەبەرایەتییەکان؟.

**بـەڕێـز فـــــرەنـســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڕێز جەمیل پێشتر باسی کتێبخانەی گشتی کرد، بەلام بەڕێز وەزیری رۆشنبیری و، **لیژنەی یاسا** وەلامیان نەدایەوە.

کـتـێـبخانەی گشـتی لە یاساکەدا ناوی هاتووە، بەلام نیشـانی نەداوە بە **کوێ گرێ دەدرێ؟**، سوپاس.

**بەڕێز شـێـرکـو فـایەق بێکەس/وەزیری رۆشنبـیـری:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

کتێبخانەی گشتی تاکو ئێستا بەستراوەتەوە بە وەزارەتی ناوخۆ، بەلام **ئێستا هیچ هۆیەکی** سیاسی نییە کە کتێبخانەی گشتی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بێت، لەبەر ئەوە **بەرای من ئەم**

کتێبخانەیە دەبێ پەیوەندیی هەبێ بەوەزارەتی رۆشنبیری، ئەگەر ئێوە خۆتان بڕیارێکی لێرە لەسەر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مەسەلەیە روونە دامەزراندنی کتێبخانەی گشتی ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیرییە، سوپاس.

**بەڕێز شێرکو فایەق بێکەس/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم لەم کتێبخانە گشتییانەیە کە ئێستا لەشارەکانی کوردستاندا هەن، ئەمانە تاکو ئێستا سەر بە (فەرمانگەی خۆجێیەتی) وەزارەتی ناوخۆن، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای هەمووومان وایە کە کتێبخانەی گشتی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری بێت، بۆ ئەوەی ئێمە لەسەر سیاسەتی بەعس نەڕۆین، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دووشت تێکەڵ کرا، لە هەموو وڵاتێکدا کتێبخانەیەک هەیە پێی دەڵێن (کتێبخانەی نیشتمانیی) کە کتێبخانەیەکی گشتییە کە کۆمەڵێک کتێب و، بەڵگەنامەو، دەست نووس و، شتی تری وڵاتەکەی تێدا کۆ دەکرێتەوە وەکو (کتێبخانەی کۆنگرنسی ئەمریکی)، بەرای من ئەم جۆرە کتێبخانەیە پێویستە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری بێت، بەڵام کتێبخانەکانی دیکە ئەوا هەر یەکەیان سەر بەم شوێنە دەبێت کە لێیەتی وەکو کتێبخانەی زانکۆ و، فەرمانگەکان، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو بەڕێز د.عیزەدین گوتی کتێبخانەی نیشتمانیی جیاوازی هەیە لەگەڵ کتێبخانەکانی پارێزگاکان کە سەبەر بە فەرمانگەی خۆجێیتین، چونکە ئەم کتێبخانانە نیمچە رەسمین و، بودجەیەکی تایبەتیان لە فەرماگەی خۆجێیەتی بۆ دابین دەکرێت، لەبەر ئەوەی بە رای ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لێرەدا دوو بابەت تێکەڵاو کراوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لاریمان لەوە نییە کە (کتێبخانەی گشتی) سەر بەوەزارەتی رۆشنبیرییە ئەوە شتێکە تەواو بووە، بەڵام من پرسیارم کرد ئەم کتێبخانەیە بە کوێ گرێ دەدرێ؟، سوپاس.

هەمووی دژی میللەتی کوردن و، پشتگیری رایەکەی بەڕێز فەرسەت دەکەم کە ئەم مادەیە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز فەرسەت مەبەستی ئەوە نەبوو کەم ئەم مادەیە نەمێنێ، دەڵێت ئەم مادەیە لە بڕیارێکی دیکەی پەرلەماندا هەیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن دووبارە دەکەمەوە، من مەبەستم ئەوە نەبوو ناوەڕۆکی مادەکە نەمێنێت، بەڵام تەنیا مەبەستم ئەوە بوو ئێمە پێش ئێستا بڕیارێکی یاساییمان داوە سەبارەت ئەم بابەتە، لەبەر ئەوە دووبارە بوونەوەی ئەم مادەیە یاسایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پێشنیارێک هەیە کە مادە (٨) نەمێنێت.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٨) لاببرێت لەم یاسایەدا تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ زۆربەی دەنگ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە (٨) وەکو خۆی بمێنێتەوە، کەواتە ئەم مادەیە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

بەڕێزان لە چاپ (وزير المختص) هاتووە (على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (٩)؟. نییە. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە..

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٩) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆری دەنگ مادە (٩) پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟. نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١٠) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ .. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆری دەنگ مادە (١٠) پەسند کرا.

**بەڕێز نەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة: نظرا للفترة الطويلة التي عانى منها الشعب الكردي والاقليات القومية في كوردستان من الاضطهاد والقهر الفكري وقطع دابر المبدعين من الكتاب والشعراء والادباء، ومحاولة تشويه التاريخ الثقافي وطمس معالم القومية العادلة سيما وقد رسخت الفرصة التاريخية في تمتع الشعب الكردي في كوردستان العراق بالديمقراطية واتخاذ پرلمان ديمقراطي وتشكيل مجلس الوزراء، والحاجة الى وزارة الثقافة تعني بالثقافة والاعلام والفنون والرياضة و ما يتصل بهذه الجوانب من امور ومهام مختلفة فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم هەیە لەسەر دەستەواژەی (ابداع المبدعين الكتاب والشعراء والادباء)، ئێمە کە دەیکەین بە کوردی وابزانم بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری ئاگادارە لەساڵی (١٩٧٠)ەوە تا ئەمڕۆ لە هەموو کۆنگرەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردا گفتوگۆ لەسە ئەوە دەکەین کە وشەی نووسەر لە زمانی (کوردی و، ئینگلیزی و روسی) نووسەر و شاعر و، هەموو شتێک دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە بڕگەکە بەم شوەیە بێت: (قتل ابداع المبدعين والكتاب)، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم (شعب الكردي) بکرێ بە (شعب كوردستان)، چونکە بە تەنها نەتەوەی کورد لە کوردستاندا نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ڕۆشنبیری کوردستان نییە، تاوەکو بڵێین ڕۆشنبیری کوردستان، چونکە کەمە نەتەوایەتییەکانی دیکە لەگەڵ میللەتی کورد لە کوردستاندا دەژین، لەبەر ئەوە دەبێ بڵێین ڕۆشبیری کوردی.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناڵێم (الشعب الكوردي) لە دەقەکەدا لاببرێت، بەڵام با ئیشارەت بە (اقليات)یش بدرێت، چونکە لێرەدا لەگەڵ ئەم رستەیەدا یەک ناگرێتەوە کە دەڵێ (سنحت فرصة تأريخية في تمتع الشعب الكوردي في اقليم كوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز شەمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

العبارة تقول: (نظرا للفترة الطويلة التي عاناها الشعب الكردي والاقليات القومية)، وعليه

يجب ان نتكلم بصيغة المثنى وليس بصيغة المفرد، لاننا نقول (الشعب الكوردي والاقليات القومية)، شكراً.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ئەم بابەتە چارەسەر بکەین، پێشنیار دەکەم وشەی (اقلیات) بخرێتە سەر (الشعب الکوردي) واتە بەم شێوەیە بێت (الشعب الكوردي والاقليات في اقليم كوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو دەستەواژانەی کە هاتووە لە هۆکارە پێویستییەکاندا لە رووی زمانەوانییەوە زۆر تەواو نییەو، دووبارە بوونەوەی تێدایە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە دەقەکە بەم شێوەیە بێت:(نظرا للفترة الطويلة التي عانى منها الشعب الكردي والاقليات القومية في كوردستان وتحت الاضطهاد الثقافي والقهر الفكري وقتل صنف الابداع ومحاولة تشويه تأريخه وطمس معالمه والان وبعد ان سنحت الفرصة في تمتع الشعب الكردي في اقليم كوردستان والديمقراطية واتنخاب ممثليه وتشكيل مجلس وزراء فقد اصبحت الحاجة ماسة الى تشكيل وزارة للثقافة تعني بالثقافة والاعلام والنشر فقد شرع هذا القانون).

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری رایەکەی بەڕێز د. عیزەدین دەکەم کە دەستەواژەکە بەم شێوەیە بێت: (الکتاب والشعراء والفنانین)، بەڵام ئەگەر هەر وەکو خۆی مایەوە پێویستە دەستنیشانی هونەرمەندەکانیش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێزعەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆکارە پێویستییەکان (اسباب الموجبة) خۆی دارشتنی بیروڕایە، لەبەر ئەوە پێشنار دەکەم کە هەر ئەندامێکی هەر بیروڕایەکی هەیە دەربارەی ئەمە، پێشکەشی سەرۆکایەتی بکات بە نووسین بۆ ئەوەی ئێمە سوودی لێ وەربگرین لە دارشتنی هۆکارە پێویستییەکانی ئەم یاسایەدا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هۆکارە پێویستییەکان وتارێکی ئەدەبی، یان سیاسی نییە، بەڵکو بەڵگە و هۆی دەرکردنی ئەم یاسایەی تێدا روون دەکرێتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە تەنیا ماوە بە گفتوگۆ کردن لەسەر دارشتنی یاسایی دەدەین، بەڵام بیروڕای سیاسی لێرە پێویست ناکات.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی دوایی (تمتع الشعب الكردي في كوردستان) ئەمە واقیعی کوردستان ناسەلمێنێ، چونکە تەنها میللەتی کورد ئازادییان وەرنەگرتووە لە کوردستاندا، بەڵکو کەمە نەتەوایەتیەکانی دیکەش لەم واقیعەدا دەژین، لەبەر ئەوە لەم یاسادایە دەبێت باسی ئەوانیش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری رۆشنبیری دارشتنێکی هەیە، تکایە بەڕێز ئەیاد بیخوێنەوە، چونکە دەقەکەی دیکە کەموکورتی تێدایەو، ئەندامان کۆک نین لەسەری.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(نظرا للفترة الطويلة التي عانى منها الشعب الكردي والاقليات القومية من الاضطهاد الثقافي، والقهر الفكري، وقتل روح الابداع، ومحاولة تشويه تاريخه الثقافي وطمس معالمه القومية وبعد ان سنحت الفرصة في تمتع الشعب الكردي في اقليم كوردستان العراق بالديمقراطية، وبرلمان ديمقراطي).

ئەو پێشنیارانەی بەڕێز بەختیار کردی لە رووی زمانەوانییەوە دەتوانین وەری بگرین، ئەگەر ماوە هەبێ ئەو پێشنیارەی کە هاتووە بیخوێنمەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من لیژنەی یاسایی دووبارە چاوێک بە دارشتنی (اسباب موجبە)کە دابخشێنێتەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دارشتنەکەی بەڕێز بەختیار هیچ شتێکی تازەی تێدا نییە، من داوا دەکەم دارشتنەکە یەکخستنی (تنسیق)ی تێدا بێت لە ناوەرۆکەکەیدا، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بابەتە خاڵێکی دیکەی یاسایی تێدایە، نەک تەنها (تمتع الشعب الكردي بالديمقراطية)، چونکە لەوانەیە دیموکراتیەت هەبێ و، ئێمە پێویستمان بەوەزارەتی رۆشنبیری نەبێت، چونکە لەکاتی دامەزراندنی وەزارەتەکانی کوردستان پشت بەیاسای فیدرالیەت دەبەسترێت کە ئەمە مافێکی ئاسایی کوردە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی پێشنیارەکە بەم شێوەیە:(نظرا للفترة الطويلة التي عاناها الشعب الكردي والاقليات

القومية في كوردستان من الاضطهاد الثقافي، والقهر الفكري، وقتل روح الابداع، ومحاولة تشويه تاريخه، وتراثه الادبي والثقافي، وطمس طموحاته القومية العادلة سيما وقد سنحت لة الفرصة التاريخية في تمتع شعب كوردستان العراق بالديمقراطية وانتخاب ممثلي البرلمان الديمقراطي وتشكيل مجلس الوزراء والحاجة الى وزارة الثقافة تعني بالثقافة والاعلام والفنون والرياضة و ما يتصل بهذه الجوانب من امور ومهام مختلفة فقد شرع هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو پێشنیارەی بەڕێز ئەیاد خوێندیەوە وەربگیرێت تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ هۆکارە پێویستییەکان پەسەند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆکارە پێویستییەکان نابێت دەنگی لەسەر بدرێت، چونکە لە ناو پێڕەوی ناوخۆدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هۆکارە پێویستییەکان هەمیشە دەنگدانی لەسەر کراوە، چونکە بەشێکە لە یاسادا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاساکە دەبێت بەگشتی دەنگدانی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە یاساکە بەگشتی وەربگیرێ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ یاسای وەزارەتی رۆشنبیری پەسند کرا.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەموومان دەزانین لە ئەنجامی خەباتێکی دوور ودرێژی میللەتەکەمان و، تێکۆشانی (پ.م) قارەمانەکاندا پەرلەمان و حکومەت پێکهات، بەڵام بەداخەوە لەم یاسایەدا هیچ باسی پێشمەرگە نەکراوە. من پێشنیار دەکەم لە مادەی(٦)دا بەشێک بەناوی (کەلتوری پێشمەرگە) زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

زۆر سوپاس وابزانم ئەوە پاشان لە پێڕەو وەزارەتی پێشمەرگە ئەم خاڵە رەچاو دەکات.
لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا هیچ یاسایەک ئامادە نەبوو بۆ گفتوگۆ کردن، تا هەفتەیەکی دیکە دانیشتنمان نییە.
دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێهات زۆر سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای وەزارەتی رۆشنبیری

**مادەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری رۆشنبیریی هەرێم.

٤- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێم.

**مادەی دووەم:**

وەزارەت بەدیهێنانی ئەم ئەرکانەی لە ئەستۆیە:

١- پاراستنی رەسەنایەتی ی رۆشنبیریی کوردی وپێشخستنی بەشێوەیەک کەلەگەڵ بەها رەوشتی یەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و ئامانجەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی وئاواتە دیموکراتی یەکانی وگەشەپێدانی گیانی گونجان وبرایەتی لە نێوان کۆروکالانی گەلی کوردستاندا بگونجێ وبەستنی پەیوەندیی رۆشنبیری لەنێوان گەلی کورد وگەلانی ناوچەکە وجیهاندا.

٢- پشتگیری کردن وهاندانی بزووتنەوەی دانان ووەرگێران وبلاوکردنەوە لەهەرێمدا ویاریدەدانی نووسەران وئەدەبیان وشاعیران و هونەرمەندان بەلەچاپدان وبلاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان.

٣- دامەزراندنی دەزگایەک بۆ چاپەمەنی ورۆژنامەگەری وبلاوکردنەوەو دابەشکردن.

٤- دامەزراندنی کتێبخانەیەکی نیشتمانی بۆ هەرێم.

٥- دامەزراندنی مەڵبەندێکی گشتی بۆ هونەرەکان.

٦- هاندانی بەهرەی ئەدەبی وهونەری وزانستی و وەرزشیی خولقێنەری لاو.

٧- بایەخدانێکی بابەتی بەرۆشنبیریی منداڵ بەئەدەب وهونەرەوە.

٨- پشتگیری کردن وهاندانی بزووتنەوەی شانۆگەری وهونەرە میللی یەکان وپیشەسازیی سینەمای کوردی.

٩- پشتگیری کردن وهاندانی یەکێتی ورێکخراو ویانەو تیپە رۆشنبیری وئەدەبی وهونەری وزانستی یەکان.

١٠- سازدانی میهرەجان ودیدار وکۆری رۆشنبیری وئەدەبی و وەرزشی ورێکخستنی پیشانگای هونەری شێوەکاری.

١١- بووژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتی ی میللی لەگشت بوارەکانی دا(ئەدەب هونەر، پیشە میللی یەکان) ودامەزراندنی ئەنتیکەخانەی تایبەتی بۆیان وپشتگیری وفراوانکردنی ئەوانەی هەن.

١٢- گەڕان بۆ دۆزینەوەی شوێنەوارەکان وپاراستنیان و وەرگرتنەوەی ئەوانەی لەدەرەوەی هەرێمدان ودامەزراندنی ئەنتیکەخانەیەکی نیشتمانیی و ئەنتیکەخانەی ناوخۆیی بۆیان وپشتگیری وفراوانکردنی ئەوانەی هەن.

١٣- دەرکردنی ڕۆژنامەیەک کەببێتە ئۆرگانی حکومەتی هەرێم.

١٤- دامەزراندنی چەند ئیزگەیەکی رادیۆو تەلەفزیۆن.

١٥- دامەزراندنی ئاژانسێکی دەنگ وباس.

١٦- پشتگیری کردن وهاندانی بزووتنەوەی وەرزشی وکەشفی ولاوان لە هەرێمدا.

**مادەی سێیەم:**

١- وەزیر سەرۆکی بالای وەزارەتە و بەرپرسیارە لە رێ نیشاندانی لەکارەکانیدا وسەرپەرشتی وچاودێری کردنی چالاکی یەکانی هەرلەویشەوە ئەو بریار وفەرمان ورێنمایی یانە دەردەچن کە پەیوەندیان بە ئەرکەکانی وەزارەت ودەزگاکانی یەوە لەرووی یاسایی و بەرێوەبردن وهونەری یەوە هەیە لەچوار چێوەی ئەم یاساو پێرە و رێنمایی یە کارپێکراوەکانی تردا. هەروەکوو لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیراندا بەو مانایەی کە ئەندامێکی هاوبەشێتی بەرپرسیارە.

٢- بریکاری وەزارەت ئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کەوەزیر بۆیانی دیاری دەکا.

**مادەی چوارەم:**

وەزارەت لەم دام ودەزگاو بەرێوەبەرێتی یانە پێکدێ:

١- نووسینگەی وەزیر.

٢- نووسینگەی بریکاری وەزارەت.

٣- بەرێوەبەرێتیی گشتی دیوانی وەزارەت کەلەم بەرێوەبەرێتی یانە پێکدێ:

أ - بەروەبەرێتی ئیدارەو کەسان.

ب- بەرێوەبەرێتیی ژمێریاری وپێداچوونەوە.

ج- بەروەبەرێتیی نەخشەدانان وبەدواداچوون.

د - بەرێوەبەرێتی پەیوەندیی.

ه - دایەرەی قانونی.

٤- بەرێوەبەرێتی ی گشتیی رۆشنبیری وهونەر کە لەم بەرێوەبەرێتییانە پێکدێ:

أ - بەرێوەبەرێتیی دانان ووەرگێران وبلاوکردنەوە.

ب- بەرێوەبەرێتیی هونەرە شێوەکارییەکان.

ج- بەڕێوەبەرێتیی سینەماو شانۆ.
د - دایەرەی ڕۆشنبیریی منداڵ.
هـ - بەڕێوەبەرێتیی هاندانی زانستی.
و- بەڕێوەبەرێتیی سامانی میللی.
ز- بەڕێوەبەرێتیی لێکۆڵینەوەی ئاواز ومۆسیقا.
ح - بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی تورکمانی.
ط- بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی ئاشووری.
ی- بەڕێوەبەرێتییەکانی ڕۆشنبیری لە پارێزگاکانی هەرێمدا.
ک- خانەی جلوبەرگی کوردی.

٥- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی شوێنەوارەکان کە بەڕێوەبەرێتییەکانی شوێنەواری پارێزگاکانی هەرێمی پێوە دەبەسترێنەوە.

٦- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ڕاگەیاندن کە لەم بەڕێوەبەرێتییانە پێکدێ:
أ - بەڕێوەبەرێتیی ڕادیۆو تەلەفزیۆن.
ب- بەڕێوەبەرێتیی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان.

٧- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی وەرزش ولاوان کە بەڕێوەبەرێتییەکانی وەرزش ولاوانی پارێزگاکانی هەرێمی پێوەدەبەسترێنەوە.

٨- دەزگای چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری و بلاوکردنەوە ودابەشکردن کە بەپێی پێڕەوێکی تایبەتی دادەمەزرێنرێ.

**مادەی پێنجەم:**

وەزیر بۆی هەیە لیژنەی هەمیشەیی وکاتی بەمەبەستی بەدی هێنانی ئەو ئەرکانە پێکبێنێ کە لە مادە(٢)ی ئەم یاسایەدا دیاری کراون.

**مادەی شەشەم:**

یەکەم: قەوارەی ڕێکوپێکیی وەزارەت ودەسەڵاتەکانیان پێڕەوێکی تایبەتی دیاری دەکرێن.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا، بەڕێوەبەرێتی وبەش ولقی نوێ پێک بهێنێ.

**مادەی حەوتەم:**

وەزیر بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بەسەرۆکی دایەرە سەرەکییەکانی وەزارەت بسپێرێ.

**مادەی هەشتەم:**

ئەو یاسا و بڕیار و پێڕەو و ڕێنماییانەی تایبەتن بە ڕۆشنبیری وهونەرو وەرزش ولاوانەوە و لە حوکمەتی ناوەندییەوە دەرچوون و، وادادەنرێن کە لە کارپێکردندا دەبن تا وەختی دەرکردنی

ئەوانەی جێگەیان دەگرنەوە، یا هەڵدەوەشێنرێنەوە بەمەرجێ لەگەڵ ئاواتەکانی گەلی کوردستان وحوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک نەبن.

**مادەی نۆیەم:**

دەبێ وەزیرە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**مادەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## (هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە)

لەبەر ئەو ماوە دوورودرێژەی کەگەلی کورد وکەمە نەتەوایەتی یەکان لەکوردستاندا دووچاری چەوساندنەوەی رۆشنبیری وخنکاندنی ئایدۆلۆجی وکوشتنی گیانی خوڵقاندن وتەقەلای شێواندنی مێژووی رۆشنبیری وسرینەوەی شێوازی ئاواتە نەتەوایەتی یەکانی بووبوون بەتایبەتیش کەئێستا وا هەلێکی مێژوویی هەڵکەوتووە تا گەلی کوردستانی عێراق بەدیموکراتیەت و هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی بۆ پەرلەمانێکی دیموکراتی وپێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانی خۆی شادبێ، ئینجا لەبەر پێویستی ی بوونی وەزارەتێک کە بایەخ بەرۆشنبیری وراگەیاندن وبڵاوکردنەوە وهونەرو وەرزش وهەر کاروبارێک بدا کە پەیوەندیی بەم ئەرکەجۆراو جۆرانەوە هەبێ، ئەم یاسایە دەرکرا.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٣)

## شەممە ڕێکەوتی ٢١/١١/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٥٢)

## شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢١

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢١ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی و، بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجوومەن دانیشتنی ژمارە (٥٢)ی خولی یەکەمی ئاسایی سالی یەکەمی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێندرا و، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- بەرچاو خستنی پرۆژەی بڕیارێک کە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ بە ڕۆژی شەهید دابنرێ، بۆ یاد کردنەوەی قوربانیەکانی تاوانی بوردومان کردنی هەڵەبجە.***

***٢- بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی داد.***

***٣- تازە بابەت.***

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

ئەمە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانە، جا کێ تێبینی و پێشنیاری هەیە با بفەرمویت.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

دوێنێ سـەردانی رواندوز و سـۆرانم کـرد، دوومـانگ زیاترە لەوێ ئاو بە پارە دەکـڕن و، دوو مەکینەیان هەیە هەردووکیان وەستاون، پێموایە دوێنێ مەکینەیەکیان پێگەیشت، بەڵام لەبەر نەبوونی کارەبا ئەویش هێشتا نەکەوتۆتە کار، ئەگەر داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران و شوێنە پەیوەندداره‌کان بکرێت، بەڵکو چارەیەکیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بەڕێز کاک فرەنسۆ بە نووسین ئەم تێبینییەمان بۆ رەوانە بکە، تاوەکو ئێمەش ئاگاداری ئەنجوومەنی وەزیرانی پێبکەین.

**بەڕێز حـــەســـــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بێگومان ئێستا ئاشکرایە مەوادی ئەوەلی و بەردە مەرمەڕ بەبێ پەروا دەڕوات بەرەو بەغدا،

تەنیا گیرفانی چەند کەسێکی پێپڕ دەبێت و، وامان پێ باشە کە پاراستنی پیشەسازی(حمایە الصناعیە)و، پاراستنی مەوادی ئەوەلی(حمایە المواد الاولیە)بکرێتە خاڵێک لە بەرنامەی ئەمڕۆماندا وباسی لێوە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم خاڵە بخرێتە بەرنامەی ئەمڕۆمانەوە با دەست بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ ئەم خاڵە کرا بە خاڵێک لە بەرنامەی ئەمڕۆدا.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر دەکرێ با ئەمڕۆ ناوی ئەندامانی هەر(١٤)لیژنەکەش دەسنیشان کەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تا ئێستا لە هەردوو فراکسیۆنەکەوە تەنها ناوی ئەندامانی دوو لیژنەمان بۆ هاتووە، ئەویش لیژنەی کاروباری ناوخۆ و لیژنەی کاروباری پێشمەرگەیە، جا ئەوە دەتوانین بیخەینە بەرچاو و باسیشی بکەین و، پەسەندیشی بکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تا ئێستا ئەندامانی لیژنەکانمان دەسنیشان نەکردووە، رۆژی دووشەممە دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوەی فراکسیۆنمان هەیە ئومێد دەکەین بۆ رۆژی سێ شەممە ناوی هەموو لیژنەکان پێشکەش بکەین، تەنانەت لەوانەشە ئاڵوگۆڕ لە لیژنەی ناوخۆش بکەین، جا بۆیە رۆژی سێ شەممە پێشکەشتانی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ناوی نوێنەری خۆمان بۆ لیژنەکان ئامادە کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی فراکسیۆنی پارتی ناوەکانیان ئامادە نەکردووە، قەیناکە بابخرێتە رۆژی سێ شەممەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە چەند تێبینیەکمان هەیە، پێش ماوەیەک لەسەر پێشنیاری فراکسیۆنی سەوز وزەرد بەرنامەی کاری هەفتەمان وادانرا، کە لە رۆژی شەممەوە تا چوارشەممە تەنها کۆبوونەوەکانی سەر لەبەیانی بێت ودوای نیوەڕوانیش تەرخان بکرێت بۆ کۆبوونەوەی لیژنەکان، بەڵام بۆمان دەرکەوت کە مانگی (١٠) رۆژ کۆبوونەوە بکرێت، ئەوەش سەر لەبەیانیان بێ ، جا لەبەر ئەوەی ئێستا زۆر شت هەیە کە باس بکرێت، بەتایبەتی یاسای وەزارەتەکان، چونکە ئیشیان لەسەر ئەوە وەستاوە، ئێمە وای بە باش ئەزانین کە هەموو هەفتەیەک لە رۆژی یەک شەممەوە تا چوار شەممە سەر لەبەیانیان دانیشتن هەبێت ئەویش لە کاتژمێر (١٠تا١٢) پاشان سەعاتێک پشوو بێت

وله (١تا٣) دەست پێبکەینەوە و، ڕۆژانی شەممە وپێنج شەممە دانیشتن نەبێت و، لیژنەکانیش ئەتوانن سوود لەوە وەربگرن بۆ ئەوەی ئیشی لیژنەکانی خۆیان بەرێکوپێکی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسە لەسەر ئەوپێشنیارەی سەرۆکایەتی ناکرێت، یا هەر وەکو بڕیارێک پێشنیار کرا، چونکە پێشتر ئەنجوومەن بڕیاری خۆی هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم بڕیارە هی پێڕەوی ناوخۆ و بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنە کە بۆی هەیە بڕیار بدات، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو پێشنیارێک لەگەڵ فراکسیۆنی سەوز وزەرد باسکراوە و، ڕەزامەندی هەردوو لاشی لەسەر بوو پێش ئەوەی کە بیکەین بە بڕیار، ئەوەش تەنها بۆ ڕوونکردنەوە بوو.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕیارەکەتان زۆرباشە و بەلای ئێمەوە پەسەندە، بەڵام ئەگەر بکرێت بەیانی تەنها کۆبوونەوەی پێش نیوەڕۆ بێت وەکو ڕۆژانی تر، چونکە ئێمە خۆمان بۆ ئەو کۆبوونەوانە بەو شێوەیە ئامادە نەکرد بوو، لەبەر ئەوە بەرنامەیەکمان بۆ خۆمان ئامادە نەکردووە، جا ئەگەر تەنها بەیانی ئێستسنا بکەن زۆر سوپاستان دەکەین، چونکە بۆ دوای نیوەڕۆکەی ئێمە خۆمان، واتە فراکسیۆنی سەوز بڕیارێکی خۆمانمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش پشتگیری لە پێشنیارەکەی د.کەمال دەکەم، ئەگەر بکرێ ڕۆژانە تا سەعات (١یا٢)دا بێین چارەگێک پشوو بدرێت، چونکە سەعاتێک ئێمە بچین بۆ کوێ؟،، جا لەبەر ئەوە ئەگەر حەسانەوەکەمان چارەگێک بێت ئەتوانین تا سەعات (٢)ش بەردەوام بین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی بەڕێز کاک فرەنسۆ کە ماوەی پشوودان چارەکە سەعاتێک بێت، ئێمە تاقیکردنەوەمان لەسەر ئەو ماوەیەش هەیە، جا ئێمە ئەو ماوەیەمان بۆ حەسانەوەی ئەندامە بەڕێزەکان داناوە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەم بابەتە پێویستی بە لێتوێژینەوەیەکی باش هەیە، چونکە لێرە لە پەرلەمان (مطعم)نییە، جا بۆ ئەم مەسەلەیە پێویستە لەگەڵ فراکسیۆنەکاندا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن وبڕیاری لەسەر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەپاش کۆبوونەوەی سەرۆکی هەردوو فراکسیۆنەکە ئەو بابەتە بە ئامانج دەگەیەندرێ وبڕیارێکی لەسەر ئەدەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب/ المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار / تاريخ القرار

(القرار)

استنادا الى احكام الفقرة (و) من المادة (٥٦) من القانون رقم واحد لسنة ١٩٩٢ وبناء على ماعرضه وزير شؤون البيشمه رگة و وافق عليه مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / اصدار القرار الاتي:

١- اعتبار يوم ١٩٨٨/٣/١٦ يوماً للشهيد تخليداً لذكرى ضحايا جريمة قصف حلبجة الشهيدة بالسلاح الكيمياوي وفاءً لشهداء الحركة التحررية الكردستانية.

٢- يعتبر هذا اليوم عطلة رسمية في كافة انحاء اقليم كوردستان العراق.

٣- على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.

٤- ينفذ هذا القرار اعتياراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**كتب في اربيل في اليوم المصادف / /١٩٩٢**

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگەی (١) هەمووی دیاری کراوە بۆ شەهیدی هەڵەبجە، پێشنیار دەکەم کە لە کۆتایی ئەم بڕگەیەدا ئەمە زیاد بکرێت: (المذابح الجماعيه الاخرى)، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینیەکەم هەیە، ڕۆژی هەڵەبجە حەقە هەر ڕۆژێکی دیاری بێت، نە وەکو بکرێتە ڕۆژی شەهید لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێش هەڵەبجەش لە (١٩٦١)وە تاوەکو دێینە ڕۆژی هەڵەبجە هەزاران شەهیدمان هەیە، پێشنیار دەکەم کە ئەو ڕۆژەی کە یەکەم شەهیدی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد شەهید کراوە، ئەو ڕۆژە بکرێتە ڕۆژی شەهید، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە کیمیا باران تەنها بۆ هەڵەبجە نییە، بۆ هەموو جێگاکانە( لضحايا

السلاح الكيمياوي في بقية ارجاء كوردستان )، چونکە رژێمی بەعس نەک لە هەڵەبجە لە زۆر شوێنی تریش چەکی کیمیاوی بەکار هێناوە، چونکە دوایی لە پاشە رۆژدا وا هەست دەکەن کە بەس هەڵەبجە کیمیا باران کراوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێت (١٨٢)هەزار ئەنفالەش لەبیر نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ خلافمان لەسەر ئەوە نەبوو کە ٣/١٦ رۆژی بۆردومانی هەڵەبجە بکرێتە رۆژی شەهید بەڵام بەراستی پێویستی بە گفتوگۆی زیاتر هەبوو. بەڵام خلافمان لەسەر ئەوە نییە وەکو لیژنەی پێشمەرگە کە بکرێت بە رۆژی شەهید، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دانانی ئەو رۆژە بە ناوی رۆژی شەهید لام وابێ جێگای باس ولێکۆڵینەوەیە، چونکە مەسەلەی هەڵەبجە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، رەنگە ئەگەر (بقيه المناطق)یشی بخەینە پاڵی بۆ ئەوەی بڵێین کیمیایی تەنها لە هەڵەبجە بەکار نەهاتووە، بەڵکو لە جێگاکانی تری کوردستانیش بەکار هاتووە، بەڵام با بڕیارەکە هەر بە ناوی هەڵەبجە بمێنێتەوە، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی نەتەوەییە، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە لە شوێنەکانی تری کوردستاندا کوشتن وبڕین کیمیاباران هەبووە، بەڵام کیمیا بارانەکەی هەڵەبجە گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە و، کێشەی نەتەوەی کوردی خستە قۆناخێکی ترەوە و، کێشەی کوردی بەهەموو جیهان ناساند، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەم مەسەلەیە چەند رایەک هەیە، یەکێک لەم رایانە ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە و، بڵێین: (تاوانی بۆردومان کردنی هەڵەبجە وناوچەکانی تری کوردستان بە چەکی کیمیاوی)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی بۆچوون یەک شتە، بابەتی رۆژی شەهید کە هات هەروەکو برایانی لیژنەی پێشمەرگە دەزانن لە یاسای تەکریمی پێشمەرگە دا هاتبوو، بەراستی هەر لەبەر بایەخدان بە کارەساتی هەڵەبجە بوو، لیژنەی یاسایی لەگەڵ بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگەدا بڕیارمان دا کە بڕیارێکی سەربەخۆ بێت، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دیاری کردنی رۆژی شەهید لە کوردستاندا زۆر زەحمەتە، من زۆر جار بیرم لێکردۆتەوە، دەبێت مانای شەهید لە کوردستاندا هەبێت، ئێمە تا ساڵی (١٩٦٣) رۆژی شەهیدی کوردستان (١٩)ی حوزەیران بوو، ئەویش ئەو رۆژە بوو کە هەر چوار ئەفسەرەکەیان لە سێدارە دا، دوای ساڵی (١٩٦٣) گۆڕا بە (٩) حوزیران رۆژی زیندەبەچاڵ کردنی کۆمەڵە خەڵکێک لە شاری سلێمانیدا لە ساڵی (١٩٣٦)، دوای ئەوە رۆژی بۆردومان کردنی قەڵادزێ لە ١٩٧٤بوو بە رۆژی شەهید و، سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان تاکە حزب بوو کە بڕیاری دا رۆژی قەڵادزێ بکرێ بە رۆژی شەهید، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئێستا زۆرترین را لەگەڵ ئەوەدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە و هەندێ زیادەی تری بخرێتە سەر، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە... کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مــــجـــیـــد:**

فقرة (٢) يعتبر هذا اليوم عطلة رسمية في كافة انحاء اقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز حـــەمــــیــــد ســــەلیم مـــیـــران:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە بڕیاری ژمارە(١)دا دەڵێ: ( ١٩٨٨/٣/١٦ يعتبر عطلة) بە رای من بکرێتە( يعتبر هذا اليوم سنويا عطلة رسمية)، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خـــــالیـــــد عـــــەزیز:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێموایە (عطلة رسمية) نەبێت، بەڵکو بکرێتە( يوما رسمياً للحداد)، سوپاس.

**بەڕێز ئیـبـــراهیم ســەعـــیـد مـــحــەمــەد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە نەبێتە پشوو، (يوم الشهيد العراقي)ش هەیە وپشووش نییە، بەڵام لە فەرمانگەکان و قوتابخانەکاندا یادی شەهید دەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئێستا چەند رایەک هەیە، یەکێکیان ئەڵێت: نەکرێتە پشوو و بکرێتە (حداد) ئەوی تریش ئەڵێت: (احياء ذكرى شهداء حلبجه) وای لێ بکرێت و، رایەکی تریش هەیە کە ئەڵێت: (يعتبر اليوم المذكور من كل عام).

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من ئەیڵێم تەنها لە ڕووی زمانەوانییەوەیە (یعتبر هذا الیوم من کل عام حدادا رسمیا)، وابزانم هەموو بیرو ڕاکان کۆدەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بابەتە پەیوەندیی لەگەڵ بابەتەکەی پێشەوە هەیە، کە ئەڵێ: ئەمە ڕۆژی قوربانییەکانی کیمیابارانە، (حدادا رسمیا) پشوو ناگرێتەوە، جا لەبەر ئەوە بە ڕای من ئەو بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە (اعتبار یوم ٣/١٦ یوما للشهید تخلیدا لضحایا الجریمه)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا پێویستە بکرێ بە پشووی ڕەسمی، یاخود تەنها یادبکرێتەوە (حداد لاحیاء الذکری)؟.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕای من ئەوە پێشنیارێکی چاکە، تاکو نەوەکانمان بزانن چ تاوانێک بەرامبەر بە میللەتەکەیان کراوە، بەڵام نەکرێت بە پشووی ڕەسمی، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ڕۆژە ڕۆژی ماتەمینە، کەواتە ڕۆژی حدادە بمانەوێت، یا نەمانەوێت وپەرلەمان بڕیار بدات، یا نەدات ڕۆژی ماتەمینیە لە هەموو کوردستان، بەڵام ئەگەر بێتوو بڵێین (حدادا رسمیا) واتە حکومەتیش لەم مەسەلەیەدا بەشدار دەبێت، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئەم ڕۆژە بکرێتە پشوو، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(یعتبر ذکری ١٩٨٨/٣/١٦ من کل سنه حدادا رسمیا قومیا فی انحاء کوردستان العراق)و، من پێشنیار دەکەم کە (یرفع العلم علی کافه الدوائر) یشی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە ئاڵای ڕەش بەرزبکرێتەوە و، نەکرێت بە پشووی ڕەسمی، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ڕۆژی ٣/١٦ بکەینە پشوو، نابێت ساڵی بۆ دیاری بکەین، چونکە ساڵەکانی تر نابن بەپشوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئەو پێشنیارەی کە ئەڵێت با ئەم ڕۆژە نەکرێتە پشوو دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ڕۆژی ٣/١٦ نەکرێت بە پشووی ڕەسمی با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

با لیژنەی یاسا داڕشتنەکەی خۆیانمان بۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

يعتبر اليوم المذكور من كل عام حدادا رسميا في كافة انحاء كوردستان العراق احتجاجا على استعمال الاسلحة الكيمياوية الجماعية وتقام المراسيم لهذة الغرض.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەرەتای ڕستەکە(يعتبر) ئیتر ئەوە کافی نییە بۆ ئەوەی دیار بێت کە ئەوە حدادی رسمی نییە، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە ئەوەدایە کە ئەو داڕشتنە بچێتە جێگای پێشنیارەکە با دەست بەرزکاتەوە؟ ..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.

المادة الرابعة: ينفذ هذا القرار اعتبارا من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ مادەی(٣)پەسەند کرا.

ئێستاش کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادەی (٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ مادەی(٤)پەسەند کرا.

ئێستا بڕیارەکە وەکو هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕیارە وەکو بڕیارێک وەربگیرێت با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ بڕیارەکە پەسەند کرا.

دێینە سەر خاڵی دووەم /پرۆژەی یاسای وەزارەتی داد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**استنادا الى احكام الفقرة الاولى من القانون رقم «١»لسنة ١٩٩٢ وبناء على ماعرضه وزير العدل و وافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة في / /١٩٩٢ اصدار القانون الاتي:**

قانون رقم « » لسنة ١٩٩٢

قانون وزارة العدل

الباب الاول : تكوين الوزارة :

المادة الاولى : يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون.

١ـ الاقليم : اقليم كوردستان العراق.

٢ـ الوزارة : وزارة العدل للأقليم.

٣ـ الوزير : وزير العدل للأقليم.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە با بفەرمووێت؟ وتکاتانیش لێ دەکەم کە ڕێگا بەیاساناسەکان زیاتر بدەن کە رای خۆیان دەربڕن، چونکە ئەوان باشتری لێ دەزانن.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە یاسای وەزارەتی دادمان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا داناوە و، پێویست ناکات دووبارە باسی هەرێم، یان وەزارەت بکرێت، چونکە ئەو یاسایە هی وەزارەتی دادە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب الاول دوای (تكوين الوزاره) نووسراوە بە رای من پاش هەموار کردنی پێکهاتنی وەزارەتی بۆ چییە، لە مادە (٤) دەڵێت : (تكوين الوزاره من تشكيلاتها) مادە (٢) تتولى مهام الوزاره، مادە (٣) وەزیری روون کردوەتەوە، کەوا وەزیر چییە، لە مادە (٤)دا دەڵێت (تتألف تكوين الوزاره من التشكيلات الاتيه)، ئەو تکوینە کە لە سەرتاوە هاتووە بە رای من زیادە و پێویست بە دانانی ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی بریکاری وەزارەت نەکراوە، ئایا ئەم وەزارەتە بریکاری نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ هەر ئەبێ یاسا بە عەرەبی بێ، خەڵکی قورئان ئەکاتە کوردی، با ئێمەش ئەم یاسایە بکەین بەکوردی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی زۆر بە زەحمەتە کەوا بەخێرای یاسا بە زمانی کوردی ئامادە بکەن، پێمwایە هەر لەبەر ئەوە نییە کە کەمتەرخەمییەک بێت لە زمانی کوردیدا، بەڵام هەندێ دەستەواژە هەیە لە

عەرەبییەکە تێپەڕیوە لە کۆتایشدا کە ئەبێ بە یاسا لە گۆڤاری پەرلەماندا بە هەردوو زمانە کە بڵاو ئەکرێتەوە، ئایا رای لیژنەی یاسا چییە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیری داد دەفەرموێ یاساکە پێویستی بە پێناسە نییە. دووەم : تتألف مرکز الوزارە ممایلی: (مرکز الوزارە)دیسان بە رەهای(مطلق )ی هاتووە مادام پێناسە کرا، بە تەنها ئاسانترە ئیشەکە و روونتر دەبێت. لە بارەی ئەوەی کە بەڕێز کاکەڕەش وتی، راستە جێگای خۆیەتی کە(تکوین الوزارە) لە پرۆژەکەی وەزارەتی دادەوە هاتووە وگوێزراوەتەوە بۆ ئەوی، چونکە ئێمە فیعلەن لە یاساکەدا (تکوین) وەزارەمان دانەناوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە پرۆژەی وەزارەتی داد دەڵێت: (في اقلیم کوردستان) بۆچی لێرە نووسراوە (قانون وزارة العدل)، بەڵام( في اقلیم کوردستان)کەی لابراوە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدلکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکە دەڵێن: ئێمە دامان ناوە، بەڵام لە چاپدا دەرنەچووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە بنووسرێ (قانون الوزارە العدل لاقلیم کوردستان العراق) ئێستا پێشەکی مادەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە (الباب الاول)لە یاساکە لابردرێت با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا کە (باب الاول)لە یاساکەدا هەڵگیرێت. کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بنووسرێت (قانون وزارة العدل لاقلیم کوردستان العراق) و مادەکانی تریش وەکو خۆیان بمێننەوە با دەست بەرز کاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٢): تتولى الوزارة مهامها و واجباتها وفقاً لهذا القانون لتحقيق العدالة عن طريق تطوير وتطبيق القوانين واحترام مضامينها نصاً وروحاً بما يحقق مبدأ استقلال القضاء والدفاع عن حقوق الانسان بما يتفق والاعلان العالمي لحقوق الانسان والعهود والمواثيق الدولية المتعلقة بها.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا(حقوق الانسان)دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش لە مەوادی یاسادا شتێکی پەسەند نییە، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا تـەڵحـــە ســـەعـــیـد قـــەرەنی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بە رای من(تطبيق القوانين واحترام مضامينها نصا وروحا)(الشريعة الاسلامية) بخرێتە سەر باشترە، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەوەی کە بەڕێز وەزیری داد فەرمووی، ئەوە روونکردنەوەیەکە بۆ(الدفاع عن حقوق الانسان بما يتفق) خۆی لە (حقوق الانسان)دا هاتووە و، ئێمە تەواوکەرێکمان بۆی داناوە، دووەم ئەوەیە بەڕێز مامۆستا تەڵحە فەرمووی خۆی سەرچاوەی یاسای عێراقی شەریعەی ئیسلامیە ئێمە لەسەر ئەوە رێککەوتوین و، دەتوانین لەو رێگایەوە خزمەتی مرۆڤ بکەین جا لێرە بێت، یا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێـز حـــســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لێرە کە دەڵێین (لاعلان العالمي) زۆر شت دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە جەختمان لەسەر ئەوە کردووە کە جارێکی جیهانی بەناوی(حقوق الانسان)وە هەیە، جا بۆیە(دفاع عن حقوق الانسان) ئەمە بەلای منەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگـری ســــەرۆکـی ئـەنجـــوومــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـیـــد:**

المادة (٣): الوزير هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه اعمالها وتصدر القرارات والتعليمات والاوامر ضمن مهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الادارية والفنية ضمن حدود هذا القانون والقوانين النافذة الاخرى، ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه.

**بەڕێز جـــێـگـری ســــەرۆکـی ئـەنجـــوومــــەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەو مادەیە؟، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە(٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ مادە(٣)پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـیـــد:**

المادة (٤): تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:

١ـ مكتب الوزير: يتولى ادارته مدير حاصل على شهادة جامعية.

٢ـ مديرية العدل العامة: يتولى ادارتها مدير عام على ان يكون حاكماً من الصنف الثاني وتتكون من المديريات التالية:

اولاً: مديرية الشؤون الادارية يتولى رئاستها مدير حاصل على شهادة جامعية وتتكون من الاقسام الاتية:

أـ قسم المحاسبة. ب ـ قسم التدقيق. جـ ـ قسم الافراد. دـ قسم الخدمات الادارية.

ثانياً: مديرية العلاقات العدلية والقانونية: يتولى رئاستها مدير حاصل على شهادة بكالوريوس في القانون وتتكون من الاقسام التالية:

أـ قسم العلاقات العدلية. ب ـ قسم العلاقات القانونية.. جـ ـ قسم الاعلام القانوني.

ثالثاً: مديرية التخطيط والمتابعة: يتولى رئاستها مدير حاصل على شهادة جامعية، وتتكون من الاقسام التالية:

أـ قسم التخطيط. ب ـ قسم المتابعة. جـ ـ قسم الاحصاء.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا (شعبە) گەورەیە و، هەمیشە(قسم)گەورەترە لە (شعبە)، لێرەدا پێش وپاشی تێ کەوتووە،، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی(٢) لەمادەی (٤)دا دەڵێت:(مديرية العدل العامة: يتولى ادارتها مدير عام على ان يكون قاضيا من الصنف الثاني)، لێرەدا مەرج نییە پەرلەمان هاوبەشی تیادا بکات، چونکە زۆر هەیە خدمەی قضائی زۆرە وریکوپێکە ودەتوانێت وەکو بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەیەوە بیات، من پێشنیار دەکەم دەقەکە وای لێ بێت:(يتولى الادارة مديرعام على ان يكون لە خدمة قضائية لاتقل على «٨» سنوات)، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەو وەزارەتدا ئەنجومەنێکمان هەیە پێی دەوترێت (المجلس العدل) ئێستا خەریکین ناوەکەمان گۆڕی بەپێی یاسا وکردمانە (تنظيم السلطة القضائية) وئەو ئەنجوومەنە بڕیار دەدات لەسەر ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە دادوەر و دادگاوە هەبێت، جا پێویستە ئەندامەکانی قازی بن، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە(٢) لەمادە(٤)دا دەڵێ:(مديرية العدل العامة: يتولى ادارتها مدير عام على ان يكون

حاكماً من الصنف الثاني وتتكون من المديريات التالية) وابزانم خۆی(الوحدات الفنيية تتكون من المديريات الاتية)، چونكه سێ مديرياتن، سوپاس.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

تێبینییەكم لەسەر قسەكانی بەڕێز وەزیری داد هەیە، بە پێی ئەوە سیفەتی قازیمان داوەتە (مديرية العدل العامة) تاوەكو بتوانێ بڕیار بدات و، دەبێت (مدير عام) قازیش بێت، تاوەكو بڕیار بدات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

داواكارییەكم هەیە لەسەر وشەی قازی ودادوەر، ئێمە یاسای دەسەڵاتی دادوەریمان هەیە و، ئەو دادوەرانەی كە رژێمی بەعس گۆڕییانی بە قازی هەموو بگێرینەوە بۆ دادوەر، تەنها قازیی باری كەسایەتی نەبێت كە ناوی قازیی لێبنرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوە هەموار كردنەدایە كە لە مادە(٤) كرا با دەست بەرزكاتەوە؟.. دەست بەرز كرایەوە..كێ دژە؟ كەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الباب الثاني: اجهزة العدل

المادة الخامسة: اولاً: تتألف اجهزة العدل من المحاكم من:

١ـ المحاكم المدنية والدوائر المرتبطة بها.

٢ـ الادعاء العام.

٣ـ ديوان التدوين القانوني.

٤ـ هيئة الاشراف العدلي.

٥ـ مديرية التسجيل العقاري.

الفقرة الثانية: اجهزة العدل مهامها واختصاصاتها وفق القوانين الخاصة بها ومما لايتعارض مع احكام هذا القانون.

ئەمەش هەر دەقی باری دووەمی پرۆژەی وەزارەتە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لە وەزارەتی داد هیچ باسی دادگای پیاداچوونەوە نەكراوە، پێشنیار دەكەم كە دادگای پیاداچوونەوەش دابمەزرێت لە وەزارەتی داد دا، سوپاس.

**بەڕێز د.قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**
مادەی(٥)دەڵێت: تتآلف اجهزة العدل من :
(المحاكم المدنية)، ئایا محاکم جەزائی چی پێدەڵێن (المحاكم المدنية وانواعها)؟!، ئەمە یەکەم، دووەم برگەی ، (مديرية التسجيل العقاري)، لێرەدا تەنها ناوی ئەوە دێنێ ئەی (مديريەی رعايە القاصرين)، یان بڵێین (المحاكم بانواعها)، یا با (مديريە اموال القاصرين) نوێ بکەینەوە، سوپاس.
**بەڕێـز مــــەعــــــروف ڕەئـووف /وەزیـری داد:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**
سەبارەت بە دادگای پیاداچوونەوە، ئێمە یاسای پۆلیسی دادوەریمان داناوە و، ئەم یاسایە لە جێگای یاسا و نیزامە، وەزارەتی داد پێڕەوی نییە و، ئەو یاسایەی کە پرۆژەکەی لاتانە، هەم پێڕەوە و هەم یاسایشە و، بە تێروتەسەلی باس دادگای پیاداچوونەوە دەکات، هەروەها باسی تەشکیلاتی دادوەرەکان وئەرک وئیشوکارەکانیان دیاری دەکات، سەبارەت بە(مدیریە القاصرين) وئەوانی ترەوە، ئێمە بە تێهەڵچوونەوەی ناوچەکەوە بەستووەتەوە، سوپاس.
**بەڕێز جــێـگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن:**
مادە (٥) دەخەینە دەنگدانەوە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادەی(٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامـق مـــجــــیــــد:**
الباب الثالث: احكام عامة
المادة (٦) لوزير العدل انتداب حاكم بما في ذلك الحاكم في محكمة التميز الى مركز الوزارة.
**بەڕێز مـــەلامــحـــەمـــەد شـــەریف تـەها:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**
سەبارەت بە گۆڕینی وشەی قازیی بۆ وشەی حاکم، قازیی نەک هەر بۆ دادگای باری کەسایەتی بێت، چونکە حاکم ئەگەر بەتەنیا بێت هەر حاکمە، ئەگەر هەر بە قازیی بمێنێتەوە جوانترە، سوپاس.
**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**
مـــادەی (٦)( لوزير العدل انتداب بما في ذلك حاكم، لوزير العدل الحكام بما في ذلك اعضاء محكمة التمييز الى مركز الوزارة مع مراعاة تناسب الوظيفة)، بە رای من زۆر ڕێکە، سوپاس.
**بەڕێز مــەعــروف ڕەئـووف خـضــر/ وەزیری داد:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**
مادەی یاسایی کە موخاتەبە دەکات بە تاک دەیکات و، نابێ موخاتەبەی کۆ بکات، دوای ئەوە

چینی دادگای پیاداچوونەوە جیایە لە چینی دادگای تر، حاکم کە دەوترێت حاکم (بما في ذلك في محكمة التمييز) ئەوا راستتر و روونترە لەوەی کە بکرێ بە کۆ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من دەستەواژەی(احد الاعضاء في محكمة التمييز)دروست نییە، بەڵکو (حاکم في محكمة التمييز)راستتر و گونجاو ترە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(اعضاء محکمەی تمییز) هەموویان حاکمن، لەوانەشە کە حاکمی تیادا نەبێت، پاشان لەوانەیە کە حاکمیان تیادا نەبێت، بەڵام هەموویان حاکمن، دووەم سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە وەزیری داد ناتوانێت ئینتدابی بکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئەمە سەرۆک ناگرێتەوە ، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری جێگرەکەی دەگرێتەوە و، دەسنیشان دەکرێن، واتە لە دەستەی سەرۆکایەتیدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

لێرە بڕگەیەک هەیە نەهاتووە کە دەکاتە فەقەرەی (٢) لە مادە (٧).

١ـ تحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

٢ـ للوزير استحداث ودمج مديريات واقسام شعب عند الاقتضاء.

٣ـ لوزير العدل اصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر کەس تێبینی نییە ئەوە مادە (٧) دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادەی (٧) وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٨) ترتبط جميع الدوائر العدلية التي كانت تابعة للسلطة المركزية بوزارة العدل.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنسبەت (ترتبط جميع الدوائر العدلية التي كانت تابعة للمركز بوزارة العدل في الاقليم)، ئەگەر وشەی (مرکز) بکرێتە (بالسلطة المركزية) روونتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولكەريم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

بێگومان ئەو مادەیە لە پێشنیاری وەزارەتی داددا نەهاتووە، بەڵام ئێمە مەبەستمان لەو هەندە (مديريات)ە، (مديريەی رعايەی قاصرين) و(مديريەی تسجيل عقاری) و زۆر مدیریاتی ترە كە جاران راستەوخۆ پەیوەندییان بە بەغداوە هەبووە، ئەوانە مختەلەكاتیان هەیە، ئەوجا ویستمان دەقێكی یاسایی هەبێت بۆ ئەوەی كە بە یەكجاری پەیوەندییان ببڕێت لەگەڵ حكومەتی مەركەزیدا، سوپاس.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تۆمـــا هەریری:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

بە رای من ئەو مادەیە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن:**

ئێستا پێشنیار هەیە كە مادە (٨)هەڵبگیرێت، كە دەرئەنجام پەیوەندیی بە وەزارەتی دادوە هەیە، بۆ ئەوەی كە مادەكە دووبارە نەبێتەوە، ئێستا كێ لە گەڵ ئەوەدایە مادەی(٨) لابرێت با دەست بەرزكاتەوە؟..دەست بەرزكرایەوە.. كێ دژە؟ كەواتە بە زۆربەی دەنگ لەگەڵ لابردنی مادەكە نەبوون.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

مادة (٩): على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن:**

ئەگەر پێشنیارتان نییە لەسەر مادە(٩) ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە مادە(٩) وەكو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزكاتەوە؟..دەست بەرزكرایەوە.. كێ دژە؟ كەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة (١٠) ينفذ هذا القانون اعتبارا من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن:**

كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە مادەی(١٠)وەكو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزكاتەو؟..دەست بەرزكرایەوە.. كێ دژە؟ كەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

ئێستا سەرپاكی یاساكە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ یاسای وەزارەتی داددایە بەگشتی با دەست بەرزكاتەوە؟..دەست بەرزكرایەوە.. كێ دژە؟ كەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز د. خـــەســـرەو گـــوڵ مـــحـــەمـــەد:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

لە یاساكەدا بۆ هۆكارە پێویستییەكانی تیادا نییە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هۆکارە پێویستەکان لە تویێی یاساکەدا نییە، بۆ ئەوەی پێویستی بە دەنگدان نییە و، لاریشمان نییە کە بۆتانی بخوێنینەوە، بەڵام گفتوگۆ کردنی لەسەر ناکرێت، چونکە لە تویێی یاساکەدا نییە. خاڵێکی ترمان هەیە لە تازەبابەتدا، کە لە فراکسیۆنی سەوزەوە بۆمان هاتووە، لەسەر ڕۆشتنی بەردی مەڕمەڕ بۆ بەغدا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕۆژانە بە کۆمەڵ بەردی مەڕمەڕ و مەوادی ئەوەلی دەبینین، کە بەرەو بەغدا دەبرێت، بە رای من ئەمە دیاردەیەکی باش نییە ، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەبارەت بە شاری سلێمانییەوە قسە دەکەم، لەکاتی خۆی لەسەردەمی ڕژێمیشدا پاراستنی پیشەسازی(الحماية الصناعية) هەر هەبووە، ئەو کارگانەی کە لە شاری سلێمانیدا هەیە بەدەیان ماڵ بەخێو دەکات وخاوەن کارگەکان داوای ئەوە ئەکەن کە بپارێزرێن، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رایەکەی پەریخان دەکەم، سەبارەت بە کارگەی مەڕمەڕەوە هیچ لە مەرجە پێویستەکانی تێدا نییە، هەروەها بەنیسبەت گومرکیشەوە لە هەر جێگایەک بە شێوەیەکە، جا داوا دەکەم کە گومرک یەک خرێت لە هەموو ناوچەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکە زۆر بەجێیە بۆ ئەوەی وەکو مەسەلەی گەنمی لێ نییە با ئەو پێشنیارە بدرێت بە لیژنەی پیشەسازی ناو پەرلەمان و لیژنەکەش لێتوێژینەوەی لەسەر بکەن و،پێشنیارێکی بەجێی بۆ دابنێت ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی بەڕێز پەریخان دەبێت ئەوە لێتوێژینەوەیەکی باشی لەسەر بکرێت و، داوا لە پسپۆڕان بکرێت کە پرۆژەیەک پێشکەش بکەن وئێمەش بڕیارێکی لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە ئەو کانگایانە(منجم)ی کە بەردی مەڕمەڕی لێیە، بخرێتە ژێر دەستی

وەزارەتی پیشەسازی و ئەم وەزارەتە خۆی سەرپەرشتی کانگاکان بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر سەعید قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشتر وایە کە ڕێگا بە ئەم جۆرە شتانە نەدرێت کە بڕواتە دەرەوەی کوردستان، چونکە ڕۆشتنی شت بۆ دەرەوەی کوردستان کار دەکاتە سەر میزانییەی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من پێموایە کەوا ئێمە لێرەدا ناتوانین زۆر بەتەسەلی لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەین، ئەنجا ئەوانەی کە ئەم بابەتەیان باس کرد، ئەگەر پێشنیارێکی تەواومان پێشکەش بکەن، چاکتر وایە کە بیخەینە ڕۆژی سێ شەممە بۆ ئەوەی لەگەڵ بەڕێز سەرۆک وەزیراندا باسی بکەین.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ئەو بابەتە فریای ڕۆژی سێ شەممە ناکەوێت، ئێمە دوو لیژنەمان هەیە لە ناوپەرلەماندا، لیژنەی پیشەسازی و لیژنەی دارایی، ئەگەر ئەوان تا ئەو کاتە شتێکیان بۆ ڕوون بێتەوە تا ئێمەش خۆمان لێرەدا باسێکی لێ بکەین، من لەگەڵ ئەو پێشنیارەم کە ئەڵێت: نابێت ئەو بڕیارە بە سەر پێی وەربگیرێت پێویستە لێی بکۆڵرێتەوە وئەو لیژنانەی کە ئەو مەسەلانەیان بەرەو ڕوو ئەبێتە بە ووردی باسی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئەو پێشنیارە بنێردرێت بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئێمەش ئاراستەی ئەو لیژنەیەی دەکەین، بۆ ئەوەی ئەوانیش شتێکی پاک وپوخت ئامادە بکەن و، لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا قسەمان کرد با ڕێنووسێکمان بەدەستەوە بێت، ئێستا کێ لەگەڵ ئەو پێششنیارەدایە کە بەڕێز د.کەمال کردی با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.

دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی هات و زۆر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٣)

## یەک شەممە رێکەوتی ٢٢/١١/١٩٩٢

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٣)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٢

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە(٥٣)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی یەکەمی خۆی بەست.*

*سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

***بەرنامەی کار:***

***١ـ خستنەرووی ڕاپۆرتی لیژنەی نەخشەکێشان وپەرپێدان وئاوەدانکردنەوەی کوردستان.***
***٢ـ پرۆژەی یاسای وەزارەتی دارایی وئابووری.***
***٣ـ گفتوگۆ کردن دەربارەی دەوام کردنی ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکان.***
***٤ـ ڕاپۆرتێک دەربارەی وەفدی پەرلەمان لە دەرەوە.***
***٥ـ ڕاپۆرتێک دەربارەی مافی مرۆڤ.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو خاڵانەی بەرنامەی کار لەبەر دەمی بەڕێزتان دایە ئەمڕۆ باسی لێوە دەکەین ئەوەی تێبینی دەکرێ، لەم ماوەیەدا ئەندامانی فراکسیۆنەکان کەم ئامادە دەبن بەتایبەتی ئەندامانی فراکسیۆنی سەوز، ئینجا تکا لە سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان دەکەین خۆیان چارەسەری ئەم شتە بکەن، چونکە بەڕاستی بەشداربوونیان ئەبێتە هۆی ئەوەی بڕیاری باشتر وەربگیرێت، هەروەها ئەو ئەندامانی کە ئامادە نابن، با پێشتر داوای مۆڵەت بکەن.

ئێستا دێینە سەر خاڵی یەکەمی بەرنامەی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە خستنەرووی ڕاپۆرتی لیژنەی نەخشەکێشان و ئاوەدانکردنەوە. بەڕێز نەهلەخان فەرموو ڕاپۆرتەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

**ڕاپۆرتی لیژنەی نەخشەکێشان وپەرەپێدان وئاوەدانکردنەوەی کوردستان:**

سیاسەتی شۆڤێنانەی کاول کردن و ڕاگواستنەوەی کوردستان لەساڵی (١٩٦٣)وە لەسەر دەستی بەعسیەکان دەستی پێ کردووە. سەرەتا لەناوچە نەوتیەکان وپاشان پاش هەرەسی شۆڕشی

ئەیلوول لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە، لەناوچە سنووریەکان سەر سنووری (ئێران ـ تورکیا ـ سوریا) بەقوڵایی (٣٠) کم و، لەدوای ساڵی (١٩٨٢)شەوە تا ساڵی (١٩٨٨) کاتی ئەنفالە بەدناوەکان دەستی پێکرد ئەو سیاسەتە چەپەڵە جگە لە چەند دێهاتێکی دیاری کراو نەبێ، هەموو دێهاتەکانی کوردستان و، دەیان ناحیە وقەزاشی گرتەوە.

ئەو سیاسەتە پێک هاتی ئابووری وکۆمەڵایەتی ورۆشنبیری وسایکۆلۆژی کوردی هەڵوەشاندەوە بەهێز ترین فاکتەری بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان کە ئابووری دێهاتەکانی بوو لە ژێرەوە هەڵتەکاند و، ئەمنی قەومی خستە بەردەم مەترسیەکی گەورە.

ئەمرۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوێنانەی کە بەعس تێکی داوە کۆڵەکەیەکی گەورەی راگرتنی ئەمنی قەومییە لە ئێستا وئایندەدا. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە ستراتیژییە پێویستە بەرنامەیەکی تێروتەسەل لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دابنرێ، هەر وەکو لە راسپاردەکانی کۆنگرەی هۆڵەندا بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا هاتبوو.

پاش دیراسە وگفتوگۆ وسازدانی چاوپێکەوتنی بەردەوام لەگەڵ پسپۆران، لیژنەکەمان چەند پێشنیارێکی ئامادە کردووە بۆ دارشتنی ئەو بەرنامەیەکە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١ـ پێویستە دەستەی گشتی بۆ نەخشەکێشان (الهیئة العامة للتخطیط) لەهەرێمدا دابمەزرێ و، سەر بەئەنجوومەنی وەزیران بێت و، لەخەڵکانی پسپۆر پێک بێ و، پەیوەندیی لەگەڵ وەزارەتەکانەوە لەرێی بەرێوەبەرایەتی نەخشەکێشانی ناو وەزارەتەکانەوە بێ ولیژنەیەکی تەنسیقیش هەبێ لەگەڵ رێکخراوەکانی (NGO). لەکاتی پێویست بەشداری کۆبوونەوەکان بکات. ئەو نەخشەیە ئەو دەزگایە دایدەرێژێ لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە رەزامەندی لەسەر دەکرێ.

٢ـ هەر رێکخراو ویارمەتی وکۆمەکێک کە دێتە کوردستان پێویستە لەرێی وەزارەتی مرۆڤایەتی وهاوکارییەوە بێ و، جا ئەگەر نووسینگە هەبوو ئەوە لە رێی ئەوەوە پەیوەندیی بکرێ و، ئەگەر نا راستەوخۆ لەگەڵ وەزارەت پەیوەندیی بکرێ و، ئەگەر رێکخراوێک ویستی لەگەڵ حکومەت هاوکاری و ئیش بکات ئەو رێکخراوە راستەوخۆ لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدارەوە رێککەوتنی خۆی جێبەجێ بکات و، یا خود ویستی لەگەڵ رێکخراوی (ngo) هاوکاری بکات ئەوە دەبێ وەزارەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری ئاگاداری بری ئەو پارەیە بێت کە دێتە کوردستان. سەبارەت بەچۆنیەتی ئیش کردنیش دەبێ پابەندی بەو پلان ونەخشەیە بکرێ کە لەلایەن دەستەی گشتیی نەخشەکێشانەوە (الهیئة العامة للتخطیط) دانراوە. ئەمەش بۆ ئەوەی هیچ جۆرە ئیزدواجی وپەرش وبڵاوی دروست نەبێ لەئیش کردندا.

٣ـ دەزگایەکیش بەناوی (الهیئة العامة للرقابة المالیة) دابمەزرێ و، سەر بەپەرلەمان بێت بۆ

ئەوەی چاودێری ماڵی حکومەت و، دەزگاکانی دەرەوەی حکومەت (ngo) بکات. بەپێی یاسا رەچاو کراوەکان.

بۆ چاودێری کردنی دارایی دەزگاکانی (ngo) لەلایەن ئەو دەستەیەی لەخاڵی سێیەمدا باس کرا دەبێ رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێ:

أ ـ وەزارەتی ناوخۆ پەلە بکا لە ئامادەکردنی پرۆژەی یاسای کۆمەڵە و رێکخراوەکان، تا ئەو رێکخراوانەی نیمچە رەسمی و، جەماوەرین بەپێی ئەم یاسایە مۆڵەت وەربگرن. بەم جۆرە ئەو رێکخراوانە بۆ بەرژەوەندیی گشتی و، بەکردەوە خزمەتی ئاوەدانکردنەوە دەکەن و، لە گۆرەپانی ئیشکردندا دەمێننەوە، چونکە ئەو رێکخراوانەی ئەم ماوەیەی لەکوردستاندا کاریان کردووە، لەناو بۆشاییەکی ئیداریدا پەیدا بوون، هەر چەندە خزمەتی خەڵکی کوردستانیان کردووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی چوار چێوەیەکی دیاریکراو بۆ کارەکانیان نەیانتوانیوە وەکو پێویست کارەکان راپەرێنن.

ب ـ مەرجێکی سەرەکیی بۆ مۆڵەت دانی هەر کۆمەڵە و رێکخراوێکی نیمچە رەسمی و، جەماوەری دابنرێ، ئەویش بریتی بێ لەوەی کە حساباتیان لەژێر چاودێری (الهيئة العامة للرقابة المالية) دابێ، هەروەها پێوستە لەپەیرەوی ناوخۆی رێکخراوەکاندا ئەم خاڵانەش دیاری بکرێ.

أ ـ لەکاتی مۆڵەتداندا رەچاوی پسپۆری (تخصص) ئەو رێکخراوانە بکرێ وەکو رێکخراوی ئاوەدانکردنەوە و، فریاکەوتنی لەیەکتری جیا بکرێتەوە..هتد.

ب ـ رێگە نەدرێ فەرمانبەری حکومەت لەکاتی دەوامی رەسمیدا لەگەڵ رێکخراوەکان کار بکات بەپێی رێساکان (ضوابط).

جـ ـ رێکخراوەکان پێویستە سەرژمێری تەواوی کارمەندانیان بەپێی ئیشەکانیان بدەن بە حکومەت و، لەلایەن حکومەتەوە ئەگەر کارمەندێک تێبینی «ملاحظه»ی لەسەر بوو نابێت رێکخراوەکان کاری پێ بسپێرن.

د ـ پێویستە پێرەوێک هەبێ بۆ دیار کردنی مووچەی کارمەندانی رێکخراوەکان (ngo)، ئەمەش لەپەیرەوی ناوخۆی رێکخراوەکاندا دیاری بکرێ.

٥ـ دامەزراندنی مانگی سووری کوردستان، ئێمە بۆ ئەم مەبەستە چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ پسپۆر وشارەزایان بەست و، بەدرێژیی لە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم کارەمان کۆڵیەوە، بەڵام وا دیارکەوت کە وەزارەتی تەندروستی وکۆمەڵایەتی چەند لێکۆڵینەوەیەکیان (دراسه) ئامادە کردووە سەبارەت بەم مەسەلەیە هیوامان وایە بەزووترین کات بگەنە ئەنجام و، بخرێتە بەرچاوی پەرلەمان تا کاری پێویستی بۆ بکرێ.

٦ـ پێشنیاری ئەوە دەکەین کە هەڵمەتێکی نیشتمانی بەر فراوان لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری و، وەزارەتی کشت وکاڵ و، وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە، بەیارمەتی زانکۆ ورێکخراوەکان

بکرێ بۆ روونکردنەوەو، ئەنجامەکانی ئاوەدانکردنەوە بۆ جووتیاران و هاندانیان بۆ گەڕانەوە بۆ دێهاتەکانیان.

٧- دەبێ فاکتەری کشتوکاڵیش گرنگی تایبەتی هەبێ لە ئاوەدانکردنەوەدا هەر لە کێشەی زەویوزار و، چارەسەرکردنی بە پێی یاسایەکی نوێ وگونجاو و، تا دابین کردنی تۆو پەین و کەرەستەی چاندن و، گرنگی دان بەئاژەڵداری ئەم خاڵە دەکرێ لەلایەن لیژنەی کشتوکاڵەوە دیراسە بکرێ.

٨- دابین کردنی کەرەستەی بینا وپێیداویستیەکانی تری ئاوەدانکردنەوە وەکو چیمەنتۆ وگەچ وبلۆک..هتد . بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ گرنگی بەکارگەکانی چیمەنتۆی سلێمانی وکارگەکانی دروست کردنی گەچ بدرێ بە تایبەتی کارگەی گەچی بازیان و، هەوڵ بدرێ بە زیاترین وزەی بەرهەم کار بکەن.

٩- هەوڵێکی جیددی بدرێ بۆ پەلە کردنی لە پاک کردنەوەی کوردستان لەو (٢٢) ملیۆن مینەی کە لە خاکیدا نێژراوە.

**ئەمە بوو راپۆرتی لیژنەی نەخشەکێشان کە خوێندمەوە، سوپاس.**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی لیژنەی نەخشەکێشان دەکەین بۆ ئەم راپۆرتە رێکوپێکەیان کە پێشکەشیان کرد، بەڵام پێش ئەوەی گفتوگۆ لەسەر راپۆرتەکە بکەین، لەلایەن سەرۆکایەتییەوە هەڵەیەکی نیزامی کرا، ئەویش ئەوە بوو خاڵەکانی بەرنامەکە زۆر بوو، بۆیە لەبیرمان کرد لە بەڕێزان سەرۆکایەتی هەردوو فراکسیۆن بپرسین ئایا لەتازە بابەت چی پێشنیار دەکەن؟، داوای لێ بوردن دەکەین، ئەگەر ئێستا بەڕێزان هیچ خاڵێکیان هەیە تکایە با بفەرموون.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەو خاڵانەی لە دانیشتنی یەکەمدا نەخرانە ناو بەرنامەی کار با لە دانیشتنی دووەمدا بخرێتە ناو بەرنامەی کار.

ئێستا من سەبارەت بە کۆلیژی شەریعەی دهۆک قسە دەکەم کە ئەبێ بکرێتەوە و، ئەنجوومەنی وەزیران وەکو کۆلیژەکانی زانکۆکانی دیکە هەموو پێویستییەکیان بۆ تەرخان بکات و، ئایا تاکو ئێستا هیچ هەنگاوێک هاویشتراوە بۆ ئەم کۆلیژە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هیچ کراوە؟ ئێمە لە کاتی خۆیدا ئەم خاڵەمان باس کردو، ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کرا، بەڵام سەرۆکایەتی بەدوای دانەچووە.

**بەڕێز د.کەمال محەمەد عەبدولکەریم فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

١ـ بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول دەیەوێت پرسیارێک بکات لەبارەی ئەو کۆبوونەوانەی لەلایەن دەوڵەتە دراوسێکانی عێراقدا کراوە، ئایا ئەنجامەکانی چی بوون؟، لەم بارەیەوە پەرلەمان و، حکومەتی هەرێمی کوردستان چی دەکەن؟، سوپاس.

٢-لەبارەی شەڕەکەی (پ. ک. ک) بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر حەز دەکات هەندێ زانیاری بخاتە روو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

روونکردنەوەیەکم هەیە کە پەیوەندیی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە، ئەگەر ئەو پرسیارە بۆ دوو سبەی دابنرێ، لەبەر ئەوەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە دەبێ و، چونکە ئێمە زۆر شتمان لا نییە بخرێتە سەر ئەو زانیارایانەی بەڕێزتان.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من کاتێ هاتینە سەرتازە بابەت، ئەگەر پرسیارێک لە خاوەن پرسیارەکان و، پێشنیارەکان بکەن بزانن لەو بابەتە بیروڕایان چییە؟، حەز دەکەم لەم بارەیەوە باس بکرێ و، یان بخرێتە ئەو کۆبوونەوەی کە بەڕێزتان باستان کرد کە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز د.کەمال تۆ وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز پێشنیار دەکەی لەسەر پێشنیارەکانی ئەندامی فراکسیۆنەکان، ئینجا لەسەر ئەوە رای خۆتمان پێ بڵێ کە ئەمە باس بکەین و، بکەین بەخاڵێک لەبەرنامەی ئەمڕۆدا، یاخود لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران باسی بکەین؟، تکایە ئەمە روون بکەوە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من کە پێشنیارەکەم کرد مەبەستم ئەوە بوو ئەمڕۆ باسی بکەن بەتایبەتی پرسیاری یەکەم، چونکە پەیوەندیی بەهەندێ رووداوی گرنگ هەیە و،هەر کاتێک ئەنجوومەنی وەزایران ئامادە بن لێرە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارێک هەیە لەلایەن فراکسیۆنی سەوزەوە کە باس کردنی کۆبوونەوە سێ قۆڵیەکەی نێوان (تورکیا ـ ئێران ـ سوریا) بکرێت بە خاڵێک لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆدا.

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە تێکڕای دەنگ پێشنیارەکە وەرگیرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

شاراوە نییە کەوا راپۆرتەکەی لیژنەی نەخشەکێشان راپۆرتێکی زۆر رێکوپێک بوو، بەڵام من دوو تێبینیم هەیە:

یەکەم: سەبارەت ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بەوەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی هەیە، لەگەڵ کاروباری ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بە پەلە جێبەجێ بکرێن.

دووەم: پێشنیار دەکەم ئەنجوومەنی چاودێری دارایی (مجلس الرقابة المالية) راستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشمانیی بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە دوا بەشی راپۆرتەکەی لیژنەی گەشەکردن و ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا ئاماژە بەوە کراوە کە وەزارەتی رۆشنبیری و، رێکخراوەکانی دیکە رۆڵیان هەبێ لەهەوڵدان بۆ دانانی بیری هەرەوەزی میللی بۆ ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکانی کوردستان، بەرای من تاکو ئێستا پەرلەمان و، ئەنجوومەنی وەزیران و، حزبە سیاسییەکان و، رێکخراوە پیشەییەکان، هیچ هاندەرێکیان نەبووە بۆ ئاوەدانکردنەوەی، جا من پێشنیار دەکەم لە ساڵی ئایندەدا لە رێگەی هەرەوەزی میللی هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان بدەین، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە راپۆرتەکەدا باسی یارمەتییەکانی دەرەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان کراوە، بێگومان یارمەتییەکان هەمووی لە رێگای وەزارەتی مرۆڤایەتییەوە وەردەگیرێ، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەڵدەستێ بە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەم برگەیە لەم راپۆرتەدا نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد فەتاح میران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس بۆ ئەو لیژنەیەی کە ئەو راپۆرتەیان ئامادە کردووە، بەڵام بەرای من ئەو رێکخراوە مرۆییانەی هاتوونەتە کوردستان و،ئەو شتانەی کە کران تا ئێستا بە ئارەزووی کەسی بووەو، بە هیچ شێوەیەک نەخشە و پیلانێکیان بۆ دانەنراوە، هەروەها رێکخراوەکان خەڵکی کوردستانیان دامەزراندووە لای خۆیان، بەبێ ئەوەی هیچ حسابێکی لەگەڵدا بکرێت لەلایەن پەرلەمان و، ئەنجوومەنی وەزیران و، بە هەوەسی خۆیان پارەکەیان خەرج کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەمە شتێکی باشە، ئەگەر بەڕێزت بەڵگەت هەیە ئەوا راپۆرتێک دەربارەی ئەم مەسەلەیە بنووسەو، بیدەی بە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە.

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی پرسیاری د.فایەق، ئێمە لە راپۆرتەکەدا باسی هەڵمەتی نیشتمانییمان کردووە، نەک هەرەوەزی میللی، بەلام رای بەڕێز د. فائەق راستە دەبێ وەزارەتی رۆشنبیری و، وەزارەتی کشتوکاڵ و، زانکۆ خەڵکی هوشیار بکەنەوە بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و، ئەگەر بکرێ بڕیارێک دەربچێت بۆ ئەوەی پشووی هاوین بە فیرۆ نەدرێ هەموو خەڵک لەم کارە میللیەدا بەشداری بکەن.

بۆ وەلامدانەوەی پرسیاری د.قاسم، ئاوەدان کردنەوەی کوردستان لە (١٠٠٪) لەسەر رێکخراوە مرۆییەکان رانەوەستاوە.

دەربارەی پرسیاری بەڕێز ئازاد، راستە ئەم رێکخراوانە تاکو ئێستا ئیشوکارەکانیان بە نارێکی دەبەن بەڕێوەو، هیچ پلانێکیان بۆ دانەنراوە، بەرای ئێمە وەزارەتی ناوخۆ چەند رێسا و رێنماییەک دەربکات بۆ ئەو رێکخراوانە،بۆ ئەوەی کارەکانیان رێک بخەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەو باسە تەواو بوو، پێشنیارێک هەیە کە ئەم راپۆرتە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێ، چونکە بەشێکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەگرێتەوە، بەشێکیشی وەزارەتی تەندروستی دەگرێتەوە.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکێک لەو خاڵانەی کە پێویستە ئەنجوومەنی نیشتمانیی داوای بکات ئەوەیە کە ئەنجوومەنی چاودێری دارایی هەبێ و، سەر بەئەنجوومەنی نیشتمانیی بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە لەلایەن دوو ئەندامی بەڕێز کە (ئەنجوومەنی چاودێری دارایی) سەر بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بێت، ئەم پێشنیارە دەدەین بە لیژنەی دارایی پەرلەمان بۆ ئەوەی لێتوێژینەوەی لەسەر بکات.

دەربارەی راپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، پێشنیارێک هەیە کە راپۆرتەکە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت. ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسند کرا.

ئێستا دێینە سەر خاڵێکی دیکەی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە بریتییە لە گفتۆگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری. تکایە لیژنە یاسا بفەرموون بۆ خوێندنەوەی یاساکە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

بسم الله الرحمن الرحيم.

باسم الشعب.

المجلس الوطني لكوردستان العراق.

رقم القرار.

تاريخ القرار.

قانون وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان العراق قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٢

بەڕێزان ئەوەی دەیخوێنمەوە پرۆژەی وەزارەتی داراییە کە بۆ لیژنەی یاسا هاتووە، ئێمەش پێشنیارمان لەسەری کردووە.

استناداً الى احكام الفقرة (١) من القانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه وزير المالية والاقتصاد، ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / /١٩٩٢ اصدار القانون الآتي:

قانون رقم (٣) لسنة ١٩٩٢ قانون وزارة المالية والاقتصاد للاقليم كوردستان العراق.

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبنية ازاءها لاغراض هذا القانون:

١ـ الاقليم ـ اقليم كوردستان العراق.

٢ـ الوزارة ـ وزارة المالية والاقتصاد للاقليم.

٣ـ الوزير ـ وزير المالية والاقتصاد للاقليم.

٤ـ الوكيل ـ وكيل وزارة المالية والاقتصاد للاقليم.

٥ـ المجلس ـ المجلس الاستشاري لوزارة المالية والاقتصاد للاقليم.

رای لیژنەی یاسا ئەوەیە پرۆژەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە تەنها (لاغراض هذا القانون) زیاد کراوە.

المادة الثانية: تهدف الوزارة الى وضع الاسس العامة لادارة، وتنظيم الموارد المالية، والاقتصادية ومراقبة سلامة التصرف بها وتحقيق الاستخدام لها ووضع الموازنة العامة للاقليم وتنفيذ البرامج المتصلة للتجارة الخارجية والداخلية، ودعم السلع الاساسية للمجتمع وتنظيم القطاع الخاص والمختلط لتشجيع المدخرات الوطنية والاستثمارات الاجنبية ضمن اطار السياسة المالية والاقتصادية وخطط التنمية للاقليم.

**بەڕێز د. محەمەد فازڵ محەمەد عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە رای لیژنەی دارایی و ئابووری، ئێمە ئەمانتوانی کۆبوونەوەی لیژنە بکەین، چونکە

هەموو ئەندامانی لیژنە لە دەرەوەی هەولێر بووین، بەڵام من خۆم ئەم دارشتنەم کردووە بۆ مادە (٢): (تهدف الوزارة وضع الاسس العامة للادارة، وتنظيم الموارد المالية والاقتصادية في الاقليم، ومراقبة سلامة التصرف بها وتحقيق الاستخدام الامثل لها اضافة الى وضع وتنفيذ البرامج الخارجية والداخلية للاقليم ودعم القطاع الخاص والمختلط وتشجيع المدخرات الوطنية والاستثمارات الاجنبية وتسهيل امورها)، سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادەی (٢)؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واپێ دەچێ لیژنەی دارایی ئاگاداری ئەوە نەبێ، پێمواپە ئاماژە بە لیژنەی دارایی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکم هەیە، لیژنەی دارایی کە نەیانتوانیوە کۆببنەوە، ئایا ناتوانن ری خۆیان بۆمان بنووسن، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەمرۆ (١٩٩٢/١١/٢٢) پرۆژەکە بەدەستم گەیشتووە، لەگەڵ ئەمەشدا رای خۆم لەسەری دیاری دەکەم. لە مادە (٢)دا باسی بودجە نەکراوە، پێشنیار دەکەم کە (الموازنه العامه للاقليم) زیاد ببێ و، ئەگەر ماوە هەبێت ئەم بابەتە دوا بخرێ بۆ سبەی، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆتایی مادەکەدا هاتووە: (تنظيم العلاقات الاقتصادية الداخلية وسياسة الاقتصاد العامة للاقليم وخطط التنمية المركزية).

پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسا ئایا مەبەستیان لە وشەی (المركزيه) هەرێمە؟، ئەگەر وابێ پێویستە بکرێتە (التنمية المركزية في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی (٢)، ئەگەر بە وردی سەیری بکەین دەبینین چوارچێوەی داناوە بۆ سیاسەتی دارایی و، بودجەو، هەموو داهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت ئەو خاڵەی بەڕێزان جەمیل و نەهلەخان ئاماژەیان بۆ کرد دەربارەی بودجە ،خۆی لەم بابەتەدا ئامانجی گشتی و تایبەتی هەیە، لێرە لە مادە (٢) برگە (١)دا هاتووە، (مديرية المالية العامة تتولى الممارسات والاختصاصات المتعلقة بالتخفيض المالي في الانفاق الجاري وتولي اهمية خاصة في انبثاق على الموازنة الاعتيادية والموازنات الملحقة بها). مانای وایە باسی بودجە کراوەو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری دارایی بەم کارە هەڵدەستێ.
سەبارەت بە پرسیارەکەی بەڕێز کاکەڕەش دەبارەی وشەی (المركزيه)، ئێمە مەبەستمان (هەرێمە)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەم یاسایەدا باسی (اهداف) کراوە، دانانی بودجەی هەرێم یەکێکە لە ئامانج و، ئەرکەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا دەستکاری پرۆژەکەمان نەکرد، چونکە چاوەڕوانی رای لیژنەی دارایی بووین، بەڵام لیژنەی دارایی لێرە ئامادە نەبوون، لەبەر ئەوە قسەمان لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی دارایی کردو، بەڕێزی بەڵێنی دا کەوا دەقێکمان بۆ بنێری، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتووە، بەرای ئێمە سەرۆکایەتی و، سکرتاریەتی پەرلەمان بەرپرسن لەم دوا کەوتنە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لە سەرۆکایەتی لەم بابەتە دەکۆڵینەوە تاوەکو بزانین بۆچی راپۆرتی لیژنەی دارایی نەگەیشتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم لیژنەکانی پەرلەمان بە باشی بە ئیشوکارەکانی خۆیان هەڵناستن و، دەوامیان رێکوپێک نییەو، هەروەها سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان پێویستە زیاتر بەدوای ئیشوکارەکانی ئەندامەکانیان دابچن.
ئێستا بۆ ئەوەی لیژنەی دارایی رای خۆیان بدەن لەسەر ئەم یاسایە، پێشنیار دەکەم کە ئەم بابەتە دوا بخرێت بۆ دانیشتنی داهاتوو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە کۆمیتەکان وەکو پێویست دەوامیان نەکردووە، بەڵام لیژنەی دارایی دوێنێ لێرە ئامادە بوون، ئەگەر دوێنێ پرۆژەکەیان بدرابایە ئەمڕۆ تووشی ئەم گرفتە نەدەبووین، سوپاس.

**بەڕێز د. خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینی بەڕێز فرەنسۆم هەیە، ئێمەی ئەندامان ئەمڕۆ زۆربەمان راپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەمان لا نەبوو، بەراستی ناتوانین قسەی لەسەر بکەین، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم

ک..ڕۆژێک پێشتر مادەکانی بەرنامەی کار دابەش بکرێت بەسەر ئەندامان، بۆ ئەوەی بتوانین ..گفتوگۆی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی برگە (٣) لە مادە (٦١)ی پێڕەوەی ناوخۆی پەرلەمان، پێویستە ڕاپۆرتێکی هاوبەش دەربارەی بودجە لەلایەن لیژنەی یاساو لیژنەی پەیوەندیدار پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین بە ڕێکوپێکی گفتوگۆ لەسەر بودجە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بارە شلۆقەی لیژنەکان کە ئێستا هەیە، بە هۆی ئەوەیە کە لیژنە هەمیشەییەکان کۆبوونەوەکانیان بە ڕێکوپێکی ناکەن، بەتایبەتی ئەو ئەندامانەی کە هی دەرەوەی شاری هەولێرن، زۆر جار ئامادە نابن لەم کۆبوونەوانە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان کەوا ئەو ئەندامانەی ناتوانن بە کاری لیژنەکان هەڵستن با بیانگۆڕن بە ئەندامانی دیکە، بۆ ئەوەی کاروباری لیژنەکانی بەچاکی بەڕێوە بچێت.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە ئەو قسانەی بەڕێزت هەموومان هەستی پێ دەکەین و ڕاستە، بەڵام هەقە ئێمە باسی ئەوە بکەین بزانین ئەو کاریگەرە چییە کە بووە هۆی ساردکردنەوە، یان کەم کردنەوەی ئامادەبوونی ئەندامانی پەرلەمان؟، بەرای من ئەم کاریگەریە لەوە پەیدا بووە زۆربەری ئەو بریارانەی کە لە پەرلەمان دەردەچن جێبەجێ ناکرێن لەلایەن حکومەتەوە، هەروەها هیچ لێپرسینەوەیەک نییە لە پەرلەمان کە ئەمەش گرنگی پەرلەمانی کەم کردۆتەوەو، بووەتە هۆی ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان هەست بە کەمی (شعور بالنقص) بکەن، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو ئەندامێکی لیژنەی دارایی و ئابووری بەرگری لە مافی خۆم دەکەم کە هەمیشە بە ڕێکوپێکی دەوامم کردووە، تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە بە ئیشی ڕەسمی چوومە دەرەوە، لەبەر ئەوە هەر کاتێک لیژنەی یاسا بیەوێت من لەکۆبوونەکانیدا ئامادە دەبم، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ قسەکانی بەڕێز شەفیقە، بەڵام ئەمە ئەرکی لیژنەی یاسا نییە داوای لێبکات

ئامادەی کۆبوونەوەکان ببێت، ئەمە بەراستی ئیشی سکرتێری پەرلەمان و، کوتلەکانە کە داوای ئامادەبوونی ئەندامان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو قسانەی بەڕێز حەسەن کردی زۆر بەجێنە، چونکە لیژنەی یاسا سەرپەرشتی لیژنەکانی پەرلەمان ناکات و، دەبێ لیژنەی دارایی و ئابووری خۆیان کۆبوونەوەی هەفتانەیان بکەن.
بەپێی پێڕەوەی ناوخۆی پەرلەمان، ئەگەر ئەندامێک بەبێ ڕەزامەندی سەرۆکایەتی سێ جار ئامادەی کۆبوونەوەی لیژنە نەبوو، لە ئەندامێتی لا ئەبرێ، ئەمەش ئەرکی سەرۆکایەتی و کوتلەکانە، کە هەر ئەندامێکی پەرلەمان ئیشوکارەکەی خۆی بەچالاکی نەکات، پێویستە لاببرێ و ئەندامێکی چالاک لە هەمان لیستە جێگای ئەو بگرێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئاشکرایە لای ئێمە هەتا ئێستا یاسای هەموو وەزارەتەکان تەواو نەبووە، لەبەر ئەوە پێویست بوو لیژنەی ئابووری لە کاتی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، یاخود پاش ئەمە، هەفتانە سەردانی وەزارەتی دارایی بکردابایە بۆ ئەوەی بزانێت ئەو یاسایەی کە لە وەزارەتدا پێشنیار کراوە گەیشتۆتە کوێ؟، بۆ زانینتان یەکەم پرۆژەی ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی (١٩/١٠/١٩٩٢) گەیشتۆتە لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە ئیشوکاری لیژنەی یاسا نییە کە بە دوای لیژنەکاندا بگەڕێت، بەڵام ئەوان مادام پرۆژەکەیان لا بووە، دەیانتوانی لە ڕێی فەرمانبەری ئەرشیف دانەیەکی کۆپی بکەن و، بیدەن بە ئێمە، بۆ ئەوەی ئێمەش لە لیژنەی ئابووریدا تێبینی خۆمانی لەسەر دیاری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لیژنەی یاسا ئەوەی پێ نەسپێردراوە کە پرۆژەی یاساکان دابەش بکات بەسەر لیژنەکانی دیکە، بەڵکو ئەوە ئەرکی سەرۆکایەتییەو، ئەگەر کەموکوڕیش بووبێ لەم لایەنەوە ئەمە هەڵەی سەرۆکایەتییە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی زۆر سوپاسی هەموو ئەندامانی فراکسیۆنی خۆمان دەکەم کە زۆر گوێ ڕایەڵن و زۆر پابەندن بەدەوام کردن، بەڵام ئێستا هەندێ لە ئەندامانی

فراکسیۆنەکەمان بە ئیشوکاری رەسمی دەرچوون لەوانە دوو ئەندام لەگەڵ وەفدی پەرلەمان لە دەرەوەن، دوو ئەندامی دیکە لەگەڵ ئەو لیژنەیەن کە گەنم بە سەرناوچەی گەرمیاندا دابەش دەکات، چەند ئەندامێکمان ئێستا بە مۆڵەتی رەسمی لە کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی بەشداری دەکەن، بەڵام بەرای من هەندێ کەموکووڕیی هەیە لەلایەن سەرۆکایەتییەوە یەکێک لەوانە تاکو ئێستا مەسەلەی (تفرغ)ی ئەندام جێبەجێ نەکراوە، هەروەها وەزیرەکان ئامادە نابن لە کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا، لەگەڵ ئەمەشدا پەرلەمان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوا تێبینی جەنابت وابزانم ئەوە شتێکی راستە جاران کە لە یەک گیف دەبوونەوە هەریەکە ئاگای لەوە بوو ئەوی دیکە چ دەڵێ ئێستا دەمانەوێ هەموو لایەک بەگیانی تەبایی وهاریکاری ئیش بکەن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەزم کرد لەبارەی کاروبارەکانی پەرلەمانەوە هەندێک راستی روون بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە پەرلەمان ئەوەی لەسەرە بڕیار بدات لەسەر ئەو یاسایەی کە دێتە بەردەمی وجێبەجێ کردنەی بەرەو رووی ئەنجوومەنی وەزیران ئەبێتەوە، بەڵام بێگومان پەرلەمان پێویستە بەدوای بڕیارەکانی خۆیدا بکەوێت و بەتایبەتی کۆمیتەکان هەریەکە بەپێی پسپۆری خۆی بەپێی پسپۆڕی ئەو وەزارەتانەی کە ئەبێت ئەو یاسایانەی لێرە دەردەچێت وجێبەجێیان بکەن.

سەبارەت بە دەوام کردنەوە ئێمە ئەوەندەی پەیوەندیی بە فراکسیۆنی کەسکەوە هەیە کۆبوونەوەیەکی تایبەتییمان هەیە بۆ ئەم مەسەلەیە، هیواداریین کەوا بتوانین ئەو مەسەلە چارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە مادەی دووەمدا، ئەگەر ئەندامانی لیژنەی ئابووری رایان وایە کەموکووڕییەک لە مەسەلەی جەوهەری و بنەڕەتیدا هەیە دەتوانن داوای دواخستن بکەن، بەڵام لێرە دوو ئیعتراز هەبوو یەکیان لەسەر بودجەو، دووەمیان لەسەر بانقی ناوەندییە لە هەمان مادە(تهدف الوزارة الى وضع الاسس العامة لادارة، وتنظيم الموارد المالية للاقليم) ئەمە ئامانجی گشتی بودجەیە، بەڵام لەپاشاندا مانای بودجە بەچاکی روون دەکاتەوە کە دەڵێ: ( مراقبة سلامة التصرف لهذة الاموال).

بەڕێز کاکەڕەش باسی پلانی گەشەسەندنی ناوەندی کرد. ئێمە تاوەکو ئێستا کار بە یاسای

فیدرالی دەکەین و، یاسای تایبەتی خۆمان هەیە، لەبەر ئەوە بەرای من تاوەکو ئێستا هیچ گرفتێکی جەوهری نەبووە بۆ ئەوەی یاساکە دوابخەین، داوا دەکەم بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ کردنی یاساکە، سوپاس.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تـۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

من پێموایە زۆربەی زۆری ئەندامان کە لێرە دانیشتوون ئەم یاسایەمان لا نییە، بۆ ئەوەی بتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری ســەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئێستا زۆربەی ئەندامان ئامادە نین و، یاخود یاساکەیان لا نییە، لەبەر ئەوە دانیشتنەکە دوا دەخەین.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە گفتوگۆکردنی یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری دوا بخرێ؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز د. جـــەلال شـــەفـــیق عـــەلی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

دەربارەی مەسەلەی گۆڕینی ئەندامانی لیژنەکان من وا بە باش دەزانم کە هەر فراکسۆنێک لەگەڵ ئەندامانی خۆی باسی ئەم بابەتە بکات.

سەبارەت بە ئیشوکاری لیژنەکان، بەراستی ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان کاتێک دەستمان کرد بە کۆبوونەوە هەموو بەدڵێکی زۆر گەرمەوە ئیشمان کرد و، زۆر پێشنیار هەبوو کە لیژنەکان هەریەکە بەپێی پسپۆری خۆی پێشکەشی سەرۆکایەتی کرد، بەڵام بەداخەوە وەڵامەکە ئەوە بوو کەوا لیژنەکانی پەرلەمان دەبێت چاوەڕوان بن تاوەکو لای وەزارەتەکان کاروباریان بێت یا هەیکەلیان بێت، بەراستی ئێمە زۆر ئازاد نین لە کارەکانماندا، هەروەها وەڵامی پێشنیارەکانمان لەلایەن سەرۆکایەتییە زۆر درەنگ دەگات، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری ســەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئێمە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانمان هەیە، لەبەر ئەوە بیر لەوە ناکەینەوە کە دەسەڵات بەسەر حکومەتدا بسەپێنین، ئەگەر یەکێکیش بەم شێوەیە بیر بکاتەوە ئەوە هەڵەیە، چونکە حکومەت لایەنی جێبەجێ کردنە و، ئەوان ئیشی خۆیان دەبەن بەڕێوە، ڕۆڵی پەرلەمانیش ئەوەیە کە بڕیار دەربکات و، بەدوای جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دابچێت، هەروەها دەبێت بە گیانێکی تەبایی هاوکاری حکومەت بکەین.

دەربارەی مەسەلەی قسە کردنی ئەندامان، بەراستی ناکرێت لەسەر هەر بابەتێک هەموو ئەندامان قسە بکەن، ئێمە پێشتر لەگەڵ فراکسیۆنەکان رێککەوتین، کەوا لە هەر فراکسیۆنێک (٣ـ٤) ئەندامی پسپۆڕ لە بابەتی دانیشتنەکە دەستنیشان بکرێن بۆ قسە کردن، بۆ ئەوەی کات زۆر بە فیرۆ نەدەین.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

من پشتگیری لە بەشێکی زۆر لە قسەکانی د.جەلال دەکەم لەوەی کە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆیان هەبێ پێشنیارەکانی خۆیان پێشکەش بکەن و، رێگەیان پێ بدرێ قسەکانی خۆیان بکەن و، ئێمە حەز ناکەین کە جیاوازی هەبێت لە نێوان سەرۆکی فراکسیۆنەکان و، ئەندامانی فراکسیۆنەکان، پێویستە هەموو ئەندامێک راو بۆچوونی خۆی دەربرێت.

دەربارەی پرۆژەی یاساکان من پێشنیار دەکەم کەوا رۆژێک پێشتر دابەش بکرێن بەسەر ئەندامان، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئەوەی کە بەڕێز فرەنسۆ پێشنیاری کرد راستە نەک هەر سەرۆکی فراکسیۆنەکان مافی ئەوەیان هەبێ لەتازە بابەتدا خاڵ زیاد بکەن ئەندامانیش دەبێ مافیان هەبێ، بەڵام بەداخەوە ئەوە پێڕەوی ناوخۆیە کە هەمووتان رەزامەندیتیان لەسەر کردووە، دەبێت تازە بابەت تەنها لەلایەن سەرۆک فراکسیۆنەکانەوە پێشنیار بکرێت، ئەگەر هەمووشتان راتان وایە ئەم مادەیە باش نییە ئەوا پێشنیارێک پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی ئەم خاڵە لە پێڕەوەی ناوخۆدا هەموار بکرێت.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

من مەبەستم تازە بابەت نەبوو، هەر ئەندامێک پێشنیارێکی هەبووبێ و، پێشکەشی ئێمەی کردبێ ئەوا ئێمە بەناوی ئەوانەوە پێشنیارمان کردووە، بەڵام ئەندامان هەندێ پێشنیار بە نووسین پێشکەش دەکەن حەز دەکەن ئەوە رەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

من ئەو بابەتەم دواخست، لەبەر ئەوەی وای بۆ دەچووم کە دوای ئەو گفتوگۆ و تێبینییەی ئەندامانی بەڕێز، سەرۆکایەتی چارەسەرێک بۆ بەڕێوەبەردنی دانیشتنەکان بدۆزێتەوە، چونکە بەراستی ئێمە زۆر ئەرکی گرنگمان لەسەرە لە کوردستان کە جێبەجێ نەکراوە، وەکو هاتنە ناوەوەی هێزی بیانی بۆ کوردستان، هەروەها یاسای کۆمەڵەو رێکخراوەکان و، گەلێک یاسای گرنگی دیکە، کە پێویستە پەلەیان لێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنـســــۆ تۆمـــــــا هەریری:**
**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

من پێشنیارم دەکەم سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی لەگەڵ سەرۆکی هەردوو فراکسیۆنەکان و، هەمـوو ئەندامـان دانیشـتنێکی داخراو ببەستێ و، زۆر بە راشکاوی لەسـەر کەمـوکووڕیی خۆمـان و،هەروەها لەسەر چۆنیـەتی ئیش کـردنمان و، چۆنیـەتی رەفـتـارکردنمان بەتێـرو تەسـەلی قسەی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز فـەلەکـەدین سـابیـر کـاکـەیی:**
**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــــەن.**

ئەم بابەتانەی کە ئێستا هاتنە پێش جگە لە مەسەلەی یاسایی، مەسەلەیەکی دیکە هاتە پێش، ئەویش رۆڵی پەرلەمانە لە لێکۆڵینەوە لە کاروباری سیاسی رۆژانە و،کاروباری سیاسی گرنگ، ئایا چۆن لێی دەکۆڵێتەوە؟، ئایا پەرلەمان تەنها بڕیار و یاسا دەردەکات؟ یاخود دەبێت پاش دەرچوونی یاساکان دیسان لێیان بکۆڵێتەوە؟، من پێشنیار دەکەم چارەسەری ئەم بابەتە بکرێ.
سەبارەت بە قسە کردنی ئەندامان بەرای من ئەندامان ئازاد بن لە دەربڕینی بیرو بۆچوونەکانیان، تەنها بەپێی رێنمایی فراکسیۆنەکانیان قسە نەکەن، چونکە ئەمڕۆ لە کوردستاندا زۆر مەسەلەی کۆمەڵایەتی و، سیاسی گرنگ هەیە کە ئەندامانی پەرلەمان حەز دەکەن رای خۆیان دەربارەی بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**
**بەڕێـز ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

وابزانم ئێمە زۆر لەباسەکەی خۆمان دوور کەوتینەوەو، ئەو پێشنیارە زۆر بەجێیە کەوا ئێمە کـۆبوونەوەیەکی داخـراومـان هەبێ بۆ لێکۆڵینەوە لەم باسـە، داوا دەکـەم دەنگدان لەسـەر ئەم پێشنیارە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری ســەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

من خـۆم لەگـەڵ ئەوەدام کە هەر شتـێک پەیوەندیی هەبێت بەقـوڵ کـردنەوەی دیموکـراتیـەت و، بیروڕای ئازادی هەموو ئەندامێک رێزی لێ بگیرێ، لەبەر ئەمەش پێشنیاری ئەندامانی هەردوو فراکسیۆن دەخەینە دەنگدانەوە.
پێشنیـارەکە ئەوەیە کـە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشـتـمـانیی لەگەڵ سـەرۆکایەتی هەردوو فراکسیۆن و، ئەندامانی پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی داخراو بکات بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر بابەتی شێوەی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان بکەین. ئینجا ئەگەر رازی بن رۆژی پێنج شەممەی ئاینده دادەنێین بۆ ئەم دانیشتنە.
ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە رۆژی پێنج شەممە دابنێین بۆ ئەم دانیشتنە داخراوە؟ تکایە دەست

بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کـرایەوە سـوپاسـتـان دەکـەین.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ پێشنیـارەکە پەسند کـرا. ڕۆژی پێنج شەممە کـاتژمێری (١٠)ی بەیانی دانیشتنە داخراوەکە دەکەین.

**بەڕێز د. کەمـال عـەبدولکەریم محـەمـەد فوئاد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئێمـە کە وتمان کۆبوونەوەیەکی داخـراو بۆ ئەو باسانە بکەین، بێگومـان ئەو کۆبوونەوەیە دەبێت ئازاد بێت و، ئەندامـانی پەرلەمـان بەراشکاوی بیـروڕا و بۆچوونەکـانیـان دەربـبڕن، ئینجـا نازانم بەڕێزان لە فراکسیۆنی زەردەوە لەم بارەیەوە سەرنج و بۆچوونەکانیان چۆنە، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

بێگومـان هەمـوو ئەندامـان دەیانەوێت لەم کۆبوونەوەیەدا قسـە بکەن و، رایان دەربـبڕن، بەڵام من مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەتوانین لە یەک کۆبوونەوەدا هەموو مەسەلەکان باس بکەین؟.

ئێستا دێینە سەر خاڵێکی دیکە لە بەرنامەی ئەمڕۆماندا. ڕاپۆرتێک هاتووە لە وەفدی پەرلەمان لە دەرەوە، ئەگەر کاک بارزان بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز بـارزان خـالیـد عـەزیـز:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئێـسـتـا راپۆرتی چالاکیـەکـانی وەفـدی پەرلەمـانی کـوردسـتـانتـان پێشکـەش دەکـەم کـە لە (سوید)ەوە ناردوویانە وئەمە دەقەکەیەتی:

**کـۆبوونـەوەی یەکـەم (١٩٩٢/١١/١٥):** کۆبوونەوەیەکمان کرد، لەگەڵ فراکسیۆنی کۆمـەڵە کوردستانییەکان، بۆ ئەوەی باسی بارودۆخی کوردستان بکەین.

**کـۆبوونـەوەی دووەم (١١/١٦):** کـاتژمێـر (١٠) لەگەڵ سەرۆکایەتی خاچی سووری سوید کۆبووینەوە. پاش ئەوەی بەکورتی باس بارودۆخی کوردستانمان کرد، ئەوەمان راگەیاند کە بەلای ئێمـەوە زۆر گرنگە کە ڕاستەوخۆ یارمـەتیمـان بدەن، زۆریان پێ خۆش بـوو و، پرۆژەی باشیـان هەیە جگە لە پرۆژەی قـەندیل هەندێ پرۆژەیان بۆ ناوچەی گـەرمـیـان هەیە، هەروەها چەندین کـەلوپەل و پێـداویسـتـی بۆ وەزارەتی تەندروسـتی و، زۆریش تەئکیـد لەسـەر ئەوە دەکـەن کـە پێویستە ڕێکخراوی مانگی سووری خۆمان هەبێ.

**کـۆبوونـەوەی سـێـیـەم (١١/١٦):** کـاتژمێـر (١٢) لەگەڵ سەرۆکـایەتی سۆسـیـال دیموکـرات کـۆبووینەوە کـە بۆ نانی نیـوەڕۆ لەلایەن ئەوانەوە داوەت کـرابووین، لەم کـۆبوونەوەیەدا زۆر بە باشی باسی بارودۆخی کوردستانمان کرد و،گفتوگۆمان لەبارەی ئەم خاڵانەی خوارەوە کرد:

١ـ یارمەتیمان بدەن لەم ئەزموونە دیموکراتییەدا، بەتایبەتیش سۆسیال دیموکرات.

٢ـ یارمەتی ئابووری زۆر پێویستە بەتایبەتی ئەگەر بەهاوکاری لەگەڵ بازاڕی ئەورووپی هاوبەش و، پرۆژەی مارشالی بچووک بۆ بوژاندنەوەی ئابووری کوردستان جێبەجێ بکرێت.

٣ـ هەوڵ بدەن کۆنفرانسێکی جیهانی بۆ مەسەلەی کورد ببەسترێ، کە پێشنیاری پێشوو وەزیری ئەڵمانیای (هانز دیتریش گیشنەر) بوو.

٤ـ فشار بخەنە لەسەر (تورکیا، ئێران، سوریا)، بۆ ئەوەی ئەو هاوکارییەی نێوانیان نەبێتە مەترسی لەسەرمان و، هەر دوو لامان رامان وابوو ئەم سێ وڵاتە نەک تەنها لە مەسەلەی کورد دەترسن، بەڵکو زیاتر لە بڵاوبوونەوە دیموکراتی ئەترسن.

٥ـ مەترسی خۆمان پیشان دا بەرامبەر بەرێککەوتنی نێوان رژێمی عێراق و( un) بەتایبەتی ئەوەی لەلایەن (نزار حەمدون) و (جان ئەلیاسون) ئیمزا کراوە و، روونمان کردەوە کە ئێمە گومان لەوە دەکەین کە ئەلیاسون سەفقەیەکی لەگەڵ عێراقدا کردووە زۆر کە کار لەسەر ئەلیاسون دەکات.

٦- هەوڵ بدرێ ئابڵووقەی ئابووری لەسەر کوردستان هەڵبەسترێ، بۆ ئێمە باجی سیاسەتی سەدام حوسێن بدەین؟.

**کۆبوونەوەی چوارەم:** رۆژی سێ شەممە (١١/١٧) کاتژمێر (٩)ی بەیانی دوو ئەندامی وەفد کۆبوونەوە لەگەڵ رێکخراوی پاراستنی منداڵان لە سوید باسی گیروگرفتی مناڵیان لە کوردستان بۆ کردوون بەتایبەتی مناڵانی شەهیدان و ئەنفالەکان. ئەوان رایانگەیاند کە بۆساڵی داهاتوو نزیکەی نیو ملیۆن کرۆن پرۆگرامیان هەیە لە کوردستاندا.

**کۆبوونەوەی پێنجەم:** رۆژی سێ شەممە (١١/١٧) کاتژمێر (١٣)ی نیوەڕۆ وەفدەکەمان لەلایەن پەرلەمانی سویدی پێشوازی کرا بۆ گەشتێک بەناو پەرلەمانی سویدیدا، هەروەها ئامادەبووغان لە دانیشتێکی پەرلەماندا.

پاشان کۆبووینەوە لەگەڵ فراکسیۆنی چەپەکان، لەم کۆبوونەوەیەدا جێگری سەرۆکی پارتی چەپ و، سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی حزب و، ئەندامی پەرلەمان، لەگەڵ سکرتێری حزب لەم کۆبوونەوەیەدا زۆر بە درێژی باسی بارودۆخی کوردستانمان بۆ کردن، هەروەها داوای پشتگیری سیاسی و ئابووریمان لێ کردن وئەوانیش بەڵێنی ئەوەیان دا ئەگەر بتوانن یارمەتیمان دەدەن.

کاتژمێر (١٩) لە بارەگای فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان کۆبووینەوە لەگەڵ نوێنەری هەموو حزبە سیاسیە کوردستانی و،کوردییەکان، لەم کۆبوونەوەیەدا لەسەر بارودۆخی کوردستان قسەمان کرد، ئەوەی شایەنی باسە گفتوگۆ لەلایەن ئەوانەوە بەگیانێکی پر سۆزو هەستی بەرپرسیەتی بوو بۆ ئەم ئەزموونە دیموکراتیەی کوردستان، هەروەها ئامادەیی خۆیان پیشان دا بۆ ئەوپەڕی یارمەتی وهاوکاری، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس کاک بارزان. ئێستا دێینە سەر خاڵێکی دیکە لە بەرنامەی ئەمڕۆماندا ئەویش

بەرچاوخستنی راپۆرتێکە لەبارەی مافی مرۆڤەوە. بەڕێز حسێن عارف فەرموو بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ پەرلەمانی کوردستان.**

**بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.**

سڵاوێکی شۆڕشگێرانە.

هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین بەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی (١٠/١١/١٩٩٢) ماف پەروەرانی شاری هەولێر کۆبوونەوەکیان سازدا بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر بارودۆخی ئێستای شارەکەمان بەتایبەتی و، سەرتاسەری کوردستان بەگشتی، جا بەپێویستمان زانی کە راو بۆچوونی ماف پەروەران ئەو پێشنیار و بریارانەی لە ئەنجامی کۆبوونەوەکە دەرکران بخەینە بەرچاوی بەڕێزتان. هیوادارین بە ئەرکی سەرشانی خۆمان هەڵسابین و، توێژێکی یاسا و رۆشنبیر و ماف پەروەر لە خوارەوەدا کورترین ئەو خاڵەکانی پێش چاو دەخەین لە پێشنیارەکانمان لەبارەیەوە بەهیوای دۆزینەوەی چارەسەرێ بۆیان بە پێی توانا دەسەڵاتی ئیشیان دراوەتێ لەلایەن سەرجەمی گەلەکەمانەوە:

١ـ چەسپاندنی یاساو، رێزگرتن لە مافی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی کوردستانی باشوور لە دواییدا پرۆسەی دیموکراتی کردنی کردووە بەسەر مەشقی کارەکانی، جیهان زۆر بەهێزەوە دەڕوانێتە سەر فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا لە هەموو لایەکەوە چاویان بریوەتە هەڵسوکەوتی لێپرسراوی دەستە و دایەرەکان بەتایبەتی راگەیاندنی بێگانە زۆر بە وردی رەفتارەکانیان هەڵدەسەنگێنن. جا بۆ ئەوەی ئەو تەرخانە لەدەست نەدەین پێشنیار دەکەین:

أـ گرنگیەکی تایبەتی بدرێتە مافی مرۆڤ و، بەهیچ جۆرێک ماوە نەدرێت بۆ پێشێل کردنی. لەم دواییەدا دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش لە هەولێر و شارەکانی دیکە گوێ بەم لایەنە نادەن و، زۆر بەزەقی مافی مرۆڤیان پێشێل کردووەو، رێز لەیاسا نانێنن وەک:

١ـ گرتنی هاووڵاتییان بەبێ بریاری دادوەری لێکۆڵینەوە (حاكم تحقيق).

٢ـ بەردانی گیراوان بێ ئاگاداری داوەری لێکۆڵینەوە.

٣ـ ئەشکەنجە وسزادانی گیراوان بەشێوەیەکی لە رادەبەدەر.

٤ـ دەست بەسەردا گرتنی پارە وپوولی گیراوەکان و زەوت کردنیان.

٥ـ ماوە نەدان بە پارێزەران بۆ بینینی فایلی گیراوەکان، رەت کردنەوەی بریاری بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوە لەو بارەدا.

ب ـ دەرکردنی فەرمان و بریاری بەڕێوەبردنی لە چوار چێوەی یاسادا وا تێبینی کراوە کە وەزارەت و فەرمانگاکان هەندێ فەرمان و بریاریان دەرکردووە بە پێچەوانەی یاسا کە ئەمەش لە خۆیەوە ئەنجامەکەی بە بەپێچەوانەوە دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە بریاری ڕاگرتنی کڕین وفرۆشتنی زەوی وەک یاداشتێک بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانمان ناردبوو بووە هۆی ژیانی بژێوی ژیانێکی دارایی و، پەکخستنی بەندەکانی یاسا و، هەروەها بریاری کار نەکردن بەرەسمی زیانێکی گەورەی گەیاند بەخاوەنەکانیان و، برا پارێزەرەکان لە کارەکانیان ڕاگیراون و، لەلایەکی ترەوە قەدەغە کردنی ماڵەوەدان بە پارێزەران بە پارێزەر گرتن بۆکاروباری قاسرەکان و، لەو کارانە یاسا مادەی پێ داوە کە ئێمە وانەی یاسایی بەو لایەنە بگەیەنێت نەک بەو ئەرکانە.

ج ـ پەلە کردن لە دەست بەکاربوونی وەزارەتی داد، بێگومان وەزارەتی داد بە بنکەی دادگاکان دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هاوولاتیان وزۆربەی زۆری بڕیارەکانی بەڕێوەبردنی دادگاکان لەوێ دەردەچێت، جا بەپێویستی دەزانین پەلە بکرێ لە دانانی یاسای ئەم وەزارەتە و، پەسەند کردنی بۆ ئەوەی دەست بەکار بن، ئەمیش بە زووترین کات بەم ئەرکانە هەڵسێت:

١ـ دانانی دادگای باڵای پاک سازی (محكمة التمييز) بۆ ئەوەی بەزووترین کات دەست بکات بەبینینی ئەو داوایانەی کەڵە کە کراوە کە تا ئێستا بڕیاردانی کۆتایی پێ نەدراوە.

٢ـ دامەزراندنی دەرچووانی پەیمانگای دادوەری (المعهد القضائي) کەتا ئێستا چاوەڕوانی دامەزراندنی دەکەن.

٣ـ گێڕانەوەی ئەو دادوەرە بەڕێزانەی کە لە بارودۆخێکی تایبەت کارنشین کراون ئامادەی خۆیان دەربڕیوە بەکارکردن لە سێبەری فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان.

د ـ بۆ ئەوەی ئەرکی سەرشانی لیژنەی یاسا لە پەرلەمان سوک بێ و، بەپەسەندی دەزانین لیژنەی پارێزەر لە ماف پەروەرانی دابنرێ و، یارمەتی دانی لیژنەی ناوبراو لەو ئەرکە زۆرەی خراوەتە ئەستۆیان وەک ئامادەکردنی پرۆژەی یاساکە و دەستنیشان کردنی ئەو یاسانەی ناگونجێن لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کوردستان و، پێشکەش کردنی بە لیژنەی ناوبراو ئەمەش لە ڕێگەی یەکێتی ماف پەروەران ئەبێت.

هـ ـ بۆ ئەوەی دەسەڵات وئەرک و فەرمانەکانی هەر وەزارەتێک لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەو، فەرمانگەکانی ژێرەوەیان تێک نەچێت بەپەسەندی دەزانین هەر وەزارەتێک دەسەڵاتی خۆی و، فەرماندارییەکانی خۆی دیاری بکات، بۆ ئەوەی هەر لایەنێک کار و فەرمانەکانی خۆی بەرێکوپێکی ببەن بەڕێوە، بۆ نموونە ئێستا وەزارەتی شارەوانی لەگەڵ پارێزگای هەولێر دەسەڵاتەکانیان تێک ئاڵاوە کاروباریان وەک پێویست بەڕێوە ناچێت و، بەرژەوەندی

هاووڵاتییان لەئەنجامدا تووشی گیروگرفت بووە.

٢ـ بڵاوبوونەوی بەدکاری بەڕێوەبردن (الفساد الاداري).

أـ هەر چەندە بارودۆخی ئابووری و، بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی کارێکی کردۆتە سەر هاتووچۆی فەرمانبەرەکان وکارمەندان، بەڵام نابێ ئەمە ببێتە هۆی نەهاتن بۆ فەرمانگەو، بەجێ هێشتنی دەوام وجێبەجێ نەکردنی کاروباری هاووڵاتییان، بۆیە بەپەسەندی دەزانین کەوا نووسراوێک ئاراستەی گشت فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی کوردستان بکرێ کە فەرمانبەران دەوام بکەن و، دریغی نەکەن لەکارەکانیان و، سەرپێچیکار سزا بدرێت و، پەیوەندیی لەگەڵ هاووڵاتی و، هاتووچۆ کاران برایانە و دڵسۆزانە بێت و زۆر بەسنگی فراوانەوە لێ بوردنی گشتی بۆ دەست ودایەرەکان و پیاوانی رژێم دەربکەن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئەو جۆرە کەسانە لە هەمان شوێنێک وپارەی خۆیان و، هەروەک جاران مافی تاوانبارانەی خۆیان تێ بگەن وردە وردە لەژێرەوە فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان بەپێی توانا تەگەرە بخەنە پێش فەرمانگەکان، بە پێویستی دەزانین:

١ـ ئەو فەرمانبەرە کۆنانەی سەربە رژێمن لە شوێنی خۆیان لابدرێن گوێ نەدرێت بە قسەیان و، چاودێری هەڵسوکەوتی گومان لێ کراوان بکرێ.

٢ـ شوێنەکانی ئەو فەرمانبەرانەی کەباسمان کردن پڕ بکرێتەوە بە فەرمانبەری لێ هاتوو و دڵسۆز خاوەن رابووردووی پاک، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیار دەکەین ئەو فەرمانبەرە کارنشینانە لێ هاتوو و دڵسۆزانە بگەڕێنەوە بۆ سەر فەرمان بەپێی ئارەزووی خۆیان شوێنی لابراوەکان بگرنەوە.

٣ـ باری ئابووری لەبەر ئەوەی ناوچەکەمان بە بارودۆخێکی تایبەتیدا تێ دەپەڕێ کەوتۆتە ژێر گوشاری دوو ئابڵووقەی ئابووری وگرانیەکی زۆر نالەبار باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە کێشەیەکی زۆر کەوتۆتە ناو هاووڵاتییان بەپەسندی دەزانین:

أـ نووسراوێک ئاراستەی گشت دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بکرێ، بۆ ئەوەی هەنگاوی پێویست باوێن بۆ چارەسەر کردنی زۆر پێویست نەبێ پارەی بۆ تەرخان نەکەن.

ب ـ وەک ئاشکرایە لەهەموو لایەکمان بەڵێنێکی زۆرمان پێ دراوە بۆ ناردنی ئازووقە و سووتەمەنی، دەم تادەم هەوڵی ناردمان بۆ دراوەو، هەر چۆنیەک بێ ئەو سێ شتە زۆر چاکە لە کاتی پێویستی خۆی، بەڵام ئەوەی کە بەگرنگی دەزانین ئەمە وا بکرێ کاتێک ئەو فریاگوزارییانە دەگات دەست بەجێ دابەشی بکەن بەسەر هاووڵاتییان، داوا بکرێ بگاتە دەست هەموو هاووڵاتییان بێ جیاوازی و، شەڕوشەق، بۆ ئەم مەبەستەش وا بەچاکی دەزانین هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ ئامادە بکرێ فەرمانگە پەیوەندیدارەکان بکرێتەوە بۆ دانانی

نەخشەی ڕێکوپێک بۆ دابەش کردنی ئەو فریاگوزاریانە.

ج – چاودێری کردنی بازاڕ و قەدەغەکردنی گلدانەوەی خۆراکە سەرەکیەکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی نرخیان وئیحتکار و،دەست بەسەر داگرتنی و، هەر خۆراکێک و کەلوپەلێکی دەرباز دەکرێت بۆ ناوچەی دیکە و، دەست بەسەرداگیراوەکە بکرێتە داهات بۆ خەزینەی دەوڵەت، یان ڕاستەوخۆ بدرێ بەوەکیلەکان بۆ دابەش کردنی بەسەر هاووڵاتییان.

د – داوا لە فەرمانداری دامودەزگاکان بکرێ کەپارەی کۆپی کراو لە هاووڵاتییان وەربگرن ناچاریان نەکەن بەپارەی کۆن و، هەروەها فەرمان بدرێ بە وەرگرتنی دراوی (٢٥دیناری) گەورە کە لەبازاڕدا ناونراوە بەتانی.

هـ – پێشنیار دەکەین لەبەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستان یارمەتی ئەوە نادات کە میری ڕاستەوخۆ بازاڕەکانی کەل وپەلی خۆراک بکاتەوە بۆیە داوا لە زەنگینەکانی وڵات بکرێ بەو پارەیە خۆراک لە دەرەوە بێنن و، میریی بەقازانجێکی گونجاو لێیان وەربگرێ و، ئینجا بیداتە وەکیلەکان بۆ ئەوەی بیفرۆشنە هاووڵاتییان بەنرخێکی گونجاو وئەمەش کار دەکاتە سەر دابەزینی نرخی خۆراک.

و – لەبەر ئەوەی کارەبا ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە ژیانی هاووڵاتییان بەتایبەتی لەم کاتەی کە سووتەمەنی زۆر گران دەست دەکەوێ، بەپێویستی دەزانین چاودێری ڕاستەوخۆی ئەو دوو پرۆژەیە بکرێ لەلایەن دەزگاکانی باڵاوە، ئەنجامدانی دابەش کردنی کارەبا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەسەر گەڕەک وکوچە وکۆڵانەکان بۆ ئەوەی هیچ شوێنێک بێ بەش نەکرێ و، ڕۆژانەش ئامۆژگاری بەکارهێنانی کارەبا بڵاوبکرێتەوە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوچەکان بەرادیۆ وتەلەفزیۆن.

٤– جەماوەر هەواڵی دانی یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەی هەموو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان زۆر بەگرنگ دەزانێ، چونکە بێ گومان ئەم کارە هەنگاوێکی سەرکەوتووە لە کاروانی خەباتی وڵاتەکەمان لە پێناو چەسپاندنی فەرمانڕەوایی یاسا لەسەر یاسای پێشێل نەکردنی ئاسایش و هێمنی لەکوردستاندا، بەڵام وا دەردەکەوێ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە مێژووییە دواکەوت و، ئێمە بەپەسەندی دەزانین پەلە بکرێ لەجێبەجێ کردنی بڕیارەکە، چونکە ئەوانە لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکەو، ئیتر بۆ پێشەوە لەژێر ئاڵای پەرلەمانی کوردستان و، ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان. سەرفرازی ونەمریی بۆ شەهیدانی کورد وکوردستان بەگشتیان کە ئەم بارودۆخەیان بۆ ڕەخساندین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەفدێک لەم بەڕێزانەی ئەم ڕاپۆرتەیان ئامادە کردووە سەردانی پەرلەمانیان کرد، ئێمەش

بەراستی ڕێزێکی زۆرمان لەو ماندووبوونەیان گرت و، داوامان لێ کردن بۆ هاندانی ئەم کۆمەڵە لەگەڵ کۆمەڵێکی وا لە ناوچەی سلێمانی ودهۆکیش ڕێک بکەون و، سەرۆکایەتییان بکەن ئەتوانێ ببێتە یاردەدەرێکی باش بۆ پەرلەمان، ئەو پێشنیارەیان زۆر بەدڵ بوو ئەوان ئامادەن خۆیان لەم بارەیەوە ئەم هاوکارییە بکەن.
پێشنیارێکی دیکەشمان بۆیان کرد کە بژارێکی ئەو یاساو بڕیارانەی یاسای عێراقی بکەن کە کامیان لەگەڵ بەرژەوەندی میللەتی کورد دەگونجێن و، کامیان ناگونجێن، ئەوانیش ئامادەیی خۆیان نیشان دا بۆ ئەم کارە.
لە کۆتاییدا زۆر سوپاسمان کردن بۆ ڕاپۆرتەکیان و، پاشان پێمان ڕاگەیاندن کە ڕاپۆرتەکەیان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، بۆ ئەوەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان خاڵەکانی جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بێگومان برا پارێزەرەکان و ماف پەروەرەکان هاتن بۆ ئێرە ئێمەش من وکاک شێروان لەگەڵ جەنابتان لەگەڵیان دانیشتن وقسەکانی جەنابت کردت تەواو بوو، بەڵام یەک خاڵ ماوە سوپاسیان دەکەین و، ئەوان داوایان کردووە لیژنەیەک دابنرێ و، پاڵپشتی لیژنەی یاسای پەرلەمان بێت و، بەڵام ئێمە ئەو داوایەیان لێ بکەین، چونکە ئێستا چاوەڕوانی ئەوەن سەرۆکایەتی بەنووسین داوایان لێ بکات، ئەگەر وا بکرێ پێموایە باشترە زووتر ئیشەکە جێبەجێ دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەراستی ئەم یاداشتە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوە من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەم یاداشتەو، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم بەدوای جێبەجێ کردنی ئەم ڕاپۆرتە دابچێت بەتایبەتی مەسەلەی بەندییەکان، بەراستی لە کوردستانێکی ئازاد و دیموکراتی ئەبێ هەوڵ بدەین مەسەلەی زیندان وئەشکەنجەدان نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
دەمەوێ بەئێوەی بەڕێز ڕابگەیەنم کە لیژنەیەک لە ژووری پارێزەرانی هەولێر نزیکەی (٢٠) ڕۆژ، یاخود مانگێک پێش ئێستا دامەزرا بۆ پاڵپشتی کردنی لیژنەی یاسای پەرلەمان و، بەڵام بەرای من چاکترە سەرۆکایەتی پەرلەمان نووسراوێک بنووسێ بۆ ئەوەی زیاتر هانیان بدات و، ئەوان

چەند پرۆژەیەکیان ئامادە کردووە لەم رۆژانە لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی یاسای پەرلەمان دەیان دەینێ بۆئەوەی سوودی لێ وەربگرن، بەڵام بۆ پاڵپشتی کردنیان پێویست بەوە دەکات سەرۆکایەتی پەرلەمان نووسراوێکیان بۆ بنووسێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێهات دانیشتنی ئایندە بەیانی کاتژمێر (١٠) دەبێت، زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٤)

دووشەممە ڕێكەوتی٢٣/١١/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٤)

## دووشەممە ڕێکەوتی ٢٣/١١/١٩٩٢

***کاتژمێر(١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٣/١١/١٩٩٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (٥٤)ی خولی یەکەمی ئاسایی، ساڵی یەکەمی خۆی بەست.***

***سەرەتا لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێندار، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن بە ناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ ئەنجامی کۆبوونەوەی سێ قۆڵی نێوان تورکیا، ئێران وسوریا.***

***٢ـ پێش چاوخستنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی دارایی وئابووری.***

***٣ـ پێش چاوخستنی پرۆژەی یاسای دەستەی فێرکردنی باڵا.***

***٤ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ سەرۆکی هەردوو فراکسیۆنەکە کۆبووینەوە بڕیارمان دا کە دانیشتنەکانمان لە ڕۆژی شەممەی ئایندەوە لە کاتژمێر (٩.٣٠)ی سەر لەبەیانییەوە دەست پێبکات تاوەکو کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ و لە (١٢تا ١٢.٣٠) پشووە بێت و لە (١٢.٣٠ تا ٢.٣٠) بەردەوام دەبین لە سەر دانیشتنەکانمان و، ڕۆژانی دوو شەممەی هەموو هەفتەیەک تەرخان دەکرێت بۆ کۆبوونەوە و ئیشوکاری لیژنەکانیان، دانیشتنی دوێنێمان لەسەر یاسای وەزارەتی دارایی وئابووری بوو کە دواخرا، چونکە زۆربەی ئەندامە بەڕێزەکان وتیان: نوسخەی ئەو یاسایەمان لا نییە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە دوێنێ لە نزیک کۆتایی هاتنی دانیشتنەکەمان ئاگاداری منیان کردەوە کە بەشی فراکسیۆنی ئێمە دراوە بە بەڕێز مەلا هادی، بەڵام دیار بوو ئەو دابەشی نەکردبوو بەسەر ئەندامەکاندا ئەوە یەکەم، دووەم لەسەر ڕۆژی دووشەممە ڕوونکردنەوەیەکم هەیە، ڕۆژی دووشەممەش دانیشتن هەیە و، پشوو نییە ئەندامەکان دەبێ لێرە حازر بن تەنها دانیشتنی ئەنجومەن ناکەین بۆ ئەوەی ئیشوکارکان تەواو بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە ئەو ڕۆژە ڕۆژی پشوو نییە و، ئەو ئەندامەی لە لیژنەیە بە کاروباری لیژنەی خۆی هەڵدەستێت و ئەوەیشی لە لیژنە نییە هەڵدەستێ بە ئیشی فراکسیۆن واتا ڕۆژی کارە و ڕۆژی کۆبوونەوەی گشتی نییە، ئەمڕۆ ئەنجامی کۆبوونەوە سێ قۆڵییەکەی تورکیا وسوریا دەیخەینە ناو پرۆگرامانەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکی فراکسیۆنی ئێمە ئەو خاڵەی پێشکەش کردبوو ئێستا جەنابی لێرە نییە، تەنها ئەوەی بەلای فراکسیۆنی ئێمەوە گرنگە کە تاوەکو چ ڕادەیەک ئەم کۆبوونەوە سێ قۆڵییە کار دەکاتە سەر بارودۆخی کوردستان و، ئایا ئێمە چی بکەین کە ئەم کۆبوونەوەیە کار نەکاتە سەر ئەزموونەکەمان و دوا ڕۆژمانیش، سێ جەمسەری لەیەک جیاواز کۆدەبنەوە کە یەکێکیان سوریایە و داوای ئەمن و یەکێتی عەرەبی دەکات و عێراقیش بە پارچەیەک لە یەکێتیە عەرەبیەکەی خۆی دادەنێت و، ئەوی تریشیان تورکیایە کە دەیەوێت ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەوێ دووبارە بکاتەوە و هەردەم ولایەتی موسڵ زیند و دەکاتەوە. سێیەمیش ئیمپراتۆریەتی فارسییە کە دەیەوێت ئیمپراتۆریەتە فارسییەکەی کۆن وئیمپراتۆریەتی ئیسلامی نوێ بگەڕێنێتەوە و، هەر سێ لایان تەماحی خۆیان هەیە و پێویستیان بە کوردستانی عێراقیش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە برادەرانی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی حزبەکان هەندێکیان هەیە کە ئاگادارترن و ئەبوایە چاوەڕوانی هەندێ ڕوون کردنەوەی ئەوان بین، ئەو شتەی کە ئەتوانرێت بووترێت ئەوەیە کە ئەو سێ دەوڵەتە لەگەڵ فیدراڵی کوردستاندا نین، یا هەندێ شتی تر دەربارەی کوردستانی عێراق لە کۆبوونەوەکەیاندا باس کرابێت، بەڵام دیارە ئەوان لەسەر هیچ مەسەلەیەکی خۆیان ڕێک نەکەوتوون، مەسەلەی P.K.K زیاتر مەسەلەی ئێران و تورکیایە وەک لەوەی مەسەلەی حکومەتی فیدراڵی کوردستان عێراق بێ و ئەوانیش بە هیچ جۆرێک داوایان لە ئێران نەکردووە کە سنوورەکانیان بپارێزن، بەڵکو داوا لە ئێمە دەکەن ئاگاداری سنوورەکانی خۆمان بین، گەلێک شتیان دەربارەی کورد وتوە ئێمەش ئەبێ بەرامبەر ئەوە بە شێوەیەکی هێمنانە ڕای خۆمان بە ڕای گشتی جیهانی بگەیەنین، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزد.عیزەدین ئاماژەی بۆ خاڵێک کرد کە لایەنە سیاسیەکان لەوانەیە زیاتر ئاگادار بن لەسەر

ئەنجامی ئەم كۆبوونەوەیە كە كراوە، بەڵام من لێرە ئەڵێم رەنگە سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر ئەو كۆبوونەوەیە زیاتر ئاگادار بێت و لە ئەنجامەكەش ئاگادار بێت، پێش ئەوەی هەر هەڵوێست وەرگرین و بزانین ئەم كۆبوونەوەیە ئەنجامەكەی چییە؟، پەرلەمانیش بریار بدات كە موزەكەرەیەك بدرێتە نەتەوەیەكگرتووەكان و پەرلەمانەكانی تری جیهان بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆیان دەبرن، سوپاس.

**بەرێز عەبدولخالق محەممەد رەشید زەنگەنە:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەم بابەتە بابەتێكی گرنگە و ئەبێت لە ناوەرۆكی ئەركەكانی ئەنجوومەندا گفتوگۆی قوڵی لەسەر بكرێت، من رام وایە ئەم جۆرە بابەتانە لە هەر وڵاتێكدا پێویستە لە بەرزترین دەسەڵات و لە پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر بكرێت، هەروەها ئەم كۆبوونەوەیە بەراستی كۆبوونەوەیەكی ترسناكە بەتایبەتی دوای ئەوەی ئێمە فیدراڵیەتمان بۆ كوردستان راگەیاند، سوپاس.

**بەرێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بە رای من ئەوەی برادەران وتیان لەبەر گرنگی مەسەلەكە داوا لە **بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەنی** وەزیران بكەن كە بریارێكی سیاسیی بدات، بۆ ئەوەی ئێمە هەموو **لایەنێكی بابەتەكە بزانین،** یان دانشتنێكی هاوبەش لە نێوان ئێمە و ئەنجوومەنی وەزیراندا بكرێت، **سوپاس**

**بەرێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من حەزدەكەم تەئكید لەسەر دوو شت بكەم:

١ـ پەلە بكەین و هێزەكانمان زوو تێكەڵاو بكەین، بۆ ئەوەی دوژمن ئەو مەسەلەیە نەقۆزێتەوە.

٢ـ ئەگەر ئەكرێت هەموو حزبە سیاسییەكانی كوردستان دەعووەتی پەرلەمان بكرێن، بۆ لێدوان لە سەر ئەم كێشەیەدا، سوپاس.

**بەرێز فەلەكەدین سابیر كاكەیی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەو لایەنەی كە ئێستا برادەران باسیان كرد، ئایا ئێستا چ كارێك بكەین؟، بەڵام هەندێ زانیاریش ئەگەر ئاڵوگۆر بكرێت ئەوە دیارە زیاتر بۆ پەرلەمانەكە دەمێنێتەوە، جاری ئەو مەفهومەی لە مێشكماندا هەیە ئایا ئەو دەوڵەتانە دەتوانن یەك بگرن، یا یەك نەگرن دژی كورد؟ ئەبێ زۆر بە وردی لەم مەسەلەیە بیر بكەینەوە، بەڵێ دەتوانن یەك بگرن بە بێ ناكۆكی، رەنگە ئەم بابەتەمان زۆر لا روون بێت، لە ساڵانی (٥٠)كاندا ئەو وڵاتانە چەندین پەیمانیان دژی بە گەلی كورد كردووە، بەتایبەتی لە (ئەسعەد ئابادەوە) تا ئێستا و، یەك گرتنی ئەم وڵاتانەش

لەبەر چەند هۆیەک بووە و، یەک گرتنی ئەم ولاّتانە تەنها دژی میللەتی کورد نەبووە، بەڵکو دژی سۆڤیەت و شوعیەت و کورد بووە و، هۆی چوارەمیش ولاّتانی رۆژئاوا بووە کە هەمیشە ئەو ولاّتانەی کردووە بەیەک دژی سۆڤییەت و شوعیەت ودژی کوردیش، واتە دژایەتی میللەتی کورد لە بەرژەوەندیی زاتی ئەو ولاّتانەی بووە، بەرژوەندیی رۆژئاواییەکانیش ئەو سەربازگەیە بووە کە ئێستا ئەو سەربازگەیە نەماوە وترسی ولاّتی سۆڤییەت و کۆمۆنیزم نەماوە دەستی داوەتە کێشەی کورد و بە گرنگی مەسەلەکەیان وەرگرتووە و چارەسەری بۆ دەدۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەبێ ئێمە بزانین ئەو کۆنگرەیە چۆن کرا وئاکامەکەی چی بوو، بەڵکو لە رێگای هاوپەیمانەکانەوە هەندێ لە بڕیارە نهێنییەکان بە میللەتی کورد رابگەیەنن، جا چ بە ئەنجوومەنی وەزیران، یا بە سەرکردە کوردییەکان بێت و، حەزمان ئەکرد زیاتر ئەنجوومەنی وەزیران بە شداری لێرە کردبایە ئەو کەسایەتییانەی کە زیاتر ئاگاداری مەسەلەکەن بهاتنایەتە ئێرو و لەسەر بابەتەکە قسەیان کردبایە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هۆیەکانی ئەم کۆبوونەوەیە زۆر باس کرا، من بەش بەحاڵی خۆم وای بۆ دەچم کە هەر ولاّتێک مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە و، مەبەستی هاوبەشیشی هەیە لە کوردستانی عێراقدا، مەبەستی تایبەتی تورکیاش پەیوەندیی بە تورکیاوە هەیە و، ئەوەش نییە کە وەکو ئێران بێت، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لەلایەنی ئەم کۆبوونەوەیە حەز دەکات هەندێ شتی تر بفەرمووێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەر ئەوەندە دەڵێم ئەوەی زانراوە لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان و لە مێژووی هەموو میللەتانی دنیادا و بەتایبەتی لە سەدەی( ٢٠ )وە خەڵک پێش رووداوەکان دەکەوێت، بەداخەوە ئێمە پاش رووداوەکان دەکەوین، پاش ئەوەی لوولەی تۆپەکان هەمووی سارد بۆتەوە، ئەوکاتە ئێمە بەخۆ دەکەوین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە راستیدا هەندێ پێشنیار هەبوو لەلایەن ئەو برادەرانەی کە بەشداریان کرد دەربارەی ئەم خاڵە، ئەوەی ئاشکرایە ئەم دەوڵەتانە دوو خاڵیان هێنا بووە پێشەوە کە هەردووکیان لە بنەڕەتەوە پووچەڵن ئەویش لەسەر ئەوەی کە وەزعی کوردستانی عێراقی ئەبێتە هۆی پارچە پارچە کردنی عێراق و ئەوان بە پەرۆش ترن لە ئێمە لەسەر یەکێتی خاکی عێراق، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەمیش جەختیان لەسەر باری کوردستانی عێراق کرد کە ئێستا ئەبێتە هۆی خولقاندنی

وەزعێکی(عدم استقرار) لە ناوچەکەدا.

سەبارەت بە یەکێتی خاکی عێراقیشەوە زۆریان باس کرد و ئەوان دوا کەسن کە باسی ئەوە بکەن، چونکە بەراستی هەموویان تەماحیان هەیە لە عێراقدا، ئەگینا ئەوان لە ئێمە بە پەرۆشتر نین لە سەر یەکێتی خاکی عێراق.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو لێکۆڵینەوەیەک کە لە پەرلەماندا دەکرێت پێویستە ئەنجامێکی هەبێت، باشتریش وایە ئەم لیژنەیەی کە بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە دانراوە لە ناو پەرلەماندا و، چەند بریارێک پێشنیار کرابوو بۆ ئەوەی پەرلەمان وەری بگرێت و لە بەر رۆشنایی ئەوە هەنگاو بنێ، هەندێک راستی هەیە پێویستە ئێمە لێرەدا رەچاوی بکەین ئەویش ئەوەیە کە هەموو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، تورکیا و سوریا یەکەم هەڵوێستیان بەرامبەر بە کورد راست نییە و،، ئێران لەبەر هەندێ هۆی ئایینی مەسەلەی شیعەو سنە دیسانەوە ئەوانیش زیاتر دوژمنایەتی ئەو تاقی کردنەوە دیموکراتیە ئەکەن لە کوردستانی عێراقدا، پێویستە ئێمە ئەو راستیانە باش بزانین و نەیان شارینەوە بۆ خۆمان و بۆ کۆمەڵانی خەڵکییان روون بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێت ئێمە واقعی سیاسی رەچاو بکەین و، بە هێمنانە لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا بجوڵێینەوە خۆمان یەکێتی هێزی خۆمان پتەوکەین و پشتی پێببەستین، بەڵام نابێت لە رادەی خۆی زیاتر هێزی خۆمان تەقدیر بکەین، لە سیاسەتدا زۆر جار هەیە دەوڵەتێک هێزەکەی خۆی لە رادە بەدەر تەقدیر ئەکات و، هەندێ هەنگاو بە سەر ئەو تەقدیرە دەنێت، ئەنجا بەداخەوە ئاکامی خراپی ئەبێت.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە دوژمنەکانی میللەتی کورد لە خۆ ئامادەکردندان بۆ ئەوە بەرنامە لەسەر ئێمە دابنێن، ئێمەش ئەزانین کە ئەو شتە هەروا ئاسان نییە و، پێویستی بە دیراسەیەکی قوڵ هەیە، من پێشنیار ئەکەم کە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی پەرلەمان بکرێت و بەڕێزان کاک مسعود و مام جەلال ـ یش تیایدا بەشدار بن لە گەڵ بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆ و وەزیری کاروباری پێشمەرگە و، وەزیری پەیوەندییەکانیش و، کۆبوونەوەیەکی داخراو بکرێت و بەرنامەیەکی باش و تێروتەسەلی بۆ دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ئیبراهیم عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە رایەکەی بەڕێز کاک شەوکەت دەکەم کە لیژنەیەکی تایبەتی دابمەزرێت لە

پێنج کەس و بە هاوکاری لەگەڵ لیژنەی پەیوەندییەکان بۆ ئەوەی بەداوی ئەو ئیشەدا بچن، سوپاس.

**بەڕێز حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دووپاتی ئەوە دەکەم کە سەر سنوورەکان وەکو ئەڵێن خەتەرە ئەوندەش خەتەرنین لەلایەن ئەوروپاوە هەر خەتەرنین، ئێمە ئەبێ خۆمان یەک بین واتە هێزە کوردستانیەکان یەک بین و ئێمە تەعەدامان لەکەس نەکردووە، بۆ لەناو خاکەکەی خۆماندا مافی ئەوەمان نەبێت داوای دیموکراتیەت بکەین لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵیدا، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تورکیا، هیچ کەسێک نکوڵی لەوە ناکات کە پێویستیمان بە مراعاتی تورکیا هەیە، لەوانەیە برادەران لە مزایدە بترسێن، بەلام هەندێ قسە هەیە کە من بە راشکاوی دەیکەم، پێویستە ئێمە مراعاتی تورکیا بکەین، بەلام نەک لەسەر مافەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی تورکیادا، کاک فەلەکەدین و کاک کەمال ئاماژەیان بۆ دوو شتی لە یەک جیاواز کرد، کاک فەلەکەدین وای پیشان دا کە ئێستا دەتوانرێت هاوپەیمانی هەرێمی دروست بکرێت و، د.کەمال بە پێچەوانەی ئەو قسەی کرد، من پێم وا نییە کە تورکیا و ئێران و، سوریا رێککەوتبن بۆ گەمارۆدانی ئێمە بەڵگەشم ئەوەیە کە هەر دوای کۆبوونەوەکەیان هاتوون و داوا لە کورد دەکەن کە بە هاوبەشی پاسەوانی سنوور بکەین، ئەگەر بڕیاری گەمارۆدانی کوردستانیان بدایە، هەر هیچ نەبوایە دەبوایە هەندێک دوای بخەن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی رۆشنبیری هەر هەموویان نووسەر و سیاسیی چاکن لەسەر ئەم بنەمایە گوتراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گرنگ ئەوەیە کە لیژنەیەک پێک بێت بۆ ئەوەی پوختەی ئەو قسانەی کەوا لێرە کران بکا بە چەند پێشنیار و بڕیارێک و بیهێنێتەوە بەردەمی پەرلەمان، بۆ ئەوەی لێرەش لێی بکۆڵدرێتەوە و بڕیاری لەسەر بدرێت، لە بارەی قسەکانی پێشوو ئەم چەند روون کردنەوەم هەیە:

من کە ئەڵێم ئەبێ واقع بینانە بڕوانینە رووداوەکان مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە لە باری ئێستای جیهان وباری کوردستان بە باشی بگەین و هەڵیسەنگێنین و بزانین تەرازووی هێزەکان چییە، ئێمە پێویستە ئەم راستیە بزانین کە باری ئەمڕۆی جیهان هی (٢٠ـ٣٠)ساڵی پێش ئێستا نییە، لەم سێ ساڵی رابووردا لە جیهان وەرچەرخانێک روویداوە ئەم وەرچەرخانە وڵاتی

ئێمەشی گرتۆتەوە، هەموو سەرتاسەری جیهانیشی گرتۆتەوە و، ئەو زەمانە نەماوە کە دەوڵەتە دراوسێکمان بێن یاری بە موقەدەراتی میللەتەکەمان بکەن، میللەتی ئێمەش وکۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان هیچ کاتێک نەگەیشتۆتە ئەوەی کە بڕیارێک بدات و بڵێت پێشێل کردنی مافی مرۆڤ کاری ناوخۆ نییە، لە بڕیارەکانی ژمارە (٦٨٨) نیسانی ١٩٩١ هاتووە کە بە حەق ناونراوە بڕیاری کورد، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بابەتە زۆر بە تێروتەسەلی باس کرا، ڕێککەوتن هەیە لەسەر ئەوەی کە لیژنەیەک پێک بێت لەسەر ئەو بابەتانەی کە بەڕێزتان باستان کرد و، شتێکی پوختەمان پێشکەش بکەن.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەوە دەنگدانی لەسەر ناوێ ئیشەکە ئێمە بەرەورووی لیژنەی دەرەوەی ئەکەین و ئەڵێین: کێ دێن بۆ ئەم لیژنەیە بێن و ئیتر دەنگدانی بۆ□چییە!.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە کرا و لەسەر ئەو زیادانەی کە خرایە سەر لیژنەی پەیوەندییەکان شتێک ئامادە بکەن و، پێشکەشی پەرلەمانی بکەن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆماندا یاسای فێرکردنی باڵایە، کەچی تا ئێستا یاساکە بە سەر ئەندامانددا دابەش نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای وەزارەتی داراییدا.

ئەوەی کە ئێستا دەیخوێنمەوە ڕای یەکێکە لە ئەندامانی لیژنەی ئابووری و ڕای وەزارەتیشە و، لە پڕۆژەی یاساکەدا هاتووە:

المادة الثانية: تهدف الوزارة الى وضع الاسس العامة لادارة وتنظيم الموارد المالية والاقتصادية ومراقبة سلامة التصرف بها وتحقيق الاستخدام الامثل لها ووضع الموازنة العامة للاقليم وتنفيذ البرامج التفصيلية للتجارة الخارجية والداخلية ودعم السلع الاساسية للمجتمع وتنظيم القطاع الخاص والمختلط لتشجيع المدخرات الوطنية والاستثمارات الاجنبية ضمن اطار السياسة المالية والاقتصادية وخطط التنمية للاقليم.

ئەوەی کە لە پێشنیارەکەی بەڕێز د.فازڵدا هاتووە دەڵێ: (تهدف الوزارة الى وضع الاسس العامة لادارة وتنظيم الموارد المالية والاقتصادية في الاقليم ومراقبة سلامة التصرف بها لتحقيق

الاستخدام الامثل لها اضافة الى ووضع تخطيط البرامج التفصيلية للتجارة الخارجية والداخلية للاقليم ودعم القطاع الخاص والمختلط وتشجيع المدخرات الوطنية والاستثمارات الاجنبية وتيسير امورها) لەگەڵ مەسەلەی موازنەش کە لە دەسەڵاتی وەزارەتدایە، سوپاس.

**بەڕێز جــــمــــیل عــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــوومــــەن.**

دەربارەی ئەو مادەیە لەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەی یاسا، بەڵام چۆن بەڕێز کاک ئەیاد وتی ئەمە رای تەنها د.فازڵە: لیژنەی دارایی و ئابووری لەگەڵ پێشنیارەکەی د.فازڵیش بۆ دوو مادەیە، مادەی دووەم کە بەم شێوەیەیە: (تهدف الوزارة الى وضع الاسس العامة... لادارة ضمن اطار السياسة المالية والاقتصادية وخطط التنمية للاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز جــێگری ســــەرۆکی ئەنجــــوومــــەن:**

جەنابت دوێنێ لێرە نەبووی د.فازڵ لەگەڵ لیژنەی یاسا کۆبوونەوە و ئەو پێشنیارەی کرد، دوێنێ باس کرا لە میانی ئامانجەکانی وەزارەتی داراییدایە و لێرە نەهاتووە.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئــەنجــــوومــــەن.**

من پرسیارێکم هەیە، ئایا کوردستان توانای(دعم السلع)ی هەیە؟ بەتایبەتی کە باری گوزەرانی کوردستان ئێستا ئەوەندە خراپە و لە ناخۆشترین باردۆخداین، سوپاس.

**بەڕێز جــێگری ســــەرۆکی ئەنجــــوومــــەن:**

ئێستا لەم بارودۆخەدا حکومەتی کوردستان توانای (دعم السلع)ی نییە، بەڵام رەنگە پاش چەند ساڵێکی تر باروگوزەرانی کوردستان باشتر بێت و بتوانێت(دعم السلع)بکەین.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو مادەیەی لەلایەن لیژنەی ئابوورییەوە پێشنیار کراوە، بخرێتە جێگای ئەو مادەیەی کە لەلایەن وەزارەتی دارایی وئابوورییەوە پێشنیار کرابوو؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە ئەم خاڵە بەزۆریەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حــەســەن عــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئــەنجــــوومــــەن.**

مادەی (٣) بریتییە لە (١٠) خاڵ، کەچی زنجیرەی خاڵەکان بە ڕێکوپێکی دانەنراون، بۆ نموونە لە یەکەم وەزیرە، دەبوایە (مکتب الوزیر) لەدوای ئەو بێت کەچی ئەوان لە خاڵی پێنجەم دایان ناوە ئێمە لەدوای وەزیر باسی (مکتب الوزیر)مان کردووە و ئەو بەڕێوەبرایەتیانەی کە وەزیر سەرپەرشتی دەکات، دوایی بریکاری وەزارەت و مەکتەبی وەزیرمان هێناوەتە شوێنی خۆی هیچ گۆڕانکارییەکمان تێدا نەکردووە، تەنیا شتەکەمان بردۆتەوە جێگەی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثالثة : فقرة (١)

اولا : الوزير هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه اعمالها.

ئێمە ممارەسەمان لە دەقەکەدا هەڵوەشاندەوە، چونکە پێویست نییە.

والانصراف والوقاية على نشاطاتها . وتصدر عنه القرارات والاوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهمات الوزارة وتشكليلاتها وسائر شؤونها الادارية والتنظيمية ضمن احكام القوانين والانظمة والتعليمات النافذة ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض صلاحياته الى الوكيل او المدراء العامين او من يراه مناسبا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگەیەی (١) لەمادەی (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە تەنها فعاليات بکرێ بە (نشاطات)؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی(٢) لە مادەی (٣)دا پاش پێناسەی وەزیر مەکتەبی وەزیر دێت، هەر ئەوەیە کە لە پێشنیارەکەی وەزارەتدایە(مكتب الوزير يرأسه موظف حامل شهادة جامعية يتولي مهامه الموكلة اليه من قبل الوزير ويكون مسؤولا عن تنظيم السجلات والمراسلات الخاصة بالوزير ويعاونه عدد من الموظفين)، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بڵێین: مکتب الوزير:(مكتب الوزير يرأسه موظف حامل شهادة اولية جامعية ويعاونه مجموعة من الموظفين)جا ئەگەر ئەم دەستەواژەیە دانەین لە جێگای دەستەواژەکەی پێشوو، چونکە ئەگەر پێویست بوو دەتوانێت فەرمانبەریتر لەلای خۆی دابنێت، ئەگەر پێویستیش نەبوو هیچ کەس دانانێ، بەڵام ئەگەر لە یاساکەدا نووسیمان ئەوە پێویستە هەر دایبنێ چونکە لە یاساکەدا وا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە وەزارەتەکانی تریش دەمویست ئەو قسەیە بکەم، زۆر کەس هەنە خوا غەزەبی لێ گرتوون نەیانتوانیوە کۆلیژ تەواو بکەن (٢٠-٣٠) ساڵە لەناو شۆڕشدان و پسپۆڕی و شارەزاییان زۆر لە خاوەن بەڵگەنامەکان زیاترە، من نازانم بۆ ئەوان نەکرێنە وەزیر وپایەدار، ئەوانەی کە بەڵگەنامەی شۆڕشیان هەیە من پێم وایە هەندێ زیاتر چاودێری بکرێن، سوپاس.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە قارەمان بوون لە شۆڕشدا ڕێزی خۆیان هەیە، ئەگەر نەتوانێ سەرۆکی مەکتەبی وەزیرێک بێت ئەوە لە قیمەتی کەم ناکاتەوە، ئەوانەی کە شۆڕشگێڕ بوونە لە ناو حزبەکەی خۆیاندا جێگا و پلە وڕێزی تایبەتی خۆیان هەیە و هیچ پێویستیەکیان بە پلە وپایەی ئیداری نییە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم چەند قارەمانێک نییە، بەڵکو مەبەستم چەند خوێندەوارێکە کە ڕاگەیاندنی حزبەکانیان بەڕێوە بردووە ئەو کەسە بەرپرسی ئیدارەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی بێ ئیشەکانی زۆر بەرێکوپێکی و لە بارێکی ناخۆشدا بتوانێت بەڕێوە ببات و خاوەن شهادەش نەبێت، بۆ ناتوانێ ئیشوکاری مەکتەبی وەزیرێک بەڕیوەبەرێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕای من لە (ویرأسە موظف بدرجە المدیر)بەڵگەنامەکەی پێویست نییە پێناسە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ئەوە بە کەموکوڕیی ئەزانم، خۆمان وەکو پەرلەمان ئەو مەسەلەیەی بەڵگەنامەی زانکۆمان کرد بە خاڵێکی نیزامی، ڕاستە بە درێژی خەباتی تێکۆشانمان شۆڕش مەکتەبی ئیدارەی کۆمەڵایەتی و عەسکەری و هەموو شتێک بووە، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فازڵ محەمەد عەزیز قەفتان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕای من ئەگەر وشەی (یفضل)ی بۆ زیاد بکەین، کێشەکەمان چارەسەر ئەکات، بڵێین: (یفضل ان یرأسە موظف یحمل شهادة جامعیة)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ئەڵێم با جەخت لەسەر لێهاتوویی وتوانا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان لە پرۆژەکەی وەزارەتدا هاتووە و، خەڵکانی شۆڕشگێڕ شایستەی مەکتەبی وەزیر نیین، بەڵکو شایستەی وەزیرین و، بەڵگەش هەیە کە وەزیر هەیە بەڵگەنامەی نییە، بەڵکو بەهۆی سیاسییەوە کراوەتە وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بڕگەی مەکتەبی وەزیر خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە .. کێ لەگەڵ ئەوەدایەکە بڵێین (مدير ذو كفاءة وخبرة)؟..دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ(مدير ذو كفاءة والخبرة)پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی (٣) (بنك اقليم كوردستان) بە رای وەزیری دارایی بەڕێزیش ئەو ناوە بگۆڕێ و ئێمەش بەپێی رایەکەی بەڕێزیان کردمان بە (فرع البنك المركزي في الاقليم ويرتبط مباشرة بالوزير ويقوم برسم السياسة التقلدية والصرفية والاشراف على بنوك الاقليم ومكاتب شركات التأمين من الناحيتين الفنية والادرارية ويرأسه موظف بدرجة مدير عام)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا لە هیچ وڵاتێک هەیە بەنکی مەرکەزی پێی بڵێین (بنک البنوک) خۆی سەرپەرشتی بانکەکان دەکات، وابزانم هیچ پەیوەندییەکی بەشەریکاتی تأمینەوە نییە، بەنکی مەرکەزی بەنکی پارەیە سەرپەرشتی بانکەکانی تر دەکات و، ئیداعاتی یاسای وەرئەگری لەو ئیداعاتانە لای خۆی دائەنێ و کونترۆڵی سیاسەتی نەقدی ئەکات.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر ئەو خاڵە لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی قسەمان کرد وتمان کۆمپانیایی تەئمین پەیوەندیی بە بانکی مرکزیەوە نییە، بەڕێزی وتی هەموو کۆمپانیاکانی تەئمین بەسترابوون ، یا بە موسڵ، یا بە کەرکوک، بەڵام ئێستا پەیوەندیان لەگەڵیاندا نەماوە چ لە لایەنی ئیدارییەوە وچ لەلایەنی هونەرییەوە و، پێویستە بانک رێکخستنی ئیداری وهونەریی رێک بخات، ئەوە رای وەزارەتە لەم بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێمواپە ئەو پرۆژەیەی کە لەلایەن لیژنەی داراییەوە پێشکەش کراوە کافیە، چونکە ئێمە دەسەڵاتی مەرکەزمان داوە بە خۆمان، ئەوکاتەی کە پێویست بوو ئۆتۆماتیکی پێوەی دەبەسترێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە (البنك المركزي): يرتبط مباشرة ويقوم برسم السياسة النقدية

والاشراف والرقابة على البنوك في الاقليم؟ تكايه دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەدژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مكتب التخطيط والمتابعه) کە شەشەم خاڵە لە پرۆژەی وەزارەتدا: (يرأسه موظف بدرجة مدير ويحمل شهادة جامعية ويرتبط بالوزير مباشرة). رای لیژنەی یاسا ئەوەیە کە ئەو مەکتەبە ببەسترێتەوە بە مدیریەی دیوانی عام وەکو ئەوەی کە لە وەزارەتەکانی تریش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم دەقە یاسایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی بە ناوی مەکتەب هاتووە نەک (المديرية العامة)، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لە رای لیژنەی یاسا دەکەین، بەڵام سەبارەت بە نەخشەدانان (تخطيط) دەبێ پسپۆڕی بێت و بەڵگەنامەی زانکۆیشی هەبێت، چونکە ئەمە جیاوازی هەیە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی تری، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو تێبینییەی لیژنەی دارایی راستە، نەخشەدانان شتێکی زۆر زیندووە بە لایەنی کەمەوە دەبێت بەڵگەنامەی زانکۆی هەبێت، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ لە دژە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فقره «٤» (وكيل الوزاره) ئەم دەقەی کە لەم یاسایەدا هاتووە، هەمان دەقە کە لە یاسای وەزارەتەکانی تریشدا هاتووە، هەرچەندە ئەم دەقەش هەڵەیە، چونکە ئەڵێت:(وكيل الوزارة التي..) ئێمەش ئەم دەقە بە گونجاو تر دادەنێین کەوا بڵێین:(يكون مسؤولا امام الوزير تنفيذ سياسة الوزارة فيما يتعلق .. التي يخولها اليه الوزير)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لە گەڵ ئەوەدایە کە برگەی (٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مــــەجــــیــــد:**

(سادسا : مكتب وكيل الوزارة : مديرية رقابة السوق : يرأسه موظف يحمل شهادة اولية جامعية ويتولي المهام التي تناط به من قبل الوكيل الوزير).

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مــــەجــــیــــد:**

فقرة (٧): الحاسبة الالكترونية: يرأسها موظف بدرجة مدير يحمل شهادة اوليه جامعية ويرتبط مباشرة بوكيل الوزارة.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگەی(٧) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مــــەجــــیــــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

فقرة (٨): مديرية رقابة السوق: يرأسه موظف بدرجة مدير ويحمل شهادة اولية جامعية ويرتبط بوكيل الوزارة مباشرة.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

مديريه رقابه السوق: المديريه العامه للتجاره.. ئیشی بازرگانی ناوەوە و دەرەوەی هەیە و، چاودێری بازارەکان دەکات، لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانین کەچاودێری بازار بمێنێ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بازرگانی، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

ئەمە پێشنیاری لیژنەی دارایی بوو کە لەگەڵ بازرگانی ناوەوە و دەرەوە بەیەکەوە بێت.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

(مديرية تجارة عامة) (٣)مديریەتە (مديريەی داخليه، مديريه تجاره خارجيه، مديريه رقابه السوق) ئێمەش دەڵێین وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە چاودێری بەشێکە لە ئەرکەکانی بازرگانی ناوەوە و بازرگانی دەرەوە و، هەروەکو پێشوو بەڕێوەبەرایەتی چاودێری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی گشتیی بێت، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال مفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رای لیژنەی دارایی وئابووریی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی داراییدایە؟ با دەست بەرزکاتەوە..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە شەشەم پێشنیاری وەزارەتدا هاتووە و، یەکسەر تەشکیلەکەی باس کردووە و، ئێمە لێرە بە پەسندمان زانی یەکەم جار تەشکیلەکان لە برگەی (أ) دابنێین و لە (ب)ش مەجلس روون بکرێتەوە.

ئەوە برگەیە دەبێتە (أ ـ ب)، (أ)یش چەند برگەیەکی تێدایە تێدایە و دەخوێنمەوە.. تاسعا: المجلس:

أ ـ يشكل في الوزارة مجلس استشاري برئاسة الوزير ويضم في عضويته كل من:

١ـ الوزير: رئيسا للمجلس.

٢ـ وكيل الوزارة: نائبا للرئيس.

٣ـ المدراء العامون في الوزارة: اعضاء.

٤ـ مدير التخطيط والمتابعة مقررا.

٥ـ اي خبير او اختصاصي داخل الوزارة او خارجها من يرتأى الوزير الاستعانة به بصورة دائمية او مؤقتة.

ب ـ يتولى المجلس مناقشة الخطة العامة للوزارة.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی ئەو پرۆژانەی کە لە لای ئەندامە بەڕێزەکانە سێ دەقی جیاوازە و، هەر سێکیشی لە وەزارەتی داراییەوە هاتووە، پێشنیار دەکەم کەوا وەزارەتی دارایی دەقێکی تەواوی خۆیانمان بۆ رەوانە کەن، تاوەکو هەمووومان لەسەری رێککەوین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

ب ـ يتولى المجلس مناقشة الخطة العامة للوزارة واقرارها ومتابعة تنفيذها واقتراح السياسة المالية للوزارة ومناقشة التقارير الدورية عن الوزارة التي تعدها المديرية العامة للتخطيط والمتابعة ودراسة المعوقات التي تعترض مسيرة اعمال الوزارة واقتراح الحلول العلمية لها ودراسة المشروعات القوانين والانظمة والتعليمات المتعلقة باعمال الوزارة و(ابداء الرأي في

كل ما يعرضه الوزير من قضايا).. لەجياتی ئەو رستەی کە لە ناو کەوانەدايە دەبێتە:
(ابداء الرأي في كل ما يعرضه الوزير من قضايا وبيان الرأي فيها)، لێرە وشەی (دراسة) هەڵگێراوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرە پرسيارێک هەيە ئايا پاش ئەوەی کە يەکەم دەڵێ:( تشكيل الوزارة المجلس الاستشاري)، لامان وايە (برئاسه الوزير) باشترە لەوەی و(يظم عضوية الوزير) ئەوناحيە يەکەم ناحيەی دووەم، لەو هەموو بەڕێوەبەرە گشتييانە و بەڕێوەبەری بانکی ناوەنديی شتێکی زۆر گرنگە کە لێپرسراوی بانکی ناوەنديی لە پڕۆژە کۆنەکەدا ئەندام بێت لەو ليژنە ئيستشاريە.

**بەڕێز جەميل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ڕەامان لەگەڵ رای جەنابتانە، سوپاس.

**بەڕێز ليوا کمال مفتی/ وەزيری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە مادەی (٥)دا پسپۆڕی ئەوەش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدايە؟ .. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەياد حاجی نامق مجيد:**

فقرة (١٠) المديريات العامة وتتكون من المديريات العامة التالية. کە لە دەقی پڕۆژەکەدا نەهاتووە.

(١- مديرية المالية العامة): ويستمان ئەوەش روون بکەين لە کاتەی (مديريه الماليه العامه) لە پڕۆژەی وەزارەتدا بە وردی باسی لێوە کراوە، لە هەمان کاتيشدا بەڕێوەبەرايەتييەکانی تری هيچ ڕوونکردنەوەيەکی لەسەر نەدرواوە، بەڵام ئەو ڕوونکردنەوەی کە لێرە هاتووە لامان داوە و پێشنيارە تازەکە دامان نەناوە، ئەو مەسەلەيەش بە سيستەمێکی تايبەتی دێت کە ئەنجوومەنی وەزيران دەری دەکات.

فقرة (١٠) المديريات العامة وتتكون من المديريات العامة التالية:

١- مديرية المالية العامة وترتبط بها:

أ- مديرية الموازنة. ب - مديرية المحاسبة.

ج - مديرية العلاقات والخدمة. د- مديرية المصروفات والامور المالية.

٢- مديرية الواردات العامة وترتبط بها:

أ- مديرية الضرائب.

ب - مديرية الكمارك.

ج - مديرية الاملاك.

٣- مديرية التجارة العامة وترتبط بها:

أ- مديرية التجارة الداخلية.

ب - مديرية التجارة الخارجية.

ج - مديرية رقابة السوق.

٤- مديرية الديوان العامة وترتبط بها:

أ- مديرية الشؤون القانونية.

ب - مديرية الادارة وشؤون الافراد.

ج - مديرية الحسابات والتدقيق.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانەوە لیژنەی ئێمەپێشنیار دەکات: تقترح اللجنة: دمج مديرية المالية العامة بمديرية عامة واحدة باسم المديرية المالية والارادات العامة وذلك للتأكيد من الوقوف على الواردات الصرفيات معا ولتقليص عدد المدراء، ئەمە یەکەم.

٢- مديرياتة الاداراة العامة: مكاتب التأمين تكون شركة التأمين ويرأسها مدير وترتبط بها مكاتب التأمين.

٣- بۆ نووسینگەی نەخشەدانانیش رای لیژنەی یاسایی کە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەو یاسایی باسی ئەوەی نەکرد، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەک لەسەر بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی هەیە لە میلاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان و، وای بۆ دەچێت کە ئەو(مدیریة العامة) هەر بۆ وەزارەتی دارایی نییە، بەڵکو بۆ هەموو هەرێمی کوردستانە لەبەرئەوە بەڕێوەبەرایەتییەکی وا بەڕێوەی ببات، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کۆمپانیای تەئمین، پێویستە کەسایەتییەکی سەربەخۆی مەعنەوی خۆی هەبێت و دەبێت کۆمپانیایەکی تایبەتیی بێت، لەبەر ئەوەی مافێکی زۆری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە کۆمپانیای تەئمین کەسایەتییەکی سەربەخۆی مەعنەویە، بەڵام نووسینگەیەکی زۆری

دەوێت لە هەرێمی کوردستاندا و، ئەویش کۆمپانیایەکی ئەهلی نییە و، لە وەزارەتی داراییەوە وەری ئەگرین، سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم یاسایەی کە بۆ ئەو حاڵەتە شازەی جەنابتان باسی دەکەن کۆمپانیایی تەمین کۆمپانیایەکی سەربەخۆیە، یانی بە پێی یاسا و پێڕەو خۆی ئیدارە و لیژانی خۆی هەیە لەبەر ئەوە پەیوەندیی شتێکی زاتی نییە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆمپانیای تەئمین سەربەخۆن، بەڵام دەبنە بەشێک لە وەزارەتی دارایی هەرچەندە کەسایەتییەکی مەعنەویان هەیە، بەڵام سەربەخۆیی لە میانی تەشکیلاتی وەزارەتی دارایی عێراقییەوە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو کۆمپانیایانە کە هەن لەگەڵ بارودۆخی ئێستا کوردستاندا دەگونجێن و دەتوانن وەکو کۆمپانیایەکی تەئمین قەرەبوو بدەنەوە؟، چونکە سەرمایەیەکی زۆری دەوێت.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، لەبەر ئەوەی کە سەرمایەیەکی زۆری دەوێت ئیشیان وەستاوە، جاران داهاتی کۆمپانیای تەئمین لە بەغدا بوو، داوا دەکەین کە بۆ ماوەیەکی کاتی بە وەزارەتی داراییەوە بەبەسترێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من نابێت هەروەها وبێ بنەما کۆمپانیای تەئمین بە وەزارەتی داراییەوە ببەسترێتەوە، چونکە کۆمپانیاکانی تەمین ئیلتزاماتێکی زۆری دەکەوێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە هەر بەناو هەمانە (شركة عامة للحديد والخشب، المخازن العراقية) هەرچەندە ئەم کۆمپانیایە نەماوە تەنها ئەوە نەبێت کە فەرمانبەرەکانی مووچە وەردەگرن، ئەگەر بمانەوێت ئەم کۆمپانیایە دامەزرێنینەوە دەبێت سەر لە نوێ دەست پێبکەینەوە، ئەتوانن ئەو فەرمانبەرانەیان هەر لەسەر وەزعی خۆیان بهێننەوە تاوەکو چارەسەرییەکیان بۆ ئەدۆزینەوە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدا نیيم کە کۆمپانیای تەئمین بە وەزارەتی داراییەوە ببەسترێتەوە، منیش لەگەڵ

ئەوەم کە کۆمپانیانی تەئمین ئەهلی بێت، بەڵام ئێمە لێرە کە ئەڵێین بە وەزارەتەوە ببەسترێنەوە، بۆ ئەوەی کە ئەنجوومەنی وەزیران کۆمپانیاکە رێکخات، سوپاس

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان کۆمپانیای تەئمین کۆمەڵێک فەرمانبەری هەیە و، ئیلتزاماتێکی زۆری لەسەرە، واتە ئەو ئیلتزاماتە بخەینە سەر حکومەتی کوردستان، بێگومان جێبەجێ کردنی زۆر زەحمەتە ، ئەگەر تەنها بە یاسا هاتە خوارەوە ئەوە نایخەینە هیچ شتێکەوە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی دەکەم، لەبەر ئەوەی کە ئێستا ئیشکالێک هەیە بەنیسبەت ئەو کەسانەی کە مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیای تەئمین دەکەن، کاتێ کە دەچنە بەغدا ئیشەکانیان بۆ ناروێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کۆمپانییای تەئمینی عێراقی تا ئێستا بە وەزارەتی تجارەی عێراقییەوە بەستراوەتەوە، نەوەک بە وەزارەت داراییەوە، بەڵام ئێمە بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی گشتیمان هەیە لە پێڕەوی ناوخۆدا دینێینیە خوارێ، واتە ئەگەر لە یاساکەش باس نەکرێت لە پێڕەوەکە هەر باس دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەبەر ئەوەی ئێمە وەزارەتی بازرگانیمان نییە، وابزانم کۆمپانییایش پێی دەوێ، ئەگەر ئەو (مدیریەی شرکاتە) لەوێ دابنرێ.

**بەڕێز لیوا کمال مفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز کاک جەمیل وتی دەبێت دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەیەکەوە ببەسترێتەوە، بەڕێوەبەرایەتی دارایی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی داهاتی گشتیی، هەرچەندە دوو پسپۆڕی جیاوازن، باشە بۆ تێکەڵیان بکەین؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم (تفتیش المالیة) وەکو بەڕێوەبەرایەتییەک نەهاتووە کە پەیوەندیی بە یەکێکیانەوە هەبێت، ئەگەر لە پاشانیشدا بکرێت بە(مدیریة مالیة عامة) بە پێی نظامێک، واتە هیچ لاریمان نییە ئەگەر بکرێت بە (مدیریة الرقابة والتفتیش المالي).

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

المدیریات العامة وتتکون من المدیریات العامة الآتیة:

١ـ مديرية المالية العامة: (أ، ب، ج، د، هـ) مديرية الرقابة والتفتيش المالي، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکاتەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٢ـ مديرية الادارات العامة وترتبط بها: أ، ب، ج.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە تەنیا (مديريه الحاسبه) ڕەقابەی لەگەڵدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەدژە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٣ـ مديرية التجارة العامة: أ،ب، ج، مديرية تسجيل الشركات، د.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. **کێ لەدژە؟** بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مديريه الديوان العامه وترتبط بها: أ،ب،ج،د،هـ. مديريه التخطيط والتابعه.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن. بەڕاستی ئەو ڕوونکردنەوەیەی پێشکەش بە جەنابتم کرد سەبارەت بە مديريه تخطيط ومتابعه) کە دەنگدانی لەسەر کرا دەڵێن: (وترتبط بالوزير مباشره): بەم شێوەیە دەنگدانی لەسەر کرا، بەڵام ئێستا دەڵێن گوایە هاتووتەوە دیوانی گشتی، ئەم زیادەیە ڕای لیژنەی پسپۆڕی بوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە هەموو حکومەتێکدا بەڕێوەبەرایەتی (التخطيط والرقابه) شتێکی زۆر گرنگە، زۆر لەوە گرنگترە کە بکرێت بەیەک بەڕێوەبرایەتی و بە دیوانێک ببەسترێتەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

واتێ گەیشتم پێشنیاری ئەوانە منیش تەئیدی ئەوانم کرد وامزانی کە بە دیوانەوە بەستراوە، لەبەر ئەوە پەسندم کرد، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مدیریە عامە (للتخطیط والمتابعە)بەدیوانەوە ببەسترێتەوە نەک بە بەڕێوەبەرایەتییەک،جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بە وەزیرەوە ببەسترێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە کێ لە دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

مديرية الديوان العامة وترتبط بها:

أ- مديرية الشؤون القانونية.

ب - مديرية الادارة وشؤون الافراد.

ج - مدرية التقاعد .

د - مديرية الحسابات والتدقيق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینییەکم هەیە منیش رام وایە کە ئەو مدیریەی تەقاعدە ببێتە (مديرية التقاعد العامة للاقليم وترتبط بها مدريات في محافظات الاقليم). واتە مدیریەتی تەقاعد لێرە لاببرێت و دەبێتە پێنجەم: (مديرية التقاعد الاقليم العامة وترتبط بها المديريات في محافظات الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە (مدیریەی تەقاعد) بکرێ بە (مدیریەعامە)؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بەڕێوەبەرایەتی دیوانی گشتی ئەو سێ بەڕێوەبەرایەتی بکرێت بەیەک؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

( ٥ ) مديرية تقاعد الاقليم العامة بۆ ئەوەی بزر بکرێ لە بەڕێوەبەرایەتی مەرکەز. (مديرية التقاعد للاقليم وترتبط بها مديريات التقاعد في محافظات الاقليم).

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش مدیریاتی عامە لە وەزارەتی مالیە(البنك المركزي)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

خانەنشینیزۆر زۆرە لە هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکان وکێشەشیان زۆرە لەبەر ئەوە گەر بچوکی بکەینەوە بەراستی ناتوانێ بە کاری خۆی هەڵسێ لەبەر ئەوە فکرەکە بووە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی، هەروەکو (التخطيط والمتابعە) لەبەر گرنگی، ئەنجا کێ لەگەڵ( مدیریە عامە للتقاعد

فى الاقليم)دايە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

مديرية التخطيط والمتابعة العامة وترتبط مباشرة بالوزير.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم بڕگەیەدایە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الباب الثالث ــ احكام متفرقة.

المادة الرابعة: تحدد المؤهلات المطلوبة لشاغلي الوظائف من الفقرة السادسة من المادة الثالثة مع اختصاصاتها بنظام.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی ئەوە بوو ئەو بڕگەیە پێویست ناکات لە توێی یاساکەدا تێکەڵ بکرێت، پێویستە ئەمە هەڵبوەشێتەوە، چونکە لێرەدا ناشێت دانرێت، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان دەقی لیژنەی ئەوان و ئێمە هەتا دەربارەی ئەوەی کە دەنگدانمان لەسەر کردووە رای لیژنەمان بەو شێوەیە بوو (ورد خطأ في هذه المادة: الفقرة (٦) هو صح في الفقرة (٧) فقرة (٦) هي وظيفة مرتبة وكيل الوزير يعدان حامل شهادة اولية)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا ئەوەیە کە هەر ئەمە زیادەیە، یا مادەی چوار هەمووی زیادەیە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی چوار هەمووی زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٤) تحدد المؤهلات المطلوبة لمشاغل الوظائف الواردة ذكرها في الفقرة (٦) من المادة الثالثة مع اختصاصاتها بنظام، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مادەیە بۆیە زیادەیە، چونکە ئێمە مادەیەکی تایبەتی دێنینە خوارێ ودەسەڵات دەدەینە وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادەی (٤) لە ئەحکامی متەفەرقە لابرێ؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٥) ترتبط ماليا وادريا الضريبة والكمارك وعقارات الدولة وجميع الشركات وجميع الدوائر الاخرى في الاقليم بهذه الوزارة.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە (٥) پێویست ناکات هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە(٥)لابرێت؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

مادة (٦) ترتبط جميع المصاريف ومكاتب شركات التأمين في الاقليم بهذه الوزارة فرع البنك المركزي في الاقليم. وتبقى انظمتها وتعليماتها الداخلية نافذه المفعول حاليا بشرط الا تتعارض واحكام هذا القانون والانظمة الصادرة بموجبه.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی یاسا ورێنمایەکان کاری پێدەکەین، بۆیە پێویست ناکات بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بریارێکی پەرلەمانمان هەیە لەسەر یاساکان لەبەر ئەوە باس کردنی پێویست نییە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە لابرێ؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە (٧) ئەوەی لە پرۆژەی وەزارەتدا هاتووە ئێمە مادە (٦)و (٧) مان خستووەتە سەری، دەمێنێتەوە سەر رای بەڕێزتان کە مادە (٧) هەڵبوەشێننەوە، ئەوەی کە لە پرۆژەی وەزارەتدا هاتووە دەڵێ :(لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون) بەو شێوەیەی لێ دێت:

المادة (٦): ١: يحدد بنظام هيكل تشكيلات الوزارة واختصاصاتها.

٢- للوزير استحداث مديريات او دمج مديريات واقسام والشعب الجديده عند والاقتضاء.

کە لێرە (مدیرات) دادەنرێت پسپۆڕایەتی وەزیر ئەوەیە کە دەتوانێ بەڕێوەبەرایەتیەک بە سەربەخۆیی زیاد بکات و لە هەمان کاتدا دەتوانی بەشێک لە ناو بەڕێوەبەرایەتی بخاتەوە سەری، دەتوانێت لقێک لەناو بشێک زیاد بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکێ بتوانێ بەڕێوەبەرایەتییەک نوێبکاتەوە، دەشتوانێ (اقسام و شعب)یش بکاتەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای وەزارەتی دارایی وئابووریدا هاتووە کە چ بەڕێوەبەرایەتیەک پێویستە لێرەش بریارمان لەسەری دا، من بە پێویستی نازانم کە ئەو دەقەشی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم: (للوزیر استحداث تشکیلات، اية تشكيلات أخرى تقتضي بالحاجة بنظام)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(اية تشكيلات اخرى) واتە دەسەڵات دەدەینە بەڕێوەبەرایەتیەک کە زیاد بکات، دەسەڵات نادەین بە وەزارەت و لە پاشاندا بڵێین: (المديريات والاقسام والشعب)، ئەگەر نەشڵێین(مديريات)واتە وا حساب دەکەین کە دەتوانین (اقسام وشعب)بکەینەوە، ناتوانین چونکە ئەگەر وا بڕۆین دەبێ بەڕێوەبەرایەتیەکی تەواو بگوازینەوە با تەشکیلی بەڕێوەبەرایەتیەکی تەواو بکات، بۆیە شتەکەی ئێمە بە جوانی هاتووە: (استحداث ودمج المديريات والشعب)، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە وشەی(جديدة) لابەن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

للوزير استحداث ودمج المديريات والاقسام والشعب عند الاقتضاء.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە با دەست بەرزکاتەوە؟ ..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٨) على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە(٨) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٩) ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ مادە(٩)دایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە یاسایی وەزارەتی دارایی وئابووری وەکو خۆی بڕیاری لەسەر بدرێ؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ یاسایی وەزارەتی دارایی وئابووری پەسەند کرا.

بەم شێوەیەش کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەک.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستانی عێراق

**مادەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ خواستەکانی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری دارایی وئابووری هەرێم.

٤- بریکار: بریکاری وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێم.

٥- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی راوێژکاری وەزارەتی دارایی وئابووریی هەرێم.

**ماددەی دووەم:**

ئامانجی وەزارەت دانانی بنچینە گشتی یەکانی بەڕێوەبردن ورێکخستنی سەرچاوەکانی دارایی وئابووری یەو چاودێری کردنی ساغڵەمیی هەڵسووڕاندنیان وبەدیهێنانی بەکارخستنیان بەباشترین شێوەودانانی مووچەی گشتیی هەرێم وجێبەجێ کردنی درێژەی پرۆگرامەکانی بازرگانی دەرەوە وناوەوە پشتگیری کردنی کەل وپەلە بنچینەیی یەکانی کۆمەڵگاو رێکخستنی کەرتی تایبەتی وتێکەڵاو بۆ هاندانی«مدخرات»ی نیشتمانی و«استثمار»ی بیانی ولە چوارچێوەی سیاسەتی دارایی وئابووری ونەخشەکانی گەشەپێدانی هەرێمدا.

**مادەی سێیەم:**

مەڵبەندی وەزارەت لەمانە پێک دێ:

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی بالای وەزارەتەو بەرپرسیارە لە رێنوێنی کردنیدا لەکارەکانیدا وسەرپەرشتی وچاودێری کردنی چالاکییەکانی ولەویشەوە ئەو بڕیارو فەرمان ورێنمایی یانە وهەرشتێک پەیوەندیی بە ئەرکەکانی وەزارەت و دام ودەزگاکانی وگشت کاروبارە ئیداری و دارایی ورێک وپێکی یەوە هەیە دەردەچن لەچوارچێوەی یاساو پێڕەوەو رێنمایی یەکار پێکراوەکاندا ولەبەرامبەر ئەنجوومەنی وەزیراندا بەو سیفەتەی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەرپرسیارە وبۆی هەیە هەندێ لەدەسەڵاتەکانی بەبریکار یا

بەڕێوەبەرە گشتی یەکان یا هەر یەکێ کە پەسندی بکا بسپێرێ.

دووەم: نووسینگەی وەزیر: مووچە خۆرێک بەپلەی بەڕێوەبەر لەکارمەندان و لێهاتووان سەرۆکایەتیی دەکا وئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کەوەزیر پێ یانی دەسپێرێ بەرپرسیار دەبێت لە رێکخستن وپاراستنی دەفتەروئەوراقە تایبەتی یەکانی وەزیر وچەند مووچەخۆرێکیش یاریدەی دەدەن.

سێیەم: لقی بانکی ناوەندی لەهەرێمدا: راستەوخۆ بە وەزیرەوە دەبەسترێتەوە وسیاسەتی دراوو(صیرفە) دادەنێ وسەرپەرشتی و چاودێریی بانقەکانی ناو هەرێم ونووسینگەی کۆمپانیاکانی دابینکردن«تأمین» لەرووی هونەری وئیدارییەوە دەکا ومووچەخۆرێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا.

چوارەم: بریکاری وەزارەت: ئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کە وەزیر پێ یانی دەسپێرێ.

پێنجەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: مووچەخۆرێک بە پلەی بەڕێوەبەر لەکارمەندان ولێهاتووان سەرۆکایەتیی دەکا وئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کە بریکار پێیانی دەسپێرێ.

شەشەم: کۆمپیوتەر: مووچەخۆرێک بەپلەی بەڕێوەبەر لەو لێهاتووان سەرۆکایەتیی دەکا و راستەوخۆ بە بریکاری وەزارەتەوە دەبەسترێتەوە.

حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی بازارەکان: فەرمانبەرێکی بەتواناو لێهاتوو بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و راستەوخۆ بەبریکاری وەزارەت دەبەسترێتەوە.

هەشتەم: ئەنجوومەن:

أ- ئەنجوومەنێکی راوێژکاری لە وەزارەتدا بەسەرۆکایەتی وەزیر پێکدێ وئەمانەش ئەندامی دەبن:

١- بریکاری وەزارەت — ئەندام
٢- بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت — ئەندام
٣- بەڕێوەبەری لقی بانقی ناوەندی هەرێم — ئەندام
٤- هەر کارمەند وپسپۆڕێک لەناو وەزارەت و دەرەوەی دا کە وەزیر دەیەوێ بەشێوەیەکی هەمیشەیی یا کاتی سوودیان لێ ببینرێ ئەندام.

ب- ئەنجوومەن لە نەخشەی گشتیی وەزارەتدا دەکۆڵێتەوە وبڕیاری لەسەر دەداو بەدوای جێبەجێ کردنیدا دەچێ وپێشنیازی سیاسەتی دارایی وەزارەت دەکا

ولەو ڕاپۆرتە دەوری یانە دەکۆڵێتەوە کە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی نەخشەدانان وبەدواداچوون سەبارەت بەوەزارەت ئامادەی دەکا و لەوکۆسپانە دەکۆڵێتەوە کە ڕێگە بەکارەکانی وەزارەت دەگرن وچارەسەری عەمەلی یان بۆ دادەنێ ولەو پرۆژەی یاساو پێڕەو ورێنمایی یانەش دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندی یان بەکارەکانی وەزارەتەوە هەیە وهەروەها بیروڕای سەبارەت بەهەر کێشەیەک دەردەبڕێ کە وەزیر دەیخاتە بەردەمی.

نۆیەم: بەڕێوەبەرێتی یەکگشتییەکان: بەڕێوەبەرێتی گشتییەکان ئەمانەن:

١- بەڕێوەبەرێتی گشتیی دارایی کەئەمانەی پێوە دەبەسترێتەوە:

أ- بەڕێوەبەرێتیی مووچە.

ب- بەڕێوەبەرێتیی ژمێریاری.

ج- بەڕێوەبەرێتیی میلاک وخزمەت.

د- بەڕێوەبەرێتیی مەسرەف وکاروباری دارایی.

هـ- بەڕێوەبەرێتیی چاودێری وپشکنینی دارایی.

٢-بەڕێوەبەرێتیی گشتیی دەسکەوت کە ئەمانەی پێوە دەبەسترێتەوە:

أ - بەڕێوەبەرێتیی باج.

ب- بەڕێوەبەرێتیی گومرگ.

ج - بەڕێوەبەرێتیی موڵک.

د - بەڕێوەبەرێتیی گشتیی بازرگانی کە ئەمانەی پێوە دەبەسترێتەوە:

أ - بەڕێوەبەرێتیی بازرگانیی ناوخۆ.

ب- بەڕێوەبەرێتیی بازرگانی دەرەوە.

ج- بەڕێوەبەرێتیی تۆمار کردنی کۆمپانیا.

د - بەڕێوەبەرێتیی چاودێری کردنی بازاڕ.

٤- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی دیوان کە ئەمانەی پێوە دەبەسترێتەوە:

أ - بەڕێوەبەرێتیی کاروباری یاسایی.

ب- بەڕێوەبەرێتیی ئیدارەو کاروباری کەسان.

ج- بەڕێوەبەرێتیی ژمێریاری وپێداچوونەوە.

٥- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی خانەنشینیی هەرێم کەبەڕێوەبەرێتی یەکانی خانەنشینی پارێزگاکانی هەرێمی پێوە دەبەسترێتەوە.

٦- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی نەخشەدانان وبەدواداچوون.

**مادەی چوارەم:**

یەکەم: ئەرک وتایبەتکاریـیەکانی دامودەزگاکانی وەزارەت بەپێرەوێک دیاری دەکرێ.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەپێی پێویست بەرێوەبەرێتی وبەش ولقی نوێ پێکبێنێ، یا بیانخاتە پاڵ یەکتر.

**مادەی پێنجەم:**

دەبێ وەزیرە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**مادەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## «هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە»

لەبەر ئەوەی بنیادی ژێرەوەی ئابووریی کوردستانی عێراق وێران کراوەو میکانیزمی بەرهەمهێنان تیایدا لە لایەن رژێمەیەک لەدوای یەکەکانەوە کە دوایینیان رژێمی ئێستایە تێک شکێنراوە و بەمەبەستی بنیاتنانەوەی ئابووری کوردستان وگەشەپێکردنی ورێکخستنی پارەوپوولی هەرێم وچاودێری کردنی ساغڵەمیی هەڵسوراندنی وبەدیهێنانی باشترین شێوە بۆ بەکارخستنی ولەبەرپێکهێنانی یەکەمین وەزارەت بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق دوای ئەو تاقیکردنەوە دیموکراتییەی گەلی کوردستانی عێراق سەرکەوتووانە سازی داو لە دایکبوونی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەگەرمەی کارەسات وگۆڕانکاریدا ولەبەر دامەزراندنی وەزارەتێک بەناوی وەزارەتی دارایی وئابووری یەوە، ئەم یاسایە دەرکرا.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٥)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٤/١١/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٥)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٤

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٤ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی(٥٥)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی یەکەمی خۆی بەست.***

***سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.***

***٢ـ بەرچاو خستنی پرۆژەی یاسای فێرکردنی باڵا .***

***٣ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابەتەکانی بەرنامەی ئەمڕۆمان بریتییە لە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامان.

خاڵی دووەم بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای فێرکردنی باڵایە و، خاڵی سێیەم تازە بابەتە، ئەگەر لە خاڵی تازە بابەتدا هیچ پێشنیارێک هەیە فەرموون.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ پێشنیارێکم نییە بۆ خاڵی تازە بابەت، بەڵام یەک تێبینیم هەیە سەبارەت بە بەرنامەی کار، بەرنامەی کار دەبێت بەپێی برگە (١)ی مادەی(٤٩) دابنرێت نەک(٤٥)، چونکە مادەی(٤٥) هیچ برگەیەکی نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک فرەنسۆ بۆ ئەو تێبینییە زۆر ڕاستەو، پێموایە ئەمە هەڵەی چاپەو، لە بەرنامەی ئایندەدا چارەی ئەکرێت، ئەگەر هیچ تێبینیەک نییە پێش ئەوەی ئەو خاڵانەی کە پێشنیار کراوە لەلایەن کوتلەکانەوە، لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران باس بکرێت ئێمە دوو خاڵمان دانابوو کە ئەمانە خاڵی هەمیشەیی بن لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیراندا باس بکرێت

یەکەمیان بابەتی سووتەمەنییە، دووەمیان بابەتی خانووەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، ئەنجوومەنی وەزیرانە. تکا دەکەین کە ئەم خاڵانەی خوارەوەمان بۆ روون بکاتەوە:

١ــ چەند سووتەمەنی دێت، ئایا هەر نەوتە وەکو دەڵێین یاخود بەنزین و گازوایل و شتی تریشە؟.

٢ــ چۆنیەتی دابەش کردنی. ئایا هیچ رێژەیەک لە شارو شارۆچکەکان ئامادە کراوەو مرۆڤی پاشەڵ پاک بۆ سەرپەرشتی دابەش کردنی و، ئێمە بە پێویستی دەزانین کە ئەو لیژنانە کە پێک دێت ئەندامانی پەرلەمان تێدا بن و بەشدار بن.

٣ــ ئێمە بە پێویستی دەزانین کە دابەش کردنی ئەو یارمەتییە بە یەکسانی بێت و، تا هیچ کۆتایەک نەبێت وەکو جاران بۆحزب و رێکخراوەکان و فەرمانگە حکومیەکان و ئەبێت ئەوان وەکو مافی جەماوەر وا بێت و، جارێکی دیکە دووپاتی دەکەینەوە کە وەڵامی ئەو خاڵە گرنگانە بۆ بنێرێت بە زووترین کات.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت ئەو نامەیەی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کرابوو وەڵاممان داوە بەڕاستی ئەوەی کۆنگریس بەتەواوی لامان روون نەبۆتەوە ئەو سووتەمەنییەی کە دەینێرن چەندی نەوتەو، چەندی بەنزینەو، چەندی گازوایلە؟ ئەوانەش هەر پێمان گوتراوە کەوا تێکەڵە هەر بەتەنها نەوتی سپی نییە کە دێت، واتا زانیاریەکی وامان لا نەبووە بۆ ئەوەی بتوانین بە وردی وەڵامتان بدەینەوە. تا ئێستاش ئەو وەڵامانەمان لا نییەو، ئێمە چاوەڕوانمان دەکرد کە کاروانێکی زۆر بەیەکەوە دەبێت هەر بۆیە دوێنێ لە لێدوانەکەمدا گووتم: ئەمە (خیبە امل) بوو، چونکە دوای ئەوەندە چاوەڕوانیە(٨) لۆری هاتووە لە جیاتی ئەوەی مادەی تریشی تیابێ هەر تەنیا گەنم بوو، دوایی دووانیان هەندێ ئاردو شتی تیایە.

سەبارەت بەشداربوونی ئەندامانی پەرلەمان لە کۆمیتەکە بەڕاستی رەنگە ئێمە قەناعەتمان نەبێت لەو کۆمیتانە ئەندامی پەرلەمان خۆیان بەشداربن، بەڵام ئێمە خۆمان پێمان باشە لە هەولێر چەند ئەندامی پەرلەمان چاودێری کارەکە بکەن، چونکە کە ئەندام پەرلەمان کەوتە ناو لیژنەکە تۆزێک قورس دەوەستێت، لەبەر ئەوە ئێمە لامان باشە رۆڵی ئەندامی پەرلەمان تەنها چاودێری کارەکە بێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم بابەتە؟.

**بەڕێز د. کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە دابەش کردنەکە من پێشنیارێکم هەیە، بە رایی من دابەش کردنی سووتەمەنییەکە

به ڕێگای ئەنجوومەنی شارەکانەوە بێ زۆر ڕێکوپێکترە، چونکە بریکارەکان زۆر ناوی خەیاڵیان لەلا هەیە، لەوانەیە یەکێک ناوی(٥٠٠) کەسی لابێت، بەڵام بەشی(١٠٠٠) کەس وەردەگرێت، لەبەر ئەوە من وای بەباش دەزانم بری سووتەمەنەیەکە دیاری بکرێت و، مانگی جارێک لە ژێر سەرپەشتی ئەنجوومەنی شارەکان و، پارێزگارەکان دابەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی پێشنیارەکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران زۆر ڕاستە کە ئەندامانی پەرلەمان چاودێری کرداری دابەش کردنی سووتەمەنی بکەن و، کارەکەیان تەنها بریتی بێت لە لێپرسینەوەو چاودێری کردن و، پێشکەش کردنی ڕاپۆرت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ هەموو ڕستەکانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانم، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حاڵەتێک هەیە ئێستاکە کۆمەڵانی خەڵک زۆر ئاماژەی بۆ دەکەن ئەویش ئەوەیە هەندێ لە بریکارەکان ئامادە نین بچن سووتەمەنییەکە وەربگرن و دابەشی بکەن بەسەر هاووڵاتییان، جا من پێشنیاری ئەوە دەکەم بڕیارێکی وزاری دەربچێ بە کێشانەوەی وەکالەتەکان لەم جۆرە بریکارانە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تێبینییەکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەجێی خۆیەتی، بەڵام بێگومان لە شارەکان و پارێزگاکاندا دەستەیەکی چاودێری دانراوە بۆ ئەم مەسەلەیە، جا بەرای لەم دەستەیە ئەندامێکی پەرلەمان هەبێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان وای لێ کردووە کە پەرلەمان باسی سووتەمەنی بکات وەک مەسەلەیەکی گرنگ، بەڵام سەبارەت ئەو پێشنیارەی کە دابەش کردنی سووتەمەنی لە ڕێگەی ئەنجوومەنی شارەکانەوە بێت بەراستی ئەوە دەمان گەڕێنێتەوە بۆ ئەو هەڵڵایەی کە جاران هەبووە، چونکە ئەنجووومەنی شارەکان دیسان دەکەوێتەوە ململانێیەکی حزبایەتی و، هەر یەکە هەوڵ دەدات بۆ ئەندامەکەی خۆی و، بۆ لایەنەکەی خۆی، هیچ نیزامێک نییە ئیشی پێ بکات، یاخود دەبێ تازە نیزامێکی بۆ دابنێین، بەڵام دابەش کردنەکە لەڕێگەی بریکارەکانەوە ئەوە نیزامێکی تایبەتی خۆی هەیەو، خەڵک پسوولەی خۆیان هەیە.

سەبارەت بە مەسەلەی بوونی ناوی خەیالی لەلایەن هەندێک لە بریکارەکانەوە، ئەمە تا رادەیەک چارەسەر کراوە، لە هەولێر تاوەکو ئێستا (١٣٠) بریکاری خەیالی دۆزراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەو بابەتە زۆر لە سەری دووایین، ئێستا بێینەوە سەر بابەتی خانووەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و ئەنجوومەنی وەزیران کە بۆوەتە خاڵێکی هەمیشەیی کە لە پەرلەماندا.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وابزانم بەتەواوی باسی سووتەمەنی نەکرا، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تەنیا باسی ئەوەی کرد کە لە ڕێگای تورکیاوە دێت، من پێمەوایە ئەوەی کە لە عێراقەوە دێت باسی نەکرا، چونکە یەکێک لە خاڵەکانی کە پێویستە ئێمە هەمیشە بە شێوەیەکی گشتی باسی بکەین، مەسەلەی سووتەمەنییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز فرەنسۆ بەڕێزت کە لە دوای بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەستای وتت پشتگیری قسەکانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم، لەبەر ئەوە من وام زانی خاڵی تێبینی دیکە نییە ئەمە یەک.

دووەم، ئەگەر بێتو ئێمە هەر باسی سووتەمەنی بکەین، ئەوا ناتوانین باسی هیچ خاڵێکی دیکە بکەین لە بەرنامەی ئەمڕۆماندا.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەمویست درێژە بەقسەکانم بدەم، من پشتگیری بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانم کرد لەسەر چۆنیەتی دابەش کردنی سووتەمەنی و، چۆنیەتی پێکهاتنی لیژنەکان، بەڵام لە عێراقەوە سووتەمەنی زۆر هاتووە.

پێویستە بزانین یەکێک لەخاڵە هەمیشەیەکانی ئێمە ئەوەیە ئەو ڕۆژەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە دەبێت، دەبێت باسی ئەوە بکات چ هەنگاوێک هاویشتراوەو وخەریکی چین چۆن دابینی سووتەمەنی بۆ کوردستان دەکرێت؟، بۆ ئەوەی لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندن خەڵکی کوردستان ئاگادار بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان ئەندامان باسی ئەوەیان کرد کە لەوانەیە نەتوانرێت سووتەمەنی لە هەموو کوردستاندا بەتەواوی یاخود بە یەکسانی بەسەر هەموو خێزانێک دابەش بکرێت، ئێستا ئێمە لە لیژنەکەدا سەرژمێرییەکمان کردووە سەبارەت بە بریکارەکانی کەلوپەلی خواردەمەنی، لەناو شاری هەولێر

ژمارەیان (١٣٤٥) بریکارە، لە دەوروبەری هەولێر (١١٠٧) بریکار هەیە، کە تێکڕای دەکاتە (٢٤٥٢) بریکار، بەڵام وەکو برادەران باسیان کرد راستە لەوانەیە زۆر کەسی تێدا بێت کە ناموستەحەقە، توانیومانە ئەمانەش دەسنیشانی بکەین پاش هەوڵێکی زۆر ژمارەی خێزانەکانی مەڵبەندی هەولێر (٨٣٣٢٧) خێزانە لە دەوروبەر (٨٢١٤٤) خێزانە تێکڕای دەکاتە، (١٦٥٤٧١) خێزان کەوا دەبێت هەر یەک لەوانە(١٠٠لیتر) نەوتی بۆ دابین بکرێت، بەڵام ئێمە گەشتووینەتە ئەو قەناعەتەی کە (١٦٥) هەزار خێزان خەیاڵین، ئێمە لەگەڵ پارێزگاری هەولێر ڕێککەوتین بۆ چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەق وایە بژارێکی ئەو بریکارانە بکرێت، چونکە هەموویان کاتی خۆی ئەمانە بەعسی بوون و، بە واستە دانراون خەڵکی دیکەش بێ بەش بوون، هەروەها بەرای من سووتەمەنی زیاتر بدرێت بە شارەکان، چونکە لە لادێکان سۆبەی داریان هەیەو، لە بری ئەوە ئازووقە زیاتر بدرێت بە دێهاتەکان، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەم کە بریکارەکان ئەو سووتەمەنییە دابەش بکەن لە ژێر سەرپەرشتی لیژنەکەو، چاودێریکردنی ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک لە قسەکانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەردەکەویت هەر وەک لە لێدوانێکدا کە دوێنێ لە رادیۆکانی دەرەوە بلاوکراوەتەوە دەڵێت: (مخیب للامال) خۆشی دووبارەی کردەوە، لێرە دیارە هەتا ئێستا شتێکی ئەوتۆ نەگەیشتووە کە ئێمە گفتوگۆی لەسەر بکەین کە چۆن دابەش بکرێت؟ بەرای ئێمە ئەنجومەنی وەزیران نەخشەیەکی دیکە دابنێت بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان ئەم زستانە بێ سووتەمەنی نەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی کە قسەم کرد لەسەر ئەو نامەیەکە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی بوو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە وەڵامەکەی بەم شێوەیە:

سەبارەت ئەو نەوتەی کە یونیسێف دەیهێنێت بڕەکەی کەمە،بەشی هەولێر(١٥) ملیۆن لیترە، بۆ سلێمانی وگەرمیانیش بەقەزاکانەوە (٧٠) ملیۆن لیترە، وابزانم بۆ دهۆکیش (١٠)، یان (١٣) ملیۆن لیترە، جا ئەو نەوتە دەگات، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو نەوتەی کە

لەرێگای تورکیاوە دێت، لەگەڵ ئەو نەوتەی کە لەرێگای عێراقەوە دێت ئەوە عێراق رێگاکەی خۆشترە و ئاسانترە و زووتر دەگات، بەڵام دەبێت حسابی ئەوەش بکەین لەوانەیە هەندێک گیروگرفتی داهاتووش بکەوێتە ناوی، جا بۆیە ئەو نەوتەی کە یونیسێف دای ناوە هەر ئەو برەیە بەشێوەیەکی رێکوپێک دەگات و، بۆ پارێزگان دەچێت ودابەش دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین بۆ ئەو روونکردنەوانە.
ئێستا دێینە سەر خاڵێکی دیکە لە بەرنامەی کار، کە ئەویش کێشەی خانووەکانە.
لە کۆبوونەوەی (٧/ ١٠) لە پەرلەمان بە ئامادەبوونی بەڕێزان د. فوئاد و، بەڕێز د. رۆژ کە کێشەی ئەو خانووانە باس کرا، رێککەوتنێک لە نێوان هەردوولا کرا کە لە ماوەی ١٠ رۆژ تا (١٧/ ١٠) (٤٠ـ٥٠) خانوو چۆڵ بکرێن و، تا کۆتایی مانگی (١٠) هەموو خانووەکان چۆڵ بکرێن، بەڵام بەداخەوە لەبەر هەندێ هۆ کە ئێستا چاوەڕوان دەکەین کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یەکلای بکاتەوە، چونکە بەراستی ئەندامانی پەرلەمانی گیروگرفتی شوێنیان هەیەو، ئێستا زۆریان لە ئوتێلەکان دادەنیشن و، ئەمەش ئەرکێکی مادی زۆری خستۆتە سەر ئێمە، چونکە ئێمە دەرماڵەی شوێنیان پێ دەدەین، هەروەها لەلایەنی ئەمنی مانەوەی ئەم ئەندامانە لە ئوتێلەکان مەسەلەیەکی ترسناکە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەوەی کە باس کرا دەربارەی باری ئەندامانی پەرلەمان ئەوە راستە، چونکە حاڵەتێکی ناخۆش دروست بووە بۆیان، یەکیان مەسەلەی ئەمنی و، دووەم مەسەلەی ژیانە، چونکە یەکێک لە شوێنێک بوو بە میوان بۆ رۆژێک دوو رۆژ بە بەردەوامی زۆر زەحمەتە حاڵەتێکی دەروونی دروست دەبێت کە هەستی نەکرد شوێنێکی تایبەتی خۆی هەیە بتوانێ لێی بحەوێتەوە، بەڵام بۆ وای لێ هات؟ خۆی ئەم خانووانە سێ جۆرە کەسی چووەتە ناو یەکیان ئەو فەرمانبەرانەی کە بەپێی عەقدێک چوونەتە ناوخانووەکە پێش راپەڕین، جۆری دووەم، خەڵکی هەژارو لێ قەوماوە دیویەتی خانوویەک هەیە جێی خۆی تیا کردووە و چۆتە ناو خانووەکە، جۆری سێیەم هەندێک کەسی دەسەڵاتدارن خانووەکە پرشت بووە بە هەمووکەلوپەلەوە دەستی بەسەر داگرتووە.
خۆی چۆڵ کردنی ئەم خانووانە بە بڕیارە، ئێستا (١٠٥) خانوو هەمووی چۆڵی کەن بەراستی کۆمەڵێک گیروگرفت هاتە پێش ئایا لەو هەولێرە(١٠٥) خانووی بەتاڵ دەست دەکەوێت؟، ئێمە ئێستا دەتوانین تەنیا (٣٠) خانوو پەیدا بکەین ئەوەی کە دانیشتووی هەولێرە هەرکەسەو خانووی خۆی هەیە ئەوانەی کە ماڵەکەیان دێن هەقی سروشتی خۆیانە کە خانوویان بۆ دابین بکرێت، بەڵام ئێستا خانووانەکانی پەرلەمان زۆریان بێ دەرگەو پەنجەرەن، کە بێگومان ئەندامانی پەرلەمانیش ناتوانن لەم جۆرە خانووانە دابنیشن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام بۆ ئەو بازە هەر بەسەر وەزیرەکانەوە بنیشێتەوە؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو خانووانەی کە کەوتوونەتە پێشەوە (٩) خانوو هەیە ئەوە دەسنیشان کراوە کاتی خۆی هەر یەکە بۆ(ئەمین عامێک) دیاری کراوە. ئەو وەزیرەی وەزارەتەکەی کە لەگەڵ ئەمانەتەکە دەگونجێت هەر یەکە چوویتە خانووی خۆی تەنیا دوو خانوو نەبێت ئەوەکانی دیکە کەوتوونەتە ئەو گیروگرفتە لێرەدا لەوانەیە وەزیرەکان و، بریکارەکان لەم ڕووەوە چالاکییان زیاتر بێ کە هەوڵ دەدەن هەر کەسە بۆ خۆی، بچێتە ناو خانوویێک، بەڵام هەموویان وەزیر نین، بەڕێز دکتۆر سەلاح هەتا ئێستا نەیتوانیوە بچێتە خانووەکەی خۆی هەروەها بەڕێز ئەمین مەولود ئێستا بێ خانووە. ئەمڕۆ ئێمە کاغەزێکمان داوەتە هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی کە هاوکاریمان بکەن لە چۆڵ کردنی خانووەکان بەوەی کە ئەندامەکانیان کە لە خانووەکان دانیشتوون بچنە دەرەوە، ئێستا ئێمە چاوەڕوانی ئەنجامین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز دکتۆر فوئاد وابزانم ئەندامان دوو سێ پرسیاریان هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە، بەڵام زەمانات هەیە ئەم خانووانە کە لە ماوەی هەفتەیەکدا چۆڵ بکرێن، بەڵام بە ڕێککەوتنی نهێنی لە ژێرەوە نەدرێتە وەزیر و بریکاری وەزارەتەکان.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ئێمە ئەو شتانە کە بووە هەمووی لە دەرەوەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بووە ئەو شتانە کە کراوەو، پێویستە ئەم خانووانە (١٨) خانوو، ئەوە هی وەزیرەکانە، چونکە جێگاکانیان لێک جیا کراوەتەوە لە پێشەوە چوار خانوو هەیە بۆ سەرۆکی وەزیران وجێگرەکەی و، سەرۆکی پەرلەمان وجێگری سەرۆکی پەرلەمان، ئینجا دەمێنێتەوە خانوونەکانی دیکە ئیتر ئەو خانووەی کە بۆ وەزیرەکان دانراوە کاتی خۆی ئەوە هی وەزیرەکانە ئەوەی دی بۆ پەرلەمانە واتا هەر بەو شێوەیە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرەدا خاڵێک هەیە ئەگەر بەم شێوەیە بێت ئەوە ئەگەڕێتەوە سەر ئەو بەشەی کە من باسم کرد، چونکە ئەو کاتەی کە ئەم دابەش کردنە دانرابوو ئەندامی پەرلەمان دەست بەتاڵ (متفرغ) نەبوون لە بەر ئەوەش بوو تەنها چوار خانوو دانرابوو بۆ ئەندامانی پەرلەمان ( سەرۆک و، جێگری سەرۆک وسکرتێر و، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی پەرلەمان)، واتا ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەم چوار خانووەیان بەر دەکەوێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەو(١٠٥) خانووە چەند وەزیر هەیە لە سەرۆک وەزیرو جێگری سەرۆک وەزیران و، لە سەرۆکی پەرلەمان وجێگری سەرۆک پەرلەمان و، سکرتێری پەرلەمانەوە بگرە ئەوانە لەگەڵ هی وەزیرەکان هەیە هەمووی لەیەک کۆمەڵە دانراون، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئـەنجــومـــەن:**

بەڵام ئەوی تر ئەوە نییە کە بڵێی ئەوەی هی فەرمانبەرەکان بووە بۆ پەرلەمان بێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

نەخێر ئەوەی دەتوانرێ تەرخان بکرێت بەم شێوەیە دەبێت.جێگرەکان لەکاتی خۆی بەبێ بڕیار چوونەتە ناو خانووەکانەوە، ئێمە کە هاتینە سەر دابەش کردنەکە پێشینەیی (اولویە) دەدەرێت بە ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئـەنجــومـــەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین بۆ ئەو روونکردنەوانە، جا تکایە ئەوانەی کە پرسیاریان هەیە بازۆر، نەبێت تەنها (٤) کەس ماوەیان هەیە پرسیار بکەن.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشیـر ئـەحـمـەد:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەم کێشەیە بۆتە کێشەیەکی ڕۆژانە بەتایبەتی بۆ من و، بەڕێز یونس، بەڕاستی هەتا ئێستاش کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەم بابەتە روون دەکاتەوە، من خۆم جدیەتێک نابینم لەم ئیشەدا، هۆیەکانیش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ حزبەکان بەتایبەتی بۆ یەکێتی و، دوای ئەوە بۆ پارتی. ئێستاکە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ودوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بنێرێت بۆ هەردوو خانووەکانی پەرلەمان و، ئەنجومەنی وەزیران پێویست بوو ئەو کادیرانەی خۆمان یەکەم جار بانگ بکەین چەندەمین جار من دووپاتم کردووە لەیەکێتی و، لە ناو کوتلەکەی خۆماندا، بەڵام هەروای لێکردووە کە ئەبێت خۆمان ئێمە بچین بەدوای خەڵکەکە بکەوین کە بەداخەوە ئەوە شتێکی خراپە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئـەنجــومـــەن:**

وەکو پێشنیارێک ئەوەی بەڕێز دکتۆر فوئاد باسی کرد روون بوو، ئێستا حاڵی حازر هەڵوێستەکە چۆنە؟.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشیـر ئـەحـمـەد:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هەڵوێستەکە ئێستا لەوە دایە کە ئەمڕۆ وەکو ئەو ڕۆژەی ڕێککەوتین لەگەڵ بەڕێز مام جەلالدا

ئێمـەش بەهێـز بچین بۆ دەرکـردنی ئەندامـەکانی یەکـێتی کـە لەناو خـانووەکـان دان، بەڵام ئەمـە بەراستی حەق نەبوو بەهێز دەربکرێن، بەڵکو دەبوایە بەناوی مەکتەبی سیاسی بانگی بکردنایە تاکو بڕۆنە دەرێ.

ئێمە وەکو لیژنەی بەدواداچوونی خانووەکان داوا لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین کە لەو بڕیارانەی وەریدەگرن دەربارەی ئەم مەسەلەیە ئاگادارمان بکەنەوە، هەروەها لیستی ناوی ئەو کەسانەمان پێ بدەن کە لە ناوخانووەکان دانیشتوون، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین بە چاکی ئیشوکارەکانمان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ناوانەی کە گوتمان سەبارەت هەر حزبێک ئەو ناوانە هیچیان بەعسی نین هەموویان خاوەن خەباتن بۆیە ڕێزیان لێ دەگیرێت، بەڵام بەعسیەک یاخود پیاوێکی خراپ کە کاغەزێک دێنێت ئەوە ڕەچاو ناکرێت، ئێمە باسی ئەم جۆرە کەسانە ناکەین، بەڵکو باسی ئەوانە دەکەین کە لەبەر خەباتیان وەفا بۆ خەباتیان وبۆ شەهیدیان دەستمان نەچووتێ ئەوانە پێشخەین بۆ دەرکردن و، ویستم ڕوونی بکەمەوە ئەوانەی کە ژمارەیان دیاری کراوە هیچیان بەعسی نین کە لەم خانووانەن دان، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری قسەکانی بەڕێز شەوکەت دەکەم، بەڵام یەک دوو خاڵ هەیە دەمەوێ زیادی بکەم بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران باسی گیروگرفتی ئەوەی کرد کە بۆچی ئەو خانووانە نەتوانرا چۆڵ بکرێن؟، ئێمەش کاتی خۆی لێرە لە پەرلەماندا وەکو لیژنەیەک کە دانیشتین ودیراسەی ئەو بابەتەمان کرد، ڕاپۆرتێکمان دا بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، وامان بە پەسند زانی کە مەسەلەکە ئیستسنای تیا نەبێ، چونکە زۆر زەحمەتە بە مرۆڤێکی خاوەن خەباتێکی دوورو درێژ بڵێین بڕۆ دەرێ لە ماڵەکەت، بەڵام کەسانێکی دیکە بمێنین لەوانەیە خاوەن خانوو جێ و شوێنیان هەبێت لەوێ بمێننەوە لەبەر ئەوەی ئەوان عەقدیان هەیە.

ئێستاش من بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەوەی ئێمە وەکو لیژنە گەیشتووینەتە ئەو بڕوایەی ئومێدمان نییە کە هیچ خانووەک چۆڵ بکرێت بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، چونکە ئەوەی کە چۆڵ کراوە تەنها بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بووە. ئەوەی کە بەڕێز دکتۆر فوئادیش باسی کرد چەند خانووەیەکە، ئەم چەند خانووەش بە ڕای ئێمە کێشەی ئەو برادەرانە چارسەر ناکات و، من دووپاتی قسەکەی بەڕێز شەوکەت دەکەمەوە کە ئێمە لەو لیژنەیەدا نەمێنین، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

ئێمە پاشان بۆ مەسەلەی لیژنە لەگەڵ بەڕێزتاندا دادەنیشین.

ئێستا هەندێک پرسیار هەیە لە هەردوو فراکسیۆنەوە بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە یەکیان سەبارەت بەڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە هەنگاوەکان بەچی گەیشت؟.

ئەم پرسیارە لەلایەن ئەندامێکی فراکسیۆنی سەوز کراوە، تکایە با خاوەنی پرسیارەکە بفەرمووێت بۆ ئەوەی دەقی پرسیارەکەی پێشکەش بکات.

**بەڕێز حـــــەسەن حـــەمـــیـــد رەحـــیم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

داوا دەکەم کە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە پەلەی لێ بکرێت لەبەر دوو هۆ:

١ـ لە بەر دەوڵەتە دراوسێکان.

٢ـ بۆ ئەمنیەتی ناوشارەکان، چونکە هەتا هێزی پێشمەرگە ڕێک نەخرێت، نە یاسا دەسەپێت و، نە خەڵکی بە دڵنیایی دەژین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

سەبارەت ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە ئێستا لیژنەیەک دانراوە بەسەرۆکایەتی وەزیری کاروباری پێشمەرگە بۆ ئەو یەکخستنەوە، ژمارەیەکیش دەسنیشان کراوە کە دەتوانرێ لە ڕووی مادیییەوە چەند بێت؟، تا ئێستا چەند پێشنیارێک هەیە کە ئەو کۆمیتەیەی خۆی باسی دەکات ولێی دەکۆڵێتەوە ژمارەکە ئاوا زۆر بێت، یان کەم و، یەکخستنەکە لەسەرەتادا چۆن دەست پێ بکات، هەروەها ماوەکەی دیاری کراوە کە بۆ سەری ساڵ دەست پێ دەکرێت، ئێستا لیژنەکە ئیش دەکات بۆ ئەم مەبەستەو، کۆبوونەوە دەکات لەگەڵ حزبەکانی ناوەوە دەرەوەی بەری کوردستانی بۆ ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی سوپایەکی نیزامی، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

لە فراکسیۆنی زەرد بەڕێز شێروان حەیدەری پرسیارێکی هەیە، با بفەرمووێ.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح عـــەبدوڵلا حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـــەنجـــــوومـــــەن.**

لەم دواییەدا ئەوەی هەستمان پێ کردووە هەندێ لە فەرمانگەکان مامەڵەی موڵکسەندن (معاملات الاستملاک) پێشکەش دەکەن کە گوایە لە بەر بەرژەوەندی گشتییە، بەڵام ئەوە ئاشکرایە بۆ بەرژەوەندی گشتی نییە بۆ بەرژەوەندی تایبەتییە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێم ببوورن پرسیارەکە دووبارە بکەنەوە، چونکە لەگەڵ کاک د. ڕۆژ خەریکی قسەکردن بووم، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم حاڵی حازر مامەڵەی موڵکسەندن لە فەرمانگەکان بوەستێت، هەتا باری ئابووری ڕێک دەکەوێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لە لە فەرمانگەی شارەوانی دەست کراوە بە موڵکسەندن، چونکە نەخشەی شاری هەولێر جێبەجێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ من مەبەستم لە شارەوانییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو مەسەلەیە وەزیری شارەوانی خۆی لێرەیە، تکایە ماوەی پێ بدەن کە ڕاستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە.

**بەڕێز کافیە سلێمان عەبدوڵلا/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:ظ**

ئێمە لە سەرەتا موڵکسەندنیمان (استملاک) ڕاگرتبوو، بەڵام دوای ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی خزمەتگوزاری پەرلەمان چەند شوێنێکیان دەسنیشان کرد بۆ پارک و شوێنی وەستاندنی ئۆتۆمبیل، ئێمەش داوای سەرژمێرییەکمان کرد بۆ ئەم شوێنانە کە چەند خانوو پێویستە بەموڵک بکرێت و؟، لەوانەیە پێشتر چەند خانوویەک بە موڵک کراوەو، ئێستا چەندی ماوە، ئەوەی کە ماوە ئەگەر ژمارەکەی کەم بێت و، قەرەبووەکەشی کەم بێت ئەوکاتە دەتوانین جێبەجێی بکەین ،سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە پێی ئەو زانیاریانەی لامان هەیە هەندێ خانوو بەر نەخشەی بنەڕەتی (تصمیم اساسی) کەوتووە، بەڵام کە خاوەن خانووەکە مامەڵەی موڵکسەندییەکەی لە فەرمانگەکان ئەگەینێتە ئەو

رادەی کە فـەرمـانگە رازی بێت لەسـەر گـۆڕینی خـانووەکـەی، بۆ نموونە پارچە زەوییـەکی هەیە دەچێت دەیگۆڕێتەوە بە پارچە زەوییەک لە قەراخ (رکن)، چونکە زەوی روکن نابێت بفرۆشرێت، ئەگەر ئامانج لەمە بەرژەوەندیی گشتی بێت ئەوە لارییـمان نییە، بەڵام ئامانجەکە بەرژەوەندی تایبەتی بێت ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان عەبدوڵڵا/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوەی بەڕێز شێروان فەرمووی ئێمەش لەگەڵیداین، ئەگەر هاتوو موڵکسەندییەکە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بێت، بەڵام هەندێ مەسەلەش هەیە کە پێویستە چارەسەر بکرێت، ئێستا ئێمە خەریکی ئەوەین لیژنمان هەیە بۆ ئەوەی بەو بڕیارانەدا بچنەوە، پاشان پێشکەشی پەرلەمان ئەنجومەنی وەزیرانی بکەین بۆ ئەوەی ببێت بە بڕیار، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

پرسـیـاری دووەم لە فـراکسـیـۆنی سەوزەوە هاتووە دەربارەی پاکـسازی لە فـەرمـانگەکـان، تکایە خاوەنی ئەم پرسیارە با بفەرموێ.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

خـاوەنی ئەو پرسـیـارە دوو کـەس بوون، بەڵام بەڕێز عـومـەر سـەید عـەلی لێرە نییـە، بەڕێز ئەیاد لێرەیە ئەگەر ماوەی بدەن بۆتانی روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیـاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

سەبارەت بەو مەسەلەیە بەراستی کێشەیەکی زۆر گەورە وگرنگە لە ناو کۆمەڵانی خەڵک، ئەگەر بێتو تەماشای بکەین دوو ئەنجامی سەلبی هەیە لەلایەنی مەعنەوی و مادی.

لە رووی مـادیـیـەوە دیارە لە هەر شـۆڕشـێک و راپەڕینێکدا، ئەگـەر پاشـان گـۆڕانکـارییـەکی تەواوو، بنەڕەتی نەکرێت ئەوا بارودۆخی پێش شۆڕشەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، تاکو ئێستاش لە دامـودەزگـاکـانی کـوردسـتـان خـەڵکانێک هەن کـە سـەر بەرژێمن و، لە پلەو پایەی خـۆیان مـاونەتەوەو، دەبنە هۆی پەیدا کـردنی رۆتین لە فـەرمـانگەکـان و، لەبەر ئەوە بەرای ئێـمـە دەبێت پاکـسازی لە هەمـوو فـەرمـانگە رەسـمـیـیـەکـان بە زووترین کـات بکرێت و، خـەڵکی دڵسـۆز لە فەرمانگەکان دابمەزرێن، سوپاس .

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

سەبارەت ئەوەی کە بەڕێز ئەیاد باسی کرد راستـە، بەڵام نەک بەو رەهاییە. من لەگەڵ ئەوەدا نیم

ئەوانەی کە ئیشوکارەکان لەلایان دوادەکەویت نیەت خراپ ومرۆڤی خراپ بن، بەڵکو هەندێک هۆی بابەتی (موضوعی) هەیە دەبێت جارێ ئەوان باس بکەین، ئینجا بێینە سەر ئەوە جاران کە ئیش زۆر دەڕۆی و، هەر وەزارەتێک و، هەر فەرمانگەیەک چەندین ئۆتۆمبیلی هەبوو، بەڵام کام فەرمانگە ئەمڕۆ ئۆتۆمبیلی هەیە بەپێیانیش کەس ناتوانێت بڕوات، ئێستا لە ئەنجوومەنی وەزیران تازە بەتەماین ماتۆرسکلێک بکڕین بۆ ئەوەی پۆستە بەپەلە ببات ئەمە یەک.

دووەم: سەبارەت بە مەسەلەی فەرمانبەران پێویستە چاوێکی پیا بخشێنرێتەوە، لە کوردستاندا نزیکەی(٢٥٠٠٠) فەرمانبەرمان هەیە مانگانە مووچە وەردەگرن و، هیچ ئیشێک ناکەن لە ماڵی خۆیان دانیشتوون، بەڵکو پێشمان خۆشە کە ئیش ناکەن، چونکە ئەگەر بێت دەبێ ژووری بۆ پەیدا بکەین ومێزێک وکورسییەک.

سیاسەتی حکومەتی پێشوو ئەوە بووە هەموو کەس بە خۆیەوە ببەستێتەوە، ئەوجا بە چەک هەڵگرتن بە وەزیفەیە بەهەر شێوەیەک بێت پاڵەپستۆیەکی زۆر زۆر گەورە هەیەو، باری ئابووری خەڵکەکە خراپە پێویستە لێکۆڵینەوەی ئەمانە بکەین، ئینجا بێینە سەر پاکسازی، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ئامێرو کەلوپەلەکانی فەرمانگەکان کە ئێستا لای حزبەکانی بەرەی کوردستانین، من پێشنیار دەکەم هەر وەزارەتێک سەرژمێری ئامێرەکانی خۆی بکات، بۆ ئەوەی لە حزبەکان بستێندرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکەی زۆر بەجێیە.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

داواکراوە لە هەموو فەرمانگەکان کە لیستەیەکمان بدەنێ بە ژمارە و ناوی ئامێرەکانی کە هەیان بووە لە کوێن و، لەلایەن چ حزبێکن؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی شتەکەی داوا کردووە دەزانێ، چونکە دەڵێ لامە لە پاشان دەرئەچێ کە هی چ جێگایەکی ترە، دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران وەکو پێویست دابەش بکات.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەرمانگەکان تۆماریان هەیە کە زانیاری تەواوی تێدایە دەربارەی ئەم مەسەلانە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومــــەن:**

دەزانن لەکوێیە و، لای کێیە؟.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاویس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

فەرمانگەکان دەزانن لە کوێن و، ناوەکان نووسراون، بەڵام هەندێ فەرمانگەی تریشمان هەیە کە ئێستا تیای نییە، حەقە زۆربەی ئەو ئۆتۆمبیل وئامێرانەی لەلای لێپرسراوای حزبەکانن، ئەو حزبانەی کە ئەم پەرلەمانە پێک دێنن بەتایبەتی ئەوان، ئەبێ ئەو حزبەکان خۆیان بیانگەڕێننەوە بۆ فەرمانگەکان، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومــــەن:**

پرسیارێک هاتووە بۆ وەزارەتی دارایی دەربارەی مەسەلەی ئاودیوکردنی مەکینەو ئۆتۆمبیل بۆ ئێران لەسەر مۆڵەتی کۆن و، پارەکەشی نادرێتە دەزگای گومرگی کوردستان.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

ڕاستە تا ئێستا ئەمە بڕیاری سەرۆکە کە بە هیچ جۆرێک ئەو ئامێرانە گومرک نەکرێن، لەبەر ئەوەی کەم نەبێتەوە لە کوردستاندا، بەڵام بەداخەوە هێشتا سنوورەکە پۆلیسی گومرگی بە ژمارەیەکی پێویست لێ دانەنراوە، لەبەر ئەوە تاکو ئێستا ئەم ئامێرانە هەر ئاودیو دەکرێن بە یارمەتی چەکداری حزبەکان و، بەبێ ئەوەی پارەکەی بگەڕێتەوە بۆ گومرگی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومــــەن:**

لە فراکسیۆنی سەوز کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم بابەتە؟.

**بەڕێـز حــــســــەن عـــەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

بەڕێز مامۆستا مەلا تەها چەند پرسیارێکی هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشداری کردووە لە کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئیسلامی نەیتوانیوە ئەمڕۆ ئامادە بێت، داوا دەکەم پرسیارەکانی دوا بخرێن بۆ سێ شەممەی ئاینده، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومــــەن:**

دوا پرسیار دەربارەی کۆکردنەوەی دەزگاکانی(u.n) لەیەک کۆمەڵگادا، با خاوەنی ئەم پرسیارە بفەرمووێ.

**بەڕێز ئەکرەم عاشور عوديش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بوونی ڕێکخراوەکانی (u.n) لە عەینکاوەدا چەند گیروگرفتێکی پەیدا کردووە:
یەکەم: لەلایەنی ئەمنی هەر خانوویێک دوو پۆلیسی (u.n)ی تێدایە، بەڵام(٣ـ٤) پۆلیسی خۆمان لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک پارێزگاریان دەکەن.
دووەم: لە ڕووی ئابوورییەوە، نرخی خانووەکان بەرزبۆتەوە گەیشتە(٦٠٠٠) هەزار مانگانە.
سێیەم: لە ڕووی ڕەوشتەوە، لە ڕۆژنامەکانی ڕژێمدا نووسراوە (بنات عينكاوة في احضان الاجانب). جەماوەری عەینکاوە داوا دەکەن کە ئەم بیانییانە دوور بخرێنەوەو، لە ئوتێلێک کۆ بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە سوپاسی ئەوە دەکەین کەوا ڕێکخراوەکانی (u,n) هاتوونەتە کوردستان و، بوونیان لێرە لە قازانجی ئێمەدایە ئەمە یەک.
دووەم: هەرکەسێک بۆ خۆی ئازادە خانووەکەی بەکرێ دەدات، یەکێک دەیەوێت خانووەکەی خۆی بەکرێ بدات ئێمە ناتوانین قەدەغەی بکەین و، بڵێین نابێت خانووەکەت بەکرێ بدەیت، یان یەکێک بیەوێت لە گەڕەکێک خانوو بگرێت ئێمە بڵێین نابێت ئەتۆ لەو گەڕەکە خانوو بگری. بەراستی ئێمە وەکو وڵاتە سۆشیالیستەکان نین گەڕەک بۆ خەڵکی دیاری بکەین، چونکە ئێمە سیاسەتەکەمان ئەوە سیاسەتە نییەو، فەلسەفەکەمان ئەو فەلسەفەیە نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مەسەلەکە ئەوە بێت بیان نێرینە ئوتێل بەراستی ئێمە پشتگیری ئەوە ناکەین و، با بچن خۆیان خانوو بگرن.

**بەڕێز ئەکرەم عاشور عوديش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، جا دەمەوێ ئەو پرسیارانەی کە هەبوون بە نووسراو بۆمان هاتبوو پێش کۆبوونەوە بکرێنە بڕیار، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دانیشتنێکی پێشوودا پرسیارێکم ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کرد، گووتی لە دانیشتنی داهاتوو وەڵامت دەدەمەوە، من باسی ئەوەم کرد کە چەند بازرگانێک لە سلێمانی هاتوون داوایان کردووە هەندێ گەنم لە هەولێر بکڕن و، بیبەن بۆ سلێمانی لە جیاتی ئەوەی

بیبەن بۆ سلێمانی بردویانە بۆ ناو رژێم، من پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا ئەنجوومەنی وەزیران چ ئیجرائاتێکی لەگەڵدا کردوون؟.

پرسیارێکی دیکەشمان پێشتر ئاراستە کردبوو دەربارەی دروشم ناونیشانەکانی ناو شاری هەولێر کە تاکو ئێستا هەر بە عەرەبی نووسراون، داوا لە شارەوانی هەولێر دەکەین کە هەنگاوێک بهاوێژێ بۆ گۆڕینی ئەو دروشمانە بۆ زمانی کوردی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من روونکردنەوەیەکم هەیە با لەیەکیان جیاکەینەوە، یەکەمیان ئەوەیە بەپێی پێڕەوی ناوخۆ بۆمان هەیە ئەو روونکردنەوانە بکەین لە بەڕێزان چ وەزیرێکمان دەوێت بۆ ئەو مەسەلانە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکات، بۆ ئەوەی کە ئەو وەزیرە بەڕێزە بێت وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

دوو، هەموو هەفتەیەک رۆژی سێ شەممە تەرخان بکرێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، ئێمەش پێش (٤٨) سەعات نووسراوێک ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکەین پرسیارەکانی تێدا دیاری بکەین، بۆ ئەوەی ئەوانیش خۆیان ئامادە بکەن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

سەبارەت بە فراکسیۆنی زەردوە، ئێمە ئەمرۆ تەنها یەک پرسیارمان گەیشتۆتە دەست، ئەویش خرایە روو، بەڵام ئەودوو پرسیارەی بەڕێز فرەنسۆ باسی کرد دەبوایە بە نووسراو ئاراستەی ئێمەی کردبا، جا لێرە من پێشنیار دەکەم پشووەک وەربگرین، ئینجا بێینەوە سەر خاڵەکانی دیکە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر سەیری ئەم نووسراوە بکەن کە لە بەردەمتاندایە پرسیاری تری تێدایە کەوا ئێمە بەنووسراو پێشکەشمان کردووە، جا تکام وایە کە ئەم کۆبوونەوەیە درێژەی پێ بدرێت هەتا ئەم بەشەش ببڕێتەوەو، ئەم کاتە پشوو بێت و، بچینە سەر باسێکی نوێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەقی پرسیارەکانی لە فراکسیۆنی سەوزەوە هاتووە، بە ئیمزای گارگێڕی فراکسیۆنەو، هیچ پرسیارێکی بەڕێز د. کەمالی تێدا نییە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من خۆم ناردوومە لەسەر کاغەزێکی بچکۆلە پێش ئەم کۆبوونەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز د. کەمال ئەگەر پێش کۆبونەوەکە ناردووتە بەچەند سەعاتێکی ئەوە لەناو بەرنامەی ئەمڕۆدا نییە، چونکە ئێمە ڕێککەوتین کە (٤٨) سەعات پێش کۆبوونەوە پرسیارەکە بگات.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵی هەر هەمان پرسیارە، بەڵام لەسەر کاغەزێکی بچکولەی ترە ناوەکانیش لە تەنیشتەوە نووسراوە، بۆیە من بەلامەوە سەیر بوو کە گووتتان کێ ئەم پرسیارەی کردووە؟، چونکە من ناوەکانم هەموو نووسی بوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵی ئەوە ئێستا هات کە بەئیمزای بەڕێز شەوکەتە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر من پێشتر لە سەرەتای دانیشتنەکە ناردوومە لەسەر کاغەزێکی رەسمی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەبوایە بخرێتە ئەو لستەیەی کە بەرەسمی بۆمان هاتووە لە فراکسیۆنی سەوزەوە پێش(٤٨) سەعات یان، (٢٤) سەعات.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێرێ ئەو بابەتەمان باس کرد، واتا پێریش من ئەوەم بەنووسراوێ پێشکەش کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران رازی بن دوو پرسیاری ترمان هەیە، هیوادارم کە زۆر وەخت نەخایەنێت.

بەڕێز فرەنسۆ فەرموو پرسیارەکەت دووبارە بکەوە، بۆ ئەوەی بەڕێزان بتوانن وەڵامی بدەنەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی پێڕەوەی ناوخۆی پەرلەمان پێرێ دوو پرسیار ئاراستەی بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کرا، یەکەمیان لەلایەن بەڕێز د. عیزەدین بوو سەبارەت بەکۆبوونەوە سێ قۆڵیەکەی نێوان (ئێران، تورکیا، سوریا)، دووەم لەلایەن بەڕێز شەوکەت سەبارەت بە مەسەلەی (p.k .k) بەڕێزتان پێشنیارتان کرد دوای بخەین تاکو ئەو رۆژەی کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە دەبێت، ئێمەش ئەندامانی پەرلەمان رازی بووین لەسەر ئەمە، بۆیە ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە ئەمرۆ ئەو پرسیارانە وەڵام بدرێنەوە.

سەبارەت بە پرسیارەکەی منیش، لە هەفتەی رابردوو من رووبەروو ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانم کردو، بەڕێزی دوای خست بۆ ئەم هەفتەیە، لەبەر ئەوە من پرسیارەکەم بە نووسین پێشکەش نەکرد، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاویس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا ئێمە لاریمان نییە وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارێک هەیە لەلایەن بەڕێز عەبدولخالق زەنگەنە هاتووە بۆ وەزیری ناوخۆ، (بالنظر لحضور السيد رئيس الوزراء، ووزير الداخلية اطلب الاستفسار عن وثيقة قانون الاحزاب الجمعيات باهميتها من اجل تنظيم مجتمع متحرر سياسي مع الشكر).

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاویس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە پرۆژەی یاسای کۆمەڵەکان ئێمە موسودەکەمان بە نووسراوێکی رەسمی بۆ ناردوون و، بەرزمان کردۆتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران. ئێستاش دەستەیەکی راوێژکار هەیە لە وەزارەتی ناوخۆ خەریکی لێتوێژینەوەی پرۆژەکەیەو، لەم زووانە تەواو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارێکی دیکە هەیە، دەربارەی شەڕی پەکەکە و، ئەنجامەکەی.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

شەڕی پەکەکە لە ئەنجامی ئەوە بوو کە ئەوان بە دوای دەنگی پەرلەمان و، بڕیارەکانی نەهاتن و، هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە چارەبکرێت و، نەگاتە شێوەی شەڕ، بەڵام شەڕەکە لەلایەنی ئەوانەوە سەپێنرا.

دوای چەند رۆژێک داوایان کرد ئامادەنە بڕیارەکانی پەرلەمان جێبەجێ بکەن، بەڵام وەختێک ئەو بڕیارەیان دا کە خوێن رژا لەبەینی هەردوولا وەشەهیدیشمان داو، برینداریشمان هەبوو دیسان لەبەر کۆمەڵێک هۆ کە نابێت پەنا بۆ بەردەوامی شەڕ ببەین ئەوە بوو رازی بووین کە شەڕەکە رابگیرێت مادام بڕیارەکانی پەرلەمانیان جێبەجێ کردووە، کە نابێ سنووری هەرێمی کوردستان بەکار بێنن بۆ چالاکی سەربازی و، مانەوەیان لە کوردستانی عێراقدا دەبێت هەر وەکو پەناهەندە بێت.

لەلایەنی ئێمەوەش زیانێکی زۆر کەوتووە، لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکەی تورکیا خەڵێکی زۆر شەهیدو بریندار بووینە، بەڵام ئێستا شەڕ نەماوەو، ناوچەکەش ئارامە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارێکی دیکە هاتوو لەلایەن بەڕێز فرەنسۆ دەربارەی مەسەلەی گەنم، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەدانیشتنی پێشوودا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران باسی ئەوەی کرد چەند بازرگانێک لە سلێمانی هاتوون بۆ ئێرە بۆ ئەوەی گەنم بکڕن بۆ شاری سلێمانی، بەڵام لەجیاتی ئەوەی کە گەنمەکە بیبەن بۆ سلێمانی هەر لە ڕێگای کۆیەوە دیبەن بەغداد، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا چ ئیجرائاتێک کراوە بۆ چارەسەکردنی ئەم مەسەلەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ڕاستیدا بازاڕی کوردستان بەپێی بڕیاری پەرلەمان بازاڕێکی ئازادە، بەڵام لەو ماوەی دواییدا لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە جار بەجار لەلایەن پارێزگاری دهۆکەوەش، هەروەها پارێزگاری سلێمانی داوای ئەوە دەکەن کە هەندێ جۆری کەلوپەل خواردەمەنی قەدەغە بکرێت لە شارێکەوە بچێت بۆ شارێکی دیکەی کوردستان بۆ ئەوەی نرخ بەرز نەبێتەوە، لەبەر ئەوە ماوەیەک قەدەغەکرا (گەنم وجۆ) لە هەولێرەوە بچێ بۆ سلێمانی، بەڵام لە هەمان کاتدا سەیرمان کرد کە باری ئابووری لە سلێمانیدا بەرەو خراپی دەچێت، پێویستی بەوە ئەکرد کە ئێمە ڕێگا بدەین کە لێرە (گەنم وجۆ) بکڕن، بەڵام ئێستا هەندێ هەواڵ دەگات کە ئەم گەنمە ناگاتە سلێمانی و لە هەندێ شوێندا دەرباز دەکرێت و، بەرەو ناوچەکانی ڕژێم ئەڕوات. ئێمە ئێستا بەدوای ئەوە هەواڵانە دادەچین کە ئایا ڕاستە ئەم گەنمە دەڕوات و، بەڵگەیان چییە؟.

کاتێک سەپێنرا ئەم گەنمە دەچێت بۆ ناوچەکانی ڕژێم داوامان لە پارێزگاری سلێمانی کردووە، کە بڕی ئەو گەنمەی پێویستە لە شاری سلێمانی بۆ بازرگانەکان دیاری بکات. لێرەش ئێمە کۆمیتەیەکمان پێک هێناوە بۆ ئەم مەبەستە کە هەر بازرگانێک گەنم بیات بۆ سلێمانی ئێمە کاغەزێکی ڕەسمی دەدەینێ، هەروەها لە سلێمانی دەبێت تەئییدێکمان بۆ بێنێ کە گەنمەی گەیاندۆتە سلێمانی، بێگومان هەر کەسێکیش کەلوپەل لە کوردستانەوە بە قاچاغ بباتە دەرێ ئێمە ئیجرائاتی پێویستی بەرامبەر وەردەگرین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە وەڵامی پرسیارەکەی من نەبوو من پرسیارەکەم لەسەر ئەو بنەمایە لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کرد کە خۆی فەرمووی چەند بازرگانێک هەن گەنمیان گواستۆتەوە بۆ ناو حکوومەت لەجیاتی ئەوەی کە بیبەن بۆ سلێمانی بردوویانە ناو حکومەت پرسیارەکەی من ئەوەیە چ ئیجرائاتێک لەگەڵ ئەو بازرگانانە کراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورن من وای تێدەگەم کە مەسەلەکە بەشێوەیەکی گشتی باس کراوە، ئەگەر بازرگانی گەورە هەبێت و، شتیان برد بێت نامەی وامان پێ نەگەیشتووە، هیچ بازرگانێک لەو بازرگانانەی ئێمە شتی برد بێت بەرەو ڕژێم واتا بەناو نەهاتۆتە لای ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوا پرسیارمان لەلایەن بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم کە چوار پرسیاری هەیە، بەڵام ئەمڕۆ یەکێکیان دەخەینە ڕوو، ئەوانی تر بۆ دانیشتنێکی دیکە هەڵدەگرین.

پرسیارەکەی ئاراستەی بەڕێز وەزیری ئەوقاف کراوە، کە بۆچی تاکو ئێستا مزگەوتەکان لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامی بەڕێوە دەبرێن؟، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لە وەزارەتی ئەوقافەوە نووسراومان ئاراستەی ئەو مزگەوتانە کردووە کە لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامیەوە داگیر کراون بۆ ئەوەی مزگەوتەکان چۆڵ بکەن، ئێمە لە وەزارەتی ئەوقافدا چەند جارێک بە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵیاندا داوامان لێ کردوون کە دەربچن لەناو مزگەوتەکاندا، بەڵام ئەوان هێشتا دەرنەچوون، لەبەر ئەوە ئێمە لە وەزارەتی ئەوقافدا بە نووسراوی ڕەسمی داوامان لە وەزارەتی دادو، وەزارەتی ناوخۆ کردووە کە یارمەتیمان بدەن لەم کارە، چونکە ئێمە بەتەنیا وەکو وەزارەتی ئەوقاف ناتوانین چەکدارەکانیان لە مزگەوتەکان دەربکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێک پشوویەک دەدەین، پاشان گفتوگۆ لەسەر یاسای فێرکردنی باڵا دەکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە بۆچی سەرۆکی زانکۆ ئامادە دەبێت لێرە، بەڵام نوێنەری وەزارەتی پەروەردەو، پەیمانگای تەکنیکی لێرە نەبن؟، چونکە ئەمانیش ئەندامی دەستەی باڵای فێرکردنن، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کە گفتوگۆکردنی یاسای فێرکردنی باڵا دوابخەین تاوەکو ئەوانیش ئامادە دەبن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە یاسای فێرکردنی باڵایە پەیوەندیی بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە، ئێمە ئەنجوومەنی وەزیرانمان ئاگادار کردەوە کە گفتوگۆ لەسەر ئەم یاسایە دەکرێت، بەڵام ئەوان کێ لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن ئەوە کاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی نییە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی ئەندام نییە لە خوێندنی باڵا، بەڵام ئەوەی ئەندامە بەڕێوەبەری پەیمانگا تەکنیکیەکانە کە ئێمە لە کوردستاندا نیمانە، ئەم مەسەلەیەش پەیوەندیی بەوە نییە کە ژمارەی قوتابیانی پەیمانگا زۆرن، لەبەر ئەوە دەبێت ڕاگری پەیمانگا ئەندام بێت لە خوێندنی باڵا، بەڵکو ئەمە پەیوەندیی بە پسپۆڕی و شارەزاییی هەیە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدا نیم ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی ئەندام بێت لە ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جارێ ئێمە وەکو کوتلەی پارتی بەگشتی ئامادەنین بۆ گفتوگۆکردنی یاساکە، چونکە زۆر شت هەیە لەسەری ڕێک نەکەوتووین ئەمە یەک.

دووەم: (رئيس هيئة المعاهد الفنية في الاقليم) ئەویش دەبێت نوێنەر بێت لەو ئەنجوومەنەدا، چونکە ئەوانیش پێشنیاری خۆیان هەیەو، هەروەها گیروگرفتی خۆیان هەیە، لەبەر ئەوە من لە جیاتی کوتلەی خۆم داوای دواخستنی ئەم گفتوگۆیە دەکەم تاوەکو بە چاکی ڕێک دەکەوین لەسەر مەسەلەکان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم خاڵە پەیوەندیی بە پێڕەو هەیە، ئێستا یاسا باس دەکەین ئەو یاسایەی پێشکەش کراوەو، هەندێ ئەندامان بینوبیانە لە پاشان یاساکەمان بۆ هاتووە لەلایەنی پەیوەندیدارەوە، ئێمە ئاراستەی لیژنەی یاسای خۆمان کرد، کە ئەندامانی کوتلەی زەردیشی تێدایە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو خاڵ هەیە دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە:

یەکەم: ئێمە لە کوتلەی زەرددا ئێستا یاساکە بەدەستمان گەیشتووەو، من تا ئێستا دابەشم نەکردووە. بەپێی یاسا دەبێت بەلای کەمیەوە (٢٤) سەعات پێش کۆبوونەوە پێشکەش بە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بکرێت.

دووەم: مەبەستم وانییە هەر دەبێت فلانە وەزیر ئامادە بێت، ئێمە داوا لە بەڕێز عەدنان نەقشبەندیی دەکەین کە نوێنەری ئێمەیە لە لیژنەی یاسادا، ئەگەر لەوێ بەم شێوەیە ڕێککەوتوون با پێمان بڵێ ڕێککەوتووین، بۆ ئەوەی دەست بە گفتوگۆ کردنی یاساکە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ناوی لێ نانێم ڕێککەوتن، چونکە لەلای وەزیر باسی ڕێککەوتن واتا بابەتێکمان باس

کردووه من چەند رۆژێک بوو بەتەمابووم بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگرەکەی ببینم، بەلام بەداخەوە بەهۆی ئەوەی ئەوان خەریکی ئیشوکار بوون من نەمتوانی بیانبینم، ئیمرۆ بەیانی من لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران قسەم کرد ئەویش گوتی ئێمە رێککەوتووین لەسەر ئەم مەسەلەیە، ئێمە وەکو لیژنەی یاسارامان وایە پرۆژەی ئەم یاسایە پەیوەندیی هەیە بە مادە (١٠) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت ئەندامانی پەرلەمان هەر تێبینییەکی کە هەیانە بیدەن بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، پاشان سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکات و، بە هیچ شێوەیەک نابێت ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کۆببنەوە ئەمە یەک. دوو، من لە ئەندامانی لیژنەی یاسام پرسی چ یاسایەک ئامادەیە بۆ ئەوەی بیخەینە بەرنامەی کار؟، ئەندامانی لیژنەی یاساو خوێندنی بالا، وتیان یاسای خوێندنی بالا ئامادەیە، بۆیە ئێمە خستمانە ناو بەرنامەی کاری ئەمرۆ.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئێستا ئەو پرۆژەیەمان بەدەست گەیشت، لەبەرئەوە باشتر وایە، ئەگەر دوابخرێت نالێم بۆ(٤٨) سەعات با هیچ نەبێت بۆ کۆبوونەوەی سبەینێ، بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەنجوومەن ماوەی ئەوەیان هەبێ کە بەوردی بیخوێننەوەو، سەرنج وتێبینییەکانی خۆیان گەلالە بکەن بۆ کاتی لێکۆلینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی بەڕێز د. کەمال دەکەم من ئەو پێشنیارەم کرد پاش ئەوەی دەرکەوت لەباتی ئەوەی(١٠٥) دانە بۆمان بنێرن (٢٠) دانەمان بۆ هاتووە لەزانکۆوەو، ئەمە دوو رۆژە بەو کێشەیەوە خەریکین بۆ ئەوەی بەهەموو ئەندامێک بدرێت و، ئەمرۆ دکتۆر خسرۆ خۆی رۆیشت چاپی بکات و، بۆیە داوا لەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم ئەو کۆبوونەوەیە دوا بخرێت بۆ سبەی.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو لایەنەی کە یاساکەی پێشکەش کردووە بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران هەردووکمان ئامادەین لێرەو، سەرۆکی زانکۆ وەک راوێژکار لێرە ئامادەیە نەک وەک نوێنەر، بەلام ئێوە ئەگەر دەتانەوێ هەر کەسێک ناوی لە یاساکەدا هاتووە لێرەدا وەکو نوێنەری ئامادە بێت، ئەوا

پێویست ناکات ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا ئیشوکارەکانی خۆمان بەجێ بهێڵین بێین لێرە گفتوگۆی یاسا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تۆمــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــوومــــــەن.**

پێش ئەوەی بێینە ژووری من داوام لە بەڕێزتان کرد کە ئێمە ئامادە نین ئەمڕۆ پڕۆژەی لیژنەی خوێندنی باڵا دوابخرێت پاشان بەڕێز عەدنانیشم ناردە لای بەڕێزتان بۆ هەمان مەبەست، بەڵام ئێوە گوێتان نەدا بە قسەی ئێمە، هەروەها من جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەمەوە کە من مەبەستم نییە هەر دەبێ فلان وەزیر ئامادە بێت، بەڵام ئێمە پێشتر یاساکەمان بەدەست نەگەیشتووەو، زۆر تێبینیمان هەیە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

بێگومان مافێکی ڕەوایە کە بەڕێزت وەکو سەرۆکی فراکسیۆن و، وەکو ئەندامێکیش پێشنیار بکەی لەسەر ئەوەی کە سەرۆکایەتی بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە ئەو پرۆگرامەی پێش(٤٨) سەعات بڵاونەکراوەتەوە داوا بکەی لەبەرنامە کە ئەو خاڵە لاببیرێت.

ئێستا هەردوو کوتلە ڕازین لەسەر ئەوەی گفتوگۆ کردنی ئەم یاسایە دوابخرێ بۆ دانیشتنی ئایندە؟.

**بەڕێز د. عـــیــزەدین مـــســتــەفــا ڕەســـول:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــوومــــــەن.**

لەبەر گـەلێک هۆ منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی بەڕێزتان و، سەرۆکی هەر دووک فراکسیۆنەکان کە بخرێتە هەفتەی داهاتوو بۆ ئەوەی بەتێروتەسەلی زیاتر ئێمەش لیژنەی خوێندنی باڵاوە بتوانین زیاتر لێی بکۆڵینەوە وە وابزانم هیچ زیانێکی تیانابێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــوومــــــەن.**

لە ڕاستیدا وەکو من بیزانم هەر وەزیرێک مافی هەیە لە پەرلەماندا ئامادە بێت، هەروەها پەرلەمان بۆی هەیە هەر وەزیرێک، یان ڕاوێژکارێک، یان فەرمانبەرێک بانگ بکات بۆ ئامادە بوون لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا لە کاتی گفتوگۆ کردنی یاسادا، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کە بەڕێزت هاتی بۆ مەسەلەی هەوڵدانی تەقینەوەی هۆڵی میدیا پێشنیارت کرد کە هەندێ لێپرسراوان لەگەڵتان ئامادەبن، ئەوانیش هاتن و، ڕای خۆیان دا دەربارەی بابەتەکە، لەبەر ئەوە کاتێک وەزیرێکی پەیوندیدار داوای هەر کەسێک بکات لەگەڵیدا بێتە پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمان داوایەکەی ڕەت ناکاتەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ڕاستیدا هەندێ خاڵ هەیە دەمەوێ روونی بکەمەوە.

یەکەم: سەبارەت بە مەسەلەی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ من ئاگادار نەبوومە کە یاسای خوێندنی باڵا لەناو بەرنامەی کاری ئەمڕۆ دانراوە.

دووەم: دەربارەی سەردانمان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، ئێمە ئەندامانی پەرلەمان فەرمانبەر نین لێرە بۆ ئەوەی نەتوانین بچینە لای وەزیرە بەڕێزەکان، بەڵکو ئێمە مافی ئەوەمان هەیە بۆ را وەرگرتن بچینە لای سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و، وەزیرە بەڕێزەکان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەم شێوەیەش دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێدێت..

زۆر سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥٦)

## پێنج شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١١/٢٦

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٥٦)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٦

*کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی١٩٩٢/١١/٢٦، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە(٥٦)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی یەکەمی خۆی بەست.*

*سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە چەسپێنرا و، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*دانیشتنێکی تایبەتە بۆ گفتوگۆکردنی هەندێ ئیشوکاری تایبەتی.*

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەر داواکردنی بەڕێزان ئەم کۆبوونەوە کۆبوونەوەیەکی کراوەیە،حەزدەکەم بەڕێزان سەرۆکی هەردوو فراکسیۆنەکە تێبینی و ڕای خۆیان بڵێن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وتمان ئەم کۆبوونەوەیە داخراوە بێت نەک کراوە، ئەوەی پرسیارێکی هەیە با پێشکەشی بکات لەپێش هەموو شتێکدا من حەز دەکەم ناوی ئەو (١٤)لیژنەیەی کە هەیە دیاری بکرێت، دووەم لەسەر ئەوە ڕێک کەوین کەوا بەرنامەکانمان لە هەفتەی داهاتوودا چۆن بێ و، سەرنج وتێبینی ئەگەر هەبێ لەم بارەیە دیاری بکرێ و، ئەوجا لەسەر ئەو مەسەلانە ڕێک بکەوین کە بە باشی دەزانن، هەتاوەکو پشووی داهاتوو لێ بینەوە و، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمانیش مەسەلەیەکیان هەبوو با لە ڕێگای فراکسیۆنەکانیانەوە پێشکەشی بکەن، بۆ ئەوەی ئێمەیش پێشکەشی ئێوەی بەڕێزی بکەین، ئەوکاتە ناوی ئەو کەسانەی کە تێبینی ، یا پرسیار و، یا هەر شتێکی تریان هەبوو دەخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی خۆیان سەرنج وتێبینییەکانی خۆیان ڕوون بکەنەوە، وابزانم بەم شێوەیە دەتوانین بە ڕێکوپێکی کۆبوونەوەکەمان ببەین بەڕێوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە ڕۆژە داوا کرا کەوا دانیشتنێکی داخراوی نهێنیبکرێ، بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی

نیشتمانیی لەهەموو رویێکەوە دەردی دڵی خۆیان بکەنەوە، دەربارەی لیژنەکانیش هەندەک شتی هونەریمان ماوە کە رۆژی شەممە کۆبوونەوە دەکەین و ناوی ئەندامانی لیژنەکان دیاری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەبەر ئامادە نەبوونی ناوی ئەندامانی لیژنەکان ناتوانین بیخەینە دەنگدانەوە و،ئەوەش بەپێی پێڕەوی پەرلەمان شتێکی پەسەند نییە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ناوی ئەندامانی لیژنەکانمان پێشکەش نەکردووە، خۆ ئەندامە کۆنەکانی لیژنەکان هەر ئەندامن و، دەنگیان لە سەر دراوە، ئێمە پاشان ناوی تازە دەدەین بە ئێوەی بەڕێز و ئەوانیش کاری خۆیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە فراکسیۆنی پارتی ناوی ئەندامانی خۆی بۆ لیژنەکان ئامادە نەکردووە، بۆ ئەوەی پێشکەشی بکات، ئێمەش ئەم دانیشتنە وا رێک دەخەین کە دانیشتنێکی داخراو بێت و، دانیشتنی سبەینێش دەکەینە دانیشتنێکی نهێنی. بە پێی پێڕەوی ناوخۆش دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە، ئێستاش کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دایشتنەیە کە کردوومانە دانیشتنێکی نهێنی بێ؟ تکایە دەست بەرزبکاتەوە..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا کە دانیشتنێکی نهێنی بێت.

ئێمە زۆر گرنگی ئەدەین بەیاساکان بۆ ئەوەی کەوا وەزارەتەکان بتوانن کارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و، هەوڵێکی تەواو ئەدەن ئەو شتانەی کە باس دەکرێ بەتایبەتی یاساکان پاش (٤٨)سەعات بخرێتە پێش ئەندامانی ئەنجوومەن.

پێشنیارەکەی بەڕێز د.کەمالیش ئەوەیە کە ئەندامە بەڕێزەکان لە رێگای فراکسیۆنەکانەوە پرسیار و تێبینییەکانیان رەوانەی سەرۆکایەتی بکەن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەو پێشنیارەم بۆ ئەوە کردووە کە دانیشتنەکانمان زیاتر رێکوپێک بێت و، سوود لەکاتەکەش وەربگرین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادام کۆبوونەوەکە نهێنییە ولەوانەیە لەکاتێکدا کە برادەرێک پرسیارێک ئاراستە دەکات لە دوای ئەو فکرەیەک لەسەر هەمان شت لای برادەرێکی تر بێتە پێش، بۆیە من پێموایە ئەندامانی

ئەنجوومەنی نیشتمانیی خۆیان دەست بەرز بکەن وپرسیارەکانی خۆیان، خۆیان ئاراستەی بکەن و، ئازاد بن بەم شێوەیە ئیشەکە سوکتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنها پرسیارێک هەیە ئایا هیچ رادەیەک نییە بۆ ئەوەی چەند ئەندامێک لەهەر فراکسیۆنێکدا قسە بکات؟.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلای فراکسیۆنی ئێمەوە چەند ئەندام قسە دەکات بابفەرمێ، ئێمە ژمارە دەسنیشان ناکەین کەوا چەند کەس لە فراکسیۆنی ئێمە مافی قسە کردنی هەیە، بەلام خۆ مەرج نییە هەموو قسە بکات یەک قسە دەکات کە پرسیاری هەبێت، یا روون کردنەوەی هەبێت، هەرکەسێکیش داوای کرد راستەوخۆ، یا لە رێگا فراکسیۆنەکەیەوە قسە بکات پێویستە مافی ئەوەی هەبێت کەوا قسەی خۆی بخاتە بەردەمی پەرلەمان.

سەبارەت بە کاتیش پێویستە کاتێک دابنێین. باوەرناکەم ئەوەندە قسە هەبێت کە لە کۆبوونەوەکانی تر درێژتر بخایەنێ ئێوە خۆتان کۆتایی بەکۆبوونەوەکان دێنن سنوورێک بۆ ئەم کۆبوونەوە ئازادە بکێشرێت، پێویستە هەموو کەسێک مافی قسەکردنی هەبێت چ راستەخۆ بێت چ لە رێگەی فراکسیۆنەکانەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رای ئێمە لە سەرۆکایەتی ئەوەیە کە ئەم کۆبوونەوەیە تا سەعات(١٢)بێت و، لە سەعات(١٢ تا ١٢,٣٠)پشوویەک وەربگرین و، پاشان تاوەکو سەعات(٣,٣٠) دادەنیشینەوە و، ئەگەر ئیشەکانیشمان کۆتایی هات لە پێش ئەو ماوە دیاری کراوە ئەوە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕیارێکمان هەبوو کە هەرکەسێک لە ئەندامانی پەرلەمان هەر پێشنیارێک پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەن دەکەن، پێویستە سەرۆکایەتی لە ماوەی (٧)رۆژدا وەلامی ئەو پێشنیار ، یا پرسیارانە بداتەوە، بەلام بەداخەوە لە لیژنەکان و لە ئەندامانی پەرلەمانیشەوە پێشنیار هەیە کە زیاتر لە (١٠)یش ئیمزای کردووە، بەلام هەتا ئێستا زۆربەیان وەلامیان نەدراوەتەوە، بۆ نموونە پرسیارێکمان لە لیژنەی کاروباری پێشمەرگەوە هەبوو و هەموومان ئیمزامان کردووە و، بەڕێز سەرۆکی لیژنەکەشمان پێشکەشی کردووە، تا ئێستا وەلامی نییە، پێشنیارەکەشمان لە بارەی ئەو گۆڕانکاریەیە کە لە کاروباری پێشمەرگایەتیدا دەکرێت و، پێویستە کە گۆڕانکاریەک دەکرێت، یا بەرنامەیەک دادەندرێت ئەم لیژنەی پێشمەرگایەتی کە لە

ناو پەرلەماندا هەیە ئاگادار بێت و، داوامان لە ئێوەی بەڕێز کردووە وەڵاممان بدەنەوە بۆ ئەوەی پەیوەندیی بە کاروباری رۆژانەمانەوە هەیە، بەڵام هەتا ئێستا وەڵامێک نییە ، خاڵێکی تر پێشنیار دەکەم، کە پرسیارێک دەکرێ لەلایەن ئەندامێکەوە هەتا ئەگەر بەنووسینیش بێت، نووسرابێ بۆ سەرۆکایەتی لە کاتێکدا کە ئەنجوومەنی وەزیران دێنە ئێرە بۆ پرسیار وەڵامدانەوە رەنگە ئەندامەکە خۆی باسی پرسیارەکەی خۆی بە شێوەیەکی باشتر بکات لەوە هەموار کردنەی کە ئێمە لەسەر پرسیارەکە دەیکەین، پێشنیارێکی تریشمان هەیە و، لە هەردوو فراکسیۆنیشدا باسمان کردووە، کە نووسینگەی پەرلەمانیمان لە شارە گەورەکاندا هەبێت، بەتایبەتی لەهەر سێ پارێزگاکەدا، خاڵێکی تریش کە پێموایە کێشەی هەموومانە ئەویش مەسەلەی جێگەو رێگەی ئەندامان، ئەگەر بێتو خانووەکان وردە وردە چۆڵ بکرێن. نووسراوێک لە وەزارەتی ناوخۆوە هاتووە کە دەڵێ: ئەندامی پەرلەمان حەقی (٤) حیمایەی هەیە، پاشان بریکاری وەزارەت خۆی وتی هەر ئەندامێک و (٤)حمایەی بۆ دابنرێت، ئەمرۆ دیسان نووسراوێک هاتووە ئەڵێت: نەخێر هەر ئەندامێکی پەرلەمان حەقی (٢) حیمایەی هەیە، زانیاریشمان هەیە کە هەر ئەندامێک مافی(٤) حمایەی هەیە.

سەبارەت بە جێگاش بۆ ئەندامانی پەرلەمان، تاوەکو خانووەکانی ئەنجوومەن چۆڵ دەبن، پێویستە کە دوو ئوتێلمان بۆ بگیرێ و، ئەو کەم تەرخەمییەی کە لە پێشاندا دەکرا با ئیتر نەکرێت، دووەم مەسەلەی حورمەت و رێزگرتن لە ئەندامانی پەرلەماندا لەلایەن حکومەت و دەزگاکانی حکومەتەوە، من پێشنیار دەکەم کە لە لایەن سەرۆکایەتی بەڕێزەوە کە بە نووسراوێکی رەسمی ئەنجوومەنی وەزیران ئاگادار بکەنەوە، کە ئێستا وەکو زەمانی بەعس نییە، حکومەت هەموو شتێک بێت، یاخود حزبەکان هەموو شتێک بن و، پەرلەمان هیچ نەبێت، پەرلەمان نوێنەری خەڵکە، دەبێت حسابێکمان بۆ بکرێت. خاڵێ تر مەسەلەی راگەیاندن وپەرلەمانە، وەکو ئەوەی کە تێبینی دەکرێت، لە راگەیاندنەکاندا زیاتر تەرکیز لەسەر حکومەت دەکرێت لەوەی کە لەسەر پەرلەمان بکرێت، دەبینین لە تەلەفزیۆنەکاندا هەر چەندەش دێنە ناو هۆڵی کۆبوونەوە، بەڵام هیچ شتێکمان بڵاو ناکەنەوە، ئەگەر هەواڵێکی پەرلەمانیش بڵاو بکەنەوە ئەوە پاش هەواڵەکانی حکومەت ودەزگاکانی حکومەت بڵاوی دەکەنەوە.هەروەها لە پەرلەماندا کۆمەڵێک تێبینیمان هەیە لەسەر ئەو کەسانەی کە رابردوویەکی پاکیان نییە و، لەگەڵ رژێمدا هاوکاربوونە و ئێستاش لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا هەر وەکو خۆیان ماونەتەوە ، جا ئێمەش داوا دەکەین کە هەیکەلی ئیشەکانمان سەر لەنوێ رێکخەینەوە و، پاکسازییەکی فەرمانگەکانمان بکەن، بۆ ئەوەی ئیشەکانمان بە سەرکەوتووی بڕوات بە رێوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر هەر کەسێک تێبینی لەسەر قسەکانی بەڕێز کاک شەوکەت هەیە با بفەرموێت، تاوەکو بوار بە ئەندامێکی تر بدەین را وبیرو بۆچوونی خۆی دەربڕێت.

**بەڕێز عــــەبدوڵڵا ئیـــبـــراهیم عــــەبدوڵڵا:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من لەگەڵ هەمـوو بۆچوونەکانی کاک شەوکەتم، سەبارەت بە نووسینگە کە بڕیاربوو نووسینگە لە هەموو پارێزگاکاندا هەبێت، پێویستە نووسینگە بۆ نوێنەرانی قەزاکانیش هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جــــێگری ســــەرۆکی ئەنجــــوومــــەن:**

ئەوپێشنیـارانەی کە دەکرێ بەراستی زۆربەی پەیوەندیی بە ئەنجـوومەنی وەزیرانەوە هەیە، بەڵام کاک شەوکەت راست دەکات کە دەڵێت لە ماوەی(٧) رۆژدا وەڵام بدرێتەوە، بەڵام بەعەمەلی تا ئێستـا بەمـاوەی(٧)رۆژدا وەڵام نەدراوەتەوە، چونکە ئەو صیـغەیەکی راست نەبوو کـە ئەبێ لە مـاوەی( ٧)رۆژدا وەڵام بدرێتـەوە، چونکە هەندێکیـان دەربارەی دهۆکـە و هەندێکی تریشـیـان سەبارەت بە هەڵەبجەیە، جا ئەو مەسەلانە دەبێت بە دوایدا بچینەوە تاوەکو رایەکی رێکوپێک و دروسـتـمـان دەست دەکـەوێت، باشـە چۆن بتـوانرێت لە مـاوەی (٧)رۆژدا ئەم لێکۆڵینەوە و بە دوادا چوونەوەیە بکرێت، بەنیسبەت سەرۆکایەتی ئەو پێشنیارە کە فەرمووی ئەگەر پرسیارێک ئاراستـەی سەرۆک وەزیران بکرێت پێویستە ئەو ئەندامە خۆی ئاراستەی بکا، ئەوە تێبینییەکی باشە و ئەو تێبینیە بەنەزەری ئیعتبار وەردەگیرێ. ئەندامانی پەرلەمان کە ئەچنەوە شارەکانی خۆیان خەڵک روویان تێ دەکات ، تاکو داخوازیەکانی خۆیانیان پێشکەش بکەن، واتە خەڵکە کـە بەراستی بڕوای بەوە هەیە کـە کێشـەکانیـان لە رووی پەرلەمانەوە چارەسـەر دەکرێت، بەڵام پێموا نییە پەرلەمان بتوانێ نووسینگە لە شارەکاندا بکاتەوە، چونکە توانامان نییە.

مەسەلەی جێگا و خانوو بۆ ئەندامانی پەرلەمان وابزانم ئەوکێشەیە زۆر بە دوورو درێژی باس کرا و، بۆ تەئسیس کردنی خانووەکانیش، ئێستا خۆتان باش دەزانن کە پەرلەمان ئەو توانایەی نییە کـە بۆ هەمـوو ئەندامـەکـان خـانووەکـان تەئسـیس بکات، بەڵام بە هاوکـاری هەردوو لا دەتوانین خانووەکان تەئسیس بکەین.

**بەڕێز شــــەوکــەت حـاجی مــوشــیـر ئەحــمــەد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

پێشنیار دەکەم کە دوو فرۆشیار دەسنیشان بکرێن بۆ ئەندامانی ئەنجوومەن بۆ سووتەمەنی و بۆ ئازووقەش، تاوەکو هەموو ئەندامانی ئەنجوومەن لەو دوو فرۆشیارە ئازووقە وسووتەمەنی وەرگرن، ئەوەش هەر بۆ هەیبەتێک بۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز جــــێگری ســــەرۆکی ئەنجــــوومــــەن:**

من لەگەڵ ئەو رایەدا نیم، چونکە چ ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئەو پلەو پایەی کە ئێستا هەیانە بە خەبات وقوربانی ئەم میللەتە بەدەستیان هاتووە، جا دەبێت بەراسـتی یـەکـسـان بن لەگـەڵ خـەڵکی تردا وابزانم حاڵی ئەندامی پەرلەمـان و ئەنجـوومـەنی وەزیرانیش دەبێت وەکو حاڵی ئەو خەڵکە بێت و هەمان موعاناتی ئەو خەڵکەیان هەبێت.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تۆمــــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــومــــەن.**

کاک شەوکەت دوومەسەلەی خستە روو کە یەکەمیان پشکنینی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانییە لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت، ئەندامی پەرلەمان (حصانە)ی هەیەو نابێت لە لایەن هیچ کەسێکەوە بپشکێندرێت، دووەمیان باسی شەخسیەت وپەرلەمان و ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی زۆر لەجێگای خۆی دەکا، واتە کاک شەوکەت پێش ئەوەی بێتە ناو ئەنجوومەنی نیشتمانیی شەخسیەتی بەهێزتربووە لە ئێستا، لەوانەیە ئەگەر ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەبوایە زیاتر رێزی لێ بگیردرایە، ئەوەش کەمتەرخەمی لە ئەندامێک بە تەنها نییە، بەڵکو لە هەموو ئەندامانی ئەنجوومەن ولە سەرۆکایەتییە، پێویستە لە هەر بۆنە و یادەوەرییەک وتار و بروسکەی پەرلەمان لە پێش هەموو دەزگاکانی تر بخوێندرێتەوە، ئەویش بۆ پلە وپایە بەرزی پەرلەمان، دەبێت ئەو پلەوپایەیەش بپارێزرێ.

سەبارەت بە تەرخان کردنی دوو فرۆشیار بۆ ئەنجوومەن، من لەگەڵ ئەوەدا نییم کە فرۆشیاری ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی جیا بکرێتەوە لەگەڵ خەڵکانی تر، نەخێر با بەڕێز کاک شەوکەتیش وەکو ئەو هەموو هاووڵاتییانە بچێت فرۆشیاری خۆی بدۆزێتەوە و بەشە ئازووقەی خۆی وەرگرێت، سوپاس.

**بەڕێز جــــێگری ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بەراستی نابێت ئێوە هەر شتێک بێت بیخەنە ئەستۆی سەرۆکایەتی، کاتێک کە ئەندامی پەرلەمان ئەچێت بۆ جێگایەک ئەپشکێنرێت، یاخود بە ڕێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناکرێت، خۆ لە شەخسیەتی ئەو ئەندامە بەڕێزە کەم نابێتەوە ، ئێمە میللەتێکین تاوەکو ئێستا هەر لە ژێر زوڵم وزۆرداریا ژیاوین و، تاوەکو ئێستا ئەم دیموکراتییەی کە ئێستا هەمانە نەمان دیبوو، جا دەبێت ئەندامە بەڕێزەکانیش دڵ فراوان بن بەرامبەر بەم جۆرە هەڵسووکەوتانە، هەروەها داوا لە ئەندامە بەڕێزەکانیش دەکەین کەوا بە خۆڕای وبۆ کاری نا پێویست ئەوەندە سەردانی وەزارەتەکان و دەزگا حکومیەکان نەکەن.

**بەڕێز فــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

من لەگەڵ موعاناتی ئەندامانی پەرلەمانم، کۆنگرەی مامۆستایانی کوردستان بەسترا دەعوەتی شەخسی بەڕێز کاک جوهر نامق کرابوو، ئەگەڵ ئەوەشدا سوور بوون لەسەر ئەوەی کە ئەبێت کاک سامی پێشتر وتار بخوێنێتەوە، زیاتر لە نیو سەعات قسەم لەگەڵیاندا کردووە کە وتاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەبێت پێش بخرێت و، بکرێتە باو، کە چوونە ئەوێ ئەبێ شەخسیەتی خۆیان بپارێزن، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوەی کە من ئەیبینم بایەخێکی زۆر بە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران وبرا وەزیرەکانمان دەدرێت، کەچی ئەو بایەخە بە ئەندامانی پەرلەمان نادرێت، کاتێک کە وەزیرێکی بەڕێز، یاخود ئەندامێکی لقی پارتی، یا ئەندامی مەڵبەندێکی یەکێتی بچێت سەردانی جێگایەک بکات، ئەوە لە رۆژنامەکان ودەزگا راگەیاندنەکان باسی دەکرێت، بەڵام کە ئەندامێکی پەرلەمان سەردانی هەر جێگایەک بکات، ئەوە هەر باس ناکرێت، دەبێت شەخسیەت بۆ خۆمان دروست بکەین و ئەو شەخسیەتەش بە یەکێتی ناوخۆ دەبێت و ئێمە دەسەڵات دەدەینە خۆمان کەوا باروگوزەرانی خۆمان باش بکەین و، چاودێری ئەنجومەنی وەزیران بکەین، بەڕێز کاک مەسعود بەئاشکرا دەڵێ: من سەربازێکی ئەنجومەنی نیشتمانیم، هەروەها بەڕێز مام جەلالیش وتویەتی: من پۆلیسی ئەنجومەنی نیشتمانیم، ئێمە ئەگەر ئاوڕێک لە خۆمان بدەینەوە (٤) ملیۆن کوردمان لەپشتە، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ ریزمدا چەند پۆلیس و عەسکەریکیان لەپشتە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەرلەمان بۆ ئەوەبوو کە شار رێک بخات و، خەڵک بە ئازادی بسورێتەوە و، فرە حزبی و فرە چەکداری نەمێنێ، کەچی بە پێچەوانەوە لەوەتەی پەرلەمان دروست بووە ئەم دیاردانە زیاتر بوونە، سەبارەت بە پارەی گومرکیش، ئەو پارەیە هی دەوڵەتە و هی خەڵکی فەقیرو هەژار و کەسوکاری شەهیدانن خۆ هی حزبەکان نییە، لەبەر ئەوە من پێموایە پارە لە هەموو حزبەکان ببڕێ، یا ئەگەر داشیان لە سەدا بڕیەکیان بدرێتێ، بەراستی ئێمە خاووخلیچکێن دەوڵەتێکی مردووین، ئێمە ئێستا بە خوێنی ئەو شەهیدانە ئەم پەرلەمانەمان دروست کردووە، مەبەستیشم ئەوەیە کە گرنگی بە بارو گوزەرانی ئەو خەڵکە بدەین، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵم هەیە باسی بکەم یەکەمیان سەبارەت بە ئەو نووسینگانەیە کە لە شارەکاندا بۆ ئەندامانی ئەنجومەن بکرێتەوە، پێویستە حزبەکان کە نوێنەریان لە پەرلەماندا هەیە خۆیان بۆ نوێنەرەکانی خۆیان ئەو نووسینگانە بکەنەوە، چونکە توانای مادییان زۆرە ولەوانەیە پەرلەمان ئەو توانایەی نەبێت، دووەم پێویست بوو بۆ رێزگرتن لەپەرلەمان ولەسەرۆکایەتی پەرلەمان لەشوێنی ئاهەنگەکان لەهەر شوێنێکی تر دەوری یەکەم وەربگرن ئەمە باوێکی ئاساییە لە هەموو دنیادا باوە، پێشنیار دەکەم کە پرۆتۆکۆلێک لەلایەن پەرلەمانەوە دابنرێت بۆ ئەوەی ئەو شتە ببێت بە باو و بەسەر هەموو وەزارەتەکان و دەزگاکانی حکومەتدا و رێکخراوە جەماوەریەکاندا دابەش بکرێت و، لە کاتێ بۆنە رەسمییەکاندا پابەندی بن، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو تێبینیم هەیە لەسەر ئەم مەسەلە یەکەم، دەبێت مەسەلەی ڕاگەیاندن چارەسەر بکرێ وبایەخی زیاتر بە چالاکی و ئیشەکانی پەرلەمان بدرێت، هەتاکو خەڵکە بزانن ئەو پەرلەمانە چییە، بۆ نموونە ئەگەر لە هەولێر جارجار لە تەلەفزیۆنی حزبەکاندا بڵێن پەرلەمان کۆبووە باسی فلان شتی کرد، ئەوە لە دهۆک هەر باسی پەرلەمان بەیەکجاری نییە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش مەحمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ئەو سووتەمەنییە کە بە ڕێگای قاچاخ دێتە هەرێمی کوردستانەوە، خەڵکەکە تا ڕادەیەک سوودی لێوەردەگرن و پێویستی زۆربەی هاووڵاتییانی دابین کردووە.

لەلایەکی تریشەوە لە ناو پەرلەماندا دیاردەیەک هەیە، ئەویش ئەوەیە کە نهێنی ناپارێزرێت، زۆربەی گفتوگۆکان کە دەکرێت و شتەکان کە باس دەکرێت پێش ئەوەی بچینە دەرەوە، لە دەرەوە باس دەکرێ، دەش وترێت فلان ئەوەی وت، یان ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان هەیە بە قسەکەوە.

سەبارەت بە دراوەیش، چونکە یاسایی نییە هەتاکو بتوانین دراوێکی تر بەکار بێنین، پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران بە نووسراوێکی ڕەسمی بریار بۆ بەکار هێنانی ئەم جۆرە دراوانە دەرکات، کە ئێستا لە بازاردا خەرج ناکرێت وەکو پارەی ئیستنساخ و پارەی(٢٥)ی کە پێی دەڵێن بەتانی، چونکە تۆ پارەیەکی تازە بەکار ناهێنی، ئەو پارەیەش هەر دیناری عێراقییە، سوپاس.

**بەڕێز ئەبو بەکر حاجی سەفەر غولام:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تکایە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم زنجیرەی ناوەکان بپارێزن، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم مەحمەد قاسم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ڕێگای دهۆک هەولێر ئەو ڕێگایە ڕێگایەکی ئیستراتیجیە و، نزیکەی(٨٠) کیلۆمەتری ڕێگاکە چاک نەکراوە، هەتاکو ئێستا ئێمە (١٠)جار زیاتر باسمان کردووە، چ لەکۆبوونەوەی کتلەی چ لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا، داوا لە پەرلەمان و حکومەت دەکەین کە بایەخێکی باش بدەن بە ڕێگاو بانەکان.

سەبارەت بە ڕێزلێنان لە ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە ئەم گلەییە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە تاوەکو ئێستا لە بازگەکان و لە وەزارەت ودەزگا حکومیەکاندا بە هیچ جۆرێک ڕێز لە ئەندامی پەرلەمان ناگیرێت، هەروەها ڕەفتاری بازگەکان زۆر ناشرینە لەگەڵ خەڵکی فەقیر وهەژاردا و، ئەو هەڵسوکەوتەی کە ڕژێمی بەعس لەگەڵ خەڵکی دەیکرد، ئێستا بە داخەوە هەمان ڕەفتار لە بازگەکاندا دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئومێدەوارم ئەم خاڵانەی کە باسی دەکەم لە بەرژەوەندیی گشتیدا بێت:

١ـ تکام وایە کە کاروباری سەرۆکایەتی ئەنجوومەن نەختێک تەبایی بێت ودووربێت لە هەموو جۆرە دامارگیرییەک.

٢ـ رێز گرتن لەو پێشنیارانەی کە ئەندامان پێشکەشی سەرکردایەتی دەکەن، چونکە ئەوپێشنیارانە کە پێشکەش دەکرێن، ئەندامێکی پەرلەمان لە وەزعێکی وایە کە چاکە وخراپەی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتی جیاواز ناکات، لەبەر ئەوە تکام وایە کە ئەو پێشنیارانە رەچاو بکرێن.

٣ـ ئەندامە بەڕێزەکان زۆر باسی نرخی ئەندامانی پەرلەمانیان کرد وابزانم ئەندامان هەموویان پێش ئەوەی کە ببن بە ئەندام هەریەکە رێز و نرخی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی هەبووە لەکۆمەڵەدا، لەگەڵ هەموو رێزیشمدا بۆ سکرتێری ئەنجوومەن، تکام وایە کە نەختێک خۆی گورج وگۆڵتر بکات لە بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانی ئەنجوومەن، چونکە ئیشوکاری ئیشوکاری سەرۆک و جێگری سەرۆک زیاتر سیاسییە، بەڵام ئیشی سکرتێر وابزانم لە هەموو ئیشەکان گرنگترە، ئەویش بەڕێوەبردنی ئیشوکاری کاروباری ئەنجوومەنە و زۆربەی ئەرکەکانی پەرلەمان لەسەر شانی بەڕێز سکرتێری ئەنجوومەندایە، هەروەها پشتگیری لە پێشنیاری دامەزراندنی نووسینگە بۆ ئەندامانی پەرلەمان لە شارەکاندا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێویستە لەسەر سەرۆکایەتی ئەنجوومەن رێز لەو پێشنیارانە بگرێت کە ئەندامە بەڕێزەکان دەیکەن و، ورێگای خۆیان وەربگرێ بۆ لیژانەکان و، بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی رەوانە بکرێن، پێم باشە ئەندامان خۆشیان بە دوای پێشنیار و ئیشوکارەکانی خۆیاندا برۆن، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ رێزم بۆ رای بەڕێز د.جەلال بە رای من، ئەگەر لە ناو پەرلەماندا وەزیرێک نامەیەکی بۆ نێردرا بێت وەڵامەکەی بداتەوە پێویست بەوە ناکات سکرتاریەت، یان سەرۆکایەتی بەنووسین بۆ ئەو ئەندامە وەڵامەکەی بنووسێ بڵێ ئەوە وەڵامەکەی ئەو وەزیرە بەڕێزە بوو، ئەوە لەلایەک لەلایەکی ترەوە، وەکو من گورج تر بم وابزانم منیش ئەندامێکم لەو پەرلەمانەدا و، هەمان موعاناتی ئێوەم هەیە و ئەو مەشاکیلانەی کە ئەندامان باسیان کرد منیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەکورتی حەز دەکەم هەندێ روون کردنەوە پێشکەش بکەم لەلایەن ئەو قسانەی کە کران، وابزانم

پێش هەموو شتێک پێویستە روون بێتەوە کە ئەرک وفەرمانەکانی سەرشانی پەرلەمان چییە، لەقسەی هەندێ ئەندامەکان وادەردەکەوت کە ئەوان وا دەزانن پەرلەمان هەموو شتێکە، یاسا دادەنێ و یاساش جێبەجێ دەکات، مەسەلەکە وا نییە راستە ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری میللەتن وئەرکی سەرشانی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە بۆ بەرێوەبردنی کاروبارەکان بەرێکوپێکی و بەباشی چەند یاسایەک دابنێین، بەلاّم جێبەجێ کردنەکەی بەرەورووی حکومەت دەبێتەوە بەرەو رووی وەزارەت دەبێتەوە، ئەگەر هاتوو کەموکورییەک لە جێبەجێ کردندا هەبوو لەلایەنی وەزیرەکانەوە، بێگومان پەرلەمان لە رێگای ئەو لیژنە تایبەتییانەوە کە هەیەتی ئەتوانێ لەو مەسەلەیە بپرسێتەوە، ئەتوانێ بچێ بۆ ئەو وەزارەتە و، بەدوای ئەو بریارە بکەوێ کە بۆچی جێبەجێ نەکراوە و، گیروگرفتەکان چییە و، ئەتوانێ ئەو وەزیرە، یا سەرۆک وەزیران، یا هەموو وەزیرەکان بانگ بکا بۆ پەرلەمان لەو بارەوە قسەیان لەگەلّدا بکات، ئەگەر ئێمە ئەو بەشەمان نەکردبێ رەنگە خەتاکەی بەرەو رووی خۆمان بێتەوە، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.کەمال بیروڕای خۆی وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز دەربری، ئەوە مانای ئەوە نییە کە تەواو بووە.

**بەرێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەلێین ئەم کەم بایەخ دانە بە پەرلەمان و بە ئەندامانی پەرلەمان هەمووی لە ئەستۆی حزبەکان و سەرکردەی حزبەکانە، چونکە حزبەکان هەموویان راگەیاندنیان هەیە و، دەتوانن لە رێگای راگەیاندنەکانیانەوە بایەخ بە پەرلەمان بدەن، سوپاس.

**بەرێز مەلا محەمەد تاهر محەمەد زین العابدین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دانیشتنی رۆژی(٣/١٠)دا بریار درا کە ئەو مەکائن ومەرکەبات وئەجهیزە دەقیقە نەرواتە دەرەوەی کوردستان، من خۆم چوومە حاجی ئۆمەران بەشەو دانیشتبوون شۆفل شت هاتووە پێشمەرگە لە سەریان بوون لێم پرسین ئەمە بۆ دەروا تەماشا دەکەی وەرەقەیەکی پێیە، گومرک کراوە لە بەروارێک کە پێش ئەو بەروارەیە کە بریارەکەی پەرلەمانی لێوە دەرچووە، جا داوا دەکەم کە چارەیەک بۆ ئەم کێشەیە بکەن، سوپاس.

**بەرێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من ئەم دانیشتنە بە دانیشتنێکی گرنگ دادەنێم، چونکە ئەوە نزیکەی(٦)مانگە کە پەرلەمان دەستی بە ئیشوکار کردووە و، ئەوە ماوەیەکی باشە کەوا بتوانین خۆمان هەلّسەنگێنین وبە دوای ئیشوکارەکانماندا بچینەوە، ئایا ئێمە چۆن ئیشمان کردووە؟ ئایا میللەت لێمان رازییە یان رازی نییە؟! سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژانەکان وەکو پێویست ئیشیان نەکردووە، بەتایبەتی مەسەلەی نەدەوات ئێمە لێرە زۆر تەرکیز لەسەر ئەوە دەکەین کە ئێستا لەم ماوەیەدا کە دانیشتنمان نییە ئەندامان ئەبێ کۆڕ وکۆبوونەوە لەگەڵ جەماوەردا بکەن لەهەموو شارەکانی کوردستاندا.

**بەڕێز عەبدولخالق مەحمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من وەزیر ناتوانێ بەڕێوەبەرێکی گشتیی دابمەزرێنێ بەبێ ئەوەی کە رای لیژنەکان وەرگرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عاشوور عەودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتاوەکو ئێستا مەسەلەی(تفرغ) دیاری نەکراوە، کە ئایا ئێمە (تفرغ) بکەین، یا نە؟!، هەروەها سەبارەت بەو رەفیق حزبیانەی کە پاش راپەرینەکە چوونەتە لای رژێم، ئێستا هەندێکیان حەز دەکەن بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و واز لە رژێم بێنن، پێشنیار دەکەم کە پەرلەمان لێبوردنێکی گشتیی دەکات ، بۆ ئەو کەسانەی کە حەز دەکەن بێنەوە کوردستان.

سەبارەت بە ئەوانەی کە لە دەرەوەی کوردستان دێنەوە، خەڵکێکی مەسیحی و عەرەبیشیان تیادایە، کە هەندێکیان ئۆتۆمبیلیان پێیەو، لە بازگەکانی سەر سنوور بە توندی رەفتاریان لەگەڵ دەکرێت، تەنانەت پاسپۆرتەکەشیان لێ دەسێنن، جا پرسیار دەکەم ئایا ئەم کارە لە رووی یاساییەوە کارێکی راستە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوون:**

سەبارت بە (تفروغ) لە پێڕەوی ناوخۆدا بە روونی باسی مەسەلەی(تفروغ) کراووە.

سەبارەت بە مەسەلەی ئەو کەسانەی کە لە دەرەوە دێنەوە، بەڵێ ئیجرائاتێکی وا هەیە کە ئەو کەسەی کە لە دەرەوە دێتەوە و ئوۆتۆمبیلی پێیە، پاسپۆرتەکەی لێ دەسێنن، چونکە هەندێکیان ۆتۆمبیلەکانیان بە قیست کڕیوە و پارەیان نەداوە و، دێن لێرە دیفرۆشن و، کە دەچنیشەوە لەوێ دەڵێن ئۆتۆمبیلەکەمان لە کوردستان لێ دزرا و، داوای قەرەبووی ئۆتۆمبیلەکەیان دەکەن لە کۆمپانیای تەئمین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو من بزانم پاسپۆرت لەو کەسانە بۆیە وەردەگیرێت تاوەکو ئۆتۆمبیلەکەیان نەفرۆشن، کاتێ کە دەگەڕێنەوە و ئۆتۆمبیلەکەیان نەفرۆشتبێت، ئەوە پاسپۆرتەکەیان دەدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز عــەفــان عــوســمــان نەقــشبــەندیی:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

ئەوەی کە برایان ئاماژەیان بۆکرد تەبیعی ئەومەشکیلانە بووکە پەیوەندییی بە پەرلەمانەوە بوو، بەڵام ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم شتێکی زۆر گرنگە بەنیسبەت کوردستانی ئێستامانەوە، ئەویش کێشەی خوێندنە لە کوردستاندا وکێشەی( ٤٣٣ )هەزار قوتابی(٣٢)هەزار مامۆستایە، خـوێندنی ئەمـساڵ لەساڵی پار زۆر خـراپـترە، پار خـوێندن زۆر چاکـتـر بوو تاوەکـو ئەم سـاڵ، لەکاتێکدا کە مووچە نەبوو و، قوتابخانەکـان کەموکوورییەکی زۆریان هەبوو، لەگـەڵ ئەوەشدا دەرەجاتی تەعین نەبوو توانرا بەتایبەتی لەپارێزگای سلێمانی (٨٨)قوتابخانە بکرێتەوە،ئێستا زۆربەی زۆری ئەو قوتابخانانەی کە لە سنووری رژێمەوە نزیکن و تۆزێ لە شارەوە دوورن دەوامی تیا نییە، ئەویش زیاتر دەگەڕایەوە بۆ مەسەلەی چارەسەر کردنی هاتووچۆ و، تا رادەیەکیش چارەسەرکرا، بەڵام ئایا خوێندن کێ رێکی دەخات؟، ئەوانەی کەموشریفن تاکو ئێستا وەکو خـۆیانـن و ناتوانن بچـەنە ئەو ناوچانەی کـە دوورن، ئەویش لەبەر کـەم توانایی، هەروەها موشریفینی تازەش تائێستا دانەمەزراوون و، بەتەمان کە دایانبمەزرێنن، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری قوتابخانەکان ئەوە مانگی١٢یە و خوێندنی تیا نییە، سوپاس.

**بەڕێز شـەفـیـقـە فـەقێ عـەبدوڵلاحـسـەن:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

لە قوتابخانەکانی سلێمانیدا کەموکوورییەکی زۆر هەیە، بەتایبەتی لە لایەن نەبوونی کتێبەوە، کەوا زۆربەی زۆری قوتابخانەکان بێ کـتێبن، هەرچەندە هەوڵمـان دا و هەندێ کـتێبمـان بۆیان پەیدا کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا کەموکوورییان زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز جــێـگری ســەرۆکی ئەنجــوومــەن:**

کـەمـوکـوورییمان زۆر هەیە، چ لە سـەرۆکـایـەتی پەرلەمـان و چ لە وەزارەت و، چ لە باری ئابووری وڵاتەکەمان ئەتوانین لەسەر ئەوە قسە بکەین، بەڵام هێشتا نەگەیشتووین بە ئەنجام. لەوشتانەی کە ئێستا باس کرا تەنها دەتوانین وەکو پێشنیارێک بتان دەینێ:

١ــ سەبارەت بە مەسەلەی رێز گـرتن لە پەرلەمـان وئەندامـانی پەرلەمـان، پێشنیـار کـرا کـە پرۆتوکۆلێک لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران رێک بخەین و، نووسراوێک ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکەین.

٢ــ دەربارەی ئەو کەمـوکـوورییـەی کە لە سەرۆکـایەتیدا هەیە، ئێـمـە لێی دەکۆڵینەوە بزانین ئەنجامی ئەو موزەکەرانە، یاخود ئەو پێشنیـارانەی کە نێراون بۆمـان هیچی لای ئێـمـە مـاوەتەوە، لە هەمـان کـاتیـشدا زیاتر لە جـاران هەوڵ دەدەین بۆ بە دواداچوونەوەیان لە ئەنجوومەنی وەزیران و، داوا لە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەکان دەکەین کە ئەوانیش یارمەتیمان بدەن بیرمان بخەنەوە، جارجاریش پێمان بڵێن ئەو مەسەلەیە چی بەسەر هات، بە هاوکاری

کردن لەنێوان ئێمە ولەنێوان لیژنەکان وابزانم باشتر دەتوانین ئەوکەموکوورییە نەهێڵین بهێنێتەوە.

٣ــ مەسەلەی راگەیاندن باس کرا، ئەمە مافێکی رەوای ئەندامانی پەرلەمان کە گرنگیان پێبدرێت، بەڵام راگەیاندنی حزبەکان جۆرە ئازادییەکیان هەیە، کە سەربەخۆن بۆ بڵاوکردنی بابەتەکان، ئێمە ناتوانین فشار بخەینە سەر هیچ راگەیاندنێک کە هەواڵی پەرلەمان و پەرلەمانتاران بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئێمە دەتوانین بە رێگای ئێوەی بەرێزەوە کە هەر یەک لە ئێوە نوێنەری حزبێکن، بە حزبەکانی خۆتان رابگەیەنن کە لە راگەیاندنەکانیادا بایەخێک بە پەرلەمان و چالاکییەکانی پەرلەمان بدەن.

٤ــ مەسەلەی لیژنەکان داوا دەکەین کە پەلە بکرێت لە تەواو بوونی ناوی ئەندامانی لیژنەکان و، فراکسیۆنی زەرد ئەو پێشنیارانەی خۆیان یەک خەن لەگەڵ فراکسیۆنی سەوزو، ئیتر لەمەولا هەوڵ دەدەین کە ئیشی لیژنەکان رێکوپێک تربێت.

**بەرێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمــــــــا هەریری:**

**بەرێز ســــــــەرۆکی ئەنجــــــومـــــــەن.**

باسی راگەیاندن وئەوەی جەنابتان فەرمووتان کە دەڵێین سەربەستە، ئەگەر شت بڵاو بکاتەوە ئەبێ پەرلەمانیش سەربەست بێ بەوەی کە رێگا بە راگەیاندن بدا بێتە ژووری، یا نەیەتە ژووری، چونکە ئەو راگەیاندنانە کە دێنە ژووری هیچ شتێکی لێ بڵاو ناکەنەوە، ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی لە حزبی خۆمان داوا دەکەین کە ئەو رۆژانەی کە پەرلەمان دانیشتنی هەیە، دانیشتنەکە هەموو لە تەلەفزیۆن پەخش بکات، هەروەها کاتێک کە پەرلەمان هەواڵێکی دەبێت یەکەم هەواڵ بخوێنرێتەوە. پێمـوایە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنیش لیژنەیەک پێک بێنێت بۆ پێداچوونەوەی ئەوشتانە.

بەرێز کاک عەفان باسی کەموکوورییەکانی پەروەردەی کرد، پێمـوایە ئەگەر بەرێز وەزیری پەروەردە بانگ بکرایە و، ئەم کەموکوورییانەی رووبە روو بکرایەتەوە باشتر دەبوو، سوپاس.

**بەرێز د.کەمـال عەبدولکەریم مـحـمـد فـوئاد:**

**بەرێز ســــــــەرۆکی ئەنجــــــــومـــــــــەن.**

ئەوەی راستی بێ تەنها مەسەلەیەک هەیە مەسەلەی رێز گرتن و، ئەمەش جارێکی تر لە دانیشتنێکی تری پەرلەماندا باس کراو، وابزانم باشترین رێگاش ئەوەیە کە ئەندامێکی پەرلەمان کە بە ئیشوکارێکی پەرلەمان ئەیەوێ وەزیرێک، یا هەرکاربەدەستێکی تر ببینێ، پێش ئەوەی کە بڕوات بۆ لای ئاگاداری بکاتەوە، پاشان بچێتە لای، ئەگەر رێگایان پێ نەدا ئەتوانێ کاتی ئەندامەتییان پێپیشان دات، ئەگەر هەر رێگایان پێنەدا ئەو کاتە دەتوانێت داوای ئیجرائات وەرگرتن بکات و، ئەو خوشک وبرایانەی کە توشی هەندێ گیروگرفت بوون پێویست بوو بەو شێوەیە رەفتار بکەن، سوپاس.

**بەڕێز شـەوكـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

سەبارەت بە وەفدی پەرلەمان كە بە سەرۆكایەتی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لە دەرەوەیە، ئەوە بۆ ماوەی مانگێک زیاترە، کەچی تا ئێستا کەس لێدوانێکی وای نییە کە لە ئێزگەکان و لە تەلەفزیۆنەکاندا بڵاوبکرێتەوە، پێشنیار دەکەم کەپەیوەندییان لەگەڵدا بکەن و، هەموو خەڵکیش چاوەڕێ دەکات و داوا دەکرێت لە هەموولایەک کە لێدوان و چاوپێکەوتن بکەن وەک پەرلەمان و،بە تەئكید هەندێ ئیشیان کردووە، هەروەها سەبارەت بە سەردانەکانی ئەندامانی پەرلەمان بۆ شوێن وناوچەکان، پێویستە کە ئەندامی پەرلەمان سەرۆکی ئەو وەفدە بێت کە سەردانی ئەو جێگایە دەکات، نەوەکو ئامر فەوجێک ، یا ئامر هێزێک ببێتە سەرۆکی وەفد و پاشان ناوی ئەندام پەرلەمانەکە بخوێنرێتەوە. بابەتێکی تریشم هەیە، کە ئەو ئیش کارانەی کە لێرەن وەک فەراش وئیش کارەکان، حەقە جلوبەرگی تایبەتیان هەبێت، یا باجلێکی تایبەتیان هەبێت، تاوەکو خەڵکی بیان ناسێت. من پێشنیارێکی تریشم هەیە، کە ئەم جۆرە دانیشتنانە دەوری بێ (٣)مانگ جارێک بێت، بۆ ئەوەی بە دوای ئیشوکارەکانماندا بچینەوە و، بزانین چیمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن حـەمـیـد ڕەحـیـم:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

ئەو وەفدانەی کە دێن بۆلای بەڕێزان کاک مەسعود بارزانی ومام جەلال تاڵەبانی بابێنە پەرلەمان، هەم ڕێزیشە بۆ پەرلەمان بەتایبەتی وەفدی تورکیا ، پێویست بوو دوای کۆبوونەوەکەیان بهاتنایەتە ئێرە، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆكی ئەنجـوومـەن:**

ئەمڕۆش بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین، زۆر سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سكرتێری ئەنجومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥٧)

## شەممە ڕێكەوتی ٢٨/١١/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٧)

## شەممە ڕێکەوتی ٢٨/١١/١٩٩٢

***سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٢٨/١١/١٩٩٢. ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (٥٧)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١. بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵا.***

***٢. بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری (السلطه‌القضائیه).***

***٣. تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرنامەی کاری ئەمڕۆ لەسەر پێشنیاری بەڕێز فرەنسۆ هەریری بەپێی مادە (٤٥)ی پێڕەوی ناوخۆی دانراوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بکرێت خاڵێک لەسەر (بازرگانی) بێت، هەر بنووسرێت (بازرگانی) پاشان ئێمە باسی لێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز فرەنسۆ بەپێ ی پێڕەوی ناوخۆ ئەو خاڵانەی پێشنیار دەکرێن وەک تازە بابەت دەبێ ئەنجومەن دەنگدانی لەسەر بکات، ئەگەر هەر تەنیا بنووسرێت (بازرگانی) ئێمە ناتوانین دەنگدانی لەسەر بکەین، تکایە هەندێ ڕوونکردنەوەی لەسەر بکەن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ڕێگا بدرێت بە مامۆستا مەلا محەمەد پێشنیارەکە باس بکات، چونکە پێشنیارەکە هی ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد شەریف تاهیر مستەفا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەم خاڵە دەبوایە ڕۆژی پێنج شەمە باسی بکەین، بەڵام ماوەی قسەکردن نەما بۆ ئێمە. بێگومان ئێمە پشتگیری ئەوە دەکەین کە بازرگانی سەربەخۆ بێت، بەڵام ئێستا هیچ نیزامێک لە کوردستاندا نییە بۆ ئەوەی بازرگاری ڕێک بخات، پێشنیار دەکەم کە هەندێ ڕێنمایی و ئیجرائاتی توند دەربچێت بەرامبەر ئەو بازرگانانەی کە کەلوپەل لای خۆیان گل دەدەنەوە (احتکار)، هەروەها ئەوانەی بە قاچاغ شت ڕەوانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو خاڵەی کە مامۆستا مەلا محەمەد پێشنیاری کرد ببێت بە خاڵێک لە بەرنامەی ئەمڕۆدا، دەیخەینە دەنگدانەوە.

پێشنیارەکە دەربارەی ئەو بازرگانانەیە کەوا کەلوپەل لە بازاڕدا ئیحتکار دەکەن و، هەروەها بە قاچاغ شت لە هەرێمی کوردستاندا دەبەنە دەرەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم پێشنیارە وەکو خاڵێکی تازە بابەت بچێتە ناو بەرنامەی کاری ئەمڕۆ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسند کرا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا دیارە ناوچەی چەمچەماڵ دەزگای ئاویان بۆ دامەزراوە، بەڵام تا ئێستا ماتۆڕی ئاویان بۆ نەبردوونە، ئەوانیش زۆر هەوڵیان داوە بۆیان و، سەری نەگرتووە، داوایەک هەیە لەلایەن نوێنەری ناوچەکە ئەمە ببێتە خاڵێکی تازە بابەت و، باسی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کەمی ئاو هەیە لە چەمچەماڵ ماتۆرو پێداویستییان نییە، ئایا ناتوانرێت ئەوە وەک ڕاپۆرتێک یەکسەر بینێرین بۆ ئەنجومەنی وەزیران، پێویستی هەیە ببێت بەخاڵێک لە تازە بابەت؟، تکایە ئەوە ڕوون بکەنەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە ئەگەر لێرە باس بکرێت باشترە، چونکە ئەندامان ڕاو پێشنیاری خۆیان لەسەر ئەم بابەتە دەدەن، بێگومان ئەوە چاکترە لەوەی تەنیا ڕاپۆرتێک پێشکەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کێشەی ئاوی چەمچەماڵ ببێت بە خاڵێک لە بەرنامەی ئەمڕۆدا باس

بکرێت؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ ئەم پێشنیارە پەسند کرا.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەبەر هەندێ هۆ ئەمڕۆ پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵای دوادەخرێ.

بەپێی پێڕەوی ناوخۆ دەبێت خاڵی تازە بابەت دوا خاڵ بێت لە بەرنامەی کاردا، بەڵام لەبەر ئامادەنەبوونی بەڕێز وەزیری داد ئێستا یاسای دەسەڵاتی دادوەری دوادەخەین تاوەکو ئامادە دەبێت، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێوە رازین بن، ئەو خاڵەی بەڕێز مامۆستا مەلا محەمەد پێشنیاری کردووە یەکەم جار باس دەکرێت.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە خاڵی تازە بابەت پێش بخرێت؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

فەرموو مامۆستا مەلا محەمەد پێشنیارەکەت باس بکە.

**بەڕێز مەلا محەمەد شەریف تاهیر مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ زانیاریمان بۆ هاتووە کەپەناهەندەکانی تورکیا تۆوی تریاکیان هێناوەو، لەناو سنووری هەرێمی کوردستان گەلێکیان چاندووە، ئێستا حکومەتی ئێمە ساوایە، ئەگەر ئەم کێشەیە چارە نەکرێت ئەمە دەبێتە هۆی بڵاو بوونەوەی خراپی لەناو کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەندێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو خاڵەی مامۆستا مەلا محەمەد شەریف باسی کرد کە لە ڕێگای فراکسیۆنی زەردەوە پێشکەش کراوە. بەراستی خۆی ئەم خاڵە خاڵێکی گرنگەو، پەیوەندیی بەژیانی جەماوەرەوە هەیە، کە بوونە قوربانی تاقمێک لە چڵێسان کە بە هیچ شتێک ناوەستن، بەهەموو ڕێگایەک دەیانەوێ قازانجی خۆیان زیاد بکەن، بەڵام لەبەر کەمی کات هەموو ئەو ئەندامانەی دەستیان بەرز کردەوە،ناتوانن بەشداری بکەن، لەبەر ئەوە داوای لێبووردنیان لێ دەکەین تەنیا لە هەر فراکسیۆنێک سێ کەس توانای بەشدار بوونیان هەیە.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە نرخی خواردەمەنی ئەوە شتێکە دەوڵەت بەخۆی دەتوانێت چارەسەری بکات یان لیژنەی ئابووری پێشنیارێکی بۆ بکات، بەڵام سەبارەت بە (تریاک و، جگەرە، مەی) ئەمانە بەشێکن لە پلانی تێکدانی ئەو ئەزموونەی کوردستان، وەکو تەقینەوەی (T.N.T)ە، بۆیە پێشناری ئەوەدەکەم کە لیژنەی ناوخۆ، لەگەڵ لیژنەی کۆمەڵایەتی و، لیژنەی خزمەتگوزاری بە پەلە دانیشتنێکی تایبەتی بۆ ئەم مەسەلەیە بکەن، چ پێشنیارێک هەیە پێشکەشی بکەن بە پەرلەمان، هەروەها ڕێنمایی دەربچێت بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ چارەسەکردنی ئەم مەسەلەیە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئەو پێشنیـارەی بەڕێز عەبدولکەریم کردی بەراستی ئێـمە بەشـتێکی باشی دەزانین، ئێـستا هەمووومان دەزانین باری بازاڕ لەچی دایە، لەو رایەشین کە چەند بڕوامان بە (میکانیزمی) بازاڕ هەبێت دوور کەوینەوە لەو قەرزەی کە جاران هەبووە لە رژێمەوە بووەتە هۆی رووداني کارەسات، ماوەیەکە بازاڕی کوردستان بوویتە لیبرالیەت، بەڵام پێویستە لەم کاتەدا چاودێریەکی تەواو هەبێت لەسەر جۆری ئەو شتانەی کە دەهێنرێن بۆ کوردستان، تەنیا خواردەمەنی و جلوبەرگی پێویست بهێنن، بەرای من حکومەت خۆی کەلوپەلی خواردەمەنی بهێنێ بە نرخێکی گونجاو بیفرۆشێتەوە.

پێشنیـارەکەی بەڕێز عەبدولکەریم بەم جۆرەیە کە لیژنەکانی پەرلەمان کۆبوونەوە بکەن بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە، بەرای من زیاتر تەرکیز بکرێت لەسەر لیژنەی دارایی.

**بەڕێز عـەبدولکەریم کـاکـە حـەمـە عـەبدولکەریم:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

لەبەر مەسەلەی ئەمەنی بەرای من لیژنەی کاروباری ناوخۆش بەشدار بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

پێشنیـارەکە ئەوەیە کە لیژنەی دارایی و لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان لیکۆڵینەوە بکەن لەسەر بابەتی نرخ و، هێنانی کەلوپەلی خواردەمەی بۆ کوردستان.

**بەڕێز قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەرای من باشترە هەر پێشنیـارێک گفتوگۆی لەسەر تەواو بێت، پاشان ئاراستەی لیژنەکان بکرێن.

**بەڕێز جــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

وابزانم ئەم بابەتە پەیوەندیی بەهەموو کەسێکەوە هەیە هەموو کەسێک ئاگای لە کێشەکە هەیەو، بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو پێشنیارە باشترە بدرێت بە لیژنەی دارایی و، لیژنەی ناوخۆ بۆ گەڵاڵە کردنی پاشان بدرێت بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم پێشنیـارەی بەڕێز (عەبدولکەریم کاکە حەمە) وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسند کرا.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری.

**بەڕێز مـەعـروف رەئووف خـضـر/ (وەزیری داد):**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

ئێمە لە وەزارەتی داد پرۆژەی ئەم یاسایەمان داناوە کە ناوی یاسای دەسەڵاتی دادوەرییە (السلطة

القضائية)و، خەڵکی پسپۆڕ پێی هەڵساون، ئەم یاسایە مادەی سیاسی تێدا نییە، بەڵکو مادەکانی لایەنی تەکنیکی و ڕێکخستنی ئیشوکاری وەزارەتی داد دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزت کاتی خۆی لەگەڵ لیژنەی یاسادا باسی ئەو تێبینییانەت کردووە، گومان لەوەدا نییە کە ئەو شتانەیان ڕەچاو کردووە.

**بەڕێز مەعروف ڕەئوف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنها بابەتێک هەیە جێگای گفتوگۆیە لەم یاسایەدا ئەویش ئەوەیە ئایا وەزیر هەڵدەسێت بە ئەرکی سەرۆکایەتی کردنی دادگای پێداچوونە کە دادگایەکی باڵایە لەهەرێمی کوردستاندا؟، یان سەرۆکی دادگای پێداچوونە هەڵدەسێت بە سەرۆکایەتی کردنی ئەو ئەنجوومەنەی کەپێ ی دەگوترێت ئەنجوومەنی دادوەری (المجلس القضائي)، بەرای ئێمە دەسەلات بدرێتە وەزارەت دادو، لەناو وەزارتدا (مـحـاور) دروست نەبێت، چونکە بەدروست بوونی مەحاور لە ناوەزارەتدا ئیشوکار بەباشی بەرێوە ناچێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئێمە دوو پرۆژەی ئەو یاسایەمان لەبەر دەستدایە جگە لە پرۆژەی حکومەتی عێراقی ساڵی (١٩٦٣) کە وەک سەر چاوەیەک لەلایەن وەزارەتی دادەوە بۆمان هاتووە، بەرای ئێمە رێکوپێکترین پرۆژە بوو، بۆیە ئەوەشمان کردوەتە بنچینەیەک بۆ یاسایەک کە ئێستا ئێوە بریاری لەسەر دەدەن.

سەبارەت بە رای لیژنەی یاسا هیچ شیرازەی پرۆژەکەمان نەگۆڕیوە ماددەکان وەکو خۆیەتی، کاتێک دەچینە سەر گفتۆگۆ کردنی مادەکان ئەو تێبینییانەی کەهەمانە پێشکەشی دەکەین، ئینجا ئەگەر تێبینییەکە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بوو دەنگی لەسەر دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی پرۆژەکەی وەزارەتی داد کە ئێمە هەموارمان کردووە بەو شێوەیە:

استنادا الى احكام فقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢، وبناءاً على ما عرضه وزير عدل، ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ (          ) اصدار القانون الاتي:

قانون رقم (          ) لسنة ١٩٩٢ قانون السلطة القضائية لاقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشەکیەی کە لە پرۆژەی وەزارەتی دادەوە هاتووە ئێمە لە لیژنەی یاسادا گۆڕیمان، چونکە هەموو یاساکان دەبێت یەک پێشەکیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم پێشەکییە؟. نییە؟. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو پێشەکییەی خوێنرایەوە وەکو خۆی وەبگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الاولى: المحاكم مستقلة لا سلطان عليها لغير القانون ولا يجوز لأية سلطة او شخص التدخل في استقلال القضاء او التدخل في شؤون العدالة.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو دەستورەکانی جیهاندا دەگوترێت (القضاء مستقلة) نەک (المحاكم مستقلة)، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم مادەکە بەم شێوەیە بێت: (القضاء مستقلة لا سلطان عليه لغير القانون... الخ)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری داد هیچ تێبینییەکت هەیە لەسەر ئەو پێشنیارە کە وشەی (المحاكم) بگۆڕدرێت بۆ (القضاء)؟.

**بەڕێز مەعروف رەئوف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە دەستور نییە، بەڵکو یاسایەکی تایبەتییە بۆ رێکخستنی کاروباری دادگاکان، لەبەر ئەوە پێویستە ناوی دادگا بێت لەم یاسایەدا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ رای وەزیری دادم، بڵێین (محاکم) باشترە لەوەی بڵێین (القضاء)، لەبەرئەوەی یەکەم: دەستورمان نییەو، نازانین کەی دایدەنێین.

دووەم: مەسەلەی دادگاکان زۆر گرنگە لە ژیانی کۆمەڵاندا، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوەی وەزیری داد فەرمووی زۆر راستە، چونکە قەزا (مەبدەئە)، بەلاّم دادگاکان قەزییەی ترە، پاشـانیش وشـەی (قـضـاء) لەدواوە هاتووەو، بابەتەکـەی شـاردراوەتەوە، لەبەر ئەوە وشـەی (محاکم) لە جێی خۆیدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز بەخـتـیـار حـەیدەر عـوسـمـان:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من لەگەڵ پێشنیارەکەی بەڕێز حازم دام، چونکە وشەی (قضاء) فراوانترە لە (محاکم).

سەبارەت دارشتنی مادەکەش پێویستە بگوترێت (القضاء مستقل لا سلطان علیه لغیر القانون ولا یجوز لأي سلطة او الشخص التدخل في مسوءولیته وفي استقلالیته)، چونکە لە بنەڕەتدا باسی سەربەخۆیی قەزا کراوە، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ئێستا دوو تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

(القضاء سلطة مستقلة) لە دەستوردا دێت، بەلاّم لە یاسای دەسەلاّتی دادوەری پێویستە وشەی (محاکم) بێت، چونکە ئەم یاسایە تایبەتە بە رێکخستنی دادگاکان، سوپاس.

**بەڕێـز بـورهـان عـەلـی جـاف:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەرای من بەس بگوترێت (القضاء مستقل لاسلطان علیه لغیر القانون)، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ئێستا دوو را هەیە دەربارەی ئەم مادەیە یەکێکیان دەڵێ مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەک خۆی بمێنێتەوە؟.

**بەڕێـز فـەرەنسـۆ تـۆمـا هـەریـری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ماوەتان نەدا بە لیژنەی یاسا، بۆ ئەوەی بزانین ئەوان رایان چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

لە لیژنەی یاسادا بەڕێز شێروان رای خۆی دەربڕی.

**بەڕێـز حـەسـەن عـەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لەقـورئاندا دەڵێت: (واذا حکمتم بین الناس فاحکموا بالعدل) وشـەی (حکمـتم) نەک

(قضيتم)، لەبەر ئەوە رای پەرلەمان وایە کە وشەی (محاکم) دابنرێت لەم یاسایە، هەروەها دەستەواژەی (المحاکم مستقلە.. ) دەستوریە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من پێموایە ئەمە کارێکی یاساییە، لەبەر ئەوە نابێ بە تەنیا بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی جێی بهێڵین، بەڵکو دەبێت ئەندامانی لیژنەی یاسا، لەگەڵ وەزیری داد گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەسەر بکەن و، بگەنە رایەکی یەکگرتوو پاشان لێرە دەنگدانی لەسەر بکرێ، سوپاس. . . . .

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئەنجـــــوومــــەن:**

جگە لە بەڕێز عەبدولخالق کە رای دا ئەوانی دیکە کە قسەیان کرد هەمووی ئەندامانی لیژنەی یاسا بوون، ئەگەر ئێمە لێرەدا هەموو یاسایەک دوابخەین بۆ ئەوەی یاساییەکان رێک بکەون لە نێوان خۆیاندا، ئێمە ناتوانین هیچ یاسایەک پەسند بکەین، لەبەر ئەوە ئەمڕۆ لێرەدا وەزیری داد لەگەڵ لیژنەی یاسادا دەتوانن مەسەلەکە یەکلا بکەنەوە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من مەبەستم ئەوە نییە واز لە کۆبوونەوەکە بێنین، بەڵام من دەبینم ئەندامانی لیژنەی یاسا هەریەکەیان رایەکی تایبەتی خۆی هەیە، پێشنیارەکەی من ئەوەیە کە ئەندامەکانی لیژنەی یاسا لە نێواندا خۆیان رێک بکەون، یەک را بدرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئەنجـــــوومــــەن:**

بەڕێز فرەنسۆ من پێشنیارەکەت تێنەگەیشتووم، ئایا مەبەستت ئەوەیە کە ئەم کۆبوونەوەیە دوابخەین بۆ ئەوەی لە دەرەوە ئەندامانی لیژنەی یاسا رێک بکەون، یاخود هەر لە ئەنجامی ئەم گفتوگۆیەدا بگەنە رایەک؟ لێرەدا ئەندامانی لیژنەی یاسا دوو رایان هەیە، بەشێکیان دەڵێن لەبەر ئەوەی ئەمە یاسای دەسەڵاتی دادوەرییە وشەی (القضاء) فراوانترەو، پێویستە دابنرێت، بەشەکەی تر لەگەڵ بەڕێز وەزیری داد یەک رایان هەیە کە وشەی (المحاکم) دابنرێت، چونکە ئەم یاسایە بۆ رێکخستنی کاروباری دادگاکانە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجــــیـــد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــوومــــــەن.**

زۆر جار مرۆڤ کە وەسفی شتێک دەکات لە مەسەلەیەکی تایبەتەوە دەچێت بۆ مەسەلەیەکی گشتی، یان بە پێچەوانەوە، لێرە وەزیری داد فەرمووی (المحاکم المستقلة)، لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە یاسایەکی تایبەتە، لێرە لە مەسەلەیەکی تایبەتی بۆ مەسەلەیەکی گشتی چووە، دوای ئەوە دەڵێت: (عدم التدخل في شوءون القضاء)، دەشێت لە گشتیەوە بۆ تایبەت بچێت مەسەلەکە یەک شتە، سوپاس.

**بەڕێز حــازم مــەحــمـــود ئەحــمـــەد یوســفی:**

**بــەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئەمە یاسای دەسەڵاتی دادوەرییە نەک دەسەڵاتی دادگاکان، لەبەر ئەوە دەستەواژەی (القضاء مستقل) راستتر و فراوانترە لەم یاسادا، وەکو دەزانین ئێمە سێ دەسەڵاتمان هەیە کە ئەمانەن (دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی راپەڕاندن، دەسەڵاتی دادوەری)، ئێمە ئەو یاسایە لێرە دادەنێین بۆ ئەوەی سەربەخۆییەک بدەین بە دەسەڵاتی دادوەری، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق محـەمـەد رەشـیـد زەنگـەنە:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

لەگەڵ رێزمدا بۆ قسەکانی بەڕێز فرەنسۆ، بەراستی ئەمە بابەتێکی سیاسی و یاساییە، لەبەر ئەوەی من پیاوێکی سیاسیم بەندیخانەو دادگام زۆر دیووە، بەرای من ئەو بابەتە پەیوەندیی بە دادگاکانەوە هەیە، چونکە چۆن دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە، دەبێت دادگاکانیش سەربەخۆ بن، بەتایبەتی ئەمڕۆ لە کوردستاندا حزبەکان زۆر دەست لە کاروباری دادگاکان وەردەدەن، سوپاس.

**بەڕێز ســـەعــیـــد مــحــمـــد ســـەدیق هروری:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

زۆر ئەنجوومەن و لیژنە هەیە دەسەڵاتی دادوەرییان پێدەدرێ، بەڵام دادگاش نین کەواتە ئەوانە سەربەخۆ نابن، بۆیە ئەگەر بگوترێت (القضاء مستقل لا سلطان علیه) گونجاوتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد شـەریف تاهـیـر مـسـتـەفـا:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

هەندێک تێبینیم هەیە لەسەر قسەکانی بەڕێز حەسەن کە دەڵێت لە قورئاندا هاتووە: (اذا حکمتم بین الناس فاحکموا بالعدل) راستە ئەو دەقە باسی حوکمی کردووە نەک دادوەری، بەڵام ئەمە دەقێکی گشتییە بۆ هەموو کەسێکە کە حوکم بکات خوا پێی گوتووە کە بە دادوەری حوکم بکات، جا حوکمەکە چ ئیداری بێت، یان سیاسی بێت، لەپاشاندا پێغەمبەر لە روونکردنەوەدا (تفسیر) کردوویەتی بە قەزا (قاضیان في الجنة، وقاضیان في النار) وشەی (قازی) بەکار هێناوە لە جیاتی (حاکم)، بەرای من لەم یاسایەدا وشەی (المحاکم) بەکاربهێنرێت، چونکە دەقەکانی قورئان گشتییە بۆ هەموو کەسێکە، سوپاس.

**بەڕێـز جــێـگری ســــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن:**

ئێستا دوو را هەیە بۆ مادەی یەکەم:

یەکەمیان دەڵێ مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە کەم بەم شێوەیە: المحاکم مستقلة لا سلطان علیها لغیر القانون، ولا یجوز لایة سلطة او شخص التدخل في استقلال القضاء او التدخل في شؤون العدالة) دووەم: پێشنیار کراوە کە مادەکە بەم شێوەیە بێت: (القضاء مستقل لا سلطان علیه

لغير القانون، ولا يجوز لاي شخص او سلطة التدخل في استقلال القضاء وشوءون المحاكم).
ئێستا مادە یەک دەخەینە دەنگدانەوە:
کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادەی یەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ .. بە زۆربەی دەنگ مادە (١) پەسەند کرا.
کەواتە وشەی (المحاكم) دەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية (تصدر الاحكام وتنفذ باسم الشعب).

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لە جیاتی (باسم الشعب) (باسم الله) دابنرێت.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٢) کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە (٢) وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة (تسري ولاية المحاكم على جميع الاشخاص الطبيعية، والمعنوية بما في ذلك الحكومة، و تختص بالفصل في المنازعات والجرائم كافة الا ما استثني بنص خاص).

**بەڕێز حازم محمود ئەحمەد یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە لەسەر دەستەواژەی (الا ما استثني بنص خاص)، چونکە ئەمە تەنیا لە یاسایی عێراق هەیە لە هیچ شوێنێکی دیکەدا نییەو، ئێمەش دەبێ بەپێی دەستور یاسا دابنێت، چونکە ئەگەر بڵێین (الا ما استثنى بنص خاص) هەموو رۆژێک دەتوانین یاسایەک دەربکەین کە لەگەڵ ئەم یاسادایە ناکۆک بێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رای بەڕێز حازم دەکەم، چونکە یاسا تەنیا بە یاسایەکی تر هەموار دەکرێ، ئینجا هەر یاسایەکی ناکۆک هات شوێنی ئەم یاسایە دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە باشترە ئەم برگەی (الا ما استثني بنص خاص) تێدا نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسادا تێبینیمان هەبوو لە سەر ئەم مادەیە، بەڵام ئەمە رای وەزیری داد بوو، لەبەر ئەوە ئێمە لە لیژنەدا بە تێکڕا کۆک بووین لەسەر ئەوەی دەستی لێ نەدەین، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەقە پێویستە هەبێت لەم یاسایەدا، چونکە لە بەرژەوەندی میللەتی ئێمەیە، زۆر جار وا پێویست دەکات یاسا ئیستسنای تێدا بێت، چونکە تاکە کەس بڕیار نادات، بەڵکو پەرلەمان بڕیار دەدات کە نوێنەری میللەتە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر جار لە دەستورەکانی عێراقیدا هەتا لە سەردەمی مەلەکی و، پاش ئەوانی تریش، یاساکان هەموو مافێکی تێدا هاتووە، بەڵام پاشان بە دەقێکی تایبەتی بەستراونەتەوە، لەبەر ئەوە بەرای من ئەو ئیستسنایە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی راپەڕاندنە (تنفیذی)و، کەم کردنەوەیە لە مافەکانی کە لەم یاسایەدا باس کراون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم دەقە زۆر پێویستە، چونکە هەندێ داوای تایبەتی هەیە لە خوێندنی باڵادا وەکو گەوتنی قوتابی و، دەرەکردنی قوتابی نابێت دادگا دەست لەم جۆرە داوایانە وەردات، لەبەر ئەوە ئەم دەقە (الا ما استثني بنص خاص) زۆر پێویستە بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز فرنسو تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەگەر ئەو دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە رێگاخۆش دەکات بۆ دەست تێوەردان لە کاروباری دادوەری (قضاء)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە (الا ما استثني بنص خاص ) هەر خۆی بەرهەڵستە بۆ مادەیەکی ئەو یاسایە، واتە ئێمە دەستکاری لەسەربەخۆبەتی دادوەری (قضاء) دەکەین، لەبەر ئەوەی دادوەری خۆی سەربەخۆیە، بەڵام ئیستسنا لە یاسادا بێت دادوەری ئەو سەربەخۆییەی نامێنێت، من تێبینیەکی ترم هەیە، بۆ نموونە یاسای سزادانی عێراقی کە ئێستا بەکاردێ هەتا سبەی ئەگەر نیزامی فیدرالیش بچەسپێت لە کوردستاندا ئەو یاسایە لەسەر هەموو عێراق بەکوردو عەرەبەوە دەسەپێت، بەڵام ئێستا ئێمە کار بەیاسای عێراقی دەکەین کە ئیستسنای

تێدایە، ئەمەش زەرەر بە میللەتەکەمان دەگەیەنێت، چونکە بەم شێوەیە دەستکاری لە کاروباری دادوەری دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا مادە کە بەم شێوەیە بێت : (تسري ولاية المحاكم على جميع الاشخاص الطبيعية، والمعنوية بما في ذلك الحكومة وتختص بالفصل في المنازعات والجرائم كافة) مادەکە تەنیا ئەوەندە بێت (الا مااستثني بنص خاص) الغاء بکرێت.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە (٣) ئەم دەستەواژەی لێ لاببرێت (الا ما استثنى بنص خاص) ئەوەی دیکە وکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٣) پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: (ليس للمحكمة ان تنظر في كل ما يعتبر من اعمال السيادة).

**بەڕێز حازم مەحمود ئەحمەد یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا (اعمال السيادە) لە پرۆژەی وەزارەتی داد هاتووە، من پرسیارێکم هەیە ئایا (اعمال السیادة)لە دەسەڵاتی کێیە؟، ئایا دەسەڵاتی دادگایە، یان دادوەرە؟، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان بۆ چوونم هەیە دەربارەی: (كل مايعتبر من اعمال سيادة) ئەم (سیادەیە) لە دەسەڵاتی کێیە؟، لەوانەیە دادوەرێک بێت بە پێی ئارەزووی خۆی ئەم مەسەلەیە لێک بداتەوەو، بڕیاری لێ بدات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا دەکەم لە وەزیری داد ئەم مادەیە روون بکاتەوە، مەبەست چییە لە: (ليس للمحكمة ان تنظر في كل ما يعتبر من اعمال سيادة)؟.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێک کار هەیە دەوڵەت پێ ی هەڵدەستێت پێی دەگوترێت کاروباری سەروەری (اعمال سیادة) بۆ نموونە کۆمەڵێکی سیاسی بە کارێکی تیرۆر هەڵدەستن، دەوڵەت هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیەو، ئیجرائات بەرامبەر ئەم تیرۆرستانە وەردەگرێت، ئێمە دەبێت بەو چاوە تەماشا بکەین کێ ئەوە حوکم دەکات؟، لە کوردستاندا یەک سەرچاوەی حوکممان هەیە

ئەویش ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانە، دەبێت ئێمە ئەوەش بزانین کە یاسا بۆ رۆژێک و، دوو رۆژ دانانێین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەندامانی بەڕێز پرسیاریان کرد کە کێ کاروباری سەروەری دیاری دەکات؟، خۆی هەمیشە کاروباری سەروەری بەپێی دەستور دەکرێت، بۆ نموونە، ئەگەر حکومەت حاڵەتی شەڕی راگەیاند ئەنجامی ئەم شەڕە چی دەبێت زەرەر بەخەڵک دەکەوێت، هیچ کەسێک مافی ئەوەیان نییە داواکاری لەسەر سەرۆکی وڵات، یان سەرۆک وەزیران بکەن و بڵێن (اضافة لوظيفتة)، چونکە ئەمە لە کاروباری سەروەرییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

راگەیاندنی شەڕ وەکو ئەوەی سەدام لەسەر کوێت کردی، کێ دەبێت دادگایی بکات؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کە باسی یاسا دەکەین وەکو بنەمایەکی گشتی باسی دەکەین کە شەڕ لە کاروباری سەروەرییە، بەڵام سەدام و نیزامەکەی لە هەموو نیزامێک بەدەرەو، هیچ یاسایەک نایگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک عەدنان بەڕێزت دەڵێی شەڕ لە کاروباری سەروەرییە، بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەیە کێ بۆی هەیە راگەیاندنی شەڕ بکات و؟، کێ دادگایی ئەو کەسە دەکات کە راگەیاندنی شەڕی کردووە؟.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەم برگەیە پەسند نەکرێ باشە، لەبەرئەوەی ئەمە شتێکی ترسناکە لەسەر دیموکراتی و سەربەخۆیی دادگاکان و، دادگاکان بەرپرسن بەرامبەر هەموو کێشەکانی شەڕو ئاشتی، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەک ئاشکرایە کاری سیاسی لەهەموو دەوڵەتێکدا مومارەسە دەکرێ، وەکو لیژنەی یاسا باسی کرد بە پێی دەستور دیاری دەکرێ کە بابەتی شەڕ هاتە گۆڕێ مەسەلەکە ئەوە نییە سەرۆک وەزیران، یان ئەو کەسەی راگەیاندنی شەڕی کردووە لێپرسینەوە لەگەڵیدا بکرێ، بەس دادگا بۆ خەڵکی دەردەبڕێ کە زەرەرمەندە لەو شەڕ، بۆ نموونە یەکێک داوا لەسەر ئەوە دەکات کە فڕۆکەیەکی ئێرانی لە خانووەکەی داوە، دادگا بڕیاری قەرەبوونی بۆ دەدات، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە هەندێک کاروباری سەروەری هەیە پێویست دەکات کە دادگا نەیانبینێ لەبەر ئەوەی مەسەلەکە لە بارودۆخێکی تایبەتیدا ڕوو دەدات، بەڵام بەو شێوەیە ڕەهاییەی ئەو مادە پێی هاتووە من لەگەڵیدا نیم پێویست دەکات نەختێ پەیوەست بێ دەبێت بڵێین: ( اعمال السيادة بعد اقرارها من قبل البرلمان) هەر شتێک پەرلەمان بڕیاری لەسەردا تەنها حکومەت بەخۆی نەبێ لێرە دادگا کە سەیری شت دەکات لە ئەنجامی (مسؤلية تقصيرية)، بەپرسییەکە هەر ئەوە نییە کە ترتیب دەکات لە ئەنجامی ئەوەی خەڵکێکیان لاداوە لە شوێنی خۆیدا، یاخود شەڕ قەوماوە لێرەدا حکومەت بەرپرس دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر مەحەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاروباری سەروەری بەپێی دەستور دیاری دەکرێت و، دەوڵەت پێی هەڵدەستێت، بەڵام بەرپرس نابێت بەرامبەر دادگا، بەڵکو پەرلەمان لێی دەپرسێتەوە وەکو ڕاگەیاندنی شەڕ، یاخود ڕێککەوتنامەی ئاشتی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پاش ئەم گفتوگۆیە مادە (٤) دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادەی (٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٤) پەسەند کرا.

بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: (لغة المحاكم كردية الأ اذا نص القانون على خلاف ذلك و للمحكمة ان تسمع اقوال الخصوم او الشهود الذين يجهلونها بوا سطة المترجم بعد تحليفة اليمين).

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا ڕامان وایە بکرێتە، (مترجم محلف).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟.

**بەڕێز حازم مەحمود ئەحمەد یوسفی.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە لەڕووی سیاسییەوە دروست نییە من لە ناو پەرلەماندا ئەو قسەیە بکەم، بەڵام چەند دادوەرێک هەیە لە دادگادا هەتا ئێستا نازانن بڕیار بە کوردی بنووسن بە تایبەتی دادوەرە بادینییەکان، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادەکەدا ئاماژە بە وەرگێری سوێندخۆر هاتووە، هەرچەندە دادوەرەکانی ناوچەی دهۆک دەتوانن بە کرمانجی بنووسن، لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی ئەو مادەیە ئەوانەی نازانن بە کرمانجی بنووسن، دەتوانن وەرگێڕ بۆ خۆیان دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لغة المحاكم كوردية الأ اذا نص القانون على خلاف ذلك)، بەرای من ئەم برگەیە هیچ پێویست نییە، چونکە هیچ یاسایەک نییە بتوانێ زمانی دادگاکان بگۆڕێ و، هەروەها دابین کردنی پێداویستییەکانی تێگەیشتن دەبێت لەلایەن دادگاکانەوە بێت، چونکە هەر کەسێک سەربەستە لە بەرامبەر دادگا بەو زمانەی کە دەیزانێ قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئوف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم دەستەواژەیە لە هەموو یاساکانی ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتدا هەیە، لە کوردستاندا زمانی کوردی زمانێکی ڕەسمییە لە هەموو دادگاکاندا، دەتوانرێتیش بەهەر زمانێک دادگایی بکرێت، ئەگەر زمانێکی دیکە لە دوا ڕۆژدا جێگای زمانی کوردی بگرێتەوە پێویستمان بەو دەقە دەبێت: (الا اذا نص القانون على خلاف ذلك).

ئێمە ئێستا لە دادگاکاندا بەکوردی قسە دەکەین تەنها نووسینەکە بە عەرەبییە و، ئەوەی ئەو برادەرە فەرمووی ڕاستە زۆر دادوەر هەیە لە نووسینی کوردیدا باش نینە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەک سیاسەتمەدارێک رام وایە ئەم دەقە بمێنێتەوە، چونکە لەو بڕوایەدام کە ڕۆژێک نایەت ئێمە یاسایەکی وا دەربکەین کە بڵێین زمانی دادگاکانمان عەرەبییە، یاخود تورکمانیە. . .

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەوەی کاکەڕەش گوتی تارادەیەکی زۆر ڕاستە، ئەو مادەیە خۆی لە دەقە عەرەبییەکە وەرگیراوە کە دەڵێ: (لغة المحاكم عربية الأ اذا نص القانون على خلاف ذلك)، لەبەرئەوە من پشتگیری رایەکەی بەڕێز کاکەڕەش دەکەم کە ئەم دەقە نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەم دەقە (لغة المحاكم كوردية الأ اذا نص القانون على خلاف ذلك) لابرێت و بکرێت بە: (لغة المحاكم كوردية وللمحاكم ان تسمع اقوال الخصوم او الشهود بواسطة مترجم بعد حلفه اليمين). کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم دەقە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەکە بەم شێوەیە دەبێت:

المادة الخامسة: (لغة المحاكم الكوردية، وللمحكمة ان تسمع اقوال الخصوم أو الشهود الذين يجهلونها بواسطة مترجم بعد حلفة اليمين).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە (٥) وەکو بەڕێز ئەیاد خوێندیەوە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٥) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة السادسة: تكون جلسات المحاكم علنية الا اذا قررت المحكمة جعلها سرية مراعاة لاداب او محافظة على النظام العام ويكون تقييم الحكم في كل الاحوال علنية.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، ئێمە لە لیژنەی یاسادا رامان وایە لە جیاتی (ويكون تقييم الحكم في الاحوال علنية) بکرێتە (ويكون تدوين الحكم في جميع الاحوال علنية)، هەروەها پێشنیار دەکەین کە مادەکە بەم شێوەیە بێت: (ويفهم وينطق الحكم علنا)، سوپاس.

**بەڕێز حازم مەحمود ئەحمەد یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری لە رای لیژنەی یاسا دەکەم کە مادەکە بەو شێوەیە بێت: (ويفهم منطوق الحكم علنا) و، لەجیاتی (ويكون تقيم الحكم في كل الاحوال علنية) بکرێتە (بان يتلى)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە (٦) بەم شێوەیە (تكون جلسات المحاكم علنية الا اذا قررت المحكمة جعلها سرية مراعاة للاداب او المحافظة على نظام العام ويكون تفهم الحكم في كل الاحوال علنية) کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٦) وەکو وەربگیرێ؟..

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەقە ئەسڵیەکەی مادە (٦) خرایە دەنگدانەوە، بەڵام لیژنەی یاسا پێشنیاری هەموارکردنێکی کرد نەخرایە دەنگدانەوە، من داوا دەکەم کە پێشنیارەکەی لیژنەی یاساش بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە ناتوانین لەیەک کاتدا دوو دەق بخەینە دەنگدانەوە، یەکەم جار دەقی یەکەم دەخەینە

دەنگدانەوە، پاشان دەقی دووەم، لیژنەی یاسا دەتوانێ روونکردنەوەی زیاتر بدات دەربارەی ئەم مەسەلەیە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دوو وشەمان بەکار هێناوە (يفهم و يتلى)، وشەی (يتلى) روونە بۆ هەموو کەسێک بەکار دێت کە گوێی لێیە، بەڵام (يفهم) تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە کەڕولاڵن، بۆ چوونەکەی ئێمە بەم شێوەیە بوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من مەبەستم ئەوەیە روونکردنەوە بکەن لەسەر پێشنیارەکەی بەڕێز فرەنسۆ کە دەڵێ هەردوو دەق بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان دەنگدان و رێکخستنی دەنگدان ئیشی بەڕێزتانە، کە مادەیەک خرایە روو رەزامەندی لەسەر وەرگیرا مانای ئەوەیە مادەکەی دیکە دەبا، بەڵام مەبەستی بەڕێز فرەنسۆ ئەوە بوو کە ئەندامەکان ئاگادار بن دەنگدان لەسەر کام مادە درا؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تا ئێستا وا پێڕەو کراوە کە مادەیەک خرایە دەنگدانەوەو پەسەند کرا، ئیتر مادەکەی تر ناخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر جار ئەو هەڵەیە دووبارە دەبێتەوە، خۆی لەکاتی پێشنیاری کردنی هەموارکردنێک لەسەر مادەیەک، پێویستە یەکەم جار پێشنیاری هەموارکردنەکە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر مادەکە هەموار نەکرا، ئەو کاتە مادەکە وەکو خۆی دەخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام ئێمە تاکو ئێستا بە پێچەوانە رۆیشتووین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە مادەی پێنجەمدا هەموارکردنەکە یەکەم جار خرایە دەنگدانەوە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا کێشەکە لەسەر داڕشتنە بەرای من وشەی(علی) زیاد بکەین لەمادەکەدا کێشەکە چارەسەر دەبێ، واتە مادەکە بەم شێوەیە بێت: (تكون جلسات المحاكم علنية الا اذا قررت

المحكمة جعلها سرية، مراعاة للاداب او المحافظة على نظام العام على ان يكون تفهيم الحكم في كل الاحوال علنية).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا مادەکە دەخەینە دەنگدانەوە، هەر ئەندامێک تێبینی هەیە لەسەر داڕشتنەکەی پاشان بیدات بە لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی دایبڕێژێتەوە.

جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادەی (٦)ە وەربگیرێ و، تێبینی داڕشتن بدرێ بە لیژنەی یاسا؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٦) پەسند کرا، پاشان لیژنەی یاسا بەپێی تێبینییەکانی ئەندامان دایدەڕێژێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادةالسابعة: لاتنظر المحاكم في القضايا المدنية والاحوال الشخصية خلال عطلة المحاكم مالم تكن مستعجلة وتعطل المرافعات فيها من اليوم الاول من شهر تموز الى الاول من شهر ايلول من كل سنة. وتعين القضايا المستعجلة لهذا الغرض ببيان يصدره وزير العدل.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لە فراکسیۆنی پارتی یاساکەی وەرنەگرتووە تکایە دەست بەرز بکاتەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بێگومانم مەلا هادی یاساکەی وەرگرتووە، چونکە یەک دووجاری تریش وەریگرتووە، دابەشی نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش چەند رۆژێک چەند دانەیەک لە یاساکە لە ژوورەکەم دانرابوو، بەڵام ئەمە گۆڕا، ئەمەی کە ئێستا دەخوێنرێتەوە ئەمە نییە کەلەوێ بووە، سوپاس.

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ کاک نەجمەدین هاتە ژوورەوە بەڕێز ئەیاد پێی گوت، ئەگەر دابەشتان نەکرد بێ دابەشی بکەن، گوتم ناهەموومان وەرمانگرتووە.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم تێبینییەکەی بەڕێز فرەنسۆ، هیچ هۆیەک نییە کە کوتلەی سەوز وەریانگرتووە، بەڵام کوتلەی زەرد وەریانەگرتووە، دەبێ شتێک هەبێت؟!.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ و سبەینێ کاک نەجمەدین هاتە لای ئێمە ئەم دانە کۆنانەی بۆ ئێمە هێناوە، دڵنیاشم کاک نەجمەدین هیچ کەم تەرخەمی نییە، لەوانەیە کەموکوورییەکی دیکە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی بەڕێز وەزیری داد رانەگرین و، کارەکەشمان رانەوەستێت، پێشنیار دەکەم هەر دوو ئەندام لەسەر یەک دانەی یاساکە بەشداری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەدایە پێشنیارەکەی بەڕێز حەسەن بەرزنجی وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: (لا تنظر المحاكم في القضايا المدنية، والاحوال الشخصية خلال عطلة المحاكم مالم تكن مستعجلة وتعطل المرافعات فيها من اليوم الاول من شهر الايلول من كل سنة وتعين القضايا المستعجلة لهذا الغرض ببيان يصدره وزير العدل).

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من لە کاتی پشووی دادگاکاندا کێشەی نوێ وەرنەگیرێ، بەڵام کۆنەکان یەکلا بکرێنەوە، چونکە زۆر لەسەریەک دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم دەقەکە بەم شێوەیە بێت: (لاتنظر المحاكم في القضايا المدنية والاحوال المدنية الجديدة).

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: من پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز کاکەڕەش دەکەم.

دووەم: بەرای من ماوەی (٢) مانگ زۆرە بۆ پشووی دادگاکان، چونکە کێشەیەکی زۆر لە دادگاکان هەیە، پێشنیار دەکەم ماوەی پشوودانی دادگاکان بکرێت بە یەک مانگ، بۆ ئەوەی داوا کۆنەکان یەکلا بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشتر روونمان کردووەکە یاسا بۆ رۆژێک و دوو رۆژ دانانرێت، ئێمە ئێستا لە بارودۆخێکی

تایبەتی داین کە داواکان زۆر کەڵەکە بووە لەسەر یەک، بەڵام لە دوا ڕۆژدا هەر پێویستە ئەو ماوەیە بکرێتە پشوو، چونکە دادوەرەکان ماندوو دەبن و، پێویستیان بە پشوودان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لە لیژنەی یاسادا رامان وایە کە دوومانگ پشوو بۆ دادگاکان زۆرە، بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستا ئێمە لێی دەژین، بۆیە پێشنیار دەکەین کە پشووەکە تەنیا مانگێک بێت، تاوەکو داوا کۆنەکان، بروات جگە لەو خاڵانەی کە لە یاساکەدا هاتوون کە بەپەلەنە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو بەڕێز وەزیری داد گوتی ئەم یاسایە تەنیا بۆ ئەمڕۆ دانەنراوە، بەڵام دەبێ دەقەکە بە ڕەهایی دانەنێین، بەڵکو بە شێوەیەک دایبنێین کە وەزیری داد بتوانێ دوو مانگەکە کەم بکاتەوە، بێگومان ئەم پێشنیارە دەگونجێ لەگەڵ یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، کە ئەویش پشوودانەکەی دوومانگە، بەڵام پەرلەمان بۆی هەیە تەنیا مانگێک بکاتە پشوو.

ئێستا ئەگەر هیچ تێبینی نییە لەسەر ئەم رایە دەیخەینە دەنگدانەوە کە پشووی دادگاکان (٢) مانگ بێت، لە هەمان کاتدا دەقەکە مرونەی تێدا بێت کە وەزیر بتوانێ ماوەی پشووەکە کەم بکاتەوە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەو پێشنیارەی بەڕێزت، من دەقێکی پێشنیارکراوم هەیە کە مادەکە بە برگە بێت بەم شێوەیە:

فقرة ١ــ لاتنظر المحاكم..... .

فقرة ٢ــ لوزير العدل تقليص مدة العطلة لفترة لا تزيد على (٣٠) يوما عند الضرورة القصوى، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٧) ببێت بە دوو برگە وەکو بەڕێز ئەیاد خوێندیەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا. کەواتە مادە (٧) دەبێت بە دوو برگە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارێک هەبوو دەربارەی داواکاری تازە، بەڵام باس نەکرا مادەکە خرایە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە دەتوانرێ بکرێ بە بڕگەیەک، ئەگەر جەنابی وەزیر لاری نەبێت.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەست لە دانانی ئەم پشوودانە ئەمەیە کە دادوەر ماندوو نەبێت، چونکە حوکمدان وەکو هیچ کارێک نییەو، کاتێک دادوەر حوکم دەدات دەبێ لە حاڵەتی تووڕەیی نەبێت و، تەندروستی باش بێت و، ماندوو نەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ تەرازووی حەق ڕابگرێ، لەم ماوەیەدا کەش وهەوای ئێمە گونجاو نابێ بۆ حوکمدان، چونکە دادوەر ماندووە، لەبەر ئەمەیە ئەم پشووە دانراوە، ئەگەر بێتو داوا کۆنەکان لەم ماوەیەدا بکرێن ئەمە مانای ئەمەیە کە ئامانجی دانانی ئەم مادەیە نەما، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان پشووی دادگاکان وەکو پشووی قوتابخانەکان نییە کە بڵێین دەرگای پێوە بدرێ و بچنە ماڵەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە داوا بە پەلەکان ڕاناگیرێ، ئینجا بەرای لیژنە ی یاسا داوا کۆنەکان ڕانەگیرێ تەنیا دادگاکان داوای نوێ وەرنەگرن لە بەرواری دەست پێکردنی پشووی دادگا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز حەسەن ڕایەکەت زۆر روون نەبوو.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕایەکەی من روونە، من دەڵێم داوا کۆنەکانیش بڕوات و یەکلا بکرێنەوە تەنها داوا نوێیەکان وەرنەگیرێن (لا تنظر المحاكم في القضايا المدنية والاحول الشخصية الجديدة خلال عطلةالمحاكم مالم تكن مستعجلة، وتعطل) واتا (جديدة) زیاد بکرێت.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم مادەیە دەنگدانی لە سەر کرا، ئەگەر بکرێت بەبڕگەیەک وەک پێشنیار پێشکەش بکرێت.

**بەڕێز حازم مەحمود ئەحمەد یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستە لەکاتی پشوودانداا دەرگای دادگاکان داناخرێن، بەڵام کە دادوەر ناچار بێ داوا کۆنەکان لەکاتی پشوودا ببینێ، ئەمە چۆن پشوودانێکە؟، لەبەرئەوەی ژمارەی داوا کۆنەکان زۆرە من پشتگیری لە رای وەزیری داد دەکەم کە داوا کۆنەکانیش ڕابگیرێن تەنیا سەربری داوا بەپەلەکان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم مادەیەی، ئێمە دەنگدانمان لەسەری کرد ناتوانین جارێکی تر بگەڕێینەوە سەری.

دەربارەی ئەو بەڕێزانانەی کە گوتیان یاساکەمان بە دەست نەگەیشتووە، من دەمەوێ روونی بکەمەوە کە ئەمە هەڵەی سەرۆکایەتی نییە، بەڵکو ئەمە پەیوەندیی بە فراکسیۆنی زەردەوە هەیە، وەکو بەڕێز بارزان بە سووربوونەوە دەڵێ: «وەرمان نەگرتووە»، بەراستی ئەمە بارێکی ناخۆش لەناو پەرلەماندا دروست دەکات و، ئەمە دوو جارە شتی وا روو دەدات لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رەخنە لەخۆمان دەگرین کە هەڵەی مەلا هادی بوو، چونکە چووین ژوورەکەمان پشکنی دیتمان زۆر دانەی یاساکە لە ژووری ئەودا بوو، ئەمە یەک.

دوو، من فەرمانبەری کاروباری ئەنجوومەنم ئاگادار کردەوە کە لەمەودوا هەموو شێتک بداتە کارگێری نوێی فراکسیۆنی زەرد، چونکە ئێستا مەلا هادی کارگێری فراکسیۆن نییەو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا شتە کۆنەکانی لێ وەرگرنەوە.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لێرە نەبووین کە یاساکەیان لە ژوورەکە داناوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الباب الثانی: (التشکیلات القضائیە). الفصل الاول. (انواع المحاکم).

المادةالثامنة: (تتکون المحاکم المدنیة من):

١- محکمة التمییز. ٢- محاکم الاستئناف. ٣- محاکم البداءة. ٤- محاکم الاحوال الشخصیة. ٥- محاکم الجنایات. ٦- محاکم الجنح. ٧- محاکم الاحداث. ٨- محاکم العمل. ٩- محاکم التحقیق.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، ئەگەر ماوە هەبێ، ئێمە تێبینییەکی بچووکمان هەیە وەک لیژنەی یاسا دەمانەوێ پرسیارێک لە ڕێگای سەرۆکایەتییەوە ئاراستەی وەزیری داد بکرێ سەبارەت بە دادگاکانی گومرگی، لە عێراقدا سێ جۆر دادگای گومرگی هەیە، ئێمەش ئەمڕۆ پێویستیمان بەم جۆرە دادگایانە هەیە، ئایا چۆن دەتوانین لێکی بدەین لەگەڵ ئەم دادگایانەدا.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دەتوانین دادگا لە ڕێگای پەرلەمانەوە پێک بێنین، ئەگەر یاسای گومرگ پەسند بکرێ لە

پەرلەماندا بەپێی ئەم یاسایە دەتوانین داگای گومرگی پێک بێنین، بەڵام ئێستا دادگای سەرەتایی (بداءە) تەماشای ئەم جۆرە داوایانە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا بەشێوەیەکی گشتی دادگای گومرگی پەیوەندیی بە وەزارەتی دادەوە هەیە، ئەگەر پەیوەندیی هەیە بۆ وەکو دادگای هەرزەکاران (احداث) زیاد ناکرێت؟.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێک دادگا هەیە تایبەتییە تەنیا دادوەرەکەی سەربە وەزارەتی دادە، سوپاس.

**بەڕێز حازم مەحمود ئەحمەد یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا مەبەست لە (محاكم المدنية) چییە؟، ئایا بۆ ئەوەیە لە دادگای سەربازی جیا بکرێتەوە، سوپاس .

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست لەدادگای شارستانی (محاكم المدنية) ئەوەیە کە جیاوازی هەبێت لەگەڵ دادگای سەربازی و، دادگای تایبەتی تر.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی یاسایەکی تایبەتی نییە بابەتی کرێکارانی چارەسەر کردبێ، بەرای من پێویست ناکات دادگای (کار) لەم یاسادا هەبێت، هەر کاتێک یاسایەک دانرا بۆ کرێکاران لەپەرلەمانەوە، ئەو کاتە دادگایەکی کار (عمل) دروست بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا کێشەی کار زۆرە نەک بەس لە کەرتی گشتی، بەڵکو لە کەرتی تایبەتیش، لەبەر ئەوە دادگای کار پێویستە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێکهاتنی دادگای کار لای هەموو لایەک روونە کاتی خۆی هەموو کرێکارانی عێراق کران بە فەرمانبەر، یەکەم شت کاتی خۆی لایەنی مادی زیاتر لێک دراوە،چونکە دەرماڵەی (مەترسی) لە کرێکاران وەرگیراوە، هەروەها بیروڕایەکی وەها هەبوو کە عێراق کۆمەڵگایەکی چینایەتی نییە، لەسەر ئەو بنەمایە بەعس ئەم بڕیارەی دەرکرد، بەڵام ئێستا ئێمە

دەتوانین ئەو بڕیارەی پێشووی حکومەتی عێراق هەڵبوەشێنینەوە یاخود رایبگرین و، کار بە یاسای کاری پێشمەرگە بکەین، ئەوەش بەرای من زۆر پێویستە، چونکە کێشەی کارمان زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٨) وەک خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٨) وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الفصل الثاني: (اختصاصات المحاكم).

الفرع لاول: محكمة التمييز:

المادة التاسعة: (هي الهيئة القضائية العليا التي تمارس الرقابة القضائية على جميع المحاكم مالم ينص القانون على خلاف ذلك وتتألف من رئيس وثلاث نواب لرئيس وحكام لايقل عددهم عن (٧) سبعة ويكون مقرها في اربيل). ئەو برگەی سەرەوە (مالم ينص القانون على خلاف ذلك) بە تێکڕا رای لیژنەی یاسا ئەوەیە کە ئەم برگەی لەگەڵدا نەبێت.

ئەوەی (ثلاث نواب) لەوانەیە (٢) کەس، یاخود (٣)کەس بەس بێت، چونکە لەوانەیە ماوە نەبێت ئەو سێ کەسەش دابنرێن، لەبەر ئەوە رامان وایە پێکهاتنەکەی بدرێتە خۆمان، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێت ژمارەی دادگای پێداچوونەوە (تمييز) دیاری بکرێت، چۆن حوکم دەکات، ئەگەر دیاری نەکرابێ؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەک دەزانین دادگای پێداچوونەوە دەبێ سێ ئەندامی هەبێت، بەڵام نازانین بۆ کەمیان کردۆتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرە( لا يقل)ی تیایە یانی کەم کردنەوەنییە، وابزانم ئێستا کاک ئەیاد رازیت کە ژمارەی نوابەکان دیاری بکرێت؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان یاسا چەند دیاری کراو بێت گەلێک چاکترە، بەڵام ئێمە دادوەرمان کەمە، لەبەر ئەمە ئێمە (مطاطيه)مان دا مادەکە، کە رای ئەوان بێت چەند دادوەر دادەنێن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٩) وەک خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٩) پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: اولا (تكون هيئات محكمة التمييز كما يلي).

أ. الهيئة العامة: وتنعقد برئاسة محكمة التمييز او اقدم نوابه عند غيابه او وجود مانع قانوني لاشتراك فيها وعضوية نوابه وحكام المحكمة العاملين فيها كافة وتختص بنظر فيما يأتي:

١. مايحال عليها من احدى الهيئات اذا رأت العدول عن مبدأ قررته في احكام سابقة.

٢. الدعاوي التي صدر فيها حكم بالاعدام.

٣. الفصل في النزاع الذي يقع حول تعارض الاحكام و القرارات الصادرة من محكمة التمييز.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لەسەر مادە (١٠) ـ (اولا) برگە(أ) تکایە کێ تێبینی هەیە؟.. نییە؟. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە یەکەم لە مادە (١٠) وەکو خۆی وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە « ب» ( الهيئة الموسعة): وتنعقد برئاسة رئيس محكمة التمييز أو اقدم نواب عند غيابه او وجود مانع قانوني من اشتراكه فيها و عضوية مالايقل عن ستة من حكامها وتختص بالنظر فيما يلي: ١. النزاع الحاصل حول تنفيذ حكم مكتسب الدرجة القطعية متناقض وصادر في موضوع واحد اذا كان بين الخصوم او كان احدهم طرفا في هذا بين الحكمين وتقرر تنفيذه دون الحكم الأخر ولرئيس المحكمة التمييز وقف تنفيذ الحكمين المتناقضين لحين صدور قرار التمييز.

٢. النزاع الحاصل حول تعين الاختصاصي في نظر الدعوى الذي يقع بين المحكمتين.

٣. مايحيله عليها الرئيس للبت فيه من أحكام و قرارات تقع ضمن اختصاص المحكمة وفقا للقانون الذي صدرت بموجبه تلك الاحكام والقرارات.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەسەر ئەم برگەیە تێبینی هەیە؟نییە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە برگە (ب) وەکو خۆی بمێنێتەو؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ برگە (ب) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

(ج) : ( الهيئة المدنية) : (وتختص بالنظر في الاحكام والقرارات الصادرة في الدعاوي المدنية والمواد المتفرقة الاخرى الصادرة من محاكم واللجان وفقا لاحكام القانون).

داوا له وەزیری داد دەکەم لەسەر وشەی (اللجان) هەندێک ڕوونکردنەوە بکات.

**بەڕێز مـــەعـــروف ڕەئووف خـــضـــر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

زۆر لیژنە پێک دێت بۆ نموونە لیژنەی چاککردنی کشتوکاڵ و لیژنەی ئاودێری. ئەوانە بڕیار دەدەن بڕیارەکانیان دەچێتە ژێر (طعن) لە دادگای پێداچوونەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (ج) پاش ئەو ڕوونکردنەوەیە کە کراوە وەکو خۆی. بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاسـتـان دەکـەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (ج) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

د ـ(هيئة الاحوال الشخصية ـ وتختص بالنظر في الاحكام والقرارات الصادرة في محاكم الاحوال الشخصية والمواد الشخصية طبقا لاحكام القانون)، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

کـــە دەڵێین (محكمة الاحوال الشخصية) پێچەوانەی هیچ ئاینێکی ئاسمانی نابێ و، سەرچاوەکەشی شریعەتی ئیسلامە، بەڵام ئێمە پرسیارێکمان لە بەڕێز وەزیری داد هەیە ئایا (مواد شخصيه) لەگەڵ دادگای سەرەتاییە (بداءه)، سوپاس.

**بەڕێز مـــەعـــروف ڕەئووف خـــضـــر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

(المواد الشخصية) تایبەتە بە مەسیحییەکانەوە بەهەموو موادەکانیان، ئەوەی بڕیار دەدات لەوە دادوەری دادگـای سـەرەتاییە بێگومـان ئەمـەش جێگای ڕەخنەیە لە دادگـای پێـداچوونەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (د) پاش ئەو ڕوونکردنەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاسـتـان دەکـەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ بڕگـە (د) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

(ە): (الهيئة الجزائية ـ تختص بالنظر في الاحكام والقرارات الصادرة في الدعاوي الجزائية وفقا لاحكام القانون)، سوپاس.

**بەڕێز جــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم برگەیە؟.. نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە (ه) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ برگە (ه) پەسند کرا.

**بەڕێـز ئەیـاد حـــاجی نامـق مــەجــیــد:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــــەن.**

ئێـمـە لە لیـژنەی یاسـادا برگـەیەکـمان زیاد کـرد، چونکە کـاتی خـۆی لەکـاتی پەسـەندکـردنی تەشکیلاتی وەزارەتی کشتوکاڵ دەستەی پێداچوونەوەی کشتوکاڵ هەبوو ئێمە بەپەسەندمان زانی لە زمنی دەستەی پێداچوونەوەی کشتوکاڵی دابنێین، ئەم برگەیە پێشنیاری لیژنەی یاساییە:

فقـرة (و): (الهيئـة الزراعيـة: وتختص بالنظر في الاحكام والقـرارات الصادرة من اللجان في الشؤون الزراعية).

**بەڕێز مـەعـروف ڕەئـووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەوپێشنیارە زیادەیە ئێمە بەشێوەیەکی ڕەهایی باسی لیژنەکانمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز کــاکــەڕەش مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئەو دەسـتـەیە زۆر پێویسـتـە، چونـکە گـیروگرفـتی لیـژنەکـان زۆرە، بەڵام بەرای من لیـژنەکـانی لە وەزارەتی کشـتـوکاڵدا پێـک دێن دەستنیشان بکرێن وەکو لیژنەی دابەشکردن و، لیژنەی بەڵێن بەستن، بڵێین (لجان الارض و الاستيلاء)، چونکە زۆر گیروگرفت لەوێ پەیدا دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جـــــەلال شـــــەفـــیق عـــەلی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پشـتگیـری لیـژنەی یاسا دەکەم، چونکە بەراستی بوونی (هیئـة تمیـیـز الزراعي) زۆر لـــە کێشەکانی نێوان جووتیار و خاوەن زەوی چارەسەر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کاک ئەیاد تکایە برگە (و) دووبارە بخوێنەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

الفقرة (و) الهيئة الزراعية: تختص بالنظر في الاحكام والقرارات الصادرة من اللجان في الشؤون الزراعية)، ئەگەر ماوە هەبێ روونی بکەمەوە بۆ ئێمە لیژنەکەمان بە رەهایی (مطلقی) هێشتۆتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەیاد، باجارێ بزانین کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەوەی وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گوتم لیژنەکان (تخصيص) بکرێن. چونکە ئەوانی تر چارەسەر کراون، بۆ نموونە ئێستا (لجنة الفصل في المنازعات الزراعية) هەیە ئەوە رێگای (طعن)ی، دیار کراوە، بۆ بچێتە دادگای پێداچوونەوە لە پارێزگادا لیژنە پێک دەهێنرێت سەرۆکی یەکەکانی ئیداری هەیە (طعن)ی لێ دەدرێ بە رێگای یاسایی، بەرای من تەنیا کێشەکانی مولکایەتی بچێتە دادگای پێداچوونەوەو، پێویست ناکات لیژنەکان بە رەهایی بێت، بەڵکو دەبێت بڵێین (لجان الاراضى والاستيلاء)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاکەڕەش، دەڵێ بەراستی روونە، هەروەها لایەنێک بیەوێ (طعن) لەو بریارانە بدات کە دەدرێن ئەوە دەگەرێتەوە بۆ حوکمی یاسا، بەڵام ئێمە حسابی دوا رۆژمان کرد، گوتمان نەوەک شتێکی نوێ دەربچێ بۆیە ئێمە دەستنیشانمان کرد، ئەگەر رای بەڕێزتان وایە بکرێت بە (لجان الاراضي والاستيلاء، أو اية لجنة اخرى)، ئێمە لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەیاد تکایە (اية لجنة اخري) تۆزێک روون بکەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا لیژنەی (اراضي واستيلاء) دەتوانرێ (طعن)ی لێ بدرێت، بەڵام لیژنەکانی دیکە ناچنە ژێر (طعن)ەوە، لەبەر ئەوە من پشتگیری رایەکەی بەڕێز کاکەڕەش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فقرة (و): الهيئة الزراعية وتختص بالنظر في الاحكام والقرارات الصادرة في لجنة الاراضي والاستيلاء).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (و) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (و) پەسەند کرا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(المادة (١٠)):

ثانيا: تنعقد كل من الهيئة المدنية وهيئة الأحوال الشخصية والهيئة الجزائية برئاسة نائب الرئيس او من تختارة الهيئة الرئاسة و عضوية اثنين من حكام المحكمة على الاقل).

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە باسی دەستەی کشتوکاڵیمان کرد، ئەویش با زیاد بکرێ و، بڕگەکە بەم شێوەیە بێت: (تنعقد الهيئة لاحوال الشخصية و الهيئة الجزائية و الهيئة الزراعية) ئەوی تر وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پاش ئەوەی دەستەی کشتوکاڵ زیاد دەکرێ کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٢) وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین کێ لەدژە؟.. بەزۆربەی دەنگ بڕگە (٢) لە مادە (١٠) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ثالثا: تنعقد الهيئة المدنية برئاسة نائب الرئيس وعضوية اربعة من حكام المحكمة على الاقل عندما تنظر في الاحكام الصادرة من محاكم الاستئناف وكذلك الحال بالنسبة للهيئة الجزائية عندما تنظر في احكام و قرارات محاكم الجنايات بصفة اصلية.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر بڕگە (٣) لە مادە (١٠)؟، نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رابعا :

أـ يجوز تعدد الهيئات او تأليف الهيئات الاخرى بقرار من هيئة الرئاسة.

ب ـ تولف هيئة الرئاسة من رئيس محكمة التمييز ونوابه وفي حالة غياب احدهم سيحل محله الأقدم من حكام المحكمة.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی (أ) وشەی (تعدد) بڕگەكە نارێك دەكات تەنیا (یجوز تألیف الهیئات) بەسە.

سەبارەت بە بڕگە (ب): (في حالة غياب احدهم سيحل) وشەی (سیحل) زیادەیە، دەبێ بڵێین (یحل)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی بەڕێزت فەرمووت دەربارەی داڕشتنە؟.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بەختیار پێشنیارەكەت ئەوەیە (تعدد الهیئات) لابیرێت؟.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاساش وایە (تعدد الهیئات) زیادەیە، دەتوانین بڵێین: (یجوز تألیف هیئات اخری بقرار من هیئة الرئاسة)، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وشەی (تعدد) جیاوازی هەیە لەگەڵ وشەی (تألیف)، نازانم لیژنەی یاسا ئەمە چۆن لێك دەداتەوە؟!، سوپاس، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەپێشەوە ئێمە کە (هيئات متعدده)مان داناوە، ئایا پێویست دەکات جارێکی تر بڵێین (يجوز تعدد)؟، ئەگەر ئەم لاببرێ وابزانم شتێک لە بابەتەکە ناگۆڕێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێت مادەکە بەم شێوەیە بێت: (يجوز تشكيل هيئات اخرى بقرار من هيئة الرئاسة)، یاخود (لهيئة الرئاسة تأليف هيئات اخرى عند الاقتضاء).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاش هەموارکردنەکە برگەکە بەم شێوەیە دەبێت: (يجوز تشكيل هيئات اخرى بقرار من هيئة الرئاسة). ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگەی چوارەم (أ- ب) وەربگیرێ؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحاديةعشرة: اولا (يجري اختيار رؤوساء الهيئات بما في ذلك الهيئة الموسعة في بداية كل سنة بقرار من هيئة الرئاسة ولا يتبدل عضو الهيئة الأ اذا اقتضت الضرورة بذلك، وبالطريقة ذاتها).

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئەوە دەکەم کە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەکان هەموو ساڵێک بەپێی (قدم) بێت، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مادەیە ئاشکرایە، پێویست بە گۆران ناکات (في حالة غياب احدهم يحل محله الاقدم من حكام المحكمة)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١١) وەکو خۆی وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (١١) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثانية عشرة:

اولا: تكون صلاحيات رئيس محكمة التمييز كما يأتي:

١- إدارة المحكمة.
٢- رئاسة هيئة الرئاسة.
٣- رئاسة الهيئة العامة والهيئة الموسعة أو أية هيئة من هيئات محكمة التمييز.
٤- تفتيش اعمال محكمة التمييز.
٥- إحالة الطعون التي تقدم للمحكمة لإستيفاء الرسوم والامانات وتسجيلها.
٦- منح الاجازات لحكام المحكمة و موظفيها وعمالها.
٧- رفع التقارير السنوية عن الموظفين.
٨- توقيع المخابرات الرسمية الي الوزارات.

ثانيا: تكون صلاحيات نائب رئيس المحكمة التميز كما يلي:
١- القيام باعمال رئيس محكمة التميز عند غيابه.
٢- رئاسة احدى هيئات محكمة التمييز.
٣- الاشتراك في هيئة الرئاسة.
٤- توقيع كتب واعادة اضابير الدعاوي المحسومة مرفقة بقرارات محكمة التميز.
٥- مايخولة الرئيس من صلاحيات اخرى.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (١٢)؟ دیارە نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە.. بە زۆربەی دەنگ مادە (١٢) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الفرع الثاني - (محاكم الاستئناف)

المادة الثالثة عشرة:

اولا- محكمة الاستئناف هي هيئة القضائية العليا لمحاكم محافظة واحدة او اكثر وتتألف من رئيس وعدد كافي من نواب الرئيس والمحاكم، وتمارس الاختصاصات المعينة لها بموجب القانون.

ثانيا- تشكل محاكم الاستئناف على الوجة التالي:
١- محكمة استئناف منطقة اربيل وتشمل محاكم الاستئناف محاكم محافظتي اربيل و دهوك و مركزها مدينة اربيل.
٢- محكمة استئناف منطقة كركوك - وتشمل محاكم محافظي كركوك والسليمانية و مركزها مدينة كركوك.

٣. يجوز فك محكمة او اكثر من محكمة إستئناف والحاقها بمحكمة استئناف اخرى باقتراح من الوزير وقرار مجلس القضاء.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دوو تێبینییم هەیە:

یەکەم: لەلایەنی سیاسییەوە ئاواتی هەموو کەسێکە دادگای تێهەڵچوونەوە (استئناف) مەڵبەندەکەی لە کەرکووکدا بێت، بەڵام ئەمە ناکرێت، چونکە لەم کاتەدا پارێزگای کەرکووک لە دەربەندیخان، یان چەمچەماڵ دەبێت کە ئێستا خانووبەرەیان کەمە، لەبەر ئەوەیە لەوانەیە هەندێک لە دادگاکان لارییان لەسەر ئەمە هەبێت، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئێستا بارەگای دادگای تێهەڵچوونەوە لە سلێمانیدا بێت، ئەگەر بارودۆخێکی تر هات ئێمە دەتوانین دادگای تێهەڵچوونەوە لە کەرکووکدا دابنێین.

دووەم: لەبارەی داڕشتنی بڕگەی سێیەم دەبێت بڵێین (فك ارتباط المحكمة) نەک (فك محكمة)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام پرسیارێک هەیە، ئێمە گوتمان ئەم یاسایە تەنها بۆ ئێستا دانانێین، جا ناتوانین ئێستا لە یاساکە کەرکووک دانێین پاشان ئەمە بەبابەتێک چارەسەر بکەین، کە ئێستا بارەگاکەی بە شێوەیەکی کاتی لە سلێمانیدا بێت؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئێمەش هەمان بۆچوونمان هەیە، ئەگەر بڕگەیەک زیاد بکەین (يجوز نقل مقر محكمة الاستئناف عند الاقضاء)، ئەوە ئەو کاتە یەکسەر دەگوازرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئایا ئەنجوومەنی دادوەری (مجلس القضاء) ناتوانێ یەکسەر بیگوازێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ دەقێکی بۆ دابنرێ؟، چونکە بابەتی کەرکووک سەبارەت بە وەزارەتی داد گەلێک شتێکی حەساسەو، بارەگای (استئناف) کە دەقی لەسەر بکرێ پێویستە ناوی کەرکووک بێت، ئینجا ئێستا ئەمە لە دەربەندیخان دەبێ لە سلێمانی بێت، یاخود لە جێگەیەکی تر بێت ئەمە گرنگ نییە، چونکە ئەم یاسایە بۆ دوا ڕۆژە کەرکووکیش لەلایەن هەموو کەسێکەوە شتێکی تایبەتە دەبێت حسابی بۆ بکرێ.

پێشنیارێک دەربارەی داڕشتنی بڕگە (٣) هەبوو، ئەویش ئەوەیەک (فك المحكمة) بکرێت بە (فك إرتباط المحكمة).

ئێستا پاش زیاد کردنی (فك ارتباط المحكمة) کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١٣) وەربگیرێ؟..

تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە.. بە زۆربەی دەنگ مادە (١٣) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجـــیــد:**

(المادة الرابعة عشرة)

اولا: تنعقد محكمة الإستئناف وهيئاتها برئاسة رئيسها او احد نوابه او احدهم وحاكم محكمة استئناف أو عضوية حاكم من حكامها.

ثانيا: يتم تسمية رئيس واعضاء محكمة الاستئناف وهيئاتها ببيان يصدره وزير العدل بناءاً على اقترح من رئيس او العضو الا إذا وجدت ضرورة ماسة تقتضي ذلك).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، لیژنەی یاسا دووبارە دارشتنەوەی بۆ ئەم دوو بڕگەیەی کردووە، ئەویش دەخەینە بەرچاو.

اولا: تنعقد محكمة الاستئناف وهيئاتها برئاسة رئيسها او احد نوابه وعضوية نائبين من نوابه او احدهم وقاضي محكمة استئناف او عضوية قاضيين من قضاتها.

ثانيا:

**بەڕێز جــێگری ســەرۆکی ئەنجــوومــەن:**

با جارێ بڕگەی یەکەم پەسەند بکەین.

**بەڕێز مــەعــروف رەئووف خـضــر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

ئەو بڕگە (١) مادەی (١٤) (وتنعقد محكمة الاستئناف وهيئاتها برئاسة رئيسها او احد نوابه او احدهم و حاكم من محكمة الاستئناف او عضوية حاكمين من حكامها)، ئەمــە بڕگـەیەکی ڕێکوپێکە دارشتنەکەشی باشەو، یاساییە.

**بەڕێز جــێگری ســەرۆکی ئەنجــوومــەن:**

کاک ئەیاد ئەو دەقەی ئێوە داتان ڕشتووە بیخوێننەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجـــیــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

(تنعقد محكمة الاستئناف و هيئاتها برئاسة رئيسها او احد نوابه) ئەمە وەک خۆییەتی، بەڵام خۆی کە ئەو دەقە وەرگیراوە لە سەرچاوە بنەڕەتییەکەی حەلەقەیەکی بە بەتاڵی ماوەتەوە، جا ئەو یان لە چاپ وای لێهاتووە، یان مەستێکی وەزارەتی دادە، (وعضويه نائبين من نوابه) ئەمە لە چاپکردندا کەوتووە، هەتا لە یاسای دادوەری عێراقی ئەمە هاتووە (او احدهم وحاكم محكمة الاستئناف او عضوية حاكم من قضاتها) عفوا لحكامها، سوپاس.

**بەڕێز مـەعـروف ڕەئووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بڕگەکە وانییە دەڵێ: (تنعقد محكمة الاستئناف وهيئاتها برئاسة رئيسها) ئەمە روونە (او احد نوابه) خۆی دەبێتە سەرۆک یان جێگرەکەی، دوو داوەری داگادی تێهەڵچوونەوە دەبنە ئەندام، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

بەڕێز وەزیری داد (برئاسة رئيس او احد نوابه) ئەمە روونە، بەڵام (احدهم) واتای چییە؟.

**بەڕێز مـەعـروف ڕەئووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئێمە تەعبیرمان کرد لە حاڵەتێک حاڵەتەکەی تر جێگر ئامادە بوو سەرۆکایەتی جێگر دەستی پێکرد ئەوکات لەگەڵ کێ دەبێت؟، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

(برئاسە رئيسها او احد نوابه) واتا سەرۆک یان یەکێک لە جێگرەکانی.

**بەڕێز مـەعـروف ڕەئووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

خۆی ئەم دەستەیە پێک دێت لە سەرۆک لەگەڵ دوو ئەندام، ئینجا ئەو دوو ئەندامە لەوانەیە دادوەر بن لە دادگای تێهەڵچوونەوە (استئناف)، لەوانەشە یەکێکیان جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بێت ئەوی تریان دادوەری دادگای تیهەڵچوونەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز حـازم ئەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

منیش لەگەڵ رای لیژنەی یاسادام، چونکە لێرە دەڵێ: (برئاسة رئيسها او احد نوابه) لەو حاڵەتەدا کێ ئەندام دەبێ، ئەگەر ئەندامێتی نەبێ (او احدهم) زیادەو، هیچ ماناش نادات. پێشنیار دەکەم کە دەقەکە بەم شێوەیە بێت: (برئاسة رئيسها او احد نوابه وعضوية نائبين او احدهم وحاكم محكمةالاستئناف)، واتا دەبێ (عضويه نائبين)ی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لە مادە (١٧)ی یاسای دەسەڵاتی دادوەری عێراقیدا هاتووە: (تنعقد محكمة الاستئناف وهيئاتها برئاسة رئيسها أو احد نوابه و عضوية نائبين من نوابه او احدهم وقاضي محكمة الاستئناف وعضوية قاضيين من قضاتها) لێرەدا بۆشاییەکە ئەوەیە (وعضوية نائبين من نوابه)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا پێمـوایە گفتوگۆکە لەسەر دارشتنە، لە بنچینەدا ئەو مادەیە دەبێ دابڕێژرێتەوە لەلایەن لیژنەی یاساوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە مەسەلەی دارشتن نییە مەسەلە پێکهاتەکەیە (تشکیلە)، ئەگەر ئەمە هەبێ ژمارەکە زیاد دەکات ئەگەر نەبێ ژمارەکە کەم دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا دارشتنەکە دابنێن تا بیخەینە روو.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١- تنعقد محكمة الاستئناف وهيئاتها برئاسة رئيسها او احد نوابه وعضوية نائبين من نوابه او احدهم وحاكم محكمة الاستئناف او عضوية حاكمين من حاكامها.

٢- يتم تسمية رئيس واعضاء محكمة الاستئناف وهيئاتها ببيان يصدره وزير العدل وبناءاً على اقتراح من مجلس القضاء ولايجوز تبديل الرئيس او العضو الا اذا وجدت ضرورة ماسة تقتضي ذلك.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە لە مادە (١٤) وەکو ئەو دارشتنەی لیژنەی یاسا خوێندیانەوە وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ مادە (١٤) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگە (٢) هەمـوارکردنی لیژنەی یاسا بەم شێوەیە: (يتم تسمية محكمة الاستئناف...).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە ئەوەیە (رئيس مجلس القضاء) بێت لەجیاتی (رئيس محكمة استئناف).

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاریمان نییە لەسەر ئەم هەموارکردنە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

فقرة (٢) يتم تسمية رئيس واعضاء محكمة الاستئناف وهيئاتها ببيان يصدره وزير العدل بناءاً على اقتراح من رئيس مجلس القضاء .

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆكی ئەنجـــومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە (٢) لە مادە (١٤)دا پاش ئەم هەمواركردنە وەربگیرێ؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە تێکڕای دەنگ برگە (٢) لە مادە (١٤) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

المادة الخامسة عشرة: يتولى رئيس محكمة الاستئناف الاشراف على المحاكم واعمال ومديريات التنفيذ ودوائر الكاتب العدل ومديريات رعاية القاصرين في منطقة وتوزيع العمل بين محاميها وله ان يخول احد نوابه مايراه من هذة الصلاحيات.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆكی ئەنجـــومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بەتێکڕای دەنگ مادە (١٥) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

المادة السادسة عشرة:

اولا: يوءلف في كل منطقة استئنافية مجلس يسمى (مجلس منطقة الاستئناف) تشكل من رئيس المحكمة و عضوية نوابه وحكام محكمة الاستئناف.

ثانيا: يجتمع المجلس مرة واحدة على الاقل كل شهر ولرئيسه دعوتة الى الاحتماع عند الحاجة، ولا ينعقد الا ببحضور مالايقل عن ثلاثة ارباع عدد اعضائه.

ثالثا: يتولى المجلس ممارسة الختصاصات الاتية:

١ـ دراسة الصعوبات والمشاكل التي تواجهها المحاكم.

٢ـ بحث احتياجات المحاكم وملاكاتها على ضوء الاحتياجات السنوية.

٣ـ تقديم المقترحات بشأن احداث مختلف المحاكم.

٤ـ تحسين اساليب العمل ورفع مستوى الاداء في المحاكم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

خۆی سەرۆکی تێ هەڵچوونەوە (استئناف) سەرپەشتی (مديرية التنفيذ ، ودوائر كاتب عدل، و

مدیریة رعایة القاصرین) دەکات، بەڵام دانانی ئەم فەرمانگانە لە یاسای وەزارەتی دادەوە نەهاتووە، من پرسیار دەکەم کێ ئەم دەزگایانە دادەنێت بۆ ئەوەی سەرۆکی (استئناف) سەرپەرشتیان بکات؟، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(داوئری عدل) خۆی سەربە (استئناف)ە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام کێ دایان دەمەزرێنێت؟، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەم فەرمانگانە (دوائر کاتب عدل، و مدیریة تنفیذ، و مدیریة رعایة القاصرین) یاسای تایبەتی خۆیان هەیە، ئێستا بەپێی یاسای نوێ ئێمە ئەم بەڕێوەبەرایەتییانەمان کردەوەو، درانە پاڵ (استئناف)، چونکە لەکاتی خۆیدا سەر بە حکومەتی ناوەندی بوون، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مدیریە رعایەی قاصرین) یاسای خۆی هەیە لەزمنی وەزارەتی داد، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەومان لە تەشکیلاتی وەزارەتی دادەوە باس کرد، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجوومەنی دادوەری پێک بهێنین پێویستمان بە ئەنجوومەنی (عدلی) کۆن نییە کە پێک هاتبووە لە (رئیس محکمة تمییز، و مدیرعام تسجیل العقاري، و رئیس اشراف العدلي، و رئیس تدوین القانوني) ئێمە هێشتا ئەوانەمان نەهێناوەتە گۆڕێ، چونکە دەبێت بۆ هەر یەکێکیان یاسایەک دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیارەی بەڕێز فەرسەت زۆر بەجێیە هەر چەندە راستە وەکو جەنابی وەزیر فەرمووی یاسای تایبەتی هەیە سەبارەت بە (رعایة القاصرین، و دوائر تنفیذ، و کاتب عدل)، بەڵام ئەم یاسایانەی کە ئاماژەی پێ داون بەستراون بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان کەلە بەغدان، ئێستا

بەپێی واقع ئەم بەڕێوبەرایەتییانە هەمووی سەربە دادگای تێ هەڵچوونەوەن (إستئناف)، بەڵام ئەمە تەنیا بە کرداره، ئێمە دەتوانین بە شێوەیەکی یاسایی بڕیارێک دەربکەین و ئەم بەڕێوبەرایەتییانە ببەستینەوە بە دادگای تێ هەڵچوونەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە ئێستا باسی دەکەین مادە (١٥)یە کە دەنگدانی لەسەر کراو تەواو بوو، بەڵام ئەگەر بمانەوێ برگەیەکی دیکە زیاد بکرێت بۆ ئەوەی (دوائر رعاية القاصرين، و کاتب عدل، و دوائر التنفيذ) راستەوخۆ ببەسترێن بە ناوچەی (استئناف)ی ئەمەبە دەبێت بە بڕیارێک بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانین مادەیەک دابنێین و، ژمارەی (١٦)ی پێ بدەین، ئەم بەڕێوبەرایەتییانە نوێ بکرێنەوەو، ببەسترێن بە (استئناف)، سوپاس.

**بەڕێز حازم مەحمود ئەحمەد یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبوایە هەندێ فەرمانگە هەبێت لە وەزارەتی داد سەرپەشتی بکەن لەسەر (مديريات التنفيذ و دوائر کاتب العدل و رعاية القاصرين)، چونکە لە وەزارەتی دادی ناوەندی بەم شێوەیە، من نازانم ئێمە ئەمە چۆن چارەسەر دەکەین؟، بەڵام لێرە کە هاتووە و دەڵێ: (يتولى رئيس محكمة الاشراف عليها) لەوانە هەر ئەوە کافی بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (١٦) بەپێی ئەوەی کە خوێنرایەوە. کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة السابعة عشرة:

اولاً: تكون صلاحيات رئيس محكمة الاستئناف كما يأتي:

١ـ الاشراف على الامور الادارية وتوزيع العمل ضمن منطقة.

٢ـ رئاسة مجلس منطقة الاستئناف.

٣ـ رئاسة محكمة الاستئناف بصفتها التمييزية وله ان يرأس محكمة الاستئناف بصفتها الاستئنافية او محكمة الجنايات.

٤ـ احالة الطعون التي تقدم الى محكمة الاستئناف بصفتها الاستئنافية والتمييزية لاستيفاء الرسوم.

٥ـ رفع التقارير السنوية عن الحكام والقضاة والموظفين.
٦ـ توقيع المخابرات الرسمية.
٧ـ منح الاجازات لحكام المحكمة وموظفيها وعمالها.
ثانياً: تكون صلاحيات نائب رئيس محكمة الاستئناف كما يلي:
١ـ القيام باعمال الرئيس محكمة الاستئناف عند غيابه:
٢ـ رئاسة احدى هيئات محكمة الاستئناف او محكمة الجنايات.
٣ـ توقيع كتب اعادة اضابير الدعاوي المحسومة مرفقة بقرارات محكمة الاستئناف الي محكمتها المختصة.
٤ـ مراقبة دوام الحكام والموظفين العمال.
٥ـ ما يخوله رئيس محكمة الاستئناف من صلاحيات اخرى.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر مادە (١٧)؟، نییە. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١٧) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە (١٧) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفرع الثالث: محكمة البداءة:

المادة الثامنة عشرة: تشكل محكمة البداءة او اكثر في مركز كل محافظة او قضاء، ويجوز تشكيلها في النواحي ببيان يصدره وزير العدل، وله توزيع الاختصاص المكاني للمحكمة الى اكثر من قضاء او ناحية.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (١٨)؟. نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١٨) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە (١٨) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة عشرة:

(لوزير العدل بناءاً على اقتراح لرئيس محكمة الاستئناف تشكيل محكمة البداءة للنظر في نوع واحد او اكثر من الدعاوي).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (١٩) کێ تێبینی هەیە لەسەری؟، کەس. دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١٩) وەک خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العشرون:

(تنعقد محكمة البداءة من حاكم واحد وتختص بالنظر في الدعاوي والامور الداخلة ضمن اختصاصها وفقا لاحكام القانون).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٢٠) کێ تێبینی هەیە لەسەری؟. کەس نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٢٠) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ مادە (٢٠) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الفرع الرابع)ـ محكمة الاحوال الشخصية.

المادة الحادية و العشرون: (تشكل محكمة الاحوال الشخصية او اكثر في كل **مكان فيه محكمة** البداءة).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٢١) کێ تێبینی هەیە لەسەری؟. نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٢١) وەکو خۆی وەربگیرێ؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والعشرون:

(لوزير العدل بناءاً على اقتراح من رئيس محكمة الاستئناف تشكيل محكمة الاحوال الشخصية للنظر في نوع واحد او اكثر من الدعاوي).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (٢٢)؟... کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٢٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە (٢٢) وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مـــــەجـــیـــــد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

المادة الثالثة والعشرون:

اولا: تنعقد محكمة الاحوال الشخصية من حاكم واحد ويطلق علية لفظ القاضي و تختص بالنظر في مسائل الاحوال الشخصية وفقا لاحكام القانون.

ثانيا: يعتبر حاكم محكمة البداءة (المسلم) قاضيا لمحكمة الاحوال الشخصية ان لم يكن لها قاضي خاص.

**بەڕێز جـــێـگری ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن:**

ماده (٢٣) کێ تێبینی هەیە لەسەری؟.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٢٣) وەک خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە (٢٣) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مـــــەجـــیـــــد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

الفرع الخامس: محكمة الجنايات.

المادة الرابعة والعشرون:

اولاً: تشكل في المركز كل محافظة محكمة جنايات تنظر في الدعاوي الجزائية المعينة لها وفقاً لاحكام القانون.

ثانياً: يجوز تشكيل اكثر من محكمة جنايات في المحافظة ببيان يصدرة وزير العدل يحدد فيه اختصاصها الفرعي والمكاني ومركز انعقادها.

ثالثاً: يجوز ان تنعقد محكمة الجنايات خارج مركز المحافظة ببيان يصدره رئيس محكمة الاستئناف بناءاً على اقتراح من رئيس محكمة الجنايات.

**بەڕێز جـــێـگری ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (٢٤)؟.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٢٤) وەکو خۆی وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٢٤) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مـــــەجـــیـــــد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

المادة الخامسة والعشرون:

اولاً: تنعقد محكمة الجنايات في مركز محكمة الاستئناف من ثلاثة حكام برئاسة رئيس محكمة الاستئناف او احد نوابه وعضوية نائبين آخرين او احدهما وحاكم وعضوية حاكمين

لايقل صنف اي منهما عن الصنف الثاني.
ثالثا: يتم تسمية رئيس واعضاء محكمة الجنايات الأصليين منهم والاحتياط ببيان يصدره وزير العدل بناءاً على اقتراح رئيس محكمة الاستئناف.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (٢٥)؟ نییە؟. دەیخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٢٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٢٥) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الفرع السادس)- محكمة الجنح.
المادة السادسة والعشرون:
اولاً: تشكل محكمة الجنح او اكثر في كل مكان فيه محكمة البداءة، وتختص بالنظر في الدعاوي المعينة لها وفقاً لاحكام القانون.
ثانياً: تنعقد محكمة الجنح من حاكم واحد.
ثالثاً: يعتبر حاكم محكمة البداءة حاكما لمحكمة الجنح ان لم يكن لها حاكم خاص.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (٢٦)؟. فەرموو کاک بەختیار.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برگەیە (يعتبر حاكم محكمة البداءة حاكماً لمحكمة الجنح ان لم يكن لها حاكم خاص) لە بنەڕەتدا پێویست بەو مادەیە ناکات، چونکە دادگاکانی قەزاو ناحیەکان هەر یەک دادوەری لێ دەبێت کە بە ئیشوکاری هەموو دادگاکان هەڵدەستێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ دەقێک هەیە بڵێ لە قەزاکان یەک دادوەر هەیە؟.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر نییە، هەندێک جار وا رێک دەکەوێ لە قەزایەک سێ دادوەر هەبێت. «کاک بەختیار ئەوکاتە ئیشەکان چۆن دابەش دەکات؟!»، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٢٦) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٢٦) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مــــەجـــــیــــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــومــــەن.**

المادة السابعة و العشرون : لوزير العدل بناءاً على اقتراح من رئيس محكمة الاستئناف تشكيل محكمة جنح للنظر في نوع او اكثر من الدعاوي.

**بەڕێز جــێـگری ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

کێ تێبینی هەیە لە سەر مادە (٢٧)؟.کەس تێبینی نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٢٧) وەکو خۆی بهێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٢٧) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مــــەجـــــیــــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــومــــەن.**

(الفرع السابع)ـ محكمة الاحداث.

المادة الثامنة والعشرون.

اولاً: تنعقد محكمة الاحداث من هيئة برئاسة حاكم محكمة الاحداث وعضوية اثنين من المحكمين وتنظر في الجنايات وتصدر احكامها فيها وفق قانون الاحداث.

ثانياً: يتم تسمية رئيس الهيئة والمحكمين الاصليين والاحتياط ببيان يصدره وزير العدل بناءاً على اقتراح من رئيس محكمة الاستئناف.

ثالثاً: تنظر المخالفات والجنح من قبل حاكم الاحداث وحده وفقا لاحكام قانون الاحداث.

لێرە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا پێشنیارێکمان هەیە.

**بەڕێز جــێـگری ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (٢٨)؟. فەرموو کاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مــــەجـــــیــــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــومــــەن.**

رای لیژنەی یاسا ئەوەیە: (يجوز ان تنظر مخالفات من قبل حكام الجنح في الاقضية والنواحي)، واتا کێشەکانی هەرزەکاران (احداث) بێتە لای دادوەری هەرزەکاران لە مەڵبەندی پارێزگادا، سوپاس.

**بەڕێز مــەعــروف رەئــووف خــضــر/ وەزیری داد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــومــــەن.**

مەسەلەی (احداث) مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، هەموو دادوەرێک ناتوانێت کێشەی هەرزەکاران ببینێ، بەڵکو مەرجێکی تایبەتی هەیە دەبێ لەهەر دادوەرێکدا هەبێت لە رووی تەمەن و

شارەزاییەوەو، نابێت چینێک بکەینە دووپارچە، چینە کردارەک لە دادگایەک دابنێین و، چینێکی تریش لە دادگایەکی دیکە، دادگای هەرزەکاران بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ هەرزەکاران دانراوە، ئینجا تاوانەکە بچوک، یان بێت گەورە جیاوازی نییە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە لەگەڵ قسەکانی وەزیری دادین، بەڵام منداڵێک سەرپێچییەکی کردووە، زللەیەکی لەیەکێک داوە (١٠) دینار جەزای لێ وەرگرین، لەحاجی ئۆمەران بیهێنینە هەولێر دادگایی بکەین، دێت بەمە خەڵک کە ئەزیەت دەخوات، لەبەر ئەوەی سەرپێچی کردن سزاکەی کەمە بەرای من ئەم جۆرە کێشانە بدرێنە دادگایەکی کەتن (الجنح) لەیەکێک لە ناحیەکان، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتە سیفەتێکی تایبەتی هەیە کە کێشەی هەرزەکاران دەبێت لەلایەن دادگای هەرزکاران (احداث) ببینرێن، راستە ئێستا بارودۆخ ناخۆشە، بەڵام لەوانەیە پاشساڵێکی دیکە بارودۆخی کوردستان باش بێت یەکێک بتوانێ بە چەند سەعاتێک لە حاجی ئۆمەران بگاتە هەولێر، هەروەها کێشەی سەرپێچی دوا ناخرێت، بەڵکو یەکسەر حکومی پێ دەدرێت لە دادگادا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام وابزانم ئەو پرسیارە واردە، ئێستاکە وارده لە حاجی ئۆمەران بینێرین؟.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا تاوانباری گەورەش هێنانی بۆ دادگای تاوان لێرە زەحمەتە، کاتێک دادگای هەرزەکاران دانراوە رەچاوی ئەوە کراوە کە منداڵان دەبێت لە دادگایەکی تایبەتیدا دادگایی بکرێن لە یاساکانی رۆژئاواشدا هەر بەم شێوەیە مامەڵەی منداڵ دەکرێت، جا تاوانەکە چ بچوک بێت، یاخود گەورە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەعید علی خان سلێڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان رای لیژنەی یاسایی ئەوەیە رەچاوی هەرزەکاران بکرێت، بۆ نموونە ئەگەر هەرزەکارێک لە شەقڵاوە، یان لە رواندوز بەدەستی پۆلیس بێتە هەولێر بێگومان باری دەروونی تێک دەچێت، لەبەر ئەوە من پشتگیریی لە رای لیژنەی یاسایی دەکەم کە دادگای کەتن لە یەکێک لە ناحیە، یان قەزاکان دادگایی هەرزەکاران بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی هەرزەکاران زۆر کەم دەدرێنە دادگای هەرزەکاران، زۆر جار لەسەر سەرپێچییەکی بچووک (٣ـ٤) ساڵ لە دادگا کێشەکەی ماوەتەوە، جا من وابزانم پێشنیاری لیژنەی یاسا لە جێی خۆیەتی، چونکە منداڵان لەکاتی لێکۆڵینەوەدا زۆر ئەزیەت دەکێشن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای تۆ مەرج نییە دادگایەک هەبێ بۆ هەرزەکاران لە ناحیەکان؟.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، چونکە هەرزەکان لەکاتی گواستنەوەو، لێکۆڵینەوە زۆر ئەزیەت دەکێشن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە پێشنیارەکەیە.

ثالثاً: (تنظر المخالفات والجنح من قبل حاكم الاحداث وحده وفقا لاحكام قانون الاحداث، ويجوز ان تنظر المخالفات من قبل حاكم الجنح في الاقضية والنواحي)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ تەنیا جەخت ناکەی لەسەر (مخالفات) و (جنح) بمێنێتەوە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ويجوز ان تنظر المخالفات من قبل حكام الجنح في الاقضية والنواحي.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری داد، لاریی هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە؟.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاریم نییە لەسەر ئەمە با زیاد بکرێ.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا مادە (٢٨) وەکو لیژنەی یاسا پێشنیاری کرد دەیخەینە دەنگدانەوە.

ئێستا لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٢٨) پاش ئەو زیاد کردنەی لیژنەی یاسا وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بەزۆربەی دەنگ مادە (٢٨) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
(الفرع الثامن)ـ محكمة العمل.
المادة التاسعة والعشرون:
اولا: تشكل محكمة العمل في كل محافظة.
ثانيا: تنعقد محكمة العمل من حاكم واحد.
ثالثا: تختص محكمة العمل بالنظر في الدعاوي والامور الداخلة ضمن اختصاصها وفقا لاحكام القانون.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری عێراقیدا باسی دادگای باڵای کار کراوە، دەستەکانی پێداچوونەوەش هیچ دەستەیەکی کاری نییە لە دادگای پێداچوونەوەدا، من پرسیار دەکەم بڕیاری ئەو دادوەرانە کێ پێی دادەچێتەوە؟.
**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لە دادگای پێداچوونەوە دەستەیەک دروست دەکرێ بەناوی هیئەی کێشەکانی کار (هیئه قضايا العمل)، کە بە بڕیارەکانی دادگای کار دادەچێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لە مادەی (١٠)دا هاتووە: رابعا (أ)ـ(يجوز تشكيل هيئات اخرى بقرار من هيئة الرئاسة)، بەپێی ئەم دەقە دادگای پێداچوونەوە هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت دەستەیەک دروست بکات، سوپاس.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پێموایە ئەو دەقەی هاتووە بۆ شتی ئیستیسنائییە ئێمە لێرە دەستەیەکی دادوەریمان هەیە کە دادگای کارە، ئەو دادگایە کە پێکهێنرا پێویستە لەوێ دەستەیەکی تایبەت هەبێت بە بڕیارەکانی ئەم دادگایە دابچێتەوە، بەڵام ئەو دەقەی مادە (١٠) تەنیا بۆ دادگای پێداچوونەوە هاتووە لە حاڵاتی ئیستیسنائی دەستە بۆ خۆی دروست بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەمە مادەیە بە ڕەهایی هاتووە، نەک تەنیا بۆ حاڵاتی ئیستیسنائی.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەرای من هیچ کۆسپێکی یاسایی نییە کە دەستەیەکی کار هەبێت لەناو دەستەکانی دادگای پێداچوونەوە، چونکە ئەم دەستەیە زۆر پێویستە.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

جەنابی وەزیر فەرمووی بەپێی ئەم مادەیە ماوە هەیە ئەم هەیئەتە بکرێتەوە.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دادگای باڵای کار کە کاتی خۆی سەیری کێشەکانی کاری دەکرد هەڵوەشێنرایەوەو، کێشەکانی دادگای کاری عێراق هەمووی درانە دەستەی شارستانی لە دادگای پێداچوونەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئیشەکانیان مدنییە ئێستاش کێشەکانی کار زۆر کەمە، لەبەر ئەوە ئێمە دەتوانین لە کوردستاندا تەنیا دەستەیەکی شارستانی (مدنی) دروست بکەین کە دەقەکە بەم شێوەیە بێت: (وتختص الهيئة المدنية في محكمة التمييز بالطعن في القرارات التي تصدرها محاكم العمل)، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

دەتوانین دەستەیەکی نوێ دابمەزرێنین؟، جەنابت فەرمووت رژێم دەستەی کاری هەڵوەشاندەوە.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هیئەی شارستانی دەتوانێ ئەمە ببینێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دەکرێ بڵێین: (وتختص بالنظر في احكام والقرارات الصادرة في الدعاوي المدنية و الدعاوي محاكم العمل والمواد الاخرى المتفرقة صادرة من محاكم العمل واللجان وفقاً لاحكام القانون).

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئەوەی چەسپاوە زیادەی لەسەر ناکرێ.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە دەستەیەک هەبێت بە ناوی (دەستەی کار)، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

مادەیەک کە ئێمە دەنگدانمان لەسەر کردووەو، پەسەند کراوە ناتوانین بگەڕێینەوە سەری.

**بەڕێز حازم محمود ئەحمە یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو ڕێگە هەیە بۆ چارەسەر کردنی ئەم بابەتە:

یەک: ئێمە دەسەلاتمان داوە بە دەستەی سەرۆکایەتی کە دەستەیەک دروست بکات. یاخود بڕگەیەک زیاد بکەین کە بەم شێوەیە بێت: (وتختص الهيئة المدنية بالنظر في دعاوي محكمة العمل)، سوپاس.

**بەڕێز عەبد ولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام بڕگەی چوارەم دابنرێ و، دەستەیەک هەبێ بۆ کێشەکانی کار، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین بڕگەی چوارەم دابنرێ، جا دارشتننەکە دەدەن بە ئێمە لە لیژنەی یاسادا بیکەین، یانیش دەدرێ بە سەرۆکایەتی؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە چوار زیاد بکرێ و، دارشتننەکەی پاشان بدرێ بە لیژنەی یاساو، مادەی (٢٩)ش وەکو خۆی وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە تێکرای دەنگ مادە (٢٩) پەسەند کرا.

پاشان لیژنەی یاسا بڕگە ی(٤) دادەڕێژێت، بۆ ئەوەی زیاد بکرێت لەسەر ئەم مادەیە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الفرع التاسع)ـ محكمة التحقيق.

المادة الثلاثون:

اولاً: تشكل محكمة تحقيق او اكثر في كل مكان فيه محكمة بداءة، ويكون حاكم محكمة البداءة حاكماً للتحقيق، مالم يعين حاكم خاص لها و يقوم بالتحقيق وفق أحكام القانون.

ثانياً: لوزير العدل بناءاً على اقتراح من رئيس محكمة الاستئناف ان يخصص محكمة تحقيق لنوع او انواع معينة من الجرائم.

ثالثا: لوزير العدل ان يؤلف هيئة برئاسة احد الحكام للتحقيق في جريمة او جرائم معينة وتكون للهيئة سلطة حاكم تحقيق.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٣٠) کێ تێبینی هەیە لەسەری؟. کەس تێبینی نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٣٠) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بەتێکڕای دەنگ مادە (٣٠) پەسەند کرا.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (تألیف) پێشتر کردمان بە (تشکیل)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە داڕشتنە پاشان بەڕێزت دەتوانیت بیدەیتە لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی (ئەنجوومەنی دادوەری) لەوانەیە لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان و، لیژنەی یاساو، وەزیری داد گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر بکرێ و، زۆریش دوابکەوێت، بۆیە پێشنیار دەکەم کە ئەمرۆ دوای بخەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە ئاراستە کراوە بۆ سەرۆکایەتی، ئەگەر لاریتان نەبێت، دانیشتنەکە دوادەخەین بۆ سبەی، یان ڕۆژێکی دیکە. زۆر سوپاستان دەکەین و، ڕێزمان هەیە بۆ وەزیری داد. دانیشتنی ئەمرۆ کۆتایی پێ هات.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٨)

## یەک شەممە رێکەوتی ٢٩/١١/١٩٩٢

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥٨)

## یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٩

*کاتژمێر(١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی یەک شەممە، رێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٩ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە(٥٨)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا رادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە چەسپێنرا و، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندە، دانیشتنەکەی میهرەبان وبە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*١ـ تەواو کردنی پرۆژەی یاسای(السلطه القضائیه).*

*٢ـ بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسایی خوێندنی باڵا.*

*٣ـ تازە بابەت.*

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو خاڵانەی کە ئەمرۆ لە پرۆگرامماندایە هەمان خاڵەکانی دانیشتنی دوێنێیە کە تەواومان نەکرد، بەڵام خاڵی پرۆژەی یاسایی خوێندنی باڵا دوا دەخەین بۆ رۆژی سێ شەممە، ئێستاش ئەگەر بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان خاڵێکی تریان هەیە بۆ تازە بابەت ئەوە باسی بکەن، چونکە هێشتا وەزیری داد نەهاتووە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوێنێ ئێمە خاڵێکمان لە تازە بابەتدا هەبوو کە ئەویش سەبارەت بە ئاوی چەمچەماڵە، ئەمرۆش هەر هەمان خاڵ دووبارە دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە خانوو وماڵوموڵکی پێشمەرگە و کەسوکاری پێشمەرگە کە دەستیان بەسەردا گیرابوو لە لایەن رژێمەوە، یا خود مامەڵەیان پێ کراوە، بریار وا بوو کە یاسایەکیان بۆ دەربچێ، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ هەنگاوێک نەهاوێژراوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا جەنابت داوای روونکردنەوە دەکەیت، یاخود دیکەیتە خاڵێک لە تازە بابەتدا؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێت بزانم ئەوە (٤)مانگە بۆ تا ئێستا بڕیار لەسەر یاساکە نادەن؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە ئێمە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی پەرلەمانەوە بڕیاری یاسایەکمان داوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ماڵوموڵکی ئەو پێشمەرگانەی کە رژێم دەستی بەسەردا گرتبوو، بەڵام یاساکە دواکەوت و ئێستا لەلای لیژنەی یاسایە، ئەگەر ئەوان بتوانن هۆی دواکەوتنی ئەم یاسایەمان پێبڵێن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لای ئێمە یاساکە لە تەواو بووندایە، لەوانەیە سبەینێ پێشکەشتانی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بابەتی ئاوی چەمچەماڵ لەلایەن فراکسیۆنی سەوزەوە خرایە ناو تازە بابەتەوە، ئەگەر هەندێک لەسەر ئەو پێشنیارە بۆمان بدوێن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵێکم بۆ تازە بابەت هەیە، کە ئەویش سەبارەت بە پارەی(٢٥)یە کە پێش ماوەیەک وەردەگیرا، کەچی ئێستا دیسانەوە وەرناگیرێت، جا نازانم خەتای بڕیارەکانی ئێمەیە، کە لەوەیە بڕیارەکانی ئێمە خوارو خێچ بن، یاخود خەتای دەسەڵاتی راپەڕاندنە کە ئەوان بە ئەرکەکانی خۆیان بە رێکوپێکی جێبەجێ ناکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا خاڵی باس کردنی ئاوی چەمچەماڵ دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم خاڵە گفتوگۆی لەسەر بکرێت؟ با دەست بەرزکاتەوە.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەندیانە کە ئەم خاڵە گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید جەباری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەمچەماڵ لەگەڵ ئۆردوگای شۆرش شارێکی گەورە پێک دێنێت وخەڵکێکی زۆری لێ دانیشتوە ئەم شارە تەنها بیرێکی ئیرتیوازی تیادایە و، لە (بانی مەقانەوە) ئاوی خواردنەوە بۆ ئەم شارە دێت، ئەویش تەنها بۆ «منظمة»ی کۆن و لەگەڵ ماڵی قایمقام و لەگەڵ چەند ماڵێکی تر کە سوود لەو ئاوە وەردەگرن، ئیتر شارەکە هەمووی بێ ئاوە و، بە پارە ئاو دەکڕن، یا زۆربەی

زۆریان بیـریان لە مـاڵەكـانی خـۆیان هەڵكەندووە و، ئەم بیـرانەش هەر یەكـەو تەكلیـفی نزیكەی(٣.٥تا ٤)هەزار دینار دەكات و، ئەمـەش پارەیەكی زۆرە بۆ خـەڵكێكی هەژار و پاش مـاوەی ئەنفـال ودەربەدەر، هەچەندە كـاتی خـۆی رژێم بریاری دا كـەوا پرۆژەیەک بكاتەوە بۆ گەیاندنی ئاو بۆ شاری چەمچەماڵ لە دوكانەوە و، ئەو پرۆژەیە تەواو بووە وهەموو بۆریەكان لەحیم كراون وئامادەن تەنها پێویستی بە (٣) ماتۆری ئاو هەیە، بۆ ئەوەی ئاو بگەیەنێتە ئەو شارە و، خـەڵكی لە بێ ئاوی رزگـار بێت، ئیـتر نازانم لێرە رەزامـەندی لەسـەر دەكـەن، یا دیدەن بە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ئەوان بەو كارە هەستن، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆكی ئەنجـوومـەن:**

بەپێی زانیاری بەڕێزت ئەو پرۆژەیە تەنها پێویستی بە (٣)ماتۆری ئاو هەیە، جا ئەگەر بەنووسین شـتـێكمـان بۆ رەوانەكەیت، تاوەكو ئێمـەش ئەنجوومـەنی وەزیران لەسەر ئەم كێشـەیە ئاگـادار كەینەوە، كە بزانین كێشەی ئاوی چەمچەماڵ بەو(٣) ماتۆرە چارەسەر دەكرێت، یا پێویستی بە شتی تریش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـمـەد رەشـید زەنگەنە:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـوومـەن.**

بەراستی ئەم كێشەیە دەبێت بە گرنگییەوە وەربگیرێت، لە بەر ئەوەی كێشەی ئاو كێشـەیەكی زۆر گەورەیە، دەبێت ئەم كێشەیە تاوەكو هاوینە چارەسەر بكرێت، چونكە لە زستاندا خەڵكەكە دەكەونە نارەحەتییەكی زۆرەوە، بەراستی دەبێت زۆر بە بایەخەوە گرنگی بدەینە ئەم كێشـەیەو، بە دوای چارەسەركردنیدا بگەڕێین، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن حـەمـید رەحـیم:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە ناوچەی بەرەنگارییـە لەگـەڵ دوژمندا، دەبێت كـێـشـەكـەیان زوو بۆ چارەسەر بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆكی ئەنجـوومـەن:**

جا نازانین ئەو پێشنیـارەی بەڕێز گەلاوێژ خانتـان پێ پەسەندە، یاخود پێشنیـارێكی تر لەسـەر بابەتی ئاوی چەمچەماڵ پێشكەش دەكەن.

**بەڕێزحـەسـەن عـەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

بێگومان باشترین را ئەوەیە كە راپۆرتێكی رێكوپێك وپێشنیارێكی چاک بۆ ئەم بابەتە دابین بكرێت وپێشكەشی پەرلەمان بكرێت و، ئێمەش رووبە رووی ئەو لایەنەی دەكەین كە بە ئیشـەكە هەڵدەستێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێشەی پارەی (٢٥)ی کە بەتانی پێ دەڵێن، دەبێت دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن ئەم کار جێبەجێ بکات.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پەرلەمان بڕیارێکی دەرکرد کە دراوی عێراقی بە نرخی خۆی وەرگیرێت و، مەبەستیشمان لە دراوی عێراقی پارەی مستەنسەخ نییە، بەڵکو ئەو پارە(٢٥)یەیە کە پێ دەوترێت بەتانی، چونکە خۆی ئیستینساخەکە هەر پارە نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەو (٢٥)یەیە کە مامەڵەی پێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێموایە ئەو بڕیارەی کە لە پەرلەمان دەرچوو بوو، هەروەکو ئەو بڕیارەیە کە جەنابت پێشنیاری دەکەی.

**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بڕیارەی کە سەبارەت بە وەرگرتنی پارەی (٢٥) کە پێی دەڵێن بەتانی و پارەی مستەنسەخ لە پەرلەمانەوە دەرچوو، پێشنیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بوو، سوپاس .

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە دەرکردنی ئەم بڕیاری وەرگرتنی پارەی(٢٥)بەتانی و پارەی مستەنسەخ لە پێشنیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بوو و، هیچ گوناهێکی لیژنەی یاسایی تیادا نییە، چونکە لیژنەی یاسا تەنها هەستاون بە دارشتنەوەی یاسای بڕیارەکە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ویستم باسی چۆنیەتی وەرگرتنی پارە بەتانیەکان بکەم، بەراستی لە فەرمانگە ڕەسمیەکانی خۆماندا بە هیچ شێوەیەک وەر ناگیرێت، ئیتر نازانم بە ئیعازە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، یا وەزارەتی داراییەوە، ئەگەر فەرمانگە ڕەسمیەکانی دەوڵەت ئەم پارەیە وەرنەگرن و، بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی جێبەجێ نەکەن، ئەی ئێمە چۆن بتوانین ئەم بڕیارە بەسەر هاوولاتییاندا بسپێنین، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە پێی راپۆرتی لیژنەی ئابووری و بڕیاری پەرلەمان دەبوایە هەموو جۆرەکانی پارە(ئەسلی و ئیستینساخ) لە مامەڵەی رۆژانەدا بەکار بهاتنایە، بەلام وای پێدەچێت فەرمانگەکانی ئاو و

کارەباو گومرک و بانکەکانی هەرێمیش بە گوێرەی پێویست مامەڵە لەگەڵ ئەم بڕیارە ناکەن، چونکە بەقسەی خۆیان هیچ ڕێنماییەکیان لەو بارەیەوە بۆ نەچووە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە داوا لە حکومەتی هەرێم بکرێت بۆ ئەوەی بە زووترین کات ڕێنماییان بۆ بنێرێت و، هەموو جۆرەکانی پارە بە بێ جیاوازی مامەڵەیان پێوە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویست بوو ئەو بڕیارە پێش ئەوەی دەربچێ لیژنەی ئابووری لە پەرلەمان رای وەزارەتی دارایی و رای چەند بازرگانێک لە بازاڕدا وەربگیردایە، بەڵام ئێمە دەتوانین بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکەین بێ ئەوەی بڕیاری دووەمی بۆ دەرکەین، کە بڕیاری دووەم، یا تەفسیری بێ، یان هەڵیوەشێننەوە ،چونکە پەرلەمان ماوەیەکی کورتە دامەزراوە، جوان نییە لەم ماوە کورتەدا بڕیارێک بدەین پاش ماوەیەکی کەم بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی خۆمان بدەین، بەڵام بە رای من ئێمە دەتوانین چاو پۆشی لە مەسەلەکە بە یەک شێوە بکەین، ئەویش ئەوەیە کە وەزارەتی دارایی وئابووریی ڕێنماییەک دەکەن کە باسی ئەوە بکات، برگە(٣)ی بڕیارەکە پارەی قەبارە گەورەو بچوک دەکات و، باسی پارەی مزەوەر نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە دوو ساڵە بابەتی ئەم پارەیە بۆتە کێشەیەکی رۆژانە، ئێستا چ لە وەزارەتی دارایی و، چ لە وەزارەتی ناوخۆدا بێت، گەیشتوونەتە رادەی چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە،با پەرلەمان بۆیان بنووسێ چ بۆ وەزارەتی دارایی چ بۆ وەزارەتی ناوخۆ، ئەگەر پرۆژەیەکیان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە با هاوکاریمان کەن، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نۆرولی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئەگەر ئێمە فشار بخەینە سەر جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارەی کە سەبارەت بە پارەی(٢٥)دیناری، ئەوە بەرگری لە حسابی عیراقی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە ئێمە دەبێت بیکەین، ئەوەیە کە داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران بکەین، کە ئاگاداری هەموو فەرمانگە رەسمیەکان بکەن، کە دەبێت ئەم چەشنە پارانە وەرگرن.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من تەنیا ئەوە کافی نییە، چونکە ئەو پارەیە کە لە فەرمانگەکان وەردەگیرێت، دووبارە پارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ناو خەڵکەکەو، بە مووچە وشت دابەش دەکرێتەوە و، ئەویش پێویست

نیـیـه ئەو پارەیە هەمـووی هەر بدرێت بە فـەرمـانگەکـان، بەرای من دوو سـەرچاوە هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەویش، یەکەم:

بەیانێک لە ئەنجوومەنی وەزیران یا، لە وەزارەتی دارایی دەرکرێت، کە خەڵکی ناچار بکرێن کە ئەو پارەیە دەبێت مامەڵەی پێبکرێت، بەگوێرەی ئەوەی کە دراوەیەکی رەسمیە.

دووەم: لە کـاتی شکانی دۆلاردا، ئەگـەر بیکرنەوە، چونکە لە بازاڕدا ئەوانەی زیاتر لە هەمـوو کەسێکی تر یاری بە دراوە دەکەن، جا ئەگەر ئەوان وەری گرن ئەوە خەڵکی تریش وەری دەگرن، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

یەکەم شت ئەوەیە کە داوا لە فـەرمانگەکـان بکرێت کە ئەم پارەیە وەرگـرن، یا هەڵسـووکەوتی پێبکەن و، ئەگەر شتێکیش هەبێت بۆ سزا دانی ئەو کەسانەی کە ئەم بڕیارە جێبەجێ ناکەن.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

بێگومـان ئەو حاڵەتە پەیوەندیی هەیە بە یاسایی عێراقییـەوە و، هەر کەسێک یاری بە پارەی عێراقی بکات، یاخود وەری نەگرێت ئیمتناعە، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

ئێستاش ئەگەر هیچ پێشنیارێکی ترتان نییە لەسەر ئەم بابەتە، ئەوە نووسراوێک بۆ ئەنجوومەنی وەزیران رەوانە دەکەین، کە بڕیاری وەرگرتنی پارەی(٢٥)ی کە پێی دەڵێن بەتانی، بەتایبەتیش کە ئەم پارەیە مزەوەر نییە.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـید زەنگەنە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

پێشنیـار دەکەم کە داوا لە پسـپۆڕان بکەن، بەتایبـەتی لیژنەی ئابووری ئێمە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و بانکی مرکزی، کە ئەم بابەتە دیراسەت بکەن، تاوەکو بتوانین بڕیاری لەسەر دەربکەین، سوپاس.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تـۆمـا هـەریری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

من پێمـوایە ئەمە کـاری حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـانە، کـاری پارێزگـاکـانە، کـاری وەزارەتی داراییە وکاری وەزارەتی ناوخۆیە.

یاسـایەکی نا ئاسـایی بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەربکرێت بۆ ئەوەی رادەیەک بۆ ئەو کەسانە دابندرێت کە بە پێی ئەم یاسایە یاری بە ئازوقە وخێرات وپێداویستی کانی خەڵک دەکەن، باشە کە پارەی ئیـسـتنساخ وەرناگـیرێت ئەی پارەی (٢٥ و ١٠ و ٥)ی بۆ وەرناگـیرێت، خۆ ئەو چەشنە پارانە ئیستنساخ نین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم هەتا ئەگەر ئەو شتانەی جەنابت فەرمووت کە بە وەزارەت بوترێ بۆ نەیان کردووە، دەبێت کاغەز بەکار بێنین واتا دەبێت موزەکەرەیان بۆ بنووسین، بەڵام ئێستا من دێمەوە بۆ ئەو پێشنیارەی کە کاک عەبدولخالق پێشکەشی کرد، بیخەمە بەرچاوتان کە بەراستی وا دیارە ئەم شتە ئەوەندە شتێکی ئاسان نییە، بەوە چارەسەر بکرێت کە بڵێین بچن خەڵکەکە بگرن حەپس و سزایان بدەن هەندێ شت هەیە بەو سزادانە چار ناکرێت، چونکە ئەمە کێشەیەکی ئابوورییە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو رایەدام، کە دەبێت ئێمە چاودێری دەسەڵاتی راپەڕاندن بکەین، چونکە نابێت ئێمە بڕیارێک دەرکەین و بڕیارەکە جێبەجێ نەکرێت، هەرچەندە ئەمە یەکەم بڕیارە کە جێبەجێ نەکرابێت، بەڵام دوایین بڕیاریش نییە، جا لەبەر ئەوە من لەگەڵ رایەکەی کاک فرەنسۆم کە دەبێت فشار بخەینە سەر ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ وپارێزگاکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر جەنابت لەگەڵ ئەوەدای کە ئەو بڕیارەی کە دراوە، داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت کە جێبەجێی بکات.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر لەسەر( مستنسخ)ەکە نە، چونکە لە کاتی خۆیشی ئێمە هەڵە بووین کە ئەم پارە موستەنسەخەمان لەگەڵ پارەی ( ١٠ و ٢٥ )گەورەدا بەیەکەوە بەستەوە، بەراستی گوناهە پارەی( ١٠ و ٢٥ )گەورە لە نرخی خۆی بە کەمتر وەرگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبێت ئەنجوومەنی وەزیران ئاگادار کەینەوە کە هەموو بڕیارەکانی پەرلەمان جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز ئەحمەد تاهر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە کۆبوونەوەیەکی فراوان بکرێت لەلایەن پسپۆڕان و ئەوانەی کە شارەزاییان لە بارەی ئابووریی ودارایییوە هەیە و، بەتایبەتیش بازرگانەکان بانگ بکرێن کە تا ئێستا بانگ نەکراون لەلایەن وەزارەتی دارایییەوەو،کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵدا بکرێت دەبارەی ئەوەی کە لێدوانێکی دوور درێژ بکرێت و، بڕیارێکی لەسەر بدرێت و، چونکە خەڵکەی گیروگرفتێکی زۆری هەیە لە بارەی ئەو پارە گۆڕینەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرەدا دوو بۆچوون هاتنە پێشەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە کاک فرەنسۆ عەرزی کرد و کاک حازم پشتیوانی لێ کرد و، داوا دەکەن کە تاکید لە ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت بۆ ئەوەی کە ئەو بریارەی بەتایبەتی دەربارەی پارەی(٢٥)ی دراوە بۆ ئەوەی لە هەموو فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمدا کاری پێبکرێت. هەروەها پێشنیارەکەی کاک عەبدولخالق کە بریتیە لە پێشنیاری پێکەوە دانیشتنی لیژنەی دارایی پەرلەمان لەگەڵ چەند پسپۆرێکی وەزارەتی دارایی، لەگەڵ چەند پسپۆرێکی تر لە شارەزایان بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە لە بنەڕەتەوە چارەسەر بکرێت و، بزانین دەتوانین چی بۆ بکەین، ئەم دوو پێشنیارە هەیە، جا ئەگەر رەزامەندییتان لەسەر هەیە دەیانخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆماندا باسی بکەین.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەپێچەوانەی رایەکەی بەڕێز کاک عەبدولخالقم و، لەگەڵ رایەکەی بەڕێز کاک فرەنسۆم، راستە ئێمە خۆمان گاڵتە بە یاساکانی خۆمان دەکەین و، عەقڵی خۆمان داوەتە دەستی قاچاخچی و ساختەچی و بازرگانەکان، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز کاک فرەنسۆ دەکەم، لیژنەی دارایی وئابووریی وگفتوگۆیان لەسەر ئەم مەسەلەیە کردوو و، راپۆرتیشیان بۆ وەزارەتی دارایی نووسی و، پەرلەمانی بەڕێزیش بریاری دا کە ئەنجوومەنی وەزیران رێنمایی دەربکات کە فەرمانگەکانی دەوڵەت هەموو پارەیەک وەربگرن، هەتا هی موستەنسەخیش و،پێویستی بە هیچ لیژنە ناکات جارێکی تر گفتوگۆی لێ بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو من لە بەڕێز کاک جەمیل تێگەیشتبێتم، دەڵێت فەرمانگەکان دەبێت پارەی موستەنسەخیش وەرگرن، باشە ئەگەر فەرمانگەکان پارەی موستەنسەخ وەرگرن چی لێبکەن، دەبێت ئەوانیش بە مووچە بیدەنەوە بە هاووڵاتیان، واتە پارەی موستەنسەخ دەچێتەوە بۆ بازاڕ و، دەبێت پێیان بڵێین کە پارەی موستەنسەخ وەربگیرێت.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی سیاسەتی نەقدی سیاسەتێکە لە دەرەوەی ئیرادەی فەرمانڕەواییە، واتە بابەتی ئابووریی بە فەرمان و بە یاسا دەرناچێت، لەبەر ئەوە بەرای من ئێمە نەڵێین بریارەکەمان هەڵە بووە، بەس ئێمە بریاری لێکۆڵینەوەیەکی قووڵمان نەداوە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاقی کردنەوەیەکی زۆر هەیە لە بارەی ئەم جۆرە دراوانەوە لە جیهاندا، بۆ نموونە کاتێک کە ئەڵمانیا دوو بەش بوو، ئەڵمانیای رۆژ ئاوا و ئەڵمانیای رۆژ هەڵات، لە بازاڕدا مارکێکی ئەڵمانی رۆژئاوا بەرامبەر بە(٣ــ ٤) مارکی ئەڵمانی رۆژهەڵات بوو، بەڵام لە بازاڕی جیهانیدا یەک نرخ بوون، جا ئەو پێشنیارە زۆر لە جێگەی خۆیدایە کەوا ئێمە ئەو مەسەلەیە بەرەو رووی لیژنەیەکی پسپۆڕی بکەینەوە، لەو بارەیەوە باش لێی بکۆڵینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە کە گوایە ئەو پارانەی کە پێیان دەڵێن(٥ و١٠ و٢٥)گەورە وەربگیرێت و، بەتایبەتیش جەخت بخرێتە سەر ئەنجوومەنی وەزیران بۆ وەرگرتنی ئەم جۆرە پارانە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دژی ئەوەنیم کە لیژنەیەک لە شارەزاو پسپۆڕان پێک بێت بۆ لێکۆڵینەوەی باری ئابووریی بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام ئەو لیژنە پسپۆڕ و شارەزایە هیچ پەیوەندیەکی بەوەوە نییە کە پارەی(١٠)دیناری ئەندازەی گەورە لە بازاڕ و بانکەکاندا وەربگرێت، یان وەرنەگرێت، بە رای من لیژنەی وا ئەگەر پێک دەهێنرێت دەبێت بچێ دراسەتی شتی تر بکات، بۆ سەلماندنی قسەی خۆیشم دەڵێم کە کەموکورتی لە دەزگاکانی جێبەجێی کردنە لە حکومەت و، وەزارەتی ناوخۆ وەزارەتی دارایی وپاریزگاکان لێی بەرپرسیارن بۆ سەلماندنی قسەکەشم دەڵێم ئێمە وەکو ئەنجوومەنی نیشتمانیی یاسایەکمان دانابوو بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی دۆلار وپارەی بیانی.

ئێمە بڕیارێکمان دا بۆ ئەو کەسەی کە مامەڵە بە دۆلار و پارەی بیانی دەکات، دەبێ بە رەزامەندی وەزارەتی دارایی ئەو کارە بکات، واتە مۆڵەتی پێ بدرێ، ئەوجا دەتوانێ بۆ خۆی دەتوانێ ئەو مامەڵەیە بکات، بەڵام ئەوە سێ چوار مانگە بە سەر ئەو بڕیارەدا رابردووە و، ئایا هیچ ئیجرائاتیک لە دژی ئەو کەسانە کراوە کە تا ئێستا مۆڵەتی رەسمییان وەرنەگرتووە؟!، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا هەموو رامان وایە کە جەخت لە سەر حکومەت بکرێت ئەو پارانەی کە پێی دەڵێن بەتانی لە بازاڕدا وەربگیرێت، ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

دێینەوە سەر یاسای دەسەڵاتی دادوەری(السلطه القضائیه)لیژنەی یاسا با بفەرموون.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

المادة/ الحادية والثلاثون ..(الباب الثالث).

الخدمة القضائية: الفصل الاول.

مجلس القضاء:

اولا: أ- يولف مجلس القضاء على الوجه الآتي:

١- اذا كان وزير العدل حاكما فيكون رئيسا للمجلس وعضواً لرئيس محكمة التمييز واقدم نوابه وعند عدم وجود اقدم حاكم لمحكمة التمييز والرئيس والادعاء العام ورئيس هيئة الاشراف العدلي ورؤساء محاكم الاستئناف ومدير العدل العام واذا غاب الرئيس فيكون رئيس محكمة التمييز مقامه.

٢- اذا لم يكن وزير العدل حاكما فيكون المجلس برئاسة رئيس محكمة التمييز وعضوية اقدم نائبه وعند عدم وجودهما اقدم حاكم لمحكمة التمييز ورئيس الادعاء العام ورئيس هيئة الاشراف العدلي ورؤساء محاكم الاستئناف ومدير العدل العام واذا غاب الرئيس يقدم اقدم نواب مقامه.

يجتمع المجلس مرة واحدة في الشهر على الاقل وللرئيس دعوته للاجتماع عند حاجة ولا ينعقد الا بحضور رئيسه او من ينوب عنه عند غيابه وما لا يقل من ثلاثة ارباع اعضائه وتتميز القرارات باكثرية عدد اعضاء المجلس.

ثالثا: يكون للمجلس سكرتيرا حاصلا على شهادة بكالوريوس في القانون يتولى تنظيم اعمال المجلس وتحضير مناهجه وتلخيص القضايا المعروضة عليه وتبليغ قراراته.

ئەمە پرۆژەکەی وەزارەتی دادە، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا لەسەر ئەم پرۆژەیەو ئەم مادەیە شتێکمان هەیە، ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ڕێ بدات کە پێشنیاری خۆشمان بخوێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا لەسەر ئەو مادەیەی کە خوێنرایەوە هیچ تێبینییەک هەیە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە شتێکی زۆر گرنگ هەیە،ئایا سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری کێ بێ؟ ئایا وەزیر داد بێت؟،یان سەرۆکی دادگای تەمیز بێت، لە هەموو سیستەمێکدا سەرۆکی ئەنجومەنی دادەوەری، وەزیری داد، یا سەرۆکی دادگای تەمیز سەرۆکایەتی ئەو دانیشتنە دەکات، جا من پێشنیار دەکەم کە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو رایەدام کە نابێت وەزیری داد ئەندامی ئەنجوومەنی دادوەری بێت، چونکە دەستەواژەکە هەر لە بنەڕەتەوە بە هەڵەی هاتووە کە دەڵێت: (اذا کان حاکما اواذا لم یکن حاکما)، واتە لەم رووەدا دەبێت گفتوگۆی ئەوە بکەین، کە ئایا وەزیر سەرۆک بێت، یا سەرۆک نەبێت، ئەگەر «حاکما» بۆ سەرۆک بێت؟، ئەگەر «حاکما» نەبێت بۆ سەرۆک نەبێت؟، بەرای سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە پێویستە سەرۆکی ئەنجوومەن بێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو رایەدام کە سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی، سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەش بێت، تەنانەت ئەگەر وەزیری داد دادوەریش بێت، چونکە لە دەسەڵاتی دیموکراتیدا، دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادوەریی ودەسەڵاتی جێبەجێ کردن لەیەک جیا کراونەتەوە، چونکە وەزیریی وەزیفەیەکی سیاسیە، بەڵام دادوەریی وەزیفەیەکی سیاسی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید سدیق هەروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارێکم هەیە کە(مدیر تسجیل عقار عام)زیاد بکرێت بۆ ئەنجوومەنی دادوەری، سوپاس.

**بەڕێز کمال شاکر محەممەد/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من زۆر لە یاسا شارەزانیم، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە نابێت لەیەک کەسدا دەسەڵاتی دادوەری ودەسەڵاتی جێبەجێ کردن کۆببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە یاسا بۆ شتێکی کاتی دانانرێت، بەڵکو یاسا بۆ شتێکی هەمیشەیی و بۆ ماوەیەکی درێژ دادەنرێ، بە بۆچوونی ئێمە ئەگەر وەزیری داد دادوەر بێت، یان دادوەر نەبێت ئەو هەر ئەندامە لە ئەنجوومەنی وەزیران و، لەبەر ئەوە ئێمە وەک لیژنەی یاسا لەگەڵ ئەوەدا نین کە دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیش لە یەک کەسدا کۆ بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە حکومەتدا هەمەجۆری دەسەڵات نییە و، دەبێت دەزگاکانی هەرێمی کوردستان یەک دەست و

یەک پارچە بن، با دەسەڵاتی یاسا دانان و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دەسەڵاتی دادوەری یەک دەسەڵات بن لە هەرێمی کوردستاندا، وەکو وتیشمان یاسا بۆ ماوەیەکی کورت دەرناچێ، بەڵکو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دادەنرێت، هەروەها وەزیر بەرپرسیارە بەرامبەر بە هەر دوو ئەنجوومەنەکە، ئەنجوومەنی نیشتمانیی وئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک ئەیاد پێشنیارەکە بخوێنەرەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الحادية والثلاثون:

اولا:

أـ يؤلف مجلس القضاء برئاسة رئيس محكمة تمييز اقليم كوردستان العراق وعضوية اقدم نائبيين من نواب الرئيس وعند عدم وجودهما اقدم حاكمين من محكمة التمييز ورئيس هيئة التفتيش العدلي ومدير العدل العام واحد حكام محكمة التمييز او رئيس ديوان التدوين القانوني ورئيس الادعاء العام.

ب ـ اذا غاب الرئيس يقدم مقامة اقدم نائبية وعند غيابهم يترأس المجلس اقدم الاعضاء من حكام التمييز.

ثانيا: يجتمع المجلس مرة واحدة في الشهر على الاقل وللرئيس دعوته للاجتماع عند الحاجة ولا ينعقد الا بحضور رئيسه أو من ينوب عنه عند غيابه وما لا يقل عن ثلاثة ارباع اعضائه وتتخذ القرارات باكثرية عدد اعضاء المجلس.

ئێمە لێرەدا وتومانە(أ ـ ب). فقرة(١):(أ) يؤلف المجلس.

(ب) اذا غاب الرئيس.

فقرة (٢) يجتمع مجلس مرة واحدة.

فقرة(٣) يكون لمجلس سكرتيرة حاصلا على شهادة بكالوريوس في القانون يتولى تنظيم اعمال المجلس وتحضير مناهجه وتلخيص القضايا المعروضة عليه وتبليغ قراراته.

بەڕێزان ئەو دوو بڕگەیەی کە لە پرۆژەکەی وەزارەتدا هەیە، هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، جا ئەگەر بوارم پێبدەن لەسەر بڕگەی یەکەم، هەموار کردنێکم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با بزانین ئەم هەموار کردنە چییە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(اولاـ ثانيا)مان کردووە بەیەک بڕگە، چونکە لە پرۆژەی وەزارەتدا هاتووە و دەڵێت:«اذا كان

حاكما واذا لم يكن حاكما» ئەمە برگەی دوومە لە پرۆژەکەدا، ئێمە هەردووکیمان کردووە بەیەک، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ وەختێک نەمان گوتووە وەناشی ڵێین کە (قضاء) نابێت سەربەخۆ بێت، بە پێچەوانەوە ئێمە لەو کەسانەین کە داوا دەکەین (قضاء) ئەوپەڕی سەربەخۆی هەبێت و، ئەو بیرۆکەیە زیاترە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی دادوەریە لەوەی کە بێ هێزی کات، بەڵکو دادوەری بە هێز دەکات و دەسەڵاتیش دیاری دەکات، مەبەستیش لە دەسەڵاتیش ئەوەیە کە سیاسەتی حکومەت بەبات بەڕێوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام نابێت وەزیر ببێ بە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری، چونکە وەزیر ئەندامی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە، ئایا ئەگەر وەزیر سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بێت، لە سەربەخۆی(قضاء) کەم ناکاتەوە؟، چونکە وەزیر لە لایەکەوە سەرقاڵی جێبەجێ کردنی سیاسەتی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەبێت و، لەلایەکی تریشەوە خەریکی دەسەڵاتی دادوەری دەبێت.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی داد تەبیعەتێکی تایبەتی هەیە، لە ١٠٠٪ ئیعتبار ناکرێت کە ئیش دەکات لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، چونکە وەزارەتی داد یاسا جێبەجێ دەکات و، وەزیری دادیش چاودێری جێبەجێ کردنی یاساکان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە؟، وەزیری داد ببێ بە سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری.

دوو پێشنیار هەیە یەکێکیان ئەوەیە کە وەزیری داد کە دادوەرە سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری بێت.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە؟..کەواتە کەسی لەگەڵدا نییە.

کێ لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسادایە؟ کاک ئەیاد جارێکی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(يؤلف مجلس القضاء برئاسة رئيس محكمة التميز لاقليم كوردستان العراق وعضوية اقدم نائبين من نواب الرئيس وعند عدم وجودهما اقدم حاكمين من محكمة التميز ورئيس هيئة التفتيش العدلي ومدير العدل العام واحد من حكام التميز أو رئيس ديوان التدوين القانوني

ورئيس الادعاء العام) و(مديري تسجيل عقاري عام).. ئەويش هەر دەبێت ئەندامی ئەنجوومەنی دەسەڵاتی دادوەری، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا لە سەر ئەو پێشنیارە هیچ تێبینی هەیە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەمە ببێتە مادەی(٣١)؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێی لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثانية والثلاثون:ـ

يتولى المجلس الاختصاصات الاتية:ـ

١ـ مناقشة الخطة الدورية للوزارة وابداء ملاحظاته عليها.

٢ـ دراسة القضايا التي يحيلها عليه الوزير.

٣ـ النظر في ترفيع ونقل واعادة الحكام والتحقيق من سلوكهم وكفاءتهم والاشراف على استقلال القضاء.

٤ـ اصدار القرار بترشيح من يراه مستكملا لشروط التعين من المحاكم واذا كان طالبوا التعين اكثر من المطلوب فيجري المجلس امتحانا ويقرر ترفيع من يراه ارجح من غيره من الناجحين.

٥ـ تشكيل لجنة باسم(لجنة شؤون الحكام) تتألف من ثلاثة اعضاء يختارهم المجلس من بين اعضائه في بداية كل سنة للنظر فيه لدى الهيئة المؤسسة في محكمة التميز من قبل وزير العدل ومن قبل الحاكم الذي صدر القرار ضده خلال ثلاثين يوما من تاريخ التبليغ به ويكون قرارها من هذا الشأن نهائيا.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێستا لە سەر مادەی(٣٢) کێ تێبینی هەیە؟، کەس تێبینی نییە. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ مادە(٣٢)دایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الفصل الثاني: «تعيين الحكام»:ـ

المادة الثالثة والثلاثون: يشترط في من يعين حاكما ما يلي:

١ـ ان يكون عراقيا ويجيد اللغة الكردية ومتمتعا بالاهلية المدينة الكاملة.

٢ـ ان لا يقل عمره عن ثلاثين سنة وان يكون متزوجا.

٣ـ ان لا يكون محكوما بجناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف.

٤ـ ان يكون محمود السيرة وحسن السمعة مشهدا له بالنزاهة والحياء.

٥ـ ان تتوافر الجدارة المدنية مع الاهتمام بسلامة البدن في العاهات الظاهرة ومخلة بالشخصية.

٦ـ ان يكون حاصلا على شهادة بكالوريوس في القانون او ما يعادلها.

٧ـ الممارسة الفعلية بعد التخرج.
جا له سەر خاڵی(٧) ئەم پێشنیارەمان هەیە،(٧) الممارسة الفعلية بعد التخرج من كلية القانون مدة لاتقل عن ثماني سنوات في مهنة المحامات او وظيفة محقق عدلي او معاون قضائي او كاتب عدل او منفذ عدل أو مدير رعاية القاصرين أو في دائرة التسجيل العقاري والموظفين والحقوقيين العاملين في قسم الحقوق في الدوائر والمؤسسات الرسمية الذين مثلوا امام المحاكم بما لا يقل عن خمسة دعاوي في السنة.
ب ـ تكون مدة الممارسة الفعلية في الوظائف المبينة في الفقرة(أ) خمسة سنوات اذا كان قد حصل على شهادة ماجستير في القانون وتكون مدة الممارسة المذكورة ثلاثة سنوات واذا كان قد حصل على شهادة الدكتوراه في القانون سواء كانت الممارسة قبل الحصول على الشهادة تين أو بعدها.
ج ـ تحتسب مدة الممارسة في المحامات والوظائف المذكورة في الفقرة(أ) بعضها الى بعض للزمن المعين.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا کێ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەک تێبینیم هەیە لە بارەی برگە(٣)وە، (ومن لا يكون محكومان بجناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف..) ئەوەی ئاشکرایە(مخله بالشرف) ئێستا لە یاسای عێراقیدا (تخلف وهروبي)ی خدمەی عەسکەریش دەگرێتەوە (تتخلف من الخدمة العسكرية..) بۆیە بە پێویستی دەزانم کە لێرەدا ئیستسنایەکی تیادا بکەن(جنحة بالشرف عدا جنحة الهروب والتخلف من خدمة عسكرية).

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم برگەی یەکەم دەڵێت:(ان يكون عراقيا)، بە رای من بگوترێت: (من مواطن الاقليم) ئەمە یەکەم دووەم، بۆ ئەوەی کە پێویستە خزمەتی هەبێت(٨) ساڵ نووسراوە، بەرای من چونکە ئیشی حاکم زۆر گرنگە(٨) ساڵ کەمە، با بکرێتە(١٠) ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنیا تێبینییەکم هەیە، یاساکە دەڵێت ئەوانەی وەزیفەی (محقق عدلي، معاون قضائي وكاتب عدل ومنفذ عدل أو مدير رعاية القاصرين ودائرة التسجيل العقاري والموظفين الحقوقيين العاملين في قسم الحقوق في الدوائر والمؤسسات الرسمية او الذين مثلوا امام محاكم..)،

پێشنیارەکەی من ئەوەیە کە سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی ئیستملاکی وەزارەتی کشتوکاڵیشیان بخرێتە سەر، چونکە ئەمانەش بەکردەوە کاری جێبەجێ کردنی یاسایی دەکەن، بەڵام بڕیارەکانیان لەلایەن دادگای پێداچوونەوەوە قابیلی تانووت لێدانن، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش چەند تێبینییەکم هەیە لەسەر ئەو مادەیە، بڕگەی(٢) دەڵێت: (ان لا یقل عمره عن ثلاثین سنة وان یکون متزوجا)بە رای من(٣٠) ساڵ کەمە، بەلای کەمەوە دەبێت حەدی ئەعلاش هەبێت، ئەگەر یەکێک بوو بە(٦٠) ساڵ نابێت بیکەنە حاکم، من پێشنیار دەکەم کە بکرێتە( لایقل عن(٣٥) سنة ولا یزید عن(٤٥) سنة) ئەوە یەک، پێشنیارێکی ترم لەسەر بڕگەی(٥) هەیە، رەنگە هەر لە سەر مەسەلەی دارشتنەوە بێت، چونکە(ان تتوافر فیه الجدارة المرنیة مع اهتمام بسلامة البدن) من پێشنیار دەکەم بکرێتە(ان تتوافر فیه شروط اللیاقة البدنیة وخالیا من العاهات). بڕگەی(٦) دەڵێت:(ان یکون حاصلا علی شهادة بکالوریوس في القانون أو ما یعادلها) نازانم (ما یعدلها) چییە؟.

(آخرهم حاصل علی شهاده القانون او یحصل الشهاده العراقیه من خارج)، نەوەک ما (یعدالها) چونکە لێرە روون نییە.

فقره(٧ـ أ) (الممارسة الفعلیة بعد التخرج من کلیة القانون مدة لاتقل عن(٨) سنوات)، ئەگەر تەمەنی لە (٣٥) ساڵ کەمتر نەبێت، ئەوە دەبێت ئەمە زیاد بکەین، بە رای من بیکەینە لە (١٢)ساڵ کەمتر نەبێت،( مدة لاتقل عن (١٢) سنة) ئەو (موظف في الدائرة« ١٢ » سنة مهنة المحامات او محقق عدلي او معاون قضائي او کاتب عدل او منفذ عدل او مدیر القاصرین او دائرة تسجیل عقاري او موظف في حقوق کاملیة في قسم الحقوق.. في دوائر ومؤسسات الرسمیة الذین مثلوا امام المحاکم).

لە بڕگە(٧ـ ب)دا دەڵێت:(تکون مدة الممارسة الفعلیة في الوظائف المبینة في فقرة« أ »خمس سنوات بالنسبة للحاصل علی شهادة الدکتوراه) بە رای من ئەو(٣)ساڵە کەمە، دەبێت بکرێتە(٥)ساڵ، بڕگەی(جـ)دەڵێت:(لعضویة مدة الممارسة في المحامات والوظائف المذکورة لفقرة« أ » بعضها الی البعض لغرض التنصیب)ئەوە بە بۆچوونی من (تحتسب مدة الممارسة في المحامات الوظائف المذکورة في فقرة« أ »لغرض التعین) لێرەدا من مەرجێکی تری دەخەمە سەر،(ان یجتاز المتقدم للتعین امتحاناً تحریریاً او شفویاً مع اتمام الدورة)، سوپاس.+٢٧٩

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەی مافی ئەو حقوقییانەی کە(١٠ـ ١٢)ساڵە لە شۆڕش حاکم بوون چ حسابێکیان بۆ دەکەن؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

حاکم هەر حاکمە چ هی شۆڕش چ هی کە، بەڵام ئەوەی کە ئایا حقوقی نەبوو بێت کرد بێتی بە حقوقی ئەوەش بە رای ئێوە هەر بێ بە ئەندامی موخسسی تەمیز، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وتم حقوقی!، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی خاڵی یەکەم (عراقیا)، من پێشنیار دەکەم کە بڵێین: (من مواطن کوردستان) لە شوێنی وشەی (عراقیا)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم بۆ چی ئێمە هەر رادەگەیەنین کە ئێمە عێراقین و فیدرالیەکەمان لە چوار چێوەی عێراقێکی دیموکراتیدایە، بۆ چی لەوێ بڵێین (علی ان یکون عراقیا..) ئەوە هیچ نییە بۆ ئەوەی کە لە وڵاتێکی ترەوە بێن، بەڵام ئێمە بەشێکین لەو عێراقە.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی خاڵی یەکەمەوە کە دەڵێت: (ان یکون عراقیا)، وابزانم هەر یەکسەر بڵێین: (هاونیشتمانی هەرێمی عیراق) باشترە، ئەوەشی کە دەڵێت:(ان یجید اللغة الکوردیة)، رەنگە ئەوە شتێکی چاک بێت لەو کۆسپەش نەجاتمان بێت، چونکە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانیشدا کوردێکی زۆرمان هەن، بەو شێوەیە دەتوانین سوود لە توانای ئەوانیش وەرگرین.

دووەمیش بۆ (٣٠ـ ٣٥) ساڵ، ئەوە پرسیارێک لە برادەرانی یاسا دەکەم، ئایا لە وڵاتانی تری جیهاندا شتی وا هەیە؟، ئەگەر شتێکی وەها هەبێت با ئێمەش وەکو خەڵکی تر بکەین، ئەگەر دەبێت ئەوا با ئەوان خۆیان چۆنی بە باش دەزانن بەپێی ئەزموونەکەی خۆمان سوودی لێ ببینرێ و، لە برگە(٦)یشدا ئەوەی کە دەڵێت: (ان یکون حاصلا علی شهاده بکالوریوس فی القانون او مایعادلها) ئەوەش زیادەیە، چونکە کە گوترا (بکالوریوس فی القانون) ئیتر ئەوە بەسە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ لە پێش هەموو شتێ پشتگیری لەو کەسانە دەکەم کە حقوقین ولە شۆڕش حاکم بوون وئەوانەش پێویستە وەکو خزمەت بۆیان حسیب بکرێت.

ئەوە مەسەلەی سنووردانان بۆ تەمەن لەوەندە کەمتر ولەوەندە زیاتر وابزانم ئەوە شتێکی پێویست نییە، بەکالۆریۆس هەبێت وتەمەنی لە نزیکی (٣٢) ساڵ کەمتر نەبێت، جا دەبێت دیاری بکەین کە(١٠) ساڵ مارەسەی هەبێت ئیتر خۆی دەبێت بە(٣٢- ٣٣) ساڵ، هەندێ مەرجی ترمان لا بوو (ان یکون سالما من العاهات البدنیة)، سەبارەت بە برگە(٥) کە دەڵێت:(ان تتوافر فیه الجدارة المدنیة مع الاهتمام بسلامة البدن من العاهات الظاهرة ومخلة بالشخصیة.) حاکم هەیە کەوتووە وقاچی شکاوە، یا قولێکی براییت، ئایا ئیتر نابێت بە حاکم؟ وابزانم ئەوانە پێویستیان بە دارشتنەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز شیروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکم هەیە، سەبارەت بە برگە(٧)بوار بە (نائب مدعی عام) بدرێت کە بکرێت بە حاکم، کە ئەو بوارەی لە برگە(٧)دا پێ نەدراوە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من سێ چوار تێبینیم ئامادە کردووە، سەبارەت بە ئەو کەسانەی کە لە شۆڕشدا بەشداریان کردووە و، حاکمیش نین لێرە، زۆر پێویستە کە ئێمە چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە زۆر بەیان دەرچووی کۆلیژی یاسان وئێستا پارێزەرن و پێناسەی پارێزەرانیان هەیە، واتە ئەو مەرجەیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت کە دەڵێت:(٨) ساڵ خزمەتیان هەبێت لە پارێزەری، بەرای من ئەو(٨)ساڵە کەمە، با بکرێت بە(١٠) زیاتر مارسەی هەبێت، هەروەها(٧) برگە(أ) ئاماژە بۆ سەرپەرشتی زانکۆکان دەکات، واتە مامۆستای کولێژی یاسا ئەوانیش حقوقین ومافی خۆیانە ئەگەر بکرێن بە حاکم، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ئێستا کاک ئەیاد برگەی(٧)مان بۆ بخوێنێتەوە، ئێمە هەندێ رێنماییمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی(٧)(أ) الممارسة الفعلیة بعد التخرج من کلیة القانون لا تقل عن(٨) سنوات في مهنة المحامات أو وظیفة قانونیة أو معاونة قضائیة في محاکم أو کاتب عدل أو لتنفیذ أو عاملا في ادعاء العام وموظفین الحقوقین من عاملین قسم الحقوق ذو دوائر ومؤسسات الرسمیة الذین مثلوا امام المحاکم، سوپاس.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە فەرمانگەکانی تۆماری خانووبەرە، فەرمانبەری حقوقی بە پلەی یاریدەدەری قەزایی دادەمەزرێت، لە جێی خۆی یاریدەدەری قەزاییە، هەرچەندە زۆر پەیوەندیی بە ئەوانی ترەوە نییە؟

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی تەمەن(٣٠) ساڵ باشە بۆ ئەو کەسەی کە ئامادە بێت بکرێت بە دادوەر و، هەتا پیر دەبێت هەر دادوەرە، ئەگەر خۆی واز بێنێت لە دادوەری، لێرەدا خزمەتی قەزایی دیاری کرا بە(٨) ساڵ، چونکە ئێمە پێویستیمان بە دادوەر هەیە و، ئەو کەسانەی کە لە کاتی خۆی دادوەر بوون لە شۆڕش، هەمان مەرجی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، (لیاقەی بەدەنی) زۆر پێویستە بۆ دادوەر، چونکە دادوەر (انطباع)ێکی تایبەتی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەوەی کە (موظفي حقوق العاملن في قسم حقوق) ئەوانیشی لەگەڵدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی یاسا چەند جۆرێکە، کەسانێک هەن کە لە فەرمانگەکاندا کاری نوێنەرایەتی ئەو فەرمانگانە دەکەن، هەندێکیان ئەو کارانە لە دادگاکانیش دەبینن و، ئەگەر داوای خشتەیەکی تایبەتیشی لێ بکرێت، ئەوە خشتەیەکی دوورو درێژت بۆ ئامادە دەکەن، بەڵام ئایا ئەوە بەسە بۆ ئەوەی پاشە رۆژ بواری جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکەی پێبدرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد، بەراستی ئێمە لە یاسای تەکریمی پێشمەرگەدا ئەو فەرمانبەرەی کە لە دەوام کردن دابراوە بە هۆی پێشمەرگایەتییەوە، ئەو ماوەیەی بە خزمەت بۆ حسێب دەکرێت ئەویش بۆ مەبەستی خزمەت و خانەنشینی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگە(١)ی مادە(٣٣) کە دەڵێت:( ان یکون عراقیا ویجید اللغة الکوردیة ویتمتع بالاهلیة

المدنية الكاملة.) دەخەینە دەنگدانەوە، ئێستا کێ لە برگە یەکدایە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

(٢)ـ ان لا يقل عمره عن ثلاثين سنة وان يكون متزوجا.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی ئەوەی(٣٠) ساڵە وژنی نەهێناوە چی بکات؟.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەرگری لە پێشنیارەکەی خۆم دەکەم، کە(٣٠)ساڵ کەمە، چونکە ئەو نیزامەی کە پابەندی یاساکانی جیهان نەبووە نیزامی عێراقییە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک (رەشید عەبدولقادر) هەڵبژاردەی وەزارەتی دادە بۆ ئەوەی ببێت بە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە و، بریاری ئەنجوومەنی وەزیرانیش دەرچوو بۆ (جنايات) ئەوە سەبارەت بە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە، بەڕێزان کاک رەشید عەبدولقادر تەمەنی(٣٠)ساڵە، وابزانم تەمەنی (٣٠)ساڵیش کەم نییە بۆ مرۆڤێک کە درچووی زانکۆ بێت و تاقیکردنەوەی ژیانی زۆر دیبێت و، ئەم بارودۆخەی کە ئێستا ئێمەی تیادا دەژین وای لێمان کردووە کە هەر رۆژێکمان بەرامبەر بە ساڵێکی میللەتانی تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەو مەرجەی کە دانراوە ژنی هەبێت ئەوە مەرجێکی زیادەیە، بێگومان راستە کە ژن هێنان دەبێتە هۆی ئیستقراری عائلی، بەڵام ئەوە نابێت بە مەرج دانان بۆ ئەوەی کەوا یەکێک کە وەزیفەیەک بدۆزێتەوە، سەبارەت بە تەمەنی(٣٠)ساڵی، هەر خۆی تەمەنی لە (٣٠) ساڵ بەرەو ژوور دەبێت، چونکە ئەوەی کە بەکالوریوسی هەبێت تەمەنی (٢٢) ساڵ دەبێت، چەند ساڵ ممارسەی هەبێت، ئەوە(٣٠) ساڵەکە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ بووچوونەکەی بەڕێزد. کەمالدام (ان لايقل عن«٣٠» ساڵ) ،نەک بڵێیت: تەمەنی (٣٠) ساڵ بێت، بەڵکو دەڵێت: (ان لايقل عن«٣٠» سنه)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا(ان لايقل عمره عن« ٣٠ » سنة) دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

خاڵی دووەم (ان يكون متزوجا) کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٣ـ ان لا يكون محكوما بجناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک بەختیار ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە یاسای عێراقیدا تەخەلفی سەربازیش خراوەتە ناو(مخله بالشرف)، جا دەبێت ئێمە شتێکی وا بکەین کە ئەو تەخلفی سەربازیە نەگرێتەوە.

**بەڕێز مەعروف ڕەئوف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو شتانەی کە خراونەتە مادەکانی یاسای ئەهلییەوە لە ڕووی سەربازی و حزبایەتییەوە، ئەوانە باسیان لێوە دەکەین و، نابێت هیچ شێوەیەکی ڕژێم لە یاساکانی هەرێمدا بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە وەزیری داد دەکەم، ئەم یاسایە بۆ ئەمڕۆ نییە، بەڵکو بۆ دوارۆژیشە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگە(٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٤ـ أن يكون محمود السيرة وحسن السلوك ومشهد اله بالنزاهة الحياء.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ بڕگە(٤)دایە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٥ـــ أن تتوافر فيه الجدارة البدنية مع الاهتمام بسلامة البدن من العاهات الظاهرة ومخلة بالشخصية.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکا دەکەم ئەو مەسەلەی( لیاقەی شەخصی)یەمان بۆ ڕوون بکەنەوە و(مخله) چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە کوێر بێت، یا شەل بێت، ڕەنگە ئەوە کاریگەر بێت.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باوەڕ ناکەم ئەوە مەرجێکی ڕەوا بێت لەسەر کەسێکی یاسای، زۆر خەڵکی گەورە هەیە یان کوێرە یان شەلە یان قۆڵێکی نییە، ئەوە نا بێتە ئەوەی کە ڕێگای لێ بگرێت، بۆ نموونە (تەها حسێن) کە وەزیرێکی ناودار وزۆر گەورە بوو، بەڵام کوێر بوو، وابزانم ئەوە لە جێگەی خوای نییە با جەنابی وەزیر خۆی ڕوونی بکاتەوە بزانێ ئەوە مەسەلە چییە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە کەسی وا هەیە کە دووقاچیشی نییە و زانایە، یا پرۆفیسۆرە لە یاسا ودەستێکیشی نییە، یان چاوێکی کوێرە بەس ئەوانە مومارەسەی دادوەریان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕوونکرنەوەم هەیە دەربارەی ئەو خاڵی عاهەیە، دەبێت دادوەر زۆر وریا بێت و ئاگای لە هەموو شتێک بێت و بە وردی و بە باشی گوێ لە خەڵک بگرێت، جا بۆیە پێویستە ئەم مەرجانە لە دادوەردا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم (ان تتوافر فية الجدارة البدنية مع اهتمام بسلامة البدن من العاهات)، ئەو(المخلة بالشخصية)ی لێ هەڵگرن، چونکە لەوانەیە هەندێ (عاهات) لێرە ئاشکرا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە پێشنیارێکمان لایە(ان تتوافر فيه شروط اللياقة البدنية وسالما من العاهات)، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە برگەی (٥) بکەین بە (ان تتوافر فيه شروط اللياقة البدنية وسالما من العاهات..)..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟، کەواتە ئەم برگەیە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیاقەی بەدەنی لە وەرزش واتە بتوانێت(٩٠) دەقیقە وەرزش بکات، نازانم لیاقەی بەدەنی لێرە چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیــــد:**

٦ـ أن يكون حاصلا على شهادة بكالوريوس في القانون أو ما يعادلها.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــەن.**

ئەو (ما یعـادلها)واتە ئێمە دەتوانین ئێستا هەر کۆلیژێک بەکالۆریۆسی هەبێت دەڵێت معادلەی بە قانون دەکەین، ئەوکاتە دەتوانێت ببێتە دادوەر، ئێمە دیاریمان نەکردووە کە بڵێین شهادەی بەکالۆریۆسی عـێراق(فی قسم القانون) مەبەستم ئەوەیە کە بگوترێ (ان یکون حاصلا علی شهادە بکالوریوس فی قانون)، سوپاس.

**بەڕێـز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کەس دەربارەی ئەم پێشنیارەی کاک حازم تێبینی هەیە.

**بەڕێز حـــســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــەن.**

پێموایە دەرچووی کۆلیژی یاسا دەبێت بە دادوەر، بەڵام مـافی دادوەری باری کەسایەتی(الاحوال الشـخصیە) دەبێت دەرچووی کۆلیژی شـەریعـە بێت، پاشان (أو مـایعـادلهـا) لێرە یارمەتی دامـەزراندنی دادوەر دەدات، لەوانەیە دەرچووی کـۆلیـژی دەرەوە بێت و بێـتـەوە وبە دادوەر دادەمەزرێت، سوپاس.

**بەڕێز حـــســــێن عـــارف عـــەبدولڕەحـــمــــان:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــەن.**

ئێـســـتـــا لە سلێـمـــانی پارێزەر هەیە دەرچووی کـۆلیـژی شـەریعـەیە، چونکە ڕێگا بە چەند دەرچوویەکی کـۆلیـژی شـەریعـە درا کـە ئـیشی پارێزەری بکەن، واتە ئەو (مـا یعـادلهـا) ئەمـە حاڵەتە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

جـا ئێستـا کێ لەگـەڵ ئەوەدایە کـە ئەم بڕگـەیە (أن یکون حـاصلا علی شهادە بکالوریوس فی القـانون أو مـا یعـادلهـا) وەکـو خـۆی بمێنێـتـەوە؟.. دەست بەرزکـرایەوە.. کێ دژە؟ کـەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــەن.**

شێوەی دەنگدانەکە بەراستی یاسایی نییە، پێویستـە هەمـوارکـراوەکەش بخرێتە دەنگدانەوە، هەمـوارکـردنێکی زۆر باش هاتووە، (وحـاصل علی شـهـادە بکالوریوس فی احـدی جـامـعـات العراقیە وما یعـادلها)، واتە ئەوە چی لە بابەتەکە دەگۆڕێت، پێویستـە لە پێشان هەموارکراوەکە

بخرێته دەنگدانەوە، پاشان ئەگەر هەمواركراوەكە دەرنەچوو ئەوكاته دەقەكە خۆی دەخەینه دەنگدانه، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ڕێزمان بۆ د.كەمال، ئێمه هەر بەم شێوەیه دانگدانمان كردووە، ئێمه له پێشان دەقەكان دەخەینه دەنگدانەوە، ئەگەر وەرنەگیرا ئەو كاته هەموار كراوەكان وپێشنیارەكان دەخەینه دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمه بڕیار لەسەر مەسەلەیەكی یاسایی دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە لەگەڵ لیژنەی یاسا باسی دەكەین و، لەگەڵ پێڕەوی ناوخۆشدا بەراووردی دەكەین، ڕەنگه (١٠) كەس له سەر یەك مادە پێشنیاری هەبێت وقسەی لەسەر بكات.

**بەڕێز د. كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من مەبەستم ئەوە نییه پێشنیار بكەم من مەبەستم گۆڕانه له سەر كۆبوونەوەكە، چونكه ئەوە هەمووی پرۆژەیه، هەمووی بڕیارە و كاتی دەوێت بۆ بڕیاردان، حەز دەكەی كاتێكی پێوە بكوژێت، ئەوە شتێكی ترە، بەراستی ئەوە شتێكە دەبێ ڕوون بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا دێینه سەر برگەی(٧) دەقەكە خۆی بخوێنینەوە، یان پێشنیارەكە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

أـ الممارسة الفعلية بعد التخرج من كلية القانون مدة لاتقل عن (    )سنوات في مهنة المحامات او وظيفة محقق عدلي أو معاون قضائي اوكاتب عدل او منفذ عدل او مدير رعاية القاصرين او في دائرة التسجيل العقاري والموظفين العاملين في قسم الحقوق في الدوائر والمؤسسات الرسمية الذين مثلوا امام المحاكم بما لا يقل عن خمسة دعاوي في السنة.

ب – تكون مدة الممارسة العملية في الوظائف المبينة في الفقرة(أ) خمسة سنوات اذا كان قد حصل على شهادة ماجستير في القانون وتكون مدة الممارسةالمذكورة ثلاث سنوات و اذا كان قد حصل على الشهادة الدكتوراه في القانون سواء كانت الممارسة قبل الحصول على الشهادةتين او بعدها.

ج – تحتسب مدة الممارسة في المحامات والوظائف المذكورة في الفقرة(أ)..، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لە سەر بڕگە(٧) تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با(في اللجان والهيئات التحقيقية في الثورة الكوردية والمشاركين في اللجان والهيئات التحقيقية في الثورة الكردية) بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە بەڵگەنامەی پارێزەری هەیە، هەروەها مومارەسەکەی بە مومارسە وەردەگیرێت.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە گەڵ رایەکەی بەڕێز د.کەمالدام کە ئەو هەموار کردنە گفتوگۆی لەسەر بکرێت وبخرێتە دەنگدانەوە، دوومیش ئێمە لیژنەی یاسا دادەنیشن چەند سەعات لە سەر یاسایەکی ئاوا گفتوگۆ دەکەین کە لە بواری پسپۆڕی خۆشمانە و دەگەینە ئاکامێک، دەگەینە هەموارکردنێک گۆڕانێک لەمادەیەک لە بڕگەیەکدا بۆ کورتی کات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم هەموار کردنەکانی لیژنەی یاسا پشت گوێ نەخراوە، ئەو مادانەش کە هەموار کران هی لیژنەی یاسا بوون.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەوانەی کە مامۆستان لە کۆلیژی یاسا ئەوانیشی بخرێتە سەر و، ئەو فەرمانبەرە حقوقیانەی کە باس کران لابرێن، تەنها ئەو کەسە بێ کە سەرۆکایەتی لیژنەی کردووە ئیشی قەزائی کردووە، واتە حوکمی داوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێت و ئەو هەموار کردنەی کە هەیە و، ئەو هەموار کردنەی لیژنەی یاساش هەردووکی بخوێنرێتەوە ئەوە باشترین رێگا دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک بەختیار وتی سەرۆکی لیژنەی (استیلاء)بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد فەتاح رەشید میران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەو بڕگەیەی بخرێتە سەر (ان یکون متخرجا من معهد القضاء بعد الممارسه الفعلیه من التخرج من کلیه القانون مده لاتقل عن (٨) سنوات.. الی آخره..)، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/سکرتێری ئەنجومەن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە دوا دێر لە بڕگەکەدا (الا الموظفین الحقوقیین العاملین في قسم الحقوق في الدوائر والمؤسسات الرسمیة الذین مثلوا امام المحاکم) واتە جارێک مرافعە بکات دیگرێتەوە، سەد جاریش بچێ مرافعە بکات هەر دیگرێتەوە، مەبەست لێرە ئەوە کە شارەزایی هەبێت، بە رای من ئەمەی بخرێتە سەر (الذین ترافع امام المحاکم ما یقل عن خمسة دعاوي في کل سنة)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا پێشنیارێکیان هەیە لەسەر ئەوە گۆڕانە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیاری خۆمانە هەیە، دەیخوێنمەوە(٧- أ) (الممارسة الفعلیة بعد التخرج في کلیة قانون مدة لا تقل عن(٨) سنوات في مهنة المحامات او الوظیفة القانوینة ذات سلطة او معاونا قضائیا في محاکم او کاتب عدل أو مدیرا لتنفیذ او عمدا في الادعاء العام أؤ الموظفین الحقوقیین في قسم حقوق في دوائر المؤسسات الرسمیة اللذین مثلوا امام المحاکم)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابزانین بەڕێز وەزیری داد رای چییە؟.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە کاک فرسەت فەرمووی خۆی دەڵێت: (الممارسه الفعلیه) واتە ئەوە دەعوایەک ودوو دەعوا ناگرێتەوە، ئەو بەردەوامیەی لە دوایە دەبێت بەردەوام بێت لە مورافەعە، کەواتە ژمارەی دەعوا لێرە دیاری ناکرێت، ماوەکە رێکوپێکە و کەموکووڕیی تیا نییە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خاڵێکی نیزامیم هەیە، کاک کەمال لەدانیشتنەکەی پێشو پێشنیارێکی هەبوو بەڕێزت فەرمووی بابمێنێ بۆ دانیشتنی دوای پشوودان ئەو کاتە قسەی لە سەر دەکەین، کاک حسێن عارفیش پێشنیارەکەی دووبارە کردووە، من لە کاتی پشوودان سەیری پێڕەوم کرد هیچ خاڵێک

لە ناودا نەبوو کە چۆن شکات دەکرێت، بە رای منیش مادام پێشنیارێکی تازە هەیە، هەموارکردنێکی تازە هەیە دەبێت گفتوگۆ لە سەر هەموارکردنەکە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا لیژنەی پسپۆڕی کە لیژنەی یاسایە، رای خۆی نەدا لەسەر ئەو پێشنارانەی کە کرا، هەر وەکو لایان دا لە سەر پێشنیارەکان، کاک حسێن عارف هەمان شت بوو، ئێمە پێشنیارەکانی لیژنەی یاسا پشت گوێ ناخەین و، رێشیان دەدرێتێ کە رایان دەربڕن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاک ئازاد دەڵێت: (بعد التخرج من معهد القضائی)«٨» ساڵ بمێنێتەوە ئەوجا بە دادوەر دابمەزرێت، بێگومان دادوەر کە لە پەیمانگای دادوەری دەرچوو، لە سەر دادگا دادەمەزرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد فەتاح رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٨) ساڵی خزمەتی هەبێت وبخرێتە پەیمانگای دادوەریەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا کە دەڵێت: (الحقوقیین المشارکین فی الثورة الکوردیة) نەک لە دادگای شۆڕش بەشدار بێت حقوقییەک لە شۆڕش کوردی(٨) ساڵ، یان(١٠) ساڵ بەشداری کردبێت، مافی خۆیەتی کە بکرێتە دادوەر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێک دەربارەی ئەوەی کە ئێستا جەنابت وتت: ئەو حقوقیەی کە لە شۆڕش کوردیدا(٨)ساڵ بەشداری کردووە، نەک لە مومارەسەی دادوەری ئەوە مافی ئەوەی هەبێت کە بکرێت بە دادوەر؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، چونکە ئەوە لە دەست خۆی نەبووە و نا چار بووە لەبەر پێشمەرگایەتی، یان بارودۆخی سیاسی دادوەریی پێنەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو پێش ئێستاش وتم سەبارەت بەوەی کە فەرمانبەر لە فەرمانگەکان بێت لە بەشە یاسایەکان بە رای من هی ئەوە نییە کە حوکوم بکات لە دوای(٨) یان(١٠) ساڵ ئەوە یەک

دووەم، ئەو حقوقیانەی کە لەلای شۆرش بوون ئێمە دەتوانین ناویان بنووسین یەک دوو سێ...
زیاتر نییە لەبەر ئەوە بە بۆچوونی من نایەویت وەکو حالەتێک بخرێتە یاساکەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بۆ مامۆستای زانکۆ و فەرمانبەری حقوقی وپێشمەرگەی حقوقی، ئەمانە ئەگەر ناوەناوە بچنە دادگاکانیش، بەلام لە راستیدا هەر لەپشتی مێزەوە ئەو کارانە دەکەن و، ئەگەر ناوبەناویش وەکو راوێژکار سەرۆکی فەرمانگەکانیان پرسێکیان پێبکەن، بۆیە (مؤهل)نابن بۆ ئەوەی ببنە دادوەر، سوپاس.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارت بە فەرمانبەری تۆمارکرنی خانووبەرە کە کاک حەسەن دەڵێت: ئیشی قەزائی نییە، او موعاون قەزائیە دەبێت بە معاون قەزائی تەعین بێت و، لە مورافعاتدا ئامادە دەبێت لە دادگا وئیشیشی رێکخستنی مامەڵەکانە، واتە لەگەڵ ئیشی کاتب عەدل لەیەک دەچێت، جا لە بەر ئەوە پێویستە ئەوەش بخرێتە سەری، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەو دەقە پێشنیار کراوە.. بەڕێز وەزیری داد هیچی هەیە؟..
تکایە لیژنەی یاسا و هەر یەکێکی تر، ئەگەر تێبینیان لەسەر ئەو خالانە هەیە کە کاک حسین عارف دیاری کردووە، با سەرنجی خۆیان نیشان دەن، واتا ئایا هەر یەکێک حقوقی تەواو کردبێ و بوو بێتە پێشمەرگەو(٨ـ ٩) سالێک پێشمەرگە بووبێ و هیچ پەیوەندییەکی بە یاساوە نەبوبێت، لە سەر قسەکەی کاک سەید حەسەن ئایا بۆی هەیە ببێت بە دادوەر؟ ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەک لە سەر رای لیژنەی یاسا کە یاسای سەرۆکی لیژنەکانی (استیلاء) مورافعات لە دادگا نەکردووە، جابۆیە نابێت ببن بە دادوەر لایەنی دووەم، کە کاتب عەدل لە دادگا ئامادە دەبێت، ئەزانێت ئیشوکاری دادگا چییە، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە تا رادەیەک لەگەڵ قسەکانی کاکەڕەشین، بەلام کە دەگوترێ سەرۆکی لیژنەی (استیلاء) یاسا جێبەجێ دەکات ،ئەی سەرۆکی لیژنەکانی تری فەرمانگەکان چی جێبەجێ دەکەن، دەڵێ بریارەکانی لیژنەی استیلاء دەخرێنە ژێر (طعن) ، بریارەکانی هەموو دادگایەک و هەموو فەرمانگەیەک دەخرێتە ژێر(طعن)و، رێگای یاسای خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا وەڵامی پرسیارەکەی ئەندامی خۆیان کاک حسێن عارفی نەدایەوە، ئایا ئەو پێشمەرگانەی کە بەڵگەنامەی حقوقیان هەیە و، بێ ئەوەی مومارسەی هەببێت، ئایا دەبێت بە دادوەر ،یا نە؟، وەڵامیان نەدایەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە مافی مافپەروەرانی (حقوقی) کە بەشداری شۆڕشیان کردووە بپارێزرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوە نیم کە خاڵێکی لاواز بخرێتە ناو یاساکە، با ئەندامە یاسا ناسەکان ئەمە چارەسەر کەن، سوپاس.

**بەڕێز حسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دادوەری ئەو پیشەیە نییە کە بە ئاسانی بدرێتە خەڵک، باشە بۆ چەند کەسێک ئێمە بۆ دەسکاری یاساکە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی تووشی کێشە نەبین روون کردنەوەیەکی لەسەر دەدەم. لەوانەیە(٢ـ ٣)ساڵی تر پەیمانگای دادوەری لە کوردستاندا بکرێتەوە ئەوەی دیکە (ذات صیغة قضائیة أو وظیفة قانونیة ذات هیئة قضائیة)، مجلسی قضاء با بۆ خۆی رێنماییەک دەر بکات وبلێ فلان وفلان دەسەڵاتی دادوەری هەیە مومارسەی هەیە، یا نیەتی.

ئێمە لێرە روونی بکەینەوە دوای تووشی هەڵە دەبین، بەراستی سەرۆکی لیژنەی (استیلاء واراضی) فەرمانبەرێکی حقوقییە کە بە بەردەوامی لە ساڵێکدا( ٢٠ ) دەعوای حقوقی دەبینێت ئەوەمافی نەبێت، بەڵام کاتب عەدلێک هەر مۆر لێدەدات مافی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کار کردن لە دەزگاکان و لە دادگاکانی شۆڕشدا دیسانەوە هەر وەکو ئەوەیە کە ممارسەی دادوەری و پارێزەری بکەیت، بۆ ئەوەی ئێمە لەم کێشەیە رزگارمان بێت، دەقێکمان لە بەر دەمدایەو پێشنیارێکیش هەیە، باشتر وابوو کە پێشنیارەکە بە نووسراوی بوایە، پاشان با بزانین لیژنەی یاسا پێشنیارەکەیان پەسەندە، ئەگەر پەسەندیانە بەو شێوەیە دەخرێتە دەنگدانەوە بۆ پەسەند کردنی، یا رەت کردنەوەی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مادەیەی کە خوێنرایەوە، ئێستا لە سەر گەلێ بیروڕای جیاواز هەیە، بۆ نموونەی دەقی

ئەوەی کە پێشمەرگە ببێت بە دادوەر، بە رای من ئێستا لیژنەی پەیوەندار کە لەم حاڵەتەدا لیژنەی یاسایە چەند راو بۆچوونێکیان هەیە، پاشان یاساکە دەخرێتە دەنگدانەوە و دەڵێت کێ تێبینی هەیە، پاشان لیژنەی پەیوەندار تێبینی خۆی هەیە، کەواتە گفتوگۆی مادەکە(١٠ تا ١٥)رۆژ دەخایەنێت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من مادەکە زۆر دووردرێژە، ئەگەر بەیەک جار بخرێتە دەنگ دانەوە زۆر ئاڵۆز دەبێت، با لە پێشانا ماوەی (٨) ساڵەکە بخرێتە دەنگدانەوە، پاشان ئەوەی پێشمەرگە کە ببن بە دادوەر، یان نەبن بخرێتە دەنگدانەوە، پاشان ئەو پێشنیارانەی کە کراوە بۆ فەرمانبەری تری بخرێتە سەر ئەوەش بخرێتە دەنگدانەوە، با برگە بە برگە بخرێتە دەنگدانەوە، عەمەلی ترە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رایەکەی بەڕێز کاک فەرسەت دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ رایەکەی کاک فەرسەتدایە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا پێشنیارێکمان هەیە کەوا ماوەی خزمەتەکە بکرێتە(١٠)ساڵ بێت، هەرچەندە خۆی لە برگەکەدا (٨)ساڵ هاتووە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ماوەی خزمەتەکە بکرێتە(١٠)ساڵ؟.. دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا ماوەکە دەنگدانی لەسەر کرا و، ماوەی خزمەت بوو بە(١٠) ساڵ، کەواتە دەبێت برگە دووش هەموار بکرێت بە(١٠) ساڵ، ( ان لایقل عمره عن«٣٢» سنة)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە دەنگدانی لە سەر کرا.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم برگە(٢)ی مادەکە پێویستی بە دەسکاری کردن نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کە دەڵێین (علی ان لا تقل عن(٣٠) سنه) واتە دەبێت لە(٨) ساڵ خزمەتی کەمتر نەبێت، چونکە کە حیساب دەکەی تەمەنی(٢٢)ساڵەکاتێ کە کولێژ تەواو دەکات و،(١٠) ساڵیش خزمەتی دادوەری یا پارێزەری هەبێت، کەواتە تەمەنی دەکاتە(٣٢)ساڵ، لەبەر ئەوە دەبێت برگە(٢)ی مادەکە هەموار بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحــمـــەد مـــەحــمـــود یوســفی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

بە رای من پێویستی بەهەموارکردن نییە، چونکە ئەو کەسەی کە دێت بۆ ئەوەی دامەزرێت ئێمە تەماشای ئەوە دەکەین کە بزانین چەند ساڵ خزمەتی هەیە، جا کە (٨)ساڵ خزمەتی هەبوو ئەو کاتە تەمەنی لە (٣٠)ساڵ کەمتر بێت، یا زیاتر ئەو کەسە لەبەر ئەوی کە مەرجی خزمەت کردنی تەواو نییە وەرناگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز مـــەعـــروف ڕەئـووف خــضـــر/ وەزیری داد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئەگەر بێت و بە(١٠) ساڵ دیاری بکرێت، دەبێت تەمەنی (٣٢) ساڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنـســـــۆ تـۆمــــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئەو (١٠) ساڵە خزمەتە گەورەترین کێشەی بۆ ئێمە چارەسەر کردووە، مەرج نییە هەر کەسێک تەمەنی(٣٠) ساڵ بێت ببێتە دادوەر، بەڵام خۆی وای لێ دێت کە لە(٣٢) ساڵ تەمەنی کەمتر نابێت، هەچەندە مەرجیشە کە لە(٣٠)ساڵ تەمەنی کەمتر نەبێت، واتە(٣٥ـ ٣٦ـ ٣٧) بێت، تاوەکو ئەو (١٠) ساڵە تەواو بەکات، نابێتە دادوەر، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

مەسەلەی تەمەنەکە دەنگمان لەسەر کردووە و، هی(١٠)کەش دەنگمان لەسەر کردووە.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامـق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

(مدة لا تقل عن(١٠) سنوات في مهنة المحامات)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە عەمەلی نییە، هەقە لیژنەی یاسا پێشنیارێکیان هەبێت لەو بارەیەوە، ئەگەر نە ئەوا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، هەر ئەندامێکی پەرلەمان ، یا وەزارەتیش ئەگەر پێشنیارێکیان هەبێت ئەوە پێش تر باسی دەکەین و، دەیخەینە دەنگدانیشەوە.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـمـــەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

بە رای من ئەوەی دەبێتە دادوەر لە(١٠) ساڵ خزمەتی کەمتر نەبێت و، ئەمەش دەنگدانی لەسەر کرا، کەواتە بڵێین:(من لە(١٠) سنوات من خدمة قضائية)، پاشان ئەو خزمەتە قەزاییە با وەزارەتی داد خۆیان دیاری کەن کە چییە، ئیتر ئێمە لێرەدا بیبڕینەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

(الممارسة الفعلية بعد التخرج في كلية القانون مدة لا تقل عن(١٠) سنوات في مهنة المحامات او وظيفة قانونية او سلطة قضائية او التخرج من معهد القضائي ..)، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕگەیەی کە خوێنرایەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

ب -(ان يكون مدة الممارسة الفعلية في الوظائف.. المبينة في الفقرة(أ) خمسة سنوات اذا كان قد حصل على شهادة ماجستير في القانون وتكون مدة الممارسة المذكورة ثلاثة سنوات اذا كان قد حصل على شهادة الدكتوراة في القانون سواء كانت الممارسة قبل الحصول على الشهادتين او بعدها ..).

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکیان نییە لە سەری؟.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

هیچ تێبینییەک نییە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کەس تێبینی نییە؟، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ خاڵی(ب) لە بڕگەی(٧)دایە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

ج - (تحتسب مده الممارسه فى المحامات والوظائف المذكوره فى الفقره(أ) بعضها على بعض لغرض التعيين).

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە(ج) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

پێشنیار دەکەم لەم بڕگەیەدا ئەمەی بخرێتە سەر وبوترێت:(ان يجتاز متقدم امتحانا شفهيا او تحريريا مع التخرج من دورة فنية مدة لا تقل عن(١٦) اشهر..)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسا چییە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم پێشنیارەی بخرێتە سەر؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەبێتە برگە(د)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة «الرابعة والثلاثون»:

١- يقدم الطلب بالتعيين حاكما الى وزارة العدل وفقا بالشهادات الدراسية والوثائق الاخرى المطلوبة في شروط التعيين وعلى الوزارة ان ترسل الى مجلس القضاء طلبات التعيين مع وثائقها اذا كانت مستكملة الشروط وفق القانون مع تقرير من كل فهم تتضمن خلاصة خدماته وسلوكه وكفائته.

٢- يجتاز مجلس القضاء الارجح من بين طالبي التعيين مع مراعاة الفقرة الرابعة من المادة الثانية والثلاثون ويرسل اقرار التعيين الى الوزارة لاصدار رسوم اقليمي بالتعيين.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوە نەبووم کە ئەوە بچێتە ناو یاساکەوە، بەڵام بۆ ئەو پارێزەرانەی کە بەشداری شۆڕشیان کردووە، لەسەر هیچ شتێک ڕێک نەکەوتین کە چییان بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا و هەموو ئەندامان رای دا کە ئەو پارێزەرانەی کە ممارەسەیان کردووە، دەیانگرێتەوە. کێ تێبینی هەیە لە سەر ئەم مادەیە؟ کەس.. ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (الخامسة والثلاثون):

اولا: يحدد وزير العدل المحكمة التي يباشر الحاكم عمله فيها بعد صدور المرسوم الاقليمي بتعينه.

ثانيا : لا يمارس الحاكم اعماله الا بعد ادائه اليمين التالية امام رئيس الاقليم« اقسم بالله ان اقضي بين الناس بالعدل وان اطبق القوانين بامانة ونزاهة وحياء » .

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (السادسة والثلاثون) :-

١- يعين رئيس محكمة التميز من بين نواب الرئيس او من اقدم حكامها اذا كانت مدة ممارسة خدمته القضائية لا تقل عن خمسة وعشرين سنة.

٢- يعين نائب الرئيس من بين حكام التميز اذا كانت مدة ممارسته وخدمته القضائية لا تقل عن اثنين وعشرين سنة.

٣- يعين الحاكم لمحكمة التميز في الصف الاول او من؟ مدة ممارسة وخدمته القضائية لا تقل عن عشرين سنة.

٤- يعين رئيس محكمة التميز ونائبه وحاكم محكمة التميز بمرسوم اقليمي بناء على قرار من مجلس الوزراء.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە مادەی(٣٦) پێشنیارێک هەیە دەڵێت:(يعين رئيس محكمة التميز من ستة نواب الرئيس)، باشە کە ئێمە یاساکە دادەنێین پێویست نییە دیاری بکەین لە نوابی سەرۆک، چونکە لە بنەڕەتەوە سەرۆک هەر نییە جارێ و،نازانێتیش نائبەکانی لە کوێن، مادەی یەکەم (تشكيل قضائي) یەکەم دیاری ڕەوشتی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە بکەین بۆ ئەو کەسانە کە(٢٥)ساڵ خزمەتی دادوەریان هەیە، چونکە جارێ سەرۆکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نییە ورازیشین لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم جار بە شێوەیەکی ئیستسنائی دەڕوات ،خۆ یەکسەر دانەمەزراوە و، بەشێوەیەکی دیکە لەم یاسایەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مادەیە دووبارە دەبێتەوە لە مادە(٤٠)دا کە ئەڵێت: (يعين نائب رئيس محكمة التميز بمرسوم اقليمي بناء على اقتراح وزير من بين حكام)، تەنها خاڵی نیابەتەکەی(٣) ساڵ دەبێت کە(٢٢) ساڵە سەبارەت بە ئەو (يعين محكمة التميز بمرسوم اقليمي بناء على اقتراح الوزير) لە بەر ئەوەی وەزیرە، واتە تێکەڵاوی نەبێت، جا پێشنیارە دەکەم کە لە بەڕێز وەزیری داد بپرسن بزانن بۆچی وایە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە مادەی(٤٠)ە کە کاک حسێن باسی دەکات، واتا باس لە مەسەلەی دامەزراندنی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەیە، بەڵام مادەی(٤٠) وابزانم برگە(١) لەگەڵ برگە(٤)ە، ئەمانە هەموو پەیوەندییان بە دامەزراندنی دادگایی تێهەڵچوونەوەوە هەیە، بۆ نموونە ئەگەر تەماشای برگەکانی (١- ٤) بکەین دەبینین هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مادەی(٣٦) هەڵگرین و، یاخود تەنها مادە(٤٠)کە هەیە دانێین، کە هەمان شتی تیادایە، راتان چییە بەرامبەر ئەمە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە لە مادە(٤٠)دا هاتووە، بۆ حاڵەتێکی دیکەیە، واتە بۆ ئەو حاڵەتە نییە، بۆ نموونە ئەوەی کە لە (٤)دا هاتووە دەڵێت:( يعين نائب رئيس محكمة التميز بمرسوم اقليمي بناءا علي اقتراح وزير العدل من بين حكامها من بين حكام محكمة التميز) ئەوە حاڵەتی بەردەوامییە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم بەڕێز کاک ئەیاد لەبیری چووە کە ئێمە ئەو مادەیەمان ڕاگرتووە، تاوەکو پرسیار لە بەڕێز وەزیری داد دەکەین، پێویستە ئێستا کاک ئەیاد ئەم مەسەلەیەمان بۆ ساغ کاتەوە، کە بۆچی ئەو رایە دەدات؟!، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**
**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

یەک روون کردنەوەیەکم هەیە، ئەگەر روخسەت هەبێت بەراستی ئێمە کە بمانەوێت ونەمانەوێت مـەرجی یاسـایی(قـضـاء تشـریع) لە عـێـراق هی ئەمـڕۆ نیـیـە، بەراسـتی ئەوە خـەڵـک لە ساڵی(١٩٩٢)وە دانیشتووە یاسا دادەنێت، واتە ئەوەی لە بارەی دەسەڵاتی دادوەریەوە هاتووە من بڕوا ناکـەم بە هەڵەدا چووبم، واتا ئەم پرۆژەیەش هەر لەوێ وەرگـیـراوە، دەقی ئەو مـادانەی ئێمـە دەمانەوێت بیخەنە دەنگدان بە دەق تێیدایە، چونکە ئەوە حاڵەتێکی ئیستسنائی باس دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حســـێن عـارف عـــەبدولڕەحـــمـــان:**
**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بە رای من با ئەو دوو مادەیە واز لێ بێنین تا وەکو ساغ دەکرێتەوە، با بڕۆین بۆ سەر مادەکانی تر، چونکە بەراستی یەکەم جار وازمان لێ هێناو راوەستاین، بەڵام نازانم بۆ دوایی گەڕاینەوە سەری، وابزانم ئەم مادەیە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، یا بمێنێ بۆ دانیـشـتنێکی تر تا سـاغی دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

هەموومان رامان وایە کە ئەو دوو مادەیە(٣٦- ٤٠) دوابخرێن.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة (السابعة والثلاثون):ـ

اولا: تكون درجات ورواتب الحكام وعلاواتهم السنوية ومدة ترفيعهم كما ياتي:

| الدرجة | الحدود | الراتب بالدينار | العلاوة | مدة الترفيع |
|---|---|---|---|---|
| أ | ٥٢٠ | ٥٩٠ | ١٤ | – |
| ب | ٤٦٠ | ٥٠٠ | ١٢ | ٥ |
| ج | ٣٨٠ | ٤٣٥ | ١٠ | ٥ |
| ء | ٣١٠ | ٣٧٠ | ٨ | ٥ |

ثانيا: أـ يكون رئيس محكمة التميز بدرجة وزير ويتقاضى راتب الوزير ومخصصاتيه.

ب ـ يكون راتب نائب الرئيس وحاكم محكمة التميز(١٠٠٠) دينار.

ثالثا ـ يمنح الحاكم علاوة تلقائيا من الحد الادنى الى الحد الاقصى بكل درجة على الوجه المبين في البند الاول من هذه المادة وذلك عند اكماله سنة من الخدمة.

رابعا ـ يتقاضا الحكام بما فيهم نائب رئيس محكمة التميز وحكامها مخصصات قضائية على الوجه الآتي:

| الراتب | في الاقضية والنواحي | في مراكز المحافظة |
|---|---|---|
| ٥٢٠- ٥٩٠ | ٨٠٪ من الراتب | ٧٠٪ من الراتب |
| ٤٦٠- ٥٠٠ | ٩٠٪ من الراتب | ٨٠٪ من الراتب |
| ٣١٠- ٤٣٥ | ١٠٠٪ من الراتب | ٩٠٪ من الراتب |

ب ـ يشترط في من يتقاضى المخصصات وفق النسب المذكورة في الفقرة.

ج ـ ان يكون مقيما في مقر عمله وبخلاف ذلك يتقاضا النسبة الاقل من هذة المخصصات بين محل اقامته ومحل عمله.

خامسا : أ ـ يمنح الحكام بمن فيهم نائب رئيس محكمة التميز وحكامها مخصصات السكن المقطوعة(٢٠٠) دينار.

ب ـ عند اشغال الحاكم دارا تعود للدولة فعلى دائيرته تسديد المبلغ المذكور في الفقرة(أ) من هذه المادة الى الجهة التي تعود لها الدار كبدل ايجار.

ج ـ يحرم من مخصصات السكن من يملك دارا في مقر عمله او من لا يقيم في مركز عمله.

سادسا : يتقاضى الحكام بمن فيهم نائب رئيس محكمة التميز وحكامها **مخصصات مقطوعة على** الوجه الآتي :ـ

| | |
|---|---|
| أ ـ الصنف الاول | ١٠٠٠ الف دينار. |
| ب ـ الصنف الثاني | ٨٠٠ ثمانمأة دينار. |
| ج ـ الصنف الثالث | ٦٠٠ ستمأة دينار. |
| د ـ الصنف الرابع | ٤٠٠ اربعمأة دينار. |

سابعا : ـ يكون مركز الحكام فيه من الوظائف ذات درجات خاصة.

ثامنا : ـ يتقاضى رئيس الادعاء العام ورئيس ديوان التدوين القانوني المدونون للقوانين ومدير التسجيل العقاري العام والمشرفون العدليون مخصصات قضائية ومخصصات المسكن المقطوعة المنصوص عليها في هذه المادة وفقا لاحكامها اذا كانوا من غير الحكام.

تاسعا : ـ تستثنى المخصصات القضائية ومخصصات المسكن والمخصصات الخاصة المقطوعة التي تمنح بموجب هذه المادة من احكام اي قانون يتعارض معها.

بەڕێز رای لیژنەی یاسا لە سەر( ٥ـ ٦ـ ٧) هەیە، ئەگەر بوارم بدەنێ بیخوێنمەوە:ـ

خامسا :ـ من المادة(٣٧) رای لیژنەی یاسای ئەوەیە:ـ

١ـ يمنح الحكام بمن فيهم نائب رئيس محكمة التميز وحكامها والمدعون العامون ونوابهم مخصصات سكن مقطوعة مقدارها(٣٠٠) دينار.

(٢٠٠) کەمە(٣٠٠) بێت زیاتریش بێت ئەو باشترە، ئەوە رای لیژنەی یاسا(٣٠٠)ە.

سادسا : ـ يتقاضي الحكام بمن فيهم نائب رئيس المحكمة وحكامها والمدعون العامون ونوابهم مخصصات مقطوعة علي الوجة الأتي :

ئەوە هاتووە نووسراوە..

فقرەی(٧) رای لیژنەی یاسا ئەوەیە کە ئەو برگەیە هەڵبوەشێتەوە، لەوانەیە خۆی خشتەیەک دەرکات بۆ پلەی تایبەتی وئەوانە ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو(٣٠٠) دینارەی خانوو لەگەڵ(١٠٠٠) دیناری دەرماڵە ، ئەگەر وەزعەکە بگۆڕدرێت، ئایا ئەو دەرماڵەیە هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە ، یان کەمی دەکەینەوە؟.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی مەسەلەی دیاری کردنی مووچە و دەرماڵە ، ئەگەر لە پەرلەمانەوە دەرچوو مانای ئەوەیە ناگۆڕدرێت، مووچە ودەرماڵە سیستەمێکی تایبەتی خۆی هەیەو، وەزارەتی دارایی و ئەنجوومەنی وەزیران دیاری دەکات، ئەگەر ئێمە دای بنێین هیچ دەسکاری ناکرێت و ، ئەوە بڵاو دەکرێتەوە بۆ گشت مامۆستای زانکۆکان و ، هەروەها بۆگشت پلەدارێک لە بەر ئەوە بە رای من ئێمە نەچینە ناو ئەم بابەتەوە، بەڵکو بگەرێتەوە بۆ شوێنی خۆی و ئەو مادانە گشتی لە دەسەڵاتی وەزیری داد و دارایی وئەنجوومەنی وەزیرانن، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ئینگلتەرا ولە چەند دەوڵەتێکی رۆژئاوای دیموکراتی تر هەیە دادوەر چەکی سپی بۆ دەچێتە ماڵەوە، واتە مووچەی نییە ، کە چەکی سپی بۆی دەچێت ماڵەوە بە ئارەزووی خۆی چەندی بیەوێت چەندی پێویست بێ پری دەکاتەوە و وەری دەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە لە کوێ؟ نەخێر لە ئینگلتەرا قەت شتی وا نییە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوجا دادوەر هەرچی بۆ بکرێت هێشتا کەمە ، واتە دەبێت باری ژیانی هیچ کەموکووریی تیادا نەبێت، چونکە ملیۆنەها دینار رۆژی دێتە بەر دەستی ، ئەگە ئەو خەریکی ئەوەی بێت چۆن پارە دابین کات بۆ کیلۆیەک گۆشت چۆن کرێ خانوو دابین بکات، دەبێت دادوەر مووچەی بۆ زیاد بکرێت نەوەک کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تەنها ئەو تێبینییەم هەیە، بەراستی هیچ لێپرسراوێک لە لێپرسراوانی دەوڵەتی دیموکراتی چەکی سپی بۆ نارواتەماڵەوە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە راستی ئەو حساباتە و ئەوەی کە تێدا هاتووە ومن وای تێگەیشتووم کە ئەمە لە یاسای تازەی قەزایەی عێراقیدا وەرگیراوە و، ئەگەر سەیری بکەین ئێمەش لە عێراقداین، لە بەر ئەوە من بەکەمی دەزانم وئەوە زیادی تێدا نییە، با پەسەندیش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێزی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە تێبینی ئەوە نەکرا کە ئەوە زۆرە یان کەمە، تێبینییەکە ئەوەیە لە هیچ وەزارەتێک دامان نەناوە کە ئەوەندە بەڕێوەبەری گشتی وەری بگرێت، یاسای وەزارەتەکانی تریش هیچمان دانەنا، هەتاکو دامان نەناوە کە وەزیر چەند وەردەگرێت.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەگوێرەی یاسای خزمەتگوزاری شارستانی دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت، بەڵام ئەوەی کە جەنابتان ئاماژەتان پێ داوە سەبارەت بە سنووری وەزیفە، چونکە سنووری وەزیفە سەبارەت بە فەرمانگەکان دەڵێت: (معاون ملاحظ) لە هەر جێگا بێت مەعاشی خۆی بۆ دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دادوەرەکان ئێستاکە ئەو پارەیە وەردەگرن، مووچەیان ئەوەیە حاڵی حازر کە گەیشتە پۆلی یەک مووچەی رادەوەستێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا پێشنیارێک هەیە، کە ئەم دوو هەموارکردنەی تیادا بکرێ واتە:

١ــ (المدعون العامون ونوابهم)ی بخرێتە سەر.

٢ــ دەرماڵەی نیشتەجێ، لە(٢٠٠) دینارەوە بکرێت بە(٣٠٠) دینار.

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دوو هەڵەیە هەیە لە رووی مووچە و سەرمووچەوەکە(١٠) دینارەو، پلە بەرزکردنەوەش(٥)

ساڵە، لە ١٠٪ دەگاتە (٦٠) دینار (٦٠+٤٦٠) دەكاتە (٥٢٠) دینار، هەرچەندە حەدی ئەعلای تری دانراوە كە (٥) ساڵە ئەوە و هەڵەیەكی تریش (٣٠٠) (يمنح حاكم علاوة تلقائية من الحد الادنى الى الحد الاقصى تلك درجة على الوجه المبين في البند)..واتە یەک ساڵ خزمەت تەواو بكات لە چوار ساڵ دەچێت بۆ (٥) ساڵ ئەوە لاچێ نەمێنێت دەبێت بە( يمنح الحاكم علاوة تلقائية لكل درجة على الوجه المبين في البند اولا في هذه المادة وذلك عند اكماله سنة في الخدمة).. ئەوەی تر زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەسەلەی حسابی بێت ئێمە دەتوانین چارەسەری بكەین، بەڵام سەبارەت بە بڕگەی دووەم كە دەڵێت: (لاكمال سنة في الخدمة) من پێموایە (السنة الاولى بعد تعينه)بێت، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە (تلقائيه) (علاوه) دەگەڕێتەوە، بەس بە پێی ئەو خشتەیە نەک بڵێت:( من الحد الادنى الى الحد الاقصى) بەرای من ئەوە لابچێت، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو خشتەیە راستە، چونكە ئێمە یەكەم دامەزراندن لە(٣٠٠)وە دەست پێدەكەین ساڵ بە ساڵ سەرمووچە وەردەگرێت، پاش ساڵی یەكەم هەر سەرمووچەی(٨) دینارە خشتەكە تەواوە و، ئێمە راوێژكاریشمان هەیە، ئەگەر ئەنجومەن رێ بدات بانگی كەین با زیاتر روونی بكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ دەنگدان هەر دوو پێشنیارەكە بە جارێک مەخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە (المدعون العامون وانوابهم)ی بخرێتە سەر؟..دەست بەرزكرایەوە.. كێ دژە؟ كەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە دەرماڵەی نیشتەجێكردن لە (٢٠٠)دینارەوە بكرێت بە(٣٠٠)دینار؟.. دەست بەرزكرایەوە.. كێ دژە؟ كەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

جا مادەی(٧) چییە؟

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجوومـەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە هەڵبوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مـەعـروف ڕەئووف خـضـر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجوومـەن.**

ئەوە زۆر پێویستە هەبێت، چونکە دادوەر خۆی پلەیەکی تایبەتییە لە هەموو جێگایەک وەبزانم ئیمتیازاتی هەیە، ئەگەر بێت و بیدرێتێ پشتگیری یەکە بۆ دادوەر کە ئێستا گرنگ ترین کارە دەیکات لە هەرێمدا، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجوومـەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مەرکەزی دادوەر و وەزیفەکەی پلەی تایبەتی بێت؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەرنەگیرا، لەبەر ئەوە ئەو برگەی(٧) لا دەبرێت.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـمـەد ڕەشـید زەنگەنە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجوومـەن.**

پێشنیار دەکەم کە ئەو مادەیە بخرێتە سەر مادەیەکی تر، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجوومـەن:**

ئەوە باس کراو وتیان ئەوە لە بنەڕەتەوە لە هەموو یاسایەکدا هەیە، چونکە یاسایەک نییە کە پلەی هەبێت وەکو فەرمانبەری تر.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـمـەد ڕەشـید زەنگەنە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجوومـەن.**

وەکو لە پێشەوە وتم من لەگەڵ ئەوەدانیم ، بە ڕای من دادوەرەکان بەپێی نیزامێکی تایبەتی مووچەیان پێبدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجوومـەن:**

مادەی(٣٧) کە دەرماڵەی تیادا دیاری کراوە، لەسەر پێشنیاری بەڕێز کاک عەبدولخالق کە دەڵێت: ئەو مادەیە هەڵبوەشێتەوە، نەک لە بەر بڕی مووچەکە، بەڵکو لە بەر ئەوەی بخرێتە دەسەلاتێکی تر و لەم یاسانە بێت، جاکێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە هەڵبوەشێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ مادەی(٣٧) وەکو خۆی مایەوە.

پاش ئەو هەموار کردنە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەربگیرێت؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

المادة الثامنة والثلاثون «الفصل الثالث».

اولا : يرفع الحاكم من درجة الى درجة اعلى بقرار من مجلس القضاء بعد قضاء المدة المحدودة في درجة من البند الاول من المادة(٣٧) من هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو سێ وشە هاتووە لە یاساکە، حەز دەکەین بەڕێز وەزیری داد جیاوازی لە نێوان (درجە وصنف) و، نێوان (ترقیە وترفیع)مان بۆ روون کاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(درجە) پەیوەندیی بە دادگاوە هەیە و، (صنف) پەیوەندیی بە وەزیفەوە هەیە، هەندێ وەزیفەش هەیە کە دەسەڵاتەکەی پێویستە هەبێت، ئەو جا بتوانێ ئەوە وەزیفەیە جێبەجێ بکات، وەکو ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوە نییە، یان پێداچوونەوە، یان سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە، جیاوازیەکە لە وەزیفەکەدایە، جا دەبێنی دادوەرە لە سنفی (٣)یەو وەزیفە و مووچەشی گەیشتووەتە سنفی یەک، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لوتف کراوە لەگەڵ ئەوە دادوەرانە کراوە کە دەچنە دەرەوە وئیجازەی خوێندنیان پێ دەدەن کە(٣) ساڵە، ئەوە یارمەتیەکی یەکجار زۆرە کە ئیجازەی پێدەدرێت وهەمان مووچەو دەرماڵەیان وەردەگرن کە لێرە وەردەگرێت، ئەگەر لەو خاڵە بکوڵرێتەوە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە زۆر پەیوەندیی بە لیژنەی یاساوە نییە، زیاتر پەیوەندیی بە لیژنەی داراییەوە هەیە کە رووە مادیەکەی لێک دە داتەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێ ئەوە پەیوەندیی بە یاسا، یان سیستەم، یان رینمایی ئیجازاتی خوێندنە، ئەوە لەوێدا چارەسەر دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم لە زۆر شتدا گوێ دەدەینە یاسایەکی یەکگرتووی عێراقی، لەمەیاندا لەمەسەلەی مووچە وابزانم دەبێت تارادەیەکی زۆر خۆمان ببەستین بەو یاسا گشتییانەی کە لە عێراقدایە و، بەتایبەتی مووچە ئەویش لەبەر هەندێ هەلومەرج کە باری کوردستان جیا بێت ئەوە شتێکی ترە، دووەم وەک بەڕێز حسین عارف وتی ئێستا دانیشگای مامۆستایان بەپێی یاسا هەر(٥) ساڵ

جارێک دەتوانرێت (تفرغ علمی) بدرێتێ لەدەرەوە، یان لە ناوەوە ئێستا ماوەیەکە نایدەنێ، چونکە یاسا هەیە کە مامۆستای دانشگاکان کەچوو بۆ (تفرغی علمی) مووچەکەی خۆی وەردەگرێت و، لەو لا دەرماڵەکەشی دەدەنێ ئەمە بووە دەرجە، بەڵام کە چوو بۆ بڕوانامەی بەرز تری وەرگرت هەموو کاتێک بڕوانامەی بەرزتر قدمی دەدەینێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕای من ئەو دەرماڵەیە دیاری کراوە، بە سیفەتی دادوەر ئەو کەسە کە بە ئیجازەی خوێندن دەچێت، ڕاستە دەگۆڕێت لە دادوەرێکەوە بۆ قوتابییەک، کە دەبێتە قوتابی سەر بە نیزامێکی تایبەتی دەبێت، نیزامی خوێندن، یان نیزامی زەمالاتە، یان ئیجازاتە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لێرە هەر باسی دەرماڵە نەکراوە، ئەگەر تەماشای مادەکە بکەین (تعتبر اجازة دراسية خدمة قضائية فقط) واتە جیاوازی خزمەتی کردووە، وەکو خزمەتی خۆی، بەڵام جیاوازی کردووە لە نێوان هەر دوو خزمەتەکە، ئایا قەزائیە ئیعتبار دەکرێت، یا خود خزمەتێکی بە کردەوە، وەکو هەر فەرمانبەرێکی گشتی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە پاش ئەو ڕوونکردنەوە مادە(٣٨) بڕگە(١) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەس، کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

ثانیا: یراعي مجلس القضاء عند النظر في ترفیع الحاکم تقاریر رؤوساء مناطق الاستئنافیة والمشرفین العدلیین فیما یتعلق بکفائته وحسن ادارته ورأي وزارة العدل فیما یتعلق بسلوکه.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکیان نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگە(٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

ثالثا: یصدر مجلس القضاء قراره بترفیع الحاکم اذا تأیدت اهلیته للترفیع وتصدر وزارة العدل امرا بذلك.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا تێبینی هەیە لەسەر بڕگەکە؟ کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگەی(٣)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

رابعا : لمجلس القضاء ان يؤجل بقرار مسبب ترفع الحاكم مرة لا تقل عن ثلاثة اشهر ولاتزيد على سنة ولاكثر من مرة واحدة اذا وجد انه غير اهل لذلك.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر بڕگە (٤).

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من ماوەکە دیاری نەکرێت بە (٣) مانگ، تەنیا بگوترێت (لا تزيد عن سنه)، واتە دواکەوتنەکە لە ساڵێک زیاتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وای دەبینین مادەکە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە دواخستنی ترفیع واتا سزادانی دادوەرەکە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم (ولأكثر من مرة واحدة) ئەو پێشنیارەی بەڕێز کاکەڕەش جێبەجێ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بەر خاتری لیژنەی یاسا ئیمتیازاتێکی زۆر دراوە بە دادوەر، چونکە بچوکترین دادوەر ئێستا (١٣٢٠) دینار وەردەگرێت و، کۆنترین دادوەر (٣٠٠٠) دینار وەردەگرێت جگە لە دەرماڵەی منداڵەکانی، هەروەها بۆ ئەوەی دادوەرەکان ئیشی خۆیان بەرێکوپێکی بکەن پێویستە پلە بەرزکردنەوەیان لەبیر نەکرێت و، پێشنیار دەکەم کە (لا تزيد عن سنة) لابچێت لە مادەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم بڕگەی(٥) ئەوەی چارەسەر کردووە، ئەگەر دادوەر لێهاتوو نەبێت ئەنجوومەنی دادوەری داوا دەکات کە دادوەرەکە لە دادوەری لابدرێت، بەڵام پێشنیارەکەی بەڕێز جەمیل ئەمە چارەسەر دەکات.

سەبارەت بە دیاری کردنی ماوەکەش بە سێ مانگ، راستە ئەگەر ئەو ماوەیە دیاری بکرێت ئەوا دادوەر هەست بەوە دەکات سزا دراوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە(٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ برگە (٤) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

(خامسا: يجوز انهاء خدمة الحاكم او نقله الى وظيفة مدنية بمرسوم اقليمي بناءاً على قرار من مجلس القضاء، واقتراح من وزير العدل اذا تأجل ترفيعه اكثر من مرتين متتاليتين بنفس الدرجة).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی هەیە لەسەر برگە (٥)؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دادوەریش هەر وەزیفەیەکی شارستانییە، پێشنیار دەکەم بۆ ئەویش دەبێ بوترێ (الى وظيفة غير قضائية)، چونکە (ئەنجوومەنی دادوەری) سەربازی نییە، بەڵکو شارستانییە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاکەڕەش دەکەم، راستە پێویست ناکات مەرسومی بۆ دەربچێت، تەنیا ئەنجوومەنی وەزیران فەرمانی پێ دەربکات بەسە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی وەزیفەی شارستانی بەجێی دەهێڵین بۆ بەڕێز وەزیری داد وەڵامی بداتەوە.

سەبارەت بە تێبینییەکەی بەڕێز جەمیل سندی، خۆی هەمیشە دامەزراندنی دادوەر بە مەرسوم دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیفەی دادوەری ئەگەر بگۆڕێت بۆ وەزیفی شارستانی، ئەو کاتە دادوەر دەرماڵەو مووچەکەی کەم دەبێتەوە، لەوانەیە (٣٠٠٠) دینارەکە دێتەوە سەر (٦٠٠ـ ٧٠٠) دینار، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەو پێشنیارە لەگەڵ رای بەڕێزتان دەگونجێت.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوولامان هەیە لایەک قەزا، لایەک یاسای شارستانی، ئێستا ئەمە یاسای دەسەڵاتی

دادوەرییە، بەڵام ئێمە کە وتمان دەبێتە خزمەتی شارستانی واتا لەم یاسایە لادەدەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا پاش ئەو ڕوونکردنەوانە کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ برگە (٥) وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة التاسعة والثلاثون :- اولا ، تكون اصناف الحكام وحدود الراتب لكل صنف كما يأتي :-

| الصنف | الراتب بالدينار |
|---|---|
| الاول | ٥٢٠- ٥٩٠ |
| الثاني | ٤٦٠- ٥٠٠ |
| الثالث | ٣٨٠- ٤٣٥ |
| الرابع | ٣١٠- ٣٧٠ |

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر مادە (٣٩)؟.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا (نواب ادعاء العام) زیاد کرا، ئەوەش زۆر کار دەکاتە سەر گەنجینەی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مادەیە دووبارەیە بۆ مادە (٣٧) بەرای من تەنیا پلەکان (صنف) دیاری بکرێن، مووچەکە نەنووسین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی داواکاری گشتی و جێگری داواکاری گشتی تەنیا لە برگەی (٥ و٦)دا زیادمان کردووەو، لەگەڵ دادوەرەکان دانراون بۆ دەرماڵەیان، بەڵام کاروباری داواکاری گشتی بەپێی یاسای داواکاری گشتی ڕێکی دەخات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا برگە (١) لە مادەی(٣٩) کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەکو خۆ بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست

بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاسـتـان دەکەین.. کێ دژە.. بە بەزۆربەی دەنگ برگـە (١) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

ثانيا: يرقى الحاكم من صنف الى اخر بقرار من مجلس القضاء بناءاً على طلب يتقدم به الى وزارة العدل بشرط ان يكون قد نال راتب الحد الادنى للصنف المراد ترقيتة اليه.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی هەیە لە سەر ئەم برگەیە؟.نییە.

جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کـە برگـە (٢) وەکـو خۆی بمێنێـتـەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاسـتـان دەکـەین.. کێ دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ برگـە (٢) لە مـادە (٣٩) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

ثالثاً: على وزارة العدل عند تقديم الطلب بالترقية استطلاع رأي كل من محكمة التمييز ورئاسة محكمة الاستئناف ورئاسة هيئة الاشراف العدلي عن كفاءة الحاكم واهليته للترقية.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی هەیە لەسەر برگە (٣)؟.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگـە (٣) وەکـو خۆی بمێنێـتـەوە.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاسـتـان دەکـەین.. کێ دژە.. بە زۆربەی دەنـگ برگـە (٣) لە مـادە (٣٩) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

رابعا: ترفع وزارة العدل الطلب من المطالعة المذكورة في البند الثالث من هذهِ المادة مشفوعا برأيها الى مجلس القضاء.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی نییە لە سەر ئەم برگەیە؟، نییە.

جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم برگەیە وەکو خۆی بمێنێـتـەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کـرایەوە.. سـوپاسـتـان دەکـەین.. کێ دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ برگـە (٤) لە مـادە (٣٩) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خامساً: يستعين مجلس القضاء في تقدير اهلية الحاكم للترقية بالمطالعات المبنية في البندين(ثالثا ورابعا) من هذة المادة وتقارير السنوية المرفوعة من رؤوسائه وبتقارير المشرفين والعدليين والاحكام التي بذل الحاكم في اصدارها جهدا طيبا او ضمنها اراء قانونية تؤيد متابعته للنشاط الفقهي والقضائي ويصدر قرارا بترقيته اذا كان اهلا لها و بخلافه تؤجل ترقيته لمدة لا تقل عن ستة اشهر بقرار مسبب وبات يبلغ اليه.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم برگەیە؟.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا دەڵێ: ئەنجوومەنی دادوەری بریارەکانی دادوەری دیاری کردووە، من پرسیارێکم هەیە لە وەزیری داد، ئایا ئەو بریارانە بە زۆربەی دەنگە یان بە تێکڕایە؟، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئوف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەر ئەنجوومەنێکدا دەنگدان هەیەو، ئەمەش بە زۆربەی دەنگ بەئەنجام دەگات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە(٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ برگە (٥) لە مادە (٣٩) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی(٤٠) لەگەڵ(٣٧) دوا دەخرێت لە سەر بریاری سەرۆکایەتی، سوپاس.

المادة الحادية والاربعون: يكون قدم الحكام حسب مناهجهم واضافهم وتاريخ تعيينهم وعند التساوي في ذلك يكون القدم وفقا لما يقرره وزير العدل.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی هەیە لە سەر ئەم مادەیە؟. نییە.

کێ لەگەڵ (٤١) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ مادە (٤١) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الفصل الخامس)

الاجازات والحقوق التقاعدية- المادة الثانية والاربعون:

اولا- يستحق الحاكم (اجازة اعتيادية) براتب تام بمعدل يوم واحد عن كل ثمانية ايام من مدة خدمته.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی نییە؟.

جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگە (١) لە مادە (٤٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بەتێکرای دەنگ بڕگە (١) لەمادە (٤٢) پەسەند کرا.

ثانيا- على الحاكم ان يتمتع في كل السنة بما لا يقل عن ثلاثين يوما من اجازته السنوية المستحقة له وفي حال عدم تمتعه بها فلا يدور له منها الا الجزء الذي يزيد على الثلاثين يوما.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی نییە لەسەر ئەم بڕگەیە؟.نییە.

جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ بڕگە (٢) لە مادە (٤٢) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثاً- يجوز تراكم الاجازات الاعتيادية التي تدور وفق البند الثاني من هذة المادة مما لا يزيد على(١٨٠) يوما.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر بڕگە (٣)؟.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (٣) لە مادە (٤٢) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابعاً- تدور للحاكم الاجازات التي استحقها عن خدماته السابقة.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی نییە لەسەر ئەم بڕگەیە؟.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگە (٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ بڕگە (٤) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والاربعون:

اولا: لوزير العدل ان يمنح الحاكم الذي امضي سنوات في القضاء اجازة دراسية خارج العراق او داخله لمدة سنتين براتب تام للتخصص في موضوع له علاقة بالاختصاصات القضائية والعدلية والحصول على شهادة الماجستير والدكتوراة وله تمديد هذة الاجازة لمدة سنة اخرى في هذه الاجازة.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی هەیە لەسەر بڕگە (١)؟.. نییە.

جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگە (١) مادە (٤٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ بڕگە (١) لە مادە (٤٣) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانياً- يجوز منح اجازة دراسية ثانية لمن انهي اجازة الدراسته الاولى، وحصل على شهادة الماجستير لمدة سنتين لغرض الحصول على شهادة الدكتوراه في نفس المواضيع المذكورة في البند (أولا) من هذهِ المادة وذلك بعد مضي سنة من مباشرتهِ بوظيفته ولوزير العدل تمديد هذه الاجازة لسنة اخرى.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی هەیە لەسەر بڕگە (٢)؟. کەس تێبینی نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگە (٢) لەمادە (٤٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ بڕگە (٢) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثاً- لا تمنح الاجازة الدراسية لمن اتم اربعين سنة من عمره اذا كان يروم الحصول على شهادة الماجستير، وخمسا وأربعين سنة لمن يروم الحصول على شهادة الدكتوراه.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر بڕگە (٣)؟.. نییە.

جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگە (٣) لەمادە (٤٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بەزۆریەی دەنگ بڕگە (٣) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابعاً- تعتبر الاجازة الدراسية خدمة قضائية ويمنح قدما لغرض الترفيع والعلاوة لمدة سنتين لمن يحصل على شهادة الدكتوراه وسنة واحدة لمن يحصل على شهادة الماجستير فقط.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر بڕگە (٤)؟.. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خزمەتی دادوەری مانای وایە هەموو دەرماڵەیەک وەردەگرێ، پرسیار دەکەم بۆچی لەکاتی مۆڵەتی خوێندن دەرماڵە لابراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا بەداخەوە وەزیری داد لێرە نییە، با لیژنەی یاسا ڕوونکردنەوەیەک دەربارى ئەم مەسەلەیە پێشکەش بکەن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئیمتیازات دەدرێت بەو کەسەی کە بەکارەکەی هەڵدەستێت، حەزیشمان دەکرد وەزیری داد لێرەبوایە بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەی پێشکەش کردبایە دەربارەی ئەم بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوسراوە (خدمە قضائیە)، ماوەی مۆڵەتی خوێندن بە خزمەت دادەنرێت.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر فەرمانگە ناردبێتی دەبێت بیدرێتێ، ئەگەر نا نایدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام مۆڵەتی خوێندن ئەوەیە کە فەرمانگە دەینێرێت.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەپێی پێڕەوی هەندێک لە فەرمانگەکان مۆڵەتی خوێندن دەدەن بە فەرمانبەرانبەرەکانیان، جا هەیانە مووچە وەردەگرێت بەبێ دەرماڵە، هەندێکیشیان بەبێ مووچە مۆڵەتی خوێندنیان پێ دراوە، سوپاس.

**بەڕێز حـســـێن عــارف عــەبدولڕەحـــمـــان:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

خۆی پێشنیار نەبوو، بەڵام ئەگەر رازی بن ئەوە زیاد دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە (٤) لەمادە (٤٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ برگە (٤) پەسەند کرا.

دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی هات و، سبەی دانیشتنمان نییە، مانای ئەوە نییە کە عوتڵەیە، بەس دانیشتنمان نییە، رۆژی سێ شەممە سەعات (٥ر٩) دانیشتنمان هەیە.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٥٩)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١/١٢/١٩٩٢

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٩)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١٢/١

كاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١٢/١ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سكرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە(٥٩)ی خولی یەكەمی ئاسایی ساڵی یەكەمی خۆی بەست. سەرتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتیەوە چەسپێنرا و، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆك بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بە ناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.

بەرنامەی كار:

١ـ ئامادە بوونی بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ وەڵام دانەوەی پرسیاری ئەندامە بەڕێزەكان.

٢ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای«السلطە القضائیە».

٣ـ بەرچاو خستنی پڕۆژە یاسای خوێندنی باڵا.

٤ـ تازە بابەت.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاسی بەڕێز سەرەك وەزیران دەكەین، بۆ هاوبەشی كردنی لەم دانیشتنەماندا بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەكانی ئەندامانی ئەنجوومەن، لە پاشان بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆكردنی پڕۆژەی یاسای(السلطة القضائیة)، ئەگەر بەڕێزان سەرۆكی فراكسیۆنەكان خاڵێكی تریان هەبێت بۆ بەرنامەی ئەمڕۆمان.

**بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

منیش بەخێر هاتنی بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران دەكەم، ئامادەبوونی هەفتانە لێرە شتێكی چاكە، بەڵام هەندێ پرسیار هەیە گشتییە حەق نییە لە جیاتی هەموو وەزیرەكان بەڕێز سەرۆك وەزیران وەڵامی هەموو پرسیارەكان بداتەوە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەم هەموو هەفتەیەك جەنابی بێ باشە، بەڵام باشتر ئەوەیە كە وەزیری پەیوەندیداریش بێت بۆ گفتوگۆ كردن و وەڵام دانەوە.دووەم بۆ تازە بابەتیش بۆ قوتابخانەكان و خوێندنی باڵاو پەیمانگاكان و كۆلێژەكان حەز دەكەم سووتەمەنی دابین بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بە تێبینیەکەی کاک فرەنسۆ، ئێمە هەموو پرسیارەکان رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، پاشان خۆیان بڕیار دەدەن کە چ وەزیرێک لەگەڵ بەڕێز سەرۆک وەزیران بێت بۆ ئێرە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان، ئەگەر پرسیارەکانیش زۆر تایبەتی بێت ئەوە چەند ئەندامێک دەتوانن داوای وەزیری پەیوەندار بکەن کە بێت بۆ ئێرە بۆ لێپرسینەوەی لەسەر بابەتێکی دیاری کراو.

**بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەڵامێکی هەبێت بۆ دابین کردنی سووتەمەنی بۆ قوتابخانەکان و پەیمانگاکان و کۆلیژەکان ئەوە ناخرێتە بەرنامەی کارەوە، ئەگەر نەبوو داوا دەکەم بخرێتە بەرنامەی کارەوە بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی بەڕێز کاک فرەنسۆ زۆر راستە، چونکە من کە دێم بۆ ئێرە هەر پرسیارە گشتییەکان کە دەربارەی وەزارەتەکانە دەتوانم وەڵام بدەمەوە، بەڵام هەندێ شت هەیە پێویستی بە ورد بوونەوە هەیە کە ئەوە پێویستە وەزیری پەیوەندار خۆی بێت بۆ ئێرەو وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من پرسیارێک و پێشنیارێکیشم هەیە بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەویش ئەوەیە، داوا لە بەڕێز وەزیری پیشەسازی بکەین کە بێت بۆ ئێرە و، باسی هەنگاوەکانیان بۆ کڕینی توتنی ئەم ساڵ لە توتنەوانەکانمان بۆ بکات، پرسیارێکی تریش هەیە داوا لە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ بکرێت کە روونکردنەوەیەکمان بۆ بکات سەبارەت بە یارمەتی دانی جووتیارەکانی کوردستان بەتایبەتیش جووتیارەکانی کەرکووک و سلێمانی، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان هەڵەبجە وەک دروشمێکی کوردەواری لێ هات، بەسەر هاتەکەی هەڵەبجە لەبیر ناکرێ، زستانە سەختەکەی ئەم ساڵ کاری تێ کردووە، چ لە بارەی خواردمەنی و، چ لە بارەی سووتەمەنی و، چ لەبارەی خانووبەرە، بەڵێن درابوو کە هەڵەبجە نوێ بکرێتەوە و، یارمەتی بدرێت، دیارە ئەو یارمەتییەیانەی پێنەگەیشتووە، جا ئەمە لە تازەبابەتدا بکرێت بە خاڵێک و، ئەندامانی پەرلەمان چ پێشنیارێکمان هەبێت بۆ ئەوەی هەنگاو بنرێ بۆ یارمەتی دانی خەڵکی ئەم ناوچە لێقەوماوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە هەیە، پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم پێشنیارە ببێتە خاڵێک لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆماندا؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران قسە لەسەر پێشنیارەکەی ئێمە بکات، بۆ ئەوەی ئەگەر رازی بوو دوابخرێت ئەوە نایخەینە بەونامەی ئەمڕۆمان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وتی ئێستا پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ وەڵام دەدەمەوە، با لە میانی پرسیارەکان نەبێت و، من وتم با دوابخرێت ئەگەر ئێستاش جەنابت بەپێویستی دەزانی ئەیخەینە دەنگدانەوە، بەڵام بە رای من پێشنیارەکەی جەنابت پرسیارە، دەبێت لە باری گوزەرانی ئۆردوگاکانی گەرمیان بکۆڵرێتەوە و، ئەو لیژنانەی کە دامان ناوە قوشتەپەشی بخەینە سەر، بۆ دابەشکردنی خۆراک.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هیچیان پرسیار نیین، هەر دووکیان داوایە، دابین کردنی سووتەمەنی بۆ هەموو قوتابخانەکان و پەیمانگاکان و کۆلیژەکان بەشێوەیەکی تایبەتی، چ لە ڕێگای ڕێکخراوێکی خێرخوازەوە بێت، یان لە ڕێگای حکومەتەوە بێت، ئەمە یەکەم، دووەمیان داوا دەکەم بە هەمان چاو سەیری ئۆردوگای قوشتەپەش بکرێت کە سەیری ئۆردوگای سمود و گەرمیانی پێ دەکرێت، ئەم دوو خاڵە داوان لە سەرۆک وەزیرانی دەکەم کە وەڵامیان بداتەوە، ئایا ئەم داوایانەم هەنگاوەیان بۆ هاویشتراوە یان نە؟، ئەگەر قەناعەت هەبوو دەیکێشمەوە، بەڵام ئەگەر نەبوو ئەوە بابخرێتە بەرنامەی ئەمڕۆ و قسەی لەسەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ماوە هەبێت قسە لەسەر ئەو دوو خاڵە دەکەم ،ئەگەر قەناعەت نەبوو بکرێت بە خاڵێک لە بەرنامەی ئەمڕۆدا، سەبارەت بە سووتەمەنی بۆ قوتابخانەکان (یونیسێف) خۆی دیاری کردووە و، (٢)ملیۆن لتر سووتەمەنی دانراوە بۆ زانکۆ و قوتابخانەکانی سەرەتایی هەولێر، ئەو نسبەتە نەوتەی کە بۆ هەولێر دانراوە(١٥)ملیۆن لترە لەو(١٥) ملیۆنە(٢) ملیۆنی دانراوە بۆ قوتابخانەکان و،(١٣) ملیۆن لتریش بۆ خەڵکەکەیە، هەروەها ئەو سووتەمەنییەی کە لە ڕێگایە، بێگومان کە گەیشت بەشێکی بۆ قوتابخانەکان و بەشە ناوخۆکان دابین دەکرێت و، هەروەها بۆ ئەو

قوتابیانەی کە خانوویان گرتووە ئەوانیش بەشیان دەدرێتێ، سەبارەت بە ئاوارکانی گەرمیانیش ئێستا هەوڵ دەدرێت کە کۆ بکرێنەوە لە بازیان، یان لە شوێنێکی تردا و، ئەندامانی پەرلەمان خۆیان بە ئیشەکە هەڵدەستن و، بە پێی ئەو کەشفەی کە هەیە پارەیەکی زۆری دەوێت و، رەنگە بەو زووانەش تەواو ببێت،پاشان بیرلەوانە کرایەوە کە لە چادردا دەژین هەوڵ دەدەین لە ئۆردوگای ئەو ناوچانە خانوویان بۆ بکرێت، هەتاکو هاوینە خێرا تر ئیشەکە جێبەجێ دەبێت، ئێستا خەریکی ئەوەین تاوەکو بزانین چەند خانوو پەیدابووە و خانووەکانیش چەندی تێدەچێت؟، ئەو رێکخراوانەی کە سەرقاڵن بە ئاوەدان کردنەوە، رێکخراوی ( کرا، کرۆ، کردش، شلتر)ن هیچیان ئامادە نەبوون لەبەر ئەوە ناچارین بیر لەوە بکەینەوە کە ژمارەیان کەمە خانوویان بۆ دابین بکەین نیشتەجێیان بکەین، ئەگەر ناوچەی گەرمیان فریایان نەکەوین ئەوا خەڵک لە برسان دەمرێ کەپێویستییان بە(٣٠٠٠)تەن گەنم و جۆ هەیە، هەروەها بەنسبەت هەڵەبجە بزانین وەزعیان چۆنە، ئەگەر وابوو لە رێگای رێکخراوە خێرخوازەکانەوە یارمەتیان دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من داوا دەکەم کە بابەتی سووتەمەنی بخرێتە بەرنامەی کارەوە، چونکە ئەوەی دانراوە بەشیان ناکات، ئێستا باسی داخستنی قوتابخانەکان هەیە، جا چ لە رێگای تورکیاو ئێرانەوە بێت، یان لە رێگای رێکخراوەکان بێت و، با هەوڵێکی تەواو بدرێت بۆ ئەوەی ئەم قوتابخانانە دانەخرێن، سەبارەت بە ئۆردوگای قوشتەپە، ئەگەر سەرۆکایەتی رازی بێت، با هەمان لیژنە لە باری قوشتەپەش بکوڵێتەوە و، پێویستیەکانیان دابین بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا کارەبا دەبڕێت و، ئەم کۆبوونەوەیە تۆمار ناکرێت و، هەروەها هۆڵەکەش سارد دەبێتەوە، جا لەبەر ئەوە کۆبوونەوەکە دوا بخەین باشترە، سەبارەت بە ئۆردوگای قوشتەپە، ئێمە سەرۆکایەتی هیچ لاریمان نییە، با لیژنەکە لە باری گوزەرانی قوشتەپە بکوڵێتەوە، بۆ مەسەلەی سووتەمەنیش ئەو برەی کە دێت دیاری کراوە و، برێکی تایبەتیش بۆ قوتابخانەکان دانراوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە مەسەلەی سووتەمەنی، ئەوە(٣)مانگە لە ئێرانەوە بە رەسمی داوا دەکەین وەڵامان نادەنەوە، یەکەم جار لەلایەن (یونیسێف)ەوە بەسەر قوتابخانەکاندا سووتەمەنی دابەش دەکرێت، سەبارەت بە بەڕێز وەزیری پیشەسازیەوە داوا دەکەم بکرێتە خاڵێک چ هەوڵێک دراوە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا ئامادە بێت وەڵامی پرسیارەکانتان بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم کێشەیە پەیوەندیی بە بەڕێز وەزیری پیشەسازیەوە هەیە، با وەزیر خۆی ئامادەبێت بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە، ئەگەر کاک فرەنسۆ رازیە ئەوە بۆ دانیشتنی ئایندە دوایدەخەین، تاوەکو بەڕێز وەزیری پیشەسازی ئامادە دەبێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئییدی سەرۆک وەزیران دەکەم، رازی نییە کە دوابخرێت بۆ هەفتەی داهاتوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهۆی بڕینی کارەبا ناتوانین بەردەوام بین، چونکە دانیشتنەکە تۆمار ناکرێت و، هەروەها هۆڵەکەش تاریکە.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەردەوام بین لەسەر دانیشتنەکەمان چرا پەیدا بکەین، با بە هۆی بڕینی کارەبا واز لە دانیشتنەکە نەهێنین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر هۆی هۆنەری دەبێت دانیشتنەکە راگرین، چونکە پەرلەمان جیاوازی هەیە لەگەڵ فەرمانگەکانی تریدا، دەبێت دانیشتنەکان تۆمار بکرێن و پرۆتۆکۆلی هەبێت.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با بزانین کارەبا دێتەوە،یان نا ؟!، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەلەفۆنات ئیش ناکات کارەبای هەموو هەولێر پچڕاوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گومانم هەیە کە رژێم ئەوەی کردووە، دوێنێ لە تەلەفزیۆنی بەغدا باسی کارەبای کوردستانی دەکرد، باسیان دەکرد کە مخربین ستوونەکانیان دزیوە، جا لەبەر ئەوە بیر لەوە بکەینەوە موەلیدەیەک پەیدا بکەین، چونکە هەر ئەمرۆ نییە، ئەگەر بەیانیش نەبوو چی بکەین؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرۆکایەتی بیری لەمەش کردوەتەوە.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیر لەوە دەکەینەوە کە موەلیدەیەک دابین بکەین بیناکانی تریش هی ئەنجومەنی وەزیرانیشی پێوە ببەستینەوە، بەڵام باموەلیدەیەکی بچووک بۆ ئەم هۆڵە دابین بکەین، چونکە موەلیدەی گەورە زۆری دەوێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەت بەجێیە، بەڵام ئەمە چارەی (تدفئە) ناکات، زۆر زەحمەتە زستان (٤ ـ٥ )سەعات بێ (تدفئە) دابنیشین، کۆبوونەوە دەوەستێنین تا کارەبا دێتەوە.

بەم جۆرەش دێینە کۆتایی دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان و..سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەن** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٠)

دووشەممەرێکەوتی ٧/١٢/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٦٠)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٧

***سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە، ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٧، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (٦٠)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ گۆڕینی ناوی زانکۆی سەلاحەدین بۆ زانکۆی هەولێر.***

***٢ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردنی یاسای «السلطة القضائية».***

***٣ـ بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵا.***

***٤ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ڕێزمدا دەڵێم ئەندام پێویستە لەکاتی خۆیدا بێتە پەرلەمان.

**بەڕێز حسن حمید رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆک فراکسیۆنەکان بێ دەسەلاتن، من سەرۆک فراکسیۆن بوومایە، ئەگەر هەر ئەندامێک (٣)کۆبوونەوە ئامادە نەبوایە ناوەکەیم دەکوژاندەوە، بەلام بەداخەوە ئەوانە نوێنەری جەماوەرنین، سوپاس.

**بەڕێز حسن عبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان پەیرەوی ناوخۆ ئەوە ناڵێت، بەلام ئێستا ناوی ئامادەبووەکان دەنووسین و، ئامادەنەبووان لەدوایدا لێیان دەپێچینەوە بزانین کێ مۆڵەتی وەرگرتووە، ئەوەی ئامادەش نەبووە بزانین هۆی نەهاتنی چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ماوەیەک بەڕێز شەوکەتی حاجی موشیر لەلام بوو لەسەر ئەوەی هەفتەی رابردوو ئامادەنەبوو

بوو لەکۆبونەوەکاندا کە لێم پرسی «گووتم هەر چەندە ئەوە ئەرکی ئێمە نییە هی سەرۆکی فراکسیۆنەکانە»، وتی: من مۆڵەتی خۆم پێشکەش کردووە، بەڵام تائێستا بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەن نەگەیشتووە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز شەوکەت دە رۆژ پێش ئێستا مۆڵەتی پێشکەش کرد، بەڵام ئەو رۆژە بوو بەپشوو ئێستاش خۆی هاتووەو، پێشکەشی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێموایە ئەندامانی فراکسیۆنی زەرد هەمیشە ئامادە دەبن و، ئەو دوو ئەندامەی نەهاتوون بەڕێزان (ئیبراهیم سەعید و، محەمەد سەعید) هەردووکیان بەئیشوکار رۆیشتوونەتە دەرەوە. سەبارەت بە بەڕێز موحسین ئەو رۆژە خۆمان داوامان لێ کرد کە بچێتە ئەو شوێنانانەی کە ترياکی لێ چێنراوە و، راپۆرتێکمان بۆ بنێرێ لەو بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا رێژەی ئامادەبوون (نصاب) تەواوە بەردەوام دەبین لەسەر بەرنامەی کار کە بریتییە لەگۆڕینی ناوی زانکۆی سەلاحەدین و، بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردن لەسەر یاسای دەسەڵاتی دادوەری و، بەرچاوخستنی یاسای خوێندنی باڵا لەگەڵ تازەبابەتدا.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ تازەبابەت دوو خاڵم هەیە:

١ـ گرنگی دان بەئوردوگای قوشتەپە.

٢ـ دابین کردنی سووتەمەنی بۆ قوتابخانەکان هەر لە قۆناغی سەرتاییەوە تا زانکۆ و، داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت کە شتێکی تایبەتییان بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکان پەسەندن و، ئەوەی پێویستە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان سەرچاوەی وزەی کارەبا ئێستا لە (دەربەندیخان و دوکان)ە و، پاراستنی زۆر پێویستە، ئینجا پێشنیار دەکەم کە ئەو بابەتەش قسەی لێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارانە بخەینە بەرنامەی کارەوە، بۆ سبەی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیراندا هەیە تکاتان لێ دەیکەن کە هەندێ لەو پرسیارانەیان بۆ بنووسن بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارەی کە بەڕێزت باست کرد بتوانین لەگەڵیاندا باسی بکەین و، داوا لەئەندامانی لیژنەی پەروەردەش دەکەین کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەو پرسیارانەی کە لەگەڵ بەڕێز وەزیری پەروەردەدا باس دەکرێ.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من چەند جارێک پێشنیارم پێشکەش کرد دەربارەی باری تەندروستی لەکوردستاندا، بەڵام نازانم چی لێ هات؟.

ئێستاش مەسەلەیەکی گرنگ هەیە، بەشی نوژداری لە نەخۆشخانەی منداڵ بوونی سلێمانی بۆ ماوەی دوو هەفتەیە داخراوە هۆیەکانیشی نازانین چییە؟، خەڵکەکەش گلەییەکی زۆری هەیە من داوا دەکەم لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دابنرێ بۆ ئەوەی بزانن هۆی داخستنی ئەم بەشە چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە مافی خۆتانە ئێوە وەکو ئەندام پەرلەمان پەیوەندیی بەوەزارەتی تەندروستییەوە بکەن و، ئەو کێشانەیان بۆ باس بکەن بۆ ئەوەی بتوانن وەڵامتان بدەنەوە لەوانەیە وانەبێت و، دەتوانن ئەوە لەگەڵ وەزیری تەندروستیدا باسی بکەن.

دەربارەی ئەو پێشنیارانەی کە فەرمووت پێشکەشم کردوون، وابزانم چەند ڕۆژێک لەمەوپێش لەگەڵ بەڕێزتاندا باسم کرد وتم تکا دەکەم کە پێشنیارە کۆنەکان بنووسنەوەو، پێشکەشی بکەن.

دەربارەی مەسەلەی خەستەخانەکان بەیانی وەزیری تەندروستی لێرە ئامادە دەبێت لەگەڵیدا باسی دەکەین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان هاتنی وەزیری تەندروستی شتێکی چاکە بۆ ئەوەی پرسیاری لێ بکرێت.

سەبارەت بە پێشنیارەکەی خۆم حەز دەکەم زیاتر قسەی لێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاش دەچینەوە سەر خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان. فەرموو کاک ئەیاد پڕۆژەی بڕیاری گۆڕینی ناوی زانکۆی سەلاحەدین بخوێنەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم.
بأسم الشعب.
المجلس الوطني لكوردستان العراق.
إستناداً لأحكام فقره واحد من المادة (٥٦) من القانون رقم واحد لسنة (١٩٩٢) قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ (           ) إصدار القرار الأتي:
١ـ تبديل أسم جامعة صلاح الدين الى جامعة هه ولير.
٢ـ يحل اسم جامعة هه ولير محل اسم جامعة صلاح الدين.
٣ـ على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.
٤ـ ينفذ هذا القرار أعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز فەلەكەدین سابیر كاكەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بێگومان من نازانم بڕیاری لیژنەی خوێندنی باڵا لەپەرلەماندا چییە؟، ئەمە یەک.
دووەم: نازانم ناوی (سەلاحەدین) چ زیانێكی لە ئێمە و، پەرلەمان داوە تا ئێمە بیگۆڕین؟، ئەگەر تەنها مەبەست ناوهێنانی شاری هەولێرە ئەوا هەولێر ناوەكەی هەر دەمێنێت، ئەگەر مەبەستیش ئەو زانكۆ تازەیەشە كە لە سلێمانی كراوەتەوە ئەوە هەر ناوی خۆی زانكۆی سلێمانی بووە، بۆیە بەلای منەوە لە سێ لاوە پێویست ناكات ناوی زانكۆی سەلاحەدین بگۆڕین:
١ـ لایەنی ئیداری٢ـ لایەنی هونەری ٣ـ لایەنی مێژوویی، هەروەها لایەنێكی تریش هەیە ئەویش لایەنی سایكۆلۆجیە.
لە رووی ئیدارییەوە كاری ئێمە ئەوەیە كە رۆژێک لە رۆژان پەیوەندیی زانكۆكان و هەموو دەزگاكان لەگەڵ مەڵبەند ببێتە حاڵەتێكی ئاسایی بۆ ئەو كاتە ئێمە جارێكی تر كۆمەڵێک گیروگرفت دروست دەكەین.
لەرووی مێژوویشەوە دەربارەی ناوی زانكۆی سەلاحەدین لەوانەیە هەندێ بیروباوەڕ هەبێت كە بڵێن ناوی سەلاحەدین لەسەر ناوی شاری (سەلاحەدینی تكریت) دانراوە، بەڵام ئەم بیروباوەڕە هەڵەیە (سەلاحەدین) ناوێكی بەرزی پڕ شانازی كوردە و، ئێمە تائێستا رێزی ئەو ناوەمان نەزانیوە بەلای منەوە نەک بەس ئەم زانكۆیە، ئەگەر پێمان بكرێ رۆژێ لە رۆژان زۆر مەڵبەندی تر لە كوردستاندا بەناوی سەلاحەدینەوە بكەین، بۆ ئەوەی سەلاحەدین كە لاپەڕەیەكی گرنگی مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەراست و، جیهانە ببەسترێت بەمێژووی كوردەوە.
وابزانم پێویست ناكات لەسەر ئەو بابەتە زۆر بڕۆین، ئەوەندە دەڵێم كەناوی سەلاحەدین ناوێكی زۆر پیرۆزە و، ئێمە دەبێت هەمیشە بیبەستین بەهەموو لایەنێكی ژیانی سیاسی و رۆشنبیری و كۆمەڵایەتی كوردەواریەوە لایەكی تریش لە داهاتوودا لەوانەیە دەیان ئستۆدیۆ و، یاپەیمانگای تر بكرێتەوە لەكوردستاندا كە دەتوانین یەكێک لەو پەیمانگایانە ناوی هەولێری لێ بنێین، هەولێر

خۆی شارێکی ناسراوە پایتەختی کوردستانە، لەبەر ئەم هەموو هۆیانە من گۆڕینی ناوی سەلاحەدین بەراست نازانم و، حەز دەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی بەلای منیشەوە گۆڕینی ناوی زانستگایەک وەکو گۆڕینی ناوی قوتابخانەیەکی سەرەتایی نییە، چونکە گەلێک گیروگرفتی بەدواوە دێت، لەبەر ئەوەی زانستگا زۆر پەیوەندیی بە دەرەوە هەیەو، من سەرجەم قسەکانی بەڕێز فەلەکەدین پەسەند دەکەم کە هیچ پاساوێک نییە بۆ گۆڕینی ئەم ناوە، تەنها لە رووی سۆزەوە نەبێت ئەگینا هیچ هۆیەک نییە وامان لێ بکات کەئەو ناوە بگۆڕین بەتایبەتی لەم کاتەدا، دیسان دووپاتی دەکەمەوە کە پێویست ناکات ناوی زانکۆی سەلاحەدین بگۆڕین، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش دژی ئەوەم کە ناوی زانکۆی سەلاحەدین بگۆڕین، لێرە ئاماژە بە یەک شت دەکەم، زانکۆی سەلاحەدین سیفە یاساییەکەی چەسپاوەو، ئێستا ئەندامە لە ئەنجوومەنی زانکۆکانی جیهان و، لەوێ بەو ناوە ناسراوە بەرای من گۆڕینی ناوەکەی زیان بەخش دەبێت نەک سوود بەخش، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی پشتگیری ئەم سەرنجانە دەکەم، چونکە ئێمە زانکۆیەکی تازە ناکەینەوە، جگە لەوەش ناوەکەی پەیوەستە بە ناوی (سەلاحەدینی ئەیوبی)یەوە کە قارەمانێکی ناسراوی کوردە بۆیە پێویست بەگۆڕینی ناکات، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە لە حزبی بەعس ئەوەی بۆمان جێما بێ هەرئەو زانکۆیەیە کە شێوە یاساییەکەی مابێ ناوەکەش هەر بمێنتەوە باشە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من هەتا زوو ناوەکە بگۆڕین باشترە، چونکە کاتی خۆی کە حزبی بەعس ناوی نا مەبەستی (سەلاحەدین ئەیوبی) نەبوو، مەبەستی لە تکریت و سامرا بوو، بڕواش ناکەم سەلاحەدین ئەیوبیش هیچی بۆ کورد کردبێ، ئەگەر پیاوێکی کورد پەروەر بوایە هەتا ئێستاکە نەمان ئەنالاند بەدەستی کیمیاوی (T.N.T)، سوپاس.

**بەڕێز فــــرەنســــۆ تۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من پێمـوایە ئەم بابەتە بەپەلە پێشکەش کراوە دەبێ پێش وەخت دیراسە بکرێ، داوا هەبوو کە ناوی زانکۆی (سەلاحـەدین) بگۆڕدرێت و، لەوانەیە هەردوو کـوتلە ئیـمـزایان لەسـەر کردبێت، پێویستیش بوو بدرێتە لیژنەی تایبەت، ئەنجا بدرێتە سەرۆکایەتی ئەنجوومەن.

من تەنها یەک قسە لەسەر قسەکانی کاک فەلەکەدین و، برادەران دەکەم کە ناوی ئەیوبیش بێتە سەر ناوی زانکۆی سەلاحەدین، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

پێموایە کە جارێ نەدراوە بە لیژنەی خوێندنی بالا.

**بەڕێز ئەیـاد حــــاجی نامق مـــجــــید:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

مەسـەلەیەک هەیە حەز دەکەم بیخـەمە بەرچاوتان ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی زانکۆکانی جیـهان بەناوی زانکۆی سلێمانیەوە قسە لەگەڵ زانکۆی سەلاحەدینەوە دەکەن، چونکە ئەوان هەتا ئێستا دانیـان بەو ناوە نەناوە و، ئەوان گـۆڕینی ئەوناوەو، گـواستنەوەی زانکۆی سلێـمانی، بۆ گـۆڕینی شـاری سلیـمـانی و تێکدانیەتی، راسـتە ئەو مـەسـەلەیە هەتا یۆنیسـکۆ دانی پێ دادەنێت، بەلام دیسانەوە کاتی خۆی ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی سیاسی بووە.

نووسراوێک لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دراوەتە لیژنەی یاسا ئەویش لەزانکۆی (سەلاحەدین)ەوە هاتووە وەکو من وزۆربەی ئەندامانی پەرلەمانیش ئاگامان لێیەو، قـوتابی ومامۆسـتاکانیـانیش یاداشتێکیـان نووسیوە، تیـایدا داوا دەکەن کـە ناوی زانکۆی (سەلاحـەدین) بگۆڕن، ئێـمە زۆر بڕیاری دیکەی بەغدامان گۆڕیووە با ئەوەش یەکێک بێت لەوانە، سوپاس.

**بەڕێز حــــســـــەن عـــــەبدولـکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بێگومان مەبەست لە گۆڕینی ناوی زانکۆی سەلاحەدین گۆڕینی ناوی (سەلاحەدین ئەیوبی) نییە، بەڵکو هەمـوو شـارێک زانکۆیەکەی بەناوی شـارەکەیە و، هیـچ سیـفـەتێکی یاسـایی ناگۆڕێ کە زانکۆ بەناوی هەولێرەوە بێت، چونکە هەمـوو سیفە یاساییەکان دەگوازرێنەوە بۆ ئەو نـاوە تەنیا ناوەکان دەگۆڕێن، سوپاس.

**بەڕێز بـارزان خــــالیــــــد عـــــەزیز:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەرای من ئەو ناوە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە وێڕای هەمـوو هەوڵەکانی دران بۆ بەعـەرەبکردنی کورد، نەیانتوانی (سەلاحەدین ئەیوبی) بکەن بە عەرەب، سوپاس.

**بەڕێز موحسین خالد مستەفا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ناوی (سەلاحەدین) جێی شانازیە دەبێ ئێمەی کورد شانازی پێوە بکەین و، زانکۆ با لەسەر ئەو ناوەی بەردەوام بێت، بەلام تەنها یەک پێشنیارم هەیە بۆ ئەوەی زیاتر میللەتی کورد بزانێ کە مەبەست لەم ناوە (سەلاحەدین ئەیوبیە) لە کۆڕێکدا، یان لە روونکردنەوەیەکدا ئەمە بلاو بکرێتەوە بۆ ئەوەی قوتابیەکانیشمان ئەوە بزانن، سوپاس.
**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
منیش لەگەڵ رای ئەو ئەندامانەم کە دەڵێن ناوی زانکۆی سەلاحەدین بمێنێ و، هەڵەشە ئەگەر بڵێین (سەلاحەدین) هیچی بۆ کورد نەکردووە لە هەموو قارەمانیەتێکدا ناوی سەلاحەدین دێت، ئەگەر بێت و بیگۆڕین خزمەتی رژێمی بەغدا دەکەین کە دەیەوێت ئەم رەمزە نەمێنێت، سوپاس.
**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەرای من ناوی (ئەیوبی)یش بخرێتە سەری، بۆ ئەوەی روون ببێتەوە مەبەست لەم ناوە (سەلاحەدین ئەیوبیبە)، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
وابزانم زۆر کەس لەسەرئەم بابەتە قسەیان کرد، جا ئێستا پێشنیارێک هەیە کە ناوی زانکۆی (سەلاحەدین) وەکو خۆی بمێنێتەوە.
کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ ئەو پرۆژەی ناو گۆڕینە رەت کرایەوەو، ناوی زانکۆی (سەلاحەدین) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
یاسای دەسەلاتی دادوەری لە دانیشتنی پێشوودا دواخرا بۆ ئەوەی زیاتر لێی بکۆلرێتەوە، ئێمەش ئەندامانی لیژنەی یاسا گەیشتینە ئەو قەناعەتەی لە مادەی(٤٠)دا تەنها برگەی پێنج زیادە و، لە مادە (٣٦)یش برگەی (١)، ئیتر ئەوەی تر وەکو خۆی دەمێنێتەوە. جائەگەر سەرۆکایەتی رێگا بدات بیخوێنمەوە.
مادە(٣٦) کە باسی لە شێوەی دیاری کردنی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە و، ئەندامانی دادگای پێداچوونەوە و، نائب و، ئەندامەکان و، شێوەی دامەزراندنەکەی کە بەمەرسومێکی هەرێمی و، لەسەر بریاری ئەنجوومەنی وەزیران کە دادەمەزرێت دەکات، بەقەناعەتی لیژنەی یاسایی تەنها برگە (٥) لە مادەی(٤٠) زیادە وپێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (٣٦)؟.. کەس تێبینی نییە.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٣٦) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. کەواتە بە زۆربەی دەنگ مادە (٣٦) پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەزم کرد سەرنجی وەزیر زیاتر رابکێشم بۆ لایەنێک کە زیاتر پەیوەندیی بە بابەتەکەوە نییە وەکو ئەو ناوانەی کە بەرچامان کەوتووە بۆ ئەندامانی دادگای پێداچوونەوە، ئەگەر بەهەڵە نەچووبم هەندێ ناوی تێدایە کە دادوەریان نەکردووە.

ئێمە هەندێ پارێزەرمان هەیە کە (٣٠ ـ ٤٠) ساڵی خزمەتی دادوەریان هەیە، بەڵام دەقەکە مەرجی داناوە کە دەبێت دادوەر بێت لەو حاڵەتەدا ئەو پارێزەرە باشانە کە مومارەسەیەکی باشیان هەیە لە کیس دەچن، مەبەستم ئەوەیە، یان ئەگەر نیاز وایە کە پارێزەرێک مومارەسەیەکی(٣٠) ساڵی هەیە بکرێ بە دادوەر دەبێ لە دەقەکەدا کارێکی وابکەین کە جێگایان بۆ بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەومەرجانەی کە لێرەدا هاتوون تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە شارەزایی زۆریان دەبێت، چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەندامێک لە پارێزەری ئیش بکات، لەگەڵ ئەوەی کە لەسەر کورسی دادوەری دادەنیشێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە هەموو مادەکە (تناقض) هەیە برگە(٣)دەڵێ (حاكم محكمة تمييز يتم تعينه بناءاً على اقتراح وزير العدل) بەڵام ئێمە گوتمان: (بناءاً على قرار مجلس الوزراء)، بۆیە زۆر پێویستە کە ئەم پێشنیارە لاببرێ، چونکە مادەکان لەگەڵ یەکدا رێک نین. مادە(٣٦) بمێنێ قەیناکە، بەڵام دەبێ ئەم مادەیە هەموار بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە برگە (٥) لە مادە (٤٠)لاببرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. کەواتە بە زۆربەی دەنگ مادە(٤٠) پەسەند کراو، برگەی برگەی (٥) لابرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە لەسەر مادە (٤٤) راوەستا بووین ئێستا دێینەوە سەری.

بەڕێزان ئێمە لە لیژنەی یاسادا داڕشتنێکی تایبەتیشمان هەیە، ئەگەر ڕێگە بدەن بیخوێنمەوە المادة (٤٤) فقرة (١)- لایحال الحاکم علی التقاعد إلا بعد اکماله الثالثة والستي من العمر ویتقاعد في هذه الحالة علی الراتب و المخصصات التي کان یتقاضها عند إحالته علی التقاعد أو یجوز إحالتهم علی التقاعد قبل ذلك بناءاً علی طلبه وفقاً لقانون التقاعد المدني، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن:**

واتا مەرج نییە لەتەمەنی (٦٣) ساڵیدا خانەنشین بکرێت، بەڵکو دەتوانێ تا تەمەنی دەگاتە (٦٥ ـ ٦٧ ـ ٧٠) ساڵی بەردەوام بێت.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

رای بەڕێزتان (١٠٠٪) یاساییە و، زیادیش بێت قەیناکەو، دەشێ بگوترێ (یحال الحاکم علی التقاعد عند اکماله الثالثة والستین من عمر)، سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من بەپێویستی دەزانم کە تەمەنی دادوەر زیاتر بکرێت هەروەکو بەڕێزت فەرمووت، سوپاس.

**بەڕێز عـــەبدولخـــالق مـــحـــەمـــەد ڕەشـــیـــد زەنگەنە:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بۆ(٦٣) ساڵ؟، بەرای من لە سەر بناغەی یاسای خزمەتی شارستانی بکرێ بە(٦٠) ساڵ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیـــل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە یاسای شارستانی عێراقیدا تەمەنی خانەنیشین(٦٣)ساڵە، لەو حاڵەتەش فەرمانبەر دەرماڵەی رادەوەستێ و، مووچەی بەپێی ساڵی خزمەت دەبێ. پاشان دادوەر زیاتر لە دکتۆرێکی نەشتەرگەری ماندوو نابێت با هەموو فەرمانبەرانی کوردستانیش وەک یەک بن . مادام هەموو دەرماڵە رادەوەستێ با ئەویش بوەستێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن:**

ئەگەر ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە (احالة الحاکم علی تقاعد عند اکماله (٦٣) من عمره). وابزانم لەگەڵ رایەکەی لیژنەی یاسادا ناکۆک نییە، ئەمە بەراستی ئەم داڕشتنە ڕەنگە شتێکی خراپ نەبێت، چونکە لە زۆر وڵاتاندا حاکم لەپاش تەمەنی (٧٠) ساڵیدا هەر حاکمە، لەم

ماوەیەدا داواکاریکی گشتی لە ئەمریکا تەمەنی گەیشتە(١٠٦)ساڵ کە نزیکەی(٨٠) ساڵ خزمەتی هەیە. لە دەسەلاتی دادوەریدا ئەوانە مامەڵەیەکی تایبەت دەکرێن، بۆیە رەنگە شتێکی خراپ نەبێت، ئەگەر دادوەرکە تەمەنی بوو بە (٦٣) ناچار نەکرێ کە خانەنیش ببێت و، لە کاتێکدا کە پێویست بێت و، لە کەماڵی هێزی عەقلیدا بێت و، جێگای ئەوە بێت سوودی لێ ببینرێت، ئەنجا رەنگە شتێکی خراپ نەبێت کە بووترێت ئەو (٦٣) ساڵە زیاد بکرێت.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دادوەر هەتا ماوە هەر دادوەر دەمێنێ، تەنها ئەگەر نەخۆش بێت و، ئەو (٦٣) ساڵە تەمەنێکی باشە کە دانراوە، چونکە لێرەدا مەرج نییە کۆتایی بەکاری دادوەر بێت کە تەمەنی گەیشتە (٦٣)ساڵ، بەڵام ئەو(٦٣) بۆ ئەوانەیە کە ماندوو دەبن، ئەو مادەیە وەکو خۆی بمێنێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر (لا)یەکە (وجوب)یە کە هاتووە ئەگەر بێتە کۆتایی مادەکە (یجوز) ئیحالەی تقاعد بکرێ (بناءً علی القانون المدني) واتا ئەو دەرماڵەیە وەرناگرێت، ئەگەر لەسەر داوای خۆی بێت و،ئێمە مەرجی (عدم ممارسەی محاماە)تیشمان دانابوو کە لە هەندێ شوێندا چەند ساڵێک دادەنرێ، ئەگەر (حاکم ممارسەی محاماە) نەکات یەکسەر خانەنیش دەکرێ، ئەوەمان بەباش زانیوە بۆیە ئەوەمان دارشتووە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان لەو دەقەدا کە لیژنەی یاسا دایناوە دوو جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو دەقەی کە وەزارەتی داد دایناوە، ئەگەر دادوەر خانەنیش بکرێ هەموو پارەی خۆی و مووچەی تەواو ئەو کاتەی وەردەگرێت، بەڵام مەرجی دانەناوە ئەگەر لە پارێزەریشدا مووچەی خانەنشینی وەرگرێت ئەمە راست نییە. ئەگەر دادوەر بۆ خۆی داوای خانەنشینی بکات بەپێی یاسای خزمەتی شارستانی ئەوە دەبێت پێی بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واهەست دەکەم ئەو مادەیە چوار برگەی روونی تێدایەو، پێویست بە وردبوونەوەی تر ناکات، چونکە هەر کاتێ دادوەر دەتوانێ خۆی خانەنیش بکات پێش ئەو تەمەنە، بەڵام ئەوکاتە ئەو دەرماڵە وەرناگرێ کە تەمەنی دەگاتە(٦٣)ساڵ بۆیە دەست کاری نەکرێت.

بۆ پارێزەریش ئەوە حەز ناکەم لێرە دیاری بکرێت، چونکە ئەوە بە رێنمایی دەکرێت و، بۆ وەزارەت

هەیە ڕێنمایی دەربهێنێ بەپێی ئەم یاسایە و، ئەگەر لە بەرژەوەندی دابوو بیکات، ئەگەر پێویستی بێت دادوەر دوای حاکمیەتی پیشەی پارێزەری بکات بۆ ئەوەی بێ بەش نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو بڕگەیەی کە لیژنەی یاسا دایڕشتووە وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی(٢) کە لیژنەی یاسا پێشنیاری کردووە دەیخوێنمەوە،

ثانیا: للمجلس القضاء باقتراح من الوزير او بناءاً على طلب الحاكم اعادة خدمة اذا كان قد اكمل (٦٣) من عمره مدة لا تزيد على خمس سنوات لفترتين متعاقبتين...، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئوف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە پێویستی نازانم ئەو بڕگەیە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەکە ئەوە دەگرێتەوە کە پێویست نییە دادوەر لە تەمەنی (٦٣)ساڵیدا واز بهێنێ.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای منیش ئەو مادەیە زیادە لەبەر ئەوەی پێشتر شتەکەمان کردووە، بۆیە پێویست ناکات جارێکی تر ئەوە دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە پێشنیاری لیژنەی یاسا وەربگیرێ؟..

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی لیژنەی یاسا هەمووی نەخوێندراوەتەوە.

ثالثاً: في حالة وفاة الحاكم او أصابه بمرض لايرجى شفائه أو بعجز لايمكن ان يقوم بواجباته يتمتع بجميع حقوق التقاعدية مكتسبة وفق فقرة أولاً من هذه المادة.

رابعاً: يمنح الحاكم المحال على التقاعد ويأخذ اجازات اعتيادية والتي يستحقها كاملة على اساس مجموع ماكان يتقاضاها شهرياً قبل احالته على التقاعد على ان لاتزيد على ثمانين يوما.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاسا دانیم، بامادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاری کردنی تەمەنی دادوەر کە کەی خانەنیش دەکرێت یان نا، ئەوە پەیوەندیی (معدل العمر)ی خەڵکەوە هەیە تێکڕای تەمەنیش لە هەموو ولاتێکدا حاڵەتێکی چەسپاوی نییە.

سەرنجێکی تریشم هەیە لەسەر بڕگەی دووەم (عند وفاة الحاكم اثناء الخدمة تكون راتبه التقاعدي اذا كان مستحقاً) ئەو (مستحق)یە لێرە مانای چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا ئەگەر موستەحەقی خانەنشینی نەبێ ئەوە حسابێکی تری بۆ دەکرێ.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئەو درێژ کردنەوەیەمان کردووە لەراستیدا بڕگە(١) مافی خۆی نەدراوەتێ لەسەر ئەو بناغەیەش دانراوە کە ئەم بڕگەی یەکەمە دوو ئیجباری تیایە ئیجبارێکیان لە پێش تەمەنی (٦٣) ساڵیدا هەرگیز نابێ خانەنیش بکرێ، ئیجباری دووەمیشیان دەبێ لە تەمەنی (٦٣) ساڵیدا خانەنیش بکرێ، چونکە بڕگەی(سێ) دەڵێ (یجوز) کە لەسەر داوای خۆی یا نەخۆشی بێت، هەموو ئەو دیاری کردنەی کە کردومانە ئیستیسنایە بۆ ئەو ئیجبارەی کە لە بڕگەی یەکدا هاتووە کە ئیجبارێکیان نابێ لە(٦٣) ساڵیدا بکرێت دووەمیشیان ئەوەیە کە دەبێت لە(٦٣) ساڵیدا بکرێ، لێرە بۆیە ئەو بوارەمان داوە دادوەر ئەگەر بۆی بکرێ پێنج ساڵی تر بەردەوام بێت، ئەوە رای لیژنەی یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەرنجم لەسەر بڕگەی(٣) هەیە کە خراوەتە سەر بڕگەی (١)، بڕگەی (٢)دەڵێ: ( يجوز احالة الحاكم على التقاعد قبل اكماله السن المحددة في فقرة أولاً لهذه المادة اما بناءاً على طلبه في حالة عدم ممارسة مهنة المحاماة او لأسباب صحية وفقاً لاحكام قانون التقاعد المدني).

بەپێی ئەم دەقە بوار بۆ ئەو دادوەرانە نەماوەتەوە کە لە دوای خانەشینی دەیانەوێ پیشەی پارێزەری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە یاسای عێراقیدا هەیە کە ئەوەی یەک رۆژیش لە خزمەتدا بووبێ مووچەی خانەنیشنی وەردەگری

بۆیە ئیتر پێویست نییە بگوترێ (اذا كان مستحقا)، ئەوەشی مومارەسەی پیشەی بکات ئیتر هەقی وەرگرتنی دەرماڵەی نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگەی(١) لە مادەی (٤٤)تەواو بوو دەنگمان لەسەر داوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگە (٢). ئەوەی لە پرۆژەی وەزارەتدا هاتووە ئەوە پێشنیاری ئێمەیە بەراستی هەندێکیان دوو بڕگەیە لێکمان داوە، یان بڕگەمان خستۆتە سەری. پێشنیاری ئێمە لەسەر بڕگەی(٢)ئەیە:( في حالة وفاة الحاكم أو اصابة الحاكم بمرض لايرجى شفائه او بعجز تام لا يمكن القيام بواجباته يتمتع بجميع حقوقه التقاعدية المحتسبة وفق القرة(١) من هذة المادة). سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا تەنها باسی مردنە، بەڵام تۆ دەتەوێ بڵێی ئەگەر نەخۆش کەوت.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مردن شتێکی گشتیەو، بەهەر هۆیەکەوە بێت وەک یەکە، بۆ نەخۆشیش ئەوە یاسای تر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو بەڕێز وەزیری داد فەرمووی یاسای مۆڵەتی نەخۆشی ئەو حاڵەتانەی چارەسەر کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ بڕگە (٢) وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فقرة (٣): يجوز احالة الحاكم على التقاعد قبل اكماله السنة المحددة في فقرة واحد من هذه المادة أما بناء على طلبه أو لأسباب صحية وفقاً لأحكام القانون المدني.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵەی یەکەم کە هەموار کراوە با وەکو خۆی بمێنێتەوە، وابزانم ناکۆکیەک لە نێوان هەردوو

دەقەکەدا دەبێت ،بەرای من وەزارەتی داد لەگەڵ لیژنەی یاسا لەسەر ئەوە ڕێک بکەون باشە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارم لە وەزیری داد ئەوەیە ئەو دادوەرەی کە بە هۆی نەخۆشیەوە خانەنیش دەکرێ جیاوازی چییە لەگەڵ ئەو دادوەرەی کە بە هۆی تەمەنەوە خانەنیش دەکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەگوترێ: (وفقا لأحكام قانون تقاعد المدني) بۆ ئەوەی جیاوازی هەبێت لە نێوان یەکێک کە مرد و یەکێک کە نەخۆش کەوت، پێشنیارەکە ئەوەیە کە نەک لە یاسای خانەنشینی مەدنیدا بڵێین بۆ چی؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی یاسای مەدەنی، ئەگەر دادوەر خۆی داوا بکات ئەوە دوای ئەوا نابێت دادوەری بکات، بەڵام بە(أسباب صحى) بێ، یا (عجزى) هەبێت واتا هیچ مووچەیەکی تر وەرناگرێت، بۆیە دەبێت (بناءً على طلبه) هەبێت بۆ (أسباب صحيه)کەش، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە لیژنەی یاسا کردی بەوە دەچێت، کە فەرمانبەرێک ئەگەر ساڵێک ئیشی کرد لەلای دەوڵەت دوایی نەخۆش کەوت ئەوە دەبێت مووچەیەکی بە تەواوەتی بدرێتێ، وەکو ئەوەی کە(١٥) ساڵ خزمەتی کردبێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من ئەگەر دەقەکە بخوێنینەوە جیاوازییەک دەبینین (احالة على تقاعد) لەگەڵ (اسباب صحي) جیاوازییەک هەیە لەگەڵ ئەوانەی کە بە ئاسایی خانەنشین دەبن، بە رای من کە گوترا(الاسباب الصحية) شتێکی زیاتر وەردەگرێت لەوانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە باس کرا لایەنێکی ئینسانی و یاساییە، وابزانم ئەو پێشنیارە بۆ لیژنەی یاسایی دەمێنێتەوە کە هەر دوو بڕگەی(٤.٣) ڕێک دەخات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە رای ئەوەی کە(ينطبق عليه قانون الخدمة القضائية)؟.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی هەموو بەیاسای تایبەتی چارەسەر کراون، پێویست ناکا دووبارەیان بکەینەوە، ناکۆکی دروست دەبێ ئەگەر وابکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بە گوێرەی یاسای مەدەنی بێت، ئەوەی من دەزانم کە خانەنشین لە(٢٠٠)دینار زیاتر وەرناگرێت، بەڵام یاسای خزمەتی دادوەری شتێکی تایبەتە ولە لیژنەی یاسا ڕێزێکی زۆرمان لە دادوەرەکان ناوە، چونکە دادوەر کاتی خۆی بە ڕەواییەوە سەرف دەکات، لەبەر ئەوە دەبێت ئیمتیازێکی تایبەتیشی پێبدرێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک عەدنان فەرمووی ڕاستە، بەڵام هەموار کرا ئێستا هەتا (٢٤٠)دینار دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دارشتنە تازەکەم دانا، ئەگەر ڕێگا هەبێت بیخوێنمەوە ڕەنگە چارەسەرێک لە وەزعەکە بکرێت (لایجوز احالة الحاكم على تقاعد قبل اكماله السن محدده من فقرة(١) من هذه المادة اما بناءعلى طليه ويطبق بحقه من احكام قانون التقاعد المدني او لأسباب صحية ويطبق بحقه احكام فقرة (٢) ا علاه) . ئەوە چارەسەری بابەتەکە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی کاک حسێن کورتە، بەڵکو بگوترێت: (في حالة إحالة الحاكم على التقاعد قبل اكماله السنة المحددة له وفقا لفقرة ألف لهذه المادة والفقرة واحد، اما بناءعلى طلبه وتطبق بحقه احكام قانون التقاعد المدني أو لاسباب صحية وتطبق بحقه احكام فقرة«٣»). ئەنجا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕگەیە بەم جۆرە بگۆڕێت؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

فقرة(٤) ـ يمنح الحاكم المحال على التقاعد الرواتب والاجازات التي كان يستحقها على اساس مجموع ماكان يتقاضاه شهرياً قبل إحالته على التقاعد على ان لاتزيد على (١٠٨)يوماً.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە ؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیــد:**

المادة(٤٥) للحاكم ان يستقيل من الخدمة اذا شاء في هذه الحالة يكتفي بحقه في تناول أو يستحقها بموجب القانون ولا يحق له من الاجازات المستحقة). رای لیژنەی یاسا ئەوەیە کە ئەم برگەیەی بخەینە سەر وبلّێین: «بموجب قانون الخدمة المدنية»، سوپاس.

**بەڕێز بەخـتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

بەراستی ئەو برگەیەی کە لیـژنەی یاسـا پێشنیـاری کـرد راستـە، چونکە نابێت دادوەر لەپاش مانگێک ئیستقالە بکات و یەکسەر ئیستحقاقی تەواو وەربگرێ، چونکە مافی خانەنشینی ئەوەی دیاری نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

بەراستی ئەو برگەیە زۆر لە جێی خۆیدایە کە زیاد بکرێت، چونکە ئەوەی خۆی ئیستیقالە بکات بەپێی یاسای خزمەتی مەدەنی هیچ مافێکی نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیــد:**

(للحاكم ان يستقيل من الخدمة في تناول الراتب تقاعدي او اكرامية التي يستحقها بموجب القانون ولا يحق الاجازات التي يستحقها بموجب القانون الخدمة التقاعد المدني).

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

ئێستـا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کـە ئەم مـادەیە پاش ئەو هەمـوار کـردنەی کـە لیـژنەی یاسـا کـردیان وەربگیرێت؟ ..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیــد:**

مادة«٤٦»: تقام الدعاوي في حقوق الناس عن هذا القانون لدى مجلس شؤون الحكام وتتألف من ثلاثة اعضاء واختار من مجلس القضاء بين حكام واعضائها وفق قرارات في هذه الدعاوي امام هيئة موسعة في محكمة التميز من قبل وزير العدل ومن قبل الحاكم يصدر هذا القرار خلال ثلاثين يوماً من تأريخ تميزه)... قرارات بهذا الشأن.. بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ( تأليف) زیـادەیە..( المؤلف من ثلاثة اعضاء يختار مجلس القضاء من بين حكامه اعضاء). چونکە لە برگە(٥)ی مادە (٣٢)ی ئەوە باسی کراوە و، لە رووی دارشتنیشەوە پێویست ناکات بگوترێت، بەس بلـێین:( مؤلفة من ثلاثة اعضاء، يختار مجلس القضاء من بين حكامه اعضاء) تەنهـا ئەوەندە بسرینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم برگەیە بسرینەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجــیــد:**

مادة(٤٧): تسری احكام قانون الخدمة المدنية وقانون التقاعد المدني في الامور التي لم ينص عليها هذا القانون.

**بەڕێز جــێگری ســەرۆکی ئەنجــوومــەن:**

کێ لەگەڵ مــادە(٤٧)دایە کــە وەکــو خــۆی بمێنێــتــەوە؟..دەست بەرزکــرایەوە..کێ دژە؟ کــەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجــیــد:**

(الفصل السادس) النقل والانتداب.

المادة(٤٨): اولاً:ـ

آ ـ لايجوز نقل الحاكم من وظيفة قضائية الا بموافقة تحريرية.

ب ـ يجوز انتداب الحكام من صنف الاول حكام محكمة تميز علماً وبموافقة تحريرية وبأمر من وزير العدل الى وظيفة المستشار القانوني في مجلس وزراء الاقليم أو الى رئاسة احدى دوائر مركز وزارة العدل واجهزتها في جامعة على ان يحتفظ بصفته القضائية و حقوقه فيها..

ثانياً: لاتتجاوز مدة الانتداب المنصوص عليها في البند الاول من هذا القانون ثلاث سنوات قابلة لتجديد لسنة اخرى..

ثالثاً:ـ يجوز انتداب الحاكم الى محكمة اخرى عند اقتضاء مصلحة عامة وذلك بأمر من رئيس محكمة الاستئناف ويتم الانتداب في منطقة استثنائية الى اخرى بأمر من وزير العدل على ان لاتزيد مدة الانتداب على سنة واحدة.بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن..لێرەشدا یەک بڕگەمان بۆ زیاد کردووە کە دەڵێت:( اذا كان الغرض الحاجة الي خدماتة، لا بموافقة تحريرية).

**بەڕێز جــێگری ســەرۆکی ئەنجــوومــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجــیــد:**

مادة(٤٩):ـ يجب نقل الحكام خلال شهر تموز من كل سنة، ويجوز عند اقتضاء المصلحة العامة اجراء نقل في غير الشهر المذكور، ويتم النقل بموافقة مجلس القضاء بناءً على اقتراحه من قبل وزير العدل.

**بەڕێز جــێگری ســەرۆکی ئەنجــوومــەن:**

کــەس تێــبــینی هەیە، کێ لەگــەڵ ئەوەدایە کــە مــادە(٤٩) وەکــو خــۆی بمێنێــتــەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مـــەجـــــــید:**

الفصل السابع: واجبات الحاكم ممايلي:

١ـ المحافظ على كرامة القضاء بإلتزام النزاهة والابتعاد عن كل ما يبعث بجدية الاستقامة.

٢ـ الامور والمعلومات والوثائق التي يقتضى عليها بحكم وظيفته او متعلقة باجهزة الاقليم او الاشخاص في ظل هذا الواجب قائمة حتى بعد انتهاء الخدمة.

٣ـ عدم مزاولة التجارة بأي عمل لايعرف قوة وظيفة القضاء.

٤ـ ارتداء القسم الخاص اثناء الموافقة وذلك وفق تعليمات يصدرها وزير العدل.

ثانياً: يحذرعلى الحاكم الاشتغال بعمل سياسي ولايجوز له التشريع في الانتخابات المجلس الوطني او نوعيات محلية أو تنظيمات سياسية الا بعد تقديم استقالة.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.. رای ئێمە ئەوەیە پێنجەمین (الاقامة في مركز الادارة التي فيها مقر عمله الا اذا يسمح له وزير العدل باقامة في مكان اخر).

٥ ـ الاقامة في مركز الوحدة الادارية التي فيها مقر عمله الا اذا أذن له وزير العدل الاقامة في مكان أخر بظروف مقدرة.

**بەڕێز د.عـــیـــزەدین مـــــســـــتـــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجـــــوومـــــــــەن.**

لەسەر دووەم قسەم هەیە( يحذر على الحاكم اشتغاله عمل سياسي) نازانم ئەمە لەوڵاتانی دیموکراتیدا چۆنە بۆ دادوەر؟ ئەمە یەکەم، دووەم (عملي سياسي) زۆر فراوانە، دەنگدانیش لە هەڵبژاردندا کاری سیاسییە، تۆ کە دەچی دەنگ دەدەی بە حزبێک کارێکی سیاسییە و تارێک، یا مقالەیەک لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی دەنووسی ئەوە کارێکی سیاسییە، جۆرەکەی دیار بێت. مەسەلەی ئیستقالە ئەوە رەنگە یاسایەکان و دادوەرەکان باشتری لێ بزانن، جاری وا هەیە دادوەر ئیستقالە دەکا و خۆی دەپاڵێوێ و دەریش ناچێ کێ دەڵێت بەیانی لە جێگاکەی خۆی دادەنرێتەوە، جا دەبێت ئەمە چارەیەکی بۆ بکرێت، کارە سیاسیەکە بخرێتە شێوەیەکی ترەوە کە دەرچوو ئیستقالە بکات، یان ئەو ماوەیە ئیجازە وەربگرێت لەکاتێ هەڵبژاردندا، کە دەریش چوو ئەوە ئیستقالە بکات، سوپاس.

ب

**ەڕێز ســــەفــــەر مــــحــــەمــــەد حــــســـێن:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئــەنجـــــوومـــــــەن.**

(عملي سياسي) ئەگەر دیاری بکرێ باشترە، وەکو ئەوەی بگوترێت: (انتماء الى الاحزاب السياسية أوعمل تنظيمات سياسية) دووەمیش، بۆ پێشکەش کردنی ئیستیقالەیش بگوترێت: (بعد الفوز)، چونکە دادوەریش هاووڵاتییەکەو وەک هەمووان مافی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد ئەبوبەکـر حـسـەن بامـەڕنی:**

**بـەڕێزسـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی ئەگەر (عملي سياسي) بکرێتە (عملي حزبي) زۆر ڕێکوپێک تر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

پێشنیارێک لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە هاتووە و دەڵێت: - بۆ برگەی(٢) ی ئەو مـادەیە بگوترێت:( يحذر على الحاكم لانضمام الاحزاب والمنظمات والجمعيات السياسية.)، سوپاس.

**بەڕێز عـەدنان مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەو دەقەی کە لێرەدا هاتووە شتێکی گشتییە، ئەگەر بیگۆڕین ودیاری بکەین لەوانەیە کەسێک کـە هیچ پەیوەندیی نییـە بە حـزبێکەوە، یا ئەندام بێت، بەڵام ئەوە بشـارێتـەوە ئەوجـا زیان بەدەسەڵاتی قەزائی بگەێنێت، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

لە زۆر جێگادا چالاکیی سیاسی لە دادوەرە قەدەغە کراوە، لەچ وڵاتێک، یا لەچ دەستورێکدا ئەمە هاتووە؟.

**بەڕێز مـەعـروف ڕەئووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

جیـاوازی هەیە لە نێوان مـافی سیـاسی وکـاری سیـاسـیدا، دادوەر بۆی هەیە بیـروڕای سیـاسی هەبێت، بەڵام دەبێ ئینتیـمـای سیـاسی نەبێت. بۆ جێگەی دانیشـتنی دادوەریش ئەوە پێویست ناکات دیاری بکرێت، چونکە سرووشتی کارەکەی وا دەخوازێت کە لە جێی کارەکەی دانیشێت، چونکە جگە لە دەوامی ڕۆژانە خەفارەتیشی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عـەدنان مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

هەرچەندە یاسـا بۆ شـتێکی کـاتی دانانرێت، بەڵام هەندێ شـتـیشی هەیە کـە نابێ لە بەر چاو نەگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

حاڵاتی ڕێگەپێدانی تێدایە وەکو بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسا باسی کرد، واتا حاڵەتی جیاواز هەیە ئەویش بە ڕێگەپێدانی وەزیری داد بێت، چونکە ئەوەی دیکە پەیوەندیی بە جێنشـینی و مەسـەلەی دەرماڵەوە هەیە، کـە ئەوانەی دێنە سـەر کـە بە وردی باسی لێ کـرا، ئەگەر ڕوخسـەت هەبێت دەقەکە دەخوێنمەوە:(الاقامة في مركز الوحدة الادارية التي فيها عمله الا اذا عين له وزير العدل الاقامة في مكان اخر لظروفه مقدرة)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

فقرة(٢) مادة(٥٠)«يحذر على الحاكم الانضمام الى الاحزاب والمنظمات و الجمعيات السياسية ولايجوز ترشيحه لانتخابات المجلس الوطني او الجمعيات المحلية او التنظيمات السياسية الابعد تقديم الاستقالة».

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ بڕگە(٢)دایە پاش ئەو سەرنجی دووەم وەر بگیرێ؟ ..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا کە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

مادة(٥١)«لايجوز أن يشترك في الهيئة القضائية حكام بينهم مصاهرة او قرابة لغاية الدرجة الرابعة ولايجوز ان ينظر الحاكم طعناً في حكم أن يصدره حاكم آخر تثبته به العلاقة الحميمة».

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ مادە(٥١)دایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة(٥٢):ـ

أ ـ لوزير العدل حق الاشراق والمراقبة على كافة المحاكم والحكام والمخولين والسلطات القضائية من الموظفين والهيئات واللجان..

ب ـ بتم الاشراف والمراقبة بواسطة اشراف وزير العدل او بواسط الحكام.

جـ ـ الاشراف على محكمة التميز وحكامها من قبل الرئيس على مقدمة على اعمال وزير العدل ومجلس القضاء.

٢ ـ أ ـ لرئيس محكمة الاستئناف الاشراف على جميع المحاكم في منطقته وابداء توجيهات مقتضية وتبريرها خلافاً لواجبات الوظيفة وحسن سير الاعمال الادارية والحسابية وعليه ان يدفعا الى وزارة العدل ومجلس القضاء تقاريرالسنوية العامة لحكام في المنطقة وتضل ملاحظة وكفاءة في الامور الادارية.

ب ـ لرئيس محكمة الاستئناف ان ينابه احد نوابه لتفتيش المنطقة.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی وەربگیرێت؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

مادة(٥٣) :-

اولاً :- على هيئات التمييزية وهيئات محاكم الأستئناف ومحاكم الجنايات ان تنظم تقارير فصلية تبين فيـها الاحكام والقـرارات التي ارتكب فيـها الحاكم خطئاً ناجماً نتيجة جهله بالمبادئ القانونية الاولية او اغفاء الوقائع التي تظهر لها عند تدقيقها وحجزها في الاضبارة الشخصية للحاكم لاخذها بنظر الاعتبار عند النظر في تفتيشه .

ثانيا :- تنسيق وزارة العدل ومجلس القضاء ومحكمة التميز ومحاكم الاستئناف ومحاكم الجنايات والسجلات لهذة الاخطاء وفقا لتعليمات وزير العدل.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ لەسـەر ئەم مـادەیە تێـبـینی هەیە؟.. کێ لەگـەڵ ئەوەدایە کـە ئەم مـادەیە وەکـو خـۆی وەربگیرێت؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆری دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

مادة(٥٤) :-

اولا : لوزيرالعدل ان ينبه الحاكم من اخطاء القانونية والادارية التي تظهر من نتيجة التفتيش على عمله وما يحاول مخالفا لواجبات ومقتضيات.

ثانيا : رئيس محكمة التميز والاستئناف ان ينبه حاكم من القانون اثناء التحقيقات التميزية.

ثالثا : لرئيس محكمة التـميز الاستئناف ان ينبه الحـاكم في منطقـة الى ما يقع منه مخالفا لواجبات وظيفته.

رابعا : يكون التنبيه بكتاب موجهه الى الحاكم وبنسخة الى وزارة العدل ومجلس القضاء وتحفظ الاخرى في اضبارته الشخصية.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة(٥٥) :-

تصـدر لجنة شـؤون الحكام المشكلة بموجب هذا القـانون في الدعـاوي الانضبـاطية المقامـة على الحاكم احدى العقوبات الانضباطية الاتية :

اولا : الانذار - ويترتب عليه تاخير علاوة الحاكم وترفيعه لمدة ستة اشهر.

ثانيا : تأخير الترفيع او العلاوة او كليهما مدة لا تقل عن سنة ولا تزيد على ثلاث السنوات من تاريخ القرار اذا كان قد اكمل المدة القانونية للترفيع والا من تاريخ اكمالها.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومــــــەن:**

كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە ئەم مادەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزكرایەوە..كێ دژە؟ كەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة(٥٦) :ـ

اولاًـ لمجلس القضاء انهاء خدمة الحاكم بناءً على قرار من وزير العدل باحالته على لجنة شؤون الحكام على ان يتضمن القرار بيانا للواقعة المسندة اليه والادلة المؤيدة لها ويبلغ هذا القرار لكل من الحاكم والادعاء العام.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومــــــەن:**

كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە ئەم مادەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرز كرایەوە..كێ دژە؟ كەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز ایاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة (٥٧).

اولاً: تقام الدعاوي على الحاكم بناءاً على القرار من وزير العدل باحالته على لجنة شؤون الحكام على ان يتضمن قراراً للواقعة المستندة اليه والادلة المؤيدة لها وتبلغ هذا القرار ويكون من الحاكم والمدعي العام.

ثانياً: آ ـ تحدد لجنة الشؤون الحكام موعداً للنظر في الدعوى تبلغ به وزير العدل ورئاسة الادعاء العام والمحاكم.

ب ـ تكون المحكمة سرية وفقاً ويفهم القرار علنياً.

جـ ـ تجرى المحاكمة بحضور ممثل وزير العدل ورئيس ادعاء العام او من مدعي العاميين وعلى الحاكم الحلول النفسي وله ان يحذر من مقامه .

د ـ للجنة ان تجرى بنفسها ما تراه مناسباً من تحقيقات.

هـ ـ تلزم لجنة بدعاوى و بعد اكمال تحقيق وسماع الاقوال من وزيرالعدل والمدعي العام والدفاع الحاكم وتبليغ القرار الى وزير العدل ورئيس الادعاء العام والحاكم.

و ـ تتبع لجنة في اجراءاتها القوانين المنصوص عليها ومن احوال المحاكمات الجزئية.

**بەڕێز جـــێگری ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومــــــەن:**

كێ لەگەڵ ئەم مادەدایە كە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزكرایەوە.. كێ دژە؟ كەواتە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة(٥٨) :ـ

اولاً: اذا وجدت لجنة شؤون الحكام اثناء نظر الدعوى عن الفعل المنسوب الى الحاكم يكون

جنايةً اوجنحة فتقرر احالتها على محكمة المختصة و ترسل اليها الاوراق كافة بعد ان يسحب الوزير يد الحاكم وفقاً لما هو مقرر في قانون انضباط موظفي الدولة.

ثانياً: اذا قررت المحكمة المختصة براءة الحاكم او الافراج عنه أو اصدرت اي قرار تنتهي به الدعوى الجزائية فعلى اللجنة الاستمرار في نظر الدعوى الانضباطية وفقاً لاحكام هذا القانون.

ثالثاً: اذا قررت المحكمة ادانة الحاكم فعلى اللجنة ان تفرض عليه عقوبة انضباطية تتناسب مع الفعل المسند اليه وفقاً لاحكام المادة(٥٥)من هذا القانون.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟.. کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة(٥٩):-

لوزير العدل ورئيس الادعاء العام والحاكم حق الطعن لدى الهيئة الموسعة في محكمة التميز لقرار لجنة الشؤون الحكام الصادر وفق الاحكام هذا القانون خلال ثلاثين يوماً من تاريخ التبليغ به وللهيئة الموسعة اذا اقتضى الحال أن ترعو ممثل وزير العدل و ممثل رئيس الادعاء العام والحاكم لاستماع الاقوال لهم فيها وقرارها وتصديق القرار او تعديله يكون قرار في هذا الشأن نهائياً.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم مادەدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟. کەواتە بەزۆرینە دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الباب الرابع «احكام متفرقة »المادة(٦٠):

اولاً: اذا انحاز رئيس المحكمة ورئيس الهيئات للشؤون الوظيفية أو قام لديه مانع يحول دون مباشرة العمل فيقوم بممارسة عمله الاقدم من نواب اوالاعضاء.

ثانياً: ا ذا وجد اكثر من الحاكم في محكمة واحدة يكون اقدمهم مسؤولاً عن الادارة وتوزيع العمل بينهم ولوزير العدل تعين غيره.

ئێمە سەبارەت بە برگەی دوو رای لیژنەی یاسای ئەوەیە ئەو دەستەواژەی(ولوزير العدل تعين غير) لابرێت، چونکە ئەوەی (اقدمه) هەر (اقدم) ئەمێنێتەوە و بەپێی (قدمی وظيفی) خۆی.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە ئەوە بمێنێ، چونکە زۆر جار وا رێک دەکەوێت کە ئەقدەمیی شایستەی ئەوەیە ئەو ئەرکە

ببینێ، وەزیری داد ئەوکاتە دیاری دەکات کام دادوەر باشە بۆ ئەو کێشەیەی، یا ئەو وەزیفەیەی، یا ئەو دادگایەی ببینێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە ؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

مادة (٦١)لایجوز توقیف الحاکم او اتخاذ اجراءات جزائیة ضده في غیر حالة ارتکابه جنایة مشهودة الا بعد استحصال اذن من وزیر العدل.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة(٦٢) :ـ

١ ـ یصدر مرسوم اقلیمي بناءً علی ترشیح من وزیر العدل والاقتراح من مجلس القضاء وباعادة الحکام محالین علی تقاعد قبل صدوره هذا القانون یعقد الی عضویة محکمة التمیز ممن یتوفر فیهم الشروط المنصوصة علیها في البند ثلاثة من المادة(٣٦)من هذا القانون بعد استحصال بموافقة تحریریة.

٢ ـ تکون مدة خدمة المعاون القضائي بموجب الفقرة الواحدة من هذه المادة ثلاث سنوات ولوزیر العدل اقتراح انهاء خدماته قبل ذلك.

٣ ـ یمنح المعاونون بموجب الفقرة الواحدة من هذه المادة مخصصات شهریة مقطوعة قدرها(١٥٠٠) دینار.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ دیاری بکەین با هەمووی بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵێک هەیە کە سکرتێری ئەنجومەن پرسیار دەکات، ئەنجا با ئەو (١٥٠٠)ە بخرێتە سەر ئەو دەرماڵەیەی کە هەیەتی وهۆی ئەو زیادە کردنە چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە ئەو خانەنشینیە وەردەگرن ئەو (١٥٠٠) کە دەیدرێتێ مانگانە ئەو خانەنشینی وەرناگرێت هەر ئەو (١٥٠٠)ە وەردەگرێت. دادوەری پێداچوونەوە ئێستا نزیکەی(٣٠٠٠) دینار وەردەگرێت،

ئەو(١٥٠٠) لەگەڵ خانەنشینیەکەیە نابێت تەنها بێت، خانەنشینیش وەردەگرێت و ئەوەش وەردەگرێت بەپێی (عقد مقطوع) دەیدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسی(١٥٠٠) دینار و ئەو شتانە ناکەم باسی ناکۆکیەکی یاسایی دەکەم، کە چەند جارێک ئاماژەم پێدا لیژنەی یاساش زۆر لەسەری ڕۆیشتن وا تێدەگەم هەر بەسەر هەڵەکەدا ڕۆیشتین لیژنە دەڵێت: (یصدر مرسوم جمهوري) اقلیمي بناءً... ئەوەی مادە(٣٦) ئەیگێرێتەوە بۆ(٣)کە دەڵێت: لە حکامی پلە یەکەم بێت یاخود(٢٠) ساڵ خزمەتی دادوەری هەبێت کە پارێزەر ئەگرێتەوە، واتە مەرج نییە لێرە کە پارێزەر بێت لە کاتێکدا کە دێینەوە سەر مادەی (٤٠) باسی دامەزرانی دادوەری دادگای پێداچوونەوە دەکات و دەڵێت : (یعین حاکم في محكمة تميز بناءعلى اقتراح محكمة التميز بين حكام صنف الاول من الوظائف التالية).. واتا(٢٠)ساڵ خزمەتە دادوەرەیەکەی تیا ناما، من چەند جارێک قسەم لەسەر ئەم کرد، ناکۆکیە ئینجا حەز دەکەم بزانم جەنابی وەزیری داد ئەم کێشەیەی چۆن لادەبات کە ئەوە بە ئاشکرا دیارە لە وئاماژەی پێ داوە لە بڕگە(٣)دا و(٢٠) ساڵ خزمەتی دادوەری لێ قبوڵ نەکرێت بە دادگای پێداچوونەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوە ناکۆکی نابینم، ئێمە ئێستا باسی ئەوە دەکەین:(یمنح المعاونوون بموجب [illegible] « وبموجب المخصصات الشهرية المقطوعة قدرها« ١٥٠٠ » ديناراً بالاضافة الى راتب التقاعدي)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر روخسەت هەبێت روون کردنەوەیەک پێشکەش بکەم سەبارەت ئەو کتابەی دادوەری پێداچوونەوە دەستەی پێداچوونەوەی نوێ کە کاک حسێن ئاماژەی دەداتێ، ئەگەر بەڕێزی تەماشای بکات دەڵێت: (من قانون السلطة القضائية)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ مادە(٦٢)دایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە ؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة(٦٣):-

تعين اوقات الدوام في المحاكم بقرار من مجلس القضاء حسب المواسم ان لاتزيد مدة الدوام عن (٥)ساعات يومياً ويجوز تعين اوقات دوام خاصة شهر رمضان ان لاتقل عن (٤) ساعات.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە(٦٣)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە ؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة(٦٤):ـ

«لوزير العدل اصدار تعليمات لتسهيل تعليمات تنفيذ احكام هذا القانون».

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ مادە(٦٤)دایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ .. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مادەی(٦٥)ی پرۆژەکەمان کردووەتە مادەی(٦٧)، بۆ (٦٥ ـ ٦٦)یش برگەیەکمان هەیە، ئەگەر پەسەند کرا، مادە«٦٥» (لايعمل باي نص يتعارض باحكام هذا القانون)،

مادة(٦٦):ـ على الوزراء المختصين تنفيذ الاحكام هذا القانون.

مادة(٦٧):ـ ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية) لە رووی شێوەوە.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادانە وەکو خۆیان بمێننەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟. کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الاسباب الموجبة: «بعد استحداث وزارة العدل في الاقليم وترشيع قانونها كان لابد من اصدار تشريع خاص بالسلطة القضائية تتضمن تشكيلات المحاكم وهيئاتها وبناء جهاز قضائي متطور قادر على تحمل اعبائه واداء دوره في تنظيم القوانين وتحقيق العدالة مستلهمة روح العدالة وسيادة القانون والاستقلال القضاء و لهذه الاسباب فقد شرع هذا القانون..

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ئەسبابە موجبەدایە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المذكرة التفسيرية للقانون «تناول القانون في اربعة ابواب من السلطة القضائية في الاقليم حيث نص في الباب الاول على الاحكام العامة وتضمن الباب الثاني تشكيلات قضائية وتم استحداث مجلس القضاء و محكمة التميز في الاقليم وتطرق الباب الثالث الى الخدمة القضائية والى القواعد الجديدة لاستقالة الحكام وضم قوانين وردت في احكام متفرقة لقد وقف اللجنة المكلفة باعداد مشروع لقانون عن مسألة مجلس القضاء اذا كان المجلس امام اعتبار أولاً

الحفاظ على استقلال القضاء وضمان امور باعضاء دون اي تدخل في السلطة التنفيذية ومايعزز في الاقليم في حالة بنظر اعتبار ومستلزم باعتبار المركزية باعداد بناء الجهاز القضائي في هذه المرحلة لذلك لقد نهجت اللجنة الخاصة الاناطة برئاسة المجلس المذكور بوزير العدل. ان كان حاكماً لاتستثنى من تميز من سلطة تنفيذية كانوا ... على سلطة القضاء وفي مجمل الاحوال من اعضاء المجلس هم من الحكام ...القرارات باكثرية راجحة تكون دائماً الى جانب القضاء وفي ضمانات كافيه الاحتواء ومن مبدأ استقلال القضاء وعلى اية الحال لقد امرت رئاسة مجلس الوزراء لرئيس محكمة التميز اذا لم يكن وزير العدل حاكما.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو (مذكرة تفسيري) یەکە هاتووە بەپێی پرۆژەی وەزارەت پاش ئەوەی کە دەنگی لەسەردرا ناکۆکیەک دروست دەکات، ئەویش ئەوەیە رای ئەو لیژنەی کە دانرا بوو بۆ ئەو پرۆژەیە ئێستاکە لە جیاوازی لیژنەی کە دەنگی لەسەر درا (مجلسی قضاء) بکرێت بە(رئیسی محکمەی تمیز) هەرچەندە ئەگەر بەڕێز وەزیری دادیش حاکم بێت نادرێتە وەزیری داد جا دەمێنێتەوە رای سەرۆکایەتی سەبارەت ئەو (مذكرة تفسيري) یە.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو (تفسیر)ە لاببرێت، لە بەر ئەو جیاوازیەی کە لێی دەرکەوتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەدژە؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

تەنها پرسیارێک هەیە، پاش ئەوەی ئەم یاسایە دەنگدانی لەسەر ئەکەین، ئایا پێویستی نییە یاساکە لەپاشان دەنگی لە سەر بدرێت، پیرەوی ناوخۆ ئەڵێت دەنگ بە دەنگ تاتەواو ئەبێت!.

**بەڕێز حسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلای ئێمەوە پێویستە دەنگ لەسەر هەموو مادەکان بدرێت، یان مادەیەک کەم بێت ئەوەی هاتووە دەبێت مادەیەکی تری لەگەڵ دابنرێت کە دەنگمان دا لەسەری زیاد و کەمی لەسەر نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو یاسایە وەکو ئەوەی کە خوێنداریەوە یاسای( سلطەی قضائی) بەگشتی وەربگیرێت .. کێ لەدژە؟ .. کەواتە بەزۆرینەی دەنگ یاسایی(السلطه القضائیه)پەسەند کرا.

سوپاستان دەکەین بەم جۆرە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمرۆمان دەهێنین، سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# یاسای دەسەڵاتی دادوەری (السلطة القضائية)

## دەروازەی یەکەم
## چەند حوکمێکی گشتی

**ماددەی یەکەم:**

دادگا سەربەخۆیەو جگە لەیاسا هیچ سەروەرێکی تری نی یەو نابێ هیچ دەسەڵاتێک یا کەسێک دەست لەسەربەخۆیی دادوەری وکاروباری دادگەری(العداله) وەربدا.

**ماددەی دووەم:**

حوکم بەناوی گەلەوە دەردەچێ وجێبەجێ دەکرێ.

**ماددەی سێ یەم:**

ویلایەتی دادگا گشت کەسانی سروشتی ومەعنەوی ولەگەڵیاندا حکومەتیش دەگرێتەوە وحوکمدان لەگشت دژکاری«منازعه» وتاوانێکدا کاری تایبەتیی ئەوە.

**ماددەی چوارەم:**

دادگا بۆی نییە هیچ کام لەو یاسانە ببینێ کەبەکاروکرداری سەروەری «السیادە» دادەنرێت.

**ماددەی پێنجەم:**

زمان لەدادگاکاندا کوردی دەبێ، بەڵام دادگا بۆی هەیە بەهۆی وەرگێڕەوە دوای سوێنددانی گوێ لەقسەی دژکاران «الخصوم» وشایەتەکان بگرێ.

**ماددەی شەشەم:**

دانیشتنەکانی دادگاکان بەئاشکرایی دەبێ تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێ کە دادگا خۆی بەهۆی لەبەرچاوگرتنی داب و نەریت وپاراستنی ڕیژێمی گشتی یەوە بڕیار دەدا نهێنی بێ بەڵام لەگشت حاڵەتێکدا ڕاگەیاندنی حوکم هەر دەبێ لەدانیشتنێکی ئاشکرادا بێ.

**ماددەی حەوتەم:**

١- دادگاکان لەکاتی پشوویاندا کێشەکانی شارستانی وباری کەسایەتی(القضـایا المدنیـة والاحوال الشخصیـة) نابینن ئەگـەر بەپەلە نەبن و دادبینی(المرافـعـة) تیایاندا لە ڕۆژی یەکەمی مانگی تەمووزەوە هەتا ڕۆژی یەکەمی مانگی ئەیلوولی هەر ساڵێک رادەگیرێ وکێشە بەپەلەکـان بۆ ئەم مەبەستە بە بەیاننامـەیەک کە وەزیری دادوەری دەری دەکا دیاری دەکرێن.

٢- وەزیری داد بۆی هەیە ئەو پشووە بۆ ماوەیەک کە لە( ٣٠ ) ڕۆژ زیاتر نەبێ لەکاتی پێویستی یەکی زۆردا کەم بکاتەوە.

## دەروازەی دووەم
## دام ودەزگاکانی دادوەری

### بەشی یەکەم
### جۆرەکانی دادگا

**ماددەی هەشتەم:**

دادگا شارستانی یەکان(المدینە) پێکدێن لە:

١- دادگای پێداچوونەوە(التمییز).

٢- دادگای تێ هەڵچوونەوە(الاستئناف).

٣- دادگای سەرەتایی (البداءە).

٤- دادگای باری کەسایەتی (الاحوال الشخصیە).

٥- دادگای تاوان (الجنایات).

٦- دادگای کەتن (الجنح).

٧- دادگای هەرزەکاران (الاحداث).

٨- دادگای کار (العمل).

٩-دادگای لێکۆڵینەوە (التحقیق).

## بەشی دووەم
## تایبەتکارییەکانی دادگاکان (اختصاصات المحاكم)
## لقی یەکەم: دادگای پێداچوونەوە (محكمە التمييز)

**ماددەی نۆیەم:**

دادگای پێداچوونەوە ئەو دەستە دادوەرییە باڵایەیە کەسەرپەرشتیی دادوەری گشت دادگاکان دەکاو ئەگەر دەقێکی پێچەوانە لە یاسادا نەبێ و لەسەرۆکێک و سێ جێگری سەرۆک وچەند دادوەرێک پێکدێ کە ژمارەیان لە حەوت کەمتر نەبێ وبارەگاکەی لە هەولێر دەبێ.

**ماددەی دەیەم:**

یەکەم: دەستەکانی دادگای پێداچوونەوە بەم جۆرە دەبن:

أ- دەستەی گشتی: بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە یا پێشیترین جێگرانی ئەگەر ئامادە نەبوو یا ئەگەر هۆیەکی یاسایی رێگەی بەشداریکردنی لێ گرت و بە ئەندامێتیی جێگرەکانی تری وهەموو دادوەرە کارگەرەکانی دادگا کۆدەبێتەوەو بەتایبەتی ئەم بابەتانە دەبینێ:

١- ئەوەی لە یەکێک لە دەستەکانەوە بۆی دەنێردرێ سەبارەت بە دەستبەردانی لە بنەمایەک کە حوکمێکی پێشوو بریاری لەسەردابێ.

٢- ئەو داوایانەی (الدعاوى) کە حوکمی مردنیان تێدا دەرچووە.

٣- ساغ کردنەوەی ئەو دژکارییەی لە حوکم وبریارەکانی دادگای پێداچوونەوە خۆیدا روودەدا.

ب- دەستەی فراوان: بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە یا پێشیترین جێگرانی ئەگەر ئامادە نەبوو یا ئەگەر هۆیەکی یاسایی رێگەی بەشداریکردنی لێگرتوو بە ئەندامێتی بە لایەنی کەمەوە شەش لە دادوەرەکانی کۆدەبێتەوە وبەتایبەتی ئەم بابەتانە دەبینێ:

١- ئەو دژکاری یەی لەجێبەجێ کردنی دوو حوکمی پێچەوانەی یەکترو لەیەک باسدا دەرچووبن وبەپلەی کۆتایی (الدرجە القطعیە) گەیشتبن روودەدا ئەگەر لەنێوان دژکاران خۆیاندا بوو یا یەکێکیان لەیەکێ لەدوو حوکمەکەدا لایەن بوو کە دەبێ دەستەیەکی لەدوو حوکمەکە زاڵ بکاو بریاری جێبەجێ کردنی بدا. سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەش بۆی هەیە تاکاتی دەرچوونی بریاری پێداچوونەوە جێبەجێ کردنی هەردوو حوکمەکە رابگرێ.

٢- ئەو دژكارييەی سەبارەت بەتايبەتكاری «اختصاص»ی بينينی داوايەک (الدعوی) لەنێوان دوو دادگادا روودەدا.
٣- ئەو حوكم وبڕيارانەی سەرۆک بۆيانی رەوانە دەكا وبەپێی ئەو ياسايەی حوكم وبڕيارەكانی پێ دەرچوون لە چوارچێوەی تايبەتكاری دادگاران.

ج- دەستەی شارستانی (الهيئة المدنية): تايبەتە بەبينينی ئەو حوكم وبڕيارانەی سەبارەت بەداوای شارستانی وبابەتە جۆراوجۆرەكانی ترەوە بەپێی حوكمەكانی ئەم ياسايە لە دادگا ولیژنەكانەوە دەردەچن.

د- دەستەی باری كەسايەتی (الاحوال الشخصية): تايبەتە بەبينينی ئەو حوكم وبڕيارانەی بەپێی ياسا لە دادگاكانی باری كەسايەتی و بابەتی كەسايەتی (المواد الشخصية)يەوە دەردەچن.

هـ- دەستەی سزايی (الهيئة الجزائية): تايبەتە بەبينينی ئەو حوكم وبڕيارانەی بەپێ ی ياسا سەبارەت بەداوا سزايی يەكان دەردەچن.

و- دەستەی كشتوكاڵ: تايبەتە بەبينينی ئەو حوكم وبڕيارانەی لە ليژنەكانی زەوی ودەست بەسەرداگرتنەوە دەردەچن.

دووەم: دەستەی شارستانی ودەستەی باری كەسايەتی ودەستەی سزايی ودەستەی كشتوكاڵ بەسەرۆكايەتيی جێگری سەرۆک يا ئەوەی دەستەی سەرۆكايەتی دياريی دەكاو بەئەندامەتيی بەلايەنی كەمەوە دوو لەدادوەرانی دادگا كۆدەبێتەوە.

سێ يەم: دەستەی شارستانی كاتی ئەو حوكمانە دەبينێ كە لەلايەن دادگای تێ هەڵچونەوەوە (الاستئناف) دەركراون، بەسەرۆكايەتيی جێگری سەرۆک وئەندامەتيی بەلايەنی كەمەوە چوار لە دادوەرانی دادگا كۆدەبێتەوە. هەروەهاش سەبارەت بەدەستەی سزايی كاتێ كەبەسيفەتی ئەسڵی حوكم وبڕيارەكانی دادگاكانی تاوان(محاكم الجنايات) دەبينێ.

چوارەم:

أ- دەشێ بە بڕياری دەستەی سەرۆكايەتی دەستەی تر پێک بهێنرێ.

ب- دەستەی سەرۆكايەتی لەسەرۆكی دادگای پێداچوونەوە وجێگرەكانی پێكدێ ولەحاڵەتی ئامادەنەبوونی هەر يەكێكياندا پێشينترين دادوەری دادگا جێگەی دەگرێتەوە.

**ماددەی يازدەيەم:**

يەكەم: سەرۆكەكانی دەستەكان بە بڕياری دەستەی سەرۆكايەتی لەسەرەتای هەر

ساڵێکدا دیاری دەکرێن ولەحاڵەتی ئامادەنەبوونی هەریەکێکیاندا پێشینترین دادوەری دادگا جێگەی دەگرێتەوە.

دووەم: دەستەکان ولەگەڵیاندا دەستەی فراوانیش بەبڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی لەسەرەتای هەرساڵێک دا پێکدەهێنرێت هیچ ئەندامێکی دەستە ناگۆڕدرێ تەنیا لەحاڵەتی پێویستدا نەبێ وئەویش بەهەمان شێوە دەکرێ.

**ماددەی دوازدەیەم:**

یەکەم: دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە ئەمانەن:

١- بەڕێوەبردنی دادگا.

٢- سەرۆکایەتی کردنی دەستەی سەرۆکایەتی.

٣- سەرۆکایەتی کردنی دەستەی گشتی ودەستەی فراوان یا هەریەکێ لە دەستەکانی دادگای پێداچوونەوە.

٤- پشکنینی کاروباری دادگای پێداچوونەوە.

٥- ناردنی ئەو تانووتانەی پێشکەش بەدادگا دەکرێن بۆ وەرگرتنی ڕەسم وئەمانەت وتۆمارکردنیان.

٦- مۆڵەتدان بەدادوەرانی دادگا ومووچە خۆران وکرێکارانی.

٧- نووسینی ڕاپۆرتی ساڵانە لەبارەی مووچەخۆرانەوە.

٨- ئیمزاکردنی نووسراوە ڕەسمی یەکان بۆ وەزارەتەکان.

دووەم: دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە ئەمانەن:

١- بەجێهێنانی کارەکانی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە لەکاتی ئامادەنەبوونیدا.

٢- سەرۆکایەتی کردنی یەکێک لەدەستەکانی دادگای پێداچوونەوە.

٣- بەشداریکردن لەدەستەی سەرۆکایەتیدا.

٤- ئیمزاکردنی ئەو نووسراوانەی داوا کۆتایی پێ هێنراوەکانی لەگەڵ بڕیارەکانی دادگای پێداچوونەوەدا پێ دەنێردرێنەوە.

٥- هەر دەسەڵاتێک کە سەرۆک دەیداتێ.

## لقی دووەم

## دادگاکانی تێ هەڵچوونەوە (الاستئناف)

**ماددەی سیازدەیەم:**

یەکەم: دادگای تێ هەڵچوونەوە دەستەیەکی دادوەریی باڵایە بۆ دادگاکانی یەک

پارێزگا یا زیاتر ولەسەرۆک وژمارەیەکی پێویست لەجێگری سەرۆک ودادوەر پێکدێ وئەو تایبەتکاری یانە بەجێ دێنێ کە بەپێی یاسا بۆی دیاری دەکرێن.

دووەم: پێکهێنانی دادگاکانی تێ هەڵچوونەوە بەم جۆرە دەبێ:

١- دادگای تێ هەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر کە دادگاکانی هەردوو پارێزگای هەولێر ودهۆک دەگرێتەوە ومەڵبەندەکەی لەشاری هەولێر دەبێ.

٢- دادگای تێ هەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوک کە دادگاکانی هەردوو پارێزگای کەرکووک وسلێمانی دەگرێتەوە ومەڵبەندەکەی لەشاری کەرکووک دەبێ.

سێ یەم: دەشێ لەسەر پێشنیازی وەزیر وبڕیار لەسەردانی ئەنجوومەنی دادوەری (مجلس القضاء) پەیوەندی دادگایەک یا زیاتر لە دادگایەکی تێ هەڵچوونەوە دابڕ بکرێ وبەیەکێکی تریانەوە ببەسترێتەوە.

**ماددەی چواردەیەم:**

یەکەم: دادگای تێ هەڵچوونەوە ودەستەکانی بەسەرۆکایەتیی سەرۆکەکەی یا یەکێ لەجێگرانی وئەندامێتیی دوو لەجێگرانی یا یەکێکیان و دادوەرەکانی دادگای تێ هەڵچوونەوە یا ئەندامێتیی دوو دادوەر لە دادوەرانی دەبەسترێ.

دووەم: سەرۆک وئەندامانی دادگای تێ هەڵچوونەوە ودەستەکانی بە بەیاننامەیەک دیاری دەکرێن کە وەزیری داد لەسەر پێشنیازی ئەنجوومەنی دادوەری دەری دەکا ونابێ سەرۆک یا ئەندام بگۆڕدرێن ئەگەر پێویستی یەکی زۆر نەیخوازێ.

**ماددەی پازدەیەم:**

سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە سەرپەرشتیی دادگاکان وکارەکانیان وبەڕێوەبەرێتی یەکان جێبەجێ کاری(تنفیذ) و فەرمانگەکانی دادنووس(الكاتب العدل) وبەڕێوەبەرێتی یەکانی نەکاملان (قاصرين) لەناوچەکەدا ودابەشکردنی کار لەنێوان دادوەرەکانیدا دەکاو بۆیشی هەیە هێندەی بەباشی دەزانێ لەم دەسەڵاتانەی بدا بەیەکێ لەجێگرەکانی.

**ماددەی شازدەیەم:**

یەکەم: لەهەر ناوچەیەکی تێ هەڵچوونەوەدا ئەنجوومەنێک بەناوی (ئەنجوومەنی ناوچەی تێ هەڵچوونەوە)لەسەرۆکی دادگاو ئەندامێتیی جێگرەکانی دادوەرانی دادگای تێ هەڵچوونەوە پێکدێ.

دووەم: ئەنجوومەن بەلایەنی کەمەوە مانگی جارێک کۆدەبێتەوە سەرۆکیش بۆی هەیە

لەکاتی پێویستیدا داوای کۆبوونەوەی بکاو بەبێ ئامادەبوونی بەلایەنی کەمەوە سێ لەچوار بەشی ژمارەی ئەندامانیشی کۆبوونەوەی ساز نابێ.

سێ یەم: ئەنجوومەن ئەم تایبەتکاری یانە بەجێ دێنێ:

١- لێکۆڵینەوەی ئەو کۆسپ وگیروگرفتانەی دادگاکان تووشیان دەبن.

٢- باسکردنی پێویستی یەکانی دادگاکان وخشتەی کارگەرانیان (الملاک) لەبەر رۆشنایی ی پێویستیی ساڵانەیان.

٣- پێشکەش کردنی پێشنیاز لەبارەی دامەزراندنی دادگای نوێوە.

٤- چاککردنی شێوازی کارکردن وبەرزکردنەوەی رادەی بەجێهێنانی لەدادگاکاندا.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

یەکەم: دەسەڵاتەکانی دادگای تێ هەڵچوونەوە ئەمانەن:

١- سەرپەرشتی کردنی کاروباری بەرێوەبردن ودابەشکردنی کار لە سنووری ناوچەکەدا.

٢- سەرۆکایەتی کردنی ناوچەی تێ هەڵچوونەوە.

٣- سەرۆکایەتی کردنی دادگای تێ هەڵچوونەوە بەسیفەتی پێداچوونەوە وبۆیشی هەیە سەرۆکایەتیی دادگای تێ هەڵچوونەوە بەسیفەتی تێ هەڵچوونەوە ودادگای تاوان بکا.

٤- ناردنی ئەو تانووتانەی بەسیفەتی تێ هەڵچوونەوە وپێداچوونەوە پێشکەش بەدادگای تێ هەڵچوونەوە دەکرێن بۆ وەرگرتنی رەسم.

٥- نووسینی راپۆرتی ساڵانە لەبارەی دادوەر وقازی وموچەخۆرانەوە.

٦- ئیمزاکردنی نووسراوە رەسمی یەکان.

٧- موڵەتدان بە دادوەرانی دادگا وفەرمانبەرو کرێکارانی.

دووەم: دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە ئەمانەن:

١- بەجێهێنانی کارەکانی سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە لەکاتی ئامادەنەبوونیدا.

٢- سەرۆکایەتی کردنی یەکێک لەدەستەکانی دادگای تێ هەڵچوونەوە یا دادگای تاوان.

٣- ئیمزا کردنی ئەو نووسراوانەی فایلی داوا کۆتایی پێ هێنراوەکانی لەگەڵ بریارەکانی دادگای تێ هەڵچوونەوەدا پێ دەنێردرێ بۆ دادگای پەیوەندیدار.

٤- چاودێری کردنی دەوامی دادوەرو فەرمانبەرو کرێکارەکان.

## لقی سێ یەم
## دادگای سەرەتایی(البداءة)

**ماددەی هەژدەیەم:**

لەمەلّبەندی هەر پارێزگاو قەزایەکدا دادگایەکی سەرەتایی یا زیاتر پێک دەهێنرێ ودەشگونجێ لەناحی یەکاندا بەبەیاننامەیەک کەوەزیری داد دەری دەکا پێک بهێنرێ وبۆیشی هەیە تایبەتکاریی شوێنەکی (الاختصاص المکانی) بۆ دادگاکە بۆ زیاتر لەقەزا وناحیەیەک فراوان بکا.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

وەزیری داد بۆی هەیە لەسەر پێشنیازی سەرۆکی دادگای تێ هەلّچوونەوە دادگایەکی سەرەتایی بۆ بینینی جۆرێک یا زیاتری داوایەک پێک بهێنێ.

**ماددەی بیستەم:**

دادگای سەرەتایی بەیەک دادوەر کۆدەبێتەوە تایبەتە بەبینینی ئەو داواو کاروبارانەی کە بەپێی حوکمی یاسا بۆی دیاری دەکرێت.

## لقی چوارەم
## دادگای کەسایەتی(الأحوال الشخصیة)

**ماددەی بیست ویەکەم:**

دادگایەکی باری کەسایەتی یا زیاتر لەهەر شوێنێکدا پێک دەهێنرێ کە دادگای سەرەتایی تێدابێ.

**ماددەی بیست ودووەم:**

وەزیری داد بۆی هەیە لەسەرپێشنیازی سەرۆکی دادگای تێ هەلّچوونەوە دادگای باری کەسایەتی بۆ بینینی جۆرێک یا زیاتری داوا پێک بهێنێ.

**ماددەی بیست وسێ یەم:**

یەکەم: دادگای باری کەسایەتی بەیەک دادوەر کۆدەبێتەوە کەبە قازیی ناوی دەبرێ ودادگاکە بەپێ ی یاسا باس وخوازەکانی باری کەسایەتی دەبینێ.

دووەم: دادوەری موسلّمانی دادگای سەرەتایی بەقازیی دادگای باری کەسایەتی دادەنرێ ئەگەر قازیی یەکی تایبەتیی خۆی نەبوو.

## لقى پێنجەم
## دادگاى تاوان(الجنايات)

**ماددەى بيست وچوارەم:**

يەكەم: لەمەڵبەندى هەر پارێزگايەكدا دادگايەكى تاوان پێكدەهێنرێ وئەو داوا سزاييانە دەبينێ كە بەپێى حوكمى ياسا بۆى ديارى كراون.

دووەم: دەشێ زياتر لەيەك دادگاى تاوان لەپارێزگايەكدا پێك بهێنرێ كە بە بەياننامەيەكى وەزيرى داد رادەگەيەنرێ وتيادا تايبەتكاريى جۆرەكى وشوێنەكى(النوعى والمكانى) ومەڵبەندى كۆبوونەوەى ديارى دەكرێن.

سێ يەم: دەشێ دادگاى تاوان لەسەرپێشنيازى سەرۆكى دادگاى تاوان وبەياننامەيەك كەسەرۆكى دادگاى تێ هەڵچوونەوە دەريدەكا لەدەرەوەى مەڵبەندى پارێزگادا كۆببێتەوە.

**ماددەى بيست وپێنجەم:**

يەكەم: دادگاى تاوانى مەڵبەندى دادگاى تێ هەڵچوونەوە بەسێ دادوەر كۆدەبێتەوە وبەسەرۆكايەتيى سەرۆكى دادگاى تێ هەڵچوونەوە يا يەكێك لەجێگرەكانى وئەندامێتيى دووى تر لەجێگرەكانى يا يەكێكيان ودادوەرێك يا ئەندامێتيى دوو دادوەر كە دەبێ پۆلى هەريەكەيان لە پۆلى دووەم كەمتر نەبێ.

دووەم: دادگاى تاوان لە پارێزگاكانى تردا بەسەرۆكايەتيى جێگرى سەرۆك لەمەڵبەندى پارێزگادا ودوو دادوەر كە پۆلەكەيان لەپۆلى دووەم كەمتر نەبێ كۆدەبێتەوە.

سێ يەم: ناوى سەرۆك وئەندامە ئەسڵى وئيحتياتەكانى دادگاى تاوان بە بەياننامەيەك رادەگەيەنرێ كەوەزيرى داد لەسەر پێشنيارى سەرۆكى دادگاى تێ هەڵچوونەوە دەرى دەكا.

## لقى شەشەم
## دادگاى كەتن(الجنح)

**ماددەى بيست وشەشەم:**

يەكەم: دادگايەكى كەتن يا زياتر لەهەر شوێنێكدا پێكدەهێنرێ كە دادگاى سەرەتايى تێدا بێ وئەو داوايانە دەبينێ كەبەپێ ى ياسا بۆى ديارى دەكرێن.

دووەم: دادگاى كەتن بەيەك دادوەر كۆدەبێتەوە.

سێ يەم: دادوەرى دادگاى سەرەتايى بەدادوەرى دادگاى كەتن دادەنرێ ئەگەر دادوەرى

تایبەتیی خۆی نەبوو.

ماددەی بیست وحەوتەم: وەزیری داد بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری دادگای تێ هەڵچوونەوە دادگای کەتن بۆ بینینی جۆرێک یازیاتر لەداوا پێک بهێنێ.

## لقی حەوتەم
## دادگای هەرزەکاران (الاحداث)

**ماددەی بیست وهەشتەم:**

یەکەم: دادگای هەرزەکاران بەدەستەیەک کۆدەبێتەوە کەبە سەرۆکایەتی دادوەری دادگای هەرزەکاران وئەندامەتیی دوو ناوبژیکار (محکم) دەبێ بەپێ ی یاسای هەرزەکاران داوای تاوان دەبینێ وحوکمی تێدا دەدا.

دووەم: ناوی سەرۆکی دەستە وناوبژیکارە ئەسڵی وئیحتیاتەکان بەبەیاننامەیەک رادەگەیەنرێ کەوەزیری داد لەسەر پێشنیازی سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە دەری دەکا.

سێ یەم: سەرپێچی (المخالفه) وکەتن بەپێی حوکمی یاسای هەرزەکاران تەنیا لەلایەن دادوەری هەرزەکارانەوە دەبینرێ. بەڵام دەشێ لەقەزاو ناحیەکاندا لەلایەن دادوەرانی دادگای کەتنەوە ببینرێ.

## لقی هەشتەم
## دادگای کار (العمل)

**ماددەی بیست ونۆیەم:**

یەکەم: دادگای کار لەمەڵبەندی هەر پارێزگایەکدا پێکدەهێنرێ.

دووەم: دادگای کار بەیەک دادوەر کۆدەبێتەوە.

سێ یەم: دادگای کار ئەو داواو کاروبارانە دەبینێ کەبەپێی حوکمی یاسا لەچوارچێوەی تایبەتکاریی ئەو دان.

## لقی نۆیەم
## دادگای لێکۆڵینەوە (التحقیق)

**ماددەی سی یەم:**

یەکەم: دادگایەکی لێکۆڵینەوە یازیاتر لەهەر شوێنێکدا پێکدەهێنرێ کە دادگای سەرەتایی تێدا بێ بەپێ ی حوکمی یاسا لێدەکۆڵێتەوە وئەگەر دادوەرێکی تایبەتیی بۆ دیاری نەکرابوو دادوەری دادگای سەرەتایی دەبێتە دادوەری لێکۆڵینەوە.

دووەم: وەزیری داد لەسەر پێشنیازی سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە بۆی هەیە دادگای لێکۆڵینەوە بۆ جۆرێک یاچەند جۆرێکی دیاریکراو لەتاوان تەرخان بکا.

سێ یەم: وەزیری داد بۆی هەیە دەستەیەک بەسەرۆکایەتیی یەکێک لەدادوەران بۆ لێکۆڵینەوەی تاوانێک یا چەند تاوانێکی دیاریکراو پێکبێنێ ودەستەکە دەسەڵاتی دادوەری لێکۆڵینەوەی دەبێ.

## دەروازەی سێ یەم
## خزمەتی دادوەری (الخدمة القضائية)

### بەشی یەکەم
### ئەنجوومەنی دادوەری (مجلس القضاء)

**ماددەی سی ویەکەم:**

یەکەم:

أ- ئەنجوومەنی دادوەری بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق وئەندامێتیی پێشینترین دوو جێگر لەجێگرانی سەرۆک وئەگەر لەکایەدا نەبوون پێشینترین دوو دادوەری دادگای پێداچوونەوە و سەرۆکی دەستەی پشکنینی داد (التفتيش العدلي)و بەڕێوەبەری گشتیی داد ویەکێک لەدادوەرانی دادگای پێداچوونەوە وسەرۆکی دیوانی تۆماری یاسایی (ديوان التدوين القانوني) وسەرۆکی داوای گشتی(الادعاء العام) وبەڕێوەبەری گشتیی تۆماری موڵکایەتی (التسجيل العقاري).

ب- ئەگەر سەرۆک ئامادەنەبوو پێشینترین دوو جێگرەکەی جێگەی دەگرنەوە و ئەگەر ئەوانیش ئامادە نەبوون پێشینترین ئەندامانی دادگای تێ هەڵچوونەوە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەن دەکا.

دووەم: ئەنجوومەن بەلایەنی کەمەوە لەمانگێکدا جارێک کۆدەبێتەوە وسەرۆکیش بۆی هەیە لەکاتی پێویستیدا داوای کۆبوونەوەی بکاو کۆبوونەوەی بەبێ ئامادەبوونی سەرۆک یا ئەوەی لەکاتی ئامادەنەبوونیدا جێگەی دەگرێتەوە وبەلایەنی کەمەوە سێ لەچوار بەشی ئەندامانی پێک نایەت وبڕیارەکانیش بەزۆربەی

ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەن دەدرێن.
سێ یەم: ئەنجوومەن سکرتێرێکی لەوەرگرانی باوەڕنامەی بەکالۆریوسی لەیاسادا دەبێ کە ڕێکخستنی کاروباری ئەنجوومەن وئامادەکردنی بەرنامەی کاری وپوختە کردنی ئەو کێشانەی دەخرێنە بەردەمی وراگەیاندنی بڕیارەکانی لەئەستۆ دەبێ.

**ماددەی سی ودووەم:**
ئەنجوومەن ئەم ئەرکانە بەجێ دێنێ:
١- لێکۆڵینەوەی نەخشەی سەرەتایی وەزارەت وپێشکەشکردنی تێبینی لەبارەیەوە.
٢- لێکۆڵینەوە لەو کێشانەی وەزیر بۆیانی دەنێرێ.
٣- تێڕوانینی پلەبەرزی وگواستنەوەو بەخواستندان(الترفیع والنقل والاعارە)ی دادوەران ولێکۆڵینەوە لەرەوشت ورەفتار و لێهاتووییان و سەرپەرشتی کردنی پاراستنی سەربەخۆیی دادوەری(استقلال القضاء).
٤- دەرکردنی بڕیاری پالاوتنی ئەوانەی تەواوی مەرجەکانی دامەزراندنیان بەدادوەر تێدایە وئەگەرداواکارانی دامەزراندن پتر لەپێویست بوون ئەوا ئەنجوومەن دەیانخاتە بەر تاقیکردنەوەیەکەوە وئەوسا بڕیاری پالاوتنی سەرکەوتووترینیان دەدا.
٥- لیژنەیەک بەناوی (لیژنەی کاروباری دادوەران)ەوە لەسێ ئەندام پێک دەهێنرێ کە ئەنجوومەن لەسەرەتای هەر ساڵێکدا لەئەندامانی خۆی هەڵیاندەبژێرێ وئیشی تێڕوانینی کاروباری دابینکردنی ڕێک وپێکی (الامور الانضباطیە)ی دادوەران دەبێ وبڕیاری لیژنەکەش دەشێ لەلای دەستەی فراوانی دادگای پێداچوونەوە لەلایەن وەزیر وئەو دادوەرەوە کە بڕیارەکەی لەدژ دەرچووە لەماوەی سێ ڕۆژدا لەڕۆژی پێراگەیاندنی یەوە تانووتی لێ بدرێ وبڕیارەکەی لەم بارەیەوە ئیتر بنبڕ(بات) دەبێ.

## بەشی دووەم
## دامەزراندنی دادوەران (تعیین الحکام)

**ماددەی سی وسێ یەم:**
ئەوەی بەدادوەر دادەمەزرێ دەبێ ئەم مەرجانەی تێدابن:
١- عێراقی بێ وزمانی کوردی بزانێ وئەهلی یەتی مەدەنیی تەواوی هەبێ.
٢- تەمەنی لەسی ساڵ کەمتر نەبێ وخاوەن هاوسەر بێ.

٣- حوكم نەدرابێ بەتاوانێکی ناسیاسی یا کەتنێکی (جنحە) لەکەدارکەری شەرەف.
٤- رەوشتی جوان بێ وناوبانگی باش بێ وبەدەستپاک وبێ لایەن ناسرابێ.
٥- مەرجەکانی رێک وپێکیی جەستەی تێدابن وکەم ئەندام نەبێ.
٦- باوەڕنامەی بەکالۆریۆسی لەیاسادا یا ئەوەی هاوتای بێ وەرگرتبێ.
٧- أ- دوای دەرچوونی لەکۆلیژی یاسا بەلایەنی کەمەوە دە ساڵ پارێزەری یا وەزیفەیەکی شێوە دادوەریی کردبێ یا لەپەیمانگای دادوەری دەرچووبێ.
ب- ماوەی کارکردنی لەو وەزیفانەی بڕگەی(أ) دا پێنج ساڵ دەبێ ئەگەر باوەڕنامەی ماجستێری لەیاسادا وەرگرتبێ و سێ ساڵ دەبێ ئەگەر باوەڕنامە لە دکتۆرای وەرگرتبێ ئیتر ئەو کارکردنەی لەپێش وەرگرتنی باوەڕنامەکەدا بووبێ یالەدوای.
ج- ماوەی کارکردن لەپارێزەری وئەو وەزیفەیەی لەبڕگەی(أ) دایە بۆ مەبەستی دامەزراندن لەیەک دەدرێن.
د- دەبێ لەتاقیکردنەوەیەکدا بەنووسین بێ یا بەدەمی سەرکوتووبێ.

**ماددەی سی وچوارەم:**

١- خواستی دامەزراندن بەدادوەر لەگەڵ باوەڕنامەی خوێندن وئەو باوەڕنامانەی تر کە لەمەرجەکانی دامەزراندندا دەخوازرێن ودەدرێن بەوەزارەتی داد ووەزارەتیش دەبێ خواستەکانی دامەزراندن لەگەڵ باوەڕنامەکان دا ئەگەر بەپێ ی یاسا مەرجەکانیان تەواوبوون لەگەڵ راپۆرتێکدا لەبارەی هەر یەکێکیانەوە لەرووی پوختەی خزمەت ورەوشت ولێهاتوویی یەوە بنێرێ بۆ ئەنجوومەنی دادوەری.
٢- ئەنجوومەنی دادوەری لەگەڵ رەچاوکردنی بڕگەی چوارەمی ماددەی سی ودووەمدا پەسەندترین خواستەکانی دامەزراندن هەڵدەبژێرێ وبڕیاری دامەزراندنیان دەنێرێ بۆ وەزارەت بۆ دەرکردنی فەرمانی هەرێمی بە دامەزراندن.

**ماددەی سی وپێنجەم:**

یەکەم: وەزیری داد دوای دەرکردنی فەرمانی هەرێمی بەدامەزراندن ئەو دادگایە دیاری دەکا کە دادوەرەکە کاری تێدا دەکا.
دووەم: دادوەر تا ئەم سوێندە لەبەردەم سەرۆکی هەرێمدا نەخوا کارەکەی دەست پێ ناکا: (سوێند بەخودا دەخۆم کەلەنێوان خەڵکیدا دادپەروەرانە حوکم بدەم وبەئەمانەت و بەدەسپاکی وبێ لایەنی یەوە یاسا جێبەجێ بکەم).

**ماددەی سی وشەشەم:**

١- سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە لەنێوان جێگرانی سەرۆک یاپێشینترین دادوەرانیدا دادەمەزرێنرێ ئەگەر ماوەی خزمەتە دادوەری یەکەی لەبیست وپێنج ساڵ کەمتر نەبوو.

٢- جێگری سەرۆک لەنێوان دادوەرانی پێداچوونەوە دا دادەمەزرێنرێ ئەگەر خزمەتی دادوەری یەکەی لەبیست ودوو ساڵ کەمتر نەبوو.

٣- دادوەر لەدادگای پێداچوونەوەدا لەوانەی پۆلی یەکەم یا لەوانە دادەمەزرێنرێ کە ماوەی خزمەتی دادوەری یەکەیان لەبیست ساڵ کەمتر نییە.

٤- سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە وجێگرەکەی ودادوەرانی دادگای پێداچوونەوە بەفەرمانێکی هەرێمی لەسەر بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران دادەمەزرێنرێت.

**ماددەی سی وحەوتەم:**

یەکەم: پلە(درجە) ومووچەی دادوەران وزیادەی ساڵانە وپلەبەرزیان (العلاوە والترفیع) بەم جۆرە دەبێ:

| پلە | سنووری مووچە بەدینار | زیادە | ماوەی پلە بەرزی |
|---|---|---|---|
| أ | ٥٢٠ _ ٥٩٠ | ١٤ | ——— |
| ب | ٤٦٠ _ ٥٠٠ | ١٢ | ٥ ساڵ |
| ج | ٣٨٠ _ ٤٣٥ | ١٠ | ٥ ساڵ |
| د | ٣١٠ _ ٣٧٠ | ٨ | ٥ ساڵ |

دووەم:

أ- سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە پلەی وەزیر دەبێ ومووچە وسەرمووچە (مخصصات)ی وەزیری دەدرێتێ.

ب- مووچەی جێگری سەرۆک ودادوەری دادگای پێداچوونەوە (١٠٠٠) دینار دەبێ.

سێ یەم: دادوەر دوای ئەوەی ساڵێک خزمەت تەواو دەکا زیادەیەکی ساڵانەی لەخۆوە(تلقائی)ی لەرادەی خوارەوە (الحد الادنی) بۆ ڕادەی سەرەوە(الحد الاقصی)ی هەر پلەیەکی بەو پێ یەی لەبڕگەی(یەکەم)ی ئەم ماددەیەدایە دەدرێتێ.

چوارەم:

أ- دادوەران ولەگەڵیاندا جێگری سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە ودادوەرانی ئەم سەرمووچە دادوەری یانە وەردەگرن:

| مووچه | لەقەزاو ناحیەکان دا | لەمەڵبەندی پارێزگاکاندا |
| --- | --- | --- |
| ٥٢٠_٥٩٠ | ٨٠٪ی مووچه | ٧٠٪ی مووچه |
| ٤٦٠_ ٥٠٠ | ٩٠٪ی مووچه | ٨٠٪ی مووچه |
| ٣١٠_ ٤٣٥ | ١٠٠٪ی مووچه | ٩٠٪ی مووچه |

ب- مەرجە ئەوانەی سەرمووچە بەپێی ڕێژەکانی برگەی(أ) وەردەگرن لەشوێنی کارەکانیاندا نیشتەجێ بن وبەپێچەوانەوە کەمترین ڕێژەی ئەو سەرمووچەیەی نێوان شوێنی نیشتەجێ وشوێنی کارەکەیان وەردەگرن.

پێنجەم:

أ- دادوەران ولەگەڵیاندا جێگری سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە و دادوەرەکانی وداواکارە گشتی یەکان (المدعون العامون) وجێگرەکانیان (٣٠٠) سێ سەد دینار وەک سەرمووچەیەکی براوە(مقطوع) لەبری کرێ خانوو وەردەگرن.

ب- ئەگەر دادوەر چووە خانوویەکی میری یەوە دەبێ فەرمانگەکەی ئەو پارەیە برگەی(أ)ی سەرەوە وەک کرێ بدا بەو لایەنەی خاوەنی خانووەکەیە.

ج- ئەوەی لەشوێنی کارەکەیدا خانووی خۆی هەبێ یا ئەوەی لەشوێنی کارەکەیدا نیشتەجێ نابێ لەسەر مووچەی کرێی خانوو بێ بەش دەکرێ.

شەشەم: دادوەران و لەگەڵیاندا جێگری سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە ودادوەرانی داواکارانی گشتی وجێگرەکانیان ئەم سەرمووچە برایەوانە وەردەگرن:

أ- پۆلی یەکەم ١٠٠٠هەزار دینار

ب- پۆلی دووەم ٨٠٠ هەشت سەد دینار

ج- پۆلی سێ یەم ٦٠٠ شەش سەد دینار

د- پۆلی چوارەم ٤٠٠ چوار سەد دینار

حەوتەم: سەرۆکی داوای گشتی وسەرۆکی دیوانی تۆماری یاسایی وتۆمارکارە یاسایی یەکان وبەڕێوەبەری گشتیی تۆماری موڵکایەتی وسەرپەرشتکارانی داد ئەگەر دادوەر نەبوون ئەو سەرمووچە دادوەرەی وسەرمووچە براوەوەی کرێی خانوویان دەدرێتی کەلەم ماددەیەدا هەن.

هەشتەم: سەرمووچەی دادوەری و سەرمووچەی کرێی خانوو یائەو سەرمووچەی برایەوانەی بەپێ ی ئەم ماددەیە دەدرێن، ناکەونە بەر حوکمی هیچ یاسایەک کەلەگەڵیدا ناکۆک بن.

## بەشی سێ یەم
## پلەبەرزی وپۆلەبەرزی دادوەران
## (ترفيع الحكام وترقيتهم)

**ماددەی سی وهەشتەم:**

یەکـەم: دادوەر لەپلەیەکـەوە بۆ پلەیەکی بەرزتر بەبڕیاری ئەنجـوومـەنی دادوەری دوای بەسـەربردنی ئەو مـاوەیەی لەبڕگـەی(یەکـەم)ی مـاددەی(٣٧)ی ئەم یاسـایەدا دیاری کراوە بەرزدەکرێتەوە.

دووەم: ئەنجوومەنی دادوەری لەبەرزکردنەوەی پلەی هەر دادوەرێکدا راپۆرتی سەرۆکی تێ هەڵچوونەوە و سەرپەرشتکاری داد لەبارەی لێهـاتوویی و هەڵسـووڕاندنی کارەکـەیەوە بەباشی ورای وەزارەتی داد لەبارەی رەوشت ورەفتـاری یەوە رەچاو دەکا.

سێ یەم: ئەنجـوومـەنی دادوەری ئەگـەر بۆی سـەلماند ئەو دادوەرە بۆ بەرزکـردنەوەی پلەکەی لێهاتووە بڕیاری بۆ دەداو وەزارەتی داد فەرمانی بۆ دەردەکا.

چوارەم: ئەنجـوومـەنی دادوەری بۆی هەیە بەبڕیارێکی هۆدار(مـسبب) بەرزکـردنەوەی پلەی دادوەر مـاوەیەک کـەلەسێ مـانگ کـەمـترو سـاڵێک زیاتر نەبێ بۆ زیاتر لەیەک جاریش دوابخا ئەگەر وای بۆچوو کەشیاوی نییە.

پێنجـەم: ئەگـەر دادوەرێک زیاتر لەدووجـاری یەک لەدوای یەک لەهەمـان پلەدا بەرزکردنەوەی دواخرا دەشێ لەسەر پێشنیـازی وەزیری دادو بڕیاری ئەنجوومەنی دادوەری وبەفەرمانێکی هەرێمی کۆتایی بەخزمەتی بهێنرێ یا بگوێزرێتەوە بۆ کارێکی شارستانی(مەدەنی).

**ماددەی سی ونۆیەم:**

یەکەم: پۆلەکانی (أصناف) دادوەران وسنووری مووچەی هەر پۆلێک بەم جۆرە دەبێ:

| پۆل | مووچە بەدینار |
|---|---|
| یەکەم | ٥٢٠ـ٥٩٠ |
| دووەم | ٤٦٠ـ٥٠٠ |
| سێ یەم | ٣٨٠ـ٤٣٥ |
| چوارەم | ٣١٠ـ٣٧٠ |

دووەم: دادوەری لەپۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر لەسـەر خـواسـتێـک کـەدەیدا بەوەزیری داد وبەبڕیـاری ئەنجـوومـەنی دادوەری بەرزدەکـرێتـەوە بەمـەرجـێـک کـەمـووچەکـەی

گەیشتبێتە ڕادەی هەرەنزمی ئەو پۆلەی بۆی بەرزدەکرێتەوە.

سێ یەم: دەبێ وەزارەتی داد لەکاتی پێشکەشکردنی خواستی پۆلەبەرزی یەکدا ڕای هەریەکێ لەدادگای پێداچوونەوە و سەرۆکایەتیی دادگای تێهەڵچوونەوەو سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتکارانی داد لەبارەی لێهاتوویی دادوەرەکەوشیانی بۆ پلەبەرزی وەربگرێ.

چوارەم: وەزارەتی داد خواستەکە لەگەڵ ئەو ڕایەدا کەلەبڕگەی(سێ یەم)ی ئەم ماددەیەدا باسکراوەو لەگەڵ ڕای خۆیشی دا دەدا بە ئەنجوومەنی دادوەری.

پێنجەم: ئەنجوومەنی دادوەری لەهەڵسەنگاندنی شیانی دادوەرەکە بۆ پلەبەرزی پشت دەبەستێ بەو ڕایانەی لەبڕگەی (سێ یەم وچوارەم)ی ئەم ماددەیەدا دیاری کراون وراپۆرتەکانی ساڵانەی سەرۆکەکانی و ڕاپۆرتەکانی سەرپەرشتکارانی دادو ئەو حوکمانەی دادوەرەکە لەدەرکردنیاندا کۆششێکی باشی نواندووە یا بیروڕای یاسایی ئەوتۆی تێدا دەربڕیوون دەریدەخەن کە دەیخوێنێتەوە وئاگاداری چالاکیی یاسا زانی ودادوەری یەو ئەوسا ئەگەر پەسندکرا بڕیاری پۆلەبەرزیی بۆ دەردەکا وبەپێچەوانەشەوە پۆلە بەرزیی یەکەی بۆ ماوەیەک کە لەشەش مانگ کەمتر نەبێ بەبڕیارێکی هۆداری بنبڕ (مسبب وبات) کەدەبێ پێیڕا بگەیەنرێ دوا دەخا.

## بەشی چوارەم
## پلەکانی دادوەری(المناصب القضائية)

**ماددەی چلەم:**

یەکەم: جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە ودادوەرانی بەبڕیاری ئەنجوومەنی دادوەری وبە پاڵاوتن لەلایەن سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوەوە لە نێوان دادوەرانی پۆلی یەکەم ودووەمدا دیاری دەکرێن.

دووەم: سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بەبڕیاری ئەنجوومەنی دادوەری وبەپاڵاوتن لەلایەن وەزیری دادەوە لەنێوان دادوەرانی پۆلی یەکەم ولەجێگرانی دادگاکانی تێ هەڵچوونەوە دادەمەزێنرێ.

سێیەم: دادوەری دادگای پێداچوونەوە بەفەرمانێکی هەرێمی ولەسەر پێشنیازی وەزیری داد لەنێوان دادوەرانی پۆلی یەکەمدا دادەمەزرێنرێ لەوانەی بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ یەکێ لەم وەزیفانەی دیبێ:

أ- سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە.

ب- جێگری سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە.
ج- دادوەری دادگای تێ هەڵچوونەوە.
د- سەرۆکی دیوانی تۆماری یاسایی وتۆمار کارە یاساییەکان.
هـ- سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتکارانی داد.
و- سەرۆکی داوای گشتی وجێگری داواکاری گشتی.
ز- بەڕێوەبەری گشتی داد.

چوارەم: جێگری سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە بەفەرمانێکی هەرێمی ولەسەر پێشنیازی وەزیری داد لەو دادوەرانەی دادگا دادەمەزێنرێ کەبەلایەنی کەمەوە سێ ساڵی تێدا بەسەر بردبێ.

**ماددەی چل ویەکەم:**

پێشینترەیی (القدم)ی دادوەران بەپێی پایەو پلەو ڕۆژی دامەزراندنیان دەبێ وئەگەر چونیەکی تێکەوت پێشینترین بەو جۆرە دەبێ کە وەزیری داد بڕیاری لەسەر دەدا.

## بەشی پێنجەم

## موڵەت ومافی خانەنشینی(الأجازات والحقوق التقاعدية)

**ماددەی چل ودووەم:**

یەکەم: دادوەر مافی مۆڵەتی ئاسایی(الأجازه الاعتیادیه)ی بەپێوانەی یەک ڕۆژ لەبەرامبەر هەشت ڕۆژی ماوەی خزمەتکردنیدا بەمووچەی تەواوی هەیە.

دووەم: دادوەر دەبێ لەهەر ساڵێکدا بەلایەنی کەمەوە سی ڕۆژی مۆڵەتەکانی ساڵانەی وەربگرێ وئەگەر وەری نەگرت لەو هەندەی زیاتر بۆ کەڵەکە ناکرێ کە لە سی ڕۆژەکە زیاترە.

سێ یەم: دەشێ ئەم مۆڵەتە ئاساییانەی بەپێی برگەی(دووەم)ی ئەم ماددەیە بۆی هەڵدەگیرێن بۆی کەڵەکە بکرێن بەمەرجێک لە(١٨٠) ڕۆژ زیاتر نەبێ.

چوارەم: ئەو مۆڵەتانەی دادوەر لەئەنجامی خزمەتەکانی پێشووی دا بوونەتە مافی خۆی بۆی هەڵدەگیرێن.

**ماددەی چل وسێیەم:**

یەکەم: وەزیری داد بۆی هەیە مۆڵەتی خوێندن بۆ دەرەوەی عێراق یا ناوەوەی بۆ ماوەی دوو ساڵ بە مووچەی تەواو بۆ تایبەتکاری(تخصص)لەباسێکدا کە پەیوەندی بەکارمەندیی دادوەری ودادگەری و وەرگرتنی باوەڕنامەی ماجستیر ودکتۆراوە هەبێ بەو دادوەرە بدا کەسێ ساڵی لەبواری دادوەریدا بەسەربردبێ وبۆیشی هەیە ئەو مۆڵەتە بۆ ماوەی یەک ساڵی تر درێژە پێ بدا.

دووەم: دەشێ بۆ ماوەی دوو ساڵ بەمەبەستی وەرگرتنی باوەڕنامەی دوکتۆراو وهەرلەوباسانەدا کەلەبڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا ناوبراوون بۆ دووەم جارمۆڵەتی خوێندن بدرێ بەو کەسەی مۆڵەتی یەکەمی خوێندنی تەواو کرد وباوەڕنامەی ماجستێری وەرگرت ئەویش دوای ساڵێک لە دەست بەکارکردنیەوە لە فەرمانەکەی دا ووەزیری داد بۆی هەیە بۆ ماوەی یەک ساڵی تر درێژە بەم مۆڵەتەش بدا.

سێیەم: مۆڵەتی خوێندن بۆ وەرگرتنی باوەڕنامەی ماجستێر بەوانە نادرێ کەتەمەنیان لەچل ساڵ تێپەربوە وبەوانەشی کە دەیانەوێ باوەڕنامەی دکتۆرا وەربگرن ئەگەر لەچل وپێنج ساڵ تێپەڕیبوون.

چوارەم: مۆڵەتی خوێندن بەخزمەتی دادوەری دادەنرێ وئەوەی باوەڕنامەی دکتۆرا وەردەگرێ پێشینترینێکی (قدم) دووساڵە و ئەوەی باوەڕنامەی ماجستێر وەردەگرێ پێشینترینێکی یەک ساڵەی بۆ مەبەستی پلە بەرزی وزیادەی ساڵانەی دەدرێتی.

**ماددەی چل وچوارەم:**

١- دادوەر تا تەمەنی شەست وسێ ساڵی پر نەکاتەوە خانەنشین ناکرێ ومووچەکەشی بەمەرجێ پارێزەری نەکا گشت ئەو مووچەو سەرمووچانە دەبێ کەلەکاتی خانەنشینکردنیدا وەری دەگرتن.

٢- ئەگەر دادوەر لەکاتی خزمەتکردنیدا مرد مووچەی خانەنشینیەکەی (ئەگەر هەقی هەبوو) گشت ئەو مووچەو سەرمووچانە دەبێ کە وەری دەگرتن.

٣- دەشێ دادوەر پێش تەواو کردنی ئەوتەمەنەی بەپێی برگە(١)ی ئەم ماددەیە دیاری کراوە لەسەر خواستی خۆی بەپێی حوکمی یاسای خانەنشینی شارستانی(قانون التقاعد المدنی) خانەنشین بکرێ یا لەبەر هۆی تەندروستی بکرێ کەحوکمی برگە(٢)ی سەرەوەی بەسەردا دەدرێ.

٤- ئەودادوەرەی خانەنشین دەکرێ مووچەی گشت مۆڵەتە ئاساییەکانی خۆی دەدرێتی لەسەر بنچینەی کۆی هەموو ئەو مووچە مانگانەیەی وەری دەگرت بەمەرجێ لە(١٨٠) ڕۆژ زیاتر نەبێ.

**ماددەی چل و پێنجەم:**

دادوەر بۆی هەیە هەرکاتێ ئارەزووی کرد واز لەکار بهێنێ «استقالە بدات» و لەم بارەشدا مافی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی و یاخود «اکرامیەی» دەمینێ کە بەپێی یاسای ڕاژەی شارستانیی «خدمەی مدنی» دەی کەوێت و مافی ئەو مۆڵەتانەیشی

لەدەست نادات کە ماویەتی.

**ماددەی چل وشەشەم:**

ئەو داوایانەی سەبارەت بەماف بەهۆی ئەم یاسایەوە دێنە کایەوە لەلای لیژنەی کاروباری دادوەران دەکرێن وبڕیارەکانی لەم دا وایانەدا دەشێ لەلایەن وەزیری دادو ئەو دادوەرەی بڕیارەکەی لەدژ دەرچووە لەماوەی سێ ڕۆژدا لەرۆژی پێراگەیاندنەوە لەلای دەستەی فراوانی دادگای پێداچوونەوە تانووتیان لێ بدرێ وبڕیارەکەی لەم بارەیەوە بنبڕدەبێ.

**ماددەی چل وحەوتەم:**

لەو کاروبارانەدا کەلەم یاسایەدا نین حوکمی یاسای خزمەتی شارستانی(قانون الخدمه المدنیه) ویاسای خانەنشینی شارستانی(قانون التقاعد المدنی) کارپێدەکرێن بەمەرجێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک نەبن.

## بەشی شەشەم
## گواستنەوە وسپاردن(النقل والانتداب)

**ماددەی چل وهەشتەم:**

یەکەم:

أ- ناشێ دادوەر بەبێ ڕەزامەندیی خۆی بەنووسین بۆ وەزیفەیەکی نادادوەری بگوێزرێتەوە.

ب- دەشێ دادوەرانی پۆلی یەکەم ودووەم ولەگەڵیاندا دادوەرانی دادگای پێداچوونەوە بە ڕەزامەندیی خۆیان بەنووسین وبەفەرمانی وەزیری داد بۆ فەرمانی راوێژکاری یاسایی (مستشار قانونی) لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمدا یا بۆ سەرۆکایەتیی یەکێ لەفەرمانگەکانی مەڵبەندی وەزارەتی داد ودام ودەزگاکانی یا بۆ دەرس وتنەوە لە زانکۆدا بسپێرردرێن (انتداب) بکرێت بەمەرجێ سیفەتی دادوەری وئەومافانەیان بمێنێ کەسیفەتەکە دەیانداتێ.

دووەم: دەبێ ئەو ماوەی سپاردنەکە لەبڕگەی(یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا لەسێ ساڵ پتر نەبێ ودەکرێ بۆیەک ساڵی تر درێژەی پێ بدرێ.

سێیەم: دەشێ دادوەر ئەگەر بەرژەوەندیی گشتی پێویستی کرد بەفەرمانی سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە بسپێردرێ بۆ کارکردن لەدادگایەکی تردا. بەڵام سپاردن لەدادگایەکی تێ هەڵچوونەوەوە بۆ یەکێکی تر بەفەرمانی وەزیری داد دەبێ

بەمەرجێ ماوەی سپاردنەکە لەساڵێک زیاتر نەبێ.

**ماددەی چل ونۆیەم:**

گـواسـتنەوەی دادوەران لەمـانگی تەمـووزی هەر سـاڵێکدا دەبێ ودەشێ ئەگـەر بەرژەوەندیی گشتی پێویستی کرد لەمانگەکانی تریشدا بکرێ. گواستنەوەش لەسەر پێشنیاری وەزیری داد وبەبڕیاری ئەنجوومەنی دادوەری دەکرێ.

## بەشی حەوتەم
## ئەرکەکانی دادوەر

**ماددەی پەنجایەم:**

یەکەم: دادوەر دەبێ ئەم ئەرکانە بەجێ بێنێ:

١ـ پاراستنی شکۆمـەندیی دادوەری بەوەی بێ لایەن وپاک بێ و، بەدووربێ لەهەر کارو کردارێک کە ببێتە هۆی گومان لێکردنی لەرووی سەر راستیەوە.

٢ـ ئاشکرا نەکردنی ئەوکـاروبارو زانیـاری وباوەڕنامـانەی بەهۆی کـارەکـەیەوە ئاگاداریبیان لێ پەیدا دەکا وئەوانەشی پەیوەندییان بەدامودەزگاکانی هەرێم وکەسانەوە دەبێ. ئەم ئەرکەشی تەنانەت دوای کۆتایی هاتنی خزمەتەکەی هەر لەئەستۆی دەبێ.

٣ـ نەکردنی بازرگانی یا هەرکارێک کە لەگەڵ ئیشی دادوەریدا ناگونجێ.

٤ـ لەبەرکردنی پۆشاکی تایبەتی لەکاتی دادبینیدا(المرافعة) بەپێی ئەو ڕێنماییەی وەزیری داد دەری دەکا.

٥ـ نیشـتـەجێبـوون لە مـەڵبـەندی شـوێنی کـارەکـەیدا لەو حـاڵەتەدا نەبێ کـە وەزیری داد لەبەر بارودۆخـێکی تایبـەتی ڕێگەی دەدا لەشـوێنێکی تـردا نیشتەجێ بێ.

دووەم: چالاکی سیاسی لەدادوەر قەدەغەیە ونابێ خۆی بۆ ئەنجـوومەنی نیشـتمانیی ودەستە ناو خۆیبەکان ورێکخراوە سیاسییەکان بپاڵێوێ دوای وازهێنانی نەبێ لەکارەکەی.

**ماددەی پەنجاو یەکەم:**

نابێ ئەو دادوەرانەی پەیوەندیی ژنخوازی یاخـزمـەتیـیـان تا رادەی چوارەم لەنێـواندا

هەیە لەیەک دەستەی دادوەریدا پێکەوە بەشدار بن ونابێ دادوەر تانووتدان لەحوکمێک ببینێ کە دادوەرێکی تر بینیبێتی وئەو جۆرە پەیوەندییەی لەگەڵیدا هەبێ.

## بەشی هەشتەم
## سەرپەرشتی کردنی ئیشی دادوەران وکاروباری رێکوپێکی

### لقی یەکەم
### سەرپەرشتی کردنی دادوەران

**ماددەی پەنجاو دووەم:**

یەکەم:

أ- وەزیری داد مافی سەرپەرشتی وچاودێری کردنی بەسەر گشت دادگاودادوەران وئەو فەرمانبەرو دەستەو لیژنانەدا هەیە کەدەسەڵاتی دادوەرییان دراوەتێ.

ب - سەرپەرشتی وچاودێری کردن بەهۆی سەرپەرشتکاریی داد یا بەهۆی ئەو دادوەرانەوە دەبێ کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێن.

ج - سەرپەرشتی لەسەرکارەکانی دادگای پێداچوونەوە دادوەرانی لەلایەن سەرۆکەوە دەکرێ بەمەرجێ راپۆرتێکی ساڵانە لەبارەی کارەکانی دادگاوە بەوەزیری داد وئەنجوومەنی دادوەری بدا.

دووەم:

أ- سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە مافی ئەوەی هەیە سەرپەرشتی گشت دادگاکانی ناوچەکەی بکا وبیانپشکنی ورێنوێنییان بکاو سەبارەت بەو سەرپێچییانەی (مخالفات) لەبواری ئەرکەکانی فەرمانبەری وبەڕێوەچوونی کاروباری ئیداری و، ژمێریارییەوە رووددەن سەرنجیان رابکێشێ ودەبێ راپۆرتی ساڵانەش بدا بە وەزارەتی داد وئەنجوومەنی دادوەری لەبارەی دادوەرانی ناوچەکەیەوە وتێبینیی خۆی لەرووی رەفتارو لێهاتووییان وکاروباری دادگاکانیانەوە رابگەیەنێ.

ب- سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بۆی هەیە یەکێک لە جێگرەکانی بۆ پشکنینی هەر یەکێ لەدادگاکانی ناوچەکەی بنێرێ.

**ماددەی پەنجاو سێیەم:**

یەکەم: دەبێ دەستەکانی پێداچوونەوە ودەستەکانی دادگاکانی تێ هەڵچوونەوە ودادگاکانی تاوان راپۆرتی وەرزی(فصلی) رێک بخەن و تیایاندا ئەوحوکم وبڕیارانە دیاری بکەن کە دادوەر لەئەنجامی نەزانییەوە سەبارەت بەبنەما یاساییە سەرەتاییەکان( الجهل بالمبادئ القانونية الاولية) یاغافڵبوونی لەچەند رووداوێک کەلەکاتی پێداچوونەوەی حوکم و بڕیارەکانیدا دەردەکەوون هەڵەیەکی قەبە(خطأ فاحش)ی کردووە وێنەیەکیان بنێرن بۆ وەزارەتی دادو ئەنجوومەنی دادوەری بۆ هەڵگرتنیان لە فایلی خودی دادوەرەکاندا تا لەکاتی باسکردنی پلەبەرزی وپایە بەرزی یاندا رەچاوبکرێن.

دووەم: وەزارەتی دادو ئەنجوومەنی دادوەری ودادگای پێداچوونەوە ودادگاکانی تێ هەڵچوونەوە ودادگاکانی تاوان بەپێی رێنماییەک کە وەزیری داد دەری دەکا ئەو هەڵانە لەدەفتەری تایبەتیدا تۆمار دەکەن.

**ماددەی پەنجاو چوارەم:**

یەکەم: وەزیری داد بۆی هەیە سەرنجی دادوەر بۆ ئەو هەڵە یاسایی وئیدارییانە وبۆ هەرکارو کردەوەیەکی پێچەوانەی ئەرک وخواستی فرمانەکەی رابکێشێ کە لە ئەنجامی پشکنینی کارەکەیەوە دەردەکەون.

دووەم: سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە و، سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بۆیان هەیە سەرنجی دادوەر بۆ ئەو هەڵە یاساییانە رابکێشن کەلەکاتیووردکردنەوەی پێداچوونەوەدا(التدقيقات التمييزية) دەردەکەون.

سێیەم: سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە بۆی هەیە سەرنجی دادوەر لە ناوچەیەکەدا بۆ هەر کردەوەیەکی پێچەوانەی ئەرکەکانی فرمانەکەی رابکێشێ.

چوارەم: سەرنج راکێشان بە نووسراوێک دەبێ کە ئاراستەی دادوەر دەکرێ و، وێنەیەکی بەوەزارەتی داد وئەنجوومەنی دادوەری رادەگەیەنرێ و، وێنەیەکیشی دەخرێتە ناو فایلەکەی خۆیەوە.

## لقی دووەم

## کاروباری دابینکردنی رێکوپێکی(الانضباط)

**ماددەی پەنجاو پێنجەم:**

لیژنەی کاروباری دادوەران کە بەپێی ئەم یاسایە پێکهاتووە لەو داوای دابینکردنی رێک وپێکییەدا(الدعوي الأنضباطية)کە دژ بەدادوەرێک دەکرێ یەکێ لەم سزایانە دەدا:

یەکەم: ئاگاداركردن كە ئەنجامەكەی دواخستنی زیادەو پلە بەرزیی دادوەر دەبێ بۆ ماوەی شەش مانگ.
دووەم: دواخستنی پلەبەرزی یا زیادە یا هەردووكیان بۆماوەیەک كەلە ساڵێک كەمتر نەبێ ولەسێ ساڵ زیاتر نەبێ لە ڕۆژی بڕیارەكەوە، ئەگەر ماوەی یاسایی پلەبەرزی تەواو كردبێ و، ئەگەر نا لە ڕۆژی تەواو كردنییەوە.
سێیەم: كۆتایی پێهێنانی خزمەت: ئەم سزایە وەختێک بەسەر دادوەردا دەدرێ كەحوكمێكی بنبڕ(بات) بەسزادانی لە دادگایەكی پەیوەندیدارەوە دەركرابێ سەبارەت بە كردارێكی كە لەگەڵ شەرەفی فرمانی دادوەریدا نەگونجێ، یا ئەگەر لەئەنجامی دادگایی كردنیدا لەلایەن لیژنەكەوە سەلمێنرا كە ئەو دادوەرە بەكەڵكی بەردەوام بوون لە خزمەتی دادوەریدا نایەت.

**ماددەی پەنجاو شەشەم:**

یەكەم: ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە خزمەتی دادوەری پۆلی چوارەم بە بڕیارێكی هۆدار، بەوەی بەكەڵكی دادوەری نایەت و، بەفەرمانێكی هەرێمی كۆتایی پێ بێنێ یا بیگوێزێتەوە بۆ فرمانێكی شارستانی(مدنی).
دووەم: ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە كۆتایی بەخزمەتی دەهێنرێ ناگەڕێتەوە بۆ دادوەری، بەڵام دەكرێ لە فرمانێكی شارستانیدا دابمەزرێنرێ.

**ماددەی پەنجاو حەوتەم:**

یەكەم: داوای ڕێكوپێكی(الدعوي الأنضباطية) دژ بەدادوەر وسپاردنی بەلیژنەی كاروباری دادوەران بە بڕیاری وەزیری داد دەكرێ و، دەبێ ئەو ڕووداوە باس بكا كە دراوەتە پاڵی و،ئەو بەڵگانەش پشتگیریی لێ دەكەن وئەم بڕیارەش دەدرێ بەهەردوولا دادوەرەكە وداواكاری گشتی.

دووەم:

أ ـ لیژنەی كاروباری دادوەران لەكاتی بینینیدا و، كە دیاری دەكاو بەوەزیری داد وسەرۆكایەتی داواكاری گشتی ودادوەرەكەی ڕادەگەیەنێ.
ب ـ دادگایی كردن بەنهێنی دەبێ وبڕیارەكە بەئاشكرا ڕادەگەیەنرێ.
ج ـ دادگایی كردن بەئامادەبوونی نوێنەری وەزیری داد وسەرۆكی داواكاریی گشتی یاهەر یەكێ لەو داواكارە گشتییەكان كە لەبری خۆی دەینێرێ ودادوەرەكە كە دەبێ خودی خۆی ئامادەی بێ دەكرێ و، بۆیشی هەیە پارێزەری لەگەڵدا بێ.

د ـ لیژنە بۆی هەیە بەخودی خۆی هەرچی لێکۆڵینەوەیەک بەباش دەزانێ بیکا.
هـ ـ لیژنە دوای تەواو کردنی لێکۆڵینەوە وگوێ گرتن لە قسەی نوێنەری وەزیری دادو داواکاریی گشتی وبەرگریی دادوەرەکە بیروڕای خۆی لەسەرداواکە دەردەبڕێ وبڕیارەکەشی بەوەزیری داد وسەرۆکی داواکاریی گشتی ودادوەرەکە رادەگەیەنێ.
و ـ لیژنە لە هەڵسووڕاندنی کارەکەیدا پەیڕەوی ئەو بنەمایانە دەکا کە لە یاسای ئوسوڵی دادگایی کردنی سزاییدا هەن.

**ماددەی پەنجاو هەشتەم:**

یەکەم: ئەگەر لیژنەی کاروباری دادوەران سەیری کرد ئەو کارەی دراوەتە پاڵ دادوەرەکە تاوانێک یا کەتنێک پێکدەهێنێ بڕیاردەدا بیداتە دادگای پەیوەندیدار ودوای ئەوەی وەزیر بەپێی یاسای ڕێکوپێکیی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەستی لەکار دەکێشێتەوە ئەوراقەکانی بۆ دادگاکە دەنێرێ.
دووەم: ئەگەر دادگای پەیوەندیدار بڕیاری بێگوناهی(براءه) یامەرەخەسکردن(افراج)ی دادوەرەکەیدا یا هەر بڕیارێک کەداوا سزاییەکە بەکۆتایی بگەیەنێ دەبێ بەپێی ئەم یاسایە لەسەربینینی داوا ڕێکوپێکییەکە (الدعوي الأنضباطية)بەردەوام بێ.
سێیەم: ئەگەر دادگا بڕیاری گوناهبارکردنی دادوەرەکەی دا لیژنە دەبێ بەپێی ماددەی (٥٥)ی ئەم یاسایە سزایەکی ڕێکوپێکیی گونجاو، لەگەڵ ئەو کارەدا کە دراوەتە پاڵی بەسەریدا بدا.

**ماددەی پەنجاو نۆیەم:**

وەزیری داد وسەرۆکی داواکاریی گشتی ودادوەرەکە مافی ئەوەیان هەیە لەماوەی سێ ڕۆژدا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنەوە لەلای دەستەی فراوانی دادگای پێداچوونەوە تانووت لە بڕیارەکەی لیژنەی کاروباری دادوەران بدەن ودەستەی فراوانیش بۆی هەیە ئەگەر پێویستی کرد نوێنەری وەزیری دادو نوێنەری سەرۆکی داواکاریی گشتی ودادوەرەکە بانگ بکا بۆ گوێ گرتن لە قسەیان وئەوسا بڕیاری پەسەندکردنی بڕیارەکەی لیژنە یا هەڵوەشاندنەوەی یاگۆڕینی دەدا وبڕیارەکەی لەم بارەیەوە بنبڕ(بات) دەبێ.

## دەروازەی چوارەم
## چەند حوکمێکی جۆراوجۆر

**ماددەی شەستەم:**

یەکەم: ئەگەر سەرۆکی دادگایەک یا سەرۆکی دەستەیەک ئامادەنەبوو یا شوێنی

فرمانەکەی چۆڵ بوو یاهەر کۆسپێک ڕێگەی چوونە سەر کارەکەی لێ گرت پێشینترینی جێگرانی یا ئەندامان کارەکەی بەڕێ دەکا.

دووەم: ئەگەر زیاتر لەیەک دادوەر لەیەک دادگادا هەبن پێشینترینیان بەرپرسیار دەبێ لەبەڕێوەبردن ودابەشکردنی ئیشوکار لە نێوانیانداو وەزیری داد بۆی هەیە یەکێکی تر دیاری بکا.

**ماددەی شەست ویەکەم:**

نابێ دادوەر بەبێ ڕێ پێدان لەلایەن وەزیری دادەوە بگیرێ یا هیچ کردارێکی سزایی لە دژی بکرێ تەنیا لە حاڵەتی کردنی تاوانێکدا نەبێ کەدەم ودەست لێی ببینرێ.

**ماددەی شەست ودووەم:**

١ـ لەسەر پاڵاوتن لەلایەن وەزیری دادەوە وبەپێشنیازی ئەنجوومەنی دادوەری فەرمانێکی هەرێمی دەردەکرێ بۆ گەڕاندنەوەی ئەو دادوەرانەی پێش دەرچوونی ئەم یاسایە خانەنشین کراون و، مەرجەکانی برگەی(٣)ی ماددەی (٣٦)ی ئەم یاسایەیان تێدایە تا بەپێی بەڵێننامە(عقد) لەنێواندا ببنە ئەندامی دادگای پێداچوونەوە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی خۆیان بە نووسین.

٢ـ ماوەی خزمەتکردنی ئەوانەی بەپێی برگە(١)ی ئەم ماددەیە دەگەڕێنرێنەوە بۆ دادوەری سێ ساڵ دەبێ و، وەزیری داد بۆی هەیە پێشنیاز بکا کە پێشتر کۆتایی بە خزمەتەکەیان بهێنرێ.

٣ـ هەریەکێ لەوانەی بەپێی برگە(١)ی ئەم ماددەیە دەگەڕێنرێتەوە مانگانە(١٥٠٠)هەزار وپێنج سەد دیناریان وەک سەرمووچەیەکی دابڕ(مخصصات مقطوعە) دەدرێتێ.

**ماددەی شەست وسێیەم:**

وەختی دەوام کردن لە دادگاکاندا بەپێی وەرزەکان بە بڕیاری ئەنجوومەنی دادوەری دیاری دەکرێ بەمەرجێ ماوەی دەوام کردن ڕۆژانە لەپێنج سەعات کەمتر نەبێ و،دەشکرێ وەختێکی تایبەتی دەوامکردن بۆمانگی ڕەمەزان دیاری بکرێ بەمەرجێ لەچوار سەعات کەمتر نەبێ.

**ماددەی شەست وچوارەم:**

وەزیری داد بۆی هەیە ڕێنمایی بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی شەست وپێنجەم:**

کاربەهیچ دەقێکی تر ناکرێ کە لەگەڵ ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی شەست وشەشەم:**

دەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەست وحەوتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**

**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## «هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە»

دوای پێکهاتنی وەزارەتی داد لە هەرێمدا ودەرکردنی یاساکەی دەبوو یاسایەکی تایبەتی بۆ دەسەڵاتی دادوەری دەربکرێ کە دامودەزگاکانی دادگاکان و، بنیاتنانی دەزگایەکی دادوەری پێشکەوتوو دیاری بکا کە بتوانێ بچێتە ژێر بارییەوە رۆڵی خۆی لە سەپاندنی یاساکان و، بەدیهێنانی دادگەری ببینێ بەشێوەیەک کەلەگیانی بنەمای سەروەریی یاساو، سەربەخۆییی دادوەرییەوە هەڵقوڵابێ لەبەر ئەوهۆیانە ئەم یاسایە دەرکرا.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٦١)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ٨/١٢/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦١)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٨

***کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٨ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (٦١)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی وەفدەکەی پەرلەمان بۆ ئەورووپا.***
***٢ـ ئامادە بوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.***
***٣ـ ئیستقالە کردنی ئەندامی ئەنجوومەن (طارق جامباز).***
***٤ـ گۆڕینی ناوی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی بۆ وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی.***
***٥ـ پێش چاو خستنی پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵا.***
***٦ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە ئەو پرسیارانەی کە بەڕێزتان ئاراستەی وەزیرەکانی دەکەن، هەوڵ بدەن باسی شتی گشتی بکەن، چونکە ئێستا بەڕێزان وەزیری پیشەسازی و وزە و وەزیری داد لێرەن، بەناوی هەمووتانەوە بەخێر هاتنتان دەکەین بۆ ئامادە بوونیان لەم دانیشتنەدا، بڕیار وابوو کە بەڕێز وەزیری پەروەردەش ئامادە بێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز وەزیری پەروەردە ئاگادار کراوەتەوە، بەڵام ڕەنگە وابزانێ دانیشتنەکە لە کاتژمێر (١٠) دەست پێدەکات بۆیە نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکان تەنها ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت، یان ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکانیش دەکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاراستەی هەردوولایان دەکرێت.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای بەباش دەزانم سەرەتا ئەو پرسیارانەی پەیوەندییان بە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە بکرێن،پاشان پرسیارەکانی تر ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکان بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر پرسیارێک پەیوەندیی بە یەکێک لە وەزیرەکانەوە هەبێت، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تەکلیفی ئەو وەزیرە دەکات کە وەڵام بداتەوە و، روونیشی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەواتە هەندێ پرسیاری ئەندامانی فراکسیۆنەکانم لەلایە، ئایا پرسیارەکان بدەین به خۆیان کە پرسیارەکە بکەن، یان ئێمە بە ناوی ئەوانەوە پرسیار بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیە، بەڵام باشتر وایە هەر ئەندامە وپرسیاری خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەم ناو نووسینەی ئێستا زیادە، چونکە بەپێی برگە (٤)ی مادەی (٥٦) هەر ئەندامێک بۆی هەیە پرسیار ئاراستەی وەزیرەکان بکات، هەروەها بۆ هەموو ئەندامێک هەیە «مداخلە» وقسە لەسەر بابەتەکە بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش ناوەکان دەنووسین بە پێی کات بوار بە ئەندامانی هەردوو فراکسیۆنەکە دەدەین قسە بکەن، بەڵام رێکوپێکی پێویستە رەچاو بکرێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خاڵێکی نیزامیم بەرچاو خست، بەپێی برگە (٤)ی مادەی (٥٦) بۆ هەموو کەسێک هەیە ناویشی نەنووسیبێ «مداخلە» بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ زەحمەت نەبێ ئەو برگەیەی کە لە مادە (٥٦)دا ئاماژەت کرد بۆمان بخوێنەوە.

**بەڕێز فـــــرەنســــــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

بەشی حەوتەم پرسیار و پرسینەوە «استجواب» مادە(٥٦)ە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــــەن:**

کاکە ئەم لێ پرسینەوە «استجواب» نییە، ئەمە بەپێی ئەو بڕیارەیە کە ئێمەش لێرە پەسەندمان کرد، لەسەر پێشنیاری ئەندامان وتمان ڕۆژانی سێ شەممە دەکەین بەدانیشتنێکی کراوە بۆ پرسیار کردن لە وەزیرە بەڕێزەکان و، وتمان لەپەرلەمانەکانی ئەوروپا و لە وڵاتە دیموکراتیەکاندا کاتێک هەیە پێی دەڵێن «کویشن تایم» فراکسیۆنەکان پێش دوو ڕۆژ پرسیارەکانیان ئامادە دەکەن و ئەو پرسیـــارانە بە ســـەرۆکـایەتی ئەنجـوومـەنی وەزیران دەدرێت تا خـۆیان ئامـــادە بکەن بۆ وەڵامـدانەوەی، هەروەها لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش لەسەر ئەوە ڕێککەوتین، بەڵام ئەمڕۆ داوامـان لێ کـرد کـە دانیـشـتنەکـە تۆزێ فـراوانتـر بێ و خۆیان تەنهـا بەو پرسـیـارانەوە دەبەستنەوە کە دەبوایە فراکسیۆنەکان پێش دوو ڕۆژ بیان ناردایە، لەبەر ئەوە ئەم پرسینەوە نییە.

**بەڕێز فـــــرەنســــــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

ئەمە لەسەر هاتنی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نییە، چونکە من هێشتا ئەمەم بەرچاو نەخستووە، لەبەر ئەوەی من دەمزانی هاتنی ئەو پرسینەوە نییە، بەڵکو لە ئەنجامی ڕێککەوتن بوو لەگەڵ ئەودا، بەڵام ئەمڕۆ سێ وەزیری بەڕێز ئامادەیە لەم دانیشتنەدا، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــــەن:**

بە ئامادە بوونی سێ وەزیر واتای ئەوە نییە کە «مبدأ»ە کە گۆڕا و بوو بە لێپرسینەوە.

**بەڕێز فـــــرەنســــــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

دەزانم لە ئەنجامی ڕێککەوتن بوو لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیراندا، بەڵام کە ئێستا وەزیرە بەڕێزەکان هاتوون من پێموایە وەکو پرسینەوە وایە، بۆیە قسەم لێوە کرد، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

سەرەتا سوپاسی هەمـووتان دەکـەم، لە ڕووی زارەوەی کـوردییـەوە نازانم چی پێـدەڵێـن، بەڵام «استیضاح واستجواب» هەیە، (استیضاح) بۆ شتێکی نادیارە لەوانە ئەگەری تیا بێ داوای ڕوون کردنەوە دەکەی، مەبەست ئەوەیە پاش ڕوون کردنەوە هەڵوێستی بەرامبەر وەردەگیرێ.

بەڵام استجواب «پرسینەوە» لەحاڵەتی سلبیدا دەبێ کـە سەرپێچی هەبێت ئەو کاتە دەگوترێ «استجواب».

ئەوەی ئێمە پرسینەوە بێ دەبێت بزانێ مەسەلەکە چییە؟!، رەوانە و بەرچاوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بخرێت، لەوێدا گفتوگۆ بکرێت وزانیاری لەسەر کۆبکرێتەوە، دەشبێ کاتی بوێ، پاشان دێتە ئێرە، بۆیە دەبێت لە رووی زاراوەوە تەماشای وشەی پرسینەوە «استجواب» بکەین نەک لە رووی واتای گشتییەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم دانیشتنە وەکو وتمان دانیشتنی هەفتانەیە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، ئێمە لە بەڕێزی داوامان کرد کە ئەو دەتوانێ وەڵامی هەندێ پرسیاری تایبەتی بداتەوە، چەند وەزیرێکی تایبەت بە پرسیارەکانەوە لەگەڵ خۆیدا بهێنێ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە پەیوەندیی بە وەزارەتەکەی ئەوانەوە هەبێت، بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەمە پرسینەوەی وەزیرەکان نییە، بەڵکو بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەیە کە ئەندامانی پەرلەمان ئاراستەیان کردووە، یان دێتە خەیاڵیان بۆ ئەویە لە دانشتنێکی وەهادا وەڵام بدرێتەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من خاڵێکی پێڕەویم بەرچاو خستووە، پرسینەوە لەیەک جێگا زیاتر لە پێڕەوی ناوخۆدا باس نەکراوە، پۆلینی پرسینەوە نەکراوە کە لە چ حاڵەتێک وچۆن پرسینەوە دەکرێت، تەنها لەمادەی (٥٦)دا باس کراوە کە ئەویش مافی بە هەموو ئەندامێکی ئەنجوومەن دەدات «مداخلە» لەهەر بابەتێک بکات کە دەخرێتە بەرباس ولێکۆڵینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فرەنسۆ بەڕێزت تاوەکو ئێستا سووریت لەسەر مەسەلەی پرسینەوە، بەڵام ئێمە لەسەر ئەوە رێککەوتین کە هەموو سێ شەممەیەک دانیشتنێکی کراوە بۆ پرسیار و وەڵامدانەوە تەرخان بکرێت، ئەوە بوو بەڕێزانتان لەسەر ئەوە رازی بوون، ئەم دانیشتنە دانیشتنی پرسینەوە «استجواب» نییە، منیش پشتگیری لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم، ئەگەر بۆ پرسینەوە بێت، ئەمە دەبێتە «مخالفە»، رای ئێوە چییە؟.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مافی خۆتانە بانگی ئێمە بکەن جا بۆ پرسینەوە «استجواب» بێ، یان وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وتی بۆ «استضاح» بێت، هەڵبەتە دوو حاڵەت هەیە چ پرسینەوەی بێت چ پرسیار بێت، پرسینەوە دەقی وشەکە قورسترە، بەڵام پرسیار بۆ روون کردنەوەیە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەو شتە لەلای بەڕێزانتان روون نییە، تاوەکو ئێمە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین تا وەڵامێکی تێر وتەسەلتان بدەینەوە چ «استجواب» بێت، چ «استفسار» بێت، هەر وەکو وتم

مافی خۆتانه كه بانگمان بكەن، بەڵام ئێمەش حەقی خۆمانه كه ئەو نارەزاییەی ئێوە بە نووسراو پێمان بگات تا خۆمانی بۆ ئامادە بكەین وبەتێرو تەسەلی وەڵامتان بدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

كاك فرەنسۆ خۆی وەڵامی خۆی دایەوە، وتی پرسینەوەو پرسیاركردن دووشتی لێك جیاوازن ئەمەی ئەمڕۆ پرسیارە، پرسینەوە نییە، بۆیە گومان لەوەدا نییە كه پرسینەوە دەبێت بەرامبەر بەوەی سەر پێچییەكی كردبێت، شێوەی ئەو سەرپێچییەش دەست نیشان بكرێت، تەنها بەقسە نابێت و دەبێت شتەكان دیاری كراو بن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئەوەی بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران روونی كردەوە، كاك فرەنسۆش هەر بەمەبەستی ئەوە بووە، پرسینەوە «استجواب» ئەنجامەكەی، یان دەبێت وازهێنانی وەزیرەكە بێت، یان هێنانەوەی بێت، پرسینەوە دوورە لەو مەسەلەیە، بەڵكو ئەوان بۆ پرسیارەكە هاتوون كه بەشی یەكەمە، من پشتگیری لە قسەكانی كاك فرەنسۆ دەكەم سەبارەت بەوەی كه ئەندامان مافی ئەوەیان هەبێ لێكۆڵینەوە لە قسەكان بكەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەگەر بمان ویستایە ئەم دانیشتنە فراوان تر بكەین، دانیشتنەكەمان هەر بەم جۆرە ئەنجام نەدەدا، چونكە پێویست بوو لەسەر بەڕێزانتان، بە سەرۆكایەتی هەردوو فراكسیۆنەكەوە بەر لە «٤٨» سەعات پرسیارەكانمان بدەنێ تا ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانمان بكردایە، جاران هەر فراكسیۆنە مافی ئەوەی هەبوو كه «٣» پرسیارمان بۆ بنێرێت، بەڵام ئێستا (٢١) كەس خۆیان ناونووس كردووە، رەنگە نەتوانین بواری هەموویان بدەین كه قسە بكەن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بێگومان زۆر پرسیارمان ئامادە كردووە لە بەڕێز سەرۆكی وەزیران و وەزیرەكانی بكەین، ئەوەی ئێستا بە پێویستی دەزانین ئاراستەی بكەین بەنداو (سد)ی دوكان ودەربەندیخانە كه سەرچاوەی وزەی كارەبای كوردستانن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كه قسە دەكەی بە شێوەی كۆ قسەكەت دەردەبڕیت، خۆت پرسیارت كرد كه هەموو ئەندامێك حەقی ئەوەی هەیە پرسیار بكات، یان تەنها سەرۆكی فراكسیۆنەكان.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
نەخێر، پرسیارەکە هی فراکسیۆنە، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەو ئەندامەی کە پرسیارەکەی کردووە، لامان نییە خۆی پرسیارەکە بکات.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
یەک دوو کەس لەسەر ئەو پرسیارە ڕێکەوتن، ئەگەر یەکێکیان بە تێرو تەسەلی لەسەری نەدووا ئەویتر بۆی تەواو دەکات، تاکو ئێستاش وا باوبووە سەرۆکی فراکسیۆن پرسیارەکانی پێشکەش کردووە و ناوی ئەندامەکەی خوێندوەتەوە، ئەگەر جەنابت رازی نیت، من لاریم نییە دادەنیشم؟، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**
نەخێر، من دەڵێم ئەگەر ئەندامێکی فراکسیۆن پرسیارێکی هەبوو، ئەوکاتە جەنابت دەڵێیت فلانە ئەندام پرسیاری هەیە ورتیی پێ بدەن قسەی خۆی بکات.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئێستا لەوەدا نەماوە کە بڵێم فلانە ئەندامی فراکسیۆن پرسیاری هەیە، چونکە ئێوە واتان لێ کرد هەر ئەندامە راستەوخۆ پرسیارەکەی خۆی بکات، منیش بەشیاوە تری دەزانم کە خۆی پرسیارەکە بکات و، لە هەمان کاتیشدا من لەگەڵ ئەو ئەندامەدام کە ئەو پرسیارەی کردووە، دەربارەی پارێزگاری کردنی بەنداو «سد»ی دوکان ودەربەندیخان کە وزەی کارەبا بە بەرهەم دێن، هیوامان وایە میللەتی کورد پارێزگارییان لێ بکات، ئایا چ پارێزگارییەک دانراوە بۆ ئەم دوو بەنداوە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەم پرسیارە هی کێیە؟.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەمە پرسیاری بەڕێز حەسەن حەمیدە، هەڵبەتە هەر پرسیارێک ئاراستەی ئێمە بکرێت، لەگەڵیدا گفتوگۆی دەکەین وپاشان لەسەری رێک دەکەوین، پاشان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی باست لێوە کرد پرسیارە کۆنەکانن؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ، وابزانم دووجاری تریش پێشکەشم کردووە، مەبەستم ئەوەیە کە لە دەربەندیخان ودوکان، ئەگەر ئەو دوو سەرچاوەیە هەر شتێکی بەسەر بێت، گومان لەوەدا نییە کە کوردستان تووشی پاشکەوتنێکی یەکجار گەورە دەبێت، ئایا بۆ پاراستنی ئەو دوو شوێنە چ کراوە؟، بۆ ئەوەی میللەتەکەمان دڵنیا بێ ئایا توانراوە پارێزگاری لێ بکرێ یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا بەڕێز حەسەن حەمید هەمان پرسیاری دەکاتەوە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێکی تریش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مام ڕۆستەم ناوی لامان نووسراوە، هەر کات نۆبە هاتە سەری، دەتوانێ پرسیارەکەی بخوێنێتەوە، ئێمە بڕیارمان داوە هەر ئەندامێک پرسیاری هەبێت ناوەکەی دەخوێنینەوە و، پرسیارەکەشی دەخوێنینەوە ئیتر بۆی نییە جارێکی تر پرسیار بکات.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان لەکوردستاندا دوو سەرچاوەی نیشتمانیمان بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا هەیە، دەبێت بە هەموو لایەکمانەوە وا بکەین کە ئەم دوو سەرچاوەیە بپارێزرێ ودەستی دوژمنی نەگاتێ، ئەوانەی کە پاسەوانی ئەم دوو بەنداوە دەکەن خۆیان دەستیان بۆ مەوادەکانی درێژ کردووە، جا بۆ ئەوەی وابکرێ هەردوو بەربەستەکە یەکی فەوجێکیان بۆ تەرخان بکرێت بۆ پاراستنیان.

دووەم ئۆردوگاکان بەتەمان بڕۆنەوە شوێن ورێگەی خۆیان ودێهاتەکانی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە، بەڵام نەداران وناتوانن پێویستییەکانی خانوو دروست بۆ خۆیان دابین بکەن، ئەگەر بابەتەکەیان هاتە بەردەستی ئەنجوومەنی وەزیران بەڵکو وابکەن سەر بگرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەپرسین، ئایا هەمووپرسیارەکان بەیەکەوە وەڵام دەدەنەوە، یان پرسیار بەپرسیار وەڵامی دەدەنەوە؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ هەمووی بەیەکجار وەڵام دەدەینەوە، بەڕێزی وەزیری پیشەسازی و وزە لێرەیە با ئەو وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مولوود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی پاراستنی هەردوو بەنداوەکەوە، بەڕێوەبەرایەتیەکی پۆلیسی تایبەتیمان داناوە بۆ پاراستنی سەرچاوەکانی کارەبا و بەنداوەکان و، ئێستا خەریکی دامەزراندنن وهەندێ پۆلیسمان لەو ماوەیە دامەزراندوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە فەوجێک زۆرە بۆ دەربەندیخان و (٢٥٠) پۆلیس بەسە و دەتوانێت بەو (٢٥٠) پۆلیسە سیاحیەکەش بپارێزرێت، چونکە سیاحیەکەش کێشەی هەیە هەرچی ئەساس ومومتلەکات هەیە تیایدا نەماوە زیاتر، بۆ ئەوەی ئەویش هیچی تر تالان نەکرێت، جا دەبێت کێشەی چەکیش چارەسەر بکرێت، ئەویش بەوەی کە ئەو پۆلیسانەی کە دادەمەزرێن بۆ پاسەوانی ئەو شوێنانە شارەزا بن وخەڵکی ناوچەکەش بن، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو پێشنیارەمان پێ باشە، ئەگەر بکرێت ئە و پێشنیارە بەنووسراوێ تاسبەی بە دەستمان بگات، تاوەکو لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا ئێمە دەتوانین باسی بکەین، ئەگەر ئەو پۆلیسانە چەکی خۆیان هەبێت وخەڵکی ناوچەکەش بن ئیشەکەمان ئاسانتر دەبێت و، ئەوانە ناویشیان لی دەنرێ پاسەوانی دەربەندیخان، یاخود دووکان وبەڵێنیشیان لێ وەردەگرین بەرامبەر بەو ئیشەی کە پێیان دەسپێردرێت، بەڵام ئەو کاتە دەبێت چەند ئەفسەرێکی پۆلیسیان بۆ دابنرێت، دیسان بۆ ئەوەی نەبێتە شتێکی هەرا. سەبارەت بەو پرسیارەی کە لەبارەی ئۆردوگاکانەوە کرا، شتێکی وا ئاسان نییە، لە رووی تواناوە هەوڵ دراوە و لەگەڵ رێکخراوە خێرخوازەکانی دەرەوەش قسەمان کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکیان نەبووە، سەبارەت بە ئەو رێکخراوانەی کە لە کوردستانیش ئیش دەکەن کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵدا کرا، بەڵام هیچ کامیان ئامادەیی خۆیان پیشان نەدا بۆ ئەوەی کە هاوکاریمان بکەن، بەڵکو هەریەکە لەوانە دەیەوێت لە دەرەوە پارەکە دیاری بکرێت وخۆی ئەوجا بێت سەرپەرشتی ئیشەکە بکات، زیاتر

ئەوان وابیر لە مەسەلەکە دەکەنەوە خۆشمان ئەو توانامان نییە کە ئەوانە هەموویان نیشتەجێ بکەین خانوویان بۆ دروست بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەمەد حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران باش لەقسەکانی من حاڵی نەبوو، ناڵێم خۆمان پارەیان بدەینێ و حکومەتی هەرێم پارەیان بداتێ، ئەو رێکخراوانەی کە من چوومەتە لایان شتەکانیشیان ناردووە کە کۆمەڵێک پارەیان بۆ بێت بۆ کرێی گواستنەوەکەیان، بۆ نموونە ئەو ناتوانێت بڵێ بچۆ بۆ گەرمیان، یان قەڵادزێ، ئێمە دوو سوود لەمە وەردەگرین، یەکەم هاندانە، دووەم ئەو ئەرزەی بازیانیش دەکەوێتە ژێر دەستی کشتوکاڵەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەلایەکی ترەوە بە بەرژەوەندی نازانین خۆمان یارمەتییان بدەین، چونکە هەر ئەوەی بازیان ئێستا چاومان لێیەتی بۆ ئەوەی ئەو ئاوارانەی کەرکووک وەدەوروبەری کۆبکەینەوە، لەجیاتی ئەوەی پەرش وبڵاوبن بتوانین لەلایەکی تریشەوە سەرژمێرییان بکەین. دووەم ئەو کۆمەکەی کە لە دەرەوە بۆ ئەوان دێت بەشێوەیەکی رێکوپێک بەدەستیان بگات، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولوود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی بەڕێز شێخ عەبدولکەریم، من لەگەڵ ئەو رایەدا نیم کە چەکدار بێت بیەوێت ببن بە پۆلیس و پاراستنی ئەو بەنداوانەیان پێبسپێردرێت، چونکە هەر وەکو برادەران خۆیان باسیان کرد لەکاتێکدا کە پێشمەرگەکانمان داناوە سەیتەرەی تەواومان بەسەریاندا نەماوە.

بە رای من باشترین رێگا ئەوەیە بە رێگای پۆلیسەوە بێت وەدەتوانین ژمارەیەکی تایبەتی لە پۆلیس بەجلوبەرگی خۆیانەوە پارێزگاری بەنداوەکان بکەن و، تاوەکو ئەو پۆلیسانە دادەنرێت ئەو پێشمەرگانە لەوێ بمێننەوە کەوا ئێستا پاسەوانی ئەو شوێنەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

راتان چییە کە ئەو پێشنیارە بدرێت بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی وئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت و، ئەو باسی ئەو هەموو گرفتانە بکات لە میانی ئەوەشدا هەندێک پێشمەرگەی باش هەیە و دەتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت، بەڵام ئەوان ئامادە نین ببن بە پۆلیس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئامادەن بێن بە پۆلیس و ئەفسەریش لە وەزارەتی پێشمەرگە، یان وەزارەتی ناوخۆدا ومەشقیانیش پێبکەن، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
هەفتەی رابردوو دوو پرسیارم ئاراستەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کرد، ئەگەر ڕێگام بدەن دەربارەی دەزگای ئاسایش هەندێ قسە بکەم، دەزگای ئاسایش لەوەتەی دامەزراوە زۆر دەسکەوتی چاکی هەبووە لەدۆزینەوەی تاوانباران، بەڵام لەهەمان کاتیشدا سەرپێچی لە یاسا دەکەن، بۆ ئەوەی کە زۆر جار بڕیار دەدرێت لەلایەن دادوەرەوە کە خەڵک بەر بدرێت، بەڵام ئەوان بەری نادەن لە هەمان کاتیشدا خەڵک بگرن بە بێ فەرمانی دادوەر و، یاخود دادوەر کە بڕیاری بەردانی کەسێک دەدات پێویستە ئەو شتەی کە لە دەستی گیراوە پێی بدرێتەوە، بەڵام ئەو شتەی بۆ ناگەڕێننەوە ، جا پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا ئەنجوومەنی وەزیران ئاگاداری ئەم کێشەیە هەیە و چ چارەسەرێکی بۆ داناوە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
لەو ڕووەوە نووسراوێکمان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کردووە کە لەو مەسەلانە بکۆڵێتەوە، هەروەها وەزارەتی دادیش نووسراوێکی ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کردبوو و، هەندێک وێنەی ئەو نووسراوە رەسمیانەی کە هەبوو ئەوانەشیان لەگەڵدا ناردبوو و، داوا لە وەزارەتی ناوخۆ کرا کە بەشێوەیەکی فراوان لەمەسەلەکە بکۆڵێتەوە.
کێشەیەکی تریان باس کرد، کێشەی ئەوانەی کەسەر ب (p.k.k.)ەن وگیراون، بەراستی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ (p.k.k.) دەبێت هەڵسوکەوتێکی سیاسیانە بێت، گرتنیان و بەردانیان هەندێ مەسائیلی سیاسی هەیە، هەندێ لە پارێزەران هەبووە کە نامەوێت لێرە ناویان بهێنم ویستوویانە نامە لە دەرەوە بهێنن بۆ ئەوان وئەوان بەرنە دەرەوە و ئەو هەڵەیان قواستۆتەوە کە وەکو پارێزەرێک دەچێتە لایان، بەڵام ئایا ئەو وەکالەتی هەیە؟ نەخێر، هیچ وەکالەتێکی نییە، هەر ئەوەندەیە هەوڵ دەدات کە بچێت بیان بینێ.
دڵنیاتان دەکەینەوە کە یاساکان هەمووی جێبەجێ دەکەین، بەڵام تکاشمان وایە کە ئەو یاسایانەی کە بۆتان دێت بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بەو مەسەلانەوە هەیە زوو دەربچێت لێرە.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی سەرۆکی وەزیران دەکەین بۆ ئەو جەختەی کە کردتە سەر سەروەری یاسا و، کە نابێت یاسا پێشێل بکرێت و، دەبێت یاسا بخرێتە سەرووی هەموو شتێکەوە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە ١٠٠٪ مەبەستم ئەو مەسەلە ئەمنیانە نییە وئێمە لەگەڵین کە نهێنی بێت وحاڵەتی نهێنیش پێویستە دادوەری تایبەتی بڕیاری لەسەر بدات، وەکو باسی دەکەن مەسەلەی ئابووری، یا شتی زۆر ئاسای بووە، دادوەر کە بڕیاریی بەردانی کەسێکی دا مەبەستم ئەوەیە نەک بەربدات بەکەفالەت لێکۆڵینەوەی تێدا دا بخرێت کە لێکۆڵینەوەش داخرا واتە کە دەرکەوت هیچی لەسەر نییە، کە تاوانی نەبوو پێویستە ئەو شتانەی کە لەسەری گیراوە بیدەنەوە بە خاوەنەکەی، ئەگەر قاچاخچی بێت نابێت بەردرێت، بەڕێز وەزیری داد وبرادەرانی یاسا ناس ئەو مەسەلانە باش دەزانن کە ئەو کەسە بەردرا واتە هیچ بەڵگەیەک لە دژی نییە و، قەزیەی واش هەبووە کە پەیوەندیی بە ئاسایشەوە نەبووە ئەوان وتوویانە نهێنییە وبردوویانەتە لای دادوەری پەیوەندار و ئەویش لەسەری نووسیووە کە ئەوە نهێنی نییە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە کاک بەختیار فەرمووی ماوەیەک پێش ئێستا لە ئاسایشی هەولێر رووی دا و، هەواڵ بە ئێمە گەیشت، ئێمەش نووسراوێکی دوورو درێژمان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کرد، ئەنجوومەنی وەزیرانیش رووبەرووی وەزارەتی ناوخۆی کردووە ئێستاش لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین و، من پشتگیری لە قسەکانی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نازانم کاک بەختیار وەکو ئەوەی کە ئەندامی پەرلەمانە بۆی هەیە کەشتی وای کەوتبێتە بەرچاو دەتوانێ خۆی موراجعەی وەزارەتی داد بکات و بەتایبەتیش کە دەڵێت بەڵگەم هەیە و،داوای مەوعدێک بکات لە بەڕێز وەزیری داد بچێت لەگەڵ بەرپرساندا ئەو مەسەلەیە باس بکات، ئەوە یەکێکە لە ئەرکەکانی سەر شانی هەموو ئەندامێکی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادام باسی ئاسایش کرا حەقە بەگشتی باسی کرداری ئاسایش بکرێت، من پێموایە بەرپرسانی ئاسایش پێویستیان بەچەند دەورەیەک هەیە، با بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران چەند

پسپۆڕێک پەیدا بکات و، هەموو لێپرسراوەکانی ئاسایشی کوردستان بانگ بکرێت و، هەندێ دەوراتیان بۆ بکرێتەوە بۆ چۆنێتی هەڵسوکەوت کردن، نابێت بەرپرسی ئاسایش لە تەلەفزیۆن دەربچێت چەند دیار نەبێت زیاتر خەڵک لێی دەترسێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە زۆر لە وانەی کە بۆ ئاسایش دانراون زانیاریان کەمە، بەڵام ئاسایش جیهازێکی زۆر گرنگە و نابێت هەموو کەسێک لەو دەزگایە دابنرێت، ئەو خەڵکانەی ئێستا لە دەزگای ئاسایش دانراون زیاتر لە پێشمەرگایەتیەوە چوون، بۆیە ئاسایشی ئێمە هەمووی پۆلیس ودەرچووی کۆلیژی پۆلیس نین ،لەوانەیە ئەوانەی پۆلیسن رێژەیەکی زۆر کەم بن و، ئەوی تر هەمووی پێشمەرگە بووە و، لێکۆڵینەوەی پێشمەرگەش زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی پۆلیس و ئاسایش ودادگایەکان، چونکە هەڵسوکەوتی شۆڕش هی ناو شاخە و ئەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆدا، منیش لەگەڵ قسەکانی کاک فرەنسۆم کە دەبێت دەورەیان بۆ بکرێتەوە و، بەپێی ئەو زانیاریانەی کە من پێی ئاگادار کراوم لە وەزارەتی ناوخۆدا ئێستا دەورەیان بۆ کراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە وەزارەتی پیشەسازی خەڵکی زۆر گلەییمان لێ دەکەن دەربارەی کارەبا ونەبوونی کارەبا، ئەویش بە هۆی نەبوونی مەحەویلەوەیە، ئێستا سەبارەت بە پارێزگاکان و دەوروبەری پارێزگاکان بۆ نموونە کەرکوک و سلێمانی و دهۆک کۆمەڵێک دەواجنی لێیە ئەو دەواجنە هەر یەکە ومەحەویلەیەکیان بەکرێ گرتووە لە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای ئەو ناوچەیە و، ئەگەر بکرێت ئەو کرێیە هەڵبوەشێنرێتەوە ، یاخود داوایان لێ بکرێت بۆماوەیەکی کورت مەحەویلەکان بگەڕێننەوە بۆ شارەکان بۆئەوەی کەمێک کارەبا باشتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیرێک لە پێشنیارەکەی کاک سیروان دەکەینەوە و، بزانین عەمەلیە سوودی لێ وەردەگرین.
سەبارەت بە پرۆژەی یاسای وەزارەتی ناوخۆ رەنگە لەم دووسێ رۆژەدا تەواو بێت وپێشکەش بکرێت، بەڵام گەڕانەوەی ئەو ئەفسەرانە بە بڕیاری پەرلەمان بوو، واتە ئەو یاسا دادەنرێ و، جارێکی تر ئەو یاسایە ناگەڕێتەوە و بڵێین ئەو بڕیارەی کە داومانە هەموومان هەڵوەشاندەوە،

چونکە ئەوانەی ئەو پلانەیان پێ دراوە لە ئەنجامی ئەو بڕیارانە بوو کە لێرە دەرچوو وئەو بڕیارەش یاسایە، جا لەوکاتەی کە پەلە دەکەین بۆ ئەوەی ئەو یاسایە ئامادە بکرێت و بێتە ئێرە و گفتوگۆی لەسەر بکرێت و پرۆژەکە ببێتە یاسا، ئێمە ئەوە دووپات دەکەینەوە ئەوەی کە کراوە بەپێی ئەو بڕیارە بووە کە لێرە دەرچووە و بە پێچەوانەی ئەو بڕیارە نەبوو، جا ئەگەر شتێک هەبێت دەبێت پیاداچوونەوەیەک لەو بڕیارە بکرێتەوە، چونکە ئەو یاسایە دادەنرێت ناتوانێ هەموو ئەوانەی پێشوو هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام ئەو یاسایە چارەی شتی داهاتوو دەکات نەک ئەوەی کە چووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لە سەرۆکایەتی تێبینییەکمان هەیە دەربارەی ئەم بابەتە، بەراستی وەکو دەرکەوت لە ئاکامی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە پەرلەمان زۆر بە عاتیفەوە ئەم یاسایەی دەرکردووە، چونکە زۆر بەپەرۆش بوو بۆ ئەوەی ئەو ئەفسەرانە بگەڕێنەوە کەتووشی زەرەر بوونە لە سیاسەتی ئەو حکومەتە دیکتاتۆریانەی کە دژی میللەتی کورد بوون. پەرلەمان داوا لە ئەنجومەنی وەزیران دەکات کە ئەم یاسایە جێبەجێ بکات، بەڵام لێشتان دەپرسێت ئایا جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە هیچ جۆرە جیاوازییەکی ئیداری دروست دەکات؟. بەشی دووەمیش گفتوگۆکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر یاساکە نییە، هەر وەکو جەنابت فەرمووت یاساکە دەرچوو بوو، بەڵام گفتوگۆکە لەسەر جێبەجێ کردنی یاساکەیە و ئەوە مافێکی ڕەوای ئەنجومەنی نیشتمانییە کە لە جێبەجێ کردنی یاساکە بپێچێتەوە و، بزانێت ئەم یاسایە لە کوێ سلبیاتی دروست کردووە، لە ناو ڕیزی پۆلیسدا، یا لەناو خەڵکدا.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لە ئەنجومەنی وەزیران زۆر شت هەبوو پێی ڕازی نەبووین،بۆ نموونە ئەو پلەی لیوایەی کە بە هەندێ کەس دراوە وشایستەی ئەو پلەیە نین، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بڕیارە ئێمە جێبەجێمان کردووە و، ئێستاش دەیخەینە پێش چاوی بەڕێزتان بۆ ئەوەی خۆتان چارەسەری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەوەدا نا هەقە، چونکە کە دەڵێت بڕیاری خۆتان بوو، بڕیارەکە ئەگەر یاساش بێ لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە پێشنیار نەکرا بوو، ئەنجومەنی وەزیران پێشنیاری ئەو یاسایان کرد و لە دانیشتنەکەدا هەموو ڕایان وابوو کە پێشنیارەکە باشە و، گفتوگۆیان لەسەر کرد.

**بەڕێز ئەکـــــرەم عـــــاشـــــور عـــــەودیش:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پرسیارەکانم سەبارەت بە خوێندنی زمانی کوردی، یا عەرەبییە بۆ ئەوی تاوەکو ئێستا یاساکە ئاشکرا نییە بۆ جەماوەر، بە چ دەرس بلێینەوە بەکوردی یا بەعەرەبی، سوپاس.

**بەڕێزجـــــێگری ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لە هەموو جێگایەک وتومانە زمانی رەسمی زمانی کوردییە و، خاڵێکی تریش مەسیحی زمان نییە، بەڵکو کلدانی وئاشووری زمانیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غـەفـوور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

نازانم پرسیار بوو، یا ئیستفسار بوو!، ئێمە دەقێکی یاساییمان هەیە کە زمانی رەسمی لە کوردستاندا زمانی کوردییە، سەبارەت بە کەمەنەتەوایەتیەکانیش لە هەر شوێنێک ژمارەیان زۆر بێت ئەوە لە قۆناخی سەرەتاییدا خوێندن بە زمانی کەمەنەتەوایەتیەکە دەبێت، وەکو ئەوەی کە لەم برگەیەدا هاتووە و دەڵێت: لەو شوێنانەی کەمایەتییەکان زۆر بن بەزمانی کەمایەتییەکان لە قۆناخی سەرەتایی دەخوێنرێت تەنها قۆناخی سەرەتایی، ئەگەر ئەوان زۆربەبن، بۆ نموونە وەکو عەینکاوە، ئەگەر بوار هەبێت و ئەوان زۆربە بن هەموو قۆناخەکانیش رێک بێت بەزمانی سریانی بخوێنن، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق محـمـەد رەشـید زەنگەنە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەراستی ئەم بابەتە لەگەڵ رێزم بۆ وەزیری پەروەردە زۆر روونی کردەوە، بەڵام راستیەک هەیە، ئەویش ئەوەیە برا ئاشوریەکان، یا هەموو مەسیحییەکان هەستێکی وایان پەیدا کردووە، بەداخەوە دیارە ئەویش لە ئاکامی هەڵسوکەوتی هەڵەیە لە پەروەردەدا، لەبەر ئەوە داوا دەکەم ئەو رێنماییانەی وەزارەتی پەروەردە کە بەڕێز وەزیری پەروەردە ئاماژەی بۆ کرد زۆر بەگرنگی وەربگیرێت و جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو هەستە لە ناو برا ئاشووریەکاندا پەیدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز شـــــمـــــائیل ننـو بنیـــــامین:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

السيد الوزير يقول بان اللغة الاغلبية تدريس في المنطقة، لكن القرار ليس بهذا الشكل بل تقول : (في المنطقة التي يقطنها الاقليات) بشأن هذه في المنطقة لها اقليات بالاغلبية لكن

يتمكن تخصيص خاص لهؤلاء الطلاب، يعني منطقة لها عشرون طالباً صف الاول يمكن فتح شعبة خاصة اللهم، وبالنسبة الى المشرف لحد الان لم يتم تعين المشرف، و بالنسبة للغة برغم ان تقديم الاسم اعتقد قبل فترة لم يتم تعين اللغة بالنسبة للغة السريانية. كذلك نحن هنا خمس ممثل للشعب في البرلمان من حقنا ان يكون لنا رأي واعتقد ان هذا رأيكم انتم بانه الجبهة السياسية هي ممثل الشعب. و اسماء المدارس لحد الان في المناطق التي يقطنها لم يجري عليها تغير الشامل ، يجب ان تصدر الاسماء المدارس التي يقطنها الاقليات لانها اسماء قومية. وشكراً

**بەڕێز د. ئاسح غەفوور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەکردنەوەی ئەو پۆلەی کە بەڕێز کاک شمائیل باسی کرد ئێمە ئەوەشمان لە پێش چاو گرتووە، لەهەر شوێنێک ئەو ژمارە قوتابیە هەبێت ئێمە نالێین زۆربە واتە زۆربەی یاساکە واهاتووە، بەڵام ئێمە ئامادەین لە هەر شوێنێک، یا لە هەر جێگایەک کۆمەڵێک قوتابی برا مەسیحیەکان هەبێت بە کلدانی وئاشووریەوە ئێمە زمانی سریانیان فێر بکەین.

سەبارەت بەو سەرپەرشتیارەی کە دەڵێن: تاوەکو ئێستا دانەمەزراوە، ئێمە حەقی خۆمانە کێ هەڵبژێرین بۆ سەرپەرشتیار، چونکە ئێمە لایەنی جێبەجێ کردنین، دەبێت ئەو کەسەی کە بۆ سەرپەرشتیار هەڵیدەبژێرین گلەیی لەسەر نەبێت.

سەبارەت بە ئەوەی کە ئەڵێت ئێمە (٥)کەسین نوێنەری برا مەسیحیەکانین، **من گومانم لەوەدا** نییە کە (٥) کەس لێرەن (٤)یان نوێنەری برا ئاشووریەکانن و، مافێکی ڕەوای خۆیانە کە داکۆکی لە مافی برا مەسیحیەکان وخۆیانیش لە پەرلەماندا بکەن و، داکۆکی لە داوایەکانی خۆیان بکەن، کە بەرژەوەندی ئەوان بپارێزێت.

سەبارت بە ناوی ئەو قوتابخانانەی کەپێویستییان بەگۆڕان هەیە و، ئەمەش گوایە دەبێت ناوی نەتەوەی و نیشتمانی لێبنرێت، یان ناوی کۆنی ئاشوری بێت، یان کلدانی بێت، ئێمە پێمان خۆشە وبەلیستەش ئەو ناوانەمان بۆ هاتووە و ئێمەش ڕەچاوی هەندێک لەو داوایانەی کە لە دەسەڵاتماندایە دەکەین، بەڵام هەندێک شتی وەک وەزارەتی پەروەردە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە، جا ئێمەش بەرزی دەکەینەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لەوێ بڕیاری لەسەر دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە یەک کەسمان دەسنیشان کردووە بۆ سەرپەرشتیاری زمانی سریانی، هەرچەندە هەڵبژاردەکەی ئێمە پسپۆری لە زمانی ئینگلیزی هەیە، بەڵام شارەزایەکی باشی لە زمانی

سریانیش هەیە، هەرچەندە تاوەکو ئێستاش نەگەیشتۆتە وەزارەت و لە پەروەردەوە بەستراوە، بەداخەوە نەک لە وەزارەتی پەروەردە، بەڵکو لە گشت وەزارەتەکاندا هەندێ کەسی تیادا ماوە کە بەعسی وپیاوی رژێمن، بۆ نموونە لە بەرنامەی پەروەردەی نیشتمانی«التربیە الوطنیە» بە مەسیحیەکان دەوترێت (گاورەکان) ئەو کەسەی کە وشەی گاورەکان بەکار دەهێنێ دەبێت لە پەروەردە بانگ بکرێت و لێیان بپرسینەوە، هەر وەکو کاک فرەنسۆ وتی (گاورەکان) واتا (کافرەکان) ئەنجا ئەمانە پاشماوەی رژێمی سەدام بوونە و ئێستا لە هەموو وەزارەتەکانیشدا کار بەدەستن، بە رای من ئەمانە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ هۆی تەسدیق نەکردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە، پێشنیار دەکەم بۆ دامەزراندنی ئەو قوتابخانانەی کە بە سریانی دەرس دەڵێنەوە، با کەسانێک بۆ دەرس وتنەوە دەسنیشان بکرێن کە شارەزاییان لە زمانی سریانی هەبێت، مەرج نییە بەڵگەنامەی لە زمانی سریانیدا هەبێت، خۆ ئەوانەی کە زمانی کوردیان زیندوو کردەوە کەسیان بەڵگەنامەی زمانی کوردیان نەبوو، بەڵکو ئەدیب ونووسەری کورد بوون وزمانەکەیان زیندوو کردەوە، با بە هەمان شێوەش زمانی سریانی زیندوو بکرێتەوە و، هیوادارم کە پشتگیریمان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێت شتێک بخەمەوە بیری بەڕێزان نوێنەرانی ئاشووریەکان کە هەق نییە وا تێبگەن کە تەنها ئەوان دەم راستی ئاشووریەکانن، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە ئێمە پتر گرنگی بەمافی کەمەنەتەوایەتیەکان دەدات، هەموو حزبەکانی کوردستان ئەگەر تەماشای بەرنامەکانیان بکەین گەلێک لەوەی ئێستا کە هەیە مافیان بۆ کەمەنەتەوایەتیەکان داناوە، لەبەر ئەوە بەلای منەوە کەمەنەتەوەییەکان، یا کەمیەکان با لە حەقی خۆیان واز بێنن وبوار بدەن بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان وهەر دوو فراکسیۆنەکەی پەرلەمان، چونکە ئەوان بە پەرۆش ترن بۆ دابین کردنی مافی رۆشنبیری بۆ کەمەنەتەوەییەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو باس کرا کە بەڕێوەبەرێکمان داناوە بۆ کەمەنەتەوایەتیەکان ئەنجا تکام لەو برایانە ئەوەی کە گلەییان هەیە، پێشنیارەکانی خۆیان ئاراستەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بکەن، چونکە هەندێ شت هەیە بەراستی لەپەرلەماندا باس ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە زۆر جار جیاوازی دەکەین لە نێوان کورد وکوردستان و زیاتر جەخت لە سەر

کوردستان دەکرێت، چ لەلایەن پەرلەمانەوە چ لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە لەسەر حیسابی ئەوەیە کە کوردستان هەروەک کوردی تێدایە میللەتی تریشی تێدایە، کە برا ئاشووریەکانە مافی خۆیانە کە وەکو هەر کەسێکی تر باسی هەر شوێنێک بکات کە ئەمڕۆ لە ژێر دەسەلاتی هەرێمی کوردستانە، یا خود کە هێشتا نەگەڕاوەتەوە ژێر دەسەلاتی خۆمان ئەوە مافێکی رەوای خۆیەتی.

دووەم: من لەگەڵ پێشنیارەکەی کاک د.ناسحم،بەپێویستی دەزانم کە ئەندامانی پەرلەمان هەر مەسەلەیەکیان هەبێت کەپەیوەندیی بە وەزارەتەوە هەبێت بچێتە لای وەزیر و لەگەڵی مەسەلەکە باس بکات و، ئەگەر لەوێ چارە نەکرا ئەو کاتە دەتوانێت لێرە باسی لێوە بکات.

سێ یەم: سەبارەت بە ئەو کەسەی کە بە سەرپەرشتیار دادەمەزرێت، پێویستە ئەو کەسە هەندێ مەرجی تیاد هەبێت و، هەر کەسێک ئەو مەرجانەی تێدا بێت ئەوە بەبێ گفتوگۆ بە سەرپەرشتیار دادەمەزرێت، ئەگەر هات وزۆر بوون ئەوکاتە خاڵ هەیە بەپێی ئەو خاڵانە دەسنیشان دەکرێن، ئێستا لە وەزارەتی پەروەردە رۆژانە چەندین دیدار هەیە لەگەڵ ئەوانەی کە داوا دەکەن ببنە سەرپەرشتیار. وجارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە ئەو (١٠٥) ئەندامەی کە لێرەن نوێنەری هەموو کوردستانن، نەک هی شارێک وجێگایەک بەتەنها، سەبارت بە خوێندن بە زمانی سریانیش لەو شوێنانەی کە بە سریانی قسە دەکەن قوتابخانەی سریانیان بۆ دەکرێتەوە، بەلام وەکو بەرێز وەزیری پەروەردە وتی: لە قۆناخی سەرەتاییدا بە سەریانی بخوێنن، بەلام ئەوە کێشەیان بۆ دروست دەکات بۆ قۆناخی دواناوەندیی، هەتاکو ئەگەر قۆناخی دواناوەندیشیان بۆ کرا بە سریانی ئەی هەمان کێشەیان دەبێت لە زانکۆ، چونکە زۆر زەحمەتە لە کوردستاندا زانکۆیەکی ئاسوری هەبێت، بەلام ئێستا شتێکی پێویستە کە لە قوتابخانەکاندا بەزمانی سریانی بخوێندرێ لە قۆناخی سەرەتاییدا وهەروەها دەزگای تری رۆشنبیری هەبێت کە گرنگی بدات بە ئەدەبی سریانی، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینیەکم هەیە سەبارەت بە رەفتاری بازگەکان بەرامبەر بە ئەندامانی پەرلەمان، کە بە هیچ شێوەیەک رێز لە ئەندامی پەرلەمان ناگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم تێبینیەی بەڕێز مەلا محمود لە دانیشتنەکانماندا بە زۆری دووبارە دەبێتەوە لە لایەن زۆربەی ئەندامانەوە بەتایبەتی پشکنینی سەیارەکانیان ولە هەمان کاتیشدا لەکاتی سەردانی فەرمانگەکان کە وەکو ئەندامی پەرلەمان رێزیان لێ نانرێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەراستی بەنسبەت ئەندامانی پەرلەمان حەسانەیەکی تایبەتیان هەیە و، لە ڕووی ڕێزگرتنیانەوە پێویستە ئۆتۆمبیلەکانیان نەپشکێنرێت، لەو ڕووەوە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆدا قسە دەکەین کە بڵاو کراوەیەک بەسەر هەموو خاڵەکاندا بڵاوبکاتەوە کە ئەو جۆرە هەڵسووکەوتانە دووبارە نەبێتەوە، بەداخەوە لە هەندێ لە بازگەکان پۆلیسی تیادا نییە، یاخود ژمارەیەکی زۆر کەمی تێدایە زیاتر پێشمەرگەیە لەوانەیە ئەگەر شتێک بوو بێت زیاتر لەوەوە بووە، سەبارەت بە فەرمانگەکانیشەوە وەکو جاری پێشووش وتم، ئەندامی پەرلەمان کاتێ کە دەچێت بۆ فەرمانگەیەکی ڕەسمی با پێش وەخت ئاگاداری ئەو فەرمانگەیە بکات پاشان بچێتە سەردانی، سوپاس.

**بەڕێز سـەفـەر مـحـەمـەد حـسـێن:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پێش مانگێک بڕیارێک لە ئەنجوومەنی وەزیران دەرچوو کە (١٠٠)دیناری بۆ قوتابییانی زانکۆی سەلاحەدین تەرخان کرد بۆ ئەوانەی کە خەڵکی دەرەوەی هەولێرن و (٣٠) دیناریش بۆ ئەو قوتابییانی کە لە ناوەوەی شاری هەولێرن، ئایا ئەو پارەیە تاوەکو ئێستا خەرج کراوە ، یا نە؟.ی سەبارەت بە خاڵە گومرکییەکان بۆ لە هەندێ جێگا دوو بەرامبەرە تاوەکو جێگایەکی تر، بۆ نموونە لە گومرک لە سنووری ئێران دووبەرامبەری گومرکی ناوچەکانی ترە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

سەبارەت بە ئەو یارمەتییەی کە بۆ قوتابیان تەرخان کرا لە ١١/١بڕیارەکە دراوە و کە هاتینە سەر ئامار تووشی کێشەیەکی تر بووین زۆربەی زۆری قوتابییەکان خۆیان نووسیوە کە لە دەرەوەی هەولێرن، ناچار بووین داوا بکەین لە زانکۆ وپەیمانگاکان لە مەلەفی تایبەتی قوتابییەکان ناوەکانیان دەربهێنن، چونکە فەرقەکە (٧٠) دینارە زۆرە ئەوەی کە لە هەولێر ودەورووبەری هەولێرە شتێکە وئەوەی کە لە دهۆک وسلێمانییە وهاتووە شتێکی ترە، پێش چەند ڕۆژ شتێکمان بڵاوکردەوە دڵنیامان کردن کە ئەو پارەیە دەدرێت، بەڵام لەسەر ئەوە پەکمان کەوتووە کە زانکۆ ئامارەکەیان تەواو نەکردووە و، پەیمانگاکانیش دەبێت ئێستا تەواویان کرد بێت، ئەو پارەیە خەرج دەکرێت ولێی پەشیمان نابینەوە وپەرەشمان بۆی تەرخان کردووە.

دووەم: بەراستی ئاگامان لە مەسەلەی گومرک ئەوەندە نییە، بەڵام ئەوەی کە من دەزانم هەموو گومرکێک کە دادەنرێت دوو تەعریفە هەیە یەکێکیان ئەوەی بۆ دەرەوە دەڕوات بێگومان زیاتری

لێ دەستێنرێ، جگە لەوە دەبێت بڕیارەکە دڕابێت وتمان گومرک زیاد بکەین، بەڵام ئەوانەی کە دەیبەنە دەرەوە ئەگەر سێ ئەوەندەش بکەین هەر دەیبەن، واتا با داهاتەکەمان زیاد بێت بتوانین قەرەبووی ئەو جیاوازیە بکەینەوە، زۆربەی ئەو کەلوپەلانەی کە دێنە هەولێرەوە جۆرە تەعریفێکە ئەوەی بۆ دەرەوەی هەرێم دەڕوات جۆرێکی ترە، من ئەوەندەم بەگشتی ئاگام لێیە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند تێبینیەکم هەیە، ئەوەی سەبارەت بە قوتابخانەکانەوە کە زۆربەی هەرە زۆریان مامۆستایان کەمە، یاخود مامۆستایان نییە، بەتایبەتی لە کفری وئاکرێ و ئۆردوگای سمود، ئەویش بە هۆی ئەو مامۆستایانەوەیە کە لەو شوێنانەوە دەهاتن کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمدان، جاپێویستە چارەیەکیان بۆ بکەین بۆ دابین کردنی مامۆستا، هەروەها ئەوانەی لە کەرکووکەوە دەچوون بۆ چەمچەماڵ، بۆ چارە سەرکردنی ئەم کێشەیەش دەبێت مامۆستایان بۆ دامەزرێنین، ئەگەر بشڵێن مامۆستامان نییە بە دەستەوە کە دایان بنێن بە ڕای من دەرچووی پیشەسازی وبازرگانی وکشتوکاڵیمان زۆر هەیە، با خولی پەروەردەییان بۆ بکرێتەوە بۆ مانگێ، یا دوو سێ مانگ تا ئامادە بکرێن بۆ مامۆستای و ئەو جێگایانەیان پێ پڕ بکەنەوە بە مەرجێک لە ڕووی داراییەوە یارمەتیان بدەن.

دووەم: هەتا ئێستا ئەو بەڕێوەبەرانەی کە ئیشەکە دەبەن بە ڕێوە جێگیر نەبوونە و هەر بە وکالەتن.

خاڵی سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی پیشەیی هەیە لە وەزارەتدا، ئایا ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کراوەتەوە، یا نە؟، چونکە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە سەرپەرشتی قوتابخانە پیشەییەکان دەکات.

خاڵی چوارەم: بەشێک هەیە کە پێی دەڵێن ئینسیابیەت لە پەروەردە، ئەویش بۆ دابەش کردنی ئەو قوتابیانە بوو کە سێی ناوەندیان تەواو دەکرد، ئەوانەی کە نمرەیان باش بوو ئەوە لە ئامادەیی وەردەگیران و، ئەوانەی کە نمرەیان کەمتر بوو ئەوە لە قوتابخانە پیشەییەکان وەردەگیران، بەڵام ئێستا ئەم حاڵەتە نەماوە، بەڵێ لەوانەیە لەناو مەرکەزی شارەکاندا جێبەجێ بێت، بەڵام لە لادێ وقەزاکان و ناحیەکاندا نەماوە، ئەگەر تاکە تاکە قوتابخانەیەکی پیشەیی تێدا بوو بێت ئەویش ئێستا نەماوە، لەبەر ئەوەی بنەمای نەماوە، یا مامۆستای نییە لەبەر ئەوە بە ڕای من ئەم بابەتە ئەمساڵ ڕابگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی کاک کەمال دەکەم بۆ ئەو پێشنیارانەی کە کردی سەبارەت بە ئەو شارانەی کە باسی

کرد، که ئێستا مامۆستایان زۆرە کەمە، سەبارەت بە ناوچەکانی گەرمیان ئێمە حسابێکی تایبەتیمان بۆ کردن هەر چەندە پرسیارم کرد لە بەڕێوەبەری گشتی سلێمانی و لەو (٣٨٠) پلەیەی کە بۆ قۆناخی سەرەتایی دامان نابوو بەر گەرمیان کەوتووە، هەرچەندە گەرمیانیش ئیدارەی تا ئێستا پەیوەندیی بەسلێمانیەوە هەیە، سەرەڕای ئەوەش لەم چەند ڕۆژەی دوایدا (٢٠٠) پلەی ترمان تەرخان کرد هەر پارێزگایەک(٥٠) پلەمان بۆی دیاری کرد.

بۆ قۆناخەکانی تریش، ئەویش بەپێی ناوچە دامان نەنا لەبەر ئەوە جارێ نازانین ئایا بەریان دەکەوێت، یا چەند کەموکوڕییان دەبێت ؟.

سەبارەت بە بەڕێوەبەرەکان کە تا ئێستا دانەمەزراون، تاکو ئێستا سێ بەڕێوەبەری گشتیمان هەیە لە پارێزگاکان کە دهۆکە وسلێمانیە وهەولێرە، ڕاستە تاوەکو ئێستا وەکو پێویست دانەمەزراون هۆیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پلەی تایبەتی پێویستە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و، بڕیارمان داوە کە لەم ڕۆژانە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بکەین سەبارەت بە سەرپەرشتیارەکان و بەڕێوەبەرە گشتیەکانیش، چونکە بەراستی ئەگەر بەڕێوەبەرە گشتییەکان دانەمەزرێن کێشەمان بۆ دروست دەبێت.

سەبارەت بە بەڕێوەبەری قوتابخانە پیشەییەکان وابزانم لەیاسای دەرەوە دیاری کراوە کە بەڕێوەبەری قوتابخانە پیشەییەکان دەبێت لەدیوانی وەزارەت دەسنیشان بکرێن، بەڵام بەحکومی ئەوەی کە تائێستا هەیکەلی پێڕەوی ناوخۆی وەزارەتی پەروەردە جێگیرنەبووە، دەبێت ئیسناد بکەینە سەر پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی وەزیران، پێویستە ئەمەش چارەسەر بکرێت بەتایبەتی قوتابخانە پیشەییەکان، پێویستی بە بەڕێوەبەری تایبەتی هەیە.کێشەی ئنسیابییە ئێمە نەمانتوانیوە بەکتوپڕ ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، بەڵام ئەم کێشەیە هەر وەکو خۆی نەماوەتەوە، بەداخەوە دیارە کاک کەمال ئاگای لەو خاڵە نییە، حەز دەکەم ئەوە ڕوون بکەمەوە سەبارەت بە قەزاو ناوچەکانی تر ئەوانەی کە قوتابخانەی پیشەییان تیادا نییە، ئێمە ئەوانەمان بەخشیوە لە ئینسیابییە، واتە مافێکی سروشتی خۆیانە بچنە قۆناخی ئامادەیی، سەبارەت بە گەرمیانیش دیسانەوە بڕیارێکی تایبەتیمان بۆ دەرکردووە، چونکە وەکو وتیان ڕێژەی دەرچوون زۆر کەمە و، نمرەکان لە (٦٠) کەمترن بۆیە وتومانە لە(٥١ تا٥٩) واتە ئەگەر ڕێژەی(٥١)بێت ئەوە لە قوتابخانە پیشەییەکان وەردەگیرێت و لە ڕێژەی (٥٩) لە ئامادەیی وەردەگیرێت، بۆ ئەوەی بتوانین ئەم هاوکێشەیە ڕابگرین، ئێمە هەوڵ دەدەین کە چارەیەکیان بۆ بدۆزینەوە مەرج نییە ئینسیابیەمان لە ١٠٠٪ جێبەجێ کردبێت، بەڵکو بەرژەوەندیی ئەو ناوچەیەمان ڕەچاو کردووە، قوتابخانە پیشەیەکان بێ قوتابی بن، دیسانەوە نابێت دیارە چارەسەر کردنی قوتابخانە پیشەیەکان بەوە چارەسەر دەکرێت کە زیاتر بایەخیان پێبدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێموایە لیژنەی پەروەردە هەندێک تێبینی وپێشنیاری پێشکەش کردبوو ئێمەش ناردمان بۆ وەزارەتی پەروەردە، ئەگەر شتێکی ترتان هەیە دەتوانن باسی بکەن، یاخود ئامادەی کەن بۆ دانیشتنێکی تر.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە سەبارەت بە کۆلیژی یاسای ئەهلی کە لە هەولێر کراوەتەوە، هەفتەی رابردووی ناراستەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کراوە وفەرمووبەتی، خۆم وەلام دەدەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محمد فوئاد معصوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەو کۆلیژە ئەهلیەی کە لە هەولێر کراوەتەوە، بۆ ئەو کەسانە کراوەتەوە کە بە رۆژ ماوەیان نییە بخوێنن بە شەو دەخوێنن، یا خود تەمەنیان زیاترە لەوەی کە لە زانکۆکاندا وەرگیرێن و، حەزیش دەکەن کە بخوێنن و،ئەم جۆرە کۆلیژانە ئەوە نییە کە ئێمە بەتەنها کردبێتمانەوە لێرە لە هەولێر، بەڵکو زانکۆ هەیە بۆ خوێندنی ئەهلی، لەسەر ئەو بنەمایە ئەو کۆلیژانە دامەزراون و، پرۆژەی کۆلیژەکەشمان هەیە وپرۆژەکە دوای ئەوەی کە ناردمانە زانکۆ هەندێ دەسکاریان تیا کرد، پێویستە ئێستا گەیشتبێتە لاتان لە پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی ئامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ماوەیەک بڕیارێک لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچوو سەبارەت بە فرۆشتنی خانووبەرە، جا ئەوە وەکو بڕیار ماوەیەک نیشی پێ کرا و، کۆمەڵە رێنمایەک لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچوو کە ملی ئەو مەسەلەیە بگرێت و، ئامانجیش ئەوە بوو کە نیش بەو بڕیارە بکرێت و، بۆ ئیش کردنیش بەو بڕیارە لیژنەیەک پێک هات لە گشت پارێزگاکان و، لیژنەکەش بە سەرۆکایەتی پارێزگارە، بەڵام ئێستاکە لە دادگاکان کێشەمان بۆ دروست بووە، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە لەو حاڵەدا دادوەری بەکار دەهێنرێت، ئەویش بە هۆی ئەوەوەیە کە بڕیارەکانی دادگا دەبێت بە رەزامەندی لیژنەکە جێبەجێ بکرێت کە سەرپەرشتی ئەو بابەتانە دەکات، دەبێت دادگا پێش ئەوەی بڕیارێک دەربکات رەزامەندی لیژنەکە وەرگرێت پاشان بڕیار دەرکات ئەوە یەکەم.

دووەم: ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ لە(٢٥ ٪)ی داهاتی کوردستان داهاتی فەرمانگەکانە، واتە داهاتی ئەو فەرمانگە و دەزگایانەیە کە رەسوم وەردەگرن، یەکێک لەو فەرمانگانە فەرمانگەی

تاپۆیە، بەراستی دەتوانم بلێم (١٠٪)ی ئەو (٢٥٪)ەی داهاتی فەرمانگەی تاپۆیە، جا من پێشنیار دەکەم کە گەمارۆی ئەو کێشەیە بدرێت، داواش دەکەم کە بایەخێکی باش بدرێت بە فەرمانگەی تاپۆ و فەرمانگە عەدلیەکان، چونکە داهاتێکی باش بۆ کوردستان بە دەست دەهێنن.

پرسیارێکیشم هەیە کە جەخت لەسەر ئەوە مینانەی کە لە کوردستاندا هەیە بکرێت و، بزانین لە چ وەڵاتێک ئەو مینانە دروست کراوە، ئایا ئەو مینانە لە نێو چەکەکانی عێراقدایە، یا لە نێو چەکی وڵاتێکی تردایە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە بەڕێز کاک ئەیاد باسی لێوە کرد، راستە ئەوە ئیجرائاتانە لە بەرژەوەندیی میللەتی کورددایە، لەلایەن پەرلەمانەوە لە بەرواری ٨/١٠ بڕیارێک درا کە موڵکی ئەو کەسانەی کە روویان کردۆتە رژێم و ئێرەیان بەجێ هێشووە مامەڵەکانیان نەڕوات، لەسەر ئەو بنەما گرنگە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارێکی دا کە ئەو مامەڵانە رابگیرێن لە تاپۆ، تاوەکو چاوێکی پیادا دەخشێننەوە، بڕیارێکی تر درا و لیژنەیەک دامەزرا، لیژنەکەش بە سەرۆکایەتی پارێزگار دامەزرا و بەڕێوەبەری تاپۆ وبەڕێوەبەری خانووبەرە وبەڕێوەبەری باجیشی لە لیژنەکەدان ئەندامن، ئەو لیژنەیە لە هەموو داواکاریەکان دەکۆڵێتەوە و، رەزامەندی لەسەر بەڕێوە چوونی داواکاریەکان دەکات لە بەڕێوەبەرایەتی تاپۆ و، ئێستا مامەڵەکان لە بەڕێوەبەرایەتی تاپۆ دەڕوات ورانەوەستاوە، تەنها بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە ئەو لیژنەیە رەزامەندیی لەسەر ناکات، سەبارەت بە وەکالەتیش، وەزارەتی ئێمە هیچ بەیانێکی دەر نەکردووە کە وەکالەت رابوەستێ وەکالەت دەڕوات، تەنها هی ئەو کەسانە نەبێت کە گومان لێکراون، داوایان لێ دەکرێت کە وەکیلەکە و موەکیلەکەشی ئامادە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم خاڵە یەکێکە لەو خاڵانەی کە هەندێک لە پارێزەران باسی دەکەن، دەڵێن: بڕیارەکانی دادگا مولزەمە، ئێمە نەمان وتووە بڕیارەکانی دادگا مولزەم نییە، دەڵێین: پێش ئەوەی بڕیارەکە دەربچێت پێویستە زانیاریەک هەبێت، بەڵام هەر بڵێین هیچ شتێک پەیوەندیی بەو مەسەلانەوە نابێت و بچێتە دادگا، من بزانم بەم شێوەیە، هەر رووداوێک روو دەدات لە پێشەوە لە پۆلیس لێی دەکۆڵێنەوە پاشان دەینێرن بۆ دادگا ئەوە پێی ناوترێ تێکەڵ بوون لە دەسەڵاتی دادوەریی، راستە دادوەر ئەو کاتە بڕیاری خۆی دەدات، ئێمە بڕیارێکمان هەیە ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ

ساختـه لەسـەر یاسا بکەن و، ئەو کەسـانەی کە چوونەتە پاڵ رژێم ومـاڵومـڵکیـان لێرە هەیە و، موعامەلاتی ئەو جۆرە کەسانە رابگیرێت، بەڵام بە تەواوی نەمان توانیوە زانیاری تەواو لە سەر ئەو جۆرە موعامەلاتانە کۆبکەینەوە، چونکە زانیاری شاراوەتەوە و، تاوەکو ئێستا نەمان زانیوە ئەوە کەسانە کێین کە زانیاریەکان دەشارنەوە.

ئەوانەی کە لەگەڵ حکومەتیش بوونە و ئیستا لێرەن ئەوانە هیچ کێشەیەکیان نییە، ئەم بڕیارە بۆ ئەو کەسانەیە کە کوردستانیان بەجێ هێشتووە و ئێستا لەگەڵ حکومەتدان و دژی کوردستان ئیش دەکەن، جا بۆیە کە ئەو شتانە هەمووی دەچێتە پێش دادوەر ئەو کاتە ئەو بڕیاری خۆی دەدات.

دوای ئەوەی باسی ئەوە دەکرێت کە داهاتی تاپۆ لە کیس دەچێت ئێمە تەماشای کوردستان دەکەین بۆ «٣ ـ ٤» هەزار دیناری تاپۆ پارە قەت نابێ بڕوات، بەڵام بە مەلایین بڕوات ئەوە چۆن دەبێت، چونکە ئەوەی دەمانەوێت رێگای لێ بگرین تاوەکو ساختەی لەسەر نەکرێت، بە مەلایین مەلاینە جا بۆیە مەسەلەکە وا تەماشا ناکەین فەرمانگەی تاپۆ ئەو مانگە (٥٠٠٠٠) دیناری داهات بووە، یان نا، تەماشای هەرێمی کوردستان دەکەین چەند ملیۆنێ بۆ ماوەتەوە لە ئەنجامی رێ گرتن لە ئەو تحایولە، جا بۆیە لەو گۆشەوە ئێمە تەماشای مەسەلەکە دەکەین، سوپاس. **بەڕێز**

**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێک هەیە بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئایا بۆچی تا ئێستا هەوڵ نەدراوە لیژنەی دۆزینەوەی تەقەمەنی پەیدا بکرێ بۆ جێگا گرنگەکان و نووسینگەی ئەنجومەنی وەزیران و، وەزارەتەکان؟، ئەگەر هەوڵ بدرێت لە هەندێ رێکخراوی دەرەوە خەڵکی شارەزا زۆرن کە بتوانن چەند پسپۆرێکی تەقەمەنی بنێرن بۆ ئەو جێگا گرنگانەی وەکو چەمچەماڵ کە هاتووچۆ هەیە لەنێوانیاندا بتوانن یارمەتیمان بدەن.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە گیروگرفتی پسپۆری تەقەمەنیمان نییە، چونکە پسپۆرمان هەیە، بەڵام ئێمە ئامێرمان نییەو، تا ئێستا دەستمان ناکەوێ، چونکە ئەم ئامێرانە بە چەکی سەربازی دادەنرێن و، قەدەخەیە لەسەر عێراق تەنانەت کاغەزی جگەرەش کە دەیهێنێ وانیشان دەدرێت کە بەشێوەیەکی نایاسایی دەیهێنێ بۆ ئەو شتانەو، تا ئێستا رێگامان پێ نادرێ بۆ دۆزینەوەی (مین)، لە ناوچەکان هەندێ رێکخراو دێن، بەڵام دیسان ئامێرەکان زۆر پێشکەوتوو نین کە بتوانین بینایەکی وای پێ بپشکنین ئێمە زیاتر پشت دەبەستین بە شارەزایی ئەو پسپۆرانە، سوپاس.

**بەڕێز فــرەنــسـۆ تـۆمــا هــەریری:**
**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

من روونکردنەوەیەکم هەیە بەڕێز وەزیری داد فـەرمـووی کـە ئەو بابەتەی بەڕێز ئەیاد باسی کـرد ئەنجـومـەنی نیشتـمـانیی لە (۸/ ۱۰) بڕیاری لەسـەر داوە. پێمـوایە ئەنجـومـەنی نیشتـمـانیی کوردستان بڕیارەکەی نەدابوو، بەڵکو بڕیارەکە هی ئەنجومەنی وەزیران بوو.

پرسیارێک ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم من وەکو لە رادیۆکان گوێم لێ بوو، لە خەڵکیشم بیستووە ئەم کاروانە کامیۆنەی کە دوێنێ گەیشتە جێ لە ژێر چاودێری (UN) بووە، بڕیاریش بوو لە بازگەکانی حکومەتی عێراقیدا رانەگیرێن، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا بازگەکانی حکومەتی رایانگرتوون یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

من زانیـاری تەواوم لا نیـیـە، بەڵام وەکو کـاتێک کـە شـەو بەڕێز پارێزگـار تەلەفۆنی بۆکردم و، ئەمڕۆش قسـەیان لەگـەڵدا کردم کـە ئەم کـاروانە لە بەنزینخـانەیەک وەسـتـا بوون و پۆلیـسی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لەگەڵیدا بووە، بەڵام بەراستی ئەو ژمارە بەس نییە کە بتوانێت پەنجاو چەند لۆریەک چاودێری بکات وئاگای لێیان بێت، لەوێ وادیارە کابرایەک هەیە لەبن عەبایەکەی زەمبیلەیەکی پێیە ومێن دابەش دەکات، چونکە هی ئەمجارەش هەمان کـابرای عەبا لەبەر دیتراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. جــەلال شــەفـیـق عــەلی:**
**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

خۆتان دەزانن توتن بەرهەمێکی ئابووری وسیاسیە، ئەمسـاڵ لەبەر رەوەکە توتن زۆر نەچێنرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕێکی مام ناوەندی بەرهەم هاتووە ئێستاش ئەو توتنەوانانە داوا دەکەن کە وەزارەتی پیشـسازی لیژنەیەکی فەحس کردنی توتن لە ناوچەکاندا دابنێت، چونکە ئێستاکە جەمچەمالیەکان هەڵدەستن بەم دەورە، زۆر حەزم دەکرد کە بەڕێز وەزیری کشت وکاڵ ئامادەبوایە بۆ ئەوەی بزانین وەزارەتەکەیان چی کردووە بۆ یارمەتی دانی ئەو جووتیارە هەژارانەی کەوا کەم دەرامەتن؟.

سـەبارەت بەو هاوولاتییانەی کە لەگەڵ رێکخراوە خێرخوازەکان کار دەکەن، هەندێکیان بۆ بەرژەوەندیی کەسی خۆیان کار دەکەن. من پرسیار لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم ئایا چ ئیجرائاتێک بەرامبەر ئەوانە وەردەگیرێت؟، سوپاس.

**بەرێز محەممەد ئەمین مەولوود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی تووتنەوە پرسیارێکیان کرد و، ئێمە ئەم کێشەیەمان هەیە کە توتن لە جووتیاران وەربگرین یان نا؟، وەرگرتنی تووتن دوو لایەنی هەیە یەکەمیان پێویستی کارگەکانی کوردستان و، دووەمیان بەرژەوەندیی جووتیاران لە ئەنجامدا بۆمان دەرکەوت ئێستا سکالایان هەیە، چونکە بەرهەمی توتنی ئەمساڵمان زۆر کەم بوو ئێمە لەکارگەکانیشماندا زۆر پێویستیمان بەتووتن نییە وجووتیارەکان ئێستا خۆیان لەبازاڕدا بەنرخێکی باش دەیفرۆشن گەلێک لەو نرخە زیاتر کە ئێمە بەشێوەیەکی رەسمی لێیان بکڕین، لەبەر ئەوە دەتوانن لە بازاڕدا بیفرۆشن و، ئێمە لیژنەی تایبەتییان بۆ دروست دەکەین.

دەمەوێت وەڵامی پرسیاری ئەو ئەندامانەش بدەمەوە کە لە لەسەر محەویلەکان پرسیاریان کرد نازانم مەبەستیان (مولیدەیە)، یان (محەولەیە)؟، چونکە دەبێت مولیدە بێت لەجیاتی محەولە.

بەراستی کێشەی کارەبامان کێشەی محەولە نییە تا ئێستا نەگەیشتووینەتە سەر ئەوەی کە لەسەر محەولە پەکمان بکەوێت کێشەمان بریتییە لە نەبوونی یەکخستن لەنێوان ئەو هێزەی کەوا (تولید) دەکرێت، لەگەڵ ئەو هێزە کەوا (صرف) دەکرێت، ئێستا چەند پرۆگرامێکی تازەمان داناوە کە چەند پێشنیارێکە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەشی دەکەین بتوانین لە هەموو ماڵێکدا ئامێرێکی ئەوتۆ دابنێین کە هەر ماڵێک نەتوانێت لە (٢٠) ئەمپێر زیاتر کارەبا بەکاربهێنێت. ئەمە تەنها رێگایەکە کە بتوانین چارەسەری ئەوگرفتەی پێ بکەین، جا حەز دەکەم ئەو برادەرە بزانێت کێشەی محەویلەمان نییە کێشەکەمان نەبوونی گواستنەوەیە لە نێوان توانای خەتەکان و، ئەو هێزەی کە پێکی دەهێنێ لەگەڵ توانای خەرج کردنی کارەبا، سوپاس.

**بەرێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من هەر بەوەندە کۆتایی پێ دەهێنین کە بڵێین تاوانەکە وناکامەکەی وای لێ بێت کارەبا نەبێت دەبێت لەسەر ئەو واقعە کارەکانمان رێک بخەین، بەکارهێنانی ئەو هیتەرو قوتووانەو کەوچکی چێشت لێنان هەریەکەی لە وایەرێک قایم دەکەن دەیخەنە ناو ناو ئەوە نەگەر بارودۆخی وڵاتیش تەواو بێ ئەو لە توانادا نییە بەرگە بگرێت، جا بۆیە ئێستا هەوڵی ئەوە دەدەین هەندێک ئەو نیشانە رێک بخرێت هەندێک لەو کەسانەی کەبەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کارەبادا دەکەن کارەبایان لێ ببڕێت و، ماوە نەدرێت هیچی تر چەنگاڵ بەکاربهێنرێت هیچ نیزامێک لەو وڵاتەدا نەماوە بەتایبەتی لەمەسەلەی کارەبا، جا بۆیە دەبێت هەڵوێستێکی زۆر

توند وتیژ بەرامبەر ئەو کەسانە، ئەگینا لەوانەیە دوای چەند ڕۆژێکی تر چەند هەفتەیەکی تر، ئەوکارەبایەش نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئیجرائاتی توند وەربگیرێت بەرامبەر ئەو کەسانە، ئینجا ئەم کۆبوونەوەیەمان لەگەڵ بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و،وەزیری داد و،وەزیری پیشەسازی و، وەزیری پەروەردە و، وەزیری ئەشغال تەواو بوو زۆر سوپاسیان دەکەین.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێک هاتووە بۆمان بەرێگەی ئەنجوومەنی وەزیران کە سەرۆکی دادگای تاوان لە دهۆک دەرمالەی پلە یەکی پێ دەدەرێ لەکاتێکدا خۆی دادوەری پلە دووە، بەڵام ئێمە دوای لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بۆمان دەرکەوت کە دادوەری پلەی یەکە، نەک دوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە لەلایەن هەردوو فراکسیۆنەکەوە کە هەڵبژاردنی لیژنەکان بکرێ پاش ئەو گۆڕانکاریانەی کە تیایاندا کراوە، چونکە هەندێ ئەندامی تازە بۆمان هاتوون و، هەندێکیان لە لیژنەکەدا نەماون، کە بوون بە وەزیر، یاخود بریکاری وەزارەت، جا ئێستا ئەگەر بەڕێزتان ڕازی بن ئەم هەڵبژاردنە باس بکەین، چونکە ئەم خاڵەمان دانەنابوو لە بەرنامەی کاردا.
تکایە کێ لەگەڵ ئەوە دایە باسی پێک هێنانی ئەو لیژنانە بکەین؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵدا نییە؟.. بە زۆریەی دەنگ ئەم پێشنیارە پەسەند کرا.
بەڕێز سکرتێری ئەنجوومەن فەرموو لیستی ناوەکان بخوێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پاڵێوراوانی فراکسیۆنی پارتی بۆ لیژنەی یاسا:
١ـ عەدنان محەمەد نەقشبەندیی.
٢ـ شێروان ناسح حەیدەری.
٣ـ کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی.
٤- حسێن عەلی کەمال.
پاڵێوراوانی فراکسیۆنی سەوز بۆ لیژنەی یاسا:

١ـ حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی.
٢ـ ئەیاد حاجی نامق مەجید.
٣ـ حازم مەحمود ئەحمەد یوسفی.
٤ـ حسێن عارف عەبدولرەحمان.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێی تر هەیە خۆی دەپاڵێوێ بۆ ئەندامیەتی لیژنەی یاسا تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟، وادیارە کەسی دیکە نییە، ئینجا کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم بەڕێزانە بن بە ئەندامی لیژنەی یاسا؟.. تکایە دەست بەرزبکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵدا نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ لیژنەی یاسا دانرا. ئێستا لیژنەی کشت وکاڵ وئاودێری. فەرموو بەڕێز فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

ئەندامانی لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری بریتین لە:
١ـ کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی.
٢ـ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز.
٣ـ محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی.
٤ـ د.جەلال شەفیق عەلی.
٥ـ د.خسرۆ گوڵ محەمەد.
٦ـ عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا.
٧ـ کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێی دیکە خۆی دەپاڵێوێ بۆ لیژنەی کشتوکاڵ؟. کەس نییە. کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم بەڕێزانە ببنە ئەندام لە لیژنەی یاسا؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

ئەندامانی لیژنەی پیشەسازی و وزە بریتین لە:
١ـ نیهاد نورەدین رەشید.
٢ـ حەمید سەلیم میران.
٣ـ ئیبراهیم سەعید محەمەد.
٤ـ د. محەمەد فازڵ قەفتان.

٥ـ سەلام كەریم خان مەحمود.
٦ـ سەعید عەلی خان سلێڤانی.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێی تر خۆی دەپاڵێوێ بۆ لیژنەی پیشەسازی و وزە؟، نییە.

كێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم بەڕێزانەی ناویان خوێنرایەوە ببنە ئەندامی لیژنەی پیشەسازی و وزە؟..

تكایە دەست بەرز بكاتەوە.. دەست بەرز كرایەوە.. سوپاستان دەكەین.. كێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سكرتێری ئەنجومەن:**

ئەندامانی لیژنەی پەیوەندییە گشتییەكان بریتین لە:
١ـ ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی.
٢ـ د. قاسم محەمەد قاسم.
٣ـ د. ئەبەز عەبدولڕەزاق.
٤ـ عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە.
٥ـ ئەحمەد ئەبو بەكر بامەڕنی.
٦ـ جەلال جەوهەر عەزیز.
٧ـ شائیل نئو بنیامین.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێی تر خۆی دەپاڵێوی بۆ لیژنەی پەیوەندییەكان.

كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە ئەم بەڕێزانە ببن بە ئەندام لیژنە پەیوەندییەكان.. تكایە دەست بەرز بكاتەوە.. دەست بەرز كرایەوە.. سوپاستان دەكەین.. كێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سكرتێری ئەنجومەن:**

ئەندامانی لیژنەی دارایی وئابووری بریتین لە:
١ـ د. محەمەد فازڵ ئەفتان.
٢ـ پەریخان مەحمود عەبدولقادر.
٣ـ عەبدولكەریم كاكە حەمە عەبدولكەریم.
٤ـ فرەنسیس یوسف شابۆ.
٥ـ جەمیل عەبدی سندی.

٦ـ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم.
٧ـ شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێی تر خۆی هەڵدەبژێرێ بۆ ئەندامێتی لیژنەی دارایی و ئابووری؟ نییە.
کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو بەڕێزانە بین بەئەندام لە لیژنەی دارایی و ئابووری ..تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

ئەندامانی لیژنەی ئەوقاف بریتین لە:
١ـ مەلامەحمود فەندی دێرشەوی.
٢ـ مەلا محەمەد شەریف تاهیر موستەفا.
٣ـ مەلا موحسین خالید موستەفا.
٤- مەلا تەها محەمەد تەها.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کوتلەی سەوز رازی بوون کە ئەو چەند مەلایەی هەیانە بین بە ئەندام ئەوانیش ناکۆک نەبوون کە ئەو مەلایانەی هەیانە بچن و، لەگەڵ بەڕێز حەسەن بەرزنجی وارێککەوتووین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو رێککەوتنەی شێخ عەدنان باسی کرد راستە پێش ئێستا بوو، بەڵام ئێستا ماوەیەکە قسەمان نەکردووە لەسەر ئەوە، ئێستا ئێمە سێ کەسمان داناوە با فراکسیۆنی زەردیش سێ کەس دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین موستەفا رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە هەیە کە دەڵێن ناوێ لیژنەکە بکرێت بە کاروباری ئاینی ئاشوری ویەزیدی تێدا بێت، ئەگەر سەر بگرێت....

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز د. عیزەدین ئێستا لەسەر ئەو یاسایەی کە هەیە دایدەنێین، جا دەبێ کوتلەی زەرد یەکێک کەم بکەنەوە، یا کوتلەی سەوز یەکێک زیاد بکەن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ئیشەکە بڕوات با ئەو حەوت کەسە هەڵبژێردرێت دوایی ئێمە یەکێک زیاد دەکەین و، دەنگی لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی بەڕێز حەسەن دەڵێ کە ئەو لیژنەیە کراوە بێت بۆ ئەوەی کوتلەی سەوز یەکێکی تر دابنێن.
ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو ئەندمانەی ناویان خوێندرایەوە ببن بە ئەندم لە لیژنەی ئەوقاف؟..
تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

ئەندامانی لیژنەی نەخشەکێشان وپەرەپێدان وئاوەدانکردنەوە بریتین لە:

١ـ ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا.
٢ـ شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد.
٣ـ ئیبراهیم سەعید محەمەد.
٤ـ حەمید سەلیم میران.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێی تر خۆی هەڵدەبژێرێ بۆ ئەندامێتی لیژنەی نەخشەکێشان؟.. نییە.
کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم ئەندامانەی ناویان خوێنرایەوە ببن بە ئەندام لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە؟..
تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟..بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

ئەندامانی لیژنەی خزمەتگوزاری بریتین لە:

١ـ عەلی ڕەسول ڕۆستەم.
٢ـ عەلی عەبدوڵلا ئەحمەد.
٣ـ مزهەر عەلی موستەفا کاکی هیرانی.
٤ـ ئەحمەد عەلی عومەر.

٥ـ مامەند محەمەد ئەمین ئاغا.

٦ـ مەلا هادی خضر کوێخا.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەسی تر هەیە خۆی هەڵبژێرێ بۆ ئەو لیژنەیە؟.. نییە.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم ئەندامانەی کە ناویان خوێنرایەوە ببن بە ئەندام لە لیژنەی خزمەتگوزاری؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

ئەندامانی لیژنەی پێشمەرگە بریتین لە:

١ـ یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی.

٢ـ ئازاد رەشید میران.

٣ـ ئەکبەر حەیدەر موسا.

٤ـ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز.

٥ـ حەسەن حەمید رەحیم.

٦ـ نەوشیروان فوئاد مەعروف مەستی.

٧ـ بەکر حاجی سەفەر.

٨ـ شەوکەت حاجی مشیر ئەحمەد.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێی تر خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ ئەندامێتی ئەم لیژنەیە؟. نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم ئەندامانەی ناویان خوێنرایەوە ببن بە ئەندامی لە لیژنەی پێشمەرگەدا؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

ئەندامانی لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی بریتین لە:

١ـ د.فایەق محەمەد گوڵپی.

٢ـ گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید.

٣ـ پەریخان مەحمود عەبدولقادر.

٤ـ د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف.

٥- د. حەسەن حسێن بەفری.
٦- جەوهەر ئەحمەد شاواز.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێی دیکە خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ ئەندامێتی لیژنەی تەندروستی؟..نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم ئەندامانەی کە ناویان خوێنرایەوە ببن بە ئەندام لە لیژنەی تەندروستی؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

ئەندامانی لیژنەی ناوخۆ بریتین لە:

١- سالار عەزیز موستەفا.
٢- موستەفا سەید قادر.
٣- سیروان ئەورۆلی.
٤- کانبی عەزیز ئەحمەد دزەیی.
٥- ئازاد رەشید میران.
٦- سەفەر محەمەد حسێن.
٧- شمائیل ننو بنیامین.
٨- بورهان عەلی جاف.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێی دیکە خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ ئەندامێتی لیژنەی ناوخۆ؟. نییە.

،کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو ئەندامانەی ناویان خوێنرایەوە ببن بە ئەندام لە لیژنەی ناوخۆ؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

ئەندامانی لیژنەی پەروەردە بریتین لە:

١- شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندیی.
٢- وریا ئەحمەد دزەیی.
٣- رەجەب شەعبان تەیب.
٤- شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا.

٥ـ کەمال جەلال غەریب.

٦ـ نەسرین موستەفا مەزهەر.

٧ـ سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوڵڵا.

٨ـ ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی.

٩ـ ئەکرەم عاشور عودیش.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێی تر خۆی هەڵدەبژێریت بۆ ئەندامێتی لیژنەی پەروەردە؟، نییە.
کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو ئەندامانەی ناویان خوێنرایەوە ببن بە ئەندامی لیژنەی پەروەردە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

ئەندامانی لیژنەی خوێندنی باڵا:

١ـ د.عیزەدین مستەفا رەسول.

٢ـ د.جەلال شەفیق عەلی.

٣ـ کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی.

٤ـ د.فایەق محەمەد گوڵپی.

٥ـ د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف.

٦ـ بەختیار حەیدەر موسا.

٧ـ جەمیل عەبدی سندی.

٨ـ عەفان عوسمان نەقشبەندیی.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێی تر خۆی هەڵدەبژێریت بۆ ئەندامێتی لیژنەی خوێندنی باڵا؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

ئەندامانی لیژنەی کەلتور بریتین لە:

١ـ عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە.

٢ـ د.عیزەدین مستەفا رەسول.

٣ـ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

٤ـ فەلەکەدین سابیر کاکەیی.
٥ـ بارزان خالید عەزیز.
٦ـ فوزیە عیزەدین رەشید.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێی تر خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ ئەندامێتی لیژنەی کەلتور؟. بەڕێز سەرکیس ئاغا جان خۆی هەڵدەبژێرێت، ئەنجا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە کاک سەرکیس زیاد بکرێ بۆ ئەو لیژنەیە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە..

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز سەرکیس وەکو بەڕێز ئەکرەم و ئەندامەکانی دیکە لە لیستەی پارتی نییە، ئەگەر ڕەزامەندی بۆ ئەو وەربگیرێ دەبێت بۆئەوانی تریش وەربگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە سێ لیستەمان لەلایە ئەو ئەندامە لەو لیستەدا نەبووەو، خۆی وەکو ئەندامێک دەیەوێت خۆی هەڵبژێرێت لەبەرئەوە خاڵی نیزامی نییە، ئێمە ئەوە بەپێی لیستەکانی بۆمان هاتووە دەیکەین، لەبەر لایەنی نیزامی ناوەکان دەخوێنینەوە بەچاوپۆشین لەوەی لەچ لیستەیەکە.
ئەم ئەندامە کە ناوی نەهاتبوو هەڵنەبژێردرا بوو بۆ ئەندامێتی ئەم لیژنەیە، لەبەر ئەوە بۆ خاڵی نیزامی ئێمە دەنگدانی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێموایە خاڵێکی نیزامی نییە نوێنەری لیستێکە کە تا ئێستا خۆی رانەگەیاندووە، ئەویش بە لیستەیەکی تایبەتی هاتۆتە خوارێ بۆ هەڵبژاردن و، مافێکی ئاسایی خۆیەتی، یان دەبێ بۆ ئەوانی تریش ڕەزامەندی وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە پێی پێڕەوی ناوخۆ هەموو ئەندامێک بۆی هەیە خۆی بپاڵێوێ و، ئێمە ئەو پێشنیارانە دەخوێنینەوە لەوانەشە ئەندامانی پەرلەمان لەسەر یەکێ یا دوو لیست بن بۆ پەرلەمان ئەوەی دایان ناوە تەنیا ئەو کەسانەن کە باشن، لەبەر ئەوە مافێکی ڕەوایە کە بووترێ کێ لەگەڵ ئەوەدایە خۆی هەڵبژێرێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

چونکە فراکسیۆن ئەو ناوانەی داوە بەڕێزتان پرسیار ناکەن کێ دژە؟، دەڵێن کێ لەگەڵە، ئەویش کە خۆی دەپاڵێوێ خۆی نوێنەری فراکسیۆنەکەیەتی، خۆی بەرپرسە کە ناوی خۆی بدات، لەبەر ئەوە من ئەو دەنگدانە بە شتێکی نیزامی نازانم، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من هەموو جارێک دەڵێم کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم بەڕێزانە بینە ئەندام لەو لیژنەیە و، کێ دژە؟ و، ئەنجا کێ حەز دەکات خۆی هەڵبژێرێت.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من ئەگەر وابوایە دەبوایە بۆ هەر لیژنەیەک رابگەیندرێت نەک ناوەکان بخوێنرێتەوە، تۆ بڵێی کێ ئامادەیە لەو لیژنەیە خۆی بپاڵێوێ، ئەنجا هەر فراکسیۆنێک لەگەڵ ئەندامانی خۆی رێککەوتووەو، هەڵبژێردراون، بەڵام بە تەنیا یەک کەس بخرێتە دەنگدانەوە ئەوە گونجاو نییە بەلای منەوە لیژنەی یاسا خۆی پالاوتن بکات بڵێن کێ خۆی دەپاڵێوێ؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو رایەی کە جەنابت دەیڵێی پێموایە لەگەڵ ئەو پەیڕەوەدا رێک ناکەوێت لەرووی یاساییەوە، ئێمە یەکەم جار دەڵێن ئەم ئەندامانە پاڵێوراون بۆ ئەندامێتی ئەم لیژنەیە، پاشان کێی تر هەیە خۆی بپاڵێوێ، هەموو ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە کە بڵێت دەمەوێت خۆم بپاڵێوم.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر لیژنەکان پڕ بوو بێت، لەو کاتەدا یەکێک خۆی بپاڵێوێ بۆ ئەندامێتی ئەم لیژنەیە، لەم کاتە دەبێت یەکێکیان دابنرێت، بەڵام ئەمە بەحەقی خۆی جێگای هەیە، چونکە هێشتا جێگای سێ ئەندامی تر ماوەتا لیژنەکە تەواو بێت، لەبەر ئەوە دیسانەوە دەڵێم پێویست نەبوو بخرێتە دەنگدانەوە بەتەنیا بۆ ئەو ئەندامە، من تەئکید دەکەمەوە کە نیزامی نییە، لە لیژنەی کشت وکاڵ وئاودێریدا یەکێک کەم بوو زیادی کرد بەبێ ئەوەی رەزامەندی کەس وەربگرێت، بۆ محەمەد سەدیق لە لیستەی ئێمە دەنگ نەدرا لەسەری؟، بەرای من ئەو دەنگدانە نیزامی نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز فرەنسۆ تێبینییەکەت راستە، بەڵام دەبوایە ئێوە پێشتر بە لیستەیەکی یەکگرتوو

ناوەکانتان ناردبا پێش ئەوەی ئێمە ئەم بابەتە بخەینە ناو بەرنامەی کارەوە، سەبارەت بە دەنگدان لەسەر زیاد کردنی ئەم ئەندامە کە ئێوە معارضن لەسەری، ئێمە بۆ ئەندامەکەی تریش وتمان کێ دەیەوێت خۆی بپاڵێوێت لەمە هیچ ناکۆکیەک نەبووە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای منیش نیزامییەو، هەموو جارێک پرسیاری کردووە کێ حەز دەکات خۆی هەڵبژێرێت؟، سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

راکەی من ئەوە بوو وتم کێ خۆی هەڵدەبژێرێت؟، ئەندامێک وتی من. کە خۆی هەڵبژارد دەبێت ئێمە دەنگ لەسەر ئەوە بدەین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە یاسادا شتێک هەیە دەڵێ: (کالمعروف عرفا کالمشروط شرطا)، کە ناوەکان خوێنرانەوە واتا پێک هاتوون هەموو لەسەر ئەوە کۆکین، بەڵام تۆ مافی خۆتە ئەگەر نەتگوتبا کێ خۆی دەپاڵێوێت؟ چۆن دەزانی کەیەکێک هەیە لە کوتلەیەکدا کە دەیەوێت خۆی هەڵبژێرێ، هەر دەبێ وا بڵێی، بەڵام ئەگەر ژمارەمان تەواو بوو دەنگی لەسەر دەدرێ وتەواو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا بەڕێز سەرکیس ئاغا جان بڕیاری دا خۆی بپاڵوێت بۆ ئەندامێتی لیژنەی کەلتور.
کێ لەگەڵ ئەوەدایە بەڕێز سەرکیس ببێتە ئەندام لە لیژنەی کەلتور؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.
ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو ئەندامانەی کە ناویان خوێنرایەوە ببن بە ئەندام لە لیژنەی کەلتور؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.
پێک هێنانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان تەواو بوو.
بەڕێز بارزان فەرموو فاکسەکەی وەفدی پەرلەمان بخوێنەوە.

بەڕێز بارزان خالید عەزیز/ بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.

بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

سلاو..

**راپۆرتێک لەمەڕ چالاکیەکانی وەفدی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەورووپا:**

لە (١٩٩٢/١١/٢٥)دا رۆژی چوارشەممە کاتژمێر (٦.٣١) دەقیقە گەیشتینە شاری (کوپنهاگن)، پێشوازی کراین لەلایەن نوێنەری پەرلەمان لەگەڵ نوێنەری کۆمیتەی پشتیوانی لەگەلی کورد، ئێمەو ، نوێنەری پارتی و، یەکێتی و، زەحمەتکێشان زۆر بەگەرمی پێشوازیمان لێ کرا.

لەرۆژی (١٩٩٢/١١/٢٦) کاتژمێر (١٢)ی دەعەوتی نانی نیوەڕۆ بووین لەلایەن نوێنەری پەرلەمان بە ئامادە بوونی ئەندامێکی پەرلەمانی دانیمارکی، لەرۆژی (١٩٩٢/١١/٢٦) کاتژمێر (١) پێشوازی کراین بەرەسمی بەپێی پرۆتۆکۆلی ژمارە (١) لەلایەن پەرلەمانی دانیمارکی ونوێنەرانی دوو کۆمیتە لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون کۆمیتەی سیاسیەتی دەرەوەو، پەیوەندییەکانی دەرەوە، پاش باسکردنی بارودۆخی کوردستان پرسیاریان کرد سەبارەت پەیوەندیی ئێمە و، تورکیا و جەختیان لەسەر ئەوە کرد باشە ئێمە هێزە هەرێمییەکان زۆر نەترسێنین رایانگەیاند ئەوان پشتیوانی لەم ئەزموونە دیموکراتیە دەکەن و، بە تەئکید چۆن تا ئێستا یارمەتیان داوە هەوڵ دەدەن زیاتر یارمەتی بدەن پاش ئەم کۆبوونەوەیە لەلایەن دیوانی پەرلەمان سەردانی هەموو بەشەکانی پەرلەمانمان کردو، هەروەها بۆ چەند دەقیقەیەک بەشداری کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانمان کرد، وەفدەکەمان کاتژمێر (٥) لەلایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی دانیمارکی پێشوازی کرا، لەم کۆبوونەوەیەدا وەفدی دانیمارکی لە دوو بەشی گرنگی وەزارتی دەرەوە پێکهاتبوو:

١ــ دیپارتمانتی سیاسی.

٢ــ دیپارتمانتی تەنیا وهاوکاری، هەر دوو بەشەکە بەسەرۆکایەتی یاریدەدەری دەرەوە، کۆبوونەوەیەکی زۆر دۆستانە بوو زۆر شارەزا بوون، لەباری ئێمەو، دیار بوو زۆر بە موتابعەی ئێمەیان کردبوو، پرسیاریان بەگشتی هەبوو سەبارەت بە پەیوەندیی ئێمە و، (تورکیا و، سوریاو، ئێران)، هەروەها کۆبوونەوەی هەرسێکیان لە ئەنقەرە، بەڵێنیان بە ئێمەدا کە یارمەتی زیاد بکەن بە دوو قۆڵی داوا دەکەن لە تورکیا کە هەڵوێستی باشتر بەرامبەر ئێمە بنوێنن بەگشتی، لە هەمان کاتدا باسی ئەوەمان کرد کە کۆنفراسێکی جیهانی بۆ مەسەلەی کورد بگیرێ، مەسەلەی کورد بچێتە ناو بەرنامەی کاری کۆنفراسی ئەمن وئاسایشی نێو

دەوڵەتی کە لە ماوەی (١٢ـ١٥/١٢/١٩٩٢) لەستۆکهۆڵم دەبەسترێ، هەروەها رازی بن کە نوێنەرمان هەبێت نوێنەری حکومەت و،پەرلەمانی کوردستان لە دانیمارک لەسەر هەمووی زۆر ئیجابی بوون وتەئکیدیان لەسەر ئەوە دەکرد کە پەیوەندیی لەگەڵ هێزی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی زۆر باشە.

وەفدی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی (الابحاث العلمیە) لەسەر پەرلەمانی دانیمارکی بەسەرۆکایەتی «کیل رابێت فۆلیر» لێپرساوی لیژنەکە، (یوبوراس بورکاسۆن) ئەندامی (محافظین) لە لیژنەکە پاش باسکردنی فێرکردنی باڵا و، لێکۆڵینەوەی زانستی کرد لە کوردستان لەلایەن ئەوان و، ئێمە بەو شێوەیە پێویستیەکانی زانکۆکە روونکرایەوە، پێشنیار کرا کە مۆڵەتی یەکەم بەیارمەتی دانیمارک پەیمانگایەکی لێکۆڵینەوە بۆ ئاشتی و، مافی مرۆڤ و، مافی کەمە نەتەوایەتییەکان، لە کوردستاندا بکرێتەوە، لەرۆژی (٢٧/١١/١٩٩٢) وەفدی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ راگری کۆلیژی زانستە پزیشکییەکان کۆبووەو، باسی باری زانکۆکانی کوردستانی بۆ کردن و، پێویستییەکانی پێشکەش کرد بە پرۆفیسۆر (مۆلار) لە زانکۆی (کوپنهاگن) کرد پێشنیار کرا کە دیراسەتی ئەوە بکرێت کە کۆلیژی پزیشکیەکانی کوردستان هاوکاری بکەن لەگەڵ کۆلیجە پزیشکیەکانی دانیمارک، هەروەها چەند کورسیەک تەرخان بکرێت بۆ خوێندنی پزیشکی ددان ودەرمان سازی.

لە رۆژی (٢٨/١١/١٩٩٢) وەفدی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە لەگەڵ پەیمانگای (R.C.T) چارەسەری ئەو کەسانە دەکات کە ئەشکەنجە دراون، یاخود پاشماوەی ئەنفالن، هەروەها بریار درا کە پەیمانگایەک لە (سمود وچەمچەماڵ) بکەنەوە بۆ قوربانیەکانی ئەنفال و، لێکۆڵینەوە لەسەر ئەنفال. بریار درا کە چوار دکتۆری ئێمە داوەت دەکەن بۆ کۆنگرەیەک دەربارەی بەند کراوەکان لەنیسانی (١٩٩٣)دا.

هەروەها وەفدی پەرلەمان لەگەڵ ئەم رێکخراوانەی خوارەوەدا کۆبووەوە:

١ـ کۆمسیۆنی دانیمارکی بۆ ئاسایش و، چەک داماڵین بەسەرۆکایەتی سەرۆک (کابۆرم).

٢ـ مەڵبەندی مافی مرۆڤی دانیمارکی (U.N) بەسەرۆکایەتی سەفیر «هێنک گوپلی» و، سەرۆکایەتی «دیپرمانتی» مافی مرۆڤ (شفین ئاگاکر سمیث) سیاسەت و، هەنگاوی ئێمەیان پێ باش بوو، هەروەها پێشوازی هێزی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی پشتیوانی لە سیاسەتی بریارەکانی زۆر باش بوو هەر چەند سیستەمی فیدرالیان پێ باش بوو.

لە (٢٨/١١/٩٢)دا وەفدی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی کرا لەلایەن سکرتێری (A.Z.F) وتی کرێکارانی جیهانی دانیمارکی بۆ کاروباری دەرەوە بریاری یارمەتی ئێمەیان داوەو، داوایان لێ کردین کە سەندیکای کرێکارانی کوردستان بەنووسین داوای پەیوەندیی بکات لەگەڵ سەندیکای کرێکارانی جیهان، هەروەها وەفدێکی سەندیکای کرێکارانی جیهان

داوەت بکات. لەم کۆبوونەوەیەدا ئەندامی پەرلەمان وسوسیال دیموکراتی ناسراو ئامادە بوو زۆر تەئکیدی لەسەر ئەمە کرد کە کۆنفراسێک بکرێ لەسەر مەسەلەی کورد بەدرێژی لەم بارەیەوە ئاگادارتان دەکەینەوە. کۆبوونەوە لەگەڵ وەفدێکی کەنیسەی دانیمارکی بەتایبەتی ئەوانەی پرۆژەیان هەیە لەلای ئێمە بەناوی ئەوانیش ئامادەن لەسەر ئیشوکاری خۆیان بمێنن رۆژی شەممە کاتژمێر (١٠.٣٠ و٣.٣٠) کۆبووینەوە لەگەڵ پەیمانگای ئاشتی و، لێکۆڵینەوەی ناکۆکیەکان بەسەرۆکایەتی پرۆفیسۆر (هۆکان ڤبورن) و، پرۆتۆکۆلی ژمارە دوو هاتووە لەم کۆبوونەوەیە گفتوگۆ لەسەر (جیوپۆلیتیکی) کوردستان کرا، هەروەها باسی ناکۆکیەکانی ناوچەکەمان کرد بەدرێژی ئاگادارتان دەکەینەوە.

کاتژمێر (١٤ـ ١٧) کۆمەڵێک خوێندەوارو پسپۆڕ ورۆژنامەنووس ئامادە بوون کۆبوونەوەیەک لەشێوەی منازەرە کرا.

لە رۆژی (١٩٩٢/١١/٢٩) کۆبوونەوەیەکی فراوانمان لەگەڵ کوردە ئاوارەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان کرد کە نزیکەی (٥٠٠) کورد ئامادەبوون ئەوەی شایەنی باسە ئەم کۆبوونەوەیە لەهۆڵی پەرلەمانی دانیمارکی بوو، ولەژێر ناوی (پشتگیری پەرلەمان دیموکراتی لەکوردستان)، بۆ ئەوەی کورد وئاوارەکان شایستەی ئەوەیان هەبێت بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لەئاوەدانکردنەوەی کوردستان.

لە کاتژمێر (٣.٣٠) گەیشتینە (ڤیینیا)، رۆژی ١٩٩٢/١١/٢٩ پێشوازی کراین لەلایەن نوێنەری سەرۆکی پەرلەمانی نەمسا بەشەخسی و، نوێنەری شاری ڤینا و، نوێنەری لایەنە سیاسیەکانی کوردستان.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە ئەم هەواڵانەمان زۆر پێ خۆشە کە بیستوومانە لە ئێسگەکانەوە کە ئێستا وەفدی پەرلەمان لەلایەن بەریتانیا و، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی داوەت کراون لەوێشەوە دەچن بۆ فەرەنسا، ئینشائەڵلا سەری ساڵی تازەش هەر لەوێدا ئاهەنگ دەکەن بۆ سەری ساڵی تازە دێنەوەو، دەزانین بەرهەمی ئەوە چی بووە، بێگومان راگەیاندن لەلایەنی سیاسی شتێکی زۆر باشە، ئومێد دەکەین بەرهەمی مادیش وەکو بەرهەمە سیاسیەکە بێت.

ئێستا سکاڵانامەیەکمان لەئەندامێکی پەرلەمانەوە بۆ هاتووە.

بەڕێز (تاریق محەمەد سەعید جامباز) داوای دەست لەکارکێشانەوەی کردووە لە ئەندامێتی پەرلەمان، ئینجا کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم داوایە وەربگیرێت؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بەزۆربەی دەنگ دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز تاریق جامباز وەرگیرا.

**بەڕێز د. جـــەلال شـــەفـــیق عـــەلی:**
**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

بێگومان ئەو وەفدەی کە ئێستا ڕۆیشتووە بە ئاکامێکی باشەوە دێتەوە، بەڵام نەیان دەتوانی سەفەری ئەم هەموو وڵاتانە دابەش بکەن بەسەر هەندێ ئەندامانی تر، بۆ ئەوەی سەردانی هەندێ وڵاتانی دیکە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەیەکت بۆ بکەم خۆی یەکەم جار کە وەفدەکە بەمەستی سەردانی دوو وڵاتی ئەورووپی ڕۆیشت، لەوێوە ڕۆیشتن بۆ ئەم وڵات و، ئەو وڵات بۆ ئەوەی خەرجی کەمتر بکەنەوە، چونکە ئەگەر ببێ بەپێنج شەش وەفد هەریەکە بۆ دوو وڵات بڕوات زیاتری تێ دەچێت.

**بەڕێز د. عـــیزەدین مـــســـتـــەفـــا ڕەســـول:**
**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

هیوادارم ئەو بەرنامەی کارەی کە پێشکەش دەکرێت بەشێوەیەکی واقعی بێت و، هەر ئەوەندە بێت کە فریای دەکەوین، ئەمە بۆ جاری چوارەم وپێنجەم پێش چاوخستنی پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵا لە هی ئەمڕۆش دوێنێشدا هەیە، بەڵام هەر دوا دەکەوێت، جا ئەو ڕۆژەی کە دڵنیاین لێی گفتوگۆ دەکرێت با لەوێدا بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

بەم شێوەیەش کۆتایی بەدانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٢)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ٩/١٢/١٩٩٢

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٦٢)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٩

**سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٩ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمد عەزیز ئاغا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی و، بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن دانیشتنی ژمارە (٦٢)ی خولی یەکەمی ئاسایی سالی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان،دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.**

**بەرنامەی کار:**

**١ـ بەرچاوخستنی ڕاپۆرتی دانیشتووانی شاری هەڵەبجە.**

**٢ـ بەرچاو خستنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار.**

**٣ـ تازەبابەت.**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرنامەی کاری ئەمرۆ لەبەردەم بەڕێزتان دایە، چ پێشنیارێک هەیە لەلایەن بەڕێزتان و سەرۆکەکانی فراکسیۆنەکان بۆ تازە بابەت؟.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر بەشانازییەوە سوپاسی سەرجەم ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم کە بەتێکڕای دەنگ پشتگیریان لە پێشنیارەکەمان کرد دەربارەی گیروگرفت و داخوازییەکانی شاری هەڵەبجەی شەهید ئەوەی کە مەبەست بوو سەبارەت بە داخوازییەکانەوە، خەڵکی هەڵەبجە داوای ئەوە دەکەن کە گوایە کاتی خۆی پەرلەمان بریارێکی دەرکردوە کە دوو لیژنە پێک بهێنرێ بەرەو ئێران و تورکیا برۆن بۆ هێنانەوەی ئاوارەکان، لیژنەکەی تورکیا دەست بەکار بوو ئاوارەکانی هێنایەوە، بەڵام ئاوارەکانی هەڵەبجە تاوەکو ئێستا لەجێی خۆیان ماونەتەوە نازانم بۆچی ئەو لیژنەیە دواخرا؟!.

ئەو خەڵکانەی کە ئێستا لە ئێرانن لە (٨٥٪) خەڵکی هەڵەبجەو ناحیەو دێهاتەکانن، خەڵکی هەڵەبجە تێکڕا داوای ئەوە دەکەن بۆچی ئەوە پشت گوێ خراوە؟.

خاڵی دووەم دەربارەی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەیە، کۆمەڵێک لەو وڵاتان پەیمانیان داوە کە هەریەکە بە شێوەیەک دەست بکەن بە ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە، داوای ئەوە دەکرێ ئەو

ولاتانەی بۆچی لەو ئیلتزاماتانەی خۆیان پەشیمان بوونەتەوە، یان بۆچی تا ئەو رادەیە راگیراوە هۆیەکەی چییە؟.

داخوازییەکی ترهەیە لە هەشت (٨) خاڵ پێک هاتووە، کە لە هەڵەبجەوە کۆمەڵێک لە رۆشنبیران و، لێپرسراوی رێکخراوە حزبیەکان و، رێکخستنەکان نوێنەری خۆیان هێناوە بۆ ئێرە ئەمەش داخوازییەکانە:

١ـ گەڕانەوەی هەموو دەزگا رەسمییەکان و گرنگی دان پێیان.

٢ـ ئاوەدانکردنەوەی شاری هەڵەبجە.

٣ـ دابین کردنی سووتەمەنی و، خواردەمەنی.

٤ـ یارمەتی دانی شەهیدان و خێزانی شەهیدەکان و بێ دەرامەتەکان.

٥ـ دابین کردنی ژیانی قوتابی و قوتابخانەکان.

٦ـ گرنگی دان بەچاککردنەوەی ئەو رێگاوبانانەی کە تێک چووە لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا.

٧ـ کردنەوەی پەیمانگایەک یان کۆلیژێک لە زمنی ئەو زانکۆیانەی لە هەولێرو، سلێمانی و، دهۆکدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رای سەرۆکایەتی ئەوەیە ئەمە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت بۆ ئەوەی لەم کێشەیە بکۆڵێتەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە ئەمە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت، بەڵام دوای راگرتنی، چونکە خانەنشینەکان دەچن ماووچەیان لە میری وەردەگرن، هەندێ خاڵی تێدایە ناتوانرێ چارەبکرێت، یان ئێستا لە تواناد نییە چارە بکرێن، ئەگەر لە راپۆرتەکە دەریان بێنین، بۆ ئەوەی راپۆرتەکە بەرێکوپێکی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کە ئەم پێشنیارانە ئاراستەی ئەوان دەکرێت ئەوە مانای ئەوە نییە پەرلەمان رەزامەندی لەسەر کردووە، ئەمە دەچێ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لەوێ دیراسە دەکرێ ئەوی لە توانادایە جێبەجێی دەکەن، ئەوی تر بێگومان وەڵامان دەدەنەوە کە لەوە زیاتریان نییە جێبەجێی بکەن و، یاخود ناگونجێ لەگەڵ ئەو شتانە کە جەنابت فەرمووت.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە گەڕانەوەی ئاوارەکانی ئێران بەتایبەتی ئاوارەکانی شاری هەڵەبجە کاتی خۆی من ئەو پێشنیارەم کرد کە لە ئەنجامی خەبات و شۆڕش ئاوارەبوون، ئەوانەی لە ساڵی (١٩٨٧) ئاوارە بوون پاشان بەهۆی بۆمبارانی چەکی کیمیاوی. لەبەرئەوە مافی خۆیانە بایەخێکی زۆریان پێ بدرێ، هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکەم لیژنەیەک لە پەرلەماندا پێک بێت بچێت بۆ شاری هەڵەبجە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە گیروگرفتەکانیان بکۆڵێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خاڵێکی تر باس کرابوو کە پەرلەمان وەفد بنێرێ بۆ ئێران و بۆ تورکیا، لە راستیدا بڕیارەکە بۆ تورکیا بوو، وەفدەکە چوو بۆ تورکیاو، هەوڵ درا لەگەڵ ئێرانییەکان، بەڵام ئەوان تەجاوبیان نەبوو لەگەڵ ئەوەکە پێشوازی وەفدەکە بکەن و، بۆ ئەوەی وەفدەکە رێزی لێ بگیرێ. نەئەبوایە ئێمە باسی لێ بکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەش لەگەڵ پێشنیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنین، ئەم راپۆرتە بخرێتە بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەی پێویستەو، لە تواناد‌ا هەیە بۆیان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینیەکم هەیە لەسەر کارەبایی هەڵەبجە، ئەوەی من ئاگادارم لێی و، بەڕێز( شەوکت حاجی مشیریش) ئاگای لێیە (یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) ئەرکی گەڕانەوەی کارەبای شاری هەڵەبجەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی دەمێکیشە خەریکە، جا نازانم ئەم خاڵی کارەبایە بکرێتە راپۆرتەک، یاخود یەکێتی پاشگەز بۆتەوە لە بڕیارەکە، یان پێی ناکرێ بیکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کارەبا ئێستا لە دەربەندیخانەوە رادەکێشرێ، داواکارییەکە ئەوەیە کە دەست وبرد بکرێ لە هێنانی کارەباکە، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز مام جەلال بەڵێنی داوە و، بەتەواوی ئەرکی گەڕانەوەی کارەبای هەڵەبجەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز سیروان. راپۆرتەکە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێ بۆ جێبەجێ کردنی خاڵەکانی. ئەمڕۆ بڕیار بوو یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار باس بکرێ خستمانە پرۆگرامەوە، ئەو یاسایەی بۆمان هاتبوو لە لیژنەی یاسا کە لەبەردەمتان دایە لەبەر کێشەی هەندێ لە بەڕێوەبەرایەتییەکان بەتایبەتی (مدريرية الماء والمجاري) کە لەم یاسایەدا بەستراوە بە وەزارەتی شارەوانییەوە و، لە زەمانی حکومەتدا بەسترا بوو بە وەزارەتی ناوخۆ، وە لەبەر ئەوەی ئەندامان رازی نین لەسەر ئەمە و، وەکو بۆیان دەرکەوتووە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا بە تێکڕایی رەزامەندیان لەسەر نەکردووە، وابەباش دەزانرێ ئەم یاسایە ئەمڕۆ باس نەکرێ، ئەگەر ئەندامان هیچ بابەتێکی تازەیان نەبێ ئەوا کۆبوونەوەی ئەمڕۆ کۆتایی پێ دێنین.

**بەڕێز د.عـــیـــزەدین مـــوســـتـــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

وابزانم هیچ زیانێکی تێدا نییە ئەگەر ئەومادەیەی کە دەڵێن رەزامەندی لەسەر نەکراوە هەڵبگیرێ، تەنیا ئەو شتانە کە رۆتینییە باسی بکەین و، کۆبوونەوە دانەخرێت، دوایی ئەم خاڵە کە رێککەوتنی لەسەر کرا ئەوکاتە یاساکە بە تێکڕایی دەنگی لەسەر دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

ئێمە لەگەڵ بەڕێزتان پێش ئەوەی بێنە ژووری وا رێککەوتووین، تەنها ئەو خاڵەی تێبینی لەسەرە دوابخرێ ئەو خاڵانەی کە لەسەری رێککەوتوون گفتوگۆی بکەین، وەک بەڕێز د.عیزەدین فەرمووی، یاخود بە یاسایەکی پاشکۆ بڕیاری لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن:**

بەڕێز فرەنسۆ ئەمە پێشنیاری من بوو کە باس بکرێ و، تەنیا ئەوخاڵە دوابخرێ.

**بەڕێز حـــــەســـــەن عـــــەبدولـکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

دواخستنی باس کردنی یاساکە شتێکی نیزامی نییە، چونکە ئێمە لە لیژنەی یاسادا بەگشتی کۆکین لەسەر پرۆژەکە و،ئەو خاڵە کە هاتینە سەری گەر رازی نەبوون با دوا بخرێ هیچی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێـز بـارزان خـــــالـیـــــد عـــــــزیـز:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

بەرنامەی کاری دوێنێ چەند خاڵێکی تێدا بوو باس نەکرا، لەوانە پێش چاوخستنی پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک بارزان ئێمە ئێستا لەسەر داوخستنەکە قسە دەکەین.

**بەڕێز کافیە سلێمان عەبدوڵلا/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێمانوایە ئەگەر دوابخرێ باشترە، یاساکە بۆ بەنیوە چڵی بێ؟، تا ئێستا یاسای وەزارەتەکانی دیکە کە تەواو بوون، هەمووی بەتەواوی کۆتایی هاتووە، ئەوە رای ئێمەیە کە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا گفتوگۆی لەسەر بکرێ پاشان لێرەدا باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز وەزیری شارەوانی، لە راستیدا ئەمە یەکەم مومارەسە نییە، لە باس کردنی یاساکانی دیکەشدا هەندێ خاڵ هەبوو دوامان دەخست بۆ ئەوەی زیاتر لێی بکۆڵینەوە، ئەگەر باس بکرێ و، پاشان ئەو خاڵە دوابخرێ بە رای ئەندامان لەوانەیە شتێکی خراپ بێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ویستم هۆی بەرهەڵستییەکە بە ئەندامانی بەڕێز رابگەیەنم، بەپێی پێرەو یاسای هەر وەزارەتێک کە دێتە ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەبێت لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دیراسە کرا بێ، بۆمان دەرکەوت لە ئەنجوومەنی وەزیراندا ئەم پرۆژەیە باسی لێ نەکراوە، پەیوەندیمان بە بریکاری وەزارەتی ناوخۆ کرد، لێمان پرسی ئایا ئێوە وەکو ئەنجوومەنی وەزیران لێکۆڵینەوەی ئەم یاسایەتان کردووە؟، دەرکەوت ئاگایان لێ نەبووە، لەبەر ئەوە ئێمە داوامان کرد کە ئەمڕۆ دوابخرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان داوای دەنگو باسی ئەنجوومەنی وەزیران لە بریکاری وەزارەت ناکرێت، بەڵکو لە وەزیر خۆی داوا دەکرێت ئەمە یەک.

دوو سەبارەت بە لێک کردنەوەی فەرمانگەکان ( فک ارتباط الدوائر) ئێمە پێش ئێستا یاسای وەزارەتی رۆشنبیریمان دان، هەروەها یاسای وەزارەتی پیشەسازیمان دانا، کارگەی مافوور کەسەر بە وەزارەتی رۆشنبیری بوو (فک ارتباط) کراوە، بەسترا بە وەزارەتی پیشەسازی هەمووشتان دەنگتان لەسەر دا، هیچ شتێکیش ئاماژەی بۆ نەکرا، بەڵام مادام بەڕێز وەزیری شارەوانی رای لەسەر دواخستنە، ئێمەش رازین کە دوابخرێ، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان عەبدوڵلا/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە گفتوگۆ نەکردنی ئەم بابەتە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا و، هەڵگرتنی بۆ پەرلەمان لەسەر پێشنیاری بەڕێز د.ڕۆژ بووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەم روون کردنەوەیە ئەوانە چوونە ناو تەفاسیل، ئێمە نامانەوێ بچینە ناوی، سەرۆکی پەرلەمان ئێستا بۆی هەیە ئەم یاسایەی کە لیژنەی یاسا پێشکەشی کردووە بڵێ گفتوگۆی بکەین هەتا لەو خاڵەی کە گیروگرفتی لەسەر هەیە بۆی هەیە باسی لێ بکەین، بۆی هەیە دەنگدانی لەسەر بکەین. لەبەر ئەوە ئێستا دەنگی لەسەر ئەدەین.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە پرۆژەی ئەم یاسایە هەمووی گفتوگۆ بکرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ زۆربەی دەنگ لەدژە. کەواتە گفتوگۆکردنی یاسای وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزار دوادەخرێ.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من هەموو خاڵەکان گفتوگۆی لەسەر بکرێ، یەک لەوان ئەو خاڵەی کە کێشەی لەسەرە ئەویش ( مدریە ماء و مجاری)یە، بەرای من گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەسەر بکرێ، بەڵام ئەنجامی گفتوگۆکە نەخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ئەم بەڕێوبەرایەتییە فەرمانگەیەکی خزمەتگوزارییە و، سوودی زۆرە، پاشان بڕیاری لەسەر بدرێ کە سەر بەوەزارەتی شارەوانی بێت، یاخود سەر بەوەزارەتی ناوخۆ بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە پێشنیارێکی تازەیە لەگەڵ ئەوەی دەنگدانمان لەسەر کرد کە باس نەکرێ، پێشنیارەکە ئەوەیە کە خاڵی (بەڕێوبەرایەتی ئاوو ئاوەڕۆکان) تەنیا بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا باس بکرێ و، دەنگدانی لەسەر نەکرێ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی بەڕێز نەهلە باسی کرد ئەمە دەبێ لە ئەنجوومەنی وەزیراندا گفتوگۆیەکی زانستیانەی لەسەر بکرێت و، ڕێک بکەون لەسەری، چونکە لە ئەنجوومەنی نیشتمانییدا هەر شتێک باسی لێ کرا دەبێ دەنگی لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

لەبەر ئەوەی دەنگ درا لەسەر ئەوەی ئەم پرۆژەیە وەرنەگیرێ، بۆیە ئەو پێشنیارەی بەڕێز نەهلە وەرناگیرێ، لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە پرۆژەکە باس بکرێ تەنها خالّی (الماء والمجاری)دوا بخرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە..کێ لەگەڵ ئەوەدایە پرۆژەکە باس نەکرێ و، دوابخرێ؟.

زۆربەی دەنگ لەگەڵ دواخستن دایە.

دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ هات، سبەی سەعات (٥ر٩) دانیشتن هەیە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**